فەلسەفەی ئاڤستا بنەمای دین و زمانەکانە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# فەلسەفەی ئاڤستا بنەمای دین و زمانەکانە

نووسین و توێژینەوەی

ئیبراهیم ر. سورچی

**خوێندنەوەیێکی نوییە بۆ مێژووی فەلسەفەی زمان**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بلاّوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بلاّوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: فەلسەفەی ئاڤستا بنەمای دین و زمانەکانە
نووسینی: ئیبراهیم ر. سورچی
نەخشەسازی ناوەرۆك: ئەژین عبدالله
چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری
لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( 140 ) ساڵی (2010)ی پێی دراوە.

* مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەن کتێبەکە
* ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www.kurdchap.com



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

⋆ ئەم كتێبە وەك پرۆژەی  ڕۆشنبیری نەتەوەیی دیارییە بۆ ئەو كەسانەی
كە رێز لە هزری نویٚ دەگرن و نرخی بۆ دادەنێن



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# پە یڤێك

وەنەبێت ئەم بەرهەمە هەروا بە ئاسانی بە چەند مانگێك یان ساڵێك و دوو ساڵ هاتبێتە ئەنجام، بەڵکو ئەمە بەرهەمی هزرو تێڕوانینێکی قووڵ بووە و زیاتر لە دە ساڵ لە تەمەنی منی بردووە و پێوەی خەریك بوومە، بە شێوەیەك کە ئەم بۆچوونانەی لەم کتێبەدا هاتوون، هەمیشە وبەردوام مێشك و ئەندێشەی منیان داگیرکردبوو و ئاوێتەی بیرم ببوون و هەردەم لە ناو برسیارەکانیشیاندا ئەژیام، کە چۆن ئەم هەموو بۆچوونانە کۆبکەمەوە و سیستماتیك و بابەتیانە ڕێکیان بخەم و بیکەمە بەرهەمێکی سوودبەخش، چۆن بیر و بۆچوونی ئەوهایش ڕۆشنبیری و شارەزاییەکی لە ڕادەبەدەر لە بابەت زمان و مێژوو، هەروەها دین و ئایین و فەلسەفە کۆنەکانیش پێوست بوو، خۆشبەختانە کات و ساتێکی باشم لە بەردەستدابوو تاکو کارەکەم پێی ڕاپەرێنم، بەو هۆیەوەش خزمەتێکی ڕۆشنبیری ئەم ناوچەیە بەگشتی و گەلەکەم بەتایبەتی بکەم و ڕۆڵی گرنگی کۆنی مرۆڤی ئەم ناوچەیەیش وەدەربخەم لە دروستکردن و دامەزراندن و شێوەگرتنی زمان و دین و شارستانێتی مرۆڤایەتی بە تێکڕایی و فەلسەفەی زمانی کوردی بە تایبەتی، هەر چۆنێك بێت ئەمە بابەت و تیورێکی نوێیە و بەسەرهەڵبوونێکی تازەیە و تەماشاکردنێکە لە دەلاقەیەکی پەنهان بۆ شارستانی و زمانەکانی میزوپۆتامیا، ئەو شارستانیانەی کە ئەبێت گرنگی پێ بدرێت و پشتگوێ نەخرێن، چونکە هەر لێرەوە یەکەمین لانکەی مرۆڤایەتی پەیدابووە، وەك (ئیزابیلا دی کایسەر)یش وتویەتی:

پێویستە کورد و زمانێ کوردی بێتە پاراستن چۆن ولاتی ئەوان دەرگۆشی یەکەمین شارستانی مروڤایەتی بووە و بە نەمانی کورد و زمانی کوردیش واتە نەمان و زەرەد گەیاندن بە تێکڕای شارستانێتی جیهان.

دانەر



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# سەرەتا

بەڵكە یەكێك یان كەسانێك پرسیار بكات و بڵێت مرۆڤـــ نـەیتوانیوە و ناتوانێت بزانـێ زمان(ناو و ڕێزمانی زمان)كەی و چۆن دروست بـووە، یـان كـێ دروسـتی كـردون، چۆن ئـەم زمانانـە بـەر لـە مێـژوو و نووسـینی مێخـی هەبوونـە، یـان هـیچ شـتێك یـان كەرەسـتەیەكی بەردەسـت و بەرچـاومان نییـە بـۆ ئـەوەی سـوودی ئـەوتۆی لێ وەبگـیرێ لـە شـیكار و لێكوڵینەوەی زمانەوانیدا، بۆیەش مرۆڤ بۆ ئەو مەبەستە پەنای بردوتە بەر هەنـدێ قسـە و ئەفسانەی بـێ بنـەمای زانسـتی كـە لێـرە و لـە وێ پـەرت و بـڵاون و پشـتگیری و بەڵگـەی ئەمڕۆی زانستیش نایسـەلمێنن.

بــەلاّم زمانزانــان و لێكۆلــەرەوە وردبینــەكان درك بــەوە دەكــەن كــە خــودی زمــان كەرەستەیەكی باشە و مادەیەكی شوێنەوارییە بۆ شلۆڤەكاری و لێكوڵینەوەی مێژوویی، هـەر زووش هەست بـە هاوبەشـی و وێكداچوونەوەی پـەیڤ و قسـەكان لـە نێـوان زمـانی جیاجیـا دەكـەن، بـەلاّم نـازانن ئـەم وێكداچـوونە چـۆن چـۆنی دروسـت بـووە و لـە چـی بنـەڕەتێك هاتووە، یان بە شێوەیەكی ڕوونتر نازانن ئەم وێكداچوونەوە ڕێك بخەن و سیستەمێك بـۆی دیـاری بكـەن كـە بتـوانن بـەرەو بناخـە و بنیـاتی سەرهەلـدانی زمانـان بەرنـەوە، تـاكو پەژرانـدن و قەناعـەتیش بـە خوێنـەر بكـەن كـە ئـەم هـەموو زمانانـە لـەخۆڕایی و بـە بـێ سیستەم دروست نەبوونە، یان ئەم هـەموو پـەیڤ و وشـەی جۆراوجـۆر بـە هزرتێكردنێكـەوە كـەس ناتوانێـت هەڕەمـەكی دایانبڕێـژێت ئـەوها بـێ ڕژێـم و لەسـەری ڕێككـەون، یـان خوڵقێنەرێكی هەبووە وەك هەر شتێكی ئـەم گەردوونـە هۆكـار و سـەدەم و سـەبەبێكیان بـۆ خۆیان هەیە.

زمانیش لە ئەساسێك هاتووە و سازكەرێك، یـا چێكەرێكی هـەبووە، یـان لـە دەزگایـەك یـا ڕژێمێـك هـاتووە كـە بـە قونـاغی یەكـەم هـەنگاوی ئاقڵـمەندی شارسـتانی مرۆڤـی بـەرایی دادەنرێـت وەك هـەوڵێك بـۆ ڕێكخسـتن و تێگەیشـتن لـە ژیـان و دیاردەكـانی جیهـان و درك كردنی زیاتر بە خودی مرۆڤ خۆیشی بەرامبەر بە یەكتر و بەرامبەر بە سروشت.

ئا لێرەدا، ئەم كتێبە گەلالەكردنی خوێندنەوەیێكی مێژوویی فۆلۆلۆجییە بۆ ڕێكخستن و بـە سیسـتمكردنی ئـەم وێكداچـوونەی نێـوان وشـە و پـەیڤی زمانـە جیاجیاكـان بـە تایبـەت



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەوانـەی لێـرەدا لـە مەڵبەنـدی میزوپوتامیـا و مـات-کـوردا سـەریان هەوڵـداوە، دواتـریش بلاّوبوونەتەوە سـەر کیشـوەری تـر و بوونەتـە بەشـێك لـە زار و زمـانی جـودا و جیـاواز، کـە پێمان وایە ئەو پەیڤ و وشانەی شێوەیان وەك یەکترە و ڤێکدادەچن، هەرچـەندە بـۆ مانـای جیاجیا براون بەلاّم ئەوانە بناخە و سەرچاوەی هاوبەشیان هەیە و هەبووە.

هەروەها چۆن زمـان، دینـی دروسـت کـردووە و ئەسـڵ و ئەساسـی مرۆڤیشـی پەیوەسـت و ئاوێتە بەو ڕژێمەی زمان(ناو و زاراوەکان)ی کردووە..

دواتر مرۆڤـ لەو کەرەستەی زمانەوانییـەوە، ئەفسانە و چیرۆکی جیـا جیـای داهێنـاون و بڕواشی پیێ کردوون-ئەوانەی وەك پاشماوەیەکی میتولۆژی تـا ئێسـتا مـاون و هەنـدێکیان لـە نـاو فەرهـەنگی زمـان و ڕۆشـنبیری ڕۆژانەمانـدا ڕۆڵ دەگێـرن و بـەکاریان دەهێـنین، کـە بـۆ سەرەتاییێکی زووی مێژوو دەگەڕێنەوە، کـاتێ مرۆڤـ ڕۆژ و مـانگ و ئەسـتێرەی دەپەرسـتن و بە خوداوەندیشی دەزانین.

زمانیش بۆ ناو وکردارەکانی ئەو خوداوەندانە، مرۆڤـ گەڕاندونیەتـەوە، هـەروەها بـۆ ئـەو دابەشکردنەی میتافیزیکیـەی گـەردوون وەك چـۆن مـرۆڤ هـزری تێـدا کـردووە بـەبینینێکی ساکار و سەرەتایی کە ڕەمز و ناوەکانی زمانیشی پیێ داڕشتون.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## دەروازە

ئەم توێژینەوەی فۆلۆلۆژی-زانستی زمانەوانی-لە سەردەمێکی زووی مێژووی وشەسازی بە پێی سیستم و فەلسەفەیەکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە، بە تایبەت بۆ سەردەمانێکی بەر لە سەرهەڵدانی دینە ئەبراهیمیەکان-یەهودی و کریستیانی و موسلمانێتی، کە ئەم دینانەیش درێژەپێدانی بۆچوون و فەلسەفەی دینەکانی پێشتری خۆیانن، هەروەها کە پەیڤ و وشە هەمیشە ئاوێتەی بۆچوونە دینییەکان بووە، بۆیە کاتێ خاوەنی ئەو فەلسەفانە، وشە و زاراوەیان دەناسی(سەرچاوەی دروستبوونی ناوەکان) هەروەها درکیان بە هێز وکارایی وشە دەکرد لە سەر دەروونی مرۆڤدا، ئینجا تەوزیف و تەرخانیان دەکرد بۆ دروستکردنی بوچوونە ئاینییەکانی نوێی خۆیان.

دواتریش بۆ دەولەمەندکردنی زمان، خاوەنی ئەو فەلسەفانە، وشە و پەیڤیان دەشێواند و بۆ فۆنەتیکێکی سەر بە دیالێکتی خۆیان دەگواستنەوە و لە مانا ئەسڵیەکەیشی دوور دەخرایەوە، ئەو وشەیەی پێشتر لە سەر بنەماکانی فەلسەفەی ئاڤێستایی-زەرادەشتی بۆ شلۆڤەکردنی گەردوون دامەزرابوو، ئەو فەلسەفە ئێزیایە و زەبەلاح و سەرانسەریە کە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی تەنی بوو، وەك تاقە سەرچاوە بۆ بیروبڕوا و ڕەینی فەلسەفەی دینی و زمانەوانی، ئەو فەلسەفەیەی ماوەی کاریگەریەتیشی درێژەی هەبووە تا سەردەمی چەرخە ئیسلامیەکان و دەور و ڕۆڵیشی دەگێرا، تەنانەت لە سەردەمی عەباسیەکانیش وشە ڕونان هەر بەپێی ئەو بۆچوونانە بووە، ئەو فەلسەفەیەی گەردوون و زەمین و بەشێکی جەستەی مرۆڤیش بە خواوەندی دەزانین و بە پێی دابەشکردنێکی دیارکراوی پێکی دەبەستنەوە و سیفەتەکانی ئەو دابەشکردنەیش دەبوونە بابەتی ناو بەخشین و داهێنانی وشەسازی لە سەرچاوەی ئەو فەلسەفە دوو جەمسەریەی گەردوون و دوو ڕۆخی لاشەی مرۆڤـ، کە گەردوون لە ئەسڵدا بازنەی دوو نیوە یان دوو پەنجایە، واتە ڕۆژ دوو ڕۆخە-ڕووناکی و تاریکی-بەکۆبوونەوەی هەردووکیانیش تەواوی دروست دەبێت، کە ئەو تەواوییە لە ڕەمزەکانی تیامە و سەتوم (دووەم و دەیەم و سەت) خۆی دەنوێنێت وەکو تەمەنی مروڤیش لە پەنجاکاندا بە نیوەی تەمەن دادەنرێت، لە سەدیشدا کۆتایی وخیتم و مردنە.. بەڵام لەگەردووندا، ئەوێ جێگەی بوون و زیـندوبوونەوەیێکی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

نوێشە(بوتیکا)، کە جێگەی (مردن و بوون/مردن و بووژانەوە)یە، بۆیە ئەو جێگەیە بە مەڵبەندی بوون بە دوو(دوو=سەتە<جووتە) دانراوە و ئەمە وەك کێشەیەکی دیالێکتیش تەماشەکراوە تا سەردەمی سەرهەڵدانی بوچوونە یەکتاپەرستەکان، ئینجا ئەو سنج وسیفەتە دوانییەی خوداوەند(**dualism**) لە ناو بۆچوونە دینییەکاندا لەناو چوو، بەڵام بڕوا بە ژیانێکی تری پاش مردن هەر مایەوە لە ناو بۆچوونی دینە یەکتاپەرستەکان، هاوکات زاراوەی (**Deus**-لە لاتینی **Dava** لە هندیدا) هەر ماونەتەوە، بەڵام دێو **Dew** لە کوردیدا بوو بە ڕەمزی خراپی، بۆیە ئەم کتێبە ڕاستکردنەوەی خەڵەتی و سەرلێشواندنێکی لەمێژینەیە کە بە سەر هزری مرۆڤایەتی سەپێنراوە، خەڵکیش بێ ئاگایانە گوێڕایەڵی بوونە و دەستەمۆی ئەو بۆچوونانە بونە و لێی ڕاهاتون، بە هۆی گرێدانی ئەو بۆچوونانە زیاتر بە ئایین و دینەوە..ئەو شاشی و خەڵەتیەی دەوری ئەو فەلسەفەیەی ناومان بردن، چەندی دەهات پەراوێزی دەکرد بە تایبەت بە ڕێگەی دینە ئەبراهیمیەکان.(1)

کە پێشتر ئەو بوچوونە فەلسەفیانەی ئایینەکان، هەردووو جەمسەری گەردوونی (ڕوناکی و تاریکی) بە یەك تەواوکەری ئەوی تریان دەزانین، بەڵام تاریکی بە تەواوی بە ناوەندی خواوەندەکان دائەنرا، بۆ نموونە(زد<ازد-سەد/سوت/سود<خود/**God**) وەکو ئێستا کوردی بوسلمان و ئەزدی و زۆر لە گەلە هیندوئەورپیەکان ئەو تێرمە لەبری (الله\اللهوم\ئیلوم) بەکاریدێنن-کە پێمان وایە لە لایەنی سیمانتیکییەوە تێرمی(سود<خود/خودا)هاوشێوە یان وەك چۆن(دێو یەسنا<داسنیا)وایە، دیسان کاتێ مەزد(میزاس لە سانسکریتیدا) بوو بە خوا لەجیاتی دێو، دێو بەرامبەر **deity** لە ئینگلیزی ئێستادا لە ئەسڵی **لاتینی deus** ..

---

**1**-(میترایی و فەلسەفە ئارییەکان دژی یەیکەرداتاشین بوون، ئەوە یۆنانی بوون میترایيان گەیاندە ئەوروپا بە پەیکەری جوان جوان)، هەر لەبەر ئەم هۆیەش دەکرێ شتی دیکومێنت لە بارەی داهێنانی ئاریەکان نەمابێت، بە پێچەوانەی بابل و ئاشوریەکان- کتێبی نهێنییەکانی دینی میترایی لە نووسینی فرانتس کۆمۆن-لاپەرە **37**.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەکـو (مەزد)یش ڕەگ وریشەی لە(مـەد/ما-سەد)هاتووە لە ئەسڵی خواوەنـدە کۆنـەکانی (ئانوسەد و ئانو مەد)- نموونەی  چۆن دێو یەسنا بوو بە داسـنیا، ئـەوهایش مادسـەد\ماسـەد بـوو بـە مـەزد-سـەرەتای هەوڵـەکانی یەکتاپەرسـتی،کە کـورد بەشـی دووەمـی ئـەو تێرمـە بـــەکاردێنێت(ســـد/ســـود- خـــود/خـــودا)-خوتـــا، بـــە زمـــانی پەهلـــەوی یـــان(زد-ازد-ازدان/یـــــــەزدان)،گشـــــــتیان بـــــــە مانـــــــای ئاسمـــــــان یـــــــان دەریـــــــای دووەم دێـت(سـەد\سـود<جـۆت=دێـو/دوو/ئـەد، دواتـر ئـەو (ئـەد/ادو)ە-دەریـای دووەم(**1**)، لـە نـاو هەندێ گرووپدا بوو بە پەیڤی(عدو)، هەر وەکو (سوت ئانو) یـش کـرا بـە سـیتان<شـەیتان-کاتی یەکتاپەرستی شوێنی دوو/دە پەرستی گرتەوە-ڕووناکی بە سەر تاریکییەوە زال بوو.

ئەو دابەشکردنە کۆنـەی گـەردوونیش وەك خەڵـەتی تەماشـاکراوە، پاشـان لـە ژێـر زەبـر و تـەوژمی زانسـت و فەلسـەفەی نوێشـەوە کـە نـەخێر ئـەو دابەشـکردنەی ئاسمـان وگـەردوون لۆژیکی نییە و شلۆڤەکاری تری هەیـە نـزیکتر لـە ئـەقڵ و ڕاسـتی، پێکـەوە ئـەو دوو هۆکـارە توانیان بەیەکجاری مل بەو فەلسەفە کـەچ بکـەن و بـەرە بـەرە لـە نـاوی بـەرن، لەگـەڵ ئـەو لابردنـەیش شوێنـەواری سیستمی مۆرفۆلۆجی زمان  ون و بزربوو، وێـڕای ئـەو بزربوونـەیش دەوری داهێنـەرانەی داهێنـەریش لە ناو پێشەنگی دروستکەرانی شارستانییەت نەما.

ئێستاش ئەو سیستمەی هەندێ لە زاتە عەرەبەکان جاروبار، ئەوانەی لە ئەسڵی زمان و فەلسەفەی زمان دەکۆڵنەوە و ئەوەی بە(ســڕ) و نهێنی زمانی خۆیان ناو ئەبەن و بۆ خەڵـکی نادرکێنن، بۆ ئەوە وایە تاکو نهێنی زمانەکەیان و نهێنی زمانانی تریش دەرنەکەوێت، یا لە خۆیان قارە کە ڕۆشەنبیری ئەوان تەنانەت دینەکەشیان درێژەپێدانی ڕۆشەنبیری یان زمان ودینی ترە-ئەوەی پێشی ئەڵێن (سڕ)و نهێنی زمان یان(موعجیزە)ی دینی هەر هەمووی بۆ ئەو فەلسەفە پێشینەیە دەگەڕێتەوە کە بەرهەمی هزری سەرووی میدو/میزۆپوتامیایە، دواتر بۆ خوارووی ئەو دەڤەرە پەلی هاویشتووە-ئەو بەرهەمە هزرییەی تا ئێســتا لێی نەکۆڵراوەتەوە بە شێوەیەکی تایبەت- بۆیە دەبێت ئێمە لە ژێر

---

**1**- تا سەردەمی بابلیش ئاسمانی شەو و ڕۆژ بە دوو دەریا دائەنران.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ڕۆشـنایی ئـەم ڕاسـتیانە بـە ڕێگـای تێگەیانـدن و دیـالۆگ بـۆ ئـەوانی تـر شـیکەینەوە کـە ڕۆشـەنبیری ئەوان درێژە پێدەری ڕۆشـەنبیری تـرە-کـە لـە مەڵبەنـدی میـدوئی(ناوەنـدی ئـاو)سەری هەڵداوە..ئینجا گەلەکەمانیـش هان بـدەین ئـەو ڕێگـە جەوتـەی گرتوویەتەبـەر بۆی ڕاست بکەینەوە، واتە ڕاستی وەك خـۆی بـۆی بـەیان بکـەین تـاکو ئاشـنای ڕەسـەنایەتی ڕۆشەنبیری و مێژووی خۆی بێت و هەوڵ بدەین هـەر لەسـەر ئـەم بنەمایـەیش ڕۆشـەنبیری سـەردەم و هاوچـەرخی خۆمـان ئـاوا بکـەین و بونیـات بنێینـەوە، بـەو هۆیـەوەیش بـیری نەتەوایـەتی گـەل تـاف و لـە جـۆش بـدەین..ئەمـەیش وەك سـەرەتایەك بـۆ شۆڕشـێکی هەمەلایەنـەی ڕۆشـنبیری کـە ئەمـە سـەدان ساڵـە و زیـاتریش، ئـەوانی دیکـە بـە ڕێگـەی نووسـینە ئایینییـەکان هـەوڵ ئـەدەن و هـەقیان بـە خـۆ داوە و زمـان و دیـن وەك کەرەستەیەکی ڕۆشنبیری خۆیان بەسەر خەڵکا بسەپێنن، یان دیـن وەك ئـامرازێکی سیاسـی بـەکارهێنراوە بـۆ بلاوکردنـەوەی زمـان دواتـر دەسـەلات، سـەرئەنجام شـێواندن و تێکـدانی ڕۆشنبیری گەلانی تر.

ئا لێرەدا مافی هەر گەلێکە ڕۆشنبیری خۆی بە دین وزمانەوە بپارێزێ، بێگومان گـەلانی بـێ بناخـە و بنـەمای مێـژوویی و ڕۆشـنبیری هـەرگیز نـاتوانن ئاینـدە و پاشـەڕۆژێکی توخمـە و قایم بۆ خۆیان دابین بکەن، هەرچەندە لە قۆناخێکی مێـژوودا، بـبن بـە خـاوەن دەسـەڵات و دەوڵەت، ئەو دەسەڵات و دەولەتەش هەمیشە لاواز و لەرزۆك دەمێنێ لـە بـەردەم هەڕەشـە و گـەفی ناحەزانـدا، ئەوانـەی توانیویانـە بـە درێـژایی مێـژووش بنەمایـەك بـۆ خۆیـان دروستبکەن و خۆشیان هەڵکێشن و سینگیان هەڵبڕن، جارێك بـە نـاوی(خیرالامـم) و جارێـك بە(شعب الله المختار)کە خوا هەلـناگرێ هیچ یەکێك لە خاوەنانی ئەم زاراوانە ئـەم وەسـفانە هەلـناگرن، وەك وتمـانیش ڕۆشـنبیری و مێـژووی فەرهـەنگی ئـەوان درێـژە پێـدانی فەرهەنگێکی ترە-فەرهەنگێکی ڕەسەنتر، کە بە بنەما و سەرووی فەرهەنگەکان دائـەنرێت و شارستانیش لە سەری بونیاتنراوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# بابەت وناوەڕۆك

ئەگەر لە قووڵایی قووڵەوە تەماشای مێژووی پێکهاتە و دروستبوونی زمانەکان بکەین، بەر لە هەبوون و پەیابوونی واژە و بێژە و پەیڤەوەش واتە بۆ ئەو مێژووە تاریکە بگەڕێینەوە کە بە سەرەتای وەرچەرخانی ڕۆژگاری گیانەوەری شێوە مرۆڤ دادەنرێت وکە ئەو گیانەوەرەیش ڕووی خۆی مرۆڤانە و ئاقلمەندی وەردەگرت و هەست بە دەوروبەری خۆی دەکرد، لەو کاتەوە کە هەستی بە زاڵبوون ومەزنی سـروشت دەکرد بەرامبەر بە هێزو شیانی لاوازی خۆی، هەم لە لایەنی فیزیکی وهەم هۆشمەندی وهزرییەوە، لە ئەنجامدا لە تاریکی و گومان و ترسێکی هەمیشەییدا دەژیا..ناچار بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بە ژیانی ڕۆژانەی خۆی بدات و لە ئاکامی کۆشش و هەوڵی بەردەوامدا چەند گۆڕانێك دەکەونە هێزو توانای هزر و جەستەی ئەو مرۆڤەوە، بەڵام لەو گۆڕانکارییە هەرەسەرەکیانە کە بۆمان هەیە ناوی بنێین وەرچەرخان یان شۆڕش لە ڕێبازی گەشەکردنی هزر و هۆشی مرۆڤایەتیدا دژبەری سروشتی زاڵدار(ئەردی دایك)، زمان بووە، لە تەك هێزی جەستەیی ئەوەوە، کەواتە زمان ئامرازێك بووە مرۆڤـ بە هۆیەوە توانیویەتی ململانە و ڕکابەری خۆی پیّ بکات لە هەمبەر سەختی ژیان و دەوروبەری خۆیا و هەوڵدان بۆ دانانی چەند شلۆڤەکارییێك بۆ دیاردە سەیرەکانی سروشت، هەرچەندە ئەو شلۆڤەکاریانە شێوە ئەفسانەییش بوبن.. دواتریش کە توانی هەر بە هۆی ئەو زمانەوە، بەرەو سستمێکی جڤاکی بڕوات رووەو قوناخەکانی بەرقەراری و جێگیربوونی کۆمەڵایەتی، ئەمەیش لە ئەنجامی پرۆسەگەلێکی گۆڕانی هەست و نەستی ناخی ئەو مرۆڤەوە بە ئاوەژووکردنی ئەو دەنگانە کە لە دەمی دەردەچن بەرەو-واژە/ بێژە( **1** )بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و سستماتیك و بەرئەقڵ هاتووە..کە پێشتریش توانیبووی بە ڕێگەی نەخش و ڕەسم و نیگارەوە لە سەرتاشەبەرد و دیواری ئەشکەوتەکانا، هەستی خۆی دیاری بکات وەك چەند میناك و نموونەیێکی ڕووتکار و تەجرید یان ڕەمز و نیشان وەك دەربڕینێك لە جۆرە زیرەکییێکی مرۆڤانە.. بە ڕاستیش ئەگەر ئێمە لە بنەماکانی نووسینە مێژووییە هەرەکۆنەکان بکۆڵێنەوە و تاوتوێی بکەین ، ئەو نووسـینە ئەدەبیـانە و ئادەمیـانە کە

---

**1**-زمانی ئاڤستا بە زمانی ***Aeijah –Ariyana*** ناوی هاتووە = واژەی ئاریانی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هاتینه ڤه دیتن، دەبینین جۆره پێوەندی و ڕەنگ و ســـــیمایێکی ئایینیان پێوه دیاربووه وەك دەربرینێك له هـــزر و هۆشی مرۆڤایەتی له سەرەتای ڤۆناخەکانی سـەرهەڵدانی هزر و ئەندێشـەی تێدا دەبوری بەرامبەر وێنـەکانی شـەڕ و خراپـی و مـردن و ژیـان، وەك هـەوڵ وتەقەلای بەردەوام بۆ زالبـوون بەسـەریاندا یـان لـه ڕێگـەی تێگەیشـتنیان بـه هـۆی ئـەقڵ و مێشکەوه، بـه دەرخسـتنی فەلسـەفەییێکی دەسـتپێکی و مـژدار، بەشـێوەیەکی ئەفسانەیی کـه ئـەتوانین ئەمـەش تۆماربکـەین لەڕێیـەوه لـه بنـەماکانی فەلسـەفەی ئاڤسـتایی/زرادەشـتیدا سـەری هەوڵـداوەو دیـارو شـلوڤەکراوه، ئـەو فەرهەنگـه دەولەمەنـده کـه گـەردوون و لاشـەی مرۆڤ وجوگرافیا، پێکەوه دەبەسـتێتەوه و دابەشـی دەکـات، ئـەو فەرهەنگه ڕۆشـەنبیریه کـه سەرچاوەی تەواوی زانستەکانی هەمه جۆربووه و ڕۆلـێکی بالادەستیشی لـه داهێنـان و پـەره سەندنی تێدا گێڕاوه.

له کتێبی ئاڤسته/ئابسته(**1**)-ئاڤـــــ+ سەته/سەتوم..(**2**)- واته ئـاوی تـەمام..(**3**) کـه هـەر شتێك لەم گەردوونەدا چەرخ وگەڕ و دەورەی خۆی هەیه و نوێبوونەوەش له دەریا و ئـاوی-بودس/بوتك-بوتکه-(**4**) دروست دەبێت، جێگـەی تـەواوی-سـەتوم(سـەت) ئـەو جێگەیـەی بـه تـۆپ (**Top**) دائـەنرێت، تـۆپیش مانـای(دوبـا/دوڤـا)ی-دوو-تیایـه وەك هـەر شـتێك گەیشـته (تۆپ=لوتکه) دەبێت به دوو، که ئـەو سیفەته دووانییـەش (**Twin**)سیفەتێکی خواوەنـدی بووه له سەردەمه هەرەکۆنەکاندا(خێروشەڕ) واته خۆرهەلات وخۆرئاوا، ئەمەش ئەو ناوانـه و ماناکانیـان دەیســـــــەلمێنن کـه ناویـان دەهێـنین، ئـەو ناوانـەی کـه بـه دریـــــــژایی مێــــــژوو دیارن وگەواهی ئـەو ڕاستییەن وەکو ناوەکـانی سـەردەمی ڕەگ و ڕیشـەی زمـانی کوردی وەکو هـۆری و خلـدی و سـۆمەری و ئیلامـی کـه هـەر هـەموویان لـه سـەر بنـەماکانی فەلسـەفەیەکی دیـارکراو، سیسـتمی زمانـەکانیان دروسـت کـردووه-وشـه سـەرەتایەکانیان پـێ دامەزراندووه.. یان ناو وەرگرتن له ســـیفەتی تەبا و شـتەکان، یـان وەکو ئـەوەی خوداوەنـد چەند ئاکار و ســـــیفەتی هەیبووه، ئەونده ناویشی هەبووه..

---

**1**- ئاڤێستا: اوستا\استا\وستا\بستاق\ئابستاس\ابستا\اویستا، تسمیه عن کتاب مقدس سجلت نصوصها بلغة لایعرف موطنها الاول-**ظهور الکرد فی التاریخ**- بەلام له هەمان سەرچاوەدا باسی ←



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئـەو نووسـینە هـەرە كۆنانـەی سـەردەمی سـۆمەریش كـە ئـەم درێژەپێدانی نووسـین وئـەلفباتێكی ئاڤێسـتایی بـووە وەكـو زانـای زرادەشـتیات و سـۆمەرییات- پولسـارا- دیـاری كردووە وگوتویەشی(ئەلفباتێكی ئاڤێستایی ڕیشـەی تەواوی ئەلفباتێـكی جیهانە)، ئـەو نووسینانە باسی سەردەمانێكی لە دەستچووی مرۆڤایەتی دەكەن كە مرۆڤایەتی هـەمووی لـە ئاشـتیدا دەژیان لـەگەڵ یەكترا و هـەمووشیان بە یەك زمان دەئاخـفتن و لێك

---

→

دۆزینەوەی كۆنترین دەقی دینی، كە بە زمانی ئاڤیستایی و زمانی سەنسكریتی نووسراوە دەكات لە حتوشای پایتەختی ئیمپراتۆری هیتی(بۆگاسكۆی) ژێر ئەنقەرەی ئێستا، كە ئـەو دەقانـە بـۆ(1700 - 1200 پ. ز.) دەگەڕێنەوە..ئاڤستا وەك قولستا-قەولی خودا/كتێبی سـابی ماندائیـەكان-كەواتـە مانـای ئاڤستا خـودای دایـك دێت، كە ئاڤستایش زۆر باسی هەسارە وگەردوون و ئەستێرەكان دەكات، هەروەها ئاڤستا پێكهێنەری هـەموو ئەو فەلسەفە كۆنانەیە وەكو فەلسەفەی دینی میترایی كە شتی ڕەش و تاریك(لای ڕەشی ئاسمان)-جێگـەی لـە دایكبوونی خۆر/میهر، لـە لای ئەوانـە پـیرۆزی خـۆی هەیـە ، ئیستا لـە دینـی ئێـزدی شـت وجێگـەی ڕەش و تاریك بە پێرۆز دزانن، رابـەر و مـەزنێكی دینیشیان هەیـە پێـی دەلـێن پـیر ڕەش، لـە ئێزدخانـە جلی ڕەش دەپۆشێ، هەروەكو ناوی خود/خودا-یـش(خـد/سـد×دس<تـس<تـاوس) لـە سـود/سـوت واتـە تـەمامی و ڕەش وەرگـیراوە..پەرستگاكانیشـیان پێـی دەلـێن پەرسـتگەها خێـرو شـەڕا. **2**-نـاوی ژمـارەی سـەد، هـەروەها نـاوی خود/**God** لەگەڵ سەودا (خوندن )—سوت و سوتان و سود(ڕەش ) و سەتە(دوو) لەگەڵ زۆر وشەی تر سەر بە یەكترەوەن.

**3**- نـاوی تـەم و دووەم و تیامـە كـە بـە بەشـی خـوارەوەی گـەردوون دانـراون بەرامبـەر بـە سـەتوم دێـن.4-بودس/ بوتك – بوتیكا : كە بەمانای جێگای هەموو شت هاتووە لە ئاڤستادا، مەبەست لە ئاسمانی(دەریـا)ی شەوە، جێگای ڕەتبوونەوەی خۆری نوێیە لە ناو ئەستێرەكانا –دەكرێ ناوی ئەسـتێرەش/سـتارە (**Star**) لـە دوو برِگە پێك هاتبێت(سەت + دور) وەك ئاندۆرە جێگای سەر و سوڕانەوە وخەلق بوون– بوتیكا (ئێستا لـە زمانەكەماندا ئێمە ئەو وشەیە بۆ پێچەسەر بـەكار دێـنین – پۆتاڤـــ) بـەلاّم لـە عـەرەبی دا ئـەو وشـەیە بووەتە بودەڤە، لەئینگلیزیدا مانای كۆگای شتە وردەكان دێت..پێم وایە سەردەمی بوتكە(بودس )سـەردەمی ئوبیدی بەر لە سۆمەری بووە، لە كتێبی هاری ساكز هاتووە لاپەرە 38 (كما تشیر قـرابین الاسمـاك ایضـا الی ان اله اریدو فی دور العبید كان اله میاه كما كان بالتاكید فی العصور التاریخیة).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تێدەگەیشتن، کە دەکرێ ئەو زمانە چەند پەیڤ و زاراوەییێکی هەرە سەرەتایی-سرد- بوو بن (**1**)

بە تێڕوانینێکی وردبینانەش لەرێگەی خوێندنی زمانە کۆنەکان و ئاوێزانکردنیان لەگەڵ ئەفسانە و ئەو فەلسەفە نەریتیانەی ئەو سەردەمانە کە هێشتا خڕی و بازنەیی رووی زەوی نەزانرابوو-تا سەردەمی گریکیەکانیش، دنیاش بە دوو سەر دائەنرا و-ژێردنیاش/بن دنیا-بە جێگەی سزا و ئاقوبەت(**2**)و خوداوەندەکان دەهاتە زانین، لە پاش بەراوردکردنیان(**Comparison**)، هەروەها خوێندنی پێکهاتەی پەیڤ لە لایەنی مۆرفۆلۆژی و گۆڕینی فونیمێك لە زمانێك بۆ یەکیتر، دیسان شیکردنەوەی پەیڤەکان بەپێی روخساری، وەك لە ئەسڵدا وشە بە پێی سیفەتی بەرچاوی دائەڕێژرا، زاییدەن بەراووردکردنی شێوەکانی زمانی کوردی خۆمانیش(**3**) کە زمانێکی چیایی خاوێن وکۆنە-دەلێم لە پاش ئەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە و هەست دەکەین زمانە جیاجیاکان کۆن و نوێیان، لە دوای تێهەڵکێشکردنیان لەگەڵ ئەو بۆچوون و ڕەینانە کە لە ئاڤێستا و سۆمەریدا هاتوون، جۆرە گونجاندنێکی زمانەوانی و وشەسازی و لەیەکترچوونێك دەداتە دەست کە ئەم هەموو زمانانە لە یەك سیستم سەریان هەوڵداوە و دروست بوونە، ئەویش سستم و فەلسەفەی ئاڤستایی-زرادەشتیە وەك(پولسارا)یش گوتوویەتی:

ئەلیفباتێکی سۆمەری لەبەرگیراوی ئەلیفباتێکی زرادەشتی یە، بەلاّم دەبێ بشلێین ئەم

---

**1**-ا/ وشەی سرد (وەلاتی سەرد) کە دواتر بووەتە کورد وەك چۆن(مارکۆپولو ) وشەی (کرد-Kurd)ی بە(Card )لەفزی کردووە، وشەکەش لە مانای سەری دووەم(سەر+ دوو) و جێگەی سارد و سەرەتا واتە کوتایی و دەست پێکردنەوە-سیفەتی دووانەیی خواوەندییێتی. یان جیگەو ولاتی ئەد\ئاد.

ب/ تەوراتیش باسی سەردەمێکی بەر لە بابلیەکان دەکات کە مرۆڤایەتی گشتیان بە یەك زمان دەئاخافتن.

**2**- ئاقوبەت لە کوردیدا بە واتای ئاخرەت و کۆتایی دێت و لە عەرەبیدا بووەتە(عقوبە) یان سزا.

**3**- هەندێ کەس زارەکانی کوردی لە یەکتر دوردەخەنەوە تا رادەییەك هەندێ لە زاناکان ئەو زارانە بە زمانی جیا لە قەڵەم ئەدەن بۆ نموونە – ئەمین زەکی بەگ– زاری هەورامی بە کوردی داینەناوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زانایە ڕوونی نەکردۆتەوە یان درکی بە ئەو فەلسەفەیە نەکردووە کە چۆن ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی زمان و بوچوونە ئایینییەکان، ئەمەش کە خۆی لەخۆیدا دەبێتە بابەت و شتێکی نویٚ، چۆن بووەتە کارنامە و توێژینەوە و لێکۆلینەوەش بۆمان لەم کتێبەدا.

سەرەتا کە ئێمە وشەی ئاڤێستا شلۆڤە ئەکەین کە زیاتر بە وشەیێـــــکی دینی ناوی هاتووە، دینـــیش وەك( ڤۆلتێر) دەلێ و باسی لێوە دەکات-کۆنترین شتە مرۆڤــ خۆی پێوە خەریك کردبێ و لە ئەفسانەیش دروستی بووە.

- ئەم وشەیە خۆی بە مانای(ئاب سودە/سوتە) دێت یان ئاوی تەم و تەمام و دووەم کە بەرامبـــەر(تیامە/ تیامات/ تیامەتۆ)ی سۆمەری دێت، هەردووکیانیش لە هی سۆمەری و ئاڤێستایی بە دەریا یان ئاوی هەموو زانستەکان هاتوون (**1**)

بە واتایێکی تر چەرخی گەردوون بازنەی دابەش کردنی تیپ، پاشان پەیڤەکان بووە لە سەری.. هەروەك چۆن هی ژمارەکانیش بووە، تیامە یان تەم و دووەم بەرامبەر بە سەد، کە ئەویش هەر مانای تەمامی و دوو دەدات(سەتە لە زمانی هیندی واتە دوو-لە کوردیش بووەتە جۆتە) هەردووکیانیش باسی خۆر ئاوابوونە بە هزری ئەوەی کە خۆر ئاوا دەبیٚ دەچێتە ناو ئاو و دەریا، بڕوانە پەیڤی(ڕۆژ+ ئاوا) یان غرب و غروب(خۆر+ ئاب) یان هی ئینگلیزی**Sunset**(سەن+سێت)، ئاوەژووکردنی پەیڤی(سد)یش دەبێتە(دس) واتە ژمارە(دە) لە هەورامی و هندی و ئاڤستادا، کە ئەم لە دەست(دەس<دەست) و پای مرۆڤــ ڕەنگ ئەداتەوە-وێنەی مرۆڤ لە سەر وێنەی خواوەند دروستکراوە- واتە کۆتایی دەبیٚ بە دوو-دەھ/دەس<دەست.

هەروەها کۆتایی واتە ڕەشی و تاریـــــکی(تەم=تاری)، ســـــەرەرای ژمارە(دە) لە کوردی وئینگلیزیشدا..لە عەرەبیدا ئەم (سەدە/سەتە) بووەتە (شتی و شتاء)، لە ئاڤستادا (شەد) هەر بە ئاو پرژاندن هاتووە، تا ئێستایش شەت هەر ئاوە-پیتی (د/ت) فونیمی وەك یەکن لە فۆنەتیکدا.. شایانی وتنە هەر یەکێك لەم گەلانەی ئەم ناوچەیە بە تایبەت ئەوانەی بـــە گەلانی سامی ناویان دەرکردووە لەگەڵ فارسەکانیش خۆیان بە خاوەنی شارستانی

**1**-سەودا: بە مانای خوندەواری لە فارسیدا بەلاٚم لە کوردیدا هۆش وفکر دەبەخشێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەسڵی جیهان دەزانن بێی کە بتوانن بیسەلمێنن ئەو شارستانیانە کە سستمی زمان داهێنان بڕبڕەی پشتیەتی، بێی کە بزانن ئەو زمانانە چۆن چۆنی دروست بوونە(**1**).. ڕاستی بنەماکانی فەلسەفەی ئاڤستا-زرادەشتی(**2**) ئەسڵی دروستبوونی زمانەکانە، بەر لە هەمووشیانا زمانی کوردی کە لە هەندێ ناوچەی میزوپوتامیا پەیڤی کرد<کورد، یان پەیڤ و زاراوەی کورد گۆڕدراوە یا شـــێوێنراوەو بـــووەتە کلد-کلدی بەرایی(**3**).. کە وەك زانایان دەڵێن ئەو پەیڤە تەحریفکراوەی پەیڤی-کرد-ە، خۆ عەرەبەکانیش زمانەکەیان دەبەنەوە سەر کلدی و کلدانییەکان(**4**).

ئێمە پاش کە ئادکارو سیفەتی زمانە هیندوئەورووپیەکان کە پێیان دەبێژن زمانی ئاوێتەیی و سیفەتی زمانە سامیەکان کە پێیان دەڵێن زمانی ئیشتیقاقی، کە من پێیان دەڵێم زمانی-شێواندن- چۆن لە سەر ئەساسی شێواندنی وشەی ئاریانی هاتونە سازکردن، کە بەراوردمان کردون، توانیمان ڕەگ(**Root**) و قەد(**Stem**)ی ئەوان بۆ یەك بنەما بیگەڕێنینەوە، ئەویش سستمی شیکردنەوەی دەورانی چەرخ و فەلەکی سەر بە فەلسەفەی ئاڤیستا-

---

**1** - بۆ نموونە تاها باقر دەڵێ : هیچ لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی و مێژوویی نەیانتوانیوە بزانن کە چەرخی(ئوبید/عبید) و (ئەریدۆ)ی بەر لە سۆمەری چین وسۆمەریەکانیش لە کوێوە هاتوونە، هەرچەندە زاناکانی ڕۆژاوا دەڵێن ئەوانە لە ژووررووی ئەو ولاتە هاتوون **(و يبدو ان سكان عصر فخار سامرا قد دفنوا موتاهم وهم ممددين على ظهورهم، وكانت هذة الوضعية هى المتبعة فى عصر حضارة العبيد التى تعتبر بصورة عامة من اصل ايرانى-كتاب هارى ساكز/ص 32)**

**2**- زرادەشت، کۆنترین پێخەمبەر بووە بۆ جیهان وەك ژێدەرە گریکیەکان باسی لێوە دەکەن.

**3**-کردی وکلدی سەرەتا پەیڤی جوگرافی بوینە، پێشتریش کردی و خلدی و ئەلدی (ئەردی/ئورتی<ئۆرەتی) ناوی ئاوی سەرەوە– ئاسمانی تاریکی بوونە کە پیرۆزیشیان هەبووە، دواتر ئەو ناوانە بە سەرخەلکانی ئەو جوگرافیانە سەپێنران کە زۆر جار ئەو زاراوانە گۆڕاون بە (قرد) لە لایەنی زمانەوانیشەوە لە خۆڕایی نەوترایە مرۆڤ لە قردەوە هاتووە واتە لە کوردەوە هاتووە.

**4**- یـەکێکی وەك د. احمـد داوود هـەموو زمانێـك دەباتـەوە سـەر عـارەبی، دیـارە نووسـەرە بیانییـەکانیش جێگەی متمانە نین، بۆ نموونە هاری ساکز دەڵێت وشـەی شـروم/سـروم وشـەیێکی سـامییە کە ئـەم وشـەیە وشەیێکی فەرهەنگی وسەرەکی کوردییە و لە(سەر: سەرۆك) + م- ی نسبی هـاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زرادەشتی یەوە، وەك هەر شتێ لەم جیهانەدا گەڕ و سوڕانی خۆی هەیە و لە دەریای(بودس/بوتس> پوتیکە) شتەکان چەرخی خۆیان تەواو دەکەن و هەر لە وێش خاوێن دەبن و دەزێنەوە..لێرەدا پێوستە بێژین کە زۆر لە لێکوڵەرەوە و پشکینەری ئەرکولۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی، سۆمەریەکان بە دانەری نووسین و شارستانییان دانراوە، ئەویش لە پاش کە خەتی مێخییان شلۆڤەکرد و شیکردەوە-دواتر کە وشەکانیان ئاشکرابوون و بلاوکرانەوە، ئەویش بە هۆی فەرشە بەردی بێستونەوە، ئەو پەیکەرەی بە سێ زمان لە سەری نووسرابوو-زمانی کلدی بە مێخی و زمانی دووەمیش بە ئیرانی و سێیەمیشیان بە سوسی، پەیکەرەکەش هی پادشای دارای یەکەم بووە(522- 486) پ.ز ، کە شیکردنەوەیش لە ئەوروپا کرا- ئەو کارە هەر بە رێگەی ڤاڤارتن و بەراوردکاری هەر سێ زمان یان زمانەکانی کلدی و میخی و فارسی لەگەڵ یەکتردا ئەنجا م درا(**1**)

ئەمە لە لایەنی نووسینەوە بەلام ئێمە ناتوانین بلێین ئەوانە پەیڤ و زمان و ئەو سستەمەی ئێمە لە سەری دەدوێین، دایانهێناوە کە چۆن ئەو پەیڤ و ڕەمزی سۆمەری کە باشترە بێژین کلدی خوارووی میزۆپۆتامیا- چۆن سومەر تەنیا گوندێك بووە لەو ولاتەدا- ناشتوانین بلێین هەر ئەو کەسانەی نووسینیان بەکارهێناوە، سستمی وشەسازکردن و وشەشیان داهێناوە چۆن کاتێ ئەو پەیڤانە بلاوکراونەتەوە کەسێك نەیوتووە ئەم وشانە چۆن دروست بوونە و لەچی سەرچاوەیێکی هزری سەریان هەوڵداوە..

---

**1**- مەردوخی دەبێژیت: لە کاتی خۆیدا نووسینی زمانی کوردی هەورامی بە شێوە خەتی ماسی/سرتی هاتوتە نووسین، سەرەڕای ئاشنابوونیان لەگەڵ ئارامی و گریکی و پارسی هەروەها دەڵێ کورد تا هاتنی ئیسلام بەخەتی مێخی و ئارامی وگریکیان دەنووسی..پێشتریش کاشیەکان ئەوانەی بە عەدالەت ناویان دەرکردبوو خەتی میخییان بە کار هێنابوو، ئەوانەی بۆ پێنج سەدە دەولەتی کوردنیاشیان لە بابل دامەزراند لە نێوانی هەزارەی دووەم پ.ز..**شایانی باسە لەسەردەمی ئەوان ئاشور لە ژێر دەستی میتانییەکان بووە**..کۆنترین دەقی کوردیش-هەورامی- دۆزرابێتەوە بۆ سالی (**84**) پ. ز. دەگەرێتەوە- من بە بوچوونی خۆم وشەکانی(ماسی/سرتی) ئەسلی وشەکانی ←



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بە واتایەکی تر وشە و زمان بەر لە نووسینی سۆمەری هەبووە-سەردەمی ئوبید/ئاباد- و ئەریدو، دیارە ئەو کەسەی بیەوێت لە ئەسل-ئەسرـی ئەم ناوانـە بکۆڵێتـەوە، پێوستە خـۆی بەرداتەوە نێو قووڵایی ئەفسانە و بیروبڕوای ئەو سەردەمە کۆن و تاریکانەی مێژوودا.

بێ گومان شتێکی بەرئەقڵ و لۆژیکیش نییە پەیف یا ناو، مرۆڤ هاتبێت یەکە یەکە دروستی کردبن بێی پشت بەستن بە سستمێکی زمانەوانی و فەلسەفەییێکی دیارکراو، بەلکو ڕاستر وایە پەیڤ و ناو لە ڕژێم و سستمێکی توخمە و قایم لە ئەنجـــــامی بیرو هزرێـــــــکی قوولەوە هاتوون و دروستکراون.

هەر وەکو نووسینی هەرە کۆنیش پێوەندی لەگەڵ دین و ئایینەوە هەیبووە یان لەگەڵ ئەو ئەفسانە و شلۆڤەکاریانەی مرۆڤـــ دایناوە بۆ گەردوون، زمانیش لەو سیستمەی سووڕانەوەی خۆرو گەردوون وشەکانی هەلێنجاون، واتە چەرخ و فەلـەك بودگەی وشـە وناوەکان بوون، هەر ئەو چەرخ و فەلـــەکەی لە ئاڤێستا هاتووە کە لە دەریا تەواو بوون ئەنجام دەدرێت(بوتیکا)(1)..ئەو دەریایەش وەك ئاوێکی پیرۆز سەیرکراوە کە نوێ بوونەوەش هەر لەوێ ئەبێت-لە ئاڤێستا ئاو پیرۆزیی تایبەتی هەبووە، دەریاش جێگای هەموو زانستەکان بووە، بۆ نموونە نابێ ئاو گلاو بکرێت و ئەوەی تەرمێـکی مردووی هەر گیـــانەوەرێك فڕێ بداتە ناو ئاوەوە ســـزای بۆی دیاریکراوە، ئەمەش لەو هزرەوە هاتووە کە ئەو ئاوە بەشێکە لە ئاب ســـودا (ئابستا) جێــگای ئەفراندن-بودس/بوتیکا-کە خودی ناوی خود-خود/خوتا – لە (سود) هاتووە، بە واتایەکی تر ئاب سودا بە مانای ئاوی خودا دێت(لە کۆندا ئاو و ڕوبار لێبوردن و سزای بۆ خەڵك دائەنا).

---

(ماچۆ- کردی)ین، هەروەها سەبارەت بەو زمانەی کە فارس هەر لە بـەرایی یـەوە بـەکاری هێنـاوە کـە ئەمـە کوردیش دەگرێتەوە ، زاناکان دەلێن ئەوانە لە زمانی ئارامی زیاتر هـیچ زمـانێکی تریـان نەناسیوە، کەواتـە کـورد و فـارس، ئـارامی زمـان بوونـە(ئـارامی ڕۆژهـەلاتی).. پـێش دەچـێ وشـەی ئـارامی لـە ئـاروم: سـیفەتی بەرزایی یەوە هاتبێت وەکو- ئاروم > عیلام (ئاری-ئاروم-ئارام)، شـایانی باسـە تـا محمـەد پێغەمبـەریش دەڵێ، زمانی ئادەم زمانی ئارامی بووە.

1- بوتیکا\بوتیکە<بوتس X ستوب\ستاب\سوتاب\سوت+ئاب واتە ئاب سوتە<ئابستا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پاشان بە وردی باسی گۆڕینی فۆنیمی وشەکان دەکەین- جێگای سەرنجە ئەو سستمەی چەرخ و فەلەك(سوڕانەوە وگۆڕانی خۆر)-ڕۆژهەلات و ڕۆژاوا-(1) کە ئەساس و ئیلهامگەری ناو دروستکردن بووە، هەرگیز پێکنایێت ئەگەر نووسینی لەگەڵدا نەبێت، واتە نووسین بەر لە سەردەمی قەیدکردنی وشە کۆنەکان هەبووە.

دیارە تا ئێستا چی سەرچاوەییێکی ئەوتۆ نەدۆزراونەتەوە سوودی لێی وەربگیرێت، یاخود شتەکە یان لە نەزانین یان بە مەبەست شاردراوەتەوە لە لایەن گەلانی نائاریەوە (وەکو ئاشووری وگەلانی تریش تەنیا سەرکەوتنەکانیان تۆماردەکرد و بەزین و ژێرکەوتنیان ئەشاردنەوە)..(2)

بێگومان کتێبی کۆنیش واتە تەورات-بە هەردوو بەشەکەیەوە تێستی کۆن و نوێ باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی پەیڤ و زاراوەکان ناکەن یان نەیانتوانیوە شلۆڤەی بۆ دابنێن..هەر وەکو هەر سفری کتێبە دینییەکانیش هەمیشە ئەو جۆرە بابەتانە بە لێڵی و شێلوویی ڕوودەخەن تاکو کەڵکی هەرکات و زەمانێك بدەن، بێجگە لەوەش زۆر لە بابەت و چیرۆکی پێغەمبەران لە بنەڕەتدا لەسەر بنەماکانی ئەفسانە و فەلسەفەی کۆنی سۆمەری دامەزرێنراون و چیرۆکی ئادەم(ئادبا) و توفان و چوونە خوارەوەی خوداوەندان بۆ جیهانی ژێرەوە وەکو بۆ نموونـــــە کە کوتایی بە پەیامەکەی زەمینی میترا دێت سەفەری میترا- میعراج-بۆ ئاسمان ڕوودەدات، کە ئەمە وەکو ئیسراو مێعراجی ئەوان دێت یان چیرۆکی ژیانی سەرگون وەك سەربوور و ئەزموونی موسا پێغەمبەر هاتووە کە چۆن بە منداڵی لە ڕووباریان گرتوتەوە، دیسان چیرۆکی(عەدالەت و دادی ئیلاهی-ئەیوبی بابلی وەك هەندێ لە مێژوونووسان ناویان لێناوە)- بە بەراورد لەگەڵ ئەیوبی تەوراتی و قورئانی، یان شــــــیر

---

1-ناوەکانی خۆرئاوا- غرب- مانای پارچەبوون ومردن وکوشتنیان تیایە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە مروڤی کۆن ئاوابوونی خۆر بە مردن وکوشتنی خۆرەکە زانیوە..ڕەنگی سوور و مۆری خورئاوایش ڕەنگی ئەو خوێنە بووە کە ئەنجامی مردن وکوشتنەکەیە، شایانی باسە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە لای فەرهەنگی ڕۆشنبیری میسریە کۆنەکانیش گرنگیەکی تایبەتی هەبووە.

2-کتێبی مەزنی بابل/هاری ساکز.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەشریم (Song of Songs)ی جولەکەکان کە شــیعر، یان بەند و هەڵبەستی پێ هەلگۆتنیانە، ئەویش لە هەڵبەستی سۆمەرییەوە وەرگیراون(1) .

لێرەدا کە بیر و بۆچوونی ئەو سەردەمانە دەخوێنرێنەوە چۆن مرۆڤی ئەو سەردەمانە تەماشای ئەو ئەفسانە و بیر و بۆچوونە هەرەکـۆن و نەریتیانەی کردووە، چۆن وەك ڕاســـتیەکی دیار بۆ شـــلۆڤە و شیتەڵکردنەوەی بوونی هەر شتێك تێگەیشتووە، یان ئەفســـانەکانیان دەربڕینی ڕاستی گەردوون بوون بۆیان، بێجگە لە گەنجینەیێکی ئەدەبی و هزریشەوە..کە دیار و ئاشکرایە ئەوان وەك ئێمەی ئێستا بیریان نەکردۆتەوە یان چۆن شتیان بینیوە ئەوهاش شلۆڤەیان بۆ داناوە بێی کە بلێن بۆچی و چما( Low of causality).

بۆ نموونە لە ئەفسانەی ئەفراندنی بابلیدا ئاسمانیان بە دەریا داناوە- ئاسمانی شەو، دەریای ئاوی تاڵ و سوێر بووە و ئاسمانی ڕۆژیش ئاوی ساف و شیرین بووە، کە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا زاراوەی(تار=شەو) بووەتە(تاڵ<تەحل) و شیرینیش لە سەران-سرین=(بەرزی) وەرگیراوە..

کەواتە پەیڤی کوردی و بابلی لە هەمان فەلسەفە سەرچاوەیان گرتووە..لە عەرەبیدا (تار< تال) بووەتە (طحال) چۆن ڕەنگی ڕەشە، هەروەها ڕۆژئاوا یا خورئاوا(غرب و غروب/ Sunset) هەر یەکێك لەم پەیڤانە لە ڕامان و فەلسەفەی(خۆر+ئاب<خورئاب < خرب/غرب) هاتوون(2) بە بووچوونی ئەوەی کە ڕۆژئاوا دەبێت دەچێتە ناو ئاو یان شەتی ماشو کە (ماشو) لە ئەسڵی ماسـو(مەدو/مەزو)وەرگـــــــیراوە(3)

واتە ناوەندی ئاو-(ماشـو/ماسو) پەیڤێکی سۆمەری بووە بە مانای دەریای مەدەتارینیانی ئێستا بە بۆچونی ئەوان کە کۆتایی خۆر لە وێیە، کە هێشتا خرِی و بازنەیی زەوی بۆیان ساخنەبووەوە.

---

1-تەورات زۆر داکۆکی لەسەر مانای ناوەکان دەکاتەوە.

2- ناوی ماری/ئاموری یش-ڕەنگی مۆری خۆراوا-لە لایەن بابلیەکان بۆ لای خۆراوا بەکار دەهات.

3-کلدی بابلی(یخربا) بۆ لای (غرب)بەکار هێناوە-پێ دەچێت(اوربا)یش هەر لەوەوە هاتبێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەو پێیە لە کوردیـــدا ڕۆژ+ئاو دەبێتـــە ڕۆژئاوا-هەمان فەلســـــــــەفەی کۆنی سۆمەری، لە عەرەبیدا(غرب) لە خرب=خۆر+ ئاب، لە ئینگلیزیش **Sunset** لە سەن+ سەت<شـــەت، لە کوردیشدا-ڕۆژاوا-گشتیان لە چونەخوارەوەی خۆر بۆ ناو ئاو و دەریا، مانای ڕۆژئاوایان لێ دروستکراوە- واتە یەك فەلسەفە بووە..(1) لە هزری زرادەشتیشدا خۆر کاتێ سوور دەبێت تیهنو(تەشنو)دەبێت..(2)

بۆیە دەچێتە لا و ڕوخی دەریا-ڕۆژاوا-تاکو ئاو بخواتەوە چۆن ئەوان ڕۆژ/خۆر بە گیانەوەرێکی زیندوویان دائەنا-خوداوەندێکی زیندوو، مرۆڤی کۆن بیری دەکردەوە و ئاسمانی بە جیـــهانی خواوەندەکان دائەنا و واشیدەزانی هەر خواوەندێك سیفەت و ڕوتبەی خۆیان هەیە و جارناجاریـــش کۆدەبنەوە و بڕیاری چارەنووس ساز دەدەن، بەڵام ئەوانیش سەرۆکێکیان هەیە وەك چۆن جیهانی مرۆڤـــــ هەیانبووە و وەك مرۆڤیش هەم لایەنی ڕوحی وهەم ماددی هەیانە، ئەوانیش تینوو دەبن وبرسی دەبن تەنانەت دەشمرن هەروەکو چۆن لە فەلسەفەی ئاڤستایی خۆراوا بە جێگای مردن و نقۆمبوون وتاریکی هاتووە-لێکدانەوەی وشەکان، ئەوهاش لە ڕوخی تری گەردوون-خۆرهەڵات- ڕەمزی پیرۆزی و ڕووناکی و نوێبوونەوە هاتووە و لە ناو تاریکاییشدا ڕۆز\ڕۆژ\ڕوجە، یا خۆرێکی نوێ تێتە ئەفراندن(بوتس< بوتکە).

لە ڕاستیدا فەلسەفەی ئاڤستایی..(3) و سۆمەری بێجگە لەوەی لە سەرچـاوەی یەك بووچوون، ناوەکانی ڕۆژاوایان دارِشتووە-خۆراب<غرب/ماسو(ناوەکانی ئاو)..

---

1-پێچەوانەی وشەی ئینگلیزیش (سەنسێت × تیسەنت = تیشـەنە/تەشـەنەی ئاڤستایی: تیهنو، بـەکوردیش تەشەنە واتای سووربوونی برینەکان دێت- کاتێ مرۆڤـــــ تینووش دەبێت سوور هەڵدەگەرێ خۆریش کاتێ لە سەر ئاوابوونا بێت/تینوو/ سوور دەبێت.

2-تا ئێستاش کوردی ئێزدی لە کاتی روژاوابوونا ئاو دەخۆنەوە وەك رێ وشوێنی دینی ئەمەش وەك پاشماوەییێکی دینە کۆنەکان بۆیان ماوەتەوە.

3- زرادەشت یەکەم پێغەمبەر بووە بۆ جیهان، سەردەمیشی بەر لە ئادەمی تەوراتی بووە وەك نووسەرە گریکیەکان باسی لێیان کردووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**له كرياريكی هەره گرنگی تریش یەك دەگرنەوه، ئەویش دانانی ئاوی ژێر وکۆتایی-بدس (بوتكە) یا پێچەوانەكەی-سدب- بە ژێدەر و سەرچاوەی هەموو زانست و فێربوون ونوێبوونەوەییێك (سدب= سدم= سد )..كە دواتریش سدب/ سدب بووەتە –كتب/كتاب(1)**

**سەبارەت بە یەكگرتنەوەی پەیڤەكانی كوردی و بابلیش چۆن لە یەك سستمی زمان دروستكراون، هاتووه:**

**لە ئەفسانەی خەلق بوونی بابلیدا باسی(اله الليل) دەكات بە ناوی(ما- تاری)-لە ئەسڵی مەد تاری كە ئەم هەردووو پەیڤەیش دوو پەیڤی قاموسین لە زمانی كوردیدا-ما/مەد-ناوی مێ/مێینە-یە، چونكە ئاو رەمزی ژن بووە-مێ- پەیڤی دوەمیش بۆ هەمان مەبەست واتە تاریكی بەكاردێت لە زمانی كوردیدا.**

**ئەفسانەكە ئەوها دەڵێت:**

**اله الليل (2) بەسەر-ابسو-(ئاوی مەزن)..(3) سەردەكەوێت و تانجی لە سەر سەری خۆی دادەنێت، پاش مردنی-ابسو/أبزو-یش..ابسو(ئابس) تەنها وەك بنەما و بنك دەمێنتەوە لە ژێر-ایا-ی دەسهەلاتدار(ئەیا بەرامبەر تەواوی و ژمارە دەه هاتووە)-ئیستایش ناوی(ئەیا) ناسناوی ژنە لە هەندێ شوینی كوردستان- قسەی د.كوردستان موكریانی، بەرامبەر (ئەد=دایك=ئاسمانی شەو) چۆن وەك گوتمان ئەوانە هەردووو ئاسمان، ئاسمانی شەو(ما- تاری) و ئاسمانی ڕۆژ(ابسو) بە دوو دەریای ئاویان دائەنا، دیسان هاوبەشی فەلسەفەی ئاڤستایی و سۆمەری لەوەشـــــدایە لە چۆنیەتی شیكردنەوەی بوون و گەردوون كە هەر شتێك لە دەریا تەواو ئەبێت وەك لە زاراوەكانی هاوبەش دەردەكەوێت..( تیامە/تیامـــەت/ تیامەتۆ) یان تەمام/تەواو بەرامبـــەر بە كوردی یان سودەم/سودەب×بودس-ی ئاڤێستایی**

---

1- تیپی (س) بۆ چەندین تیپی تریش رۆیشتووە وەكو(ش،گ،خ،ه).

2-لێل لە كوردیدا بە مانای شێلوو دێت، هەروەها لەیلان-یش بە واتەی دەشتێكی راست و پان وبەرین دێت.

3-بەرامبەر ئەو(ئەبسو)یە، (ئابس)مان لە ئاڤستا هەیە كە ئیستا لە كوردیدا بە ئاوس/ئاڤس ماوەتەوە.دواتر لە ئابس یان ئەبسو بووەتە(ابكی/بكی) واتە ئاو لە چاو هاتنە خوارەوە-گریان لە زمانی عارەبی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

كـه ئـەوانيش هـەر هـەمان ڕامـانی تـەمامی و تـاريكی دەبەخشـن(1)..ئـەو هاوبەشـيەی هەردوولا لە زۆر تێرمی تريش خۆی دەردەخاتەوە كە دووەم ودەهوم-ی لـە زمـانی سـۆمەری و كورديدا چەندين وشەی سەرەكی و فەرهەنگی وەك يەكن و بـە هـەمان رامـان بـۆ نموونـە: ناڤـــ(نـام)-گـر/كـەل(گـال)، سـەر(سـر)، دووەم ودەهـوم(تيامـە)، تـاووس(تمـوس)(2)، دەو/دەڤ/دەم(دبا/ادبا)-ئـەو شـتەی پێوەنـدی بـە دەڤ و زمانـەوە هـەيبێت، عـەرەب كردويانـە بـە(ادب/ادبيـات)، كـورديش دبسـتان واتـە قوتابخانـە بـەكاردێنن كـە(ادب) لـە زمـانی كـوردی نـزيكترە لـە عـارەبی ئەگـەر پێوەنـدی لەگـەڵ سـۆمەريدا بكرێـت بـە پيڤانـە، هـەروەها: ئايين/هەينی/ئەينی(3)(ئـانۆ)، ميـز/مەسـينە(ماسـو)، جـەژن (4) (ئەسـينۆ)، كـون (سـون)، گـڕ/ئـاگر (گـيرا/گيبـل)، مـا\مـێ\مـاد(مـا/مـو\مـی)، پـير(بـارو)، مـير(مـير)، گشـتی(گشـتو)، نـو\نـەو\نـا(نونـا)، مـە/رانـاو(مـە)، نـان(نينـدا)، دو\ددو(دد)، شـەش(ئەششـا)، مـن(مـو).. رەخوم(لخوم/لخمو)، ئابس/ئاڤس(ابسو)..(5)، ئاگر(گيرا-كيبل)..

ئەم وشانەی سۆمەری و بابلی تا ئێستا وشەی فەرهەنگين لە زمانی كورديدا و هەريەكە و

1-ئەو دابەش كردنەوەی گـەردوون لـە دەسـت و پـای مرۆڤـ-دو/دەهـڕەنـگ دەداتـەوە، چۆن مـرۆڤيش وەك بەشيك لە خواوەند يان لە سەر شێوەی خواوەند دروستكراوە.

2-du-mu-gi –دموگی/دموزی، نيشانەی ميخی gi-zi زۆر نـزيكن لەيـەكتر و زۆر جار ئيشتباهيان تـێ دەكرێت.

3-لە كوردی و سۆمەری هاوبەشی پيرۆزی هەيانە، لەكورديدا مانای دين و ڕۆژی پيرۆز و لە سۆمەريدا نـاوی ئاسمان و خوداوەندە، دياره ئان/ئانو باوكی انانا/انين بووە-خاتونی ئاسمـان لـە سـۆمەری(دوبـارە كردنـەوەی تيپ دەبێتە ژمارە دوو، كە دوانەييش سيفەتی مێينەيە)-انـن هەميشـە لەگـەڵ تمـوس(تـاوس) نـاوی هـاتووە وەك دوو ئيلاهی زاخی لە هزارەی سێيەم پ.ز، لە سەردەمێكی سۆمەريدا (ئان<ئنسی) ئەو رۆلـە گەورەيشی كە هەيبوو، نەما و بوو بە سەرۆكی وەرازەكان.

4- ئەسينو-ی سۆمەری و يەسنە-ی ئاڤستايی (جەژن).

5- وشەی ئاڤس مانای ئاوی مەزن لە كۆندا دەيبەخشی بەڵام بەو هزرەی كاتێ مێيينە بـاردار دەبێـت زكـی پڕ ئاو دەبێت بۆيە وشەكە بۆ مانای بارداری مێينە براوە وبەكاردێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

چـەندین وشـەی تریـان لێ کەوتوتـەوە، هـەروەها ئـەم هاوبەشـەی پـەیڤ و تێرمـەکان ڕاستەوخۆ و یەکسەر بۆ ئەو هزرەمان دەبات کە ئەم زمـانانە لـە کاتێکدا لـە یـەك زمـان هاتـوونە و ئـەو زمـانەی مێـژوو باس دەکـات سـەردەمی مرۆڤایـەتی بـە یـەك زمـان دەئاخافتن و هەموشیان لە ئاشتیدا دەژیـان، چۆن سەرچاوەی فەلسـەفەی زمانەکـەش یـەك فەلسەفە بووە ئەویش دانانی ئاوی کۆتایی بە نێوەنـد و نیڤـەك، لـە زمـانی ئینگلیزیـدا ئـەم نیڤە بە ناوی ئاو و شـینی دەریـا خـۆی دەردەخاتـەوە(Nevy)، هـەروەها لـە فارسیشـدا ناڤـ واتای-گەمی-دەدات(1).. ئاویش ئەساسـی ئەفرانـدن بـووە (بـدس×سـدب) کـە بـە سروشـتێکی دووانەیی خۆی دەرخستووە-تێرمـی خوداوەنـدی ئاریـەکان- هـەروەها لـە سۆمەریشـدا(تیـوم) بەرامبـەر بـە دووەم-ی کـوردی وێکداچـوونی لـەڤزی دیـارە (دد-ی سـۆمەری دودو\دوو-ی کوردییە)..دیسان خودای ئاو و بارانی سۆمەری (ادد) یـان لـە جێگایـەکی تـر، هـەر ئـەو نـاوە (توتو) هاتووە- خودای هەموو نوێبونەوەیەك - هەر هەمان سیفەتی دووانـەیی هەڵدەگرێت- وەك لە ئاڤستا نوێبوونەوە لە دەریای دووەمە (بوتیسا/بوتیکا، ئـەو نـاوەی تـا ئێستا کـوردی بـاکور بەکاریـدێنن کـە بـە دوو دەلـێن -دودو- شـایانی باسـە ئـەو خودایـە کـە هەنـدێ جـار (ادو/اتـو/توتـو) یـش ..(2) هـاتووە خـودای سـۆمەری و سـوبارتو بـووە کەواتـە هـەردووکیان یەك خوایـان پەرسـتووە..(3)، بـۆ ئـەوەیش باشـتر مانـای (تیامـە /تیامـەتو/تیامـات) بـزانین دەچینەوە سەر دەپەی پێنجەمی چیرۆکی ئەفراندنی بابلی کە دەلێت: تیامە چاوی ڕاستی

---

1-هەر شتێك پێوەندی بە ئاوەوە هەیبوبێت ناوی لە ناوەکانی ئاو وەرگیراوە وەك: ماسی- ماهی (مائی-ماء)

2-ناوی توتو بە اشازو-یش هاتووە، ئەوەی شتەکانی لە ناو دل دەزانێت وئەوەی لە ناخی خواوەندەکانیش تێدەگات-هاری ساکز/مەزنی بابل لا پەرە 395،پێمان وایە (اشازو هەر هەمان شاز-ی خواوەندی ئاو بووە و بەرامبەر شاوشکە و هیمای شەش).

3-کاتی ڕووناکی بوو بە شوێنگری تاریکی لە پیرۆزیدا، ئەو کاتە بوو کە ادو/ئەتو بوو بە (عدو)، واتە باوکسالاری بوو بە شوێنگری دایکسالاری (اد/یاد=دایك، کە سەردەمانێك شارستانی(ئەد/ئادی) مەڵبەندی هەر هەمان جێگەی کوردی ئیستا بووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دجلەیە وچاوی چەپی فراتە(1)-بە واتایەکیتر تیامە مەڵبەندی مەدیا ومیزوپوتامیایە، بەم پێیە (تیــامە)کە بە جێگەی ئەفراندن و هەموو زانستەکان ناوی هاتووە لە دەقە سومەریەکانا، ناوێکی تری موزاپوتامیایە-جێگەی هەموو زانستەکان و ئەفراندنیش هەر لە وێ بووە بە ئەفراندنی زمانەوەش..هەروەها کە تیامە جیهانی ئاو و باران وسەردی بووە وەك ژێدەرە سۆمەریەکان بەو جۆرە باسی لە کەشوهەوای دەکەن، ئاڤستایش کە هەمیشە باسی سەقا و ئاو و هەوای سەرد و پڕ لە بەفر دەکات کەواتە دیارکردنی جێگەی ئەو جیهانە بە دروستی ناکرێت خوارووی دیجلە و فورات بێت، بەلکو سەرچاوە وسەروکانووی ئەو دوو روبارەیە کە ئێستا بە کوردستان ناو ئەبرێت کە کوردســتان جێگاییێکی پر لە ئاو و روبارە و جێگاییێکی ســــارد و بەفرینیش بووە- جێگای دارستان و تاریکی و ئاو-کەواتە وەسفی سۆمەری تیامە و وەسفی ئاڤێستاش، تەنها لەگەڵ ژورووی دیجلە و فورات ڕێــــك دەکەوێت و دەگونجێت نەك لەگەڵ خـــوارووی ئەو دوو روبارە..(2) کەواتە تیامەی سۆمەری دەق کوردستانی ئێستایە تا دەگاتە سەر لێواری دەریا، مەڵبەندی بودس<بوتیکا- مەڵبەندی خەلق بوون و سەرچاوەی فەلسەفەی زمانیش(3)، چۆن فەلسەفەی ئاڤستایی وەك بنەما و بنواشەیە بۆ ئەفسانە و چیرۆکی سۆمەری و بابلی و گریکی، هەمووشیان وەك زنجیرە بۆ سەرەتای سازبوونی تێگە و پەیف و ناو و تێرمە مرۆڤایەتیەکان، ئینجا زار و زمانەکان..جارێکی تر دەیلێینەوە مرۆڤی ئەوسا چۆن جیهانی بینیوە ئەوهای شلۆڤەکردووە، هەر لە بیری زرادەشتی و سۆمەری و بابلیەکانیشدا ناو دەربراوی ئەو شتە بووە کە ناویان لێناوە، بۆ نموونە لە سۆمەریدا خواوەند چەند ناوی هەبووە ئەوەندەش هێز و توانای هەبوون..(لە سۆمەریدا هیمای ڕۆژ\خۆر، ماناکانی ڕووناکی و تێن و بەرزی و زۆر سیفەتی تری ئەبەخشی، هەروەها مانگیش ناوەکانی تاریکی و مردن وبریسکاوەیی دەدا..) لە ئاڤێستاش (ئاب سودا) ناو لە سیفەت و ڕەنگی ئەو شتەی، رووی ماددی و مانەوی

---

1-چەم لە زمانی کوردیدا تا ئیستا مانای هەم چاو و هەم روبار دەگەیێنێت.

2-بروانە کتێبی- ظهور الكرد في التاريخ/جمال ڕەشید، لاپەرەی 402-403

3-خەلق بوونی ئادەمیزاد لە و کاتەوە دەستی پێکرد کە ڤەقسەهات.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وەردەگیرا وەکو ناوی ڕۆژ ئاوا(ئاثرهی)واتە ئاسەر\سەر و سوری ڕۆژ، هەروەها لە کوردیدا(سوور) یا (سورخ)ی فارسی لە سووری شەفەقی خورئاب وەرگیراوە، چۆن ڕەنگی خوێنیش دەدات بۆیە خۆراوا جێگەی خراپی وشەڕ و پێکدادان بووە یان لە لێگدانی خۆر بە ئەرزو ئاوەوە ماناکەی هەلێنجاوە، ئەوانەی سور و سەر(اسور) بە شەڕخواز و جێگەی شەڕ دادەنا-(گەرو دەبانجەش) لە شـــوور و دیواری نینەوا(بوابە أدد) تا ئیستا بەو ناوە کوردییە کۆنە ماوەتەوە.

لە تەوراتیشدا(اسور/اشور)کە ناوەکە ناوێکی کوردییە بە مانای سەرو و سوور یان ڕۆژاوای مەدیا..(1)، وەهاش وەسفی هاتووە لە تەوراتدا کە-اسور-زۆر حەزیان لە ڕەنگی سوور بووە و شەڕخوازیش بوونە، کەواتە چۆن ڕۆژ ئاوادەبێت وەکو ئەوە وایە شەڕێك بەرپا بکات(خۆپێکدادانی خۆر بە ئەرد و ئاوەوە)، لە لای ئاسووریەکانیش تقوسی دینی ئەوان دەبوایە هەموو ڕۆژێك شەڕێکیان کردبایە- قوربانیدان بە مرۆڤـــــ وەك سەردەمە هەرە کۆنەکان-لە کەلەپوری شاعیرە کۆنەکانی عەرەبیشدا پەیڤ وەك ناو و نیشانی شووم وخێر دادەنرا و سەیردەکرا، کە ئەویش پاشماوەی تێروانینێکی زرادەشتی بووە (2)نموونە:

---

1-لە زمانی هوری ،ATHORU بە مانای تەنیشت/لا/روخ هاتووە، هەروەك پەروو/پاهراشو/پارس لای تری کوردە مادەکان بووە - لە ئاڤێستاش ATHARHI بەواتای (ڕۆژائاوا) هاتووە، خۆراوای سوریاش ولاتی-ئەلاخ - بووە.

2- نووسینی ناوەکانی خوا لە ســـەر -نووشتەکان- هەر بۆ ئەو جۆرە بۆچوونانە دەگەڕێتەوە..(بە پێی بیروباوەڕی کلدانییەکان بمانەوی یان نەمانەوی بە گوێرەی دەور و خۆلی دیاردە ئاسمانییەکان چارەنووس دیاری دەکرێت، گەورەترین دیاردەی بریسکاوی ئاسمان واتە خۆر کە سروشت ل ژێر فەرمانی ئەوەدا بوو بە ئەستێرەی پاشایەتی دادەنرێت لەبەر ئەوە لە سەردەمی دەستهلاتداری جێگرانی ئەسکەندەر خۆری نەبەز کە میترای پێی دەگوترا و هیما و سومبولی ڕووناکی(خوەرنە)ی پێوە لکابوو گەیشتبووەوە پلەی نەمری و هەمیشە زیندوویی لە لایەن پەیرەوەکانییەوە وەکو خواندیك دەپەرسترا-کتیبی نهێنییەکانی ئاینی میترایی).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سفرجل = سفر و علو ، سوسن = سوء ، ياسين= يأس، شقائق النعمان= شق ، نساء=نسيان ، غروب=خراب، اسرب<عقرب(1).

ئەوهاش بەم بووچوونە ڕوكەش و ساكارانە لە سەردەمە كۆنەكاندا ناو و زاراوە دروست دەكران و لە بەرییێكیشیان ئەدانەوە بە پێی هەلكەوتن و دروست بوونی پەیڤ لە سوورگەی چەرخ و فەلەكدا، هەروەها لەكردەی دەركەوتن و ئاوابوونی خۆر و مانگ و ئەستێرەكانا كە ئەمانە بە خواوەند دائەنران و بەگیانەوەری زیندوش تەماشـــــا ئەكران، بەلاّم پەیــڤەكان لەوەتەی بەرایی دروســـت بونە زۆربەیان لە گۆڕینێكی هەمیشـــەیی دانە و تا ئێستاش بە جۆرێك مانا و رامانیشیان لەگەلّدا دەگۆردرێ و لە مانا سەرەتایەكەیەوە دوور دەكەوێتەوە بۆ میناك پەیڤی **Cold** ی ئینگلیزی كە لە ســەرد-ی هاتووە واتە دژی گەرم تێیدا تیپیL<Rچووە.

لە E وكوردیشەوە ئەگەر تیپی (d) لابرێت هەر بە مانای خۆی دەمێنێتەوە (**Cool** =سار)..بەلاّم وشەی (**Cool**)ی E لەم سالانەی دواییدا مانایێكی تری وەرگرتووە-ئارام و جوان و كەشخە دێت-پێویستە بشلێین كە گۆڕانی تیپی R >L( هەموو ئارەكان) بۆ پاش سەردەمی ئاڤێستا دەگەرێتەوە چۆن كتێبی ئاڤێستا (L)ی تێدا نەبووە- بەم جۆرە دانانی تیامەت و سودب(سوداب) بە سەنتەری گەردوون-ناوەندی ئاسمانی ڕەش-**Nevy** وناڤـــــ(گەمی) یان دانانی ئاڤــ و دەریا بە سەنتەر بۆ ئەفراندن و دانانی ناوەكان(نام لە سۆمەری و ناو/ناڤــ لە كوردی) بەردەوامی هەبوو تا سەردەمی بابلیەكان بەر لەوەی كۆمەلّە خەلكێكی ڕۆژاوا بێن و هەولّ بدەن پەیڤی نوێ دروست بكەن بە پێی بۆچوونی گۆرینی ناوەند و سازگەی ناودروستكردن-ئاسمان(ناڤـــ و**Nevy**) بۆ سم /شیم <سم (سماء-اسماء).

---

1-دیارە زۆر ئەفسانەی گریكی هەن كە ڕەنگدانەوەی داستانی گلگامشیان پێوە دیارە وەكو (عقرب)ی گەورەی بەرپسیاری مردنی اوریون Orion لە پاش سەفەرەكەی بۆ جێگەی ڕۆژهەلهاتن ،ئەوەی مروڤی شێوە دوپشك وەبیرمان دێنیتەوە ئەوانەی گلگامش بینیون لە لێواری دنیا-كتێبە هاری ساكز/مەزنی بابل لاپەرە 575(دیارە ناوی عقرب لە أسرب/سرب هاتووە-اسرب<عقرب).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

له ئاڤێستاش(ئەسماخە) بە دوژمنی زرادەشتی و ئاڤێستا هاتووە(شووم/مەیشووم) یان بە نەیاری دینەکە دانراوە-لادین- هەر وەك چۆن گەلانی سام و شێمی(سد)یان بە- ضد CONTRA یا دژی خۆیان دانا، ئەوان بەم جۆرە شەم و شێم و شام وەکو خواوەند و ئاسمان و زەوی جیاکردنەوە لەو کۆمەلانەی پێشتر زمان و دینیان داهێنابوو، سامیەکان هاتن سەنتەری سم وسام و شام و شیم- کاتێ تیپی بزوێن دەوری نەبوو-ئەو ناوەیان هێنا وکردیانە ژێدەروخاوەنی زمان و دینێکی نوێ کە ڕەوت و سەمتێکی پێچەوانەی ئاریەکانیان هینایەگۆڕێ، چۆنییەتی ئەو گۆڕانەش بە نووسین و تێستی کۆن(تەورات) تەمامیان کرد و ئادەمی تەوراتییان دروست کرد، لە(تی-پەراسو)ی ئەویشەوە حەوایان خەلق کرد، چۆن وەکو بابلیەکانی دوایین دژایەتی خواوەندی (ئانو)ی سۆمەرییان کرد.. وەك چۆن لە ئەفسانەی (ئیرا) دەردەکەوێت کە شۆڕشیان لەسەر ناوی تیامە کرد و جەستەی تیامەتیان کردە چەند پارچەییێك و بە ئاسمانیان پەرت و بلاوکردەوە وەك لە ئەفسانەکە ئەوها هاتووە..مەردوخ/مەردوك سەرکردایەتی ئەنجومەنی جەنگ دەکات لە دژی تیامەی سۆمەری بە هیوای لابردنی کۆمەلە ئەستێرەی کۆن وهێنانە کایەی کۆمەلە ئەستێرەی نوێ(مەبەستیان نەهێشتنی ناوی سۆمەری بووە) یان دانانی ناوی نوێ لە سەریان بە شێوە زمان و فونەتیکی خۆیان، ئەوکریارەی بەسەرکەوتنیان دەزانی و ئاهنگیشیان بۆ دەگێرا..بێ گومان ئەو ناوانەی لەسەر ئەستێرەکان دائەنران هەر هەمان ناوی سۆمەری بوون بەلاّم ڕێکیان دەخستن بە پێی پێویستی دەنگی تایبەتی بە خۆیانەوە، ئەمەشیان بۆ دەرخستنی دەسەلاّتەکەیان بێی کە لە ڕەگ و ڕیشەی زمانی سۆمەری ببچرێنەوە، ئەم کردەوەی زمانەوانیشیان بە زیادکردنی تیپی نوێ(ع-ض-ط-ظ-ح-ق) بە سەر قەدی وشە ڕەسەنەکەوە ئەنجام ئەدرا یان گۆرینی تیپ وەك(امد-عمد/ اباد-عبد) یانیش بە ئاوەژووکردنی وشەکان وەکو(سەر×رەس/راس-رشە)، (رون×نور)، (نەرم×مەرن)،(سب×بس- سپی وبیض/ابیض)، بەلاّم هەندێ جار بابلیەکان نەیاندەتوانی پێوستیە ئەدەبی و هونەی و شارستەکانیان بەو زمانە نوێیە پڕبکەنەوە، ناچار دەبوون پەیڤی سۆمەری شان بە شانی پەیڤی بابلی بەکاربێنن وەکو پێی دەلێن دیاردەی دوو زمانی(**Belingual**).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەم ڕێبازەش درێژەی هەبووە تا کۆتایی شارستانی بابل وکلد و ئاشور، ئەو دیاردەیە هەر ئەوها ماوەتەوە و چارەییێکیان بۆ نەدۆزیەوە چۆن لە ئەنجامی دوو تێڕوانینی هزری بەرپابوبوون..بۆیە نەیاندەتوانی چارەسەر بکەن وەکو ناوەندی سوورانەوەی خۆر و ڕەتبوونەوەی لە تێرمی دل(در/تار-دەریا)وە، کردیانە-قلب(غرب/خرب)-بە بۆچوونی پشتگیری کردنی هزری قەلب بوونەوەی خۆر کە ئاوادەبێت لە ڕۆژاوادا.

یان خودا و دایکێکی شوێنگریان پەیاکرد (Surrogate) بۆ خۆر.

بەم بۆچوون وگۆرینەیش، سامیەکان ویستیان شوێنی ئاریەکان لە ململانێی داهێنان و دەسەلآت و شارستانیدا، بگرنەوە لە داهێنانی دین و زمانی نوێشدا..

کە لە دواییشدا لەم ناوچەیەدا گەلان تێکهەڵ و پێکهەڵ بوون و زاراوەی یەکتریان بەکار برد و ئیتر سەر و شوێنی وشەو ناو-ژێدەرەکانیان- ونکرا.

چەرخـــــاندنی -S- ی ئاڤیستاییش بۆ هەر چوار دۆخەكانی (س-خ-ك-ه) پەیڤەكانی سس-سخ-سك-سه-سەه-لێی دروست دەبن(زمانێك بە ناوی سختی لە مێژودا هاتووە)





**وێنەی-6-**

دیسان لەگەڵ نەخشەی خوارەوە ئەم پەیـڤانە دەردەكەون-سن **\Sun**-خر\خۆر-كد**God**
-ئەپ/-هەب



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)




وێنەی-7

## God/کود

بەم جۆرە ئەو وشانەی لەم نەخشانەی سەرەوە دروست دەبن هەموویان یەکتر دەگرنەوەو لەگەڵ شێوەو ڕەنگی سوڕانەوەی ڕۆژیش دەگونجێن هەر بە پێی فەلســـــەفەی ئاڤستا و بنەماکانی: ڕۆژاوا=نار-سور-خور-سخ/شق-سیق(سووری کراوە).

شەو = سود-Night مەد-سك/زك-کود/خود(خودا )...

سپێدە =دب( Top-دوو)-سب(سبێ )-ماب/ماف-سەھ-ھەب...

پەیقی-سد\سوت-سەت(سەتوم)ئەم زاراوانە کە زۆر وشەی تریان لێ وەرگیراون و بۆ مانای جیاجیایش براون، زۆر دەوری هەبووە وەك ڕەمز یان ناوی ئاوی تاریکی وکۆتایی (داوی /دوایی/دوان/دوەم) لە فەلسەفەی ئاڤستاییدا و سەردەمی دواتریش وەك ناوی کۆتا هاتنی ڕۆژ-خۆراوا-کە لەو سەردەمە کۆنانە دا ئەرد(ناوی ئەریدو کە لە-ارد-وەرگیراوە، ئیستا لە خوواروی ئیراق ناویکی تری هەیە وپێی دەلێن-ابو شهرین-لە مانای ناوی دوو سەرەی ئەرد نەك خاوەنی دوو مانگ هاتووە)خودی ناوی (ارد)یش لە پەیقی (ڕد/ڕەت بوونەوەی خۆر )وەرگیراوە و بە دووسەر دادەنرا، ڕۆژهەلات وڕۆژاوا ولە ژێر ئەردیشدا جیهانێکی دیکە هەیە کە بە ناوی جیهانی ژێر ناو دەبرا-ئێستا کورد بندنیا لە بەرامبەر ئەو پەیقە بە کار دێنن، ئەوان ئەو کاتە شتێکیان لە بازنەیی زەوی نە ئەزانی، پەیقی(سد)یش کە ڕامانی ئاوی دەدا(سد<شەت)، بەو هزرو بۆچوونانە کە جیهانی ئەوکاتە لە جیاکانی ماسو(کێوەکانی لوبنان)-ماشو لە داستانی گلگامیشی سۆمەریدا هاتووە لە ئاڤیستایش مەشە بە واتای(روح) هاتووە واتە ڕوخی خلاسبوون-لە ئەسڵی ڕوخێکی گەردوون کۆتایی دێ وخلاس دەبێ ودەریای سپی دوایی زەمینە-واتە داوی لە وێیە و داویش (دوو/دەھ)ە، کەواتە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەســـــپێکردنەوەیە، بۆیـــــە نــــاوی ئـــــەو دەریـــــایش بووەتــــــە دەریــــــای ناوەراست(Mid\Med)..هەروەها ئاوەژووکردنی پـەیڤی (سـد)دەبێتـە(دس)-سـد×دس یـان ناوی ژمارە دەھ(سەتوم=دەھەکان لە ئاڤیستا)کە هەر ئـەو دەھـەیش واتـای تـەواوی دەدات لـە تەك مانای دوو(سەتە<جوتە\چەتە لە هندیدا)کە دەس تا ئیستا بە ژمارە دەھ دەگوترێ لـە هەورامی دا وەك لە زمانی ئینگلیزیشدا (Deci)مانای دەهی تێدایە، ژمارە 10ی کوردی لـە ئەرەبیـدا بووەتـە (دیـە)واتـە (عشـر)=بـاج- ئـەم(س)ی دەس نیشـانەی کـۆی ونبوویـە لـە کوردیدا، کە لێرەدا بووەتە(ھ) ئینجا بزربووە، بەڵام ئەو(س) لە کوردی هـەورامی و هندیـدا هەر زیندووە.

هەر بەو پێیە ناوی(دەست)یش هەر لـە وەوە هـاتووە چۆن دەس نیشانەی کۆتـای لایێکـی لاشــەی مرۆڤــە، دەســتیش دوو دانەنــە و ژمــارەی پەنجــەکانیش دەھــن، وەك چــۆن لــە ئاڤیسـتایش بـە دەھـەکان دەگـوترا سـەتوم/سـەتام (چـەترا سـەتوم-چـوار دەھ =چـل) بۆیـە رەمزەکــــانی دوو\دەھ\ســــەد یــــەکتر دەگرنــــەوە(تــــەواوی وکۆتــــایی)..پاشــــان ئــــەم زاراوەیە(سـد\سـەت)بـۆ هـەر شـتێك بـەکارهێنرا کـە دوو ڕوخ لێـك جیادەکاتـەوە-لـە دواییـدا ڕوخیکــی نــوێ دێــت، ئــەم وشــانەی خــوارەوەیش هەنــدێکن لــەو جــۆرە وشــانە پــاش گۆرینی(س)ی (سەد)بۆ هەر چوار دۆخەکانی(1)، سەد-شەت-سەت(مائـە\مییـە =ماتـە =ئـاو)-سوت-Set وەکو Sunset-کەت- Cutکات خەت-خوت-خود/خودا.

اد\یاد (دایك)-هات -Odd-Eat حەد-عید-حوت (2)

هەروەها هەر پەیڤێ بگاتە (Top-سەر) بەرەو دوو دەچێت و هەر پەیڤێکی واتـای(سد=دوو) بدات هەمان واتای جووتبوون و تەواوی ودەسپێکردنەوە بەخۆیەوە هەلدەگرێت:نین-ئاڤ/ئاو-مەد-دوو/دوڤا/دوبا- Top-Bi.

---

1- لە کتێبی ئاڤستادا چوار دۆخی (S) پیشان داوە.

2-لـە ڕەوشـی چـوارەمی-S-ی ئاڤسـتایی تیپەکـە بـەرەو-H-دەچێت وەك چۆن (سـند <هنـد) ، لـە زمانـە سامیەکانیش گۆراوە بـە(ح-خ)، لـە هـەورامی کوردیشـدا زۆربـەی-خ-یـەکان بـەرەو-هـ-دەچن وەکو خۆشـە بـۆ هوشە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەم شێوەیە ئەو پەیڤانەی لە بازنەی گەردووندا چادەبن، رەمزەکـــانی ڕوونی وتـاری یـان ڕۆژهەلات ورۆژئاوا واتە باشی وخراپی (پەیدابوون ومردن) دەبەخشن، کە لـە بەراییـدا ئـەو پەیڤانە پەیڤی یەك بڕگەیی بوونە-ئەو پـەیڤ و زاراوانـەیش بوونەتـە ئەساس و بنـەما بـۆ دروستکردن وسازکردنی پەیڤی دیتر بە هەمان رێباز کە ڕۆژ (خـۆر) بـە خــوداوەند دانـراوە وگۆڕین و فەرزەکانیشی (فـرق) وشـە دروسـت دەکـەن، ئـەو پەیڤانـەی بـە پـەیڤی سـەرەکی Key words دانـراون و بـە درێـژایی مێـژووی گەشـەکردنی وشـەیش پەیــــڤی تـری لێ وەرگیراون بۆ مەبەستی جیاجیای لێك تیگەیشتن-سەرب (سرب)-سەدب-(سدب).

چۆن ڕوز/ڕۆژ-روس×سور، لە لای غەرب(سەرب-خورب\خـرب)ەوە پـاش برینـی تـاریکی بـۆ ڕوخی تر بەرس(بەرز)دەبێتەوە، وەك چۆن لە پەیڤی بەرس(بـرس)کـە پێـــچەوانەی سـرب دێت، برس-بە واتـای بـەرز بوونـەوە(دەرکـەتن)و نزمبوونـەوەی(سـرب<شـــــرەپ =کـەتن)ی ڕۆژ-دیــارە ئـاوەژووکردنی وشـە ڕەنـگ دانـەوەی بۆچوونی قـەلب بـوونی ڕۆژە لـە فەلسـەفە کۆنەکاندا(1) بۆیە ســـرب بە واتای خۆراوا دێـت وبـرس ڕۆژهــەلات یـان بازنـەی ڕۆژ، یـان پەیدا بوونێکی تری لە شەرقدا(پڕ بوون)-بەرس- پروس-پیرۆز (بوون).

هەروەها چۆن (ڕۆز)گەڕی خۆی هەیە، ئەوهایش هزرکراوە (ئەرد)یش گەرد ودەورەی خۆی هەیەتی(ڕاشکانی شەو)و لە سدب وەردەگەرێتەوە بۆ بدس کە ئەوانیش پێچەوانەی یەکترن-سدبX بدس.

چۆن بۆ دەوڵەمەندکردنی وشە بە رێگەی -S-ئاڤستایی، برس دەبێتە(برکە)-س<ك(لە زمـانی لاتینیدا ئەو-S-بەرەو(K-C)چووە.

(لە ولاتی تونسدا برشە واتە زۆر) بە واتای کە خۆر دەردەکەوی وەك خێرو بەرەکەت وایە واتە-پیروز(برس)، لە ئاشوریشدا(بریخە واتە پیرۆز)، لە ئینگلیزیشدا وشەکە بووە بە(Bless) کە R>L ڕۆیشت، ئەوهایش چۆن سداب بووەتە کتاب، پێچەوانەکەیشی پەیڤی-بدس- بوو بە بدیکە\بتیکە، بە واتای دەریای هەموو زانستێك و دەریای هەموو شت

---

1- ا/ وشەی (سوریا) لە زمانی هندی دا بە واتای خۆر دیت، هەروەها سول لە هەندێ زمانی تردا.
ب/سرب/اسرب<(عقرب)، پێوەندی ئەو دووپشکانەی گلگامش لە خۆراوای بینیون(خۆراوا/ سوراوا=سەرب) کتێبی هاری ساکز/مەزنی بابل لاپەرەی 575



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بژوێن وپاك دەكاتەوە، لە ئاڤێستا(گوناه پاكردنەوە) یان-دەریای هەموو زانستەكان-پێچەوانەی بتك-بتیكا (كتیب\كتاب)دێت، وەك چۆن پەیڤی (بدس و برس) ئاوەژووكردنی (سدب وسرب)بوون، بەم شێوەیە-بتك×كتب-دێت..ئەوها پەیڤی كتاب لێرەوە هاتووە كە مانا كۆنەكەیشی لە گەل خۆیدا پاراستووە، سدب(سداب\سود+ئاب=شەت ئاب)وەهایش (كتاب) بەرامبەر دەریاو بەحر دێت.

ئەرەبەكان بر(پر/پرۆ) (ب<پ)كردویانە (بحر) و سدب<كتب(سەودا)(1)، كە كۆمەلە ئەستێرەی پێرۆ(پەروین)لە سوداب دایە، زۆر چیرۆكیش لە سەر بوونی پێوەندی بحر وكتاب لە گەل یەكترا هەن، وەك ئەو پیاوەی لە خەوی خۆیدا دەبینێ ئاوی هەفت دەریا دەخواتەوە كە دەچێتە لای تاویلكەر، پێی دەلێت تۆ هەفت كتێب دەخوێنیتەوە وخلاس دەكەیت(2)..ئەمەیش هەندێ لەو وشانەن كە لە پەیڤەكانی-سرب-برس-سدب-بدس وەرگیراون :-سرب:كرب،خرب ،قرب، شرب، سرف، Grap(3)

- برس، برك، برق، برخ، برش، (بەریشۆ) بلش (دەستپێكردن )Bless
- سدب،كدب،كتب،خدب<ختاب Shade –Shut up
- بدس: بود Bud(بشكۆژ)Boot دەسپێك...

مانای هەموو ئەم وشانەیش لەگەڵ ئەو فەلسەفەیە دەگونجێت كە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بە دوو دەریا دانراون و جێگەی هەموو زانستیش دەریای شەوە (ئاب سودە< ئاڤستا) (4)

---

1-سەودا لە كوردیدا بە هزرو هۆش دەگوتری بەرامبەر (نووسین وحیكمەت)لە فارسیدا وەكو-سەودان خرد = الحكمە الخالدە- ناوی كتیبێكە.

2-لە كتیبی زینفوندا-هەلەتی دە هەزاری-لە وەرگێرانی یعقوب افرام ناوی(عیلم) بەرامبەر(بحر) هاتووە.

3-سرب<سلب(صلب و صلیب)، صەلیب هیمای ڕۆژی كۆن بووە كە مەسیحیەكان بۆ خۆیان هەلبژاردووە وەك چۆن ئیسلام (هلال)یان وەرگرت، ماسو-یش ناویكی تری ڕۆژئاوایە(دەكریت پێوەندی دینی نیوان مەسیە \مەسیح و سەلیب و سەلب كردن، لە فەلسەفەی ئەو ناوانە وەرگیرابیت.


4- ئاڤیستا وەكو پەیڤی(قولستا)قەولی خودا-وایە، كە كتیبی جووتبوون\زەواجی سابی ماندائیەكانە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# دانانی تاریکی وەك سەنتەر بۆ گەردوون★

لە هزری زرادەشتیدا، ئاو\ئاب\مەد یان ناڤ- ناولێنانێکی تری ئاوی ناوەندە- بە تاریکی ومردن وخلاسبوون دەزانرا کە هەر لەوێش نوێبوونەوە دەبێت-دەسپێك-بۆیە هەر دەریاییێك خۆر تیادا ئاوا دەبوو، ناو ئەنرا بە(مەد \مات\مور)وەك دەریای ناڤین یان ئوکیانوسی ئەتلانتیك (بحر الظلمات)کە ناوە کەڤنارەکەی بووە، چۆن کە رۆژئاوا دەبیت ئەردیش تاریك دەبێت ئەویش بە سەنتەر دانراوە(1) هەر ئەم دابەشکردنەیش کە پێشتر باسمان کردن لەگەڵ جوگرافیای دەڤەرەکەمان-پارس-مەدیا-اسور-دەگونجێت-بڕوانە نەخشەی- 12-کە دوواتر ئەم دابەشکردنە لە سەر زۆر شتی تریش سەپێنرا بۆ نموونە لاشەی مرۆڤ، هەر بەم دابەشکردنەیش ئەو گوتەیە وەبیرمان دێتەوە کە دەڵێت: مرۆڤ لە سەر شێوەی خوا دروست کراوە- هەیکەلی گەردوون(وحدە الوجود)(2)




وێنەی-8-

★-سەنتەر/قونتار لە یەك سەرچاوەن-ناوەند و داوی-یان جیگەی دورکردنەوەی سەن وەکو ئاندورە-سەن+دور/ئان+دور

---

1-پەیقی ئەرد لە رەتبوونەوە هاتووە، ئەلفی بەرایی هی ئیسباتە پێچەوانەکەیشی (در)دێت کە-در<دل =Heart کە فونەتیکی وەك ئەردە.

2- أ\ارد <اورتا<یەلدا-کە وشەی سێیەمینیان(یەلدا) دریژترین شەوی سالە و بەناوی شەوی یەلدا بەناو و بانگە و لەو شەوەشدا ئاهەنگی بۆ دەگێرن کە هەر ئەو رێ ورەسمە بۆ هزری سەردەمی زرادەشتی دەگەرێتەوە.

ب\لە ئەرەبیدا (ردی-رد) لە سیفەتەکانی ئەرد وەرگیراون.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دیاره هەر ئەو دابەشکردنە بەراییەیش لە ئاسمان و ناوەکانی برج و ئەستێرەکانەوە وەرگیراون چۆن لە پایزدا کە دنیا بەرەو سەردی دەچێ، کۆمەلە ئەستیرەی(پێرۆ و ترازوو) دەردەکەون کە ئەو هەردووو پەیڤە یەکتر دەگرنەوە-ڤاژیکردنی یەکترن-(سرد/سرت +ترس/ترزو)، پاشتر تاریکی بە رەمزی ساردی ناسراوە، ئەم بوچوونە لە سەر ئەردیش سەپێنراوە بەر لە هەمووشیانەوە ولاتی ئێمە (سرد <کرد)کە هەر لە کۆندا بە جێگەیێکی پڕ لە ئاو و لێڕو داروبار(تاریکی) هاتووە-نەخشەی-12- بۆیە ئەم دابەشکردنەی ئاسمان و بورجەکانی و نەخشـەی میزوپۆتامیا و جەســتەی مرۆڤــ یەکتر دەگرنەوە(یەك بوون) لە ناونانیاندا، ئەو ناوانەی لە هەر ســــێ جێــگاکە لە ســیفەتەکانیان وەرگیراون (دوو سەرو ناوەندێك ).

هەروەها لە دەسپێکی وشەسازیدا بۆ ئەوەی وشـەی تـری لێ دروسـت بکـرێ، وشـە دەکەوتـە بەر جۆرەها شێواندن وشێلان ، چۆن تیپـی بـزوێن تـا سـەردەمێکی دڕەنگیش نـەبووە، وەك مێـژوو دەڵێ تـا سـەردەمی ساسانییەکان بـزوێن نـەبووە، کەواتـە لـە وشـەی سـەرەکی Key words بێ ژمارە وشە دادەهێنران، زمانیش بەو شێوەیە بە خێرایی پێشدەکەوت.

بێجگە لە وەیش دیاردەی بەروڤاژی کردنی وشە هەبووە کە بـەم کـرداره زمـان شۆرشـێکی بە خۆیەوە بینی، لێرەدا بەسە بە بیرخۆمان بینینەوە کە وشەکان:

سەرXرەس(1)،نـورXرون، رەهـمXمهـر، بـرش/بەڕشـوXشـڕب، نـەرمXمـەڕن، سـەتX دەس ...لـە خـۆرایی (ماناکـــانیان) یەکتریـــان نەگرتۆتــەوە، بەلـــــکو ئەمــە ڕژێمێـك بـووە ســـودی لێـی بینـراوە بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی زمــــــان، دیســــان سازکردنی هەنـدێ تیـپ وەك-ع-غ-ح-ق-بە تایبەت لە لایەن تیرەکـانی غـەربی/خرپـی(سـامی/شـێمی )و زیـادکردن یـان لکاندنی ئەم تیپانە بە سەر پەیڤەوە-پەیڤی سەرەکی-ئەم کریارە رۆلیکی گرنگی هەبووە بۆ

---


1-أ/ لەم کتێبە دا ئێمە نیشانەی (×) مان بۆ ڤاژی کردنی پەیف بە کارهێناوە.

ب/بەرامبەر راس لە Eدا Arctic =سەری دنیا Saor = سورانەوە لەسەرو لە هنداو-مان هەیە، هەروەها دەکرێت ناوی (روسیا)یش لەوەوە هاتبێت واتە ولاتی سەرەوە، لە ئەرەبیشا (عرج)=سەرکەت هەیە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ویٚنەی-9




دروستکردنی زارو دیالیٚکتی جودا، ئینجا بۆ دروستکردنی زمان ونەتەوەی جودا بۆ نموونە پەیڤی سۆمەری وکوردی (سر-سەر)بووەتە:

★ لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا زاراوەکانی **con-fro** دژی یەکترن بە واتای **for and against** دیٚن وەك چۆن لە نەخشەی سەرە وەیش دژی یەکترن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**شور ،شیعر ، شەڕ ،حەشر، شیر ،شار(1) و بەم جۆرە:**

**شور(عبری)، شیر(ئارامی)،شعر (عربی )سەر، شەر( سۆمەری )-لە عبریدا شورهەشریم (تەورات)-واتە (سرودی سرودان) هەیە، هەروەها(شعری) ناوی ئەستێرەی سەرە-قتب-لە عەرەبیدا، دیسان(شعر) واتە قژو پرچ-جێگەی لە سەر سەرە-وەهایش(بیت الشعر)واتە کوێنی ڕەش-سیفەتی ڕەشی.**

**بێگومان عەرەب وگەلانی تر بێ ئاگان کەتا ئێستا وشەی (سەر) وەك خۆی ماوە لە زمانی کوردیدا وەك پەیڤێکی سەرەکی و قاموسی، لە سەردەمی سۆمەریدا هەر دەپەیێك کە باسی شەر وجەنگی دەکرد-داستانی قارەمانێتی لە سەری سەرەوەی ئەم دەپانە چەند ڕیزێکی گوتەو بەندی پێ هەلگوتن دەنوسران چونکە لە سەر ودەسپێکی داستانەکە دەنوسران بۆیە پێیان دەگوت سەر<شعر و شور شەڕ(2)**

**ئەوها بە چەرخاندنی چەند تیپێکی هیمای خواوەندەکان-کۆکردنیان-چەند پەیڤێکی سەرەو کلیل دروست بوونە، دوواتریش بوون بە بنەما بۆ وشەی جۆراوجۆر و لابەلای زمانەکان وەك چۆن بلێیت لە چەند نۆتەی موسیقا، ئەو هەموو ئاوازە ڕەنگاوڕەنگە لێی دروست دەبن، گرنگ ئەوەیە چۆنییەتی تەرتیبکردنی ئەم توخمە تیپانە جیا لە ئەوەی پێشتری.**

**پێی بووچونی وەرگەرانی خۆر، وشەکەیش وەردەگەرێ دەبێتە(رەس)پاشان ئەم (رەس)ە بووە بە(ڕەش) واتە تاریکی-جێگەی سەنتەر.**

---

**1-شار-لە ئاڤیستا سەرۆك هاتووە، عەرەبەکان (شار)یان کردوتە (شعار)= سەری لە دراو، هەروەها (سروم/شاروم).**

**2-لە زمانی بابلیدا (زەر-بابلی)وەك سەرۆك بەکار هاتووە(سەر<زەر) هەروەها لە ئاشوریدا سەر بووەتە (اسر/شرو)یان هەر لە ئەسڵی خۆی کوردی ماوەتەوە-سەرگون یان شروکین =سەرۆکی هەق.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وشەی(سەر)یش کە پەیڤێکی کوردی سافە لەســـەر ڕۆژهەلات یا ڕۆژاوا دانـــراوە کە بە بەم شێوەیە کە تاریکی بوو بە سەنتەری گەردوون هەروەها ئەم سەنتەرە بە (سڕ)و نهێنییێکیش دانرا، چۆن جێگەی مردن و پەیابوونەوە بووە-ناوەندی خواوەندی توتو\دد(1)یان دێو، کە تاریکی جێگەیەکی پیرۆزیش بووە، بۆیە بە(خودا)ماوەتەوە-سود<خود/God..دوواتر ئەو سیفاتانەی تاریکی بە خۆیەوە هەلدەگرێت، هەر گیانەوەرێکیش هەیبووبێ، ئەویش بە پیرۆزی دانراون وەکو سیفەتی زاوزێیەتی لە ژندا و خاوەنێتی دایك-خودانی خیزان/دایك سالاری..زاراوەی سود-cudیش، ناوی خوای سۆمەری بووە(خوای سوتی کوردی)(2)، کە بەروڤاژی سود×دوس-ە یان(تاوس)ی پیرۆزی ژوورووی میزوپوتامیا بووە، هەردووولایش ئادەت و نەریتی لە سەر گریانی ڕۆژ(خواوەند) پەیڕەویان دەکرد-تموس/دموس/تاوس-بەو بووچونەی کە ڕۆژ بەرەو ئاوابوون و وەرگەران دەچێت، دەمرێت.

کەواتە هەر لە تەموزەوە خۆر قوناخی مردنی خۆی دەست پێ دەکات وبەرەو (مردن وبوژانەوە) دەروات-سۆمەریەکان لە سەر تموس دەگریان و خەلکی(حران=روها)ی سەرووی میزوپوتامیایش لە سەر تاوس دەگریان کە تاوس وتموس وەك دەقە سۆمەریەکان دەلێن یەك خوا بوینە، هەرچی ئەم ڕەوشـــتە وەك لە زاراوەکە دیارە لە گەل فەلســـەفەی ئاڤستایی\زرادشتی دەگونجێت(3) ولە تەك ئاخافتنی دیرۆکناسانیشەوە کە دەلێن ئەلفاباتی سۆمەری لە بەرگیراوی ئەلفباتی ئاڤیستایی یە، وەك چۆن لە کرداری پیرۆزی تاریـــــــکی-

---

1-(داد)یش لەم پەیڤەوە هاتووە هەروەها (دا) و ئاوەژووکردنی هەر هەمان واتا دەدات- دا×اد <یاد (دایك).

2-ا/ئەنوسوتی و ئەنومەد دوو خواوەندی بە ڕەچەلەك کوردستانی بوون.

ب/ئێستا(سیتا)خواوەندێکی هندوسەکانە.

3-أ-\پەیڤی تاوس لە کوردی بووە تە-تازی-و لە ئەرەبی (تعزیە ).

ب- وشەی Tiza –Tigaلە زمانی هوری واتەی دل (قلب)ی دەدا، دیارە زاراوەکە لە ئەسلێ دس\دسە هاتووە واتە بۆچوونی وەرگەرانی خۆر-تەنها تیپ گۆراون هەروەکو وشەی میسر هەر لەو زمانەدا ( Migra) میگرە هاتووە لە ئوراتوو ،لە خلدی یش وشەکە ( Tisnu) هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زاراوەكە-تا ئیستاش ئەم ڕاستییە خۆی دەنوێنیت لای كوردو زۆربەی ئەوروپیەكان، ناوی هاوبەشی(سیتا/ سود< خود\ خودا/ خوتا-God)خوداكەیان.. یان وەك دین (سود+انو=ستان<سیتان\Satan) لە لایەن كوردانی ئێزدی و ڕەسەنایەتی ئەو دینە دەردەكەویّت وەك لەم قەولانەیان دیارە:

شیشمسە قوەتا دینە ..-سلتان شیخ ئاد تاجە ژ ئەول تا ب ئاخرین ....دوعایا سبەیكی-ئیزدیاتی (1).

( پێم وایە شیخ ئاد لە ئەسڵدا مرۆڤـ نـەبووە، بەلكە وەك ئەفسانەیەكی كراسگۆڕین یان نوێنەری خوابووە بە ناوی خوا ناونراوە وەك چۆن (ئانو)ی ئاسمان بوو بە (ئـانو)ی مـەلیك-نوێنەری خوای لەسەر ئەرد، هەر وەك لە شاهنامەشـــدا ناوی (ئیرس وسورم وتار) بـە نـاوی مرۆڤـــ هـاتوون و لـە ئەســـلدا ناوەكـــانی گـۆڕینی روخـی خـۆرن، لـە سۆمەریشـدا (اتـو) تــاو/هتــاڤی ئێســتای كــوردی-نــاوی ڕۆژ بــووە، دەتــوانین زۆر نــاوی تــریش بــۆ ئەفســانە بیانگەڕێنینـەوە كـە ئەسـڵی بـوونی مرۆڤیـان نییـە وەكـو-ئـەژدەها \زەحـاك ، لـە چـیرۆكی نەورۆزدا..سـلتان شێخ ئــاد تاجە ژ ئەول تا ب ئاخرین-بە واتای ڕۆژ دسـە(تاجـە)لـە سـپێدە و تاكو ئێوارە یان (ئەد-سەن-شیشمس) هەموویان ڕەمز و روناكی وناوەكانی خۆر و ڕۆژن:

-ب رەهمـا شـیخادی ب رەمـزا مەلیشـیخ سـەن كـەرەما شێشـمس . . .دوعایا سـبەیكی(2) بـەم جۆرە ڕۆژپەرستن وەك دینێكی سـەرەتای كوردی كـە لـە هەنـدێ ناوچـەكانی ڕۆژ بـە كوری تاریكی دانراوە یان تاریكی بەر لە ڕووناكی یە.

سەرفەدین ژتارێ(مخارێ) دەركەت

سەد هزرا قەوال بـرەخ كەت

(ئێزدیاتی)

---

1-تاوس<تاج (تاجی سەر) هەروەكو ئاوەژووكردنی وشەیش تاوس-دس×سد<شەدە (پۆشی سەر).

2-هاتنی ئەو تێرمانە پێكەوە، شیخاد \شیخسەن \شیمشس زیاتر ئەو بۆچوونە ڕاستر دەردەخات كە ئەوانە ناوەكانی خۆرو ڕۆژن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وەهایش پەیڤی دین هەر واتای تاریکی بەخۆیەوە هەلدەگریت-دین وەکو تەن \تەنی-ناوی تاریکی)(1) بەلاْم پاشان کە ئەو دینە سەرەتایی وکۆن و کەڤنارانە، باویان نەما یان ڕووناکی شوێنی تاریکی گرتەوە لە لایەنی پیرۆزییەوە کە دینەکانی زرادشتی وموسایی و ئیسایی ومامەدی هاتن وداکوکییان لە روناکی کرد وەك نیشانە وسومبلی خودا وپەرستن وەك لە تێستی کۆنیش( تەورات) دەلێت (فی البدء کانت الکلمه والکلمه هو الله ..) یا خود خودایان لە سیفەتی مێینە، گواستنەوە بۆ سیفەتی نێرینە (هو الله) نەك (هی الله)کە هەر هنگینێ و لە وسەردەمانەیش بووە، زمانە شێوە(غەرب\خرپ)سامیەکان گەشەیان دەکردو سەریان لە زمانە شێوە ئاری و ئیلامیەکان دەساند و بەرە بەرە مەیدانیان لە خوواروای میزوپۆتامیا پێ چۆل ئەکرد بە تایبەت بە هۆی دینەوە، تا ئەو ڕادەیە هەندێ گەل بە تەواوی زمانەکەیان واز لێهینا و تووانەوە ، یان زمانی دینی نوێیان وەرگرت وەکو-کلد \کلدان(2) کە (کاتراك) دەلیت زمانی پەهلەوی بریتی بوو لە پینج جۆر ، پەهلەوی کلدانیشیان (موبت\موبد پەهلەوی) جۆریك بوو لە جۆرەکانی(3)..کە لەو سەردەمانەدا وەك ئەوە بووە دین زمانی دروست کردبێت (4)

---

1-یان\Downو(دانان ودانێ) نزم (لە ئەسڵی نسوم-نس +وم کە نس تارییکە، وم-نیشانەی نسبی یە)هەروەها (دون) لە ئەرەبیشدا مانای نزمی دەبەخشیت کە ئەو سیفەتە رەمزی ژن بووە (نشوم-عبری) دیسان (نسیان)واتە بیرچونەوە سیفەتی ژنان بووە لە قانوونی عەرەبدا (هەموو سیفەتی خراپ وە پال تاریکی نراون)-ئەم سیفەتەیش لە قورئاندا باس کراوە کە ژن شادە دەدات، دیارە ئەم لە هزری ڕەشککردنەوە واتە سڕینەوە وەرگیراوە.

2-سەردەمیك کە هیشتا نەتەوەگەری باوی نەبوو-چاخی سۆمەری-خەلك هەموویان بە یەك زمان قسەیان دەکرد.

3-لام وایە (موبت پەهلەوی ) لە زاراوەی (مەد پەهلەوی) وەرگیراوە-مباد =مات.

4-دوان\دەدوێ، واتای ئاخافتن دەدات-پەیڤی هاو شێوەن هەروەها دیوانەیی ولۆقەت دوو تێرمی رێ وشوێنی شیخ پەرستنن و تا ئێستا ماون لە ناو هەندی ناوچەی داخراوی کوردستان، تا ئیستایش یارەسەن (یار+سەن) کۆمەلەیەکی دینی کوردین بە نێوی کاکەیی وئەهلی هەق.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەها دانانی ڕووناکی لە پێش تاریکییەوە ، دەستورەکـــانی زمانیان ئاوەژوودەکرد و تێکی دەشێلا و بە شێوەیەك کە دەوسی بنەماکانی زمانیشی لەگەڵ خۆیدا وون دەکرد و بزردەبوو.هەر سەبارەت بەم وەرچەرخانە(سەن)بوو بە ڕەمزی روناکی لە ناو ئاریەکانیش-گەلانی سەرەوە-کە لە هەندێ دینی کوردان(یەسنا)لە دێویەسنا(داسنی)خۆی بەدەردەخاتەوە وەك پاشماوەی دیاردەی ڕۆژپەرستن -Yasna-sun، لە پەیڤی(سەن)یش زاراوەی تری لێ وەرگیران.

وەهایش پەیڤی سەن-زەن-ژن، کە سامیەکان ئاوەژوویان کردووە(سن+ نس<نساء /انسە) وەکو (سد) بووەتە (ست).

هەروەها ئەو(یس- یاسین- یەسنا) کە سورەتێکی گرنگی قورئانە و لە سەر مردووەکان دەخوینرێتەوە، دیارە ئەویش لە (یەسنا)ی ئاڤیستایی وەرگیراوە، هەروەکو زۆر شتی تریش لێی وەرگیراوە وەکو دابەشکردنی ڕۆژ بۆ پێنج فەرز(فەرق بوونی ڕۆژ).

هەر لە سەر ئەو ڕێگەیەیش ناوی کۆنی ولاتمان- مەد-لە ئەسڵی خواوەندی(ئانومەد)، ڤاژیکردنی(×) دەبێ بە دەم<ئادەم وەك دوو ڕووی دراوێك، مێ(ماد) ونێر(دەم)(1) ناوەکانی مەدیا، مدیات،ئامیدی، ئامەد، ئامودە، ئامادە، مەتی، مهەت......هتد، لە تۆخمی ئەون-هەموو لەو ڕەمزە کوردییە مەد(ئاو و ژن)وەرگیراون.

هەر ئەو مەد/اماد=ئاڤا(کە ناوی ئاو بووە، ئاویش ڕەمزی مێیینە بووە-ئاڤ-حوا-Eve)..(2) هەروەها-اباد-بووەتە (عبد) چۆن ژنیان وەك (عبد) و دیل(دێل) زانیوە بەگەواهی(ئەمە=عبد) بە یەك واتا هاتوون، لە زمانی عەرەبیشدا زۆرتر پەیڤ شێوێنراوە

---

1-زۆربەی پشکەینەر و لیکۆلەرەوەکان بڕوایان وایە کە(ادبا)شێوەیێکی هاتوخمی ناوی(ادم)ە-ادب بووەتە ادم چۆن وەك دەم لە کوردی بووەنە دەڤ لە ئینگلیزیش Tap(دەمی زەمبەلە)-هەروەها ناوی (ادب)لە بابلیدا واتای مرۆڤ دەگەیەنێت، دەم و دەب و دەڤ بووە (جێگەی قسەکردن )مرۆڤی لە گیانەوەری تری جیاکردۆتەوە-ناوی ادم \ادب یا خود خاوەنی دەم.

2-(حیبات )ی میتانیش هەر لەوەوە یە بەرامبەر بە (نینا و شاوشکا و ئەیا).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مەد < مهد، مدينە(مەد+انۆ)(1)، محيط، محطة لە Eيشدا Medium (ناوەندی نەش ونماكردن) و Medival (سەدە ناوینەكان).

پاشتر ئاباد بووە بە باد/بێت-با(بود=جێگەی خەلك)..وشەكان یان ناوەكانی: بائەدرێ-بامەرنێ- باكورمان- بامەرزێ- باگوبە- باشیك(بعشیقە) بەو (با)یە كوردییە دەسپێدەكەن لە ئەسڵی آباد..(2)

لێرەدا دەبێ بزانرێ كە ئاوەژووكردنی پەیڤ(×) ڕاستییێك بووە لە سەردەمانی دەستپێكردنی سازكردنی وشە بە تایبەت پەیڤی سەرەكی و یەك دەنگی-Key Words- ئەم كارەیش بۆ دەوڵەمەندكردنی پەیڤ وزاراوە پیادە كراوە.

ئەو ئاوەژووكردنەیش هەر لە هزری ئاڤستا-زرادەشـــتی وەرگیراوە وەك گوتمان كە خـۆر ئاوا دەبێت خورب> قەلب دەبێت-سرس<شورِش- یان ئەو كردارە لە سەران ئەنجام دەدرێ، هەسو/ئاسۆی ڕۆژ(سور و رەس)..ئەوها پەیڤی شورِش لێرەوە هاتووە كە دەق واتای(انقلاب) دەبەخشێت-بروانە خشتەی پەیڤی بەروڤاژی.

ئەمەیە ڕاستی دروستبوونی وشە و تێرمی زمانان و ئەوها بەم شێوە بیرە ساكار و سادە و ئەفسانانە، زاراوەكان دروستكراون و هەر بەم شێوە ساكارەیش شیدەكرێنەوە دوور لە ڕاستی زانستی وكێشەكانی فۆنەتیك ودەنگسازی و ئەو هزرانەی زاناكانی زمانەوانی بۆی چوونەو دەچن.

چونكە زمان لە سەر بنچینەی دووسەری ئەرز و جیهانی سەردنیا و بندنیا، وشـــەكانی

---

1- بێجگە لە ناوی (اباد\بیت\با)كە بە ناوی ژن و مێیینـە نـاو نـراوە، پاشـتریش بووەتـە نـاوی ئـاوایی/ئابـاد سەردەمی دایك سەنتەری، پاشگری an-van –man لە ئاڤستادا واتەی جێگە دەدەن-ئیستا بە دەیان شار وگوند ناوەكانیان ئەو پاشگرە هەلدەگرن، لە ئینگلیزیشدا Abode هەر بە مانای خانە و جێگە دێت.

2-پاشگری (ئان-ڤان-مان)ئامرازی ناوی جێگە بوونە لە ئاڤستادا(م<ڤ<ێ دەگۆردرێن)،ئا-ی ئیسبات بەرامبەر با-ی ئیسبات دێت نموونە:ئا وایە=با وایە، دیارە دوو ئامرازی ئیسبات لەگەڵ یەكتر كۆنابنەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێكهێنراون..كەواتە لە راستی بەرهزرێكی ئەوسای شیكردنەوەی دیاردەكانی گەردوون (فەلسەفەی ئابستا/زرادەشتی) پەیڤەكانی هەلێنجاون، ئەو ڕاستییەی ئێستا هەلەییێكی زەقی زانستییە، بە واتاییێكی دیكە پەیڤی زمانان لە سەر بنچینەییێكی هەلە وخەلەت دروستكراون.

ڕاستی هەر میللەتێ یا كۆمەلێكی دینی زووتر وشەی گۆڕیبوایە، وشەكە دەبوو بە ملكی ئەوان نەخاسمە ئەگەر زاراو یا پەیڤەكە بنوسرابایە یان تەوسیق (توثیق) كرابایە، كەواتە سیقەی پێبدرابایە.

بۆ نموونە دەلێن  زمانی فارسی پرە لە پەیڤی عارەبی، ڕاستی ئـەو پەیڤانـە ملكی زمـانی فارسـین چـونكە ئەوانــە لــە مێــژەوە و لەســەر دەمــانێكی زووەوە ئــەو وشــەو زاراوەیــان بـەكارهێناون و ئـەو پەیڤانـەیش لـەو زمانـەدا زۆر مانـای جیـا دەبەخشـن، جگـە لـەوەی كـە لەسەر ئەساسی فەلسەفەی ئاریایی داهێنراون، وشەكانی:

**تصمیم**، قرار،اشغال، **صدا**،مبارزە، مناسبات ... هتد

ئەمانـە بـە وشـەی فارسـی دادەنـرێن نـەك عـارەبی چـۆن مانـای جیـا دەبەخشـن لـەو دوو زمانــەدا، هەرچــەندە شــێوەیان نزیكــە بــە یــەكتر-سەرچــاوەیان یــەك فەلســەفەیەی زمانەوانییە(1)

لە كوردی خۆمانیش هەر ئەوهایـە(2) پەیڤـەكانی: قایـدە- خـەسار- خـەتمی- زێـدە- هـوڕ- خەریب-(3) ڕازی(مەمنون)- ماقول- ئەگید- خێروشەڕ- ئیخفال- كرێت(ناوی نێری ئێزدی)-

---

1-دیـارە زمانــەكانی سـامیتیك لـە زاری سـامی پەهلـەوی دروسـتكراون ئەگـەر ڕاو بۆچـوونەكانی(دسـتوری پشنوتن سنجا) ڕەچاوبكەین.

2-ئەم وشانە ماناكانیان جودایە لەو مانایەی كە وشەی هاوشێوەی عارەبی دەبەخشن: قرێر: قانع، قایدە: دروست ورێك، ئیخفال: قایل، ماقول:گەورەوگران، هوڕ: بێ تاوان، مناسب: گۆرستان، فەك: دەم بە زازایی.

3-خەریب و(غرب وغریب):لە خۆر+ ئاب وەرگیراون، كە چاوی ڕۆژ دیارنەبێ- ڕۆژاوا-مرۆڤ هەست بە خەریبی ونامۆیی دەكات..نامۆ-یش هەر لە نەمانی خۆر هاتووە، ئەم جۆرە وشانەیش ڕاستی گەلی كورد دەردەخا كە چۆن ئەوانن خاوەنی ئەم سستم و ئەم داهێنانەی گەورەی مرۆڤایەتی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

فام- قرێر- هەق- شۆل-تەقەت(جێگەییێکی پارێزراو)-ئاراده<ئیراده(عـەیب)(**1**)-نـەقل(جـار)-تـەقوا(تاکیـد)-لـە قـەرارەکێ(بـەردەوام)-مەعیـەن(اکیـد)....هتـد ئەمانـە وشـەی کـوردین وچوونەتە ناو زمانی عارەبی وشێوێنراون وگۆڕاون، چونکە بـەر لـە هاتنی بوســــولمانێتی هـەموو خۆرهـەلاتی ناوەراست لـە ژێـر کاریگـەری ڕۆشـنبیری کوردی ئاڤستایی/زرادەشـتیدا بووە(**2**) .

بــــەلام پـــاش هـــاتنی بوســــولمانێتی وبلاوبونـــەوەی ڕۆشـــەنبیری ئیســــلامی وبەنووسین(توثیق)کردنی ئەم وشانە لە نێو قورئانـدا و لـە پاش کـە پیرۆزییێکی دینیشیان پێ پەخشی، جۆرەها لەو جۆرە وشانە لە سەر ڕۆشنبیری عەرەبی تابو و هسێب کران..(3) وەنەبێ تەنها لەگەڵ قورئـانیش زمـانی عـارەبی پێشکەوتنی بـە خۆیـەوە دەبینـی بـەلکو لـە پـاش ئـەوەی بوسـولمانێتی بلاوبـووەوە بـە سـەدان پـەیڤ چـوونەتە نـاو زمـانی عـارەبی، بـە تایبەت پاش داگیرکردنـی ولاتـانی تـر وەکـو میسـر و سوریا، ئـەوەبوو زمانەکانیشیان(رومـی ویونـــانی وقـــوبتی) بـــوون بـــە ســـامان وزەخیرەییێکـــی زمانـــەوانی بـــۆ زمـــانی عـــارەبی و پەیڤەکانیشـیان شـێوە و فۆنـەتیکی عارەبییـان بەسـەردا سـەپێنرا و دواتـر بـوون بـە وشـەی عـارەبی و وەك پێوسـتییێك تەماشـادەکران بـۆ پرکردنـەوەی بۆشـایی ڕۆشـنبیری لـە نـاو عارەبایەتیدا، تاڕادەییێکیش ئـەو وشـانە شـێوێنران تـا خاوەنەکانیشـیان لێ نـەبان بـوون و بـە پەیڤی خۆیان نەدەزانین وەك ئێستا کورد دەیکا و وشەی کوردی ناناسێتەوە.

---

1-پێم عەیبەو پێم ئیرادە(ئا-رەدە)واتە رەتکرنەوە-گۆرانی حەسەن زیرەك.

2- تا سەردەمی عەباسیەکانیش وشەڕوونان هەر بە پێی ئەو فەلسەفەیە بووە بە دان پێیانانی شاییرە عەرەبەکان، لە سەردەمە هەرەکۆنەکانیش-چەرخی سلالات-زاراوەکان وەکو سر/سرب/شرب بۆ مەبەستی سحر و نوشتەیش بەکارئەهانین(کاریگەری وشە بە پێی هەلکەوتنی خۆر لە چی جێگاییێگ دایە وەکو لە کاتی خۆراوا، شت سوتان یان خواردنی(سن الکلب)-تەماشای کتێبی مەزنی بابلی هاری ساکز بکە لاپەرەی-347 و348 .

3-هەر وشەییێك یاشتێك بهاتایە نووسین، سیقەییێکی پەیدادەکرد(ثقة-توثیق) وەك قانونێك بۆ زمان سەیردەکرا، پەیڤی-قورئان-یش بە واتای قانون دێت..قن= قر وەکو Ignate - ئاگر.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

له لایێکی ترەوە، پێشتریش عەرەبەکان هەندێ پەیڤی تری سەر بە فەلسەفەی زرادەشتی ڕاستەوخۆ دەیانگۆڕان بۆ وشەیێکی هەمان مانای مرادفی خۆی وەك گۆڕینی ناوی دەریای خۆرسم/ قلزم واتە سوور بۆ دەریای(احمر)..(1)

ئەم پرۆسەیەیش درێژایی هەبووە تا ئەم سەردەمانەی دواییدا کە هەندێ لەو کۆم وکۆمەلانەی بە زمانی عارەبی دەئاخڤن، هەولْ دەدەن بۆ ناسنامەو ڕەچەلەکی خۆیان بگەڕێنەوە وەك هەندێ لە ڕۆشنبیرە سوری و لوبنانییەکان(مارونی) لێرەو لەوێ باس لە قەیرانێکی ناسنامەی خۆیان دەکەن و باسی زمانی خۆیان دەکەن و زیاترخۆیان بە ڕوشەنبیری و مێژووی فینیکییەکان(فینیقی)(2) یان بیزنتی دەبەستنەوە نەك عارەبی.. لە ئەنجامی ئەم تێکهەلاوییە رۆشنبیرییەیش، لەم دەڤەرەدا وێکداچوون وهاوبەشییێکی پەیڤ وزاراوەکان بەدی دەکرێت، کە ئەم پرۆسەیەیش یان هاوبەشی کردنی گەلانی ئەم ناوچەیە بە تایبەتی لە تێرمی زمانەکانیان، نە تەنها بەرێی ئیسلامەوە ئەنجام دراوە، بەلکو بەر لە هنگێ و بۆ دەسپێکێکی زۆر لە پێشتر، بۆ سەردەمی سەرەتایی شارستانی مرۆڤەوە دەگەرێتەوە، کە لەو کاتەدا پەیڤ بە سامانێکی مرۆڤایەتی

---

1-لە سەردەمی گریکیەکان هیرۆدوت ناوی جزیرەی عەرەبی بەخوارووو وکۆتایی جیهان ناو دەبات– دیارە خاکی ئێستای روسیاش لە ناوی سەرووی جیهان وەرگیراوە(راس-روس/اراس-ڕەش) هەموویان سەر بە یەك مانان..بەلاّم ڕەشە لای ئاسوری، بۆ کورد لە ڕەنگی ڕەش وەرگیراوە، چونکە ئەوان بەرایی لای ڕەشی گەردوونیان –تاریکی ـ بە سەری ئەسلْی داناوە کە پیرۆزیشی هەبووە وەك کوردی ئێزدی ئێستا.. ناوی دەریای ڕەشیش لە دانانی کوردە(رەس<ڕەش).

هەروەها ئیستا زاناکانی عەرەب هەموو ناوەکانی لای خووارووو وخۆرهەلاّتی جزیرە بە لای راسی خۆیان دادەنێن وەکو- یمن وعمان-ولای سەروو وخۆراوایش بە لای چەپ دادەنێن و بە شووم-یشی دەزانن.. شام – شمر< شمال.

2-لە مێژەوە نییە کابراییێك بە ناوی (انتونی سعادە) پارتێکی دروستکردبوو لە ژێر ناوی(نەتەوەی سوریای مەزن) کە هەولْی ئەوەبوو خەلکی سوریا و لوبنان بباتەوە سەر ڕەچەلە ئەسلییەکانیانەوە..(اسور<سوریا).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دائەنرا، کاتێ ململانەی نەتەوایەتی لە ئارادا نەبوو، تەنانەت بۆ ئەو سەردەمانەیش کە مرۆڤایەتی بە یەك زمان دەئاخاوت..سەردەمی-S-یان سینی ئاڤستایی وسەردەمی رێژەی رێزمانی جوتە(مثنی) لە ئاڤستادا زیندوو(1)، کە هەرئەو-سین-ە، ئیستاکە لە زمانی کوردی وعارەبی وزمانانی تریش ماوە بەلاّم پەرت وبلاوبووەتە سەر چوار دۆخی خۆیدا-S-X-K-H(2)

بۆ نموونە پەیڤی ئاڤس/ئابس(3) یان پەیڤی نەورۆز لە وشەی نار/نور+س(نارس/نورس) هاتووە، کە وشەیێکی ئارییەو بۆ زیاتر لە سێ هەزار سال دەگەرێتەوە، کەواتە هەلکردن وداگیرسانی ئاگری نەورۆز هەر گەرانەوەیە بۆ ئەو بووچونەو ئەو ناوە-ئەسلّی وشەکە-زیاتر، هەر چەندە بووچونەکە سالّی نوێ یا ڕۆژی نوێش دەگرێتەوە بە پێی شلۆڤەکارییکیتر چۆن روناکی سەرەو دەسپێکە ونوێ بوونەوەیە(نو رەس-نو روز/ڕۆژ)..

ئاگر هەلکردنیش، دۆخ ورێ و ڕەزمێکی زرادەشتییەکان بووە، لە ڕۆژانی نوێدا هەر مالێك وەك فەرز دەبوایە سپێدەکان ئاگریان هەلکردبوایە، پاشتر ئەم بووچونە بۆ سالّی نوێیش بەکاربرا..کەواتە ئاگر ڕەمزێك بووە بۆ هەر سەر و دەستپێکی دەمێك-سال و ڕۆژ-وەها پەیڤی نەورۆز-نو+رەس بەروڤاژی دەبێ بە سەران/زەران (زەر+ ئانو) بە واتاییکیتر ئاسەر-ئازەر=رەس(اذار)، رۆز-ڕۆژە(راس)..

---

1-ئەفسانەی تەیری(زو-سو) کە سو، خواوەندێك بووە، چۆن (ئانو) سەرەکی خواوەندەکان داوای کوشتنی(سو) دەکات و دەیکوژن- ئەفسانەی سۆمەری-دەکرێ ئەم کردەیە ئەو چاخە بوو‌بێت کە(SN-SUN) بووە بە N – ئانو، پێشتریش(سو) وەك (ئانو) بووە..ئێمەیش ئیستا لە زمانی خۆمان دەلێین (هەنو هەسو) بەواتای کەسێك زۆر لە ئەوی تر بچێت—وەکو یەکتربن، کە بەم کردارە خواوەندییەش لە زمان ڕەنگی ئەداوە.

2-ئەم تیپانە لە زمانە سامیەکان بەرەو- س-ش-ق-خ-غ-ك- ح -هـ- چوونە، بۆنموونە:

اسور< اقور، خۆر<هور،خرب< غرب..


3-ئابس(ئاب+س) لە ئاڤستا بە ئاوی زۆر هاتووە Waters وگوتراوە، لە بابلیدا(ابسو/ ابقو) بەرامبەرێتی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەر ئەم پەیڤی(نورس)ە، لە زمانی ئینگلیزیدا(North )-**نورد**: سەر/سەروو، کە سەروو ورووناکی وەك یەك دێن- کۆتایی ڕۆژ و سال= سپێدە وکۆتایی زستان.

لە ئینگلیزیشدا(**Ignate**) لەم وشانەدا بەدەر دەکەوێتەوە-گرِ-گون،کە ئاگر ڕەمزی دوانەیی وزێدەبوون بووە(پیرۆزی)، هەمان هێلی ئاسۆیی لە چەرخ وفەلەکی سستمی زمانەکان (گرِ- برِ) یان (شرق وغرب) ، بروسك لە ئینگلیزیدا**Pyre**مان هەیە ولە کوردی کراوەتە پیرۆس- ئاگری پیرۆز(**1**).



**بر** **سرگر**

وێنە –**10**-

هەمان برِ یان (تقدیس) پیرۆز، لە عارەبی (بر الوالدین) هەیە..هەروەها لە ئینگلیزیشدا-**Bless**- هەر پیرۆزی دەگەیەنێت کە تیپی R ⟵ L – چووە.

دیسان پیرۆزی سیفەت و مانای زیادبوون دەدات-پرِ- ، بۆیە پاراستن وپەرستن-یش لێی دروستکراون، هەروەها چونکە پرِبوون مانای تەواوی دەدات بۆیە ناوی- پیری- کە هاودەمی سپی بوونە لێی وەرگیراوە، سپی-یش بۆ هەمان مانا رۆیشتووە، کەواتە ســــپی سیفەتی

---

**1**-بە بۆچوونی خۆم ڕێ وشوێنی ئاگر هەلکردن لە سەری سال وڕۆژدا، لە شێوەی خۆر سوور هەلگەران وەرگیراوە چۆن سەری سپێدە (اسەر-**Ather**)یان ئاتەر=ئاگر، ڕەنگی سووری ڕۆژ- خۆر و ناوەکەیشی (سور-سەر-ذر) بە یەکتردا دەچن ، لە ئاڤستا(**ذ**) بەرەو د/ت-س چووە وەك: مەژ<مەد/مەز(میز)، وشەی عارەبی بوذیة=عبودیە، دەبێ بشلێین هەمان ئەو سەرانە لەگەلّ ناوی تر یەك دەگرنەوە وەکو **Masya**لە ئاڤستای کۆن واتە(روخ/روح) بەرامبەر بە **Martya**لە ئاڤستای دوایین(هەمان واتا)، ئەمانە لەگەلّ نورس=نەورۆز لە ئەسلدا ناوەکانی سەرانی گەردوونن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پـیرۆزی وزیادبوونـه(1) ، هـەروەها هێـزە، وەك نـور و نێـر و نـیرۆ(هێـز) وەك (نهـار)- نهـر×ڕۆهـن- ڕوون/ڕوغـن(2)- سـپی وڕوونـی وهێـز پـەیڤی Nearaticی زمـانی ئینگلیـزی بەرامبەر بە (عصب-سب)، یا Nerveوشەی هاوشێوە و ڕەنگی(نـور و نێـر)یـان پێـوە دیـارە، هەروەها هەر پەیڤێ بنەماو ڕەگ وڕیشەیێکی خۆی هەیە بۆ مینـاك: وشـەی کاخـەز(کاغـذ)، لەسـەر کێشـی قوقـاز(ککس)-ئەسـڵی تیپـەکانی ئـەم وشـانە سـێ تیپـی(س) بوینـە(SSS )- سو\سوێ\ ئاسۆ\هەسوێ واتەی دەرکـەوتنی ڕۆژ یـان بـەیانی و هـەر تیپێکـیش لەوانـە بـەرەو فونیمێك چووە، هەردووو تیپـی بـەرایی لـە زۆر جێگـە هـەر وەك خـۆ دەمێنـەوە، وشـەکانی سیس(سپی)- شاش(سپی)-گەش هەر بەم جۆرە هاتوون، بەڵام قوقاز یا کۆکەز بووەتـە نـاوی ناوچەیەك کە دانیشتوانی خـەلکی سـپی پێسـتن، ئیسـتاش هـەموو ئـەوروپی وئەمریکیـەکان بە خەلکی سپی پێست دەلێن ئەسل کۆکاسیان، کاخەزیش هەر ڕامانی سـپی ئـەدات(3) ئێمـە ئەتوانین چەند نموونەیێکی تر بینینەوە وەکو کەژ: سپی، ڤیز/کیژ، ڤشت..

---

1-ماریفـەت پـیر: نـاوی پیـاوی پـیرۆزە لـەلای دینـی کـوردی زرادەشـتی کـە بـە شـالیار- یـش ناسـراوە کـە تـا ئیستایش لە سەر جێگە پیرۆزەکانیان لە هەورامانـدا خەلکی سەرەدانیان دەکەن و ڕێ ورەسمـی پەرسـتن لێـی دەگێرن وەکو جەژنی پیرشالیار پاش چل ڕۆژ لە نیوەی زسـتانا، هـەروەها جـەژنی کونسـا لـە نیـوەی بـەهارا- جەژنی خاتر خواستن لە پیر شالیار.

2-هەموو ئەو وشانە لەو فەلسەفەیەی شیکردنەوەی گەردوون هاتوونە کە ئاسمانی ڕۆژ بە دەریاو ئاوی سپی وئاسمانی شەو بە دەریای ڕەش وتاری دانراون لە ئەفسانە کۆنەکاندا، هەروەها شەو و ڕۆژ وەك نموونـەیێکی بچوکی هاوێن وزستان تەشبیکراون، ناوەکانیشیان- نیڤرۆ و نیڤە شەو و چلەی هاوین و زستان-بـە جێگـەی هێزو توانا وکاریگەری دانراون و وەك خودایش تەماشـاکراون، هـەر بـەم شـێوەیەیش لـە سـەر و بنـی مـانگ ترساون ..شایانی باسە تا ئێستاش لە کوردەواریدا ئەو سەر و بنی مانگ بە هۆی توشـبوونی دەرد بـۆ مرۆڤـ دائەنرێن ،بەراورد لە گەل –شەشکە(نـاوی تـاریکی خـۆر)..لام وایـە ئەسـڵی ئـەم وشـانە و شـلۆڤەکردنیان لـە بووچونی ئاڤستایی هاتووە کە شت گەیشتە لوتکە(دس- تاوس –تموس) ڕۆژو خۆر دەمرێ یان دەبێ بە دوو.

3-هەنـدێ بوسـلمان قـەفقاس وقـەبقاس بـە جنێـوو وشـەی خراپـە نـاو دەبـەن، بـە بۆچـوونی خـۆم ئـەم شیکردنەوە خراپە لەوەوە هاتووە کە شتی سپی مانای روسی/روتـی تیایـە پێچەوانەی تـاریتی کـە سیفەتی داپۆشین ونادیاری بە خۆیەوە هەلدەگرێت، بۆیە سپی (بێ پۆشاکی) هۆکاری خراپەیە وەك پەیڤی(عـار) لـە ئار: سپی وەرگیراوە، لە ئاڤستا ئار بە مانای پاك هاتووە، بـەپێی ئـەو فەلسـەفەیەی کـە لـە بەیانیـدا خـۆر لـە دەریای بودیکا-خۆی پاك کردوەتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەها قەز(دودوة القز)، کە بەکوردی کەژۆک-ی پێ دەڵێن واتە موی ئارموش کە ڕەنگی سپی یە، پاشان کەشک- خەزنە- کۆسە- کەزە بلانکا(دار البیضاء)، دیسان قاز،کاش، قاش..کەسک..(1) بەم پێیە زمان بە پێی یاسایێک کار دەکات کە لە ڕژێم سستمێک وەرگیراوە، ئەویش بازنەی دابەشکردنی تیپەکانە بەسەر گەردووندا، وشەیێک لە زمانێک بۆ ئەوی‌تر دەگۆڕێ بە گوێرەی لێفزکردنی یان زیادکردنی هەندێ تیپی سەر بە نەتەوەیێک وەك تیپەکانی (ع- ح-ط-ظ-ص-ض)، کە ئەمانە زیاتر تیپی شێوە ساميتيکن بۆ نموونە پەيڤی(داخاز/داخواز) کوردی لە زمانی فارسیدا بووەتە(تقاضی) بە هەمان واتا و لە عەرەبیش بووەتە(دعوی) =داوا لە کوردی، یان پەیڤەکانی (اسحق- شق- شهق- ضحك)، گشتیان لە یەك بنەماڵەن..

پەيڤی (ئار) لە ئاڤستادا بە مانای (پاك) هاتووە ولە کوردی لە ناو هۆز و خێڵەکاندا بووەتە –هوڕ واتە بێ گوناه (بەریء)، ئەسڵی پەيڤەکەیش لە کرداری بەرزبوونەوەی خۆر هاتووە کە پاك دەبێتەوە پاش نقوبوونی لە دەریا..پەيڤی ئارارات- دەبلکردنی پەيڤی ئار- بەواتای زۆر بەرزو بلند دێت یا زۆر سپی، پاش‌تر ئەم وشەیە بووەتە ناوی گەلان(ئورارتو) = خلتی/ئەرتی.

لە زمانەکانی ئیتالیAltoولە ئینگلیزی Altraولە ئاشوری (ئیل) و لە عەرەبی(الە- اللە)و لە کوردی-ئۆل-ئال/لا-کە لایێکی گەردوونە، هەر هەموویان سیما و واتای سپی و بلندی بە خۆیانەوە هەڵدەگرن.

هەروەها جنسی ئاری بە مانای خەلکی لای سەرەوە و بەرزایی دێ،کچی پرچ زەردیش (سەر- زەر/زەرد) بە ئینگلیزی Blonde/blond هەر دەچێتە ناو ئەو خانەیە، سەر = بلند-ی کوردی برند-ی هندی کۆن.

هەر لە وشەی ئار= سپی، پەيڤی ئەروس/عروس وهوری/خوری وهەور وەرگیراون، دیسان هوردبوون/وردبوون=سپی بوون واتە سوڕانەوە، چۆن ڕەنگی سپی لە سورانەوە دروست دەبێ- سپی< Spine=سوڕان.

---

1- وشەی کەسك و قەوزە/کەڤز هەموویان هاوتوخمن بە مانای سەرکەوتن بەسەر ئاودا دێن کە ئەم سیفەتە-سەرەوە- مانای سپیش بە خۆیەوە هەڵدەگرێت وەکو سەرتو.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- پەیڤی ئاسور: لە سەرەوە هاتووە-ڕۆژاوا-و پەیڤی سوور-یش هەر لەوێ هاتووە لە گەل پەیڤی-زەر-یش، چۆن ڕۆژاڤا ڕەنگی سوور و زەری تیایە-خلاب-(1) واتە جوان، خەلاب لە ئەسڵی (خۆر+ئاب)..

شایانی باسە لە تێستی کۆندا(تەورات) هاتووە کە ئاشوریەکان-ئاشور/ئاسور زۆر حەزیان لە ڕەنگی سوور بووە و لەشکرەکانیان هەمیشە ڕەنگی سووریان لە بەر ئەکرد، دیارە ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوی ئاسوور واتای ڕەنگی سوور-وشەی کوردی-دەبەخشێ، بێجگە لە -سەر-کە هەردووو ناوەکەیش کوردی ڕەسەنن و تا ئیستا ئێمە وەك وشەی قاموسی بە کاریان دێنین، وشەکە بە پێی ئەو شوێنە لە گەردوون وسیفەتەکانی بەرەو زۆر مانا براوە وەکو: شەڕ-شرو-شێر-شریف-زۆر-زەر/زێڕ-ژۆر-ژیر-ژار-هەژار...هتد

پێ دەچێتیش کورد ئەو ناوەی بۆ ئاسوریەکان دانابێت(2)-تەماشای نەخشەی-12-هەر چۆنێ بێ، وشەی ئاشور/ئاسور(سوور و سەر) یا لاییێك یا کۆتایی ناوچەی کورد (مەد /مەدای)، کە وشەکە لە بەراییدا وشەیێکی جوگرافی بووە بۆ خەلکی ئەو دەڤەرە دواتر

---

1-هەر لە خوراب(غلبەو غلاب)یش وەرگیراون بە واتەی زۆرو زۆری، زۆر< سور/سەر، هەر وەها شەم وشۆر:شۆخ وجوان-ناوێکی تری خۆراب، سیفەتی جوانی ئەوێ.

2-هەروەها حەزداری ئاسوریەکان لە گەل شەڕ و جەنگدا، پێدەچێ بۆ ئەو هزرە بگەڕێتەوە کە ڕەنگی جێگاکەیان(اسور) ڕەنگی سوورە بە پێی جوگرافیای کورد، ڕەنگی سووریش ڕەنگی خوێنە..

لە ئاڤستایش-Atharhi - بەمانای خۆراوا هاتووە، دیارە ئاشورەکان تەنها سەرکەوتنەکانیان تومار دەکرد شکەستەکانیان دەشاردنەوە و زۆر جاران درۆی گەورەشیان دوپات دەکردەوە بۆ نموونە وەکو لە کتێبی هاری ساکز هاتووە لاپەرە-158-(**وعین الموظفون الاشوريون المثلون لمصالح اسرحدون فی مناطق حكم الحكام المحليين واعلن اسرحدون نفسه ملكا على مصرالعليى والسفلى واثيوبيا،وهو ادعاء تجاوز الحقيقة..وقد تكررت هذة الاكذوبة في منحوتة وضعت فی سنجرلی..**) وە لە لاپەرە-161-دەڵێت (**ونظرا للنفور الاشورى من تسجيل الهزائم التى لم ينتقم منها، فليس غريبا ان لاتتذكر حوليات اشوربانيبال تفاصيل الانسحاب الاضطرارى من مصر**)



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وەرچەرخاوە و بووەتە وشەیێکی ئەتنیکی، هەروەکو وشەی کوردو ئەرەبیش لە بەراییدا زاراوەی جوگرافی بوونە.

-پەیڤی ئاراس/راس(رەس×سەر)..(1)، ئەم وشەیە ئەساسی وشەی ئیراقە لە پاش گۆڕانی (س)ەکەی بە ق/ك، کە پێچەوانەی وشەی (سەر/اسر)ە، ماناکەشی بەروڤاژیەکەیەتی واتە سەری تری ولات(خوواروو)- خوواررووی ئیستای ئیراقەوە، بۆ رۆنکردنەوەی زیاتر هەردووو وشەکە مانای سەروو شەر دەگەییێنن، پەیڤی-شەڕ- لە-سەر- هاتووە هەروەکو پەیڤی عرك/عراك/عرك ومعركە لە ارس-ارك درووست بووە.

هەردووناوەکەیش-اسر/ارس- ڕامانی سوورانەوە وخلاسبوونیان تێدایە..(2)

شایانی باسە ناوەکانی نێوان ئیراق و ئاقور(ارس/اسر) ناوەکانی لە توخمی مانای دووسەر هەلدەکەون وەکو: سەرسەر(ثرثار)، دوکرت < تکریت.

-پەیڤی God:خودا، خودێ، خوا-خود-سود-زات، لە شلۆڤەکردنی دینیدا هەموو ئەو پەیڤانە یەکدەگرنەوە کە باس لەو هێزە ناوخۆیەی جەستەی مرۆڤـ دەکەن کە لە رەمز و ناوی مەزنتر سەرچاوە دەگرن، ئەویش ناوی تاریکی وتەمامییە- لایەنی تاریکی گەردوون(زد/سد> خد>قوەت) کە مرۆڤـ لە زووەوە پەرستویانە(خود>خودا= ئاسمانی شەو..کەواتە خودا پەرستن شێوەیێك بووە لە خۆپەرستن و خۆپاراستن، ئەو رەمزەیش خود- خۆ بەرامبەر ئەز-ئەزد- ئەزدان:خودا ڕادەوەستێت، کە راستەوخۆ ئەو زاراوەیە

---

1-لە زۆربەی ژێدەرەکان ناوی عیراق بە مانای کوتایی لێواری ئاو هاتووە.

2-اختلفت الاراء بشأن كلمة(عراق) فمن الباحثين من يرى انها ذات اصل عربي بمعنى(الشاطى)او (جرف الجبل) و منهم من يرى ان الكلمة ذات اصل فارسي بمعنى(الساحل) وان كلا من(عراق)و(ايران)مشتقان من اصل واحد.كما يرى البعض الاخر ان كلمة (عراق)قد تعود باصولها الى بعض الصول القديمة حيث قد تكون مشتقة من الجذر الذى اشتقت منة كلمة(اوروك)او(اونوك)- لە ئینگلیزیدا Arch بە مانای سەرەك وقەوس دێت، سار/شار لە ئاڤستا بە مانای سەر وسەرۆك هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**هەمان ئەزد- ئەسد/سد-ە، بەروڤاژیەکەی دەبێ بە دس< تاوس..ڕەمزی پیرۆزی ئەزدیەکان-ناوی خودا..لە گریکیشدا Theos/ذیوس هەر خواوەندەکەیان بووە (1).**

**( دیارە ئەو تاوسەی لە سۆمەریدا بەرامبەر بە تموس هاتووە کە لە ناوچەی حڕان/ئەڕان لە باکوری کوردستان پەرستویانە، دواتر هەر Theosی گریکی و تاوسی ئەزدیەکان بووە..تموس= تاوس-ذیوس/زیوس ئەو تاوسەی لە ئەسڵی دس/تس هاتووە-دس×سد/ست، دواتر ناوی دایك/دەیك/داك-ی لیێ دروست بووە ، ئەو پەیڤەی تەنها تایبەتە بە زمانی کوردی (2)**

**هەر لێرەشەوە پێوەندی زمانی کوردی بە بووچونەکانی دینی ئەزدی/ ئێزدی باشتر بە دیاردەکەوێت کە ئەسڵی کورد-کوردی ئێزدییە،کە لەنیشتمانەکەیان ناوچەکانی تاریکی میزوپوتامیا واتە سەرووی ئەو جوگرافیایە(سوت<سوتی= کوردی)یان(مەد-مەدای-مەدیا) دەگرێتەوە ..لە کۆتاییدا ناوی سەید و سەیزادە دەکرێ لەسەر راوەستین کە بۆ بە پیرۆزی دائەنرێن.؟!!(3)**

---


**1-دس/تاوس، عارەبەکان کردوویانە بە(حدث/حديث)=نو/ئانو،ئانو=theos کەواتە خودا رەمزو هیمای نوێیاتی بووە، دس< تازە<طازج.**

**2-لە زمانی فارسی و زمانە هندوئەوروپیەکاندا Mather-Mader بەکاردێت ،لە کوردی مێ/ما/ماك ماوەتەوە، لە عەرەبیشدا:أم/يەمە/يوم کە ئەویش هەر لەناوی ئاو وەرگیراون(یم)،لە زمانی کوردی خۆمان چەندین ناو بۆ ناوی دایك هەمانە وەك یاد، ئەدێ، ئەنێ،نەنێ،دا،دادێ..**

**3-گۆرانیبێژی گەورەی کورد حەسەن زیرەك لە سترانێکیدا دەڵێت: ئەگەر موسوڵمانی توبی تۆ و قورئان، ئەگەر ئیسای یا موسایی تۆبی تۆ و ئیسا و موسا، ئەگەر سەیزادەی توبی ئەو ئەو شالەو، بەواتەیێکی تر کورد سەیزادەی لە ریزی ئەوانی دیکە داناوە.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)






Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## دابەشبوونی جوگرافی تێرمە سەرەتاییەکان بە پێی فەلسەفەی ئاڤستایی

وەك لە پێشتریش باسمانکرد لەبارەی فەلسەفەی ئاڤستا-زرادشتی کە دەریا بە جێگەی گەڕو نوێبوونەوە دانراوە کەواتە ئاوی دەریا ب ناوەند هاتووە..

مەد یان ئاوی سەت و تەواوی(ئاڤ+سەتە=ئاڤستا)کە ئەمیش شێوەیێکی تری ناوی دەریایە کە هەردوووکیان مانای ژمارە(100) دەبەخشن ، مەتە/مییە= سەتە.

هەر بەم دابەشکردنەیش، ناوەکان وەك لە نەخشە دیارە بەر لە هەزاران سالان لە سەر ئەم دەڤەرە-دەرگۆشی مرۆڤایەتی-دانراون و تا ئیستایش ئەو ناوە جوگرافیانە کە بەشێکیان بوونەتە ناوی گەلان(ناوی ئەتنیکی)، ئەو ناو و زاراوانە ماون وزیندوون..

پەر______ مەدیا(سرد) ______ سەر

بەر- پەر(پارس)  ئەم س-ی دوایی هی ڕێژەی کۆیە  (1)

سرد- (کرد)  یان سەری دوو-د-یش نیشانەی تەواوی ودەستپیکردنەوە

سەر- (اسور)- سوریا  (2)

سرب-خرب(غرب)، ڕۆژاوا= سرب×برس =ڕۆژهەلات

مەد- تا ئیستایش ناوی دەریای ناوەڕاستە  (3)

رب- ئەرب(عرب)، روخی تری بەر/پەر(پارس)  (4)

بر- پێچەوانەی رب ×بر < ابر(عبری)-  Hebrew

---

1-پەیڤی پەراسوو-یش هەر بەم شێوەیە لەسەر جەستەی مرۆڤ دانراوە.

2- هیرۆدوت خۆرهەلآتی دەریای ناوەراست هەموو بە سوریا داناوە.

3-مەد  هاوچەشنی بەد/بود/اباد دێت، یان هەر خۆیەتی (مد<بد/امد/ابد<ئاب/ئاڤ/ئاو)

4- کۆنترین ناوی عەرەب(800 پ.ز) بۆ خەرب و خوارووی ئیراقی ئیستا لە وشەیەکدا هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

رس- ئاوەژووکردنی-سەر-ە، پاشتر بووەتە ارس(ارك) (1)

درس- پێچەوانەی-سرد-ە، پاشتر درس<ترس< تراقیا(ترکیا) (2)

بەم جۆرە ئەم دابەشکردنەوەی جوگرافی ناوەکان بە هەڕەمەکی نەهاتوون، بەلکو ڕاستییێکی مێژوویی بووە و تا ئیستایش لە گەل ئەو جێگە وگەلانەی لەم دەڤەرەدا دادەنیشن دەگونجێن ،هەر چۆن لەگەڵ فەلسەفەی ئاڤستا/زرادشتی بۆ ناونانی گەردانی چەرخ وفەلەکیش ڕێك دەبن،

ئەو ناوانەی تا ئیستا لە زمانی کوردیدا زیاتر بە واتا کۆن وڕەسەنەکانیان ماون و لە زمانەکانی تردا واتاکانیان، یان وونکردووە یا وشەکە لە ڕەگ وڕیشەی خۆی دوور ماوەتەوە..

سەر و سەرد (سەرەتا)- سوور-زەر-شەڕ

رس-ڕەش-روس

بر- پڕ- پەر- بەر

مد-مت ومات(بێ دەنگ)مردن لە هندیدا-مهەت(ناوەند)-مێت(مژین)

مور-سور-(ماری لە سوریای کۆن)-وەها روم- (3)

هەر یەك لەم پەیڤانە چونەتە ناو زمانانی تر و چەندین وشەو زاراوەیان لێ وەرگیراوە، وەك: سەر بووەتە(شعر و شیر و شور) لەSourداE (چونە سەر و هنداو) رس-بووەتە ڕاس لە عەرەبی لە E- Rise واتە بەرزبوونەوە بر- هەر بە واتا ئەسلیەکەی ماوەتەوە (مقدس وتقدیـــــس)-

---

1-ارك-عیراق-هەر وەك لە سەروو(ارس-روسیا-ڕەش)هەر لەو بنەمالەن، لە سەردەمێکیشدا ناوی دەڤەری سەرووی ئاراس(ارك) بووە، ئەسڵی ناوی ئاراس لە ناوی ئەستێرەی –هرس/هرچ/ورچ=دب، لە ئەستێرەکانی ئاسمانی شەو وەرگیراوە، واتە ئاراس سەرووی جیهانی کۆن بووە، چیای قاف-یش لە ئەفسانە کۆنەکاندا چێوەکانی قەفقاس بووە، واتە کۆتایی زەمین.

2- تراقیا- لە تارس هاتووە، لە عەرەبیدا بووەتە (طارق)- الطارق والنجم الثاقب-ئایەتی قورئان.

3- مور: بە واتەی بەحری تال لە فینیقی هاتووە..ئاو کۆتایی ودەسپێك بووە، ملکەیێ واتە دەسپێبکە لە کوردی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**بروسی /بروسکە- پیرۆز ماوە، کە ئەم ناوە ناوی ئاگر بووە، لە ئینگلیزی Pyreهەیە..(1)**
**مـــد-لـــە عـــەرەبی بووەتـــە مـــات-مهـــد- محەتـــە، لـــە ئینگلیـــزی Muteوەك مانـــا کورییەکەیە(مات/مت).**

**تەنانەت ناوی ناوچەکانی تر لە ئەسڵی ناو ومانای کوردی سەریان هەوڵداوە**

**-فینیکی/ فینیقی- لە ئەسڵی فنس(بنس-بانیاس/ بنك)، دوایی Finish**

**- لوبنان Lebanon یان لێوی ئاو(نـین)، لـەب/لـێڤ+ نـین ، هـەروەها لیبیـا واتـە لـە وشـەی لەب/ لێو وەرگیراوە.**

**-یونان لە وشەی نن/نون<<اونان واتـە ژمـارە-2- هـاتووە ، کـە لـە کوردیـدا ژمـارە-2- واتـای دوایی/داوی تێدایە، داوی= دوو\دی، کە ئەم دووە ناوێکی تری ئاوبووە، ئـاویش کوتـایی بـووە و بـــە ســـنوور و حـــەد-یـــش زانـــراوە (مـــەرس<مـــەرز) کـــە لـــەوێ هیـــچی تـــر نییـــە (تونینە/دوونینە)، ئەمپەیڤەکانەش: نینە، تونینە، نینك، نەهنگ.**

**پاشـان یونـان و یـونس، یـەك نـاون و ئـاوەژووکردنی وشـەکەیش یونـان×نـانوی <<نینـوی/ نینوا(نین + ئاو) کە هەردووو وشەی زیندی کوردین.(2)**

---

**1- أ/بر/پر،ئاماژەییێکن بۆ پر و بر(برین)واتە لە بەیانیدا ڕۆژ تەواوو پردەبێ، بۆیە ئەو ناوانە ناوی سپێدەن.**

**ب/زۆر جار(ئا)ی ئسبات زیادی ئەم ناوانە کراون وەکو سور<اسور، مەد<ئامەد، رەس<ئارەس.**

**2-نینەوا(نینوی):ناوێکی پاکی کوردییە بە مانای جێگەی ئاو وەکو وشەکانی نۆین=جێگەی ئاو، وان، وانە/وانکێ-نواڤا=لێواری ئاو، ئاویش ڕەمزی دەسپێکێکی نوێ بووە-اونان-نینەوا=نین+ اباد/ئاڤا، ئاو ڕەمزی کۆتایی بووە، ئیستا نییە/نینە لە زمانی کوردیدا بەواتای خلاس دێن کە وشەکە زندوو ماوە..ئەسڵی ناوی ئاویش ناوی خواوەندی ئاو بووە (ئەیا)، (ئانو)یش -ئیستا لە وشەی ئەینی/هەینیدا ماوەتەوە، مەلیکی کوتی-یش(لاسیراب) بۆ نینا وسین دەپارایەوە وەك دوو خوداوەندی جوتە بۆ کوتیوم، دیارە لە سەردەمی سۆمەری و پێشوتریش وەك سەردەمی عبید (ئاباد-ئابود-بود/بوت)-کە زاناکان دەلێن ئەوانە لە گەلە ئییرانییەکان بوونە-ئاو وەك دادوەری تاوانەکان سەیردەکرا، بۆ نموونە کەسێك سوچدار بوایە، ئەیانبردە لای روبار و دەهاوێشتە ناو ئاوەوە، ئەگەر بێ تاوان بوایە سەردەکەوت ونقوم نەدەبوو، ئەگەر نقۆیش ببوا، ئەوا بە تاوانبار دائەنرا و ئەگەیشتە سزای خۆی.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## مێژووی ڕێچکەی دابەشبوونی تیپەکان

A--------------a-h    ح-ع

B-F---------------f-b-p-v-w    ب-ف-و-

C--------------c-k-g-ch-q    خ-غ-ق-ك

----------- d-t    د-ت - گ-ڤ

Th-Θ---------

—— t-s-sh-j    ژ-د/ت-پ-س-ش(1)

ز-ش-س

S
--------z-s-sh-j
---------q    ج-ك-ق-غ-خ
---------k-ch-g
----------h-y-u-o

و-ی-ع-ح-ه    n-r

N    --------r-l    ر- ل

R    --------    ر- ل

--------r-l

M --------m-b-p-w-    م-ب-پ-و

---

1-زمانی عەرەبی کە بە زمانی زات(ضاد) ناسراوە، ئەم تیپەیش لە(ذ) دروست بووە..بەلاّم لای سریان و فینیقیەکان ئەم تیپە نییە بەلکو وەك کوردی ئەم (ذ)بەرەو(د-س) ڕۆیشتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

یونانی ئیستایش، لەبەر ئەوە ئەو ناوەی لێنراوە چۆن بە مانای ئەردی دوەم دێت، یان هەر خاکێك تەواو ببێت بە ناوبرێکی-ئاو- لە دوای ئەردێکی نویٚ دەستپێبکات-2- بۆیە یونانیش لە پاش دەریای ئیجە دێت و ئەو ناوەی پێبڕاوە.

-اموری/ماری، کە وشەکە واتای مۆر و سوور دەدات، لە مێژووشدا ئەو ناوە جێگەکەی هەر لە ناوچەکانی لوبنان سوریا دا بووە، واتە خەربی کورد.. (1)

-خەلیج- خەرج- خارج ، لە یەك بنەمالەن لە ئەسڵی خورس هاتوونە، وشەکانی خەرج وقلیج وقەلس- لێی وەرگیراون.

وەك زانایانی زمانەوانی ئاشکرایان کردووە کە ئاڤستا یان ئەلفبای ئاڤستایی کۆنترە لە ئەلفبای سۆمەری و ئەو ئەلفبایە لەبەرگیراوی ئەلفبای ئاڤستایی بووە، وەك لە پێشتریش ئاماژەمان پێدا کە ئەو ئەلفبایانە-بنچینەی دروستبوونی وشەکانیان، کە لە یەك فەلسەفە سەرچاوەیان گرتووە ئەویش فەلسەفەی ئاڤستا/زرادشتی بووە، فەلسەفەی شیکردنەوەی گەردوون وکردنی ئەو چەرخ وفەلەکە-سوڕانەوەی هەردووو دەریای ئاسمان وچاوی خۆر، بە بنەما بۆ وشەسازی.

بۆیە ئەکرێت فەلسەفەی ئاڤستایی وەك سەرچاوە وکانوویەك بووبیٚ بۆ سوود لێوەرگرتن، بە درێژایی مێژوویش لە لایەن ئەو گەلانەوە کە لە ئەسلدا لەم ناوچانەدا ژیاون پاشان پەرت وبلاوبوونەتەوە سەر دەڤەریتردا.

لە سەرەتا ولە پێش هەموویان، گەلان یا ئەو کۆمەلانەی لە خوارووی میزوپوتامیا کە شارستانییەکەیان وەك دیرۆکناسان دەبێژن درێژەپێدانی ڕاستەوخۆی شارستانی ئاریەکـان

---

1-فینقیەکان وشەی-مور- بۆ ئاوی تال وسویر واتە ئاوی دەریا بە کار هیناوە(مر= تال)، دیارە دەریا خۆراوای ولاتی کورد بووە، بۆیە ئەو ناوەی پێبراوە لە لایەن کوردەوە، لە لای کلدانی وبابلیەکانیش هەر مانای خەربی داوە..ناوی کلبا Gulpa وەك شارێك لەسەر لێواری دەریا لە نك (سیدون/صەیدا) لە مێژوودا هاتووە (خورب>کلبا).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بووە-لە چەرخەکانی عوبید(ئوبێد/ئاباد)و دواتریش(**1**)، کە ئەوان لە سەر ئەو ڕۆشنبیریو بۆچوونە دینی وئایینە کۆنەکانی پێشتر ژیاون و هەر لە سەر ئەو بنیاتەیش نەش و نمایان کردووە وگەشەیان سەند. پاشتریش تیرەکانی وەك ئەکەد و بابلیەکان بەو جۆرە سوودیان لە زمان وڕۆشنبیری پێشتری خۆیان وەردەگرت، ئەو دیاردەی پێ دەووترا دیاردەی دوو زمانی **Belingual**.

تەنانەت تا سەردەمی ئیسلامیش وەك مێژوونوس وزمانەوانەکان باسی لێوە دەکەن، ئەوان سودیان لە فەلسەفەی ئاڤستا/زرادشتی وەردەگرت بۆ گۆشدان و تاودانی زمانی عارەبی بە بەخشینی مانا و سیفەتی زیاتر بە وشە، بە ئیلهام وەرگرتن لە شلۆڤەکاری ئەو فەلسەفەیە بۆ ماناکان(**2**)

ئەم واتا بەخشینەش بە وشە، یان دانی سیفەتی زیاتر بە پەیف ودەولەمەندکردنی بە ڕێگەی شلۆڤەکردنی وشە وەك ئاماژەمان پێدا بە شێوازی گۆرینی تیپەکانی وشە و بردنیان بەرەو فۆنیم.

لێرەدا θ=the یان سین-ی ئاڤستایی وەبیردەخەینەوە کە چۆن ئەم تیپە هەر لە ئاڤـــــستا

---

1- هاری ساکز لە-گەورەیی بابل-دەڵێت: چەرخی عوبید بەر لە شارستانی سۆمەر بووە و لە تەواوی (وادی الرافدین) شارستانییێکی بە ئەسل ئیرانی نەژاد بووە.

**2**-لە کەلەپوری شاعیرە عەرەبەکان-کۆنەکانیان-پەیف وەك نیشانەی خێرو شووم دادەنرا، کە ئەو سەیرکردنەیش پاشماوەی تێروانینێکی زرادشتی بووە (سفرجل=سفر و علو)، (یاسین=یأس)، (سوسن= سوء)، (شقائق نعمان= شق)، (نساء =نسیان)..

شایەنی باسە نمونەی وەك **Angry-Hangry** یش لە زمانی ئینگلیزیدا ئاماژەێکی ئەوهایان تێدایە،کە لەتەك برسییێتی توڕەبوون هەیە، بۆیە بە تۆزێ گۆڕان لە سپێلدا، دوو وشە لێی دروستکراون.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

چوار دەوری بۆ دانراوە(1) بە پێی بەراوردکردنی وشەکان ویەکگرتنەوەی ماناکانیان، بۆمان ساخ بوتەوە هەر بە رێگەی پەیرەوکردنی شلۆڤەکاری سوڕانەوەی خۆر کە سین-ی ئاڤستایی بە سەر ئەم فونیمانەدا دابەشبووە:

**H-K-X-S**

پاشتریش لەو چوار تیپە، فۆنیم یان تیپی زیاتر لێیان کەوتونەتەوە:

Q-G-Z-J-S-Š

دواتریش سامییەکان ئەو تیپانەیان بە شێوەیێکی تایبەت بە فۆنەتیکی خۆیان لیڤس کردوون:ع-غ-ح-ج ، یان گەلانی ئاری هەندێ تیپ بەرەو تیپی تریان بردوون وەك:

-هـ-چ-گ-ڤ-

بۆیە بۆ گەراندنەوەی تیپ بۆ ئەسلەگەی دەبێ بزانرێت کە ئەو هەموو تیپانە لە بەراییدا لە چەند تیپێك گەشەیان کردووە.

پێوستە بشلێین کە لە زمانە لاتینی وجێرمانییەکان(C)کە دەکەوێتە خانەی تیپی(S) لە لایەنی فۆنەتیکەوە ، تا ئیستاش بە(C) دەنوسرێ وبە (K) لێڤس دەکرێ مینا: (2)

Cold=Kold-Camera=Kamera-Close=Klous-Cat=Kat

بەم جۆرە بە سوڕاندنەوەی ئەو تیپە-S-ی ئاڤستایی دەبینین پرۆسەی دەرکەوتنی ماناکانی هەر چوار کاتی ڕۆژ بە زمانی کوردی لێی دەکەوێتەوە:

نیوەرۆ - ئێوارە - شەو - سپێدە

---

1-ا/کۆنترین زمان ناوی لە مێژودا هاتبێت زمانێك بووە بە ناوی زمانی(سین).


ب/هەموو ئاماژە بۆ ئەوەی دەچن کە-S-ی ئاڤستایی لە بەرایی(th=ذ) بووە، ئەمیش دواتر دابەش بووەتە سەر(D-S).

2-مارکو پولۆ پەیڤی **Kurd** ی بە**Card** تۆمارکردووە.



1-لە سەردەمی کۆن، خواوەند سیفەتێکی دوانەیی Twin هەبووە-چاکە وخراپە- تیامە (دووەم)ی سۆمەری و بابلی، هەروەسا سوتەم(سەت و دووەم)ی ئاڤستایی، هەردووکیان سیفەتی دوانەیی بە خۆیانەوە هەلدەگرن-چۆن ڕەمزەکانیش هەر ناوی ئەو خواوەندانە بوونە، بۆیە ئەو ناوانەیش سیفەتی دوانەییان تێدایە..ئەو سیفەتانەی بەهۆیەوە زمان دەولەمەند دەبوو-خواوەندی خاوەنی سەد/هەزار یا هەزارو یەك ناوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## دژبەرەکان (1)

چۆن خواوەند دوو رووی هەبووە، بۆیە هەر واژەییێکی ڕەمزی خواوەندیش، لایەنی چاك ولایەنی خراپی بووە(سالب لە سرب) و(ایجاب لە سەب) هاتوون.

بە واتەییێکیتر هەر شتێك بە لوتکە(رەتکە) گەیشت، ئەوا بۆ لایەنی تر وەردەچەرخێت، یان کارلێکراوی ئەو ئاوەژووکردنە دەبێت.

نموونەی زۆر هەن بۆ ئەم جۆرە وشانە بەلاّم بۆ لێك جیاکردنەوە، پەیڤساز کەمێك گۆڕینی خستۆتە شێوەی وشە لە فۆنەتیکدا یا لە دەور و رۆلی بزوێنی تێدا گۆڕیوە هەر چەندە لە ئەسلدا ئەم وشانە بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕێنەوە:

پر – برِ

سەرۆك(گەورە) – زارۆك

پیرۆز/Bless – ابلیس

اول – Evil (شەروسەر) (2)

کۆم – کەم

سەت – سۆت

End – And

هەخا – ئەکا (3)

---

1- ڕێژەی ڕێزمانی عەرەبی(الاضداد) لە هەمان ئەو فەلسەفەو بوچوونە وەرگیراوە.

2-ناوی (اول) لە ناوی ول> ایل(الە) وەرگیراوە.

3- لە ئاڤستادا هەخا و ئەکا بە چاك و بەد هاتوون.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## یەكسانی سیمانتیكی شەرق وخەرب

### هێلی ئاسۆیی- خۆرسەن - Horison

| پەیڤی خۆراوا | پەیڤی خۆرهەلأت |
|---|---|
| خڕ | پڕ |
| خۆر | هۆر(هر<هەل<علو) (**1**) |
| سەر | بەر |
| ڕەس | ڕەب |
| شەرم/ سورم | عیب/ ئێب |
| خەریب | بیری |
| خێل | ئەسب - بغل |
| غروب | بزر |
| سار | ذهب |
| چەرخ | فەلەك |
| گڕ | پرو |
| سحر | فەن |
| هەزار | ألف |
| سەحرا | بیابان |

---

**1**-زاراوەی (هوری)- گەلی هوری، واتە بەرزایی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | |
|---|---|
| خەلك | folk |
| سەرەمال | پارە |
| سەلام | بارش |
| زراڤی | عصب |
| حۆر | پەری |
| عیزرائیل | پیر بیب |

هەندێ جاریش پەیڤی خۆرهەلأت پێچەوانەی خۆراوا دەبێت لە مانا پەخشیندا

| پەیڤی خۆراوا | پەیڤی خۆرهەلأت | |
|---|---|---|
| سرب(سالب) | اسب (ایجاب) | (1) |
| گران | ئەرزان-سوك | (2) |
| ثقل-سقل | خف | (3) |

هەندێ جاریش وشەکە بە پێچەوانە دەخوێنرێتەوە و مانای پێچەوانە بە دەستەوە دەدات:

| | | | |
|---|---|---|---|
| سرب/درب-ترب | × | برس Birth | (4) |
| سەد | × | دەس | |

---

1- رۆژهەلات (سپی) بە باشی (+) و رۆژاوا بە خراپ(-) دانراوە.

2-گران وسڤك - گران وەك خۆر بەرەو ئەرد دادەكشێت وسوك وەك خۆر بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە.

3-سقل وخف-یش هەروەکو پێشتر باسمان کرد، خورس<قورس/خلس/خلاس کە خۆر بەرەو خۆراوا دەچێت واتە رۆژ خلاس دەبێت.

4-سرب-درب-زەرب Throb لە ناوەکانی لێکدانی خۆر بە ئەرەدوە بوونە بە پێی بووچونە کۆنەکانەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## شێوەگرتنی مانای زاراوەکان

وەك بە نەخشە پێشتر دیارمانکرد کە مرۆڤی بەرایی ئەم ناوچەیە چۆن چۆنی گەردوونی دابەشکردووە و شیکردۆتەوە، بە دابەشکردنی بە سەر دوو هێز یان دوو دەریای سەرەکی ئەویش-روناکی و تاریکی-بووە. (1)

کە ئەم دووانەش یەکسانن وجێگۆرکێ دەکەن یان قەلب دەبن لە سەروو بۆ خواروو، واتە هەندێ جار ئاسمانی سپی بە ئاسمانی بەرز دانراوە، هەندێ جاریش ئاسمانی ڕەش.

بۆیە بە پێی ئەو تێگەیشتنەی ئەو دوو سەرە و دوانییەی کە بە شتێکی نهێنیش دانراوە و لێشی ترساون چونکە لە ڕازی تێنەگەیشتوون (سەر=سڕ: نهێنی).

هەروەها بە ئەفرینەر سەیرکراون، ئەو ئەستێرە و هەسارانەی کە لەو ئاسمانانەیش دابوونە بە خۆرو مانگیشەوە، بەخواوەند دانراون وپەرستویانن، کە دواتر هەر هەموو ئەو خواوەندانە بە خواییێکی سیفەت دوانەیی کورتکراوەتەوە-خاونی شەو و ڕۆژ-، بەلاّم لە دوواییدا ئەو سیفەتە دوانییەش لێی سڕاوەتەوە.

جارێ سود-God-خود(خودا/خوتا) بوو بە ڕەمزی پەرستن جارێکیش ئار-ایرا < ایل/ول/اله- ئیلوم/اللهم- الله

هەولێش دراوە ئەو ڕەمزانە هەموو سنج و ئاکاری ئەو خواوەندەیان تێدا بێت کە لە هزری خۆیان وێنەیان بۆ کێشاون و بەم جۆرەیش ئەتوانین کورتی کەینەوە:

1- هەر ڕەمزێکی ڕووناکی دەبێ بەرامبەری ڕەمزێکی تاریکی هەبێت کە ئاوەژووکردنەکەییێتی وەك لە بازنەی sun×nus بە نەخشە رونمانکردۆتەوە.

2- ئەو پەیڤانەی کە ئێمە بە سەرەتای مۆرفۆلۆژی دایاندەنێین کە بەروڤاژی دەبوون،

---

1-سەر و ژێری هەیکەلی مرۆڤ کە یەکێکیان جێگەی بیرکردنەوە(سەر)و ئەویتر جێگەی زاوزێ(ژێر)، هەردووو لا سیفەتی خەلقبوون تیایە، کە لێشی تێنەگەشتوون، بۆیە بە(سڕ) دانراون و بۆیەش هەردوووکیان هەر دەچنەوە سەر ئەو دابەشکردنەوەی گەردوون کە بە هیمای خواوەندێتیش دانراون، ئێمەیش کە بە سەری یەکتر سوێند دەخۆین هەر هەمان بیرکردنەوەی کۆنە و پەیرەوی دەکەین.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

رامـــان وسنجی خواوەندایەتییان لە دەست نەئەدان وەکو سد× دس(خود-تاوس).

3- ئەو ڕەمزانەی بۆ ڕووناکی سازکراون هەمیشە دژی تاریکی بوونە هەردووکیشیان تەمەت ویەکسان بە یەکتر بونە.

4- لەسەردەمە هەرەکۆنەکاندا، مرۆڤی ئەو سەردەمانە چۆن بیری کردۆتەوە، دواتر ڕژێمی کۆمەڵایەتی و دینیشیەوە بەو بیرکردنەوە بەستۆتەوە.

5-هەر ڕەمزێك دابەشبوتە سەر دووماناا(چاکی وخراپی)وەك خۆر< خر<خێر،خرا/خراپ.

6-ئەو رەمزانەی کە-S-ێکیان تێدا بووە دواتر بۆ چوار فۆنیم رۆیشتوون وەکو:

سر-خر-کر-هر (سوڕانەوەی خۆر). **(1)**

7-هەموو ئەو وشانەی لە سەر ئاسمانی شەو دانـراون، کـە ئـاوژوودەکرێن بۆچـوون و ڕامـانی پێچەوانە ئەدەنە دەست، بۆ میناك:

ما تاری-کە ڕەمزی مێینە بووە، کە(ما)ەکەی لە(ماد)هاتووە(مـێ= مـاد)، کـە ئـاوەژوو دەکـرێ دەبێتە مەد×دەم ..دەم ڕامانی نێر دەبەخشێت..**(2)**

(ماو بەرامبەر ئاڤ/ئاو دێت/Eve = حەواو)

حەوای-یش پێچەوانەی مانای(دەم <ادەم)ە..**(3)**

هەر بە پێی ئەو فەلسەفەیە، زۆر ناو لە سەر ئاسمانی شەو دانراون بەڵام هـەر هـەموویان یەکتر دەگرنەوە لە مانا سەرەکیەکانیانەوە کە دواتر هەر یـەکێکیان بـەرەو زاراوەییێکـی زارێ یـا زمانێـك ڕۆیشـتووە وەك چـۆن ئـەبینین(ماتـە)ی عـبری بەرامبـەر(مائـە)ی عـەرەبی و(سەتەم)ی ئاڤستایی یـا-سـەت/سـەد، سـوت-ی کوردی دەوەسـتێت بـە واتـەی ژمـارە(**100**)، نموونەی ئەو ڕەمز و ناوانە بە هەمان واتەی تاریکی هاتوون: سەد-مەد-ند-نس- nosh

---

**1**-گەورەیی-S-تا ئیستاش پاشماوەی لە فەرهەنگی زمـانی ئینگلیزی‌دا مـاوە کـە تیپـی (**C-S**) گەورەترین بەشی ئەو فەرهەنگە زمانەوانییە پێکدێنێت.

**2**- ماد < ماء، مییە = مائە= ماتە، بەرامبەر بە ست<شەت<سەت

**3**- ئەلیفی ئادەم-ئای ئیسباتە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کە چۆن ئـەم ناوانـە لـە سـیفەتی تـاریکی هاوبەشـن، وەهـایش لـە سـیفەتی ئـاو و خـواردن و زانینـیش مانایـان هاوبەشـە، کـە ئـەو هاوبەشـیەش لـە بووچـونەکانی فەلسـەفەی ئاڤسـتا-زرادشتی هاتووە-خۆر کە ماندوو دەبێت لـە کـاتی ڕۆژدا کـە کاروبـاری خـەلکا ڕادەپـەرێنێت، هــیلاك و مانــدوو دەبێــت ئینجــا لــە ئێوارانــدا بــەرەو جێگــەی ئــاو و خواردنــەوە دەڕوات(خۆراوا).

8- بۆ دەولەمەندکردنی زمان، هەر لایێکی گەردوون چـەند سـیفەتی هـەبووە، ئـەو لایەنانـە ئەوندە زاراوە و واتەی جودایش لێی دروستکراون، ئەمەیش لە ڕێیـەوە لـە هـزری زرادشـتی بـۆ لێوەرگرتنــەوەی وشــەی نــویٚ هــاتووە-ســەت واتــە ســەد نــاو- بــۆ مینــاك لــە پــەیڤی ڕۆژاوا(خـۆر+ئـاب=خـوراوا)-غـرب و خـراب و قـرب(قرپـۆك)-غـیر و خـار و غـەور وغـەریب و قرب و خۆر/خواردن-خوار/چەوت..هتد

یا سـیفەتی ڕۆژهـەلات(دس)کـە لـە پـەیڤی ئـاوەژووکردنـی(سـد) هـاتووە، دەیـان زاراوە لـەو پەیڤە وسیفەتە وەرگیراون وەك:(1) تەیس/تەیسین-دژ-/Dis/-تازی- تخە-ئاتەش- حدث

هـەر بـە پێـی ئـەو دابەشـکردنەی گـەردوون و تەشـبیکردنی هـاوین بـە ڕوونـاکی ڕۆژ و زستانیش بە شەو و تاریکی وهەور و هێل، وشەی (دس) بۆ تاوس چووە کە مانـای تمـوس-ی سۆمەری دەدات..(2) وەهایش چونکە تموس لوتکەی هاوێنە و لـەوێش خـۆر بـەرەو پـاییز و زسـتان وەردەچـەرخێت کـە خـۆریش بـە خواوەنـد زانـراوە، بۆیـە کـرداری گریـان لـە سـەر تموس/تموسی شتێکی باو بووە لـە لای ئەوگەلـە کۆنـەوە، بـەهزری ئـەوەی خـــواوەند بـەرەو کزی ومـردن دەچێت.(3)

---

1- کە خـۆر هیمـای هـەرە گـەورەی پەرسـتن بـووە، وەك لـە ئەفسـانە هـەرە کۆنـەکان هـاتووە خـۆر لـەکاتی روناکیدا بە کرداری بەڕێوەبردنی ئیشی خەلك وجیهان هەلدەستێت، بۆیـە مانـدی و تهنـوو/تەشـنو دەبێـت، دوایی بەرەو ئاوی خۆراوا دەچێ، بۆیە ئەو زاراوانە لەو هزرە کۆنینەوە هاتوون.

2- تاوس> تاموس(و<م) چووە.

3-گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست لە سەردەمە هەرە کۆنەکاندا زۆر لە یەکتر نزیـك بوونـە بـەلکو وەك گـەلێك بونە لە لایەنی دین وبڕوا و تەنانەت زمانیشەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**هەر بۆیەیش وشەی تاوس/تموس ڕەمزی گریان بوون و تا ئیستاش وشەکە لە کوردی و عەرەبی زیندووە-تازی-تعزیە-کە دیارە وشە کوردییەکە لە ئەسلەکەی خۆی نزیکترە نەك وەك هەندێ بە هەڵە دەبێژن تازی لە تعزیە هاتووە بەلکو راستر عەرەب تیپی(ع)ی ناوبڕیان بۆ زیادکردووە کە تیپێکی شێوە فۆنەتیکی ئەوانە.**

**ڕاستی وشەکان باشتر لە ناو زمانی کوردی ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستووە زیاتر لە هەر زمانێکی تر، هەر وەك ئەفسانە و دیاردەی دینی تریش باشتر خۆیان پاراستووە زیندووون(1)**

---

**1- لەو دیاردە و ئەفسانانەی کە پێچەوانەی شێوەو تازی گرتنە لە سەر تموس/تاوس و تا ئێستایش ماون، شەوی یەلدا-یە،کە درێژترین شەوی سالە ولەلای گەلە ئیرانییەکانەوە ئاهەنگی بۆ دەگێرن بە(هزری وەرچەرخانی خۆر/نوێبوونەوەی سال.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# ئەسڵی ڕامانی هەندێ واژەی دینی

1-دین: وەکو-دنیا-Down لە فۆنەتیکدا..وەهاش پەیڤی هاوتوخمن کە لە بەراییدا بە مانای نزمی و تاریکی ئەرد بووە، چۆن تاریکی بە سەنتەری گەردوون زانراوە و لەوێش-خۆر-ڕەتدەبێتەوە، ئەو سەنتەرەیش(سەن+دور)، بووە بە هیما و ڕەمزی پەرستن(جێگەی خواوەندەکان)وەك چۆن-سود-بووە بە-خود/خودا/خوتا/God کە سیفەتی ڕەشی لە خۆیاندا هەلدەگرن، ئەوهاش تاریکی و دنیا(تەنی-تاری)..دین لە شلۆڤەکاری وشەسازیدا لە سیفەتی تەنی(ڕەنگی ڕەش)وەرگیراوە، دواتر دین بووە بەکۆمەلە دەستورێکی بەرێوەبردنی ژیان،(گاتا)یش-بەشێکی گرنگی ئاڤستا..وەك لە فەلسەفەی ئاڤستایی، هەر شتێك لە تاریکیدا ساخ ونوێ دەبێتەوە واتە لە دەریای-سدب(سەوداب)>کتاب، پاشتر وشەکە بەرەو-داینای ئاڤستایی ودیوانە=دین و زۆر زاراوەی تر چووە کە هاوبەشیان هەیە لە سیفەتەکانی تاریکی دا(1)

2- ئایین: وەکو ئەینی/هەینی (2)

زاراوەکە لە ناوی(ئان/ئانو)کە ڕەمزی ئاسمان و خواوەندی سەرەکی بووە وەرگیراوە، ئەو دوو پەیڤە ئیستا لە زمانی کوردیدا زیندوون و ئێمە ڕۆژانە بە کاریان دێنین کە لە زەمانانی تردا ئەم وشانە سیفەتە پیرۆزیەکەیان وونکردوە، هەر ئەم(ئانو)یە بووەتە ناوی ژمارە(نۆ) واتە تەواوی،کە ئەویش ڕەقەمێکی پیرۆزبووە لای کوردی کۆن، تا ئیستاش لە نێو قسە وئیدەمی کوردیدا بە هەمان شێوە خۆی دەنوێنێت..دیسان نونی چاوك وەك

---

1- ناوەکانی(شێت و دین و دێوانە)ی کوردی و(Crazy-Nut-Mad)یE و(جن وخبل)ی عەرەبی لە لایەنی تاریکی گەردوون-لای سیتان/سود انو-وەرگیراون، واتە لای ژن/زەن>جن، لە ئەوروپاش لە چەرخە ناوینەکان شێتەکان بە تایبەت ژن، بەوە تاوەنبار دەکران کە شەیتان چونەتە ناو جەستەیاندا، ئەمە پشتی ئەوەی تاریکی بووە بە شتێکی خراپ(سەتە>خوتە>خەتا/خگا)و ڕووناکی جێگەی گرتەوە لە بڕوا و دینەکاندا(باب سالاری).

2- لە زمانی ئارتاری/اورارتوو(خلدی)، Huni ناوی خۆر بووە-ناوی خواوەندی ئاسمان بووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەلــگە لەکۆتـــایی پەیــڤدا (چاو=عین/ئانو)، بە سەدان وشەی جیاجیاش لە ناوی کاردا: خودان- مهڤان- بیریڤان- گاڤان..هەر لەم ناوی (ئانو)یەش یا لە سیفەتەکانی، چەند وشەی تری لێ وەرگیراون وەك: نهو-نوێ-نا-نەو-نییە-نەهـ..

3-ئۆل: ئەم وشــەیە لە سیفەتی ســپیبوون وەك—ور/ئار/ئیل-وەرگیراوە، لەپاش ئەوەی

لە کرداری پەرستندا لە تاریکی بۆ روناکی گوێزرایەوە،کە سیفەتی بەرزایەتیشی لە گەڵدایە

-ئال-ئور(عال/علو)، لەم (ئار)ە، ئۆل-اله وەرگیراون کە ئەمەی دوایی بەرەو(الله) چووە..

لە کوردیدا (لا-ئال)یش هەر لە وێ هاتوون، چۆن لە E-دا Side لە (سد) وەرگیراوە(1)

4-خودا: خودێ/خوا=God

ئەم پەیڤە بە هۆی S-ی ئاڤستایی چوار دۆخی بووە بە خد/خود، ئەسلەکەیشی(سد/سەت/سود) بووە کە لە سەردەمی سۆمەری وبابلیدا (سوتی-قوتی) گەلێکی بە هێزو قوەت بووەو حوکمڕانی ئەوانی کردووە و بۆ دەمێکی درێژیش، خواوەندەکەشیان-cud-بووە..بێجگە لە مەیش کتێی ئاڤستا-کە لە دوو برگە(ئاب+سوتە)هاتووە وەك قولستا (قەولی خودا)-کتێبی سابی/ماندایی، کە مەبەست لە دەریای ئاسمانی شەو بووە، سەد/سەت-شەت(مائە-میە<مایە/ماء) (2)کە ئاسمانی شەو بە دەریا زانراوە..ئەگەر دوورتر برۆین هەر-س-ێك (ذ) بووە ئەوا: سد= دد/داد= خودا

---

1- لە سەردەمی کۆندا هەر گەلێك ئال و لای خۆی پەرستووە، وەك چۆن خواوەندی ئاسوریەکان (اسور) بووە-رەمزی خواوەندەکەشیان لە ئاسماندا بە ناوی عشتار بووە واتەی ئەستێرەی زوهرە کە لە بەرەبایاندا دەردەکەوێت(ئەستار<عشتار)، یان هی سوتی(سود) بووە یان خلدی خواوەنیان(ئەلدی) بووە، کە زاراوەی سوتی=کوردی، خۆی لە خۆیدا مانای سەری دوەم دەدات(سرد) کە دوو یان دوبا، خۆی لە ئەستێرەی قوتب واتە لە هیمای دوب-ی گەورە دەنوێنێت.

2-أ/هرتسفلد دەڵێت: سوتی=کوتی=کوردی، دەکرێت کتێبی ئاڤستا-یش هی ئەو گەلەبوبێت (سوتی).

ب/ کتێبی پیرۆزی ئێزدیەکان ناوی(میسهەفی ڕەشە).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

5-نڤێژ-نوێژ-نماز-نمێز:

ئەم پەیڤە لە ئاوەژووکردنی nus×sun<نوس/نسا<نوێژ هاتووە، چۆن نوس(خۆ نوساندن) واتە خۆنزمکردن ونەوی کردن دێت =سجود، نوشتاندنەوە و چەماندنەوەش سیفەتی سوڕانەوەی تێدایە، بۆ پاککردنەوە(نوێ-نوس-نوێز)-لە ئەسڵی لە زارکردنەوەی کرداری خۆر، دوعا و نسا-ئێستا لە کوردیدا لە ئارادایە.

سور<سەر/صل/صلاة(سەر بلندکردنەوە بۆ پارانەوە)

pray یش لە پارانەوە= دعاء:صلاه

6-رەمەزان:

رەمز+ئانو، ئانو-ی ئاسمان یان خۆر-خودای ڕۆژ، رەمزە لە ڕۆژەوە هاتووە، لە زاری لۆڕدا کە دەلێن عەیدی رەمەزان دەلێن عیدی رۆزە-دیارە ئەوان لە سەر ئەسڵی وشەکەوە ماون وڕۆژووگرتن لە دینی زرادشتی هەبووە، لە عەرەبیدا تاویلی سەیریان بۆ داناوە دەلێن (رمضان) لە (رمض) واتە ئاو لە دەو/دەم وەرگردنەوە هاتووە.

لە تەفسیرێکی لاهوتی مەسیحیدا دەلێت:

هزری ڕۆژوو لەو نواندنە یا ئیلهامە وەرگیراوە لەچێشتنی تامی(مردن=نەخواردن) بۆ ئەوەی لە جیهانیتردا پەیدا و نەمر ببێتەوە، بەڵام چونکە ڕۆژوو هەر لەسەردەمەکۆنەکانەوە هەبووە بۆ نمونە لە سابی-ماندایی کە دینێکی کۆنە وەکو موسلمانێتی-**30**-ڕۆژوو دەگرن، بۆیە دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ بڕوا و بۆچوونی ئەو سەردەمانە بە تایبەت هزری زرادشتی کە دەڵێ خۆر لە کاتی ڕۆژدا ماندوو وتهنو/تەشنو دەبێت و بۆ خۆراوا خولدەبێتەوە بۆ ئەوەی تینوی خۆی بشکێنێت وئاو وخواردن بخۆات.

7-دۆزەخ/دۆژە/دۆژەهـ:

هەروەها جەهنوم/جەهنەم..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەسڵی وشەی دس-دسە-یا دژ(دس ×سد/زد).. (1)
جهنم لە گهنوم-گنوم،کە ئەسلەکەی لە-سینوم=گوناه/سین هاتووە، دەکرێت سیفەتی دوانەیی خۆر(سن <ثن-وثنى)بە گونەهـ زانراوە لە پاش یەکتاپەرستی یەوە..لە-E-دا Igni هەر ئاگرە وگهنوم-یش هەر ئاگرە، هەروا Igony یش هەر ئێش وئەزابە..گەنم وگەنوم(دانەوێلە) لە سیفەتی سووری ئاگر، ئەو ڕەنگ و هێزەی کە تێدایە ناوی خۆی ستاندووە (2)،گونەهـ<جنح –یش هەر پێوەندی بە پیرۆزی و ترسناکی ئاگرەوە هەیە، بە کورتی ئەم زاراوانە ماناکانیان لە ئێش و ژان و سیفەتی دوانەیی وەرگیراون کە ئاگر بووە-جێگەی ئاگریش لە گەردووندا-وەك لە فەلسەفە کۆنەکاندا وای تێگەیشتوون-لە کن خۆراوایە-لێواری مردن، لە کۆتایشدا(سعیر)ی عەرەبی هەر ناوێکی تری جەهنومە لە ئەسڵی(سەر/سور).

8-بهەشت،انوڤهشتا/اشاڤهشتا لە(ئاڤستا):

زاناکان زاراوەکە بە-چاکی هەرە بەرز- لە بەرئێکیان داوەتەوە..ئێمە بۆئەوە دەچین کە مانای بهەشت لە واتەی پەرینەوە هاتووە-لە ئاڤستا پەرینەوە=جنڤات دێت-کە لە عەرەبی بوتە(جنە)واتە جنەت پەیڤێکی کوردییە، فردوس یان Paradise یان پرداسە لە زمانی ئاشوریدا هەموویان هیمای-پرد-و پەرینەوەیان تێدایە، هاوشێوەی فەلسەفەی زرادشتی(3) بەلاَم پێدەچێت ئەم وشانە گشتیان لە بۆچوونی سوڕانەوەی گەردوون وەرگیرابێت وەك چۆن لە پاش زستان بەهار دێت وەك واتەی پەڕینەوە لە تاریکییەوە بۆ ڕۆناکی و جوانی

---

1- دیارکردنی ڕۆژهەلاتن وەك کاری زان و لە دایك بوونی مرۆڤ و ئاژەل سەیرکراوە کە ئێش وژانێکی زۆری لە گەلدایە، بۆیە ناوی دۆژ-دوزەخ-سیفەتی عەزاب دەگەیەنێت، عەزاب-یش لە ئەسەب وسپی بوونی خۆرهەلاَت هاتووە وەکو چۆن **Igony** لە **Igni** شەق کراوە.

2-لە بابلیدا (ایرکالو) ناوێکی تری جهنم بووە-دیارە هەر لایەنێکی گەردوون چەندین ناوی بەرامبەری یەکتریان هەبووە.

3-جنڤات لە ئاڤستا ئەو پردە بووە کە لە نیوان خێرو شەر دایە، پردی ئاهورمزدا(اخرماسەد)-نیوان چیاکانی البرزو ئەو روی قەزوین.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەهـــــار (کۆتـایی وسـەرەتا).. بـەو شـێوەیەیەش لـە پـاش مردنـی مرۆڤـ-کـە مـرۆڤیش لـە سەردەمەکۆنەکاندا لەســـەر هەیکەلی گەردوون وەك شـێوەکەی شلۆڤەکراوە-بۆیـە مـرۆڤیش دەبێت وەك گـەردوون پەڕینـەوەی هـەبێت، ئـەو ڕەمزانـەیش دەربـری ئـەو فەلسـەفەیەن واتـە پەرینـەوە بـۆ جێگـەی هـەرە بـەرز(انهـو ڤهشـتا)، لـە سروشتیشـدا کـە وەك دابەشکردنی گەردوون دابەشکراوە، جێگـەی هـەرە بـەرز جێگـەیێکی خـۆش وسـەرد و فێنـك(زۆزان و فراشـین-فـر+شـین/سـەن-یـان جێگـەی سـوڕانەوەی سـەن-)بـووە واتـە جێگەی خۆشی لە سەران دایە، سەرەرای نەخۆشی واتە سیفەتی دوانەیی خواوەنـد لـە سەردەمە کۆنەکاندا، هەر وەکو نزم-یش سـیفەتی ساردی لـە گەلدایـە(کەنـد و لەنـد و لێواری روبار و بەریشۆ و دەڤشـیو)، بۆیـە جنـات عـدن ی عـەرەبی بەهەشـتیان بـەرەو سیفەتی نزمی بردوە. (1)

9-سەتان/Satan-شەیتان (سود+ئانو): بەرایی لە ئینجیـل دا سـێ جـار نـاوی(سـت)واتـە سـێ جار ژمارە شەش، بە رەمزی شەیتان دێت..

دواتر خواوەندی ڕەش سد/سەت ×دس/تـس> تـاوس (خۆرکـە دەتەیسـێت و دەدرەوشـێتەوە پێچەوانەی سود/سوت و تاریکیە ). (2)

چـۆن سـەد یـا سـود-یـش بەلایـەنێکی گـەردوون(یـەك) دانـراوە..بۆیـە لـە-E-دا وشـەی Evil/اول=شەر/سەر، هەمان ڕامانی سیتان Satanدەدات.

---

1- ا/لـە کتیبـی تێسـتی نوێـدا (ئینجیـل) باسـی جەنـەتێ دەکـات کـە لەسـەر زەمینـە و گـۆلی وان(بـاکوری کوردستان)مەلبەندی ئەو جەنەتەیە، هەروەها لە دینی کوردی ئێزدیشـدا جنـەت و بهەشـت جێگـەی لـە لای (لالش)ە، هەروەها گوتەیەکی تریش هەیە کە دەلێت روبارەکانی دجلەو فورات لە بهەشت سەرچاوە دەگـرن. ب/لـــــە زاری سورچـــــیدا زاراوەی (ڤەســـــیانەوە/ڤەســـــیا)بـــــە مانـــــای حەســـــانەوە دێـــــت. ج/گەلانی ئاری ئاسمانی ڕەشیان-شەو- بەبەرز و بلند داناوە چۆن جوگرافەکەیان هەم بەرزو هەم تاریك وپڕ لێر بووە.

2- بۆ راستی ئەم بۆچوونە لە دینی ئێزدی تاوس (مەلەکی تاوس) بەرامبەری رەمزی شەیتان دێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**اول-یش لە(ول/ئیل-ئیلاهی یەکەم) هاتووە.**

**ستان و سود God-ئابستا(ێب+سوت) کە ماناکانیان لە دابەشکردنی گەردوون وەرگیراون-**
**لایەنی تاریکی وتەمام- اول × elv(الف)وەکو Elf×Fariy-First**
**ئەم ناوانە لە پرو/پێرو-بەرایی گەردوون-ەوە هاتوون.. (1)**

**کە تیپی(ئا-ڤ-ب) جێگۆرکێ دەکەن لە لایەنی تریش دەبێت بە اسر(اخر) کە مەبەست لە ڕۆژە(رەس-رۆز) بەرامبەر (پەر).**

**هەر بەم بۆنەوە لە قورئاندا(هەر ڕۆژێکی خوا بەرامبەر بە هەزار ساڵی ئێوەیە) بەبیرمان دێتەوە-(کل یوم عند ربك الف سنة مما تعدون-ئایەتی قورئان) اول << اور-اڤر(اول= سەر/شەر= Evil: رەمزی شەر.. (2)**

**لە ئاڤستادا بیڤر بە واتەی دوو یان دە هەزار هاتووە کە بی/Bi واتە دوو/دە، ڤر/ڤەر-یش بەرامبەر(اسر<هەزار) دێت، nope/nilope (نوپە/نیلوپە) بە زمانی هوری-دە هەزار- دەبەخشێت.**

| | | |
|---|---|---|
| **سەر-اسەر << هزار** | ← | **بەر-پەر /فەر** |
| × | → | × |
| **رەس** | | **رەب-لف- الف** |

**وشەی هزار لە(اسر) هاتووە بەرامبەر الف لە (رەف/رەب×پەر) لە پەیڤی فەر/پەر کە تیپی ر<ل چووە، رەف< لف-الف چووە ، بۆ گەواهی و سەلماندنی ئەم راستیەیش لە-E-دا Fariy(فیری) و Elf(الف) بە یەك واتە دێن بە رامانی پەری- فریشتە.**

---


**1**-پەر×رەپ/رب<لب(قلب)-جێگەی ڕەتبوونەوەی خۆر(لوفە).

**2**-اسم ابلیس اشتق من الاسم الیوناني دیابولس-دیا-بول (الاله الاري) الصیغة الذي یستعمل دیا فول في اللغات السلافیة- **Devil** فی الانجلیزیة و(دیو) في الکوردیة وهو رمز الشر التي تتمثل ب (اندره) عند الزرادشتیین ،د.جمالرشید—ظهور الکرد في التاریخ-شایانی باسە کە اندرا واتە انو+دورة: دەورکردنەوەی ئاسمان ، دیافول/دیاپول)یش هەر ناوێکی تری ئەو جێگەیە یان جێگە دێو+ فر/پر.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**ئەم یەکگرتنەوەی وشەکان بە هەلکەوت نییە هەروەکو هەلکەوتنیش نییە عەرەبەکان بە کۆمەلە ئەستێرەی-پێرو- دەلێن(ثریا) لە شێوەی سەریا..**




**اورتا-ارد- heart× دور-تار**

**وێنەی ژمارە -16-**

**دنیا( ارد- ارز)**

**کە واتەی دنیا ناوێکی تری ئەردە(ارد-رد) یان جێگەی رەدبوونەوەی ڕۆژ کە:**

**رد×در(دور)**

**لە ئاڤستایش هیترە/هیسرە- هشرە- یان هەزار گاڤ بە واتەی هەزار گاڤ وەکو ژمارە ودووری دێت-سیفەتەکانی شەوو ڕۆژ-**

**پەری-یش(فەری) دەبێتە الف Elf×Fairy واتە-هشـــر ە-بەرامبەر(الف) ڕادەوەستێ – سەر=پەڕ**

**دەکرێت هەر لایەنێکیش لەم لایەنانە چەند سیفەت هەلگرێت، ئەوندە ناویش لێی دروست کرابێت(خودا چەند سیفەتی هەیە ئەوندە ناویشی هەیە) و(هەزار و یەك ناوی خوا).**

10- **ئاڤستا/ئابستا: ئاڤ+سەد/سەت/سوت یان سوداب×بادوس-بوتیسا/بوتیکا، جێگەی هەموو شت پاك دەکاتەوە وجێگەی زانین لە ئاڤستا (پادشا)..**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مانـایێکی تـری ئابسـتا،   ئـاوی دووەم (تیامـە/تمینـە/تـام) کـە هـەردووکیان یـەك مانـا دەدەخشن.(1)

ئاوی سود (زەد/زیاد/-سەودا) لـە ئاڤستادا مانـای زیـادبوون و وزانـین-Study- هەمووشـیان لـە نـاوی ئاسمـانی شـەو(ئـاوی ڕەش وسـیا) وەرگـیراون، کـە تەفسـیرێکی زرادشـتی بـووە بـۆ سیفەتەکانی ئاسمانی شەو..ئەو ئاسمانەی بە جێگەی خوا دانراوە و ناوی خودا-یـش هـەر لـە وەوە وەرگیراوە:

سد-خد(خود/خودا-God) هەروەکو اهور-مزدا(مذسد < مزد)ە.. (2)

سد=سب(شەب/شەو) مەدسەب <مذهب(بەد مەزەب واتـە خـاوەنی دینـی ڕەش وخـراب) کـە ئەو وشەو و زاراوانە گەشەیان پێکراوە ..

له کۆتاییدا قولستا/کتێبی پیرۆزی ماندایی(قەولی خودا)دێت.

11- عید/عەید/ئید: کە وشەیێکی ئاوەژووکردنی مانای تەمامییـە(دەهـ-دو-دەڤ-تـوپ-دوبـا..) له دوایی هەر کۆتایی و دواییێکدا رەتبوونەوە هەیە، هاتنەوە و رەتبوونەوەی خۆر.

له هەر بەیانییێك یا هاتنەوە و گەڕانەوەی سال له زستانا(چله <سەرە/چوار). (3)

---

1- تەمینە/تەهمینە،مەبەست لە چیروك وئەفسانەی روستەم و تەمینە وسوهراب .

2-دەکرێ پەرینەوە لە ئاگری جەهنم (اسر-اگر) =گبر/ئاگر دەربازبوون بە مانای لە خۆراوا(خرب) وچوون بۆ لای ئاسمانی شەو (خوا) پیرۆزبوون و گەرانەوە لێی دروست کرابێت، چۆن لەوێ گەرانەوە و رەتبوونەوەی خۆرە(مانەوەو بەردەوامی=دوم ) یاخو ژیانێکی تر بۆ مردووان دەبێت، دەکرێ لە ئایینەکانی دواتر هەر لەو فەلسەفەیە وەرگیرابێت(جێگەی جەحیم لای سۆمەریەکان لە خۆراوا بووە).

3- لای کوردی ئێزدی عید و جەژنەکانیان لە چلەی زستان وچلەی هاوینـدا دێن ، جگە لەوەیش چوارشەممەی سوور لە ناوەندی بەهاردا دێت ،(سەر + سەمە + سور) واتە ناوی سەرێکی ئاسمانە-چوار شەممەی سوور-بەرامبەر جەژنی جەمایێ لە مانگی دەهی پاییزدا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەگەر تەماشابکەین لە دوایی ئەو سەرانە، هەموویان کرانـە بـە عیـدو جـەژن و کریسـماس لە ناو ئایینە جیاجیاکان.. عیدی فتر(جێگەی ف+دەر-دور) یان شـەق و(ڤـدەر/ڤـەدەر/وەدەر-کەتن) بەرامبەر بە بایرۆم =خۆرهەڵات وپربوون.

عیدی فسح یاخو فێسی نوێ - ڤاژی/واژووبوون

عیدی قوربان (قرب/خرب/غرب) نزیکبوونەوەی خۆر لە ئەرد و ئاو(خۆراوا).

ڕەنگی سووری خـۆراوایش ئیلـهامی ڕەنگـی خـوێن دەدات، کـە مـرۆڤیش خـۆی بـە نوێنـەری خـودا دانـاوە، بۆیـە کـردەی لـە زارکردنـەوەی ئـەنجام داوە و خـوێنی ڕشـتووە(قوربـانی کردن/سەرِبرانی ئاژەل) نموونەی ئەو نواندنەوەیە لە جەژنی قورباندا.

12- ئیسلام/سلم:لە لایەنی مورفۆلۆجییەوە لەزاراوەی( سورم ) وەرگیراوە یاخو ڕەنگی نیوان ڕەش وسپی-شەو و ڕۆژ-لە بەیانیدا بووە، باسەرە-یش بە(قبة الاسلام) دانراوە، هەروا (بوسرمان<بوسلمان /موسلمان).. لە خۆرایش نەگوتراوە ئیسلام دینی وەسەتە(وسط).

13- مەسیحی: یان ماس×سام بە واتەی دینی خۆراوا-سرب- بووە بە سەلب <صلب وصلیب(سەلب لە سرب/سەرێب هاتووە، سەلب زاراوەکە بۆ خۆری خۆراوا بەکارهێنراوە) (مسیحی = صلیبی)/صخر ناوێکی تری مەسیحە،کریسماس-یش(خورس+ماس) یان ئەوان ئەو جێگەیان بە ئەد/عید) لە دایك بوون وگەرانەوەوە داناوە.. (1)

---

1- ماس-ماشو واتەی ڕۆژاوا دەدات لە داستانی گلگامشدا، خودی پەیڤەکە لە مانای(ما+س) هاتووە-کۆی ئاو-(مادو/ماسو/مازو) کە لەوێ جێگەی مردنی خۆر-بووە ،(مەسیە <مەسیح) لە ئاڤستایش مرتیە ومەشیە واتەی مردن دەدەن.لە کتێبی هاری ساکز/مەزنی بابل-کۆنە زەخرەفەیێك نەخشکراوە لەساڵی1300 ز، لای jacques de baerze لاپەرە( 506)کە بە شیعاری کەنیسە دانراوە، بە باشی پێوەندی نێوان خۆری خۆراوا و مەسیحیەت(تیشکەکانی لە سەر صەلیب رەمزی خۆر)هەروەها (رەسمی مانگ وئەستێرەو شەیتانی بالدار) دەردەکەوێت..شایانی باسە پێشتر لە ئەوروپا سەری سال لە 21مارس دا بووە.

(لە تێستی نوێ-کتێبی پیرۆز-دا هاتووە کاتێ هەندێ ماگی/مجوس لە شەرق دێن بۆ بینینی مەسیح-ی منداڵ و مزگینی بە ئەو خەڵکە ڕادەگەیێنین و دەڵێن ئێمە ئاگداری پەیدابوونی ئەو مەلیکە بووین کە ئەستێرەیێك لە ئاسماندا هەڵات و زانیمان لە کوێ پەیدادەبێت بۆیە ئێمە هاتوینەتە ئێرە بۆ پیرۆزبایی)-دیارە هەر ئەوانیشبوون ڕۆژی لە دایکبونی مەسیحیان دانا و بە پێی لێدوانی مەسیحیەکان خۆیان. (1)

---

1-لە سەردەمی کۆندا ئەستێرەکان وەك روحی خواوەند و چاکەکان تەماشائەکران، ئیستاش کە یەکێك بە ناووبانگ بێت پێی دەڵێن ئەستێرەیێکی گەشە لە ئاسماندا یاخو کاتێ کە یەکێ بمرێت دەڵێن ئەستێرەی ڕژا و کوژایەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## سەردەمی زمان شۆڕشێکی بە خۆیەوە بینی

## کاتێ-R-بەرەو-L- ڕۆیشت

**(ئـەم پرۆسـە زمانەوانییـە بـۆ سـەردەمی پـاش کتێبـی پـیرۆزی ئاڤستا دەگەڕێتـەوە، چـۆن کتێبی ئاڤستا هیچ تیپێکی-ل-ی تیادا نەبووە):**

| | | | |
|---|---|---|---|
| هۆر (خۆر) | – | helios هولیوس | |
| ڕەفت | – | left | |
| مێر | – | male | |
| drop | – | دلۆپ | |
| پرشی | – | پەلخی | (1) |
| نەسر(نوێ سەر) | – | نەسل | |
| ڕکێف | – | لەغاڤـ/ لەخاڤـ | (2) |
| fresh | – | flash | (3) |
| مار | – | مەلا | (4) |
| مغرب | – | مقلب/مقلوب | (5) |
| در/ارد | – | دل(heart - ارد) | (6) |

---

1- بێجگە لە وەرچەرخانی-ر-ل-، ش-یش بەرەو -خ- چووە

2-ڕکێف ئەو ڤایشەیە کە سەر و لامی(لەخاڤـ)ی پێرۆی وەك ئەسپ وماین پێی دەبەستنەوە.

3-**fresh**: نوێ،**flash**: برسکانەوە لە سیفەتی خۆرهەڵات وەرگیراوە کە ڕۆژ نوێ یە ودەدرەوشێتەوە.

4-مار: ناوی دینی فلەییە کە بوسلمانان کردوویانە بە مەلا-رتبەی دینی-

5-دیارە چیای مەقلوب (مادخرب)نزیکی موسل، مادەکان ناویان لێناوە چونکە ڕۆژاوای ولاتەکەیان بووە.

6- ئەو پەیڤانە لە فەلسەفەی دانانی(ارد)وەك ناوەند(دل)ی گەردوون وەرگیراون..ئێمـەی سورچـی بـە ئـەرد دەلێین هەرد.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | | |
|---|---|---|---|
| رەس/ rise | – | ليس | (1) |
| فرى | – | fly | |
| غر/غيرە | – | غل=كەرب | |
| پر /پرد | – | پول(وەك سەر پول زەهاب) | |
| رەخ/رەخوم | – | لك-لاخ- لخوم(لا/ئال) | (2) |
| برق | – | بلق-بلۆق | |
| رۆيى | – | لوا (زارى هەورامى) | |
| مەرهەم | – | مەلحەم | |
| سەمەر | – | سەمال/شمال(شەم/شام+ئال) | (3) |
| فرت/ فرتك | – | vault | |
| ئار | – | ئار<ئال- ال < اهل | |
| گبر giber | – | گيبل | (4) |
| خورسەرى(فارسى) | – | خولى سەر | (5) |

---

1- ليس : هێلين يا جێگەى مريشك لە سەر بەرزاييێك.

2-لخوم : ناوى لايەنەكانى خۆرهەلآت و خۆراواى خۆرە ، لخوم-لحم(ڕەنگى سوورى)-ئەو لەخوم (راناوى كەسى دووەمى كۆى ئاشورى لە عەرەبيدا بووەتە-لكم-)، لك-ى كورديش هەر رەخ دێت.

3- سمر-صمير: ناوى سورى ڕۆژاوا بووە لە كۆندا، شمال-يش لاى شام بووە بە نسبەت عەرەبى دورگەى عەرەبييەوە.

4-گبر: ناوى ئاگرە لە سۆمەرى كە لە ناو-گر/ئاگر-ى كوردى وەرگيراوە، لە بابليدا گبر بووەتە گيبل(خواوەندى ئاگر)وەك چۆن خبر(خابور) بووەتە خابول، نموونەى دانانى تيپى ناوبڕ زۆر هەن وەك:تل<تپل (پەنجە)، مەد<موبت(موبت پەهلەوى-مەد پەهلەوى)، سور<سمر/صمير.

5-خورسەرى واتە بەدو خراب، ئەمەش لە سيفەتى خۆراوا بوون وەرگيراوە كە خۆر دەگاتە سەر و سوورى خۆراوا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سیمریا – شمالیا

خور س – خلاس (خورس/خلاس بوونی ڕۆژ)

arm – علم-علامە

ڕۆن(شل) – لین

ڕەنگ – لون (تا روناکی نەبێت ڕەنگ نابێ)

پر/پور – بول(زازایی)

forge – false(قەلپ)

بەرئاڤـ – بالاڤـ

دەر-کەتن – گل/گلە

پەریس/پەرێز – polis (کاری پولیس پاراستنە)

ئەرێ – هل (ئامرازی کوردی عەرەبی پسیار)

کەرم(شرین) – کەلام (شەکر شکاندن)

بەرە/ pyre(سپی) – بەلە ،وەك بەلەروسیا/روسیای سپی

پەرەڤان – پالەڤان (1)

مەرەغو-مر – مەل (2)

گر(مەزن) – گل، وەك گل گامش، نینکال(خاتونی مەزن)

ئار(هور) – حەل

شارەزۆر (سور) – زەلم (سورم)

یا ریت – یالیت (ئامرازی تەمەنای عەرەبی)

cover – کەڤل= بەرگ

---

1- پەرەڤان جۆرە تەرێکی وەك عقاب بووە، کە سیفەتی بەهێزی ئەو بۆ پەیڤی پالەڤان براوە.

2- مر-مریشك-سەرەمر-مەل(مەلەیی) چۆن لە کۆندا ئاو و هەوا یەك شت بووینە-فڕین لە هەوا وەکو مەلەیی وابووە لە ناو ئاودا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | | |
|---|---|---|---|
| star | – | stella | |
| سوراخپا | – | سلحفاه (سوراخپا له ئاڤستا) | |
| کرێل(هەورامی) | – | کلیل | |
| دورسەر(داوی) | – | dorsal –داوی له زمانی-E- دا | (1) |
| گران | – | کەیلان (گران، مەزنی سیفەتی جوانی بووه) | |
| بەردان(ئازادکردن) | – | بەل(فارسی)، بەلە-یش بلاوبوونەوەیه بە کوردی | |
| گەروو | – | گەلو: حلق(فارسی) | |
| خوراب(غرب) | – | خەلاب (ڕۆژاوا دیمەنی جوانه) | |
| جبرالتەر | – | جبل تاریق | (2) |
| دورمیز | – | دولیز < تلمیذ | (3) |
| نهر | – | نیل | |
| شەنگار | – | شەنگال | |
| ئەرباب | – | ئیلباب(اله الحرب)، ئەرباب-ی کوردی: دەم رەپ | |

---

1- له فەلسەفەی زرادشتیدا هەر شتێ گەیشته دوایی(سەر) دەور دەکاتەوه بۆیه سەر (کۆتایی وسەرەتا) بووه.

2- **جبل** تاریق له کۆتایی و دامێنی ئەسپانیا، ئەسڵی ناوەکه له (جبل تارس) هاتووه، به پێی ئەو فەلسەفەی باسمان کرد له تاریس(تاریکی) رەد و دەوربوونەوه دێت، تارس= دورس (سورانەوه)، دەرویش-یش ئەو مرۆڤەیه که دەگەرێ ودەسوڕێتەوه-تارس: ئاوی کوتایی وشەو..دراوسێ-یش واته خانووی دەوروبەر.

3- درمیز: له لای دینی ماندائی به شاگردی کاهنی گەوره دەگوترێت، مانای حەرفی وشەکەیش دورکردنەوەی ئاوه له ئاسماندا-دورس<درس، ماس-یش کۆی ئاوه.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پیر – پیل (هوری)

خابور – خابول

مورس(نزمی خۆر) – ملس(ملساندن: مات ودانشتن)

گرۆڤر(بازنەی) – global

ترب – تلپ (1)

غرور – غلور

پەرە/ پارە – پول (پارەوشتی درەوشاوە)

قیری/قاری – کالین/گالە گال-call

هەژار – (هزیل)

سور/سەر – سال (لە سوررانەوە هاتووە- سار-بە شێوەی زازایی)

ئاپور/ئاپورە(پر) – وابل(سیفەتی زۆری) (2)

بەحر – بەحل(زمانی ئەندەنوسی)

---

1- ترب: ئەم ناوە لە(ذرب) هاتووە، کە ئەمەی دوایی بووەتە دوو پەیڤی سەرەکی(سرب-درب/ترب) کە خۆر ئاوا دەبێ دەچێتە نێو جێگاییێك بە گۆری(قبر)ی ئەو دانراوە، قەبریش لە(خبر) هاتووە (ئەو روبار و ئاوەی لە سۆمەریدا مردووان لێی دەپەرنەوە)، گۆر-یش هەر هاوچەشنی ئەوانە یان سەرچاوەیانە، لە کورمانجی ژووروش (ترب) بە واتەی گۆر دێت.. بەلاّم (تلپ) لە لای زاری سورچی بە دوو مانا دێت:

ا/ ئەو قوڕ و هەڕیەی لە ژێر ئاوی پیسدا.

ب/ ئەو خلتە گەرم وسوربووەوەی لە ژێر ڕوونی سوورکراوە دەمێنێتەوە..کە ئەم هەردووو ڕامانە واتەی بن وگەرم وخراپی دەبەخشن، بۆیە ئەوان کە سەرزەنشتی پیاوێکی خراپ دەکەن پێی دەلێن بە خوا دەچیە ناو تلپێ(مەبەست لە جەهنەمی گەرم وخراپە).

2-لە کوردی وەك ئاپورەی خەلك، لە عەرەبی وەك وابل من النیران.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | | |
|---|---|---|---|
| هورگیره | – | هەلگره | (1) |
| سورس(سور) | – | سلوق | (2) |
| حر/حار | – | حیل | (3) |
| کهرکتاس | – | کەلەباب | (4) |
| ارس/ارض- ارك | – | هلك | (5) |
| سورخ(سوور) | – | سلوق(سلوقیه= السو | (6) |
| Tigres – تیگرا | – | دقله (دجله) | |
| بر (ارد/ووشکایی) | – | بل، بله | |
| سەر(سەراپیتك) | – | ceil (سقف) | |
| اسر | – | اصل | |
| سکور | – | سکل (سیفەتی بازنەیی) | |
| دوره | – | توالت | |
| دورسم | – | تلسم-ترجوم/ تەرجمە-یش وەرگێرانە | |

---

1- هورگیره واته هەلگره به زاری هەورامی :

تەوەنه رەقێ هامنێ هورگیره پەی زمستانێ ، واته :بەردە رەقەی هاوین هەلیگره بۆ زستان.

2- مدن العراق القدیمة-دروثی مکای.

3-حیله حیلی ماین بۆ ئەسپ (گەرم بوونی)، گەرم بوونیش له سورانەوه دێت، له کوردیدا (فێل)یش (فێل=حیله) که ڕاستی واتەکه دەردەخاتەوه .

4-کهرکتاس: وشەیێکی ئاڤستاییه به واتەی (ڕوونابین):کەلەباب دێت یان ناوی کهرکتاس له سیفەتی دیکلی پێشبینیکەری ڕووناکی وەرگیراوه.

5- علم الارض : علم الهلك-کتیبی مدن العراق القدیمة- دروثی مکای.

6- مدن العراق القدیمة-دروثی مکای.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گەریا – گیلا (هەورامی)

قەرە(ڕەش) – قەل

بەڕو – بەلو(فارسی) : بلوط(عارەبی)

تحویر – تحویل

برهند(هندی) – بلند

pinkara – pingala: قاوەیی وسوور (ئاری/میتانی)

تار(وتر) – تالە (داوێکی مویَ)

ئەرەدنا – ئەلادنا

کەنار – کەنال (ئاو=کەنال، ئاویش کۆتاییە وکەنارە)

ئاری – عالی (ئیل-یش ناوی الە-ی سریانییە)

تور(تورکی) – طولە (ئاشوری): چیا

فرق – فلق

کرد – کلد

خرد =نەمر – خلد/خالد

تار(موسیقە) – تەل (دەنگی موسیقا لە تەل/تێل دەرەچێت)

بەرایی – بلش: بدأ،pre

فرەك(سورانەوە) – فەلەك

پرس/پیرۆز(زۆری) – plus

دەر/دیار – تل/تلّ-بەرزی

round – رەڤەند=کۆچەر، رەڤەند=تان، لەوەندی(سیفەتی سورانەوەی لە هەموویان دا)

روث – لوث



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | |
|---|---|---|
| **تور-تورك** | – | **تێله وتور=بار** |
| **فرتۆنه/فەرتەنە** | – | **فەلەتان** |
| **خور/خر** | – | **خۆل(دۆره)، خڕوخۆل-یش بۆ یەك مەبەست دێن** |
| **پەڕ** | – | **بال** |
| **غەیری** | – | **غول بوون(تاریك و مژاوی)** |
| **سرب** | – | **سلب(ونبوونی خۆر وسیفەتی خراب/سالب)** |
| **سوخره** | – | **شغل** |



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# ڕێبازی وەرچەرخانی تیپ

## نەخشەی پ/ب، ڤ/ف، و/ه

دەکرێ ئەم نەخشەیە وەك قانونێك بێت بۆ وشەکان لە زمانی جیاجیا کە پەیڤەکان یەکتر دەگرنەوە لە ماناکانیاندا:

| پ/ب | ڤ/ف | و/ه |
|---|---|---|
| pyre | fire | ئاور (1) |
| پەهلەوی | فەهلەوی | (ئەلەوی) (2) |
| lip | لێڤ | لێو |
| tap | دەڤ | دەو/دەم |
| باب | باڤ | باو |
| pader | father | وادەر/دەر:باب |
| ئاباد | ئاڤا | ئاوا |
| داب | داڤ | داو |
| ئاب | ئاڤ | ئاو |
| پر | full <فر | all <خر-هر |
| چەپ | چەڤ-چڤێر | چەوت |
| paradise ، پرداسە | فردوس | ئەرتوس (3) |
| بهەشت | ڤهشتا | وەهەشت (4) |

---

1- pyreبە واتەی ئاگرینە لە-E-دا، هەروەها بروسی لە کوردیدا، پێرو-ی کوردی(ئەستێرە).

2-دەکرێ لەبەر یەکگرتنەوەی ئەم ناوە لە گەل(علی)، عەلی خۆشەویست بوبێت، چۆن هەموو پەهلەوی وفەهلەوی لەسەر مەزهەبی شیعەن. 3-پرداسە (ئاشوری)، ئەرتوس/ئەرتوش شارێکی باکورە بە تایبەت لە هەندێ سەرچاوە هاتووە کە بهەشت لە باکوری کوردستانە. 4- ڤهشتا-ی ئاڤستا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | |
|---|---|---|
| شەب | شەڤ | شەو |
| بەنگ | فەنگ/تڤەنگ | (1) |
| بن | fin | این-هند (2) |
| هبت(سبت/سبع) | هەفت | سەت(ئەفت) (3) |
| خراب | خرف-خەلەفاو | خرا |
| nabt (ئاڤستا) | نەڤە | نەوە (4) |
| کەپەن | کفن | gown (5) |
| سپلە | سفلە(اسفل) | زۆلە |
| قەبقاس | قەفقاس | قوقاز |

---

1-بەنك/ بانگ وەك big bang لە Eدا.

2-fin دوایی لە -E-دا، فینیقی-یش لە فینس وەرگیراوە.

3-سبت وسبع و افت، لە رامانی خلاسبوونی تاریکی و تەمی (شەو) وەرگیراوە چۆن واتەی سپییاتیان تێدایە: سپ > سبع/صبح/سبێ-سب-سف>seven ، لە زمانی هندیشدا بە هەفت دەلێن (سەت).

4-لە ئاڤستا تیپی ئا-ڤ-ب، بە تیپی دەسپێکی دانراون.

5-هەر سێیان لە کوردی وعەربی وE دا لە واتەی بەرگداپوشینی جەستە ی مرۆڤدا هاوبەشن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | |
|---|---|---|
| حب (حەباند) | ئەڤی /ئەڤین/ئەڤاند | |
| سپ | سف-زیف | - (1) |
| بەرایی(praya-ئاڤستا) | first-هەلست= زۆرە-فرە | - (2) |
| پلاتو | افلاتون | - |
| لیبس(لەب+س) | لفظ(عەرەبی) | لەوزە(ئاواز)-لاڤژە |
| گربیت(ئاڤستا) | گرفتن | گرتن |
| پەدە/ پەپهpethe | veda(زانین) | - |
| بەران | varisna (ئاڤستا) | - |
| کاپر(ئاشوری) | کافر | گاور |
| دەمانجە | تفەنگ | دەنگ (3) |
| بیرە | ڤیرە/ڤەرە | وەرە |
| bad | فهت/فهێت | odd(خەریپ) (4) |
| ابرامان | اڤرامان | هەورامان |
| با/باد | ڤایو (ئاڤستا)-هەوا | وا(هەورامی) |
| قەبارە | قەڤارە | قەوارە |
| بە | ڤە | و-واوی عەتف (5) |

---

1- زاڤا و زەفە-یش هەر لەو توخمەن.

2- لە ئاڤستادا وشەی-فراتوم-بە یەکەم هاتووە، دەکرێ ناوی روباری(فرات)یش هەر لەوەوە وەرگیرابێت بە تایبەت دجلە/تیگرا/دقل/Tigrs واتەی دوو روبار(دووچلە) دەدات.

3-گەروو دەبانجە لە دەروازەی نینەوا-جێی شەر= ئاشور(سەر جێگەی دەنگە).

4-هەر سێ وشەکە هاوبەشن لە بۆچوونی دانانی ئاو و تاریکی بە لایەنی خوارەوەی گەردوون ئەوجا بە خراپی (خواروو-خوراب/خراب)-بود(پەدە)-فوت(foot)-اود(ادوو/اتو-دوو).

5-لە زاری هۆزی هەرکیدا (بە) بە مشەیی بەکاردێت لە نێوان وشەکاندا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | |
|---|---|---|
| بەس | فەس-face | ئەس-هوش (1) |
| (تەبی) | دڤیٚ | دەویٚ (2) |
| پەیدا(بود) | فایدە/ڤیٚدە | عید-add (3) |
| ضبط/زەبت | زەڤت | زەوت (4) |
| بەرخ | فەرخ | وەرك(لوری) |
| سپی /سفید | سفید-ساف | ساهی |
| روبا(فارسی) | روڤی | ریٚوی |
| لباد | لڤا | لوا |
| lob | لف/ لۆفە | لوی(عەرەبی) |
| شەبەق | شەفەق | شەوق |
| کەبا-قبچ | کەڤۆك | کەو/کەووۆك |

---

1- لە نیٚوان شەو و ڕۆژدا وەستانیٚك دانراوە کە حساب (سب/أسب) لەویٚ دەست پیٚدەکاتەوە بۆیە ئەم وشانە ماناییٚکی هاوبەشی ڕاوەستانیان تیٚدایە (ڤەسیان/هەسانەوە/سیانەوە)، بەلاٚم لە ئەسلدا ئەو وەستانە لە نیوە شەو بووە (سەب=شەب/شەو).

2-(تەبی)بە لەهجەی عەرەبی کویٚتی بەواتەی (دەتەویٚ) کوردی یە.

3-مەبەست لە دواییە، دوایش دەبیٚت بە هات-add-عید (سیفەتی دوانەیی).

4-کە تاریکی بە مانای گرتن هاتووە وەکو(مانگ گیران) بۆیە وشەی سەد/سود/سوت بەرەو زەوت-زەفت-ضبط چووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## کەوتنی د/ت

کەوتنی د/ت لە وشەکان، مانای پەیڤ ناگۆڕێ و ئەمەیش بەو مانایەیە کە ئەم تیپە وەك تیپێکی زیاد سەیربکرێت کە لە ئەسڵی واتەی تەواوی دوایی/داوی و دوانەیی هاتووە.

| | |
|---|---|
| ماد-مەد | ما/مێ-ماء/مایە (1) |
| پشت | پاش |
| ئەرد | ئار/وار |
| هیند(هیندکاری) | هین(فێر) (2) |
| پرد | پر |
| ادد/توتو | دوو |
| ئوستاد | وەستا/هۆستا |
| پبد/پیدە/بید | پێ/بی bi (3) |
| ترواده | troy |
| خەندە | خەنە |
| سود | سیا |

---

1-ما-مێ(ماد)ی کوردی وفارسی ڕەمزی مێینەن، مێینەیش بە زیادبوون(سود/سەد)دانراوە، کە لە ئەسلدا باس لە ئاوە(ئابس/ئاڤس-ئابسو)، زیادبوونیش لە بۆچوونی چوونی خۆر بۆ ناو ئاو وەرگیراوە کە رامانی مردنی ڕۆژیش دەدات، بۆیە هەر لەو پەیڤەوە (مات-مت/بێ دەنگ/mute)، هەروا(مات:مـردن)ی عـەرەبی و(مەتیا:مردن)ی هندی لەوەوە هاتوون، دیسان ماددەشـت= ماهیدەشت: جێگەی ماد=جێگەی ئاو، چۆن ولاتی کورد جێگەو سەرچاوەی ئاوبووە.

2-فێربوون لە کۆتاییدایە-هیند-هەر لەوێیش(فـڕ)و خولانـەوە دەبێت، واتـە لـە ئەسڵی خولانـەوەی خـۆر وگەڕانەوەی لە دەریای هەموو زانستەکان(سوداب/سدب x بدس>بدکە).دەورە-یش هەر فێربوونە.

3- (بی) واتە ژمارە دوو وەك بیست=دووسەت لە فارسیدا، هەروەها بایسکل.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | |
|---|---|
| ئاد(ڕاناوی کەسی سێیەم-هەورامی) | ئا < ئەو (1) |
| land | لات-لانە |
| سەرد/سارد | سار |
| هات | هاو |
| bird | پەر (2) |
| بەغداد | بەغا/بەغدا (3) |
| داد | دا |
| شاد | شا |
| جودا | جیا/جهێ |
| and | یان-ئان (4) |
| utu < at-ad | و-u-واوی عەتف (5) |
| باد | با |
| خود | خۆ/خا |
| لباد | لڤا |
| مەرد | مرۆ /مێر |
| خرت(سەرخرتە) | خر(سەرخڕ) |

---

1- لە-Eدا ئەو ڕاناوە بووەتە he و لە عەرەبی (هو).

2- ناوی bird لە ڕەگی پەر/بەر-فەر(لە ئەسڵی فەلسەفەی فڕینی خۆر لە سپێدەدا واتە بەرزبوونەوەی).

3-ناوی بەغدا لە بەغ+داد (بەغ/بەگ:خودا+داد/دا= عطاء اللّه).

4-and لە ڕەگەزی (end/هند)ەوەیە کە ڕۆژ ئاوا دەبێ، دەبێت بە دوایی-هند-جێگەی (ئانو) فێسێکی نوێ.

5-atu میدی بەرەو at-ad ی پەهلەوی چووە، دواتر تەنها (U) لێی ماوەتەوە- باشە کورد ئەم atu یە بەرامبەر-واوی عەتف بە کار بێنن-



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | |
|---|---|---|
| پەدە (ئاڤستا) | پێ/پا | (1) |
| رد (رومەت) | روو | |
| امد (اباد) < عبد | ئەمە=دیل | |
| گەرد | گەل-دگەل | |
| خورت | خور-کور | |
| zirta | زار | (2) |
| cold-سارد | cool – سار | |
| part-پرت | پار/پرتك | |
| مارد | مار | |
| road | رێ/راه | |
| سدا/صدا | سایە (دەنگ) | |
| بەرد | بەر | |
| کورد | کور (زازایی) | |
| سرد-سەرەتا | سەر | |
| هورد/ورد | هور-ئار | |
| کرد | کر | |
| برد | بر | |
| مرد | مر | |
| کێرد/کارد | کێر | |
| بلوت/بلوط | بەلو(فارسی) =بەرو | |

---

1-لە کوردیدا-پێدا- واتەی خواروو دەبەخشێت، مریەمخان دەسترێت:

مالا وەسۆ لێ لێ لێ ژ مالا پێدا/وێدا(ئەدا= خواروو)..لە عەرەبیدا (هدَ) واتەی بە ئەرد دادان.

2- zirta واتە دڵ بە(ئاڤستایی) بەرامبەر بە سرتا/سەرەتا-ی کوردی، جێگەی (دور/در<دل)دەور کردنەوەی گەردوون کە ئەردە= heart کە ئەرد و هێرت فۆنەتیکیان وەك یەکە(قانونی سروشت لە کۆندا کە زمان لە سەر بنەماکانی دروست بووە)، تا سەردەمی گریکیەکانیش ئەرد سەنتەری گەردوون بووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەلاّم لە هەندێ حالەتدا تیپی(د<ت) چووە و بووەتە بەشێك لە وشەكە، هەرچەندە دەتوانرێت (ت)ەكەی لێی بكەینەوە و بۆ مانایێكی نزیك لەو پەیڤەوە :

قص/قضی/گەز-كوشت، رس <راست، بەس <بەست، چێژ- چێشت، دەس <دەست (كۆتایی)، مەش/ماشو/مش < مشت ، نۆ/نەھ < نۆت..(1)

---

1-(ت)ەكەی پەیڤی نۆت لە(د)ی تەواوی رەمزی(دە) وەرگیراوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**ئەلفی سەرەتایی پەیف وەك پێشگر prefix-نیشانەی ئەرێنی، ئا/ئە-ی کوردی**

فرەیدوون = افریدوون/ئەفریدوون

ڤاژی = ئاوەژوو

دەم = ئادەم (نێر)

رام = ئارام

مەد = ئامەد

سەر = ئاسەر(اسور-اشور)، لەکوردی ئاسر بووەتە هوشیار (1)

رەس = ئارەس-ئاراس

رەخ-رەق = ئارەخ-ئارەق<ئیراق (2)

با-باب = اب(باوك وەك دەرگای ماله/باب)

گر = ئاگر

فر = ئافر/ئاڤڕ(سوڕانەوی سەر) ڤڕ لەخۆدان-یش واتە سوڕانەوە بە توندی

زەر/سەر/سفرzero = اصفر (لە ئەسڵی ئاسۆی سور و زەر)

خڕ = آخر (گرۆوڤری-globalلە ئاڤستا کۆتایی بووە)

تە/تو = ئەتو(راناو) (3)

صمیر =ئەزمیر(اسمیرا)-صمیربە مانای خۆراوا هاتووە

بن = ابن (کۆتایی) (4)

مور = ئامور

---

1- لە بابلیدا سەر-زەر (زەر بابلی:سەرۆکی بابلی) دواتر بووەتە شرو وەك شرۆکین.

2- ناوی ئەرخو/ئاراك لە ناوە کۆنەکانی عیراقن، دەکرێ ئەمانە لە اورکا/وەرکا وەوەرگیرابن و ناوی کۆنی عراق-یش بە مانای سەری ئاو یا دەریاوە هاتووە- راس/اراس/اراك.

3- لە بابلیدا-دوو-هەر بە واتەی کوردی ئیستا بە کارهێنراوە واتە ژمارە(2)، دیسان وەك ڕاناوی کەسی دووەمی تاك، اتو(بابلی)= تو/ئەتو-ی کوردی.

4-کورد دەلێت بێ دووایە واتە بێ منالە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | |
|---|---|---|
| رەد | = ئەرد(سەنتەری گەردوون) | |
| بەس-بەشك-بیض | = ابیض | |
| سد-زد | = ئەسد-ئەزد (ئەزدان/یەزدان= سود <خود=God) | |
| ستێر | = ئەستێرە | |
| سد(سەد/سەت) | = ئەسد(ناوی خوا-اسدان<ئەزدان/یەزدان) | (1) |

نس-نز/ناز( تاریکی و ئەرد)= ئەنداز وەك خاکەناز/خاکە ئەنداز

| | | |
|---|---|---|
| تار | = وتر(بزوێنی-و/لە/ئا-دروست بووە) | |
| نینی | = انانا | (2) |
| لب/لیڤ/لەب | = الف-ئەلفا(ئەلفا واتە لێو لە گریکی کۆندا،لە-Eدا lip ) | |
| ژار | = هەژار | |
| نها/نهو | = ئانها/ئانا | |
| ژبەر(کریە) | = ئەزبەر | |
| گاڤ | = هەنگاڤ | |

nudge(ئانشك لێدان) لە-E-دا= ئانیشك ،خودی ناوەکە لە سیفەتی نوشتانەوە هاتووە.

| | |
|---|---|
| ستە | = اشتە (ئاشوری) واتە-6-لە هندیدا سەت ژمارەی هەفتە. |
| بیت/با | = اباد |
| شاردنەوە | = هەشاردانەوە (لە ئەسڵی ئەسر:سەری ڕۆژاوابوون) |

---

1- ناوی سد-بووەتە خود/ God کە ناوی خوایە وەکو چۆن (اسد)یش دەبێتە ناوی ئەسدان/یەزدان (هەر دوکیان لایەنی تاریکی گەردوونن-جێگەی خواوەندەکان) بەرامبەر بە سەتان/سێتان، واتە سود+ئانو(خوای ڕەش)، ئەو ڕەنگە ڕەشە پیروزە لای کوردی ئەزدی-نوێبوونەوە لەوێیە-هەروا ئەسد<ئەکیدو جەژنی سەری ساڵی سۆمەری بووە.

2- ئەنانا-خواوەندی ژن و مێینە لە کوردستان پەرستراوە دواتر بۆ(اوروك)ی سۆمەری براوە بە هۆی کۆچکردنی خەلکی ژوورووی ولات بۆ ژێری ولات، هەروا ناوی نینی(ننای)یش لە چاخی هێلینی، ئەنانا و سین-یش دوو خواوەندی کوتیوم بوون کە هیماکانی ڕۆژو مانگ بوونە لەو سەردەمانەدا-دیارە ناوی ڕۆژو ئاو و ژن لە یەکتر وەرگیراون وەکو خۆر=ڕۆژ،خۆر = ئاو.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

س-بەرەو-ش- چووە

| | | |
|---|---|---|
| سنە: سال | = شنە(عبرییەکان زۆربەی سینەکان دەکەنە -ش) | |
| سوسە | = شوش | |
| اسور | = ئاشور | |
| اسره(10) | = عشرة (اسره بە ئاشوری) | (1) |
| سارە(ئاشوری) | = شهر | |
| send | = شاند | |
| سور | = شور | |
| سەمال | = شمال وەك سیمالایا- شیمالایا- هیمالایا | |
| سام | = شام- شیم | (2) |
| سەم | = شەمگاه (ئیوارە بە فارسی) | |
| باسەر/باسەرە | = باشور | (3) |
| مەسیح | = مەشیخە | |
| مست | = مشت | |
| energy:zing | = شەنگ | |
| رس-راس | = ڕەش-ڕەشە | (4) |
| خسر | = خشر: بێ بەر | |
| قس/قسیس | = کەشیش | |
| برس | = برش-بەریشو | |

سرب = شرب (ئەمەو وشەی سەرەوە پێچەوانەی یەکترن و مانای ئاو لە ئاڤستا و کوردی و عەرەبی دەدەن.

---

1- اسره(10)ڕەمزی تەواوییە (سەری کوردی) بەرامبەر بە دەه/دەهەم و دوو، کە لە توخمی تیامە تهوم-ی سۆمەرین.

2- ئاشور بن شیم، دانەری ئاشور.

3- بەسرا-باسەرە-بوسەڵ-بێ سەرێ-بوسێلێ- بجیل.

4- رەسیدەن- فارسی هەر لەوەوە هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سەت = شەت (1)

سرب = شرب (سەراب)، شەراب= مەی (ئاو) (2)

سەر = شەرو، شروکین (سەرگونی ئەکەدی) واتە سەرۆکی هەق (3)

دس = دژ/dis هەروا-دش: خوشکی مێردی ژنێك

سوتی = شەوتی

اسم = شمە(ناو بە ئاسوری)

سماء = شمایا/شمایوم

سنجار = شەنگار/شەنگال

سو = شو(مێرد= شاهەر) سو/ئاسو- ناوی خۆری سوورە.

سبأ = شابا(بە ئینگلیزی)

سیما = شیمە

سورم = شەرم (لە سیفەتی سووربونی رومەت لە کاتی شەرمکردنا وەرگیراوە)

اسرائیل = ییشرائیل

سرس = شرش < شۆڕش (سورس واتە سوور و ڕەش-جێگەی خۆراوا کە لەوێ ڕۆژ قەلب دەبێت)

---

1-ضد-ی عەرەبیش لەوەوە وەرگیراوە، خوار و چەوتی کوردیش هەروا چەتە-ی هندی =سەت.

2- مەی:ئارەق .

3- ناوی دورشروکین(خورس ئاوا)یش لە شەرقی موسر-موسل (ماد-سەر) هەلدەکەوێت، شرروکین واتە سەرۆکی هەق-هەقیش واتە ئاخ/ ئاس/ئێش، ئەردیش رەمزی ژان بووە، دەلێن ئاخ واتە ئێش هەروا دەلێن مردن هەقە واتە ئاخ هیمای مردنە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**م/وم ئامرازی نسبی ئاڤستایی** (1)

دەهوم (تیوم-تهوم) —دەه ودوو (2)

تسوم-دسوم - تەسمە(پر)-تخمە(دەس-یش واتە دەه)

گنوم/گەنم - ڕەنگی سووری وەك ئاگر Ignate

سەروم- سەر -(سەروم<خروم<قرم<هرم/هرمی واتە سێ گۆش)لە ئیشی درومان قرمۆك واتە شێوەی سێ گۆش، هورم-یش واتە هورمێ شێوەی سێگۆشەیە.

شەروم (ئەكەدی) - زەرو(بابلی) واتە مەلیك بەرامبەر بە سەر و سەرۆكی كوردی

شەروم -سەر< شەر(شرم الشیخ: سەری شەق) (3)

هیتوم/حیتوم - هوت/حوت(كەڕ و لالی دەم بەستراو بەكوردی)

باروم/بهرام/بەیرم - پەیرو(دەركەوتنی خۆر وەك عید تەماشكراوە)، پێرم-یش مروڤی دەركردوو/هاڤێتی.

بەرشنوم - بەریشو(ئاو و روبار/شیو)

سەتوم - سەت (سەتوم لە ئاڤستا= سەت/دەهەكان هاتووە) (4)

ختم :كوتایی= قدم - لە سەتوم/سوتەم و سەت(كوتایی ڕۆژ) وەرگیراوە (5)

انتوم: ناوی دایك -انت

انوم: ناوی باوك -انا

---

**1**- نسبی یان نسفی (نیوەی دی)ی گەردوون-ئاو (ماء= م-ام-وم)، لە كوریشدا نسەب < نقەب: نیوان وناوەند.

**2**- لە ئەفسانەی سۆمەری بابلیدا دجلە و فورات چاوەكانی تیامە بوونە، فراتوم لە ساسانی پەهلەویدا بەرامبەر یەكەم هاتووە.

**3**-شرم الشیخ-ی میسر، دەڤاودەق دەكەوێتە سەروی دەریای سوور كە هەر لە وێش دەریاكە دەبێتە دووكەرت و شەق < شەخ(كەرت)، شاروم-ی ئەكەدی واتە مەلیك..شاخ لق-یش دێت.

**4**-تری سەتەم و چەترە سەتەم و پەنج سەتەم بەرامبەر بە (**30،40،50**) هاتووە، هەروەها زاراوەی سەتوم\سەدوم تا ئێستا بە سیفەتێكی خراب دێت لە باكوردا.

5- لە **E**دا **stem** بە واتەی **check** (گرتن وختم وراوەستاندن) دێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

نسوم/نزم - نس (لایەنی تاریکی ڕۆژ)-نس×سن

راستم/ روستم - راست

میرانیم - میران (1)

نهاریم - نهری (2)

خورم /خورما - خور (لە ڕەنگی سووری خۆر وەرگیراوە) (3)

خەزوم/خزێم/قسم - خەس/قص/قاش، خصم(سیفەتی پەرت وپارچەبوون) (4)

کوردیوم - کورد

نشوم - نس(نساء)،(نشوم بە زمانی عبری =نساء)، نزە-یش ڕەشە

ڕسوم - ڕاس(پارە وێنەی سەری لەسەر بووە)-ڕسوم= پارە

نینوم - نینا (ناوی ئاو وخواوەندی مێیە بووە) (5)

سەقەم - سەقا

ماتەم - مات (مردن)

ئەزەم - ئەز (ئەزەم ڕاناوی ئەز=من بووە لە ئاڤیستا)

---

1- میرانیم لە سەردەمی میتانی بە سواری جەنگاوەرییان گوتووە.

2- نهاریم و نهری بە ولاتی میتانی گوتراوە، لە نامەیێكی فرعونی میسر بۆ پاشاییێكی میتانی ناوی نهاریم هاتووە، هەروا لە دەقە ئاشوریەكان باسی ولاتی ژێر شاری وان و سەرچاوەكانی ئاوی زاب بە ولاتی (نەهری) هاتووە، گوندی نەهری ئیستایش لە جولەمێرگ ماوە.

3- silma-sulima (سورما-سولما) لە سۆمەری و خوریدا ناوی خورما بووە.

4- گولالەییێكی بەهاران هەیە بە ناوی خزێم/خزێمۆك كە شێوە پەرپەرەیە.

5- لە دێر-وەك خواوەندێك لە ژێر مەندەلی هاتوتە پەرستن دواتر بۆ-اوروك-ی سۆمەری براوە، دیارە ناوی نینا/نینوم یەك خواوەند بووە هەروا ئەنو-یش لە توخمی ئەوە وەك چۆن نەهـ/نۆ/nine یەك شتن(ژمارە-9).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**توڤەم** - تۆ (توڤەم لە ئاڤستا بەرامبەر بە تۆ هاتووە و هەروا لە بابلیشدا(تو) هەر ڕاناوی تۆ-ی کوردی بووە)

**شنوم/شنم** - شنە (عبری)

**ئیلیم-اللهم** - ئیل- الله

**دەپوم** - دەپە(دوپوم بە لەوحەی نووسین هاتووە) وەك دبستان-ی کوردی.

**تمکاروم(اکدی)** - تەمکار(هوری وسۆمەری) بە واتەی کار و ئیش

**فراتوم** - فەرد (فراتوم بە واتەی یەکەم هاتووە لە پەهلەویدا)

**شاروم (اکدی)** - سەر (سەرۆك) شەرو، شار-یش لە ئاڤستا واتە شاه دەدات.

**کوتیوم** - کوتی(سوتی:کوردی)

**پادم(ئاڤستا)** - پاد/پا/پێ

**مەردووم** - مەرد(مرو ومرأە لە عەرەبیدا).

**بەرهەم/فەروم** - بەر/فەر

**ئادەم/ئەزوم** - ئەز، لە هندی دا ahum

**بەرسەم (پەرچەم)** - پارێزە(جۆرە گیاییێکە)

**ڕەخوم** - ڕەخ (لە سامیتیکی بووەتە لخما، لحم، لخوم)

**شمایوم(ئاسمان)** - سماو

**ئەپوم** - ئەب/ئاب/ئاڤ/ئاو(اب)، ئاپوم لە ئاڤستا **waters** هاتووە.

**چەروم <چەرم** - چەور(لە سەروم هاتووە- چەوری لە چەرم و پێست دایە).

**سوروم** - سور(سورەم <سوئیرەم<سوئیلەم) .

**فاتوم /فاتم** - فاتۆ/فات (ناوی ژنی کوردە).

**پەرچوم/پەرچەم** - پرچ

**موروم/مریەم** - مور(ڕەنگی موری خۆراوا-کوردیش بە مریەمی فەریك دەڵێ مریەما)

**پێرەم :فرێدراو** - پەر/پەرین : پەشین.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# دەوری ناوبڕ-Infix- لە مۆرفۆلۆجی زماندا★

در > تارە-دەور-تیر (1)

سر > سور-سحر-صمر-سفر-zero-سوار.. (2)

سد > سهد-سوت-سەت-سبات-شبات/شوات..

سن > سێنی-سەحن- شێنی-شین- shine..

نس > نەحس-نفس-نوس-نمش..

رس > راس(ئاراس-هرس)-روز/ڕۆژ-ڕەمەز-رەمز-roage (3)

دس > تاوس-تەیس-تابس..

نن > نینە-نهن-نەهنگ-نۆ/nine-

مد > مهد-مهەت-مات-مت-محیط-made..

خر > خۆر-خمر-غیر-غور.

سس > شەش-شاوشکە-شەشك..

دد > داد-تات-تاتی-تەحتی..

رد > ڕەوت-ڕەفت ..

مر > مور-مهر..

بڕ > باوەڕ

---

★- لە ئاڤستا-یش ناڤبڕ هەبووە وەکو Vid <<Vi-Na-Di بە واتەی ڤەدیت-find کە na ناوبڕ بووە، هەروەك ئیستا لە کوردیدا بە دەیان نموونە هەن لەو بابەتە وەکو ئەوانەی سەرەوە هەروەها وەکو: زستان> زمستان/زڤستان.

1- در<(دل) کە-ر- بەرەو-ل-چووە، لە عەرەبی بووەتە(طبل)واتە ناوبڕی زیادبووە وەکو دۆل<دەهۆل.

2- لە زمانی-E-یشدا بە(سحر) دەلێن sorcery و(سحار)یشsorcerer.

3- دیارە گۆل goal ی ئینگلیزیش لە خۆر هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زۆربەی تیپە ناوبڕەکان لە بەراییدا تیپی بزوێن بوونە دواتر ڕۆڵی فونیمیان گێڕاوە و وشەیێکی نوییان بە پێی جێگەی هەڵکەوتنیان لە پەیڤدا داهێناوە و هەر یەکێکیشیان بەرەو زمانێك چووە، هەندێ جاریش چەندین وشەی تری لێی کەوتونەتەوە وەك:

کۆتر (کوردی) - کبوتر(فارسی)

جوت - جفت

zero (سەر) - سفر

دس-تاوس - تموس/تموز

دێو - devon

تل/تلی : پەنجە - تپل (1)

شوشارە -شمشارە (2)

دۆل/دەهۆل - تەبل (3)

چلوسیدە - چلمسی/چرمسی

کەیل - کاڤل (خانەی بێ سەر)

تاتی - تحت (4)

مەد - معدە(کە جێگەکەی دەکەوێتە ناوەندی جەستە mid)

فێل - فەعل(خودی فعل-ی زمانی عەرەبی کارێکە یان فێلکردنێکە لە زمانیتر، واتە زمانی عەرەبی بە فێل کردن لە زمانی تری ئارییایی دروست کراوە.)

زون(زازایی) - زمان

---

1- تل لە ئەسڵی (در) جێگەی کۆتایی و سوڕانەوە هاتووە.

2- ستران بێژ(محمەد ئارف جزیری) لە گۆرانییێکی خۆیدا باسی ڕۆژهەلاتن دەکات و دەلێ-زرقا ڕۆژێ ل چیایێ مەلەزگرێ دابی-
3-برس لە مێژوودا-سەردەمی بابل-بە شێوەی(برصو-برضو) هاتووە، کە واتەی(فرض)ی عارەبی ڕادەوەستێت (F-B)، بورسبا-یش شارێکە لە خۆرهەلاٚتی بابل کە(22 کم) لێی دوورە ، ئیستایش برس/ نەمرود (برض=فرض) کە لە ئاڤستا و کوردی (ئاڤـ)(برشو)هاتووە-فەلسەفەی دانانی ڕۆژهەلات و ڕۆژاوا بە دەریا و ئاو- دیارە لێرەشەوە فەرزی شوشتن وەرگیراوە هەروەها ناوی نەمرود لای نینەوا لە ناوی لێواری ئاو هاتووە(برسو:نمرود)، دەکرێ ناوی گوندی (پەلاسا) هەر لەوەوە هاتبێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## پێوەندی ناوەکانی ژمارە-6-

سپی SS(Sis)(**1**) شەش =ستە(سد)




وێنەی ژمارە-**18**-

لــەم بازنەیــەدا(بازنــەی گــەردوون) چــۆن ڕەش و ســپی بــە یەکســانی و تــەواوی دانراون(یەکسان= یەك سەن) ڕەش و سپی..بۆیەش هەردووو لا، ئال وگۆر دەبن یاخۆ شوێن گۆڕگێ دەکەن لە ڕەمزی خوداوەندیدا، تا ئیستاش سود<خودا/God (سپی=ئاری) ئار< ئال<< الە-اللە.. هەر چۆن هەردووو لایەکەیش(ڕەش وسپی) هەمبەری ژمارە شەش دەبن، بەلاّم یەکێکیان بە کوردی و فارسی و ئارامی-شەش/شیش/شش، ئەوی تریان بە ئەرەبی و زمانە سامیەکانی تردا- ستە/اشتە، لە زمانی Eیشدا سیفەتی کۆتایدا ژمارەکە بە خۆیەوە هەلــدەگرێت چــۆن لەکوردیــدا sis-ســیس= مــردن وکۆتاییــە (2)، لــە عەرەبیشــدا-سد(تەواوبوون) بەلاّم دیارە (S)ێکی SS لە زمانیEدا بەرەو فۆنیمی تر چووە six زاراوەی تری هیمای تەواوی:

---

**1**- پێم وایە ئەم ناوە لە بەراییدا ناوی ڕەنگی ڕەش بووە، دواتر بووەتە ناوی سپی کاتی خواوەندێتی لە ڕەشی/تاریکی بۆ سپی/ڕووناکی گوێزایەتەوە ، لەوەوە هاتووە(شاشك: پێچەی سەر).


**2**-أ/لە ئەفسانەی کوردیدا (دایکە شەشی) ئەو جنۆکەیە کە ژنی تازە منالی لێی جیابوتەوە لێی دەترسێت نەوەکو بیکوژێت.

ب/ خشفەش : شەش لە ئاڤستا بەرامبەر بە سەت:شەش لە هندی کۆندا، دیارە ناوی شش/شەش/شیش واتــە کۆتــایی و دژبوونەوەیــە(شـــــــــذ<شــس/ســش/شش،ســت/ســەت/شــت) پێچەوانەکەیشــی دەبێتە(ژش<دژ/تس<تسعة)-واتە دژ گەرانەوەی سەت کە ســیفەتی مردنی لەگەڵدابووە..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**سەن و دنیا یان (اسنا وادنا)**




**وێنەی ژمارە-21-**

**چونکە ڕەش و سپی هەردووو فێسی گەردوون وەك یەك یان بە یەکسانی تەماشاکراون، بۆیە رەمزەکانیانیشان تەمەتی یەکتر بونە، کەواتە یەسنا-ڕووناکی بەرامبەر ئەدنا-تاریکی ڕادەوەستێت کە بە هەر جۆر و مانایێك ئەم دوو زاراوە لە جێگەکە یان یەکێکیان لە هەمبەری ئەویتر ڕادەوەستێ یا ڕامانی پێچەوانە بە دەستەوە دەدات:**

| | |
|---|---|
| **ئاسنا<(زانا)** | **ئادنا <(دانا)** |
| **ئاسنا < (سناو:روناکی)** | **ئادنا < (تەنی)** |
| **ئاسنا< (سەن:خۆر)** | **ئادنا<(دنیا)** |
| **ئاسنا< (شان= بەرزی)** | **ئادنا <(down)** |

**هەروەها چونکە ن-م (انو-ماه) کە ڕەمزەکانی خواوەندەکان بونە- ئەم ناوانە لە ناوی دەریای ئاسمان وەرگیراون(ئانو، ماد)، هەروەها یەکسانی یەکتریش بونە، بۆیە دەبوایە ناوێکی (لێکدراو) بەرامبەر(adna)یش هەبێت وەك(Adma) کەM=N**

ASNA -AMNA


ADNA -ADMA

**کە ئەمەیش بۆ ئەوە بووە خواوەندەکان بە یەکسانی دیاربکرێن–هێزەکانیان، بۆیە دەکرێ مرۆڤـ (ادبا= ادم) کە خواوەند دروستی کردووە بۆ یارمەتی دانیانیان لە بەرێوبردنی ئیش وکاروباریان، یا هەلسوڕاندنی کاری گەردوون، دەکرێ ناوەکانیشیان لەم جۆرە شلۆڤەکاریە وەرگیرابن..**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەر لەم بازنەیەی چەرخ و فەلەکیشدا ناوەکانی تریش پەیدادەبوون و مردنی مرۆڤـ مرد×درم/تەرم بۆمان دەردەکەوێت وەك خولگەی ئەفراندن Creation Circul




وێنەی ژمارە-22-

مرد ×درم، مەرد(مرۆڤ) –درم (تەرم)..(1)

وەهایش ڕێك لە سەرەوە بۆ ژێرەوە تیپی Mکۆی Dدەبێ بە med (ماد/مێ) یان ماس/ماشو(Miss)..(2)، پێچەوانەیشی دەبێت بە dem-(دم/ادم)=نێر یان (زم) لە شوێنی (دم )وەك لە ئاڤستا هاتووە.

بەم جۆرە کاری دروستبوونی مرۆڤـ لە ئەنجامی هاریکاری چەند خواوەندێك لە گەل یەکتریدا بە ئاکام گەیشتووە لە پاش بە قوربانی دانی یەکێك لەو خواوەندانە وکە لە خوێنیشیان(ڕەنگی ئاسۆ) بە تێکەل کردنی لەگەڵ خاك وخۆل، لەو هەوێرەوە مرۆڤ کراوە وەك چۆن لە ئەفسانە کۆنەکان ئەوها هاتووە، بۆیەش مرۆڤـ لە دوو بەش پێکهاتووە کە بەشێکی خوداوەندانەیە و نەمرە و بەشێکیکی تریش لە خاك پێکهاتووە ومراره (دەمرێ) هەروەك چۆن لە ڕەمزی تیپەکانی ئاسمان و ئەرد- کۆکردنیان- ناوەکانی مرۆڤ دەردەچن..

---

1- هەموو ئەو ناوانە لە سەردەمی نەبونی تیپە بزوێنەکان سازکراون.

2-لە دەقە سۆمەریەکان کاتێ(زوو) کوژرا،(انو)ی خواوەند سەرکردایەتی خواوەندەکانی کرد- زووسTheosی گریکیش بەرامبەری ئانو هاتووە.




Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## راست وچەپ

## Left-Right

**یم و یس**




وێنەی ژمارۆ-23-

ئـەم نەخشـەیە ئاشـكرادەكات چۆن راسـت و چـەپ وەك چۆن لـە نەخشـەكانی پێشتریشدا دەردەكـەوێت پەیڤـەكانی ڕاسـت و چـەپ لـە زمانــەكانی كـوردی و فارســی و عــەرەبی و ئینگلیزیشدا یـەكتر دەگرنـەوە..لـە لای ڕاسـتەوە(Right) كـە(S)ەكـەی لێـی قرتـاوە و بـووە بە(رایت)،كـە ڕامـانی یمـین(آمـین) یـان(راسـتە) دەدات-وشـەكە هاوشـێوەی(ڕەش/رأس+ دوو) یە..(1)،كەواتە ماناكانیان یـەكتر دەگرنـەوە ..لـە لای چـەپ(سـەب) كـە وشـەكە بـۆ زۆر مانـا براوە وەك: هەفت-ئەبت-سەبت<سەب<سبع-صبح

هەروەها(س)یش بەرەو(گ<چ) چووە ..(نیمچە یاسایە )

دیـارە سـەب بـووە بـە چـەپ ..هـی Eیـش (left) كـە لـە ئەسـڵی (reft) وەرگـێراوە كـە وەرچەرخانی L-R وەك یاسایێك وابووە لە سەردەمە كۆنەكاندا، L یش نەبووە.

بۆیـە reft بـووە بـەleft ، بـۆ دڵنیـاییش و سـوربوون لـە سـەر ئـەم بۆچـوونە reft/ڕەفـت وleft هەردووكیان یەك واتا دەبەخشن ئەویش(چون)ە.

---

1- وشەی یمن/یمین مانای لای دەستە ڕاست دەدات، لە زمـانی هـوری پـەیڤی(آمـون) واتـەی تـەواوی و ژمـارە 10 دەدات (كە هەر لای دەستێك تەواوییە و ژمارەی پەنجەی دەستێكیش دەهـ-ن).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کە بەرامبەر (چو/چون)یش(چو) لە ئەسڵی(چەپ) هاتووە کە لە زمانی عەرەبی بۆ(چون)ێکی ناحەزانە دەڵێن(انچپ) = بچو=هەرە، کە هەرە-ی بادینیش هەر مانای (یس یم)-ڕێپێوان ومەشی تێدایە-یان خواوەند(لا،ئال،الە) چەند سیفەتی هەیە ئەوندە ناویشی بەخشیە، هەر لەو نەخشەیەش دیاردەبێت چۆن هەر گەل وکۆمەلێك پەیڤیان دارشتووە یان چۆن سبت و چەپ و ئەفت لە یەك رەگەزەوەن و چۆن رەفت و leftیش یەكن.

وەهاش یس<یسار(1) هەر دەكەونە نیوەی چەپی نەخشەوە(دابەشكردنی تیپەكان) بەلاّم هەر لە بەراییەوە هەندێ زمان لە سەر ئەساسی شێواندنی پەیڤ سازكراون(مەبەست پەیڤی بنەماكانی زارەكانی زمانی كوردی)، بە شێوەیێكی تر هەندێ زمان لەسەر بنەمای بە گەورە زانین وپەرستنی پەیڤەكانی پەیوەندییان بە ڕەنگی سپییەوە هەبووە، ئەو زمانانە لەسەری هاتوونە دارشتن..(2)

هەروەها دژایەتی كردنی پەیڤەكانی پەیوەندیان بە ڕەنگی ڕەشەوە هەبووە وەك چۆن سود+ئانو=سیتان/شەیتان و ئار-الە-الله(سپی) .

بەڕامانێكی تر ئەو كۆملانە بە چاوێكی نزم تەماشای تاریكیان كردووە و بە لایەنی نەوی(نسوم-نزم)ی گەردوونیان داناوە، كە ئەمەیش دەگەڕێتەوە سەردەمانێكی زۆر كۆن لە مێژووی فەلسەفە و بووچونە دینییەكاندا، بە پێچەوانەی هەندێ نەتەوە یا كۆمەلانی پێشتر خاوەن و پەیرەوگەرانی فەلسەفەی ئاڤستایی بوون كە ڕەش و سپیش (تاریكی و ڕوناكی)بە یەك چاو و بە هاوسەنگی یەكتریان تەماشادەكرد یاخو بە تەواوكەر و پڕكەرەوەی یەكتریان دادەنان..وەك چۆن تا ئیستایش كوردی ئێزدی كە دینێكی پاشماوەی ئەو فەلسەفانەیە لە دەقێكی دینی ئەمەی خوارەوە دێت:

شیشمس قوەتا دینە یان تانجا دینە.

---

1- لە عەرەبیدا یسار بەرامبەر شام هاتووە و بەنیشانەی (شووم)یش دانراوە-شام =یسار، یمن=یمین.

2- دەكرێ لە بەراییدا ناوی چەب لە(سەب/شەو) هاتبێت و ڕاست-یش لە ڕەس+دوو (نیوەڕۆی ڕۆژ) وەرگیرابێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئـــەوها ئـــەوان گـــەردوون وهـــەبوون بەرجەســـتەدەکەن و ڕوونـــاکی هەمبـــەری(ســـەواد) دەکەن..(1)

بەلاَم دواتر بـە هـۆی دینـە ئیبراهیمیـەکان، لایـەنی ڕەشـی گـەردوون وگاریگـەری دینـەکانی زەردشـتی و یـەهودی وخریسـتیانی و ئیسـلام(بۆچـوونی بـە باشـتر زانینـی لایـەنی سـپی گەردوون بەر لەو دینانـەیش هـەبووە)، لایـەنی ڕەشـی گـەردوون بـە یـەك جاری قیـزاوەر و نفرەت لێکراوبوو وەکو چۆن شەیتان(ناوی ڕەشێتی) نفرەت لێکرا لە لای‌الله والیهوم.

ئەوندەیش بە دژ و (دوژمن- لایەنی دژ یان ڕوخـی تـر) و عـەدو(اد/اتـو> عـدو)..(2)دانـرا، جگـە لـەوەش بـڕواداران بـەو لایەنـە بـە شـێت و دیـن و دێوانـەیش دانـران کـە زاراوەکـانی کوردی (شێت <سد، دین> تەنی، شەش بێش..)

وەك ئاشکران لە لایەنی ئاوی تاریکی مەد(مژ)وەرگیراون کـە ئـەو مـەد بـۆ زمـانی Eچووە (mad) هـەروەك(crazy)یـش لـە خـۆرس هـاتووە،( جـن وخبـل)ی عـەرەبیش لـە زن/ژن- ڕەمـزی ئـاوی مێینـە وتـاریکی وسـیتان وەرگـیراوە، یـان زاراوەکـانی خراپـی و شـێتی و دوژمنکاری گشتیان گوزارش لە سیفەتەکانی لایەنی تاریکی گەردوون دەکەن..(3)

---

1- فێربوون (روناهی) و فێربوون (سەواد) هەردووکیان بەیەك مانا دێن.


2-ئـەو لایەنـە بـە ڕوخـی ژێـرەوە زانـراوە و بـەلایێکی گـەردوون-جنـب وجنـوب-لـە ئەسـڵی نـاوی ذنب(سن+ب/دن+ب) ذنب = گوناه.

3- دیارە گەلان بە گشتی ڕایان لەسەر ئەوە جێگیربووە کە لایەنی سپی باشـترە لـە لایـەنی ڕەش، ئـەوەش لـە شلۆڤەی تێرمی زمانەکانیان بەدیار دەکەوێت .



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**یەکسانی (مد-سد-دن-رد)**




**وێنەی ژمارە-24-**

**لە بەرایییدا لە ئاڤستا ژمارە(30) تری ستەم/سوتەم(سێ دەھ) ھاتووە**

**(40) چەتقەر سوتەم (چوار دەھ)**

**(50) پەنجە سوتەم (پەنج دەھ)**

**لە کوردی ئەمرۆدا(دەس-دەھ) بەروڤاژی ئاڤستایە یان سد/سوت(سەت)+م (بەرکار) پێچەوانەیە بۆ دەس/دس، بەلاّم (م)ی لکاو بە(100)ی لە ئاڤستا، بەرکار ناھێت، لە ھندی کۆندا دەبێ بە چەتەم=سەتەم/ستەم ×مەتس(مات/مد+ س)..لێرەدا یەکسانی سوت و مەت(تەواوی) دەردەکەوێت..(1)،کە ھەردووو زاراوەکەیش جێگایان دەکەوێتە نیوەی تاریکی گەردوون، بۆیە بە یەك واتەش ھاتوون(مردن) مەد<مات(عەرەبی)، ماتیا(ھندی) زاراوەی hundredی Eیش لە end×(دنیا-down)+red(در-تار)..(2)**

**چۆن دنیا(تەنی) و سود(ڕەش) و مات(مردن) ھەمووشیان لە نیوەی خوارەوەی گەردوون (تاریکی) ھەڵدەکەون..وەھایش گشتیان(Mad-شێت-دین) واتەی بێ ئەقڵیش ئەدەن..**


---

**1-لە کاتی داھێنانی بزوێن لە زاراوەکاندا بە پێی جۆری بزوێن ھەر زاراوەیێك بەرەو مانایێك چووە.**

**2- در×رد < ارد earth (جێگەی ڕەتبوونەوە).**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)




وێنەیژمارە-**25**-

لـەم بازنەیـەی سـوڕانەوەی خـۆر(گـەردوون) بەكۆكردنـەوەی تیپـەكانی لـە سـەر چـەرخ و فەلەكدا، یەكسانی وشەكانی سرد/برد بۆمان دەردەخات(ماناكانیـان) كـە خـۆر رووەو خـۆراوا دەچێت كە دنیایش بەرەو ساردی دەڕوات (سرد=برد).

چۆن لـەم هـەردووو زاراوەیـە، لـە مانـای تـریش یـەك دەگرنـەوە ئـەویش(سـرد وپـرد) واتـە بەرزی وپەڕینەوە..(**1**)

دیسان بەروڤاژی ئـەم پەیڤانـە یـەك ڕامـان و واتـە بـە دەسـتەوە دەدەن trak-درس=طریـق-درب×برد..لە Eیشدا cold هـەر لـە پـەیڤی سـرد/سـارد وەرگـیراوە تـەنها Rبـەرەو Lچـووە ، چۆن تیپەكانی C-S زۆربەی جاران بەرەو لێڤسكردنی K دەچـن ، هـەروەكو لـە لاتینیشـدا سـرد و كـورد بـە یـەك مانـا هـاتوون، یـان نـاوی جوگرافیـای كـورد بـووە-وەلاتـی سـرد یـان سرت/سرت..(**2**)

---

**1**-هاوشێوەی وشەی (بارد و برد)ی عەرەبی، لە كوردی(باڕود) هەیە واتە نەبان =دل لەسـەر سـاربوو، دیسان پێچەوانەی برد<<بر×رب/ رڤــ: سوتانێكی كەم.

**2**-سرت شارێكی باكوری كوردستانە، لە ولاتی لیبیاش سەرت-ێك هەیە.




Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**چوار وەرزی ساڵ(دەمساڵ)**

**ئەنتەر**

**هاوین**

**بەهار**  **پایز**

**زمستان**

**ئەنتەر**

**وێنەی ژمارە-26-**

**لە زمانی پەهلەویدا(1) پەیڤی sihvistan بە ڕامانی زیادبوون و بزوتن و ژین هاتووە، زڤستانی وەرزیش(زمستان/زستان) هەر یەکسانە بە هەمان واتا، کە وشەکە لە سێ بڕگە پێکهاتووە(زم+سد+ ان) یان(زمو+سود+ئانو)..(2)، بەفر و ئاوی ڕەش و تەواوی و ئاسمان، کە ئەمانەیش نیشانەی زستانن .**

**زستانیش لە سەردەمەکۆنەکاندا هەم واتای مردن و هەم زیادبونەوەی دەگەیاند.. بۆیەش کوردان لەو تێڕوانینەوە ناوی خودایان(سود<خود/God) لە ناوی زستان وەرگرتووە، یا بە پێچەوانەوە(دس×سد).**

**لە ئاڤستایش (أندره) بە واتەی(رب النوع) هاتووە کە تا ئیستا کورد لـــــە**

---

**1-أ/زمانی پەهلەوی-زمانی ساسانییەکان پێی دەئاخاوتن-بە مولکی زمانی کوردی و فارسی دادەنرێت (زمانی پەهلەوی زمانی باستانی ئیران)ب/زستان ڕەمزی زاوزێ بووە، تا ئیستایش لە کوردەواری بە ژنی تازە منالی بووە، دەلێن -ژنی بەزستانی-**

**2-زمو لە زمانی روسیدا ناوی بەفر دێت، وەلاتی زامواـیش لە کۆندا بە بەشێکی کوردستان دەگوترا.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەنتەری هاوین دا بە کاری دێنن..(1)

زســــتان و لـە زمـانی Eدا بـووە بـە winterهـەروەها under لای خـوارەوە و وشـەی کوردی هوندور-Inter واتەی ناڤ/ناوەوە دەدەن(نـاڤ =ئـاو لـە فارسـیدا و لـە Eدا nevy یـش هەر ڕەمزی ئاوی دەریایە)..لە زمانی عەرەبیدا سود/سوت<شتا=شـەداو (ئاوپرژانـدن)/شـەت بەرامبـەر بـە heacat لـە ئاڤستادا..کـە هـەر لـە زستانیشدا سال نوێدەبێتـەوە و بـە پێـی فەلسەفەی زرادشتی(ئان دورە)یـش لـە دوایـی چلە زسـتان دێـت(چـلە<سـەرە-سـەری چوار)، هەر چۆن لە چلەی هاوینیش لە گەل ئەو فەلسەفەیەدا ڕێك دەکەوێتەوە وەك چۆن لەگـەڵ دیاردەی گریانی لەسەر تموز/تموس(تاوس) یشدا لـە لای سۆمەریەکان بەرامبـەر تـاووس لـە لای هران-یەکان، ئـەم (ئـان دۆرە) دەگونجێـت، بۆیـەش هـەردووو چلەی زسـتان و هـاوین بـە سەر و بن دادەنرێن..

Summer یش هەر لە ناوی سەر وەرگیراوە(2) چۆن قەدی(زان-زانین)یش لە پەیڤی سەن(روناکی=زانین)وەرگیراوە چۆن هاوێن ڕەمزی ڕووناکی و سەفاییە، بۆیە پەیڤی هاوین لە هین(زانین لە کورمانجی ژووروودا)ەوە زۆر نزیکە و دەتوانین هاوین بۆ هین بیگەرێنینەوە (هین<هاوین) (3)

---

1-واتەی حەرفی اندرە لە (ئانو+دورە) هاتووە واتە سوڕانەوەی ئاسمان وەکو ناوی ستار/ستێر/ئەستێرە لـە ئەسڵی(سەت/سەد+دور)=سەتدور<ستار، زستان-اندورە-**winter** بە هێز دانرایە بۆیە بووەتـە نـاوی پالـەوان (عنتر) دواتر ناوی ئەندۆرە چونکە ئەو کارە خۆر لە زستاندا(تاریکی) ئەنجام دەدات، کە تـاریکیش هەمیشـە ناوەوە و ژوورەوەیە، بۆیە (هندور مانای ناوەوە دەدات)-لە دینی ماندائیدا ناوی مالی لەوەن دەبەخشێت..لـە دواییدا ناوی (اندریە)یش زۆر مشەیە. 2- عەرەبەکان (صمیر) بە ئاسۆی سەر و ئـاوابوونی ڕۆژیـان دەووت، وشەکە لە کوردیدا هەر لەسەر بنەماکەیەوە (سور) ماوە. 3-دەکرێ ناوی هاوین لە توخمی(ئـامون)ی هـوری بێـت واتـە ژمـارە دەهـ وتـەواوی- لـە هەورامیـدا بـە هـاوین دەلـێن هـامنێ-چۆن هـاوینیش تـەواوی سـەرێکی گـەردوونی خـۆرە دەشـێ لـە زاراوەی بـن/هـابن/هـامن/هـاڤن/هـاوین-ئـامین یـش ئیسـباتی خـتم وکۆتاییـە، هەروەك دەکرێتیش لە ئانۆ هاتبێت واتە ئاسمان.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

به تایبەت(صیف)ی عەرەبریش لە ساف=سف/سپ دوور نییە و ئەویش هەر لەو توخمەیە (عارەبەکان خۆیان دەگێرنەوە و دەڵێن..زۆر لە مێژە کار و پیشەی عەرەب هەر جەنگ و شەڕ بووە) تەنها لە(الاشهر الحرم)دا شەڕیان دەوەستاند و هەروەها سالیشیان بە پێی کەش وهەوای جزیرەی عەرەبی بۆ شەش وەرز نەك چوار، دابەشیان دەکرد و بەم جۆرە:

ربیع الاول=تشرینی یەکەم و دووەم، الشتاء= کانونی یەکەم و دووەم ، ربیع السانی = شبات و ئادار، الصیف= ئادار و نیسان، قەیز/القیظ=حزیران وتموز، الخریف= ئاب و ئیلول(1)، بۆیە شەرت نییە ساڵ لە هەر جێگا و کاتێکدا بۆ چوار وەرز دابەش بوبێت بەلکو هەر کۆمەلە وگەلێك بە پێی بار و دۆخ وتێگەیشتن و ڕادە و جۆری پێگەیشتنیان، ئەو مەسەلەیان لەبەردەدایەوە..هەروەك چۆن ئیستاش لەزۆر شوێنی ئەم دنیایە دوو وەرزی ساڵ هەن نەك چوار(2)

ئەو زاراوانەیش زۆر کۆنن و دەتوانین بلێین بۆ ئەو سەردەمانە دەگەرێنەوە کە مرۆڤ ئەوندە لە لای ژیری و ڕۆشنبیری و زمانەوانییەوە لێك دوور نەکەوتبووەوە، بۆ نموونەیش زاراوەی(صیف)ی عارەبی کە لە توخمی سف/سپ وەك زیڤ-ی کوردی وەرگیراوە، بە پێی بووچونی قەلب بونی خۆر ئەو(سپ)یە دەبێ بە(بس=بەس)، لە کوردیدا (پس) بووەتە (پایز) کە بەس/پەس(راوەستان) لە گەل(ئوتوم/autumn)ی Eیەك دەگرێتەوە کە ئەسڵی وشە ئینگلیزیەکەش لە دۆخی چوارەمی(س)ی ئاڤستایی هاتووە (سوتەم-ختەم-کتەم-ئوتەم).. ختەم وختام-یش هەر واتەی(بەس) دەگەیێنن.

لە عارەبیدا(خریف) لە (سرف) هاتووە بە توخمی غرب/خرب/خریب (3)،غرب (خرب)یـــــــش

---

1- لە سیفری ئەستیر-ی تێستی کۆندا کە باسی پاشایێکی مادی فارس دەکرێت(ئەهتیورش) لەو سەردەمەدا مانگی ئادار بە مانگی کۆتایی ساڵ دادەنرا واتە مانگی دوانزدە، مانگی نیسان-یش بە یەکەم مانگی ساڵ دائەنرا.

2- ژمارەی مانگەکان لە ئاڤستادا وەکو ژمارەی مانگەکانی ئیستا نەبوون یان دوانزدە مانگ نەبووە.

3-کوردی ئێزدی بە کەسێکی بیانی وغەریب لە ناو خۆیانا دەلێن(کریف).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

واتەی کاڵبوون و خلاس بوون دەبەخشێت(1).

بەهار/بهار/بوهار-(بەر×رب<(ربیع)، مەبەست ڕابوون و پەرینەوەی ڕۆژ و سال دێت، هەروەها زاراوەکە(بهار-ربیع)لە ئەسلدا ئاوژوکردنی یەکترن، چۆن وشەی (رب-ربی)-تربیە ،ئاوەژووکردنی پەیقی (پەر-پەروەردە) ی کوردی دێت.

Springی Eیش واتە (بەهار) بە هەر چوار واتاکانییەوە (کانی، بەهار، سپرنگ، هەڵەزوون) هەموویان ڕامانی دەرکەوتن و ڕابوون و بەرزبوونەوە دەدەن، دیارە وشەکە (spr) بووە و برگەی(ing) وەك ئەوەیە ناو لە ڕێژەی E ـ present participle وە دروست کرابێت وspr وەك supper نیشانە و هیمای مەزنی و بەرزبوونەوە بە دەستەوە دەدات هەر وەکو rise و rising سەرکەوتن و واتەی پەروەردەکردن دەدەن، یان بەسەر ئەرد rise-روزە-رەزە(رەس)×سەر< ئازەر/ئادار(2).

بەم جۆرە زاراوە و ناوی وەرزەکان دروستکراون کە زیاتر لەسەر ئەساسی ڕەنگ و سیمای کات و وەخت پێکهێنراون وەك هاوین ڕۆژ و ڕووناکی بێت و زستانیش شەو و تاریکی و ئاو و دەریا بێت.

بۆ گەواهی ئەم ڕاستیەش ناوی مانگەکانی زستان واتەی ئەو دیاردانەی باسمان لێوەکردن دەبەخشن وەکو:

سوت/شەوتی-شوات/شبات =ڕەشەمەھ - سبات، لە هاوێنیشدا تموز = تاوس یان تەیسین و بریقەداری دێت.

---


1-لە دینی کوردە ئێزدیەکاندا ئیدو گێژنی جەمایێ دەکەوێتە ناوەندی پاییزەوە.

2-لە ئاڤستا (روچە) بەواتەی ڕۆژ و ڕوناهی وخۆر هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## پێوەندی سیمانتیکی شەش لە گەل دوو(دوبا)




وێنەی ژمارە-**28**-

هەر وەکو ئاوی تاریکی(سود) ڕەمـزی خـەلق کـردن بـووە، بـەر لـەوەی ڕوونـاکی لـەو کـارەدا شوێنی بگرێت..(سود>خود×دوس> تاوس)، تـاریکی چـەند ڕەمزێکـی تریشـی هـەبووە وەکـو لە سەردەمی سۆمەری و بابلی و خوری وخلتی..

ڕەمـزی d/دد/توتـو/دو، یـەکێك بـووە لـەو ڕەمزانـەی نوێنەرایـەتی جیهـانی ئـاو و بـاهۆز و تاریکاییان دەکرد کە لە هەندێ شوێن ئەو رەمزە بە شێوەی تیامە(دومە)- تیامەت هاتووە.

چـۆن جیهـانی تـاریکیش لـە گـەل ڕووناکیـدا بـە یەکسـانی تەماشـاکراوە بـە تایبـەت چـۆن ڕەمزی خواوەند کە ئـاوەژوودەکرا هـەر بـە خواوەنـد ئەمایـەوە وەك لـە نموونـەی سـود×دس کەهەر یەکێکیان نوێنەرایەتی لایـەنێکی جیهـان (تـاریکی و ڕوونـاکی)دەکـرد، بۆیـە لـە نـرخ وبەهاکانیشیاندا تەمەتی یەکتر بووینە.

شەش/شیش کە لە ئەسلدا لە پەیڤی sis(سپی) وەرگیراوە ..

– کۆکردنــەوەی دوو(S) بــە نیشـانەی زاوزێ دانــراوە وەك چـۆن کۆکردنــەوەی دوو(D) DD(داد/دا/دایك) ڕەمزی زیادبوون ..(**1**)

---

**1**- ڕێژەی کۆی سۆمەری ئەوها بووە لـۆ-یـەك مرۆڤــ، لۆلـۆ- دوو مرۆڤــ.. یـان مرۆڤـی زۆر، لولـو-وەکـانیش خەلکی کۆنی کوردستان بوونە.. ئیستا لۆلۆ/لێ لێ لە دەسپێکی لاوکی کوردیدا ماوە-لۆلـۆ بـۆ مێـرد و پیـاو، لێ لێ بۆ ژن و ئافرەت بە کاردێت..هەروها (دد/توتو/اتو) لە عەرەبیدا بووە بە(عد-عدید/،عدە).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بۆیە DD=SS/ زز=دد/ زاوزێ سیفەتی دایك

سد-سود-ستە    چۆن یەکن هەر وەکو:

SS-شیش-شەش    دێن

بەم جۆرە تاریکی و ڕووناکی بە واتەی زیادبوون دێـن، هـەروەك هەردووکیشـیان خواوەنـد بوونە کە ئال وگۆرکێیان پێکراوە..(1)

خـۆ پـەیقی دایکـە شەشـی-یـش نیشـانەی وەکهـەڤی(داد) و دد+SS(سـیس) دوو دژی یەکتریشن..

چەمکی دایکەشەشە وگرێدانی میتۆلۆجی لە گەل کوشتنی دایکی منـال لـە پـاش منـالی لێـی جیادەبێتـەوە، هـەر لـەو تێگەیشـتنەوە هاتووە،کـە ڕووناکـی دەتوانێـت تـاریکی بکوژێـت یـان SS(شەشـی)، DD(داد) دەکوژێـت—شەشـی دادا دەکوژێـت/پێوەنـدی ڕونـاکی و تـاریکی بـە یەکترەوە، هەر چۆن ڕۆژانە ئـەم کارە دوبـارە دەبێتـەوە (هـاتنی ڕۆژ بـە دوایـی شـەودا) یـان ڕۆژ شەو دەکوژێت.

---

1- شەش-شاوشکا-دایکە شەشیك .



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## شرین- تاڵ

لـه ئەفسـانەی ئەفرانـد(ئەفسـانەی خەلیقـە)ی بـابلی و سـۆمەریدا کـە ئەوانـە میراتگـری فەلسـەفەی ئاڤسـتایین، ئاسمـانی ڕۆژ بـە دەریـای ئـاوی شـرین دانـراوە (سـرن-سـرین-شـرین)، ئاسمانی شەویش بە دەریای ئاوی تاڵ و سوێر دانراوە(تار-تاڵ).

هەردوو ئاسمانیش کە یەك بە دوای ئەویترا دەخولێتەوە یاخو دەورە وگەڕی خۆیـان هەیـە وەك چۆن لە فەلسەفەی زرادشتیدا ئاوی روبارەکان کە دەڕژیانە دەریاکـان، ئـەم سوڕانەوەیە بـە دەورەی ئـاو لەگەردوونـدا دانـراوە، هـەروەك هـەموو شـتێکیش گـەڕ و خولگـەی خـۆی هەبووە بە پێی هەمان فەلسەفە وەك خۆرهەڵات و خۆراوا-بوون ومردن-(1)

بۆیە پەیڤی(شرین/شیرین)ی کوردی هەر لەو تێروانینـە زرادشـتیە- بابلیـە هـاتووە، پـەیڤی تاڵ-یش لە (تار-تاری)یەوە هاتووە (2)

هەرئەو(تار)ە کە ڕەمزی ڕەشایەتییە، لـە عارەبیـدا بووەتـە (طحـال) واتـە(فاتـە ڕەشـە)، لـە Eیش سد <sud ..sweet(3)

(دیارە ئەسڵی وشەکان ئال وگۆریان پێکراوە بـە پێـی دانـانی ئاسمانی شـەو یـا ئاسمـانی ڕۆژ بە ناوەندی تەواوی) هەروەك لە Eدا day ناوی ڕۆژە.

بەرامبەر پەیڤی(سیرین/شیرین)ی کوردیش لە عارەبی (عذب/حلو)هـەن کـە هـەردوووکیان لە ئەسڵی کوردی هاتوون.

(اسب/سب/سپی)> عذب (سب بەرەو صبح-یش چووە)

ئار/ئارو>حلو وەك ڕەگی سپی ئاروو (کوتالی ئاروو)

---

1- دەکرێت فەلسەفەیەی ئاڤستایی یەکەم فەلسەفە بووبێت، زانسـتانە دەورەی ئـاو و دەورەی هـەموو شـتێك لە سروشتدا دۆزیبێتەوە.

2- لە بابلیدا بە ئاسمانی شەو دەووترا (ما-تاری) > مەدد تاری.

3- دیارە ئەو ناوە بۆ ئەو سەردەمە دەگەرێتەوە کە ناوی(سد) ناوی سـپێیاتی بـووە وەك چۆن لـە کوردیـدا ئاوەژووکردنی وشەکە دەبێتە رەمزی ڕەش (سد×دس> دێزە= ڕەش).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## شلۆڤەکردنی هەندێ دیاردە

### - ناوی ڕەنگەکان -

لە سەرەتادا، ڕەنگ یان ڕوون×نور واتە ڕەنگ ناوی ڕووناکییە چۆن ئەگەر ڕووناکی نەبێت ڕەنگەکانیش نابن کە ئەمە ڕاستییێکی زانستییە، لە عارەبیدا-ڕوون (ڕوناهی)- بەرەو (لون) چووە (ر<ل).

1-سوور/سۆر: ناوی ئاسۆی ڕۆژهەلات و ڕۆژاوا یە لە توخمی سەر/سر/سار/شەر/شار کە هەر هەموویان سیفەتی ئەو جێگایەن..بە بۆچوونی ڕۆژاوایش قەلب بونی خۆر بووە لە سەردەمە کۆنەکاندا، بۆیە هەمان وشە سر×رس-ڕەش(تاریکی) یان وشەکە ئاوەژووکراوە بەلاّم لە زمانی Eدا ئەو ڕەش-ەش، هەر بە واتەی سوورەکەوە ماوەتەوە **roage** واتە ڕەنگی سوور کە ناوەکە لە ئەسلدا نوی رۆز/ڕۆژ بووە..رس-رش-روس-روز-راس ، گشتیان لە یەك رەگەزەوەن کە سەر و رەد(رەتە=پیر)چۆن یەکن..بۆیە سەر=**red**(سوور)=رس-ڕەش(یەکسانی تاریکی و ڕووناکی)، وەهایش ڕۆژاوا چەند ناوێکی تریشی هەبووە وەك ماسۆ، بۆیە ڕەنگی مس(سفر)کە ڕەنگی سوورە لەوەوە هاتووە، (حمر/احمر)ی عەرەبیش لە خمر(خۆر) ڕەنگی سووری خۆر وەرگیراوە.

2- زەرد/زەر: چیرۆکی ئەم ناوە پێوەندی لە گەل پەیڤی (کرد/کورد)ەوە هەیە، ئەسلّی پەیڤ بە واتەی بلندبوونەوە هاتووە(سەر<زەر)یان بلند-نێوان ڕەش وسپی..

لە زمانی **E** یشدا بە پرچ زەران دەلێن **blonde** =بلند، (برهند) بە زمانی هندی کۆن لە ئەسلّی(برزەند)ی ئاڤستایی..سارد و سرد و سار و سەر لە یەك توخمەوەن، لە لاتینیدا کرد/کورد بە **card** دەخوێنرێتەوە، کە لە سەردەمێکی کۆندا-سرد(**1**)- تۆبۆگرافیای ئیستای کوردستان بووە، پاشتر یان هەندێ گەل ئەو ناوەیان بە (کرد) ناو برد و وهەندێکیانیش بە(ڤرد/ڤاردو/ڤاردون)-وەك ئەوها لە تەوراتدا هاتووە.

دیاردەی وەرچەرخانی خواەندێتی لە تاریکیە بۆ ڕووناکی و ناوەندی خواوەندیش بۆ

---

**1**-ئێستا، سرت/سێرت شارێکی کوردی باکورە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سەری ڕۆژاوا گۆردرا، ئەم پەیڤە لەو سەردەمەوە ئەو مانایەی وەرگرتووە ئەگینا ناوی (زرتا) لە ئاڤستا مانای(دڵ) و ناوەند دەدات..لە گەل(س)ی ئاڤستایش ئەم پەیڤە بەرەو(سرد-کرد-خرد-ارد) چوو کە(سەر)یش بە ناوەندی ڕەتبوونەوەی خۆر داناوە، بۆیە هەر نیڤەك و ناوەندێك بە ناوی زەرد ناو برا وەك زەرکەی هێلکە، ئەو سەر/زەر بەرە و سفر چووە..

3-سەبز/سەوز:کەسك بە کورمانجی کەسك لە ڕەنگی کەڤز/کەوز، هاتووە کە ئەم کەوزە ئەسڵی تیپی(ك)ەکەی(س) بووە(سەوز<کەوز) کە هەندێ کورد بە کەوز دەڵێن(قەوزە)کە(ك<ق)چووە، ئەمەیش لە توخمی کەژاوە..

یان کەوز<کەوزك<کەوسك<کەسك-کەسیکا بە زمانی سەردەمی میدیایی/مەدایی هەمان ناوی کەسکی ئیستای کوردییە.

4-شین:(1) یان وەکو**shine**، هەردوووکیان لە ڕامانی سپی و ڕوناکی دەرکەوتنەوە وەرگیراون، ئەسلەکەیان لە **sun** هاتوون وەکو چۆن **blue**=شین کە بلو، واتەی سپیش دەدات وەك بەلەڕوسیا(ڕوسیای سپی)، لە ڕاستیدا ناوەکانی چاوی ڕۆژ و مانگ، لە ناوەکانی ئاسمان بوونە وەك سەن و شین یەك شتن هەروەکو مەد و ماه(مانگ)یش لە یەکتر وەرگیراون کە ئاسمانان بە دەریا زانراون و شتەکانی ناو دەریا و ئاویش هەر لە ناوی ئەو ئاوە وەرگیراون وەکو ناوی ماسی/ماهی لە ماد/ماز وەرگیراون.

5-بنەڤشی/وەنەوشەیی/بنفسجی: ئەم پەیڤە لە دوو برگە پێکهاتووە(بن+ڤاژی) یان بن+**face** بە واتەی کۆتایی کە هەر وەهاشە..

---

**1**-وشەی شین-ی کوردی تا ئیستایش هاوشێوەی لە**E** دا هەیە بە هەمان واتاوە وەکو پەیڤی **cyin** لە **E**دا بە واتەی ڕەنگێك تێکهەڵاوی کەسك و شین دێت، ئێمەش لە زمانی کوردیدا ڕەنگی شین یاخو پەیڤی شین بۆ هەردووو ڕەنگی شین وکەسك بە کاردێنین کە سروشت کەسك دەبێت دەڵێین، گیای شین یان ئەرد و دنیا شین بووە، بۆ مانای ڕووان و ڕواندنیش دەڵێین شینکردن و شینبووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لـه شـەبەنگی ڕەنگەکانـدا، ئـەم ڕەنگـە ڕەنگـی کۆتایـە بـە واتـاییێکی دیکـە کـە خـۆر دەگاتـە کۆتـایی ڤـاژی وئـاوەژوو دەبێتـەوە، ئەگـەر دوورتـر بـڕۆین ئـەوا واژە/ڤێـژە/بێـژە هـەر ڤـاژیکردنی هەسـتەکانە واتـە ڤـاژی کـردن بـە قسـە وگـوتن.. بـەس-**face-base** نیشـانەی کۆتـــایین، پێچەوانەکەیشـــی دەبێـــت بـــە ســـب >صـــبح/ســـپیدە و ســـفید کـــە بەس>بیض×سپ/سپی..

هەر پایانێکیش دەسپێکێکی بە دوایەوە دێت، بۆیە بەس>بعث وەك ڤاژی-ڤەژین دێن.

6-ڕەش: ئەم ڕەنگە یان ڕاستر بلێین بێ ڕەنگ ، ئاوەژوکردنی وشەی (سەر)ە، وەك لـە پێشـتر باسمانکرد سەر=رەس/ڕەش وەکو **der×red** دەر>تر/تار(لایەنی خوارەوەی گەردوون)..

هەر شتێکی پێوەندی بەسەرەوە هەبێت ئەوە ئەو ناوەی وەرگرتووە وەکو (ڕیشـی)ی کـوردی و(ڕیشە)عەرەبی واتە پەڕ، خریستیانیش بە بۆنەی ئـەو نـاوەوە ڕیـش لـە لـە سـەری خۆیـان دەبەستن هەروەکو ڕیشی جەمانە و شەددەی کوردی، هەروەها ڕیشمە-ی کوردی سـەری ولاخ و ئەسپ و دەوار و پێرۆوەکان.

7-مـــۆر-=مـــارونی: ئـــەم ڕەنگـــەیش ڕەنگـــی شـــەفەقە کـــە خـــۆراوا دەبێـــت ودەمرێـــت مور>مر(مردن) وەکو سور>سڕ(مردن)..(سەردەمی بابلی بەلای خۆراوایان دەگۆت ئامور).

8-سپی/سپید/سپێدە-سفید: ڕەنگی سـپی وەك دەزانرێـت لـە بادانـەوەی هـەفت ڕەنـگ پێـك دێت کە ڕەنگەکانی کۆلکە زێرینەن، بە هەمان شێوە لە **E**پەیڤی**spine** بادان دێت و خـۆی ئاشکرا دەکات **spine**-سپی وەکو ڕەنگی سپی **spinal cord** واتـە دەمـاری سـپی بربـڕەی پشت..

دیارە پەیوەندییێك لە نێوان بادانەوە ڕەنگی سپیدا هەیە، لـە عارەبیـدا سـب>صـبح (سـبێ) وسبع ،دیارە سپیش بە واتەی هەفت ڕەنگ،کە ئەمە ڕاستییێکی زانستیە..

صبح-سبع-**spine-seven**-سـبت، هـەروەها(ضـبع)کـە گیانـەوەرێکـە لـە کوردیـدا هـەفتیار دێت..


لە کۆتایدا لە بادانەوە-بودن دێت(بوون).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## ناوی ژمارەکان

| کوردی | E | ئاشوری | عەرەبی |
|---|---|---|---|
| 1- یەك/ئێك | (ئانو)one | خا | واحد |
| 2-دوو(دوڤا/دوبا) | (د)two | تری | أثنان(یەسنا) |
| 3-سێ/سێسێ | three | تلا | ثلاث(سرس) |
| 4-چوار/چار | (پیرو)four | اربا(رب) | اربعة |
| 5-پێنج(بنس) | fife | خمشه (شمس) | خمسة |
| 6-شەش(سس)..(1) | six | اشته (سوت) | ستة |
| 7-هەفت | (سبت)seven | شوا (سبا) | سبع |
| 8-هەشت(east) | (أد)eight | شمان (سوەن) | ثمان |
| 9-نۆ/نەهـ(انو) | nine | تسه (دس) | تسع |
| 10-دە/دەس(دوو) | ten | اسره (سەر) | عشرة |



وێنەی ژمارە-29-

---

1-ناوی شەش ڕەمزی تەواوی بووە، تەواویش بە سەر و بن دانراوە (هات و هاتنەوە) واتە عید، لە سۆمەریشدا (أشیش)ناوی گێژن بووە، ئەوەی لە بنەڕەتدا ناوی ڕۆژانی یەکەم و هەفت وپانزدەی مانگ بووە، هەروەکو ناوی سەبت-شبات ناوی ڕۆژی بەدری مانگ بووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**تێبینی:**

1- لەم ناوانەی سەرەوە ژمارەکانی زمانی عەرەبی زیاتر لە هی ئاشوری شێوێنراون واتە تیپی ع-ح بۆ پێشگری ناوبڕی وپاشگری پەیف سودیان لێ وەرگیراوە.

2- زیاتر ژمارەکانی گەلانی هندوئەوروپی سوودیان لە سەری نێوەشەو یا نیوەڕۆ وەرگرتووە بۆ دروستکردنی ژمارە، ئەویش بە شێوەیێکی دووانەیی بەلاَم هەندێ گەلێتر سپێدە و بەیانی بە دەسپێکی ژمارەکانیان داناوە، وەك نموونە سەعات وکاتژمێری دووجۆر هەن مینا عەرەبیەکەی ئیسلامی کە دەسپێکی سەعات بەیانییە.

3- بابلیەکان ڕۆژیان(شەو و ڕۆژ) دوانزدە سەعات بووە.

4- ئەسڵی هەموو ئەم زاراوانەی ناوی ژمارەکان پێ سازکراون، زاراوەکانی دابەشکردنی گەردوونن واتە ناوی دۆخەکانی چەرخ و فەلەکن.

هەروەها سەبارەت پێوەندی ژمارە و زاراوەکانی بۆ خواوەندەکان بەکارئەهێنران لە سەردەمی سۆمەریدا د.هاری ساکز لە کتێبەکەیدا (کورتەی شارستانی دۆلی دجلە و فرات )دەلێت:

وکان ننورتا (الذی یکتب اسمە احیانا أنورتا وفي الكتب الفديمه ننيب)معبودا اخر يحمل بعض صفات اله العاصفه،وكان ننجرس احد مظاهره وفي العهد السومري،وهو اله جرسن الحامی، وهو حی من احياء مدينة لكش ويظهر هذا الاله شبها كبيرا باالاله انليا، وفي بعض الاوجه يظهر انه اندمج معه،ويستدل على ذلك من رمز هذا الاه العددی حيث كان كل اله يعرف برقم رمزي معين حسب النظام التالی:فالرقم 60 خاص بالاله آنو رئيس الالهة (وهو الرقم الكامل في النظام الستيه)ورقم الاله انليل 50 وأيا 40 وسن 30 (أشارة الى ايام الشهر القمری) وشمش 20وعشتار 15وادد 10ولا يحتل الرقم 50 في هذا النظام الاله انليل فقط بل كذلك الاله انورتا على حين كان معبد ننجرس فی لكش يحمل اسم ای‌ننو (بيت الخمسين).

هەروەها لە لاپەرە 394 سەبارەت مەردوخ دەلێت..(مەردوخ کە ڕەمزێکی ڕۆژ بووە،کە لە-ایا- پەیابووە (ئاو و نیشانەی ژمارە دەه)ئەم ناوە لە (مور+دوخ>دوس) هاتووە (ڕەنگی مۆر و دژبوونەوەی لەبەیانیان) واتە کە ڕۆژ سەردەکەوێت و دژ(عکس) دەبێتەوە- لە بابل سالانە ئاهەنگی مردن وزیندووبوونەوەی بۆ ئەگێران(فەلسەفەی ئاڤستایی کەر هەر شتێك لەم گەردوونەدا گەڕو چەرخی خۆی هەیە).

وكان مردوخ في شكله السومري الاول(اصله امار-اتوك) يعنی (ثور الشمس الصغير) يمثل مظهرا ارضيا للاله الشمس ويعتبر البعض انه كان يرتبط اصلا بمدينة اريدو اقدم مدينة سومرية،حيث كان ابن الها انكی-ايا ومن المؤكد فان اسم ايساكيلا(بيت الرأس

←



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

المبجل)الذى استخدم فيما بعد للدلالة على المعبد الكبير المقدس بالنسبة لمردوخ في بابل،كان اصلا يشير الى معبدفى اريدو كما يستدل على ذلك من احدى اساطير الخليقة،وكنتيجة علاقته مع اريدو ومع انكى-ايا،كان مردوخ اله للسحر (تحت اسم اسار-لوخى او اسالوخى عادة) وعند تطبيق كان اله السحر بلا منازع على الرغم من انه ظل لاهوتيا تابعا لابيه بهذا الخصوص واىن الطقوس السحريه تضم دائما جملة تشير الى مردوخ وهو يسأل اباه (ايا) هن الارشادات السحرية حول الاجراءات السحرية المطلوبة..

وتوضح اسطورة الخليقة الظروف التى ارتفع فيها مردوخ الى مرتبة السيادة:المخلوق فى مياه ابسو النقية،الذى ولدة اباه ايا وولدته امه دانكينا،والذى كان شكله غامضا ومبهما وفوق التصور ،الذى كان له اربعة عيون واربعة اذان والذى اذا تحركت شفاه اندلعت النار منها ،ظهر امام انشار ،المعبود الول وعرض خدماته ليدمر الوحش البدائى تيامه..

وفى الرقيم السابعو(الاخير)اعلن الالهة فى المجلس ((الاسماء الخمسين)) للاله مردوخ المنتصر.

وفى خصوص الزواج المقدس جاء مايلى:

ويبدو أثنين من أعتراضات (وولى)على نظرية الزواج المقدس لم يجب عليهما الاستاذ مورتكات ، هما حقيقة ان شبعاد(شب-اد)كانت امرأة بسن الار بعين تقريبا وحقيقة ان الزواج المقدس كان في الفترة التى نعرف بانه كان معروفا بالتاكيد،حدث سنويا، وليس هناك براى حال من الحوال مدفن ملكي واحد للاكل سنة، وان هذه الاعتراضات ليست بالقاضية على نظرية مورتكات،اذ المعروف من ثقافات قديمة وبدائية اخرى (بما فيها مصر القديمة )،وانه كان الملك المقدس يقتل ليس فى نهاية السنة بل عندما يجتاز ذروته وقواه الجسمية(التي اعتمدت عليها خصوبة البلاد) لذا فمن المحتمل ان الملك كان يدمج عادة ليس بتموز بالدرجة الاولى بل باله المدينة الحقيقى ،وعندما كانت قواه تضمحل فقط كان يدمج اما باله المحتضر تموز او باله المدينة بطبيعته كالاله تموز..واذا قتل الملك المقدس ونظيرته المؤنثه،الكاهنه العليا فى مثل هذا الظروف،فكان لا بد من اختيار زوج جديد فى عنفوان قوتهم الحقيقية لتمثيل اله والالهة فى احتفال الخصوبة السنوى..

ويجدر ان نذكر انه في بداية الالف الثانى قبل الميلاد،حيث من المؤكد ان الملك والكاهنه العليا لم يعودا يقتلان..




Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ولابد من الاضافة ان مورتكات طور نظريته ليضم بعض المدافن الملكيه من سلالة اور الثالثه (نهاية الالف الثالث قبل الميلاد)..ولو انه من الملاحظ ان تفسير مورتكات يتميز كثيرا على تفسير وولى (الخاصة بالضحايا البشرية) حيث انه لا يجعل المدافن الملكيه لسلالة اور الاولى تظهر وكانها خارجة تماما عن الافكار الدينيه لجميع الفترات الاخرى من تاريخ بلاد سومر القديم..

وقد نقدت نظرية مورتكات بدورها(انظر صفحة **435** لكتاب هارى ساكز-عظمة بابل).

ئەمەو باسی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ژمارەکان زۆر هەڵدەگرێت و زۆبەی زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەسلی ژمارەکان لە سەرچاوە سەنسکریتیەکانەوە هاتوونە و لە بەراییشدا ناوی تەواوی بە پێی گەشەکردنی شارستانی هزرییەوە ئەگۆردرا و دەسپێك دوو ناوی تەواوی بووە دوایی ئەو تەواویە گۆڕاو رۆیشت و بوبە چوار و پەنج و شەش و هەفت تا لە ژمارە دەهدا راوەستاو جێگیربوو، شێوەو وێنەی ئەو ژمارانەیش لە شێوەی تیپەکان وەرگیراون، شێوەی ژمارەکانیش پێکئەهاتن لە چەند گوشەیێك لە هەر ژمارەیێکدا واتە ژمارە یەك یەك گوشە بووە ودوو دوو گوشەو و سێ سێ گوشەو تا دوایی.






Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## ناوەكانی ڕۆژانی هەفتە(1)

Sunday-دێوی سەن

Monday-دێوی مون

Tuesday-دێوی تاوس (2)

Wednsday-دێوی وێدن (3)

Thersday-دێوی تارس (4)

Friday-دێوی پرو/فر (5)

Saterday-دێوی ستارن (6)

**-نـاوی ژمارەكـان، نـاوی ڕۆژانـی هەفتـە، نـاوی مەلایكـەت (باییریكـا) گشـتیان لـە نـاوی فەرزەكانی (فـرق)ی خـۆر و ئەسـتێرە و هەسـارەكان وەرگـیراون، هـەروەها نـاوی هـەر چـوار مانگی Eیش كە بە ber كۆتایی دێن بە ئاشكرایی ناوی ژمارەكـانی هـەفت و هەشـت و نـۆ و دەهیان لە تەك دایە: سبتمبەر-ئوكتۆبەر-نۆڤمبەر-دیسمبەر .**

---

**1-لە دینی میترایی حەوت ئەستێرە هەبوون كە هەر كامیان تایبەت بە ڕۆژێكی هەفتە بوون و لە ناو میهرابەكانیش شوێن وجیگەییێكی تایبەتیان بۆ دانرابوو، لە ڕۆژی تایبەت بەو ئەستێرەوە لێی دەپارانەوە، ڕۆژی یەكشەمەیش تایبەت بە خۆر بوو كە پیرۆزیەكی زۆرتری هەبوو.. تا ئیستاش زاراوەكانی ئینگلیزی تایبەت بە ڕۆژانی هەفتە كە پشت بە و سستمە میتراییە بەستویانە ماون ، لە سەردەمی بابلی ڕۆژانی هەفتە لە ناوەكانی ڕۆژ و مانگ و هەر پێنج كەوكەبی لە ئاسمان دەسورێنەوە وەرگیراون یان ناوی خواوەندەكان بوون كە گەلانی سەرووی دۆڵی دوو روبار، بە خواوەندیان دەگوت دێو-devon..لە زمانی كوردیدا (دیو) بە واتەی (لا) دێت (لا<اله) -نزیكی لایەنی فونێتیكی.**

**2-زیوس-ی(گریكی)theos بەرامبەر بە تاوس و تموس/تموزی میزوپوتامیایی هاتەووە.**

**3-ناوكانی theor-wedn دوو ناوی خواوەند بونە لە ئەورووپای كۆن لە ڕۆژانی چوار شەممە و پێنج شەممە دەهاتنە پەرستن و دواتر ناوەكانی ئەو دوو ڕۆژە بە ناوی ئەو هەردووو خواوەندە ناونران و تا ئیستا هەر بەو ناوانەنەن.**

**4-تارس-دورس-ترس، تارس لە عەرەبیدا بووەتە تارق-كە ناوی ئەستێرێكە لە قورئاندا.**

**5-پر-پیرۆ-پەری-fairy(پێرۆ كۆمەلە ئەستێرەییێكە لە كوردیدا بەرامبەر پەروین لە فارسیدا).**

**6-سەتارن=زحل-استار بووەتە ئەختار-ئەختەر(ئەختەر ناوی هەسارەێكە لە كوردیدا).**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# ڕامانی ئاری و سامی

پەیڤی ئاری لە توخمی(ئار) واتە سپی و بەرز(عال/عیلوم) و (هور/ورد)-واتە سفەتەکانی، ئەمەیش بۆ ئەو بۆچوونە دەگەڕێتەوە کاتێ دین و ئاینەکان بریتی بوون لە پەرستنی ڕۆژ و ماه وئەستێرەکان-هەر شتێکی گەش و سپی لە ئاسماندا..

پەیڤی ئار، کە بێجگە لە پەیڤی ئاری لێی وەرگیراوە، سیفەتی وردبوونیش وەکو (ئارد) تیایەتی، ئەمەیش لەو هزرە هاتووە کە خۆر ئاوادەبێت قەلب دەبێتەوە ئینجا وردوخاش دەبێت لە ناو دەریای سەد/سەت، دواتر ڕۆژێکی نوێ لە وێ دەزێتەوە(زەد<سەد) بۆیەش سد/سود=خود/خودا/God بووە بە ڕەمزی پیرۆزی و ژمارەی زیادبوون(خودا) بۆیەیش هەر ئەو جێگایە بووە بە خوای گشت ئەوانەی بڕوایان بەو هزرەوە هەبووە.

هەروەها چۆن ئاسمانی شەو بە دەریا دانراوە سەد/سوتەم(سەت<شەت) بۆیەش دەبێت(ئار) ڕامانی ئاویش بدات-ئاروم(ئاروم واتە بەحر)، ئاروم بووە بە علم/علوم لە زمانی عەرەبیدا، چۆن سودم/سوتەم جێگەی زانین و فێربوون بووە(سەودا/سەواد) بۆیەش (ئاروم<علوم) لەو پەیڤەوە مانای دەردەکەوێتەوە.

یاخود ئاری ئەو گەلانەن کە سفەتی بەرزی و سپییاتیان هەیە وەکو ناوی گەلی(هۆری)بە مانای بەرزایی هاتووە، کە لە ئەسلدا وشەکە لە سیفەتی ئاسمانی شەو یان بە بەرزی و ڕەسەن دانانی ئەو ئاسمانەوە هاتووە، هەر واش دانانی ئەوێ واتە سەرووی دۆلی دووروبار بە جێگەی فەلسەفە و زانین و ئیلم لە سەردەمی موغەکان.

سەودا=عیلم، بەرامبەری(سود=خود/خودا) و (ئار-اله-ئیلوم/اللهم) دیسان شێوەی ئەستێرەکان کە وەك پڕوشکی سپی بە ئاسمانەوە دیارن و سیفەتی زۆریشیان هەیە، بۆیە پیرۆزی بە واتەی زۆریش هاتووە(پڕ/پرس=پیرۆز)-ڕەنگی سپی ڕەنگی پیرۆزی بووە، دواتر ئەو پیرۆزییە بۆ خۆرهەلآت گوێزرایەوە کاتێ یەکتاپەرستی بەرەبەرە شوێنی چەند تاپەرستی گرتییەوە یان کاتێ ڕۆژهەلات بوو بە ناوەندی پیرۆزی کە ناوی خودا/خوتا(سود/سوتا) بەرامبەر اله<الله دەهات.

زاراوەکانی فەر و پەڕیش کەوتنە شەرق، پەیڤی پەری(پەریکا) لە ئاڤستا بەرامبەر مەلەك/مەلایکە، لە کوردیدا مەلەکە تاوس بە ڕەمزی ڕوناکی و هیمای چاوی ڕۆژ دێت.


گەرەکە بلێین پەیڤی پەر-پارس وەکو پراسوو-ی کوردی یان بە واتەی ڕوخی ڕۆژهەلات کە دەتوانین بێژین، کوردەکان ئەم ناوەیان بەسەر پارسەکان سەپاندووە چۆن ئەوان لە لاو ڕوخی(لا و تەنیشت)کوردان هەلدەکەوتن، هەرلێرەشەوە ڕەسەنی کورد بە دیاردەکەوێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دواتر كۆمەلە خەلكێكی لای خەرب(غرب)-پەهلەوی سامی یان كلدانی كە ناوەندی پیرۆزی بۆ دەریای(ماسو)یان گواستەوە و هەموو ناو و ڕەمزە پیرۆزەكانیشیان بۆ ئەویٚ بردن وەكو پەیڤ و ناوی(موسا)یان(مەسییە/ مەسیح).

یان ناوی خواوەندە شێوە ئاسمانی ماسو(غرب)یان بەكاربرد وەك ناوند(خرب-قرب<قلب) بۆ پەرستن، بەم كردارەشیان سستەمی زمانیان تێكەل و پێكەلكرد، لە پاش كە لە شوێنی زاراوەی تار-در<دل(زرتا)، ئەوان كردییان بە قەلب(دل)، بەم كارەیش زمان و شێوەی جودای زمان دەركەوتن و ئەو كۆمەلانەی ئەو بۆچوونە دینییەیان وەردەگرت زمانیشیان لە گەلدا پەسەند و دەپەژراند وەكو كلدانی<كورد.




وێنەی ژمارە-**30**-

بەم جۆرە سامیتیك لە وشەی سام/شام/شێم وەرگیراوە كە ئەم ناوەیش ئاوەژووكردنی وشەی ماشو/ماسو(مەدو/مەزو) یان ئاوی ڕۆژاوایە-جێگەی مردن و قەلب بوونەوەی خۆر هەر وەك خراب=شیم/شووم كەواتە خراب و شووم سەرچاوەی یەك جێگەن.

لە كوردیدا(مەرگە موشە) بە پەتا و مردن دێت كە-مورگە لە مۆری ڕۆژاوا هاتووە و(موشە)یش لە مەشەی ئاڤستایی و ماشۆی سۆمەری(ڕۆژاوا)هاتووە دواتر ئەو موشە، وشەكانی تری لێی وەرگیراون وەكو(مشی)ی عارەبی-چوون- بەرامبەر بە مەش-ی كوردی واتە ڕێپیوان هەروەها مێش لە ڕەنگی ڕەشی مێش وەرگیراوە، پێشتریش(مەشە) بە مانای ڕوح هاتبوو لە ئاڤستا كە ڕوح-یش لە ڕوخ= لا وەرگیراوە-ولاتی شام و لوبنانی ئیستایش لە سەردەمێكی كۆندا ناوی ولاتی(الاخ) بووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# شلۆڤەکردنی وردی هەندێ زاراوە

-کورد\کورت(کرد=سوتی/قوتی/کوتی/گوتی):

لە پێشدا پێویستە بلێین کە هیچ زاراوەیێك بە قەد ئەم زاراوەیە گۆڕانی بە سەر نەهاتووە، پەیڤەکە زۆر کۆنە و لە سەردەمی سۆمەری بە هەمان شێوە ولەگەڵ(کوردیوم) ناوی هاتووە وەك زاراوەیێکی تۆبۆگرافی(1)کە دەقەکانی ئەکەدی ناوچەکانیان دیارکردووە لە دەوروبەری روباری خابور بووە، بەلاّم ئەسڵی پەیڤەکە پێوەندی بە (سرد)-زرتا-ی ئاڤستاییەوە هەیە و ئەم پەیڤە بە واتەی(دل) هاتووە لە ئاڤستا، ئەم پەیڤانەی خوارەوەش هەر لەتوخمی ئەون و بۆ مانای تر براون:

سرد-کرد- خرد- قرد- ارد، دواتر کە (ر<ل)

سلت -کلد-خلد- (قلد)- الد (2)

ڕامانی سەرەکی ئەو لە سیفەتەکانی ئاسمانی ڕەش و بەرز وەرگیراوە-ناوەندی سوڕانەوەی گەردوون-واتە تەواوی(کورد دەلێت شەرتی هەلات واتە خلاس)، شەرت-یش لە سەرت/سەرد هاتووە، لە ئاڤستاzrta بەرامبەر hrta لە هندی کۆندا وcordis لە لاتینیدا.

---

1-مەلیکی سۆمەری سولالەی یەکەمی لکش Lagashی سۆمەری (انناتوم2470-2430پ.ز) دەنگ و باسی ئەم ولاتەی تۆمارکردووە کە دەڵێ هێرشی کردۆتە سەر ئەو ولاتە و زۆر خەلکی لێی کوشتوون و سامانەکانیان بە تالانی بردوون بەلاّم بەر لەوە لە هەزارەی چوارەمی پ.ز ناوی چیا لە نووسینی بکتوگرافی سۆمەری بەkur لێڤس دەکرا لە گەل پاشگری (t-d) بە واتەی دانشتوو بەم جۆرە زاراوەی کورتو/کوردو ب مانای چیایی دەهات هەروا(t-d) لە هەمان نووسینی سۆمەریدا واتەی(قدم)دەدا (ظهور الکرد في التاریخ-جمال رشید).

ئیستایش دوای و دوو-ی کوردی هەر لە وێ هاتوون یان ئەوان لە کوردی وەریان گرتووە، جگە لە پێی مرۆڤ کە ئەویش(دوو)ن، ئەمەیش وەك دابەشکردنی ئاڤستاییە بۆ گەردوون کە لای خوارەوە هەمیشە سیفەتی دووانەیی هەیە.

2-خلدی(ئەلدی)خواوەندی ئورارتوەکان بوو لە موساسیر(موجەسیر)ی نزیك ڕواندوزی ئیستا وەك لە دەقی کێلەشیندا هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**heart** لـه **E** كـه هـەر هـەموويان واتـەى (دل) دەگـەيێنن، (لـه كـوردى ئيسـتا-زار- هـەر دل ديێت وەكو (بێ زار=بێ دل) كه دل-ی كوردى لـه (در) هـاتووە-دل(در)×رد<ارد (ئـە-ی بـەرايى ئەرد ئا/ئە- ی ئيسباتە)، كه دل واتە ناوەند دەدات وەكو **heart** (جێگـەی ڕەتبونـەوە) كە ترانسپێشنی **heart** لە لاتينيدا **cordis**-ە.

فۆنـەتيكی **heart** و ئـەرد **earth** يـش زۆر نزيكـی يـەكترن و ئـەرديش تـا سـەردەمی گريكيەكانيش بە سەنتەری گەردوون دائەنرا..وەك ياساش كە(ر<ل) دەچێت، سرد بـووە بـە **cold** چـــۆن ســــارد و تــــاريكی بــــە ئەســــاس (دل)دانـــــراون.. ســـــرد/ســـــرت ×درس-دورس،تارس(تار+س)..

هـــەر لـــەو ســـيفەتەی تـــاريكی و ســـەر(ســـوتی) زۆر وشـــەی تـــری لێـــی وەرگـــيراون سرد(سەرەتا)=خلد (**1**)

ئەو سيفەتەی دابەشكردنی گـەردوون كـە دواتـر بەسـەر جوگرافيـا و جەسـتەی مـرۆڤيش سەپێنرا (يەكبوونی هەبوون)، ئـەو(سـرد)ە بـوو بـە نـاوی جوگرافيـای كـورد كـە بـە ئەسـڵی هاتنی مرۆڤی بەرايی دانراوە.

هەروەها(قرد-قرذايە-قاردو-قاردون) لە ئەسڵی(سرد)(**2**)- لە دەقێكی تەوراتدا-تێستی كۆن، ولاتـی قـاردو هـەمان ولاتـی ئيسـتای كـوردە، ديسـان چـۆن سـرد و سـار يـەك زاراوەن لـە ماناكەيـــاندا(كە تيپی د- وەك ياســـا لە زۆر شوێن لە وشـەی كوردی دەكەوێت..

---

**1**- شەرت، لە عارەبيدا دەلێن(اولە شرط اخرە خير)، سەرەد(موخل) لە ما/مـەد اخـر هـاتووە-ئاسمـانی شـەو-هـەروەها **xratu**/خرەتـو لـە ئاڤستا بـە مانـای (ئـەقڵ<ئـاخر)و هـەم ديسـان كـرەت وەكـو ديمـوكرات واتـە حـوكمی خـەلك ،حكـم لـە ئـەسما و ئاسمـان وەرگـيراوە كـە نـاوێكی تـری ئاسمـانی ڕەش سرد<كرد/كرت بووە، هەروا مانای خلد-خلود وەكـو (جاويـدانی خـرد) واتـە(الحكمـة الخالـدة) كـە جاويـدان <سويدان (سود+ئانو) ئەسڵی ماناكەيەتی-ناوێكی تری ئاسمان-جاويدان خرد/كتێبی ابن مسكويە..لـە دوايـی سرد بەرەو(جلد)چووە وەكو (جلد السماء) واتە قبة السماء كە قبەيش سەرەتايە.

**2**- سێرت-يش شارێكی كوردی باكورە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**سرد-سرود-شعر)..(1) ئەوهایش ارد- وار-یش یەك زاراوەن.**

**لە زمانی ئەرمەنیدا(ارارات) ڕامانی کاردو دەدا-چیا- (هەردووو وشەکە لە ئەسلدا لە بەرزی ئاسمانی شەو وەرگیراون)یان لە سیفەتەکانی ئاسمانی شەوەوە وەرگیراون- دوبارەکردنی بڕگەکان شێوە کۆکردنی وشەکان بووە بە تایبەت لە زەمانی سۆمەریدا، کە ئیستا ئەو شێوە وشانە زۆرن لە کوردیدا.**

**شایانی باسە لە ئەرمەنی و تورکیدا(kurt) بە کاردێنن لە شوێنی(kurd)، ئاسوریش بە کورد دەلێن(خورذایە)-(خورذ/کورذ)لە سۆمەریشدا(خورزاك) بە واتەی خاتونی چیا هاتووە.**

**دیسان چۆن خرد و خلد بە یەك واتا هاتوونە-نەمر-وەهایش (کرد وکلد)یش یەك وشەن وەکو د. لامپریر دەلێت کە کلد تەحریفکراوەی وشەی کوردە.**

**دواتر بە درێژایی مێژوو ئەم وشەیە هێشتا گۆڕانی بەسەردا هاتووە وەکو زیادکردنی ئامرازی کۆی ئەرمەنی (خ)-کاردۆخ، کە ئەم ئامرازە وەکو(S)ی E یان لە توخمی ئەوە.**

**پێوستە بشلێین کە هەر(د-ت)یێك لە ئەسڵی هیمای(ϴ)وەرگیراوە ئەویش یان بۆ (س)یان بۆ (د-ت) چووە.**

**بۆیە کورد لە رەگەزی(کورذ)، بۆیەش دەبێت وشەکانی وەکو (کورس-کورش)..(2)یش هەر لە ئەسڵی کوردەوە هاتبن.**

---

**1- من شعر بە وشەیێکی کوردی دایدەنێم-لە سەربردە و بەندی شەڕەوە هاتوە وەکو (سەر)ی داستانی شەری سۆمەری..لە کوردیدا بەگۆرانی بێژ دەلێن شاییر.**

**2-کورش پاشای ولاتی کورمانجەکان بووە-تورکیای ئەمرۆ- دەلێن ئەو کابرایە وەکو زینفونی گریکی باسی لێوە دەکات(401پ.ز) ئەو پاشایە بە ناو فارس، لە زمانی خەلکی ئەویٚ تێدەگەیشت بەلاّم بۆ یۆنانییەکان پێوستی بە تەرجمان هەبووە.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئـەم سـیفەتانەیش لـە ئاسمـانی شـەوەوە وەرگـیراون (سـرد)..(1) کـە چۆن وەك خواوەنـد تەماشاکراوە و خواوەنـدیش چـەند سـیفەتی هـەبووە ئەونـدە ناویشـی بەخشـیوە، وەك نـۆت ونۆ نـاوی(الله)ی خـودا-هـەر بۆیـەیش لـە ئاڤستا جێگـەی خـودا (بـودس×سـودب) بـە دەریـای هەموو زانست هاتووە.

پەیڤی کورد و هاوشێوەکانیشی هـەر هـەموویان یـەکتر دەگرنـەوە و کـە لـە ئەسڵی ڕەمـزی خواوەند و سیفەتەکانی بە دەیان وشە لێی وەرگیراون و هەر یـەکێکیش لەوانـە بـۆ مانایێـك چوونە و پەرت و بلاوبونەتە سەر زاراوەکانی هـوری(2)و ئورارتـوویی(خلـدی) و زمانـەکانی زاگروسـی و تەنانـەت سـۆمەری و ئـەوانی دیکـەیش، ئـەو زارانـەی کـە هەنـدێ لایـەن بـە Proto-Kurdic ناویان دەبەن کە ئێمە دەتوانین بلـێین ئـەو زارانـە هـەر هـەمویان هـەر لە فەلسەفەی دابەشکردنی گەردوون، وشەو پـەیڤ وناوەکانیـان لـەو هـزرە ئایینییـە دێرینـە وەرگرتوون و هەبوونی ئەو پەیڤانەش لە ناو ئەو هەموو زارانە بە تێکرایی بە هـەمان مانـا گەواهی و بەڵگەن کە ئەو زمانەکۆنانە سەرەتای جێبەجێکردنی ئەو بیرە دینییە بووە و بـە بۆچوونی سود و مفا وەرگـرتن لـە هـزری دینـی بـۆ سـازکردنی زاراوە و زمـان و بـە درێـژایی دیرۆك...زاراوەی کوردیش یەکێکە لەو ناوانەی کە لە ئاسمانی شـەو-جێگـەی ڕەتبوونـەوەی خۆر-هـاتووە کـە لـە ئاڤسـتا بـە زرتzirta یـان (سـەرەتا) بـە نـاوی دل گـوتراوە، بـێ گومـان دلیش لە(در/دور)پەرەی سـەندووە، جێگـەی ڕەت بوونـەوەی خـوێن-بۆچـوونی دابەشـکردنی جەسـتەی مـرۆڤ وەك دابەشـکردنی جەسـتەی گـەردوونی خواوەنـد(لـە سـفر التکـوین ی تەوراتیشدا وەها هاتووە)..کەواتە ناوی کورد-کرتە- لە ئاڤستا بە زرتە/سرتە هاتووە.

لە دواییدا وشەی(اورارتو)ی ئاشوری-ئارەتو/ئا+رەتو- هەر هەمان (آرارات)ی ئەرمەنییـە کـە ناوێکی تری(کاردو)یە واتا چیا و بەرزایی-گرد-ی کورد ئیستا(بەرزایی)کە(گرد)یـــــش

---

1-سرد/سلت-کرد-کد-خلد-ئەلد(خواوەند)،سرد(سەر+د=سەری دووەم).

2- حوری/خوری ئەو زمانەی بەر لە خلدی بـووە-اورارتـوو وەك ئاشـوریەکان ناویـان بـردووە-وشـەی خـوروا hurwa وەك زانایان تاروستین و دیاکونوف ئیشارەی بۆدەبەن بە مانای سپێدە یان ڕۆژهەلات هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

واتای گەرانەوە و ڕەتبوونەوەی تیایە(گەردان وگەرانەوە) یان هەمان واتەی(در<دل) لایـەنی تـاریکی گـەردوون، جێگـەی خـوا و خواوەنـدەکان هـەروەکو(کوردنیـاش)دەولـەتی کیشـییە ئەرستکراتیەکان لە بابلدا بە مانای خاکی خواوەندە پیرۆزکان ناوبراوە.

دیسـان(گـوردی)لـە لای گونـد نشـینەکانمان بـە مانـای(مـەڕی ڕەش) دێـت کـە لـە ئەسـڵی بۆچوونی ئاسمانی ڕەش ماناکەی وەرگیراوە (1)

درایڤەر-یش دەلێت:

**The diverse forms-Qardu(or Kardu) ،Karduchi،Gortochi(and Gordi) ، Kardakes and Cyrtii، Gordyai and Cordueni،Qardu، Qardawaye`،Qurda`ye`،Kartawa`ye` and Kurdayyu` etc. in spite of the differences have a common descent.**

بێجگە لەو ناوانەی ناومان هێنان لە سەرەوە ، لـە ســــەردەمی (فاوسـتوس)ی بیزەنتـی لـە ســـــــەدەی چـــوارەمی زایینیـــدا جوگرافیـــا و یـــان ولاتـــی کـــوردان بـــە نـــاوی **Korchekh<Kortich** ناسراوە(2)

هەر سەبارەت بەناوی کورد هرتسـڤلد دەلێت: ناوی (سوتی) هەمـان ناوی (**Kurti**-

---

1-وشـەی کـورد/کـرد و پـەیڤی سـەر/سـور لـە مانـا بەخشـینی سـەرەوە(شمـال) یـەکتر دەگرنـەوە هـەروەکو هەردووو گەل لە سەردەمە کۆنەکاندا هاوسێی یەکتربونە لە میزوپوتامیاش ژیاون-لە کتێبی ظهور الکرد في التاریخ لاپەرەی-47-دا دەلێت(کان سکان اقلیم قردی من القردایه -الکورد-الذین اشتهروا عند السریان باسمە قردوایە مثل قوردایە الذین حملوا اسم شـارونایە.وحسـب ماجـاء فـی العهـد القـدیم-سـفر التکوین4،8- بـلاد قردو

**has ‘the montain of ،The Arabic account of Abu-“l Faraj(pocoeke)P.13 the Qurd which is called Al-Judi’’**

واتـە شـارونایە(شـارون=سـارون) لـە وشـەی سـەر و شـەر کـە واتـەی سـەرۆك و سـەرەوە دەدات، وەرگـیيراون چۆن(قردا) بووە بە(قردون)-ناوی جوگرافیای کورد لە دەقێکی تەوراتدا-تەرجومەی ئورشەلیم-

2- پێم وایە دەریاچەی (کولچك) کە دەکەوێتە ناوچەکانی کورد هەر لەو ناوانە هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

Qurt)یە..(1) هەروەها بۆمان هەیە بە پێی بۆچوونی درایڤەر و ئەوانی دیکە کە هەموو ئەو ناوانەیان بۆ یەك شت گەراندونەتەوە، بۆمان هەیە بیر لە هەندێ ناوی تریش لەو جۆرە ناوانە بکەینەوە وەکو-اوگارت/اوگارتی(اوغارت)-وەکو چۆن ئیستا (کرد-اکراد،عرب-اعراب) شێوێنراون، وشەی ئوگارت کە شارستانی کۆنی ولاتی سوریا بووە بە تایبەت ئیستا سوریا و لوبنان ڕێژەییێکی باشی کوردی تێدا ماوە و خەلکی ئەسلّی ئەوێن و فەرهەنگی زمانەوانی ئەو ناوچانە ناکوردیانەی ئەو دەڤەرەیش وشەی کوردی زۆری تێیدا ماون هەروەکو تائیستا ئێمەی کوردیش دەست بەرداری ئەو پەیڤانە نەبوینە کە پەیوەندییان بە ئاوی دەریاوە هەیە وەکو-ڕۆژاوا-ماسی-خراب-نینە-نەهنگ..بۆیە دەکرێت ئوگارت شێوەییێکی تری(اکارت/کارت/کیرت/کرت/کرد)بێت-ڕەگەزەکانی ناوی کورد —دەشبێت کورت/کورد خەلکی ئەسلّی لێواری دەریا بووبن هەروەکو خەلکی ئەسلّی ناوچەکانی تری ئەم ڕۆژهەلاتە ناوەراستە بووینە بەر لەوەی زمانەکانیان بگۆرن..(2) لەکۆتاییشدا ناوی کورد بووەتە کوروات وەك مێژوونوسانی کورواتیا(3) ئەیسەلمێنن کە ئەسلەکەیان کوردە بە پیی ئەو بەلگەنامانە کە خۆیان باسی لێوە دەکەن..بە کورتی و بە کوردی زاراوەی کورت/کورد لە ئەسلّی ناوی ئاسمانی ڕەش-جێگای خواوەندەکان-یان جێگەی حوکم(کرات) خەلقبوون (کرد/کردار)ەوە-مەد(ئاو و مێ) ناوێکی تری ئەو جێگەیە کە لە ئینگلیزی بووەتە-مێید madeواتە کرد وکردن، کە دواتر ئەو ناوە ئاسمانییە گوێزراوەتەوە سەر جوگرافیا و ئینجا خەلکی ئەوێش بەو ناوە ناونراون(کورد).

---

1- بۆچوونی ئەو زانایە لە گەل بۆچوونەکانمان دەگونجێت کە ناوی کورد لە ئەسلّی ئاسمانی ڕەش (سوتی) هەردووو پەیڤەکە یەکتر دەگرنەوە..هەروەها ئێمە بەکەسێکی کورت یان کورتە بالا دەلێین قوت(سوت<قوت).

2- وەك زانا فولولوژیەکان دەلێن کورد/کرت بەرەو کلد/کلت چووە یان تەحریفکراوەیەتی ،کلت کلتوریش هەر شتێکی زۆرکونە(کەلەپور)و سلت-یش گەلانی کۆنی ئەوروپایین..

(سلت<کلت)، هەروەکو کورد لە تەوراتشدا بە مانای(قدیم) هاتووە یان زاراوەی کرد/کورد/گرت توشی تەحریفکران بووە هەروەکو زاراوەی عەرەبی(عرب/یعرب/اعراب) هەموویان مانای عەرەب دەبەخشن.

3-خۆم چەندین وشەی هاوبەش نێوان فەرهەنگی زمانەوانی کوردی و کورواتیاییم دەستنیشانکرد وەکو چەند ناوی ژمارە و ناوانی جۆراوجۆریتر، کە هەندیکیان هاوبەشن لەگەلّ زمانی ئاڤستایی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-آسور-سور-سەر-شەر:

ئەم پەیڤە(اسور/اشور) لە پاش ئەوەی کە بە سەر ئەو کۆمەلە مرۆڤانە چەسپاوە وەك ناوێکی ئەتنیکی، پێشتر-ئاسر/ئاسور-لە ناوی سەر-ی کوردی هاتووە، وشەکەیش هەر لەو مانایە وەرگیراوە و لە سەردەمی ئاشوریەکان(آسور) خواەندی ئەوان بووە-ئاسور خواوەندی گەلی ئاسور بووە/خواوەندی شەڕ-ئەم پەیڤە لە سەردەمی ئاشوریەکان پێوەندی خۆی بەڕەگەزی خۆیەوە-وشەکانی لەوەوە وەرگیراون-هێشتا نەبچڕاندبوو وەك ڕەنگی سوور/سۆر(1)

وەك چۆن لە سفری تەوراتدا هاتووە کە گەلی ئاسور زۆر حەزیان لە ڕەنگی سوور دەکرد و کاتێ دەچونە شەڕیش، جل و بەرگی سووریان دەپۆشی چۆن هێشتا لەسەر بنەماکانی دابەشکردنی گەردوون بە پێی فەلسەفەی ئاڤستا-زرادشتی مابوون کە ئاسور و سور(خۆراوا) یەك جێگا لە فەلەکدا دەگرنەوە واتە جێگەی ئاوابونی(سور=خۆر) لە خۆراوا(سوراوا)..کە ئاسوریش بوو بە خواوەندیان(سەر<شەڕ) بوو بە تەقس و دۆخێکی دینی وەکو فەرمانێکی خواوەندی چونکە سەر و سوور ڕەنگی خوێن بوو و ڕۆژانە ئەو کارەیش لە خۆراوا بووندا دوبارە دەبێتەوە ، بۆیە دەبوایە ئەوانیش ڕۆژانە شەڕێك بەرپابکەن وەك نواندنێکی کاری خواوەندەکەیان(ئاسور)، دیارە بەم کارەیش هێشتاکە ئەم وشەیە ڕامان و واتا ئەسلییەکەی وون و بزرنەکردبوو-مانا کوردیەکەی-وەك چۆن ئیستا لە زمانی کوردیدا بە ڕامانە ڕەسەنەکەی خۆی ماوەتەوە..(2) واتە سەر و سوور، سیفەتەکانی خۆراوا، سەر-یش واتە پێگەیشتنی دوولا یا دوو ڕوخ لە ئەسلی گەیشتنی خۆر بە ئاو و ئەردەوە، وشەکە

---

1- ڕەنگی(سۆر/سوور) ڕەنگی ئاسۆی خۆراوەیە لە کوردی و ئاشوریدا لە یەك رەگەزەوە هاتوون (سر/اسر)، لە ئاشوریدا بووەتە(اثرتە) یان دانی(عصر)(اسر<عصر)-ئاثر هی ئاڤستایش واتە عەصر و ئێوارە، هەروەها حەدر/هەدار واتە دانشتن و ئارامبوونەوە هەر لە رەگەزی ئەو وشە ئاڤستایی یەوە..هاری ساکزیش دەلێت(آشور) لە بەراییدا خواوەندێکی خێلەکی بوو زیاتر لەوەی خواوەندی شارێك بێت، تەمام وەکو چۆن یهوی (جهوڤا) لە نێوان عیبرانییەکان.

2-عوذر(بێ نوێژی ژنان)یش هەر لە اسر/اسور وسووری خوێن وەرگیراوە و(عذراء)یش ئەو کچەیە کە تازە پێ دەگات وبێنوێژی دەبینێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ماناكـەی لـەوەوە وەرگـیراوە وەكـو ڕامـانی پـەیڤی بـەراییش مانـای ئـەردی دەدا، چـۆن عەرەبەكان زاراوەی(آسور) بە(آقور)یان ناو دەبرد(1)

دواتر(اسر)بووە بە(آخر-اقل) بەرامبەر بە مەژی كە ئەویش لە(ماشو)ی سۆمەری (سـەری كۆتایی) وەرگیراوە، وشەی سر/اسر/ئاسور-زیـاتر مانـای غـەربی دجلـە دەگرێتـەوە بەرامبـەر بە مەد/مەدای كە شەرقی دجلە یان ئاسوریەكان، ئەسلەكەیان لە سـەحرای خـەربی دجلـە و سـوریاوە هـاتوون، دواتــر لــە شـاری ئاشـور دامــەزران لـە تەنیشـت شـرگاتی ئیسـتا وەك مێژوونوسان باسیان لێوە كردووە.

ئینجا وشەی(عقال-عەگال)یش لێی وەرگیراوە، كـە هـەر هـەموویان پەیوەنـدییان بـە زاراوەی (سـەر/اسـر)ەوە هەیـە..هـەروەها وشـەی عقـر/عقـرە هـەر لـە تـوخمی ئـەوە واتـە لـە ئەسـڵی جێگەی پێگەیشـتنی دوولا-بـەرزی ونزمـی-وەك گوتمـان(سـەر و ئاسـر و ئاسـور) پێگەیشـتنی خۆر بە ئەردەوە سەرچاوە ئەسلییەكەیێتی كـە ڕەنگـی سـووریش هـەر بـەو كـردارە دروسـت دەبێـت (سـووری=ڕەنگـی ئـاگر) بۆیـە زاراوەی ئاسـەر و سـەر بێجگـە لـەوەی عەرەبـەكان كردوویانـە بـە (عقـر/عقـرە)-پیكەسـەر بـەرزترین لوتكـەی زنجـیرە چـیایە و لـە هنـداوی ئاكرێیە،كوردیش كردوویە بە ئاگر وگڕ(G\K<C\S).

سـەرەرای ئەمانـە لـە كـوردەواری خۆمـان تـا ئیسـتا بـە پێـی بۆچـوونێكی كـۆن ئێمـە دەسـتبەرداری ئـەو داب و نەریتـە كۆنانـە نەبوینـە وەك چـۆن پۆشـاكی سـەر، سـوور هەلدەبژێرین(جەمانەی سوور)بـە هـزری هـەبونێكی كـۆن یـان داكـۆكی كـردن لـە هـەبوونی پێوەندی لە نێوان وشەی سەر و سوور بە یەكترەوە وەك چـۆن هێـزاری بـوكینیش(خێلـی)تـا ئەم نزیكانە هەر ڕەنگی سوور بـووە..(2)هـەروەها(سـر/اسـر-اسـرە/عشـرە)ژمـارەی تـەواوی.. بەروڤاژی پەیڤی سەر دەبێتە رەس، لە كوردیدا ڕوس یاخود سوور و بێ جلكوبەر،

---

1-وشەی قڕبوون و قڕان (تەفروتونابوون)ی كوردیش لەو توخمەیە هەروەكو(سڕ) مانای مردنی تیایە.

2-دابەشكردنی چەرخ و فەلەك (زاراوەكانی) لەگەڵ دابەشـكردنی ولاتـی میزوپوتامیـا لەگـەڵ سـەر و بنـی جەستەی مرۆڤ یەكتر دەگرنەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروا لە ئاشوریدا(ڕیشە) یان سەر..(1)بەرامبەر زاراوەییێکی وەك ڕیشمەی کوردی کە پێوەندی بەسەرەوە هەیە دیسان سۆرە واتەی لاو و جهێل لە ئاشوریدا دەدات وەکو ڕەنگی شەفەق ڕەنگێکی جوانە بۆیە ناوی گەنجان لە وێ وەرگیراوە یان لەبەر سیفەتی تری ئەو جێگەیە کاتێ لێکدانی شەو و ڕۆژ، ئەو کاتە وەکو کاتی سەردەمی جاهێلانە کە ئامادە و سیفەتی ماوەی جوتبوونیان پێگەیشتووە..هەر چۆنابێت بە پێی شلۆڤەکاری فۆلۆلۆژی و سیمانتێکی یەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەو سەردەمە بەرایانە هێشتا بە تەواوی گەلان شێوەی نەتەوەیی خۆیان وەرنەگرتبوو چۆن پەیف هاوبەشییێکی هەمەلایەنەی بەکارهێنانی نێوان کۆمەلانی جیاجیا بە خۆیەوە هەلدەگرێت(2)

لە لایەنی سیاسیشەوە ئەم بۆچوونە پالپشتی هەیە وەك چۆن ئەگەر ئاشوری درێژەپێدەری نەتەوەی بابلی بن چۆن بابلیەکان خۆیان لە تەك میدیا رێك دەخەن و ئەبن بە هاوپەیمانی یەکتر لە دژی ئاشور، یان چما ئاشوریەکان سەردەمی ناسرپال (884-860)ئێرش دەبەنە سەر بابلی کلدانی(3)، ئەمە گرۆڤێکە و ئەبێت لەسەری ڕاوەستین.

---

1-ئەسمر وسمر و صمیر و سمۆرە وسماوەریش هەر لەبەر ڕەنگی بافسوور و بەسەرسوورەوەچوونیان ئەو ناویان لەسەر چەسپاوە (سەر-سور<سمر).

2- وشەی زۆر هەن کە بە وشەی فەرهەنگی دادەنرێن و هاوبەشن لە نیوان کورد و ئاسور وەکو پەیڤی (سەر)ی کوردی کە بووەتە(شەرو=مەلیك)ی ئاشوری-پێشتر باسی ڕێشمەی کوردیمان کرد-هەروەها بووەتە(زەر)ی بابلی، ئەم ناوانەیش هەموویان(سەر<سەرۆك)ی کوردیان تیایە، شروکین-تگلاسەر-نەبوخودناسەر-هتد..کە(ناسر) واتە (نو+سەر)یان سەری نوێ و سەرکەوتن(نصر)، هەر ئەو زاراوەیەش لە ئاڤستایش(شار)بوە واتە سەر و مەلیك و شا.

3- وشەی کلد/کلدان وەك هەرتسڤلد دەلێت، تەحریفکراوی وشەی کوردە، دیارە ئەمە لەو سەردەمە تەحریفکراوە کانی هێشتا وشەکە زاراوەییێکی تۆبوگرافی بووە، دەکرێت کلدانی ئیستا زمانی خۆیان گۆڕابیت لە بەر هۆی وەرگرتنی دینی مەسیحی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وەلێ ئەسڵی پەیڤی(اسر<اسور) لە دابەشکردنی توبوگرافییەوە هاتووە(1)و وەك لە پێشتر قالمانکرد کە ئەویش دابەشکردنێکی گەردوونی بووە.

| سەر | مەد | پەر |
| --- | --- | --- |
| ئاشرهی-ئاسور | میذوئی-کورد | سفاهی-پارس |
| (خۆراوا) | (ناوەند/دل وزار) | (خۆرهەلآت) |

هەرچەندە وشە کوردییەکان یان ئەو وشانەی لە ئەسڵی ئەو دابەشکردنەی گەردوون کە باسمانکرد شێوێنراون یان قەلبکراون بە پێی ئەو بۆچوونە و ئەو فەلسەفەیەی کە جێگەکەیان دەکەوێتە لای خەرب(جێگەی قەلببونەوەی خۆر) واتە ســەری ڕۆژاوای مەدیا(سوریا و سریان) بەلآم ئەوانە وەك پردێکیش بوونە بۆ زمانانی تر ئەگەرچی ئەو زارانە نەیان کاریوە خۆیان بە تەواوی لە پەیڤی ڕەسەنی کوردی ڕزگاربکەن.

ئەمەیش چەند نموونەیێکی ئەو پەیڤانەن کە لە ئەسڵی ئەو فەلسەفەی هاوبەشی کوردی و ئاسورییەوە هاتوون کە تا ڕادەیێك وەك خۆیان ماون:(2)

| کوردی | ئاسوری | کوردی | ئاسوری |
| --- | --- | --- | --- |
| باب/باوك/باڤ | بابی | چیا/سیا | تولا (هەردووو سیفەتی تاریکی و بەرزی) |
| مام | مامی | دەشت | دەشتیا |
| خاڵ | خاڵ | نیشان | نیشانە |
| خزم | خزمی | گەورە | گۆرە<گبارە |

1-زۆر پەیڤی ڕۆژاوایی هەن بە تایبەت خەربی دجلە کە دەیسەلمێنن کە ئەوێ لە ئەسلدا زاراوەیێکی تۆبوگرافی بووە و ئاشوریەکانیش ناوی خۆیان لەوەوە ستاندووە وەکو وشەی سوریا و سریان وسرب<غرب وسەهرا<صحراء، هەروەها لە خەربی دجلەوە، ئاشور-پایتەختی ئەسڵی و بەرایی ئاسوریەکان (لەنك شرگات)،حەزەر، سەرسەر< ثرثار.

2- لە دەقە ئاشوریەکانی کۆندا باشتر هاوبەشی پەیڤەکانی کوردی و ئاسوری و بابلی دەردەکەوێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| کوردی | ئاسوری | کوردی | ئاسوری |
|---|---|---|---|
| زیڤ | سیما (سیمی کوردیش ڕەنگی زیوینە) | بچوك | سورە - (واتە سەرە وەکو زارۆ/زارۆك) |
| دین | دین(لە ئەسڵی دیانای ئاڤستایی) | خوشك | خوشا(لە کوردی کافی زیاد کردووە) |
| دونیا | دونیا | پیرۆز | بریخە(ز<خ چووە) |
| کەرخە/ڕێك | تولخا | ترس | سدایە(سیفەتی تاریکی) |
| دوژمن | دوژمن | زیرەك | زیرەك |
| پرچ | پرچ | | |
| ئا/ئێ | ئێ/هێ | تو/ئەتو | ئاید(ڕاناوی کەسی دووەمی تاك) |
| ئەو | ئەو (ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك) | جل/جلك | جلێ/جولێ |
| ڕوس/ شەلاندی | شلوخایە | چەپ(دژی راست) | چەپلێ (چەپ+لا) |
| زستان | ستویە(سیفەتی ڕەشی) | بەهار | بەهر |
| ئازاد | ئازد | کافر/گاور | کاپر |
| لەعنەت | نارە(ئاگر گرتی=نفرەت لێکراو) | ئاگر | نورە |
| ترازوو/ترازی | طرازی | مێ | نقوە(سیفەتی نقۆیی/نس-ناخ) |
| ساخ | ساخی | سەر | ریشا (لە راس وڕەش هاتوو- ە) |
| پێ | ئەقڵە(لەئەسڵی ئاخری لەش) | ڕەنگ | ڕەنگ |
| دروست | دروست | پاکژ/تەمیز | تەمیس |
| چاڵ، کۆرك | کورێ | باش | سپایێ(سیفەتی سپی) |
| خراب | خربە (سیفەتی خوراوا/ڕەشی) | سوتن | قیدلی |
| سور | سموق(وەکو ڕەنگی سماق) | شین | شینە |
| کەسك | کەسکە | زەر | زەر |
| میللەت | میلەت | گەلەك | گەلەگ |
| کابانی | کابانوت | جوان | جوان |
| زۆر | زۆر | ئەگەر | ئەگەر |
| دەوار | دەوار | ئەدرێ(جێ) | ئەترا(جێ ولات) |



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەر لەوەی ئەم وشانە تومار بکەم لە تەلەفزیۆنێکدا گوێم لە سترانێکی ئاسوریم دەگرت کە ئەم ڕستە کوردییەی تیادا دوبارە دەکرایەوە:

خان و مان و خان و مان، برسکێن سۆر، کەزیێن زەر شوربوون کەتنە سەر ملان..

پێشتریش چەندین گۆرانیم گوێ لێببوو کە پربون لە ڕستەی ئەوهای کوردی، ئەمە ئەو زمانە بابلیە دواییینەی وەبیرمی دەهێناوە کە پربوو لە ڕستە و وشەی سۆمەری و ئەوانە نەیانتوانیبوو خۆیان لە ڕۆشنبیری سۆمەری پێشوتریان ڕزگار بکەن..

ئەمەو ئێستا ئاسوریەکان زۆربەیان ناوی ئەوروپایی لە خۆیان ئەنێن، دیارە ئەمەیش بەبۆنەی دینییەوە ئەم کارە ئەکەن، هەرچەندە دەبێت گەلی گورد بە پلەی یەکەم ئەم کارە بکەن-مەبەستم ناوی کونینەیە نەك ئەو ناوانەی لە دینی مەسیحی وەرگیراون- چۆن کورد و ئەوروپایی لە یەك ڕەگەزەوەن بە پێی لێکدانەوەی زمانەوانی وگەلانی سامیتیك لەوانەوە دوورترن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**- ئیراق-عیراق-Iraq:**

**ئەم زاراوەیە لە زمانی عارەبی ئیستاکە بە واتەی ئەردی لەسەر لێواری ئاو یان(ساحل) دێت، بەڵام بونیاتی ئەم ناوە لە پەیڤی وەرکا،کە ئەویش لە(اراس/ارس/راس)هاتووە بەرامبەر بە ڕاست و ڕاستایی کوردی کە ئاوەژوکردنی پەیڤی (سەر)ە کە ئەم سەرەیش هەمان واتەی ساحلی تێدایە واتە ئەردی لەسەر لێوی ئاو..(1) وشەکە لە دابەشکردنی ولاتی میزوپوتامیا بە دوو بەشی دژ بە یەکتر وەرگیراوە واتە لە سەرووی ئەو ولاتە(اسر/اسور)بووە و لە خواروویش پەیڤی(اسور/اسر) ئاوەژووکراوە و بووەتە-ارس (سەر×رەس)-(2)،ئینجا چونکە خوارووی عیراق لە سەر ئاوبووە-ئاوی خورس<خەلیج-کە لە سەردەمی سۆمەری ئاوی خەلیج سنوورەکەی لە(اور)بووە بۆیە ناوی ئیراقیش لە وێ سەری هەوڵداوە-اراك(الورکا)-ایرخ لە تەوراتدا-لە ئەسڵی ڕەخی کوردی یان ڕەش کە لە کۆندا ناوی عیراق(ارز السواد) بووە دەقا و دەق وەرگەراندنی پەیڤی ڕەشی کوردییە..کە لە کۆتاییدا ناوی سەر-ئاسور نەما وەك زاراوەیێکی جوگرافی و ناوی عیراق هەمووی ڕامالی بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا ناوی عیراق بە زۆری بەسەر بەشێکی کوردستانیشدا سەپێنرا کە هیچ پەیوەندییێکی بە-(اراك-وەرکا)یان ئیرخ-ئیرکو-وە نییە.. بە کورتی چۆن ناوی(اسر<اقر)واتە سەرووی ناوچەکە بۆیە پێچەوانەکەیشی (سر)×(رس) رس-ارس-ارق-عیراق، واتە خوارووی ئەو ناوچەیە.**

---

**1-(سەر-سەل<ساحل)لە پاش ئەوەی(ر<ل) چووە و(ح)یش ناوبڕێکی سامیتیکە.**

**2- هەر وشەیێکی مانای سەر و سەرەوەی تێدابێت هەر لەو(رەس)ەوە وەرگیراوە وەکو-عرق-حلق/حلاق-کورد ئەم تیپە بەراییانەی ئەم وشانە واتە(ع-ح) بە(ئ-ه)ی لێڤس دەکەن(ئارەق-هەلاق)، وشەی هەلاق لە کوردیدا لە سیفەتی لوس کردن بە دیاردەکەوێتەوە (راس-روس-لوس-هەلس)کە زۆربەی وشەکانی خوارووی ئیراق ئاوەژووکردنی وشەکانی سەرەوەی ئیراقن وەکو (سود) واتە خوارووی ئیراق ئاوەژووکردنی(دس) واتە سەرووی ئیراق (دس<تاوس)..شایانی باسە ئالای ئیراق لەسەرووی سورە (سەر-سور) لە خواروویش ڕەشە(رس<ڕەش) کە هەردووو وشەکە ئاوەژووکردنی یەکترن.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-خابور-خابول یان(نهرخبر):

نهرخبر(نهر الجحیم)،ناوی ڕوباری جیهانی مردووەکانـه یـان(العـالم السفلی)ی سۆمەری کـه جێگاکـەی دەکەوێتـه **Lu-ru-gu** (لاروکو) لـه تـەك جێگـەی ڕۆژاوا و پاسـەوانی جیهانی خواروو **nedu-neti**(1)

ئـەو روبـارەی هـەر کەسـێك لێـی دەپەڕێتـەوە-روبـاری محـیط-(2)کـه خـابور لـه کتێبـی زینەفونی گریکیدا(**401**پ.ز)به ناوی **sauperus** هاتووه که تیپی (س<خ) چووه..

مـەد=نایـت یـان تـاریکی و ئـاو(مـردن)کـه دەکەوێتـه ڕۆژاوا، ناوەکـانی (خـبر و خـابور) < خابول< گبێل (روباری گەلی زنتا) و (سابور) هەموو لـه یـەك توخمـه نـاون و جیاجیا هـەر یەك بۆ سەردەمێك یان فونەتیکی سەردەمێك دەگەڕێنەوه..

دیسان **xapurs**-ڕوباری مردووان لێی دەپەرنەوه له سۆمەریدا که زینفـون نـاوی دێنێـت بـــه(اراس)-بەروڤاژیەکەیـــەتی-(3)..هـــەروەها ســـابور-**super**، دەتـــوانین بـــۆ سەرچـــاوه کوردییەکەی بیگەڕێنینەوه، ئەویش(سەر)ه که چۆن هەنـدێ کۆمـەل ئـەم(سـەر)ەیـان کـردە شعر و شیر و شور و شار..وەهاش (سور)یان کردە صمیر..

بۆ زیاتر ئیسباتیش سـەر×رەس/ارس(نـاوه کۆنەکـەی) وەهـایش(ابـور<عبـور)یـش لـه یـەك ڕەگەزەوەن کاتێ هـەر شـتێ پـر دەبێـت(ڕەس)دەپەڕێتـەوه بـۆ ڕوخێکـی تـرەوه(سـورانەوەی گەردوون)، ئینجـا پـەیڤی(ابـور-عبـور)کـه لـه یـەك تـوخمن، دواتـر چـەندین وشـەیتری لێـی وەرگیراون وەکو(ئابوری) و (ئەوپەر)،که پر-**pyre** یان ئـاگره، پـەیڤی (پـر)یـش هەمبـەری گەور-گر ڕادەوەستێت دواتـریش بـووو گیـبره **gibra**-کـبیر-کـافر کـه ئـەوەی دواییـان لەبـەر گەورەیی ئـاگر و ئـاگر پەرسـتن ئـەو مانایـەی وەرگرتـووه، هـەردووو پەیڤەکـەش لـه ئەسـڵی هەردووو لای ئاسۆ وەرگیراون(پڕ-گڕ).

---

**1**-پێم وایه **Night**ی **E**یش هـەر لـه ڕەگـەزی ئـەو **Nedu-Neti** یەوەیـە، لوروکـوی سۆمەریش لـه(لا و ڕەخ) کوردی نزیکه به تایبەت خۆراوا لا و ڕۆخێکی گەردوونه.

**2**- **ڕوباری محیت** که ناوەێکی تری ڕوباری(خبر/خابور)ه، محیط له مەد هاتووه.

**3**- سابور-خابور-ڤابور(ڤبر)-ابور(س-ی ئاڤستایی).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-نینوا/نینەوا Nineva:

ئەم ناوە بۆ مێژوویێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی سۆمەری ناوی هاتووە، ناوەکە لە ناوی خواوەندی نینا/انینوای-کە خواوەندی ژن بووە(ژن سومبولی ئاوبووە) بەرامبەر بە(آنو)ی

سوبارتو دێت و(انینا)ی ولاتی کوتیوم و(نینی)ی ئەیالمان/حلوان، لە تەوراتیشدا نینوا بەو ناوچانە گوتراوە کە لە سفری یونان(یونس)دا باسی لێوەکراوە، یونانیش واتەی ژمارە دوو دەدات..پەیڤی نینەوا بەروڤاژی(اونان-یونان)ە، ڕەسەنی دروست بوونی وشەکەیش کوردیێکی سافە(نین:کۆتایی و ئاو و ژن) بە پێی هزری زرادشتیش ئاو بە سەر و دووایی(هیچ)(1) یان(نینە) هاتووە کە وشەی نین، واتاییێکی تری ئاوبووە (ئاو-یش ڕەمزی ژن بووە)(2)یان ئاو بەکۆتایی و دەسپێکێکی نوێ دانراوە(سیفەتی دوانەیی خوداوەند) لە کوردیدا(نین) بوەتە نەهنگ، بە فارسیش ماهی لە (ماو-مایی) وەرگیراوە، ئەسلەکەشی ماسو(ئاو بە سۆمەری) یەکتر دەگرنەوە..(3) لەگەڵ ماسی کوردی ماشو/ماسو لە سۆمەریدا بە جێگەی ڕۆژاوابوون (کە ڕۆژ دەچێتە ناو ئاودا)دانراوە و وازانراوە کە لە دوایی ئەوێ هیچ شتێ نییە(نینە)، بۆیە نییە و نینەی کوردی لەوێ هاتووە هەروەکو ڕۆژاوایش لە (ڕۆژ+ئاو) یان خروب(غروب) لە(خۆر+آب/آو) هاتوون.

حوت لە(ئەد/ئود) یان دووی کوردی وەرگیراوە کە لە سەردەمی سۆمەریدا ناوی خواوەندی ئاو و باران بووە(4)-ئاو، ڕۆژ قودەدات(ڕۆژاوا/خۆراوا)، بۆیە نینەوا یان نوئاڤا بە واتەی

---

1-دوماهی و چونینە/تونینە یەك واتان، دوماهی واتە دوو ئاڤ(دو+ما)کە (ادوو/دوو/دودو)یش ناوەکانی ئاوی دوەمن، چونینە/تونینە واتە (دوو+نین) کە لە پاش نییە و نین دەسپێکێکی نوێیە، هەر وەکو پشتی ژمارە نۆ/نەهـ دەبێتە دەهـ.

2- سد=نین (سید/سۆمەری) ڕامانی حەرفی، لە عەرەبی کۆندا سید، بەرامبەر بە سەر(ڕەس) هاتووە واتەسید(سد)و سەر سەرچاوەیان یەك شت بووە.

3-لە کوردی ئیستاکە(میز) ڕێك لە گەل ئەو ناوەیە-(وان)یش لە(انو) هاتووە، هەروەها (وانە) لە سەرووی موسل، لوبنان-یش واتە لێواری ئاو.

4-ناوەکانی سد-خد-قەت-cut-أد-حد، هەموویان ناوەکانی ئاوی دووەمن (دووەم-تیامە).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

جێگـەی ئـاو دێـت کـە هـەر لـە وێـش خـاك وجێگـەیێکی نـوێ دەسـت پێـدەکات-نـو/نـوێ..بەرامبـەر(بوابـە ادد) واتـە دووی کـوردی لـە دەرگـای موسـل ی جـاران-دیـواری ئەتشانە.لە عەرەبیدا نین بوەتە(نون)واتە ماسی یان حوت کە ماسی و ئاڤ بێی یـەکتر نـابن، بۆیە ناوی ئەوان لە یەکتر دروستکراون و وەرگیراون..

نینوا وەکو شەتاوا-مەدئاوا دێت یان نـین ێبـاد(ئـاوا=ئابـاد) ئەگـەر تەماشای ناوەکان بکـەین زیاتر ئەم ڕاستییە بۆمان ساخ دەبێتەوە وەکو چۆن ولاتـی یونـان ئـەرزێکی نوییـە لـە دوایـی دەریاچەی ئیجە دێت یان ئەردی دوو(یونـان) یـان لـەوێ حـەد(حـد/حـدود) و سـەد(شـەت)ە وکۆتایی و نوێ بوونەوە (1)

هەر سەبارەت نـاوی نینئـاوا یـان لێـواری ئـاو ئێمـە نـاوی(لوبنـان)یشـمان هەیـە کـە لـە دوو بڕگەی(لەب/لێو+نان/نون) Labanon پێکهاتووە یان ئەرزی لێواری ئاو، ناوی (لیبیـا)یـش هەر لە ناوی لەب/لێو-وەوە هاتووە.

دیسان(نینـك-عـەینك-ئاوێنـە) کـە هـەر هـەموویان لـە نـاوی ئـاو وەگـیراون، ئـاو کـە مـرۆڤ خۆی تێرا دەبینێتەوە(خودیـك) واتـە خـۆی دەبێنێتـەوە..دواتـر پـەیڤی نـین/نـون بـە هـۆی بوونی سیفەتی تر وەکو سیفەتی دوایی، وشەی نەینوك لێـی وەرگـیراوە کـە نـەینوك/نینـوك دەکەونە کۆتایی پەنجەکان واتە دوایی..لە کۆتاییشدا گردی نبـی(یـونس=یونـان:دوو) نـاوێکی تری هەیە ئەویش(تل التوبة) هەروەها(تل قونجەق)یش..(تل:توبە)واتە دوبـای ئاڤستایی و بەرامبـەر دوو/تـوبـی کـوردی(بوابـە أدد)لـە نزیـك نبـی یـونس هـەر ئـەو مانـا دووانەییـە دەدات.

توب لە (دوبا) ئاڤســتایی هاتووە چۆن هەر شتێك گەیشە لـوتکە توپێ-top واتە

1- عاد-عادیان خەلکی ئەو دەڤەرە بروونە ومیرئێزدین لە بنەمالەکانی کوردی ئێزدی لـە سالی (226 پ.ز) میری میرنشینی (عاد) بووە، وشەی (حـد)یش وشـەیێکی کوردییـە و بـە بـەربلاوی بەکاردێت،لـەگۆرانییێکی کوردی باکور دەلێت:کوردۆ وەرنە داوەتێ-ڤیزنۆ وەرنە داوەتێ، داوەتا کورێ مەتێ- ژبیرناکەم تا حەدێ.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەســـوڕێتەوەو دەبێت بـە دوو(1) وشـەی قونجـەقی تـورکیش بیرمـان لـە قۆنجی کوردیمـان دەهێنێتەوە(جێگەی سەر ئەستۆو مل) کە ملیش دەبێت بـە دوو ، یـان قـونجی پەنجـەکان کـە پیاو بە دوو پەنجە قونج لێدەدات..

بە ڕاستی هەموو ئەم ناوانە هەروا بە خۆراییەوە یـەکتر ناگرنـەوە لـە ماناکـانی ژمـارە دوو هــەروا ســیفەتی کۆتــایی کــە ســیفەتەکانی خواوەنــدی ئــاو بوونــە، ئــاویش ڕەمــزی مێ(ماو>ماد/مەد) بووە.

نینـا-یـش خواوەنـدی ژن نـاوێکی تـری ئـاوبووە و خواوەنـدیش چـەند سـیفەتی هـەبووە ئەونـدە نـاوی بەخشـیوە، بۆیـە ئێمـەش ئـەو نـاوە خواوەندیانـە لـە چـەند سـیفەتی تـردا ئیستاکە بە کارییان دێنین و ئەو ناوە خواوەندیانە پەرت وبلاوبوونەتەوەو بونەتـە بەشێك لە فەرهەنگی زمانەکەمان کە ناوی نینەوا-یش یەکێکە لەو ناوانە(2)

بێجگـە لـە (نـین) کـە نـاوی ئـاوە (مـەد/مـەت - سـەد/سـەت)یـش لـە ناوەکـانی ئـاو بونـە، هەروەها (شش)یش کە بەرامبەر بە (سەت > ست/ستە) یەکە لە ولاتی سوبارتو (شاوشـکە) هەبووە..(3) خواوەندی ژن، ژنیش ڕەمزی ئاو/ئاباد..(4)

-مەد:ئەم پەیڤە فەرهەنگیە لە ئەسڵی-مذ-ی ئاڤستایی.. بە واتەی ئاو و جێگەی پڕ لـە ئـاو و ئاوەدانی دێت(5) - لایەنی تاریکی گەردوون (مەدام)، بــــــۆیە Eve (حــــــەوای)

---

1- دوبێ ونواڤا دوو گوندن لەدەڤەری سورچی یەکەمینیان لە سەر لێواری زێی گەورەیە و ئـەوی تریـان لـە سەر روباری گبێلە (روباری گەلی زنتا)، جگە لەم ناوانە-وان-یـش لـە سـەر لیـواری دەریاچـەی وان، وانکـێ لـە پشـت موسـل، دوور نییـە شـاری هـانوی ڤییـەتنامیش کـە لەسـەر لێـوی ئـاوی دەریایـە (ئـانو)بـەرەو هـانۆی چوبێت، نینا-انینوا یش هەموو یەك خواوەند بوونە.

2- زینفونی گریکی کە بە لای نینەوا تێدەپەرێت ساڵی(401پ.ز) ئەوها دەلێت: ئەم شـارە بـەر لـە دووسـەد سال گەلی میدی تیادا ئەژیان..

3- وشەی شورو شوشتن دەکرێ لەو ناوە هاتبێت (شەش).

4- آباد لەسەر دەمی میتانی حیبات هاتووە کە ناوی تری حەوا بووە (حەوا=ئاڤاEve)

5- مەد/مەدیا/ماژ(ناوێکیتری مەدیا) بە واتەی جێگە یان ولاتی ئاوی زۆر لـە سـەردەمە کۆنەکانـدا هـاتووە- عارەب مەد/ماد کردویانە بە(ماء)هەمزەکەی کوتایەکەیشی(ء)شێوەکەی وەك تیپی دالە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئاڤا=ئاڤس واتە ئاوی زۆر..(1)

لەMiss-E(2) ناسناوی ئافرەتانە، لەکوردیدا مەس/مەز بووەتە ماك واتە دایك وەكو زكماك..مەد/ماه یش یەك وشەن (د)یەكەی لێ قرتاوە وەكو ناوی ماهی دەشت چۆن لە مادی دەشت(ماد السهول) هاتووە..(3)

یان پەیڤی كورمانج لە(كورد+ماد)/كور+مادس(4)

سەبارەت بە جێگەی جوگرافیای (مەد) بێجگە لەوەی وەك ووتمان ناوەكە لە جێگەی پر لە ئاو وەرگیراوە كە جێگەی ئاویش بێ كەش و هەوای ساردو پر لە بەفر وباران نابێت كە ئەم جێگەیەیش سەرووكانووەكانی دجلە و فورات و ڕۆژهەلاتی دجلە یان كوردستانی ئیستا دەگرێتەوە، بۆیە ناوەكانی مەدیا و میتان و ئامەد و و ئامادا و مەدای و مەتینا..هتد.. هەموویان هەر دەكەونە ناو چوارچێوەی ئەو ولاتە پرلە ئاوە كە هەندێ كۆمەڵێ خەلكی هەر هەمان ناوی ئاویان لێناوە بەلأم بەزاراوەی خۆیان وەك چۆن ئاشوریەكان هەر بەو ولاتەیان دەگوت ولاتی نەهری یان نهاریم..(5)

---

1- لەسەردەمە كۆنەكاندا پێیان وابوو كە ژن ئاوس دەبێت سكی پر ئاو دەبێت.

2-ماه/ماس لە ئاڤستا ناوی مانگ بووە -دەكرێ ناوی مانگ یەك بگرێتەوە لە گەل ناوی ئاو و ژن چونكە مانگ لە شەودا دیارە بەلأم خۆر دیار نییە(خۆر حوكمڕانی ڕۆژ و مانگ حوكمڕانی شەو).

3- كتێبی ظهور الكرد في التاریخ-د.جەمال ڕەشید.

4-ئیستاش زازای كورد بە (كور) ناو دەبەن.

5-سەبارەت بە سنوری مەد/ماد بەلگە مێژوویەكان دەبێژن كاتێ زینفونی گریكی لە نێوان دجلە و فورات(نزیك زاخۆ) ڕادەوەستێ و پسیار لە دیلەكان دەكات تاكو سەرە ڕێگاكانی پیشان بدەن، ئەوانیش پێی دەلێن (بەرەو باشور بابل و مەدیایە یان ئەو ڕێگایەی ئێوەی پێدا هاتوون، بەرەو ڕۆژهەلاتیش شوش و هەمەدانە و بەرەو ڕۆژاوایش لیدیا و ئەیونیایە، بەرەو باكوریش ولاتی سەردە-كوردە)، شایانی باسە لەشكری یونانی لە لای سەرووی بابل بۆ ڕۆژهەلات لە دجلە دەپەرنەوە و بە لێواری دجلە هەلدەكشێن یان ولاتی میدیا وەك دیلەكان ناویان هێناوە، ئەو شوشەیش كە ناوی هاتووە (یعقوب افرام) دەڵێ-شوش پایتەختی كۆنی فارس بووە-



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەها ئاسوریەكان بەو ناوچانەی دەكەوتنە ڕۆژهەلاتیان بە تایبەت (اربخا و كرماشان) دەگوت-پاراهشی/پاراهشو/پەراشو..(1)،عەرەبەكانیش دەیانگوتە ولاتی كوردان كە جێگەی ئاوی زۆر بووە(بلاد مضر- موزر) واتە مادسەر-ماء سەر، كورد كردویە بە مزوری، هەروەها میسال لە شەمزینان هەیە، هەروا آمد<حمد-حمدان هەروەكو مامد/مەمەد<محەمەد لە عەرەبیدا یان سیپان <سبحان(2)

-دوو-Two:

لە (دوبا/دوڤا)ی ئاڤستایی هاتووە..ئەم دوبا/دوڤا كە هاوشێوەی تۆپ دێت(3)، تۆپ، ئاوەژووكردنی دەبێت بە فوت **foot** كە ئەویش سیفەتی دوانەیی هەیەتی،(پێ/پا)یش مانای دوو دەدات وەكو **Bi** واتە دوو.. نموونەی وشەی بایسكل بەرامبەر(دراجە) كە لە دوو+ڕۆژە هاتووە..(4)

---

1-پراسو-پەراسو لە زمانی كوردیدا بە ڕوخ/ڕەخ واتە لا دەگوترێت وەكو پەراسووی هەردووو لای سینگ.

2- حمدان لە كوردەواریدا، بەكار یان بزنی گوێ درێژ دەگوترێت.

3-دابەشكردنی گەردوون بۆ سەروو و بن و یەك ودوو(ڕووناكی و تاریكی)كە بە تۆبدا ڕۆژ دەبێتە دوو لەگەل جەستی مرۆڤیش سەپێنراوە(سەر و دەم بە لایەنێك و ناو لنگ وفت وكۆم بە لایەنیتر).

4- ئەشیرەتێك لە خوارووی ئیراق هەیە بە ناوی (دراجی) دەلێن لە دوو یان لە تێكهەلاوبوونی دوو بنەمالە دروست بووە=دوو رۆزە<دراجە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پا/پی-یش، بێجگه له سیفەتی دووانەیی ئەویٚ جێگەی بونیشە(بود/بوو)یان زیادەبوون له سیفەتی دووانەیی دایە..two-دوو×ود-add-هات-عطاء (1) و ئەمانە گشتیان سەر بە یەك سەرچاوەن..بەم جۆرە دوو/دی-داد-داك-دوس له یەك بنەمالەن(2)،کە لە ئەسلدا ناوی خواوەندی سیفەت دووانەیی بووە.

-موسل-موزیلا-مشقالو-مسبالو: موسل لە دوو برگە(ماد+سور) پێکهاتووە واتە گرێدانی (ماد)شەرقی دجلە بە(سەر) خەربی دجلەوە..مادسەر<ماسەر<موسر<موسل(ر<ل) چووە..(3)

وشەی (مصر)یش هەر لە توخمی ئەوە (ڕوخی تری ئاو)واتە ولاتێکی تر(امصار)، لە زمانی حوریدا ناوی میسر Magri بووە..دواتر زۆر وشەی تر لەو ڕامانە وەرگیراون وەکو پەیقی(مشار) واتە ئامرازی بڕین بۆ دووکەرت..لە کۆتاییدا مشقالو/مسبالو هەر لە وشەی مسارو(ماو+سەرو) هاتووە وەك چۆن سەر-سور<صمیر(ڕۆژاوا)-ماسەر<مەسەرو<مەسوالا<مەسقالو/مەسبالو..(4)

---

1- ئەم ناوانە بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێنەوە کە تیپی بزوێن دەوری نەبووە.

2- ئێزدیەکان کاتیٚ دەلێن ئێکادی(ئێکی تر) دەلێن ئێکادوو واتە دوو-دی یەك واتا دەبەخشن.

3-زینفون کە لەنك خەراباتی نینوا تێدەپەڕێت (400پ.ز) دەڵێ، ئەم شارە بەر لە دوو سەد سال مادی نیشتەجێی بوون، وەك لە تەوراتیش هاتووە(کورد نەوەی مادیین)کەواتە کورد=ماد خەلکی نینەوا بوونە وەك زینفون باسی لێوە دەکات، هەروەها ناوی مصر(مادسەر) لە تەوراتدا بە مانای ئاروم=دەریای ڕەش هاتووە، کەواتە مسر/موسر واتە ڕوخ یا جێگەی ئاو.

4-ناوی(موزیلا) ئیستایش زیندووە لە پاش چیای ئاکریٚ گوندێك بەو ناوە هەیە هەر وەکو لە دەڤەری شەمزینان (میسال) هەیە، هەروەها کانی مەسیلان لە گوندی کەلاتی-ئاکریٚ کە سەروکانووی ئاوە، لە دیروکی کۆنی کوردیشدا، موسەسیر جێگەی (ئەلدی) خواوەندی خلدی بووە بە ئاماژەکردن کە ئاو و سەرچاوەی ئاو جێگەی خواوەندەکان بووە..ئیستا موساسیر بووەتە موجەسیر لە لای ڕەواندوز، هەروەها زینفون باسی شارێك دەکات لە کن(نبی یونس=تل توبە) بە ناوی میسیلا Mescilia دەشلیٚ ئەم شارە میدی تێیدا ژیاون هەروەك چۆن باسی لارسا(نمرود)یش دەکات کە ئەویش میدی تێدا ژیاون، هەروەها (ماسەر) لەکوردیدا بەو جێگەیە دەگوترێت کە دۆشاو یان مەی تێدا دروستی دەکەن بە کاری هەرشاندن و پیٚ لێنان.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

واتە وشەکە لە پێگەیشتنی ئەردی ماد و ئەردی ئاسور دروست بووە و زاراوەکە نسبیەن نوێترە لە نینەوا کە ئەویشمان شلۆڤەکرد، ماوەتە بلێین لە مێژوودا پەیڤی زمانی ئاشوری مشڤالو/مسبالو کە ناوی موسل بووە، ئەویش دەکرێت ئەوها شلۆڤە بکەینەوە کە وشەکە لە مسوالۆ گەشەی کردووە و تیپی (ڤ-ب) تیپی ناوبڕن.

یان تێکرا ماشوفارو (ر<ل) چووە ، مانای گرێدانی لایێك بە لایێکی ترەوە دێت واتە هەمان واتەی موسل (1)، دیارە ڕۆژهەلاتی موسل زۆر ناوی تری بە ڕامانی خۆرهەڵات هەبووە وەکو شەبەك(سبێك)، کە ئیستا بووەتە ناوی خەلکی ئەو ناوچانە(لەوکاتانەدا هەر گەلێك ڕۆژهەلاتیان بە شێوەی زاری خۆیان ناودەنرا) وەکو شروڤین/شروکین=شرق، بە ئاشوری چونکە جێگاکە دەکەوتە خۆرهەڵاتیان بەلاّم هەمان شار بە ناوی خورس ئاباد=غرب، ناوی هاتووە کە کوردەکان ئەو ناوەیان بۆ داناوە چونکە دەکەوتە ڕۆژاوایان.

-بەغداد:

لە دووبڕگە پێکهاتووە(بەغ+داد) واتە دانی خوا، بەگ-یش لە بەغ وەرگیراوە، هەروەها Bossیش لە توخمی ئەوە.

-بارزان :

لە دوو بڕگە پێکهاتووە(بەر+زان) یان بەر سەن =بەر ڕۆژ هاتووە کە لە لایەنی جوگرافیش هەر ئەوهایە بە واتەی جێگەکەی دەکەوێتە بەرتاوی ڕۆژ، لە بەرامبەری بارزان-دیوی تری زاب- پێی دەلێن نزار یان (نس وار) واتە ڕوخی نس(تاری)،کە (نس×سەن)دێت، بەرزنجە یش هەر لەو توخمەیە.

---

1- ماشو/مەشیا (چونی خۆر بۆ ناو ئاوا) فالو/بالو پێچەوانێتی وەکو کورد دەڵێ وەرە/ڤەرە (هاتنەوە) فەرو< فالو.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-کەرکوك:

لە جاخی سوبارتو/شوباریوم (کەرخوکا) هاتووە بە واتەی گەرەك و خانوو، بە زمانی بابلی(دورو) بەرامبەرێتی (دورو=کەرك)..ئێمەی کورد هەردووو پەیڤ لە کشت وکال و چاندنی برنجدا بە کاریدێنین، لە مەرەزەدا(دۆریخە و کەرك) بەیەك ناو یان (کەرك) بەشێکە لە دۆریخە،کە وێنەی کەرك و دۆریخا وەك خانوو و ژووری گەرەکەکان دروست دەکرێن بۆ چاندنی برنج و پوشك-برنجی سپی نەکراو..وشەی گەرەك (محلە) لە زمانماندا زیندووە وەکو شار لە چەند گەرەکێك پێکدێت، بەم جۆرە هەردووو پەیڤی سوبارتویی و بابلی لە ناو زمانی ئێمەدا زیندوون و هەن.

دیسان **stanza** بەشێك لە قەسیدە-دور لە زمانی سۆمەریدا (کریکو) هاتووە کەواتە لێرەشدا دور=کریکو<کەرکو..هەروەها کەرەك/کەرکەك واتەی پارچە یان نیوێك دەبەخشێت لە کوردی ئەمرۆدا.

-بابا گەرگور:

هەردوو پەیڤی بابا-گورگور/کورکور مانای چیا یان بەرزایی دەبەخشن(گر/گرد) بەلاّم (بابا) بەزاراوەی هوری چیا دێت، کورکور بە سۆمەری کۆی چیایە(دووبارە کردنەوەی وشە شێوازی کۆی سۆمەری بووە)، کەواتە دەکرێت مانای (بابا گورگور) بە واتەی جێگەی دەسپێکی بەرزایی و چیا لەبەرێکی بدەینەوە ، جگە لەوەیش(آن-کور-کور) لە سۆمەری مانای خوای گشت ولاتان هاتووە ، کەوابوو (کورکور) بە دوو جۆر شلۆڤەکراوە جارێ کۆی چیا و جارێ کۆی ولاتان.

-ئەربل(اربل/أربیلا-ئەربیر)-هەولێر:

ئەم ناوە بە چەند شێوەیێك شلۆڤەکراوە، ناوەکە لە سەردەمی سومەریدا بە ئەربیلیوم هاتووە، ئاشوری دەلێن (أربل)بە واتەی چوار خوا(اربا+الە) وەکو بابل(باب الالە) تەنانەت عەرەبەکان(ابریل)یش-مانگی نیسان کە مانگی چوارە ، ماناو ئەسلەکەی بۆ هەمان چوار ئیلاە دەگەرێنەوە.. ئەمەیش شلۆڤەیێکی سەر پێیی یە و چۆن هیچ یا هیچ شینەواری چوار ئیلاهی لێنییە و لێی نەبووە-خوالیخوشبوو عبد الخالق سەرسام دەلێت پەیڤی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

أربل/ئەربیل بە واتەی واری نەرم ،آر<وار+بل (خاكی نەرم) وەكو(بلە)ی سەر لێوی زێی لای بارزان، تێكرا واری باش.

لەEدا **Arbella** وەكو ناوی كچان بە كار هاتووە و هەیە وخودی بونی ئەم ناوە لە ناو زمانی ئینگلیزیدا بۆچوونی مانای چوار ئیلاھ دوردەخاتەوە و بۆچوونی دووەم پەسەنتر دەبێت، یان مانای بەرەو ناسامیتیكی وشەكە دەبات(واباشە كچانی كوردیش ئەم ناوە لە خۆیان بنێن)، بۆ زیاتر دلنیایی لە ئێرانیش(اردەبیل) هەیە و ناوی شارێكی گەورەیە كە تیپی(د) لە وشە كوردییەكە (ئەربیل/واربیل) قرتاوە-ئەمە وەك یاساییێكە لە زمانی كوردیدا—ئەردەبیل<ئەرەبیل<ئەربیل.

(بلە)یش لە(بەر) وەرگیراوە-بەر- ئیستا خاك و وشكایی لە عەرەبیدا دێت، پێشتریش(اربل) بە ئەرد یان لای(عارەب=دەشت و ڕاستایی)مان لە بەرێك دابوووەوە(خرب<ئەرب-لای خەربی ولاتی كورد)..دواتر ئەم وشانە بەرەو پەیقی ئەتنیكی رۆیشتوون وەكو پەیقی(سەر/اسور/سریان)ی خاك بووەتە اسور/اشور/سریان-ی ئەتنیكی..عەرەب\عارەب واتە كۆچەر لە كوردیدا.

بەم شێوەیە پەیقی(ئەربل) بەرایی وشەیێكی توبوگرافی بووە بە مانای ئەردی ڕۆژاوا، ئەو ئەردەی هەمیشە لە دامێنی چیوەكان دێت، مانای وشەكە پەرەی سەندووە دوایی بووەتە ناوی شار و بەم جۆرە ئەرب ئال <ئەرب(خوراوا)+ئال(لا)=اربل وەكو پەیقی كرمل(كرم الله) بە تەفسیری ئاشوری، لە بیر نەكەین شوێنواری گوندێك لە تەنیشت هەولێر هەلكێنراوە بە ناوی وەستا ئەرەب(وسط عرب) و بۆ پێنج هەزار سال دەگەرێتەوە.

هەروەها(اربخا) و (اربسا)یش ناوێكی كۆنی كەركوك(ئەرەب+س<خ=ئەرەبخە)كە ئیستا بووەتە (عرفە)، دەكرێت هەر بەو شێوەی سەرەوە شیبكەینەوە واتە ئەردی لای ئەرەب/ئارەب.. واتە كورد، ئیلاهی ئاشوری بە لا/ڕوخ(ڕاس/ڕەش)ێك لە بەرێكی دەدەنەوە.. (هەموو-ل-ێكی وشەكان بە ئال/لا-ی كوردی شلوڤەدەكرێن، ئەسڵی ئەو-ل-یش-ر-بووە، وەكو ڕادەستم كرد واتە لا دەستی ئەوم كرد، یان ژتەڕا-ژویڕا-ژمنڕا واتە ژ تە +لا-ژ وی+لا-ژ من+لا).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**-دهۆك:**

**ناوی دهۆك، لەم وشانە گەشەی كردووە، تەوس/دەوس/دەوك<دهوك، كە لە سەردمێكی كۆندا گوندێكی دێویەسناكان بووە(داسنی) واتە ئێزدی تاوس مەلەك پەرست، ئیستایش ناوی دهۆك هەر بە ناوی -دهۆكا داسنیا- بە ناووبانگە.**

**-ئاكرێ:**

**لە سیفەتی پێگەیشتنی دوو لا وەرگیراوە-ئەسڵی گەیشتنی بەرزایی بە دەشتەواییەوە-كور بەواتەی چیا هاتووەكە، ئای ئیسباتیش بۆی زیاكراوە و بووەتە ئاكور وەك چۆن (سور<اسور)، سوریش ڕەنگی ئاگرە، هەندێ لایەن كردویانە بە(عقر)كە ئەم لە ئاكر نەك ئاگر دروست بووە، هەروەك (اسور) بووەتە (اقور) لای عەرەب..(پیكە سەر- بەرزترین لوتكەیە لە زنجیرەی چیاكانی ئاكرێ بەلكەم ئەم شارە بە هۆی ئەو زاراوەیە یان ئەو جێگەیە ناونرابێت)لە خۆراوای ئاكرێ دوو گوند هەن (خرپە و خەردس) ئەو دوو ناوە لە مانای غەرب(خۆراب<خرب/غرب)و خوردس(دووجار خۆراوا)، هەروەها لە خۆرهەڵاتی ئاكرێ گوندی (باشقال)و(جۆنا) هەیە كە ئەو دوو ناوەش لە (باز+خۆر/باش خۆر)واتە ڕۆژهەلات و(جۆنا)یش لە ناوی كون كە ئەو گوندە بەشە سەرەكیەكەی لە ناو ئەشكەوت ودەرئەشكەوتێك دا بووە-لە سۆمەری ناوی سون هەر مانای كون دەیدا-(سون<كون)، ناوی جۆنیش هەر كونە (جۆنی دان كوتان).**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## بنەمای هەندێ قسە وگوتە و ئەفسانە و ئیدیەم
## کە تا ئیستا لە ئاخفتن و ڕۆشنبیری ئێمەدا زیندوون

- سەرە خۆر: بە ئەو کەسەی دەگوترێت کە بە نزە/نس(نەحس) دادەنرێت و پێ و قدومی ڕەش بێت، ئەسڵی زاراوەکە لە ناوی(سور و خۆر) هاتووە کە ناوی چاوی ڕۆژە کاتێ لەسەر ئاوابووندابێت کە لە سەردەمەکۆنەکاندا ئاوابوونی خۆر بە مردن و ڕەمزی مردن دائەنرا (تەماشای خورسەری<خولی سەر بکە)، هەروەها مال خراب/مال ئەتە<مالا تە(ئەتە/ئەتو/ئەدو-دوو ڕەمزی خراپی).

- ئەزبەنی سەری: یان من نوکەر و بەندەی تۆم واتە من بن و تۆش سەر(نزمی و بەرزایی).

- ناوی جنۆکە(جن): لە بادینانەدا پێی دەلێن (شمە چێتر/ژمەچێتر) ئەم زاراوەیش لە ئەسڵی سەما ستێر( سما+ سد+ در) هاتووە ئەگەر ناوی جن-یش لە ئەسڵی (سن) دابنێین، سن-یش ئاوەژوکردنی ( نس و أنس<انسان)..(1) کە هەردوووکیان ناوی ڕۆژن-تاریکی و ڕووناکی دواتر بوونەتە ناوی انس و جن(ڕەمزەکانی دیار و نادیار).. (2)

هەر ئەو ناوانەیش ناوی ژن/زن(جن) و مێرد بوونە(3) کە هەندێ جار ئال وگۆڕکراون..(4)

-:شەشیك/شەشی/دایکە شەشی: لە سەردەمی سوبارتو (شاوشکە)خواوەندی ئەو ولاتە بووە، کە ئەو شاوشکەیە بەرامبەری ئەشتاری بابلی بووە(ئەستێرەی زوهرا)، کە هەردووکیان خواوەندی مێینە بوونە- لەم دوایانەدا، د.کوردستان موکریانی کۆڤارێکی بۆ ژنان بەو ناوە دەرخستووە، دەکرێت دایکە شەشیك هەر زیندوو مانەوەی ناوی ئەو

---

1- لە وەختی سۆمەری (ئانو)بووە بە انسی-خوا و مەلیك-

2-میسریەکان دەلێن(الجن الازرق) بۆ کەسێکی زۆر خۆی ون بکات،کوردیش جێگەی جن-ی لە تاریکیا و دەوئاو و شیو دانراوە-لە شەوان نابێ ئاو برێژرێت جونکە جن وەبەردەکەون.

3- لە ناوچەی شەبەکستان لای موسل بە ژن دەلێن جن.

4- دەلێن ژن قەومی شەیتانە کە لە لایەنی زمانەوانی ئەمە ڕاستە چونکە شەیتان/سیتان، لە ئەسڵی ناوی(سود+ئانو) هاتووە واتە ئاسمانی ڕەش، پێچەوانەکەیشی ئاسمانی سپی (پیاو)، لەدەقێکی دینی مەسیحیشدا، سێ(ستە) ڕەمزی شەیتانە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خواوەندە ژنە بێت لە بیرو هۆشی کوردەکاندا(ئیستا شاز لە کوردەواریدا ناوێکی ژنانە کە لە دەقە ئیلامیەکاندا بە مانای شاژنی ئاو یان دەریا هاتووە).

-فەلەك خاییینە: یان چەرخی خۆر(ڕۆژ) خۆی دەگۆرێت، تاوێ ڕەش و تاریك و تاوێ سپی و ڕوونـاك، یـان دووررووە..خـائن/خـایین لـە سـین/سـاین هـاتووە کـە ڕامـانی دووانـەیی دەدا(سەن/یەسنا-أپنا/پن).

- چاو و زار: چاڤ، نیشان و ڕەمزی خوا و ئاسمان بووە..(آنو) کە بە درێژایی پێنج هەزار سـال خواونـدی ناوچـە کوردنشـینەکانی ئیسـتا و سـۆمەریەکان بـووە، لـە عارەبیـدا بووەتە(عین)، لە کوردیدا لە ناوی(ئێنی/هەینی/ئەینی)ی ڕۆژی پیرۆزدا ماوەتەوە یان ڕۆژی خوا یا ئاسمان، وەهایش لە ناوەکانی(نینك-ئاوێنە-ئەینك..)چاڤ/چاوی لێدرایە یان خوا-کە چاو ناوێتی-کاری لێکردووە، بە بۆنەی ئەوەی مرۆڤیش نیمچە خواوەندێك بووە واتە چاوی مرۆڤ کاری لێکردووە-چاڤین-بووە، واتە چاو و زار-(زار)یش لە **zrda**ی ئاڤستایی هاتووە کە ناوی دل(در)-جێگەی دورکردنەی خۆر لە تاریکیدا(در=تار) بەرامبەر بە سد<سود<خود دێت.

- سـەر و سـوور: ئێمـە پێوەنـدی (سـەر) لـە گـەل ڕەنگـی سـورمان دیـارکرد لـە بەشی(اسور/اشور)..

شاشکی سپی مەلاکانیش هەر دەکەوێتە هەمان خانەی هزرکردنەوە، چۆن ئیسلام (خەت وەسەت)ی بۆ خۆی داناوە وەك ئەساس بۆ فەلسەفەکەی-لە قاموسی عەرەبیشدا قبە الاسلام بـە مانـای (باسـەرە) هـاتووە-بوسـرمان/بوسـلمان، ئـەقڵ وئـەگال(عقـال) لـە نـاوی (اسـر) وەرگیراون کە عەرەبەکان بە ئاسوریان دەگوت(اقور)، سەر<اسر<اقل<عقل.

- مۆریا خەوێ/موروی خەو: لە ئەسڵی ناوی چاوی ڕۆژە کە سور دەبێت بەرە و جێگەی نوستن(تاریکی)دەچێت لە ڕۆژاوادا..

پێشتر گوتمان مورەکا یان مەلەکا تاوس ڕۆژی ڕۆژهەلاتە و بەرزبونەوەییێتی - نس(تاریکی)<نەحس=بەدوەخەر، پەیڤی بەدوەخەر لە بەد اخر هاتووە لایەنی بود-یان ئاخری بود کە بود <آباد-ئاڤا، لایـەنی تاریـکە لە گەردوون(نس).

- توخم و تولاخ (وجاخ)-لە دوو(خم/سم) و دوو(لاخ<ڕەخ).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- حەشر لە شام دەبێت: هەردووکیان لە ئەسلدا ناوی خۆراوان..حەشر-لە(اسر) هاتووە کە(اسر/سر) ناوێکی تری(سام/شام/شیم)ە واتە غەرب/خەرب جێگەی خرابوون (شووم)، عەرەبەکان سام بە سیفەتی بەرزی دائەنێن، ئەمە لەو بۆچوونە هاتووە کە شام لایەنی شمالی گزیرەی ئەرەبی بووە.

- (لەیل و مەجروم/مەجنون) لە ئاسماندا: لەیل/لیل، لە ناوەکانی ئاوی تاریکی (ئاسمانی شەو) گەشەی کردووە.. نین=رر(وەکو رێر < لێر-ی دارستانی تاریك)<لێل لألأ(چریسکانەوەئەستێرەکان) -لۆلۆ(لؤلؤ).. مەجنون لە ماسو+نون کە سیفەت و ناوی خۆراوان، کە ڕۆژانەیش ئەو ڕەمزو ناوە خۆی لە رەمزی تاریکی ئەدات (لێل)، ئەم ڕودانە کورد کردویانە بە ئەفسانە..دەلێن ساڵی جارێك (1)ئەستێرەی لێل خۆی لە ئەستێرەی مەجروم وەردەکات وەکو دوو ئەڤیندار و دەلێن هەر کەسێ لەو ساتە خۆ تێوەردکردنەدا دوعایێ یا داخوازێ لێیان بکات، داخوازەکانیان بەجێدێت..ئەم ئەفسانەیە ئەفسانەییێکی تریشمان کە لە شانامەی فارسیدا هاتووە، وەبیرمان دێنیتەوە ئەویش ئەفسانەی رۆستەمی زۆرانباز کە حەز لە ئافرەتەێك دەکات بە ناوی تمینە و لە پاش هێنانی بۆ خۆی، زۆرابی لێ پەیدا دەبێت کە هەر سێیان-ناوەکانیان- ناوەکانی ڕاست و چەپ وخوارووی چەرخ و فەلەکن..

هەروەها ئەفسانەی ئیرەج و سوئیرەم و تار هەر بەو شێوەیە، لە ناوەکانی گەردوون وەرگیراون و دواتر کردوویانە بە ناوەکانی مرۆڤ وەك ئەفسانەش چیرۆکیان لێهەلبەستوون..هەر بەم شێوەیەش هەست پێ دەکرێت کە زۆر لە ئەفسانە و چیرۆکی کۆنی سەردەمانی ئاڤستایی و سۆمەری چونەتە نێو بیروبڕواکانی دینی و ئایینی لە دوای ئەوانە هاتوون و دەرکەوتوون و ودواتریش ئەو بیروباورانە بونەتە پارچەیێ لەو ئاییننانە یان بە بەشێکی نەگۆڕاو لە داب ونەریتی خەلك کە کەسێك ناتوانێت خۆی لە ئاقارییان بدات وەك هزر و بابەتێکی تابوو تەماشاکراون.

---

1-بەو هزرەیە کە خۆر دوو چەرخی هەیە چەرخی ڕۆژانە و چەرخی سالانە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-حەوا و خەتیئە:

لە دینە ئیبراهیمیەکان ژن-ئاڤا- بە ڕەمزی گوناه و وەك دیویکی تری شەیتان سەیرکراوە و بە ماریش تەشبیکراوە..(1)

کە هەر دووکیان ژن ومار رەگەزی ئیش ژان ومردنیان تێدایە، ژن کاتێ ژان دەگرێ و منالی دەبێت-مردن لە گەل کرداری بووندایە- ماریش ژەهری پێیە کە ڕەمزی مردنە، بۆیە ئەمانە خراپەیان خراوەتە پال، نەك لەبەر ئەوەی کە خۆیان خراپن بەلکو لەبەر ئەوەی سیفەتی مردن(خراپی)یان پێوەیە..بۆیە نوسەر و کاهنە ئایینییەکان، ئەوانەیان بەرجەستە کراوە و هەلیان بژاردوون بۆ ئەو مەبەستە..

هەروەها سیتان(سود+آنو) خوای ڕەشێتی کە ڕەشی و مردن هاوواتان ئەگەر خۆمان لە مانا حەرفییەکەیان دوور بخەینەوە، ئەویش بەرجەستەکردنی خراپییێکی ئەفسانەییە و ئەو بەرجەستەکراوانەیش لە دیمەنی وەحی و ئیلهامێکی پێشوتر وەرگیراون وەکو ئەرد و ئاسمان وڕووناکی و تاریکی و لەگەلێ ئەو رەمز و هیمایانەی وەك مرۆڤ و ئاژەل تەنانەت شتی بێ مەشە-ش(روح) گرێدراون و دواتر لایەنی تاریکی بە بابەت و شتی خراب و ناپیرۆز وەرگیراون وشلۆڤەکراون و چەسپێنراون بۆ ئەوەی ببنە شێواز و بۆ ڕێبازی گەشەکردنی ژیان و بونەوەر کە پێشتر هەمان ئەو لایەنە تاریکە(سودب×بودس) ڕەمزی پیرۆزی و نوێبوونەوە بوو.. ئێمەش ڕۆژوو ئەگرین تاکو هەست بەو ئێشە بکەین، ئێشی برسی بوون و وەك جۆرە مردنێك هەست پێ بکەین تاکو لە ئەنجامدا پەیابوونێك یا نوێبونەوەیێکی تر و نەمرمان دەست گیرببێت..وەك چۆن لە فەلسەفەی ئابستا-زرادشتیدا خۆر لە ڕۆژدا تینو دەبێت و لەکاتێ خۆراوا تەشنو(تیهنو)دەبێت بەرەو مردن دەچێت و لەدەریای بودس(بوتیکا) دەبێتەوە یا دەزێتەوە(سەد-زێدە)..کە ئەو ڕۆژەش نەوەیێکی

---

1-پێدەچێت زاراوەی(حەوا/ئاڤا/ئیڤ) لە ئەسلی ئەفسانەی(ئەیا و ئادبا) سومەری وەرگیرابێت، کە ئەمیش هەمان رۆلی حەوای بینیوە لە بێبارکردنی ئادبا لە ژیانی نەمری.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تـازەی خـۆری پێشـترە-دەورەی گـەردوون-ئەمەیـە فەلسـەفەی دینـەکان و مـرۆڤیش نـاو و ڕمزەکـانی مـردن کردوونـی بـە شـتێك یـا لـە بـەرگی مرۆڤـــ و زینـدەوەری تـر دانـاون وەك هەیکـەلێکی گونـەهکار کـە ئەوانـە خۆیـان لـەو گونەهانـە هـوڕ و بـەرین..ئـەو فەلسـەفەیەی مرۆڤ  هەست پێ دەکات لە سفر و مەزموری کتێبەکانی تێستی کۆن و نوێشـدا پـەیرۆکراوە، ئـەو فەلسـەفەیەی لـە بـیر و بۆچـوونێکی کـۆنتردا هـاتوون و ئـەوهایش بـوون وگـەروون لەبـەرێك دراوەتـەوە، بـۆ نموونـە هێنانـەوە ئەفسانەی ئـەیا و ئـەدبای سۆمەری و چیرۆکی تۆفان یا دادوەری ئیلاهی یان چونی پێخەمبەر و خواوەندەکان بۆ جیهانی ژێـرەوە..گشـتیان وێنـەیێك یـا دانـەیێکی ئەسلین ولـە سـفری تەوراتـدا هـەن وکـۆپیکراون یـاخود وەکـو ئـەوە وابێت جولەکەکان دینەکەی خۆیان لە بەر تیشك وڕونـاهی فەلسەفەی سۆمەری و میترایـی و ئەوانــەی پێشوتریشــیان دروســتکردبێت و وەك ئــەوەش وایــە هــەڤڕکی وململانــەیێکی ڕۆشنبیری و زمانەوانی لە نێـوان ئـەو لایەنانـە  هەبووبێت، ئەگـەر دوورتـر بچین چیرۆکی قەلەڕەش و هەلکەندنی گۆر بـۆ هـاوڕێ مردووەکـەی وەکـو پیشاندەر چۆن قـاین بـۆ هابیـل گۆر هەلکەنێت یان مرۆڤ دەرس لەو بالنـدە بەسـتەزمانە وەرگرێـت، ئـەو کـردارە لـە هـەمان فەلســەفە هــاتووە چــۆن نــاوی غــراب لــە نــاوی خــۆراوا وەرگــیراوە، غــراب و غــروب و خراب(خۆراب)ی کوردی..غروبیش لە سەردەمە کۆنەکاندا کە ڕۆژ ئـاوا دەبێـت دەچێتە نێـو چـال وکۆرکێـك(نفـق) لـە ئـاوێکی تاریکـدا، ئەمـە بەرلـەوەی خـەلك بزانێـت ئـەرز شـێوە بازنـەییە و دەشخولێتەوە..وەك بلێیت بۆ خـۆت وانـە لـە خـۆر وەرگـرە(نـەك قەلـە ڕەش)کـە ڕەنگی موردەبێت(موردن/مردن) دەچێتە ناو گۆرەکەی خۆی(خۆر<گۆر).

وەهایش توفانی نوح/نوخ  بەرامبەر توفانی (زیوسـترا)ی سۆمەری یـا(اتراهاسـس)ی بـابلی، یان کریاری دادی ئیلاهی لە چیرۆکی (ئەیوبی بابلیدا) وەك هەندێ لە زانایان ناویـان لێنـاوە کە هاوشێوەی هەیە لە تەورات و قورئاندا..

بەم شێوەیەش ناوەکانی(اسرا و میعراج) بۆنی(سور و سەر)و(مۆر و مر)یان لێـدێت ئەگـەر شــێواندنی وشــە لــەلای عەرەبــەکان  لەبــەر چــاوبگرین واتــە ســور<اســرا/مــور-مورس<میعراج..(1)

1-پەیقی مورجان-یش لەبەر ڕەنگی سووری ئـەو نـاوەی وەرگرتووە،خـودی (فعـل)ی عـەرەبیش دەشـێ  وەك فێلکردنێك بێت لە زمانی ترا(فێل لە کوردیدا واتە حیلە).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

که ئەوانەیش هاوشێوەیان هەیە لە چیرۆکی چوونی(ئەنانا) و (ئەشتار)ی سۆمەری و بابلی بۆ جیهانی خواوەندەکانی ژێرەوە(ڕۆژانە ئاوابوونی ئەستێرەکان) ئەمە جگە لەوەی تێپەربوونی ئەو فەلسەفە کۆنانە بۆ نێو بیروبڕوا و دینەکان..بەهەمان شێوە ئەتوانین لە ناو دینیتر و لە جێگایتر ئەو بۆچوونانە بدۆزینەوە وەکو دینی هندوسی کە مردووەکانیان دەسوتێنن(عەرەبەکانیش لە جزیرەی عەرەبی بەر لە ئیسلام، سەرەمێك مردووەکانیان دەسوتاندن) ئەمە وەك پاشماوەی فەلسەفەی ئاڤستایی-پاشان خۆلەکەیان فرێدەدەنە نێو ئاوا وەك بلێی هێشتا ئاو پیرۆزی خۆی لەدەست نەداوە وەك چۆن خۆر دەچێتە ناو ئاودا بە مردنی خۆریان داناوە وەك سەردەمی زرادشتی ئاو جێگەی (بوتیکە)و لە وێش ڕۆژ پەیدا دەبێتەوە-ناوەندی پیرۆزی.

ئەم فەلسەفەی دینی هندۆسی لە سوتاندنی مردووەکان پێوەندی سیمانتیکی لە نیوان(سود-سوت)دا هەیە کە(سدب×بدس) بە واتەی پێچەوانەی سوتن واتە بوونێکی نوێ دەبێت (بودس).

ئەمە جگە لە بەخشینی پەیڤی(سد-سوت) کە(سود)بوەتە (خد-خود-خودا/**God**)،سەرەڕای ڕەشی و تاریکی،(سود) لە**E**دا بەرەو(**soot-sunset**)چووە و هەروەها(سەواد-زەد)یش، هەروا ناوی ئاویشی تیایە(شەت).

کە گشتیان باسی لەو ئاوە موقەدەسەیە(سدس<قدس) کە ناوی لە ئاڤستا/ئابستاس/ئابستاد(آبستاق) بە (بودسە/بوتکە) هاتووە و هەر وەکو ئاڤستایش هەر لەو مانایە وەرگیراوە (ئاڤ سوتە/سودە) کە پێچەوانەی بودس-ە واتە خەلق بوون، کە تەنها پێشەو پاشی پێکراوە(سدآب-آبسود<آبستا..)

کاری پێش و پاش کردنیش بە وشەی پەسەند و پەسەنکراو، تا ئیستاش لە زمانی کوردی دا هەیە وەکو سورە گول =گوڵی سوور، ڕەشەبا=بای ڕەش.

-توفان-فەیزان(فیضان)-لێمشت-**flood**:

ئەم ناوانە گشتیان..توفان-دوڤا، فیض-**face**،**flood**-فرو، لێمشت-لامشت(مشت=پڕ) هەر هەموویان ناوەکانی یا سیفەتەکانی هەردووو ئاسمانن، ئاسمانی شەو(ئاوی ڕەش=توفان)و ئاسمانی ڕۆژ کە لەسەر دەمەکۆنەکان هەردوووکیان بە دەریای ئاو دائەنران، جا پڕبوونیان



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وەك ئـــاوی زیـــاد و ڕژانـــی ئـــاو لـــەو دەریایانـــە تەماشـــاكراون، لـــە سۆمەریشـــدا (زیوسدرا)..(1)دەكرێت ئەویش ناوێكیترى ئاسمان بێت-وشەیێكی لێكدراو.

هەروەكو..آنو-نو<نوح (توفانی نوح/نوخ) كە ئانویش ناوی ئاسمان بـووە..كـورد دەلێـت نـۆ-بـوو بـە مانـای نقوبـوونی  نـاو ئـاو،(ئـاڤس)یـش ئـاوی زۆرە..لـە دوایـی نـۆ-یـش نـوێ دێت(تەواوی(دەھ)..

بۆیـە دەكرێـت ئـەو ناوانـە لـەھزری بەسەرداچـونی ئـاو(لێوەورێـژبوون) لـە ئاسمانانـدا وەرگیرابن.

---

1-زیوسترە-برگەی یەكەم(زیو) لە E ssea زۆر نزیكە هەروەها(زێ)و (شێ)ی كوردی وبرگەی دووەمیش (سترە) لە (شەتەر)ی كوردی یا شێدار نزیكە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## - سامیتیکی له فه‌لسه‌فه‌ی ئاڤستایی-زرده‌شتی به‌رهه‌م هێنراوه-

وه‌ك لـه پێشـتر ڕونمـان کـردەوه لـه نه‌خشـه‌ی دابه‌شـکردنی گـه‌ردوون به‌سـه‌ر ڕونـاکی و تاریکیـدا بــه بــه‌راوه‌ردکردنیان(شــه‌و و ڕۆژ)کــه دەورەی بچـوکی خـۆره له‌گـه‌ڵ(هــاوین وزستان)که گه‌ڕو دەوره گه‌وره‌که‌یه‌تی، ئه‌و هه‌ردووو هێـزه‌یش چۆن به‌رامبـه‌ری یه‌کترن هه‌روا دژی یه‌کتریشن ..

بۆیه ره‌مزه‌کانیشیان ئه‌و بۆچوونه هه‌لده‌گرن وڕه‌نگ ئه‌ده‌نـه‌وه چۆن سـۆر واتـه خـۆر یان دروستکه‌ری شه‌و و ڕۆژ سور/(سر×رس=رش) که دواتر ئـه‌و ناوانـه‌ش(س)ه‌کانیـان بـه‌ره‌و(خ-ك-ه) چوون و ئه‌و ناوانه بونه‌ته:

سر<خر<کر<هر(سور-خۆر-کور-هۆر)

رس<رخ<رك<ره(ڕوس-ڕوخ-ڕوك-ڕوه/ڕوح)..ئاوه‌ژووکردنیان..(1)

ئــــه‌و دابه‌شـــکردنه‌ی گـــه‌ردوونیش لایـــه‌کیان بـــه ســـه‌نته‌ر(ســـه‌ن+دور)دانـــرا یان(اندوره/ئه‌نته‌ر/Winter)

واتــه ناوه‌نــدی ئــاو بــه ئه‌نــدوره دانــرا-ناوه‌نــد=میــدوئی/مــه‌د-ئــه‌و(مــه‌د)ی به‌رامبــه‌ر به‌(سد<شه‌ت)<سوت(ماتـه/مائـه=سـه‌ت)، ئـه‌و (سـوتی)یـه‌ی وه‌ك هرتسڤلد ده‌لێت هه‌مان وشـه‌ی(کـرد-کـردی)یـه، ئـا لێره‌شـدا کـورد و مـه‌د یـه‌کتر ده‌گرنـه‌وه واتـه ولاتـی ناوه‌نـدی ئاو=تاریکی(ترس/دارس/دورس×سرود-سرد/کرد)..(2)

هه‌روه‌ها مه‌د×ده‌م/دم<دوم، سـد/ست×دس/تس/دژ..(3)

---

1-که تیپی(ل)یش دۆزرایـه‌وه یـان(ر)پـه‌ره‌ی سـه‌ند بـۆ(ل) ئـه‌و وشـانه‌ی سـه‌ره‌وه بـوون بـه: سل-خل-کل-هل(سول-خول-کول-هول)

لس-لخ-لك-له (لوس/لاس-لوخ/لاخ-لوك/لاك-لو/لا).

2-له‌سه‌رده‌مه کۆنه‌کاندا هه‌ر ناوێك چه‌ند به‌رامبه‌ری هه‌بووه واتـه سد-کـرد-رس/رش-در/تـر، لـه به‌رایيـدا ناوی تاریکی و ئاوی سه‌ره‌تا بوونه، ئاوه‌ژوکردنیشیان ناوه‌کانی ڕووناکی بوونه.

3- وشه(میذو/مذ)به‌ره‌و مه‌د، مه‌ز/مه‌س<ماسو چووه.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

له دوایی ئەم کرداره پاش تەشبیکردنی جەستەی مرۆڤیش وەك هەیکەلی خودا (گەردوون)، هەروەها دانانی جنسی مێ/مێینه به لایەنی تاریکی و دانانی جنسی نێر (نور) بەلایەنی ڕووناکی..

هەمان ئەو زاراوانەی لەسەر گەردوون دانرابوون، بە سەر جەستەی مرۆڤیش سەپێنران واته دووسەری گەردوون=دووسەری مرۆڤ (سەر و دامەن).

لەبارەی زمان و شێوەی قسەکردنیشدا هەر بەو شێوەیه بووه واته بۆ کەسی یەکەم ئەو کەسه خۆی به ژماره یەك داناوه (ز/ئەز)-ژیه واته ژماره یەك له زازاییدا)..(1)

کەسی دوەمیش به ژماره دو=تو/ئەتو..

یان هەر مرۆڤێك خۆی بە لایەنێك داناوه(رس<رخ) و ئەوەی بەرامبەریشی بە روخیتر هەر بەو شێوەیەش(انا)و(انت)یش که له کۆندا (انا/انوم)ناوی باوك بووه، (انتم>انت)یش دایك بووه..(2)

جگە لەوەش رس<رخ<لك(عەرەبی)/لخا-لەخوم/لەخون(ئاسوری) واته وشەکه بەرەو ڕاناوی عەرەبی و ئاسوری چووه..که چۆن باسی گۆڕینی فونیمەکانمان کرد بە درێژی وەکو چۆن (س<خ<ك<ه/ح)دەچێت، هەروەها چۆن(ر<ل) که بەم شێوەیه ناو و ئامرازەکانی ئاخافتن پێیان دەولەمەنکراون، هەروەکو پێکهینان و له دارخستنی ڕستەیش بەگرێدانی وشه به وشەوە،که له ئارامیدا-زمانی هەره کۆنی خۆرهەلاتی ناوەراست، ئامرازی(ی) هەبووه وەکو مێژووش دەلێت، ئەو(ی)ەی پێوەندی ئارامی ڕۆلێکی سیحری هەبووه بۆ بلاوکردنەوەی ئەو زمانه، شایانی باسه تا ئیستایش ئەو(ی)ەی پێوەندی و ئیزافەی ئارامی له زمانەکانی کوردی و فارسی به زیندوویی ماوه به کەمێك گۆڕان له کورمانجی ژووروو

---

1-ئەز=من(راناو)،هەمان ئەو راناوانه بۆ پریپوزشن بەکاربراون،(ز)له فارسیدا بەرامبەر بە(ژ)ی کوردی یەکسانه به (من)ی عەرەبی.

2-پێم وایه (انت)ی عەرەبی له (اتو/تو)ی کوردی وبابلی هاتووه،ئەو(ن)ەی له(انت)دا تیپێکی ناوبڕە، له ئاسوریشدا (اید) واتەی تۆ/ئەتو دەدات..انت/هند/end له یەك رەگەزەوەن-لایەنی تاریکی وکۆتایی-



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

(لەو زارە بووە بە (ێ-ئا/یا) و فارسیدا(ێ) بەلاّم لە سورانی وەك خۆی ماوەتەوە..(1)
ئەو شێوە ئامرازەی لە ئاڤستایش هاتووە هەر رۆلێکی ئەوهای هەبووە لە گرێدانی قسەکان بەیەکترەوە سەرەرای(ئوتا-ئەدا-UTA)..(2)

هەر لێرەشەوە پێوەندی توندی ئاڤستا دواتر کوردی و ئارامی بەیەکترەوە خۆیا دەبێت بە تایبەت لە بابەتی سینتاکسدا.

بەلاّم لە بابەت(أل)ی ئیزافە و پێناسەی عەرەبی، من لام وایە ئەو ئامرازە لە توخمی (ئەرا)ی کوردی لۆڕە کە بۆ مەبەستی (الی/الیك)ی عەرەبی بە کاردێت لەو دیالکتەدا واتە دیالکتی لوڕی ساسانی کوردی(3)، تا ئیستاش زاری هەرەمەکی (عامی)ئیراقی پرە لە قسەو پەیڤی کوردی وەکو یرۆش/یڕۆژ (روناکی)دادە-دەرد-خوش-خوب-بەلی-ئاغاتی-انچپ..هتد

جگە لە ناوەکانی جێگەو شارو ئەوانی دیکە..ئاسوریش هەر غژەی دێ لە پەیڤی کوردی.

نوسەر دەستوری پشنوتن سنجا دەلێت :

زاراوەی پەهلەوی سامی (هوزوارش) کە کورتکراوەی زاراوەی لێکدراوی (هوزو خلدە)یە بە مانای زمانی کلدانی دەزانێ..

کاتراك-یش دەلێت زمانی پەهلەوی پێنج جۆربوون کە پەهلەوی کلدانی/موبت پەهلەوی یەکێك لەو جۆرانە بووە..بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئەسڵی زمانی ئاشوری وعەرەبی وعبری لە کلدانی یەوە هاتووە کە ئەویش لە سەر سستمی فەلسەفەی ئاڤستا(ئاڤ سەتە) بنیات نراوە لە پاشگۆڕینی تیپەکانیان، هەروەها ئاوەژوکردنی وشە بەپێی ئەوەی ئەوانە لە سەر پەرێکی (میذوئی) کەوتوون-

---

1-دیسان هەرئەو (ی)ی سورانی رۆلی هەیە لە سوکی زمانەکە و، سۆرانی دەتوانێت سەنگەر چۆلبکات بەهەندێ زمانی تریش لە دەوروبەری ناوچەکانی دەسهەلاتی زمانی کوردی.

2-پێم وایە(ید/ێت)ئامرازی ئیزافەی کۆنی بادینی هەروەها (ئد)ی ئاسوری، سەرچاوەیان لە ئاڤستایە.

3-ئال/ئەل لە زمانی تورکی دا بە مانای دەست دێت..لە عەرەبیدا وشەی کوردی –دە ئەکس کراوە و بووەتە ئەد>ید، بە بونەی ئەوە ژمارەی پەنجەکان دەست(دە=دەس<دەست)دەهن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ناوەند و جێگەی قەلب بوونی خۆر-بۆیە دەبوایە وشەكانیشیان قەلبكرابانە وەك چۆن دواتر ئەو جێگەیە بە خراب-خراپ(خۆر+آب) و قەلب(قەلپ) دانرا چونكە جێگەیان (سەر) بوو-گەیشتنی خۆر بە ئاو و ئەردەوە-واتە جێگەی لێگدان و شەڕ(سەر<شەڕ)..(1)

كە ئەو سەرانەیش بە خواوەند ئەزانران وخواوەندیش چەند سیفەتی هەیە ئەوندە ناو ئەبەخشێت ،وەكو (101)ناوی-الله-(2)

هەر وەكو تا ئیستاش كورد دەلێت بە هەزار و یەك ناوی خوا..بۆیە ئەو جێگەیانە بە ژێدەر وسەرچاوەی ناوەكان دادەنران..(3) كە هەمان ئەو سەرانە ناوی ژمارەیش دەبەخشن وەك دەهوم و سەتوم و ئەلفا..پێشتر(سەتوم/سەتە-ئاڤ سەتە)بە ژێدەری هەموو زانستەكان دائەنرا، واتە وشەو واژە لە وێ وەرگیراون وەكو سەتە(ژمارەی سەت لە كوردی)كە لە عارەبی بووەتە (شەتە<شتاو)، شەت ئاوی كوردی..هەروەها(اندوره)<<ئەنتەر Winter (عەنتر) واتە جێگەی سوڕانەوە و دەوركردنەوەی(ئانو)-ناوی ئاسمان و خوای سوبارتو..(4)

---

1-پێشتر باسی رێ وشوێنی ئاشوریەكانمان كرد كە چۆن شەڕ و جەنگ وەك ئادەتێك و رێورەسمێكی دینی وابوو و بە پیرۆزیش تەماشایان دەكرد-ناوی خواوەندی ئەوانیش(آسور) بوو، ناو لە سیفەت وەرگرتن-(آثور<ثورە/سور/شر)، ئەو رێورەسمەی ئاشوریەكانیش پەیڕەوكردنی خودی فەلسەفەی ئاڤستا-ئاریانییە.

2-مرۆڤی كۆن دركی بە كارایی و هێزی وشە دەكرد، بۆیە بۆچوونی دینی لە تێگەی وشە دروستدەكرد و تا ئیستاش كورد دەلێت(شەیتانی مرۆڤ مرۆڤە) .

3-ناوی قاموس لە ئەسڵی (شمس/شموس) وەرگیراوە-شمس-خمس-قاموس-خاموس-خامورابی- ووتویەتی (شەمس ژێدەری هەموو شەریعەتێكە).

4-بەنەدور-یش(تەماتا)هەم ڕەنگی سوورە و هەم شێوەی خڕە(ئاندرە-خواوەندی هند و ئەوروپیەكان بووە-)لە عارەبیدا بووەتە(عنتر)و لە كوردیش ئەنتەر واتە هێز و قوەت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- وشەی ئاڤستایی بۆ عەرەبی ڕۆیشتووە:

جگە لەو وشە هاوبەشانەی نێوان زارەکانی خلدی و هوری وگوتی و ئەوانیتر لە گەل وشەو پەیڤەکانی زمانەکانی ئاشوری و عیبری و عەرەبی هەن، زۆر وشەی ئاڤستا هەن یان ڕاستەوخۆ بۆ ئەو زمانانە چونە یان وشەکانی ئاوەژووکراون(1)

ئەم دابەشکردنەوەی ئاڤستاش بۆ گەردوون کە لە ناوەکانیان بۆچوونەکە خۆی دەردەخات بۆ نمونە هێنانەوە:

| | | |
|---|---|---|
| أثرهـی(اسر) | میذوئی | سـفاهی |
| =عصر | ناوەند | صبح/سبیٚ |

کە دیارە سامیەکان وشەیان دەخستە ژێر فونەتیکی خۆیانەوە کە پێشتر بە دەیان نموونەمان هێناوەتەوە یان تیپ گۆرکێیان بە وشە دەکرد وەکو چۆن (أ<ع)یان(هـ<ح) بۆ داهێنانی وشەی نویٚ و دوور لە مانا ئەسلییەکەی وەکو(هات/عاد<عید)..

هەروەها پەیڤی ستار <عشتار(گەواهی عشتار لە ئەستار هاتووە ئەوەیە کە لەسەردەمی ئاشوری ڕەمزی خواوەندی عشتار ئەستێرە بووە)سەردەمی هەر خواوەندێك ڕەمزێکی هەبوو..

لە کلتوری گریکیەکانیش عشتاری بابلی بەرامبەر بە ڤینوسی ئەوان هاتووە کە ڤینۆس ئیستا ناوی ئەستێرەییێکی گەشە لە ئاسماندا(زەهرا)، بە بەراورد (زەهرا-سەرە/اسر/اسور)-ناوی اسور وخواوەندەکەیان آسور.

هەروەها لە بابەت سینتاکس وگەردانی وشە لە عارەبیدا کە بۆچی کاری(کتب)ی رابردوو دەبێت (یکتب/تکتب)ی رانەبردوو، بەرامبەر ئەم لە وشەی کوردی دەنوسێت ، لە هەندیٚ جێگایش ئەنوسێت،کەواتە (ت-یـ/د-ئـ)هاوبەشن لە گۆڕینی ڕێژەییێکی ڕێزمانی بۆ یەکێکیتر، بەلاٚم ئایە لە کوێوە هاتوون و بۆچی ئەو دەورە دەگێرن ..من خۆم ئەم شلۆڤەکارییەم بۆ ئەم بابەتە هەیە:

---

1-ذستە لە ئاڤستا واتە دەست، لە ژمارەی پەنجەکانی دەست هاتووە-دە/دەس، دیارە ئەو وشەیە سەرەکییەی زمان لە عارەبیدا ئاوەژۆکراوە و زاراوەکە بووەتە(دەه × ئەد<ید).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**ئەوجۆرە تیپانە لە ئەسڵی ناوی خواوەندی جیهانی خوارەوە وەرگیراون (أد/اتو-ئەیا) کە بە بۆچوونە کۆنەکان لەو جیهانە ژێرینەدا، خۆر دەزێتەوە و دەژێتەوە واتە دروستکەر لە وێیە، هەروەکو لە ئاڤستایش (ئاڤ سەتە) ئەو جێگەیە بە جێگەی هەموو زانستەکان دانراوە واتە لە وێ کریار دروست دەبێت-ناو بە هۆی ئەو خواوەندە دەگەردێنرێت-ئەو جێگەیە بە سودب(سوداب/سودئاب) دادەنرا کە پاشتر(سدب/ستب<کتب/کتاب)..(1)**

**کاتێ ئەو پەیڤەیش دەگەردێنرێت واتە بە هۆی خواوەند ئەو کارە دەبێت، یان ناوی خواوەند لە پێش وشەکە دادەنرێت، بۆیە کتب دەبێ (یکتب/تکتب)،لە کوردیشدا (دەنوسێت/ئەنوسێت)..(2) ئەگەر دوورتریش بڕۆین دەبینین لە سەرووی ڕستەکانی ئاشوی و بابلیدا چەند تیپێك ڕێزکراون کە دەکرێت ئەو تەیپانە ناوی خواوەند بووبن و دەبوایە ناوی خواش لە سەرووی یان بەرایی ئاخاوتن بوایە..(3)**

---

**1-لە هەندێ جێگا ئەو ناوەنە بە(لوح المحفوظ< روخی ما ڤوژ/روخی ماد ڤاژی(فص=لا،face).**

**2- یەکسانی (د، ئـ)لە وشە کوردییە، مانای ئەوەیە کە ئەو ناوە-ئەو دو تیپە- مانای یەك خواوەندبووە بە دوو ناو (ئەتو/ئەیا)، سەتە-ی ئاڤستاش هەر ئەوە بەڵام ئاوەژووکراوە، سەد×دەس(دەھ=أد=أیا) ئەو ناوانەیش مانای تەواوی (تەم/تەمام)ی دەبەخشن واتە جێگەی سوڕانەوەی خواوەندی خۆر(ناڤ و ناوەند)یان جێگە و ناوەندی مردن(مەد<مات) و زیندوو بونەوەی خۆرێکی نوێ، بۆیە ئەو ناوەندە(مەد<مید/Mid)بە مەرکەز(مەد+رەخس)دانراوە، لە زمانیشدا ئەو(مەد)ە بۆئامرازی(أسم فاعل واسم مفعول) لە زمانی عەرەبیدا بە کار هێنراوە وەکو (مدرسە)، (مەد+رسە)،معلم(مەد+علم)..لە فارسیدا ئەو(مەد)ە ڕۆڵی بە گەرخستنی کار وەکو (د)ی دەنوسێت/دنڤیست-ی کوردی دراوەتێ (مینڤیسد) واتە دەنوسێت، لە ئاڤستاش ئەو(د-ت)یە جگە لە بەخشین ناوی ژمارەی دوو(دوڤا/دوبا) لە دووبارەکردنەوەیشی کاری پێ سپێراوە، هەر لەم بابەتەوە ئیستا خەلکی شام ولوبنان شێوەی رانەبردوو لە زمانی ئاخفتنیاندا بە(م)دەسپێدەکەن وەکو(منحارب=نحارب)،(منحکی =نحکی)..**

**دیارە لەهجە ناوچەیەکان باشتر ڕاستی یەکگرتنەوەی زمانەکان دەردەخەن.**

**3-گا،کە پیرۆزی خۆی هەبووە لە سەردەمی سۆمەری بابلی و ئاشوریدا-تا ئیستاش لە ناو هندوسی گا و مانگا پیرۆزی خۆی لە دەست نەداوە- پەیکەرەکانیان لە بەر دەرگا و دەروازەکان دائەنان،کوردیش دەلێت دنیا لەسەر پشتی گاو ماسی یە.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەكو ئیستاش وەهایە لە نووسین و لە ئاخاوتنیشدا كاتێ قسە ئەكەین دەڵێین (بەخوا/خودێ/وەڵا) لە E یشدا Well دەبێژن، كە ئەم ناوهێنانەوەی خوا بە سوێند دانانرێت، شایانی باسە لە قورئانیش زۆر سورە هەن بە تیپەكان دەسپێدەكەن..

دیارە ئەم شلوڤەكاری فۆلۆلۆژی و ئەتیمۆلۆژی وەك كێشەیەكی دیالكتیانەی سەرهەلدانی زمانان بۆ سەردەمێكی بەر لە پەیابوونی ئایینەكانی نەریتی ئیستا دەگەرێنەوە كاتێ عەرەبەكانیش لە گزیرەی عەرەبی بە رێ وشوێنی تام زرادشتی دەژیان بۆ نموونە سوتاندنی مردووەكانیان(سود<سوت)واتە كاری شلۆڤەكردنی سیفەتی خۆراوابوون-تەشبیكردنی ئەو كریارە خۆر(خواوەند) بە مردنی، دواتر نواندنی مرۆڤ بۆ هەمان كاری خۆر، چونكە مرۆڤیش لایەنێكی خواوەندێتی تیایەتی و دەبێت مرۆڤیش لاسای ئەو كارەی خواوەند بكاتەوە و وەك ئەو رفتار بكات و بخولێتەوە(پەرستن).

بۆیەش وشە بۆ ئەو سەردەمانە دەگەرێتەوە-سەردەمی ئەو جۆرە بۆچوونە دینییانە-كە لە ئەفسانەی ئەو وەختە ئەو بۆچوونانە وەسف كراون...

بۆ نموونە لە ئەفسانەیێكی ئەفراندنی بابلیenuma-élish كە ئەسلەكەی سۆمەرییە، ئەم رستەیە تۆماركراوە و بەم شێوەیە عەرەبەكان شلۆڤەیان كردووە:

(حینما فی العلا لم ینبأ عن السماء/وفی الدنی الاسفل لم تذكر الارض بأسم)

كە ئەمە نیشانەییێكی ئەو سەردەمانەیە كاتێ هێشتا ناوەكان لەسەر ئاسمان وئەرد دانەنرابوون واتە زمان دروست نەكرابوو..دواتر دەلێت:(وحینما كانت ما أبسو الموجود الاول والدهم والام تیامە والدتهم جمیعهم واحده مختلطه)..(1)

كە لە دەقە مێژوویەكانیش هاتووە خواوەندی(مردوخ)-ئاشوریەكان بە ئاشور یان گۆڕیوە-ئەو مەردوخەی لە تیامە ئاسمان و زەوی دروستی كردوون واتە(مردوخ)و(الله) وەك یەكتر دەور ئەبینن..

---

1- پێشتر ئەوناوەمان دەرخسن كە ناوی كوردین.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەها وشەی‌آدم‌آدابا‌کە لە زۆر جێگە بەرامبەری یەکتری هاتوون:

(آدم بطل اسطورة آدابا)..(1)

بەم جۆرە، وشەکان بۆ ئەسڵی دابەشکردنی گەردوون و تەشبیکراوەکانی دەگەڕێنەوە کە دواتر ئەو ناوانە کرانە ناوی پاڵەوانان و پێخەمبەران لە ئەفسانە کۆنەکاندا..هەروەها ناوی(دوبا)لە ئاڤستا بۆ ژمارە دوو/دووەم هاتووە واتە مەبەست لە ئەسڵی ئاسمانی شەوە (تەم=تاری)،(تەم ودوم)، ئەو دوەمەیش کە لە وشەی سوت/سەتوم یان(سدب) کە ئەمەی دووایی بووەتە کتب/ختب/قتب(کتب/خطب/قطب)-پێوەندی ئەستێرەی(قطب)و دب الاصغر سەلمێنراوە..(2)

هەروەکو(آثرهی)ی ئاڤستایی (ئێوارە و ئەسر)-آثوری/آسوری، سەر و سووری کوردییە-مەبەست لە سەر و سووری خۆرە کە ئاوا دەبێ‌بە واتاییێکیتر(آسور) واتە لاو سەرێکی مەدیایە(ڕۆژاوایەتی)هەروەکو پارس سەرێکی تری بووە وەکو وشەی پراسوو(ڕەخ)ی مرۆڤ..

دیسان ناوی موریەم<مریم لە وشەی کوردی مۆر(ڕەنگی مۆر)وەرگیراوە-مۆر و وەنەوشەیی خۆرهەلآت-(3) لە کتێبە مشایخەکانیش(مەسیحیەکان)ئەوها باس و پەسنی یەسوع دەکات:

(ایتها الشمس التی تشرق من مریم الشرق)

تا ئێرە و بابەس بێت و درێژەی پێناوێت، ئەوندەش بەسە بە سەدان وشەی عارەبی وناعەرەبی کوردایەتیان یا ئەسڵی ئەو فەلسەفەیەی لەسەری دامەزراون، لەم کتێبەدا سەلمێنراون وخوێنەر خۆیشی دەتوانێت پێیان دلنیا بێت ولە راستی کێشەکەیش حالی ببێت،

---

1- وشەی ئادم(آدم‌آدبا)لە دەم/دب‌ی کوردی هاتووە کە باسی دەم و زمانە‌گیانەوەری زمان زان/بەدەم، بەدەب‌لە عارەبی تا ئیستا وشەی (آدب و آداب) بەو مانایەی باسمانکرد دێت، لە کوردیش (دبستان)واتە قوتابخانە جێگەی فێربوون.

2-دەکرێت(دب) ناوی ترسناکی(دێو)پێوەندی یەکتریبن، هەروەها لە‌دەم ودەڤ‌ئامرازی خواردن ودڕین وەکو کەلب (ددان) و(کلب) واتە سەگ.

3- لە زمانی سۆمەریش آمور(مور) بە واتەی لای ڕۆژاوا دێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەمەش هەندێ نموونە بۆ وەبیرهێنانەوە وبێ شلۆڤە..(1):

سدب-قطب-دب،کانی(کائانو)-أنو-عین، نوبا(نوێ)-نبی، خرب(خورآب)-غرب-قلب-قەلپ، سەر-شهر-شعر-شعار، ئاڤا-/ئاباد-حەواو-عبد/عباد، دۆن-دهن، جەم-جمع، خرد-خلد/خالد،دوم-دەهم-دم-تم-تمام، سوتم-ختم/ختام-قاتم، سپی-سبێ-صبح، ڕەخ/ڕوخ-ڕوح-لاخ-لك، مەد/ما/مێ<مات-ماء، پرس-برکە-بریخا، سور/سورم-زولم، دەه-دیە، سرب-سراب-شرب، ئار/ئاروم-اله/الهم، خورس-خلاس، تارس-تاریخ، هەموو-عامە، خر-کل، نس-نفس، زن/ژن-جن، میر-أمیر،گڕ/ئاگر-گەورە-کبر-کبیر، دورب-تربە-ضرب، سب-حساب-صواب، دوو-عدو، شام(ڕەخ)-شمال-شووم، ڕەش-ڕوس-ڕاس-ڕەئیس-ڕیشە، نساو-نشوم، مور-مر-مهر، نارس-نورس(نەورۆز)-نار-نور-

---

1- ئەم زاراوانە زیانر بەرەو زمانە سامیەکان چوونە و ئێمەیش ڕێزمان کردوون بۆ ئەوەی بێتە سەلماندن کە زمانە سامیەکان لە ئەسڵی کوردی دروست بوونە، پێشم وایە زمانە هندوئەوروپیەکانیش پێوست ناکات نموونەی لێ بینینەوە چۆن زۆر لە تێرمە کوردییەکان نزیکن..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## پێشەکی ئەم بەشە

لـەم بەشـەی کتێـب ئێمـە ژمـارەیێکی زۆری وشـەو زاراوەمـان لـە بـەرێك داوەتـەوە وەك نموونە وگەواهی زیاتر بۆ سەلماندنی ئەوە کە چۆن ناو و پەیڤ دروست بوونـە و هاتوونەتـە کایێ، وەهایش چۆن دەرخستنی ڕاستـی پێوەنـدی دیـن و زمـان بـە یـەکترەوە چـەندە بـەهێز بووە، هەروەها لە بەرایی بەراییدا وشەی سـەرەتایی چۆن سـەری هەوڵداوە و لـە چـی رژێـم یاخو سەرچاوەی زمانـەوانی هـاتووە و ئـەو وشـەیە بەچـی مانایێـك هـاتووە و دواتـر چـەند نـاوی تـری لێـی وەرگـیراون لـە پـاش کـە لـە واتـا ئەسـلییەکەی دوورخـراوەتـەوە یـان وشـە ئەسلییەکە شێوێنراوە وتیپ یا فۆنیمی زیـاتری خراوەتـە سـەر لـە لایـەن کۆمەلـە کەسانیتر کە تیپەکەیان بە شێوەیێکی جیا لیڤس کردووە.

زمانیش لـە ئەسلدا نـاو و سـیفەت و ئاکـار و کریـاری خواوەنـدەکان بـووە وەکـو پێشـتریش باسمـان کـرد مـرۆڤیش لـە سـەر هەیکـەلی خواوەنـد دروسـتکراوە، بۆیـە نـاو وکـرداری خواوەندیشـی کردوونـە بـە نـاو و کـرداری خـۆی یـان نـاو یـا سـیفەتی خواوەنـدی لەسـەر بەشەکانی جەستەی خۆی داناوە و بەپێی ئەو دابەشکردنەی گەردوونیش ڕونـاکی و تـاریکی کە ئاسمانی شەو بە ڕەمز و ناوی(مێیینە-ژن)ی دانـاوە و ئاسمـانی ڕۆژیـش بـە ڕەمـز و نـاوی مێرد و زەلام (نێر)ی داناوە، ئەمەیش بەر لەوەی ئـەو دابەشـکردنە، دابەشـکردنێکی تـری لێ وەربگـیرێ یـاخو ڕۆژهــەلات وڕۆژاوا کــە یەکــەمیان ســیفەتەکانی بــە باشــی و بــەرزی تەشبیکراون ودووەمیان واتە غەرب/خەرب بە خرابە و نزمی و مردنی داناون.

ئەم جۆرە فەلسەفەیەش کە بۆ سەردەمێکی زووی مێژوو دەگەرێتەوە، بـەر لـەوەی مرۆڤــ هەست بە خولانەوەی ئەرد بکات یان جیهانی بە دوو جیهان دائەنا(سەردنیا و بنـدنیا) واتـە جیهـانی سـەرەوە و جیهـانی خـوارەوە کـە جیهـانی خـوارەوە بـە جیهـانی نـەمران دائـەنرا-خواوەندەکان-واتە ئەستێرەکان یان جێگەی مـردن و پەیدابوونـەوەی خـۆر هـەر لـەوێ بـووە (بـود/ت) بۆیـە مرۆڤـی کـۆن ئـەوێی بـە جێگـەیێکی پـیرۆز و مـەزن و گـەورە زانیـوە.. ئـەو جێگەیە کە لە ئاڤستا بە بودس-بوتیکە ناوی هاتووە واتە جێگـەی هـەموو زانـین وفێربـوون وەکو ناوەندی ڕەتبوونەوەی هەموو شتێکیش بووە..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئاڤستایش، ئەو کتێبەی بە هۆیەوە زیاتر توانیمان ئەو ڕژێمەی دابەشکردنی گەردوون و جەستەی مرۆڤ پێی بدۆزینەوە، ئابستە (ئاب+سەتە) یان (سەت+ئاب)—ستب×بدس< بوتیك..(1) واتە ئاوستا ڕامانی ئاوی تەواو دەدات(سەت<شەت)-ئاوی بودس/بونەوە، هەروەها ئاوی ڕەش(سود) وەك سوت-ناوی سوتان و ڕەشی کوردی، یان Sunset ی ڕۆژاوای E کە ئەم سیفەتانەی گەردوون لەگەڵ جەستەی مرۆڤیش گرێدراون.. یان ناونراون وەکو سیفەتی کۆتایی هەم ژمارە دوو(سیفەتی دووانەیی خواوەند) هەم ژمارە دەه(دەهوم-تیامە)دەەخشێت، ئەمەیش لە کۆتایی دەست و پێی مرۆڤ ڕەنگ دەداتەوە واتە دەست و پا هەم ژمارەیان دوو هەم لە کۆتاییشدا دەبن بە دەه/دەس(دس ×سد/سەت)..

ئەم فەلسەفەیە کە لە ئاڤستا دەردەکەوێتەوە-ئەو کتێبە پیرۆزەی کە دانەیێکی لێی دۆزراوەتەوە لە هتوشای پایتەختی هیتیەکان لە خوارووی ئەنقەرە بۆ بەر لە (1700 پ.ز) دەگەڕێتەوە- ئەم فەلسەفەیەی دابەشکردنەی گەردوون و جەستەی مرۆڤ، بە بنەمای سەرەکی بۆ وشەو پەیف دارشتن دادەنرێت، کە لە سەرەتادا ئەو فەلسەفەیە لە گاتاکان پیادەکراوە و بە شێوەیێکی سادەو ساکار زمان سەری هەوڵداوە و دواتر لە گەل بەشەکانی تری ئاڤستا زمانێك بووە بە ژێدەرێك بۆ چەند زمانی ترا، لە پێش هەمووشیانا زمانی کوردی، ئەم سستمەی زمان کە وشەی جۆراوجۆری لێکەوتنەوە، لە سەرەتا لە سەرووی میزوپوتامیا سەری هەوڵداوە پاشان بەرەو خوار و بۆ سۆمەر و شروپاك و ئور، پەلی هاوێشتووە وەك چۆن خواوەندی سەرەکی ئەوان(تەموس=تاوس) بووە کە وەك ژێدەری دیرۆکی دەلێن هەردوووکیان یەك خواوەند بوونە تەنانەت دواتر(تیوس)ی گریکیش هەر ئەو تاوسە بووە کە لە ژووروی ئەو ولاتە خواوەندێتی کردووە و لە خوارووشیدا ناوەکەی بە(تموسی) هاتووە، تاوس کە ناوی خۆر دەگەیەنێت لە ژێدەری ئاوەژووکردنی(سەد/سود) هاتووە(سد×دس<تاوس..

---

1- چونکە بودس/بوتکە بەسەر و کۆتایی و تەواوی دانرایە ناوی (پادشا)یش هەر لە توخمی ئەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەمەش بەپێی ئەوەی سەرووی ولات پێچەوانەی خوارووی ولاتە یاخود لەوێ خۆر ئاوادەبێت(قەلب=غرب)و بەو پێیە ئەبێت ناوەکەیشی قەلببکرێت (1) بۆیە خواوەندەکەشیان بەو جۆرە گۆڕاوە، بەلاّم لە هەندێ شوێن خواوەندی(سود) هەر وەك خۆی ماوەتەوە وەك لە شاری شروپاك کە خواوەندەکەیان هەر(سود)<خود/God بووە-ئەو شارەی خەلکەکەی لە ژورووی ولات کۆچی ئەوێ ببوون، واتە لە سوتی وکوتی/کوتیوم بوونە کە لەسەردەمە کۆنەکان گەلان بە ناوی خواوند و خاکیان ناو ئەنران، جگە لەو خواوەندانەیش وەك لە پێشتر باسمان کرد خواوەندی(آنو/نینی) هەبووە کە ئەویش دەوری هەبووە لە دروستکردن وشێوەگرتنی زمان و رێزمانەکەی وەك ناو و ئامرازی ناوی کار و ناوی چاووك و نەفی ژمارەی نۆ و ناوی ڕۆژی پیرۆز-ئەینی-(2)

هەروەها جگە لەو خواوەندە سەرەکیانەش خواوەندی (اد-اتو-دودو) یش خواوەندێکی زۆر پیرۆز بووە وەك خواوەندی ئاو و باران و زاخێتی، کە ئەویش رۆلی هەبووە لە شێوەگرتنی زمانی کوردی کە ئێمە پێمان وایە ئەو خواوەندە هەر لە دس(دو/دەه) هاتووە واتە لای تاریکی گەردوون-ئاوی سوتە<اوستە-یان ئاوی دووەم(تیامە/تەم)..(3)

کە هەردووو(د/ن)لە ئەسلّی ناوی خواوەندەکان(نین/داد)کە ئیستا وەك ئامرازی کۆی ئیزافە وکۆی یاسایی لە زمانی کوردیدا بەکاردێن-دیارە زۆری ناو و ژمارەی خواوەندەکان رۆلی بینیوە بۆ دەولەمەندکردن و لێك دورخستنەوەی زمانەکان..پێوستە دوبارە بلێینەوە کە لە سەردەمە مێژوویەکان تاسەردەمی ساسانییەکانیش تیپی بزوێن نەبووە واتە پەیابونی بزوێن رۆلێکی سەرەکییە هەیبووە بۆ شێواندنی وشەکان یاخود دەولەمەندکردنێکیتری بە زمانەکان بەخشیوە یان لێکی دورخستونەتەوە، هەروەها

---

1-دواتر ناوی اسر×ارس (اقور×ارق)یش لەو دیاردە ئارياییە وەرگیرا کە بە عیراق دەگوترا (ارض السواد).

2-ژمارەی نۆ/نەه  ژمارەیێکی پیرۆز بووە لای سوبارتو چۆن خواوەندێکی ئەوان بووە.

3- سەتە لە هندی کۆندا واتە(دوو) لە ئاڤستایش، سەتوم بە دەهەکان دەگوترێت وەك چەترە سەتوم(چل/چوار دەه)، لە کوردی ئیستادا جگە لە ژمارە 100، بی+سەت=20، واتە دوو دەه.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گۆرینی تیپەکان بە تیپی جیا ئینجا فۆنیم وەکو بوونی (**K**) بە **Z-S/H-X-K** هەروەها **S\C-**<(ɵ) بابەتێکی تری سەرەکی بووە بۆ لێکدوورکەوتنەوەی زمانەکان، دیسان(ر<ل)-تیپی لام لە دوایی قوناخی زمانە ئاڤستایەکان پەیدابووە-

بەم جۆرەش وێکداچونەوەی ڕوخسار و شێوەی وشەکان ئەوە دەگەیەنێت کە وشەی هاوشێوە لە یەك بنەما و بنەواشە سەرچاوەیان گرتووە..(**1**) کە بە کەمێك جیاوازیش لە زیادکردنی ئامرازێکی ڕێزمانی یان گۆرینی دەنگێك بە دەنگێکی ترا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆرێت کە لە ئە سلدا ڕژێمی دروستکردنی وشەکان و دارشتنی ڕێزمانەکەشیان، یەك رژێم بووە..ئەویش ئەوەیە دابەشکردنی گەردوون و سەپاندنی ئەو دابەشکردنەیش بە سەر هەندێ شتیترا وەکو رووی ناوچەکانی جیهان و جەستەی مرۆڤدا و شتی ترا(وحدة الوجود) کە (ئەرد)یش لە گەردووندا بە سەنتەری سوڕانەوەی خۆر دانراوە یان بە(دل>در) و **heart** ئاسمان، ئەو دل و **heart** ی لە ئەسڵی (زرتا/zrta)ی ئاڤستایی وەرگیراوە کە ئەویش مانای دل دەبەخشێت جێگەی سوڕانەوەی خوێن..

دواتر ئەو زرتە/سرتە/سرد بووە بە کرد(کورد)-ناوەندی سەرەتایین جوگرافیای مرۆڤ-بۆیە ئەم بەشەی کتێبەکەش لە سەرەتاترین مانای وشە و زاراوە دەکۆلێتەوەو دەریدەخات.

---

1- وەك چۆن درایڤەر وشەی **Kurd**ی شلۆڤەکردووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## لەبەرێکدانەوەی وشەکان

- ئادەم: ئەو زاراوەیە هاوشێوەی ئادبا(پالەوانی ئەفسانەی ئادابا) لە ئەفسانەکانی سۆمەریدا، ئەفسانەکە چیرۆکی ئەدبا/ئادابا، مرۆڤی ئاقلمەند و زیرەك کە لە شاری ئەریدۆ ئەژیا-شاری(ئەیا) خواوەندی هۆشمەندی WISDOM خواوەندی ئاو، ئەوەی زانیاری ژیان پیشانی خەلك ئەدات، بەلاّم بەهۆی هەلەییێکی(ئەیا) وگوێرایەلی کوێرانەی ئەدەبا کە بوو بە هۆکاری ونکردنی مرۆڤ ژیانی نەمری، ئەو نەمریەی خواوەند(ئانۆ) خواوەندی ئاسمان دەیویست بە ئادەمیزاد ببەخشێت..هەروەها لە ئەفسانەدا ئەوها هاتووە کە ئینسانی ئەدەبا ئەوەی خواوەندی ئاسمان(ئانۆ) دروستی کردبوو تاکو حوکومرانی هەموو ئادەمیزاد بکات، پیشتر ئەو ئەدەبا پاشای شاری ئەریدۆ بوو بەلاّم ڕۆژێك لە ڕۆژان بە هۆی باو باهۆزیکی گەورەوە ئەدەبا کەشتیەکەی لێوەردەگەرێ و دەکەوێتە قوولاّیی دەریایەوە، ئەوەیش بوو بە هۆی ئەدەبا نفرەت لە با بکات، بۆیە با لە هەلکردن دەوەستێ و ئەمەیش دەبێتە هوکاری تۆرەبوونی خواوەند(ئانۆ) لە ئەدبا و بریارئەدات ئەدەبا بکوژێت، بەلاّم ئەدەبا بە هاوکاری(ئەیا) دەتوانێت بچێتە هوندور پیرۆزی مالی خواوەند(ئانۆ) ئەمەیش وادەکات کە خواوەند(ئانۆ) لە کوشتنی ئەدەبا پاشگەزبێتەوە، ئینجا بە هۆی ئاموژگارییێك بۆ ئەدەبا لە لایەن(ئەیا)یەوە کە نابێت ئەو خواردنەی(ئانۆ) ئەیداتێ بخوات گوایە ئەو خواردنە خواردنی مردنە بەلاّم لە راستیدا ئەوە خۆراکی ژیانی نەمری بوو کە ئەدەبا لە دەستی چو بخوات.(1)

هەروەها هاتنی ناوی ئەدەبا وەك مرۆڤی بەراییەوە پەیوەندەی زمانەوانیشی هەیە لەگەلّ ئەستێرەی قتب /دب هەیە(سدب<قتب)، دیارە ئەو ئەستێرەیە هیمای خواوندێکی کۆنینە بووە (دیڤا/دیبا/دیوا)دواتر بە بۆنەی سیفەتە دوانینەکەی، نفرەت لێکراو لە پاش شۆرشی باوکسالارییەوە کراوە بەڕەمزی خراپی بەلاّم هەمان ئادبا بووە بە یەکەم مرۆڤی ئەم دنیایە بە بۆنەی ئاخاوتنی بە دەم/دەب/دەو..(2) کە وشەی ئادەمیش(آدم-آدبا) پێوەندی لەگەلّ دەم/دب-ی کوردیەیەوە هەیە کە باسی دەم و زمانە-گیانەوەری زمانزان/بە دەم ، بە دەب-لە عارەبی تا ئیستا وشەی(آدب و آداب) بەو مانایەی باسمانکرد دێت، لە کوردیش (دبستان)مان هەیە واتە قوتابخانە و جێگەی فێربوون.

---

1-لە ویکیپیدیا وەرگیراوە.

2-دەکرێت(دب) ناوی ترسناکی(دێو)لە پێوەندی بە یەکتریەوە وەرگیرابن، هەروەها لە-دەم ودەڤ-ئامرازی خواردن و دڕین وەکو کەلب(ددان) و (کلب) واتە سەگ.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-خۆش-لەزەت-تام-(لذە/لذیذ-طعم-طیب):

ئەم وشانەی کە دەربرینی خۆشی دەکەن، پەیوەندییان بەو بۆچوونەوە هەیە کە ناو لە سیفەتی جێگاکەی مانای خۆی وەردەگرێت..هەر جێگایێکی دوایی وکۆتایی و شەقبردن و قەس و قاش بوونی تیابێت، بۆ نموونە جەستەی مرۆڤ (دەڤ/دەو/دەم) و جێگەی دابەشبوونی جەستەی مرۆڤ لە خوارەوە-نێولنگ)-بۆ دوو کەرت یاخۆ دووپا/پێ بە جێگەی تام وچێژ دانراون..

بۆیە ئەو هەردووو جێگە کە بونەتە کانوو/کانی بۆ لێوەرگرتنی وشە و پەیڤ-ڕەمزەکانی خۆشی- خۆش لە قەس/قاش(بوون بەدوو) هاتووە، تام وطعم لە دەم وەرگیراون..

هەر چۆن ئەو هەر دوو جێگەیە کە بە داوی(کۆتایی) و سەر دانراون، بۆیە پەیڤی لەزەت(لذە) لە توخمی رەسەیە و تەیب(طیب)یش لە (دوبا)= دووەم سازکراوە، هەر چۆن ئەو جێگایانەیش بۆ شەرم و خراپەش دانراون کە دەڤ(دەم) و-ئامرازی سیکسی مێیینە جێگەی ئاودەرکردنن..

بۆیە دەف/دەڤ<تف چووە، قەس(کوس)> خوزی-(خزی) چووە..

کە ئێمەی کورد خوزی هەر بە واتەی تف بە کاردێنین، دیسان هەر ئەو هەردووو جێگایەیش کە سەرچاوەی دەنگ دەرکردنن، بۆیە زاراوەکانی پێوەندی بە دەنگ و سدا و ئاخفتنیش هەر لەو هەر دوو جێگایە وەرگیراون وەکو**type**/تیپ-دوان-قسە-دبستان-دەپەی سۆمەری..

هەروا چونکە ئەو جێگەیانە جێگەی گەرمن، بۆیە پەیڤی(دفو/دفأ/دافئ)ی عەرەبی لێی وەرگیراون..

جگە لەوەشدا چۆن ئەو سەر و بنە(ژێر و ژۆر) وەك جێگەی ئەفراندن و خەلق و هزرکردنەوە تەماشاکراون، بۆیە بە مەڵبەندی داهێنانیش وەك خوداوەند دانراون، (سەر) بیری نوێ دروست دەکات، (خواروو)یش نەوە و بچوکی نوێ خەلق دەکات..هەردووو جێگاکەیش بە نهێنی دانراون(سەر<سڕ)، (راس<راز)..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لێرەدا پێوستە دوبارەبكەینە كە ئەو دابەشكردنەی جەستەی مرۆڤ بۆ دوو سەر(سەر و دوایی) لە دابەشكردنی گەردوون وەگیراوان كە هەر یەكێكیشیان بە خواوەند زانراون وخواوەندیش چەند سیفەتی هەبووە ئەوندە ناوی دەركردوون.

-تەپەـدەپە: ئەو دەپانەی سۆمەریەكان بە كاریان دەهێنا بۆ نووسین یان بۆ ناوی حەرفەكان ئەم ناوە هاتووە، لە Eدا بووە بە type/تیپـهەر داوی وكۆتاییك بەرەو دوو دەچێت بۆیە تیپ لە عەرەبیدا بۆ مانای فرِ/فرِس(جێگەی سورِانەوە و سەر) فرقـفریق چووە.

-دب/دابە/دەهبە: لە ئاڤستا(دوبا)هاتووە بە رِامانی دوو/دەه، چۆن پا/پێ ژمارەیان دوو یان زیاتر بوونە دیسان هەر شتێك بە پا برِوات ناوی ئەوهای وەرگرتووە وەكو دبابەـیدب ..پێرۆـیش لە زمانی خۆمان، ئەو دەواری بە پێ ئەروات.

هەروەها ئەم جێگایانە زۆر سیفەتی تریشی هەبووە كە زاراوەی تر لێ وەرگیراون وەكوtop(سەر)، tap(زەمبەلە/صنبور).

- مو/مێ/موێ: ئەم ناوانە لە ناوی یان لە توخمی مێ و ماو و مەد هاتوون چۆن خۆر دەگاتە سەر(روژاوا) رِەشی و تاریكی دەسپێدەكات(سەر<شعر)وەكو دەشگوترێت و لە تەوراتیشدا ئەوها وتراوە مرۆڤ لە سەر شێوەی خواوەند دروست كراوە و هەردووو سەری گەردوونیش بە ئاو(ماد<ماو) دانراون(مو/می/ما)، بۆیە هەردووو سەری مرۆڤ (سەر و بن) یان (سەر و دامان) بە جێگەی موێ لێبوون هاتوون كە هەر ئەوهاشن كە ئەو سەر و بنەیش لە ئەسڵی سەر و بنی گەردوون وەرگیراون كە هەر دووكیشیان مقدس و پیرۆز بونە وەكو پەیڤی مەند(ماد/مەد+اند<مەند(جێگەی پیرۆزـپەرستگە) دواتر كۆمەلەیێك بەو ناوە ناونراوە- مەندائی یان(سابئە/سوبی) و چونكە پیرۆزی لە ئاخر دایە (سەر وآخر) بۆیە (مەند)یا mind بە واتەی(ئەقڵ)یش هاتووە لە ئەسڵی ئاخر(آسر<آخرـاقل)..

هەروەها پەرەمو=پەرەموش(مد/مذ) كە ماد/ماژ/مژ(ئاو) رِەمزی كۆتایی بووە یان مەرزی نێوان سەر وكۆتایی(مەرز=ما+رەس)، وشەی(ماندوو/ماندی)كوردیش لەوەوە هاتووە كە خۆر ماندوو دەبێت(ماد+هند =ماند) واتە دەگاتە مەد.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-زیلـەمۆ: سـەرەمو-(سـەری مـو/مـا=ئاسمـانی پـر لـە سـتێرە)، بێجگـە لـە بەخشـینی مانـای ژمارەیێکی زۆر لە زمانی کوردی وکە لە سەرووتر  هەزارەوە بێت، سـەر/اسـر بووەتـە هـزار، لە Eیشدا zellion ژمارەییێکی هەرە زۆرە..ئەم زاراوەیە(زیلەمۆ) بە واتەی پاشماوەی ئـاگر دێـــت واتـــە خۆڵـــەمێش بەرامبـــەر پەلـــەمۆر لـــە بادینیـــدا، کەهـــەردووو ســـەری گەردوون(خۆرهەلات و خۆراوا) ڕەنگی سوریان دەبێـت(سـەر و پـەر)، سـەریش بـە نیشانەی ئـاگر هـاتووە(سـر<گـر<آگـر)، ئەسـڵی سـەر-یـش(ذر)ە ئـەویش دابەشـی سـەر دوو پـەیڤ بووە(سەر/تەر) بۆیە(تەر) بووەتە ێتر=ئاگر..

مانگی ئاداریش بە سەر دادەنرێت(ذروە)، اذربایجانیش لە ئەسڵی آتروباتین وەرگیراوە.

- خۆرما: یان خۆرمـەیی لـە ڕەنگـی خۆرمـا وەرگـیراوە(سـوور و قـاوەیی)، شـارێك لـە جنـوبی ئیران هەیە پێی دەلێن(خورەم شەهر)، عارەبەکان بە(محمرة) ناو دەبەن..

بـە سـۆمەری نـاوی خۆرمـا sulma بـووە کـە س<خ ، ر<ل چـووە، بـە زمـانی خـوریش silump هاتووە .

- ترازوو-ترازی-طرازی بە زمانی ئاشوری: ئەو سێ ئەستێرەیە لە گەل کۆمەلە ستێری پێرۆ(پەروین) لە ئاسمانی پاییزدا دەردەکەون کە شێوەیان ڕاست و ڕێك وەك شێوەی ترازوون (درست-trust)- دووراس-کە گەردوون دەسۆرێتەوە(ڕاست و ڕەت دەبێتەوە) ترازوو-

ترەس×سەرت، کاتێ دنیا سارد دەبێت دەردەکەون، وەهایش تراس و تارس لەیەکترەوە وەرگیراون..

تارس=تار+س کە دنیا بەرەو پاییز و تاریکی زستانەوە دەچێت، دیسان(تـرس)چـۆن تـاریکی و ترس جۆتبوونە و مرۆڤ لە تار و تاریکی ترساوە.

لـە عارەبیـدا (تـارس) بوەتـە(طارق) هـەروەکو ێسور کـراوە بـە آقـور، لـە زمـانی ئاسـوریدا ترس=سدایە کە سد<سود=تاریکی و ترس، دواتر سرد-سەرد-سەرەتا..

(سرد) واتە پێداچونەوە و ڕیزکـردن و(جـرد)یـش لـە سـرد هـاتووە و trace-ئاسـەوار یـان شوێن پێ کەوتن، ئـەویش لـەوەوە وەرگـیراوە کـە لـە شـێوەی سـێ ئەسـتێرەیە یـەك بـە دوای ئەوی ترە..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**هەروەها دەرس و ترسیش لە توخمی یەکترن، کورد دەڵێت دەرسێکم دایێ واتە ترساندم.**

**دەکرێ threeی Eیش لەو ترازووە هاتبێت چۆن سێ ئەستێرەن(تەماشای ناوی ڕۆژانی هەفتە بکە)، داوی سێ ڕەمزی تاریکی و یەکسانی بووە..طارق-طلاق سێ بەردن، هەروەهـــــا ترك/تارك..**

**هـەر بـە پێـی خولانـەوەی گـەردوون کـە هـەر شـتێك لـەم جیهانـەدا دەخولێتـەوە وەك فەلسـەفەی ئاڤسـتایی دەڵێـت، ئـاوی ڕەشـیش(ئاسمـانی شـەو)دەسـوڕێتەوە، بۆیـە ئـەو (تـار)ە سیفەتی دەورانیشی لێی وەرگیراوە..تەر-در-دور(دەریا)،کە(تـەڕ)یـش شـێوەی ئـاوە، مـرۆڤیش بێـی ئـاو ناژێـت بۆیـە نـاوی جێگـەی ژیـانی مـرۆڤ لـە ناوەکـانی ئـاو وەرگـیراون (دار=دور) هەروەکو ئاوایی-ئاباد<با/بیت-ئاڤا..پێشـتریش(دۆریخـە و کـەرك)لـە کشـتوکالدا-مـەرەزە-مـان باسکرد کە تا ئیستا بەکاریان دێنین بۆ نموونەیش:**

**دورشـروکین و خـورس ئابـاد لـە مانـادا پێچـەوانەی یـەکترن بەواتـەی ئـاوایی خۆرهـەڵات (شروکین:شرق) و خۆراوا(خۆر+رەس)..**

**یان نینەوا(نین+ئاوا) نین ئاباد، کە تا ئیستا-نین/نییە بەواتـەی تـەواوی خـلاس بـوون دێـن، ئاویش ڕەمزی کۆتـایی وحـەد بـووە وەکو مـەرز(مـا+رەس) واتـە(حـد/حـدود)، خـودی نـاوی حـەد-یـش لـە (اد) هـاتووە کـە ئـەویش نـاوێکی تـری ئـاوە-خواوەنـدی بـاو بـاهۆز و بـاران لـە سـەردەمە کۆنەکانـدا، یـان پـەیڤی نینـە/نییـە-ی ئێمـە ڕۆژانـە بـەکاری دێـنین هـەر لـەو(نـین/نینـا) هـاتووە، بێجگـە لـەوەیش(نینـا/ئانـا) نـاوی ژنانـە لـە کوردسـتانا چـۆن لای سەردەمی کۆن ئاو ڕەمزی مێیینە بـووە هـەروەکو (مـاد<مـا) و(مـێ)، ئێسـتایش(مایـا) نـاوی ئافرەتانە..**

**یـان نـین-مـەد-سـد-در، گشـتیان ناوەکـانی ئـاون سـەرەڕای سـیفەتی تـەواوی و مێیینەیشـیان تێدایە (لایەنی دەریایی گەردوون).**

**- تـل: بەواتـەی بـەرزایی دێـت، ئێمـە دەلـێین-دیوارەکـە تلـی داوە..هـەروەها-تـل- بـە سـکی ئەستوریش دێت واتە کرش و هورك، ئەسڵی ناوەکە لە سـیفەت و جێگـەی سـوڕانەوەی خـۆر لەبەرزایی ئاسماندا وەرگیراوە (در-تور-تل).**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- سەد-سود-سوت-set: هەموویان توخمی یەکترن، مەبەست لە سیفەتەکانی ئاسمانی شەون، بۆیەش سەد/سەت/سەتوم ناوی ژمارەی وەرگرتووە لەبەر ژمارەی ئەستێرە وەکە(ماتە)ی عبری بەواتەی سەت.

- هەزار: لە ڤینددادی ئاڤستادا(هشرە)واتە هەزار گاڤ هاتووە، ئەسڵی هەزار لە اسر/سر وەرگیراوە یان ژمارەی زۆری ئەستێرەی ئاسمان سەر×رەس/ڕەش=سد<سود.

- هەینی:huni ی هوری ناوی خۆر بووە..هەروەها(آنو) ناوی ئاسمان و خوا بووە لای سوبارتو و سۆمەریەکان، بۆیە ڕۆژی هەینی/ئەینی-ئایین پیرۆزی خۆی لەو ناوانە وەرگرتووە.

- سارە: ناوی مانگە بە ئاشوری، لە عارەبیدا بووەتە شهر، (سەر)ە بەواتەی بەرزایی ولایەنێك بە زمانی کوردی..لە سیفەتی خولانەوە و سوڕانەوەی، ناوی(سیارە) و (قمارە) و (قمر)لێی وەرگیراوە، لە کوردیدا سوار و سیار هەیە-لە سەردەمە کۆنەکاندا(سۆمەری) کە مانگ دەردەکەوت وایان دەزانی ئەوە وەك بەلەم وایە یان کەشتییێکە لە ناو دەریاییێك دەسورێتەوە..

بۆیە سوار و سیارە لەیەك رەگەزەوەن-لێخوڕو لێخوڕینی کوردیش لە ناو و سیفەتی سوڕانەوەی(خۆر) هاتووە..driveی Eیش لە دور/دورڤ هاتووە.

- مضی/ماضی-مساو/امس: لە (ماسو/ماشو)ی سۆمەری بە واتەی سیفەتی چون ورۆژاوا هاتووە، لە کوردیشدا(مەشیا) بە واتەی چو دێت هەروەها مەش واتە ڕێپیوان دێت، مێش-یش ڕەگی ڕەشە(چاویە ڕەشن ئەڕەش مێش دوو برۆ لە پشت قەڵەم کێش-پەندی کوردی).

-هشك/وشك-سیسك-خشك(سیس=هشکبوو)، لە عەرەبیدا کراوەتە (حسکە) بە واتەی دڕك و ستری دێت..هشکی و سپی بوون پێوەندییەکترن.

- سیریوس(الشعری)-Dog star(ئەستێرەی توك/توس/دس) بە واتەی هەرەبەرز) سرس<سیریوس.

- دەم×مەد: دەم-ئادەم-دیمو، بە واتەی خەلك دێت لە گریکیدا، دیموکرات واتە حوکمی ئادەمیزاد/خەلك(کرات:ئاسمان=حکم)..( دم لە فارسیدا بە واتەی هەلم (بخار) دێت، لە کوردی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دومان واته دوکەل)، ئادەم<یەتیم لێی وەرگیراوە کاتێ مێرد/پیاو بە ژمارە یەك (ڕوناکی) دانراو ژنیش بە ژمارە دوو(تاریکی) واتە سیفەتی دوانەیی سیفەتی مێینە بوو.

- خەریب-غریب:لە ئەسڵی سرب(سەرآب/خورآب)=ڕۆژاوا، سەیرە واتە چونی خۆر یا دەرکەوتنەوەی کە لە سەردەمە کۆنەکاندا بە شتێکی سەیر تەماشاکراوە.

- عجب-عجیب/ئەجێب:لە ئەسڵی ئەسب-سب هاتووە وەکو ڕۆژاوا دەبێت(مرۆڤی کۆن نەیتوانیوە شلۆڤەیێکی لۆژیکی بۆ دیاردەی خۆراوا و خۆرهەڵات دانێت و تێنەگەیشتووە بۆیە بە شتێکی ئەجیبی داناوە)وەکو سەردەمی سۆمەری(ماشو) دەریای کێوەکانی لوبنانیان بە کۆتایی جیهان دانابوو کە ڕۆژیش لە وێ کۆتایی دێت یان دەچێتە نێو ئاوی دەریاوە(ڕۆژاوا/خۆراوا)-وەك لە دارشتنی ئەم هەردووو زاراوەدا دیارە-دیارە کوردیش زاراوەکانی کە بەم شێوەیەی دارشتووە، سنووری نیشتەجێبوونی تاسەر ئەو دەریایە چووە(ئەجیب=سەیر).

- چارە/چارەسەر: واتە سەری چوار، ئەو سەرەی خۆر لێی هەلدێتەوە واتە نوێ و ساخدەبێتەوە دواتر ئەم پەیڤە بۆ چابوونەوەو چارەسەری مرۆڤ بەکار هێنرا-چوار شەممەی پیرۆزیش.

دیارە چوونی ڕۆژ بۆ نێو ئاوی دەریا وەك شلۆڤەیان کردووە لای ئەوان بە نهێنی وسرِیان داناوە یان لە سەر زاراوەی سرِ/نهێنی هاتووە وەك چۆن نهێنی لە نین(ئاوی دەریا)وەرگیراوە..سرِ×رس<راز=نهێنی..هەر بە پێی خواوەند و بوونی چەند سیفەتی، ئاکاری جوانیش هەر لەوێ وەرگیراوە..خۆراب(غرب)<خلاب واتە زۆر جوان، کە ڕۆژاوا دیمەنێکی جوانە وەك لە عەرەبیش(شمس الاصیل) خۆی لە(شمس الاسر) یا سەر و سوور) هاتووە، اسر<اصل-اصیل.

- لێڕ: دارستانی چڕ و تاریك..ئەم زاراوەیە لە(رر) واتە دوولا (سیفەتی دوانەیی لای تاریکی شەو) گەشەیکردووە واتە لە ڕەمزی شەو ناوی کۆنی ئەستێرەکان (لێل<لألأ– جریسکانەوەی ئەستێرەکان)، لە زمانی **E**یشدا **Rare** واتە پشت کە ڕۆژ رووی پێشە و شەویش لای پشتەوەیە، لە عەرەبیدا بووەتە(لیل)کە دووبارەکردنەوەی تیپەکان شێوی کۆنی کۆکردن بووە لە سەردەمی کۆندا، (ئان لیل)یش خوای جیهانی خوارەوە بووە لە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سۆمەریدا.. ئێمـەی کـورد ئەگـەر شـتێك ژمـارەی زۆر بێـت ئـەوا دەڵـێن (ئـرریێ)-لـە زۆری ژمارەی ئەستێرەکان هاتووە.

ر<ل <لا-اله، ئیستا لێل لە زمانی کوردیدا بە واتـەی نادیـار و شـێلو دێـت، لـەیلان-یـش واتـە ڕاستایی یان دەشتی ڕاست.

- أردن: ناوی روبار یان ئـاوە، دواتـر ولاتێـك بـەو نـاوە نـاونراوە (أردن)..وشـەکە لـە (رد+ان)- جێگـەی ڕەتبوونـەوە وەرگـیراوە کـە هەمیشـە جێگـەی ڕەتبوونـەوە ئـاوبووە، ئـەرەدنا-یـش گۆندێکە لای دهۆك، هەروا ئەرتون-یش گوندێکە لای نەهلێی ئاکرێ..

اردنا× اندره(رب النوع) یان **winter**-ئەنتەر/عەنتەر واتە جێگـەی ئـان دۆرە-ڕەتبوونـەوەی سال لە وەرزی ئاو/زستاندا-

-شمس/شمص: لە عـەرەبی کۆنـدا(شمـس) نـاوی شـرق بـووە، هـەروەکو(شـرق)یـش نـاوی ڕۆژ بووە، شەمس ناوێکی کۆنی خۆرە و بە زمـانی خـوری(شمکـا) بـووە، لـە سـەردەمە کۆنەکانـدا شمـس ڕەمـزی نیـو(نصـف) بـووە بەرامبـەر بـە ڕەمـزی تـەواوی کـە (ئـەیا)بـووە یـان(ئـەیا) بەرامبەر تیوم-دەهوم یان دووەم بـووە، بۆیـە شمـس بووەتـە خمـس نیـوەی دەهـوم کـە هـەر نیـوێکیش کۆتاییێـك بـووە، بۆیـە ئێمـەی کـورد ئـەو(شمکـا)یـەی خـوری بـۆ(نعـل) و پـێلاو و تائیستایش بەکاری دێنین (شمك) کە جێگەی شمك کۆتای و دوایی جەستەیە یان ئێمـە ئـەو زاراوەیـە بـۆ کۆتـایی بـە کـاری دێـنین- وەك(شـامگاە=ئێـوارە) هـەروەها وەك چـۆن سـۆل و سۆلك(پێلاو)یش هەر لەو سور و سەرە هاتووە، هەروەها ئێمە وشـەی شەمسـی بـۆ ئـەو نانـە بەکار دێنینین کە شێوەی تەنك ورەق بێت-زوو دەشکێت- دەلێن نانەکە شەمسـی بـووە، یـان ئەم ناوە لە هزری کۆن وەرگیراوە کە ڕۆژ یا شەمس/شمکا کە لـە سـەر ئاوابونـا بێـت شـێوەی ڕەقـە ودەشـکێت و ورد(ئـارد) دەبێـت و دەچـێتە نـاو ئـاوی دەریـا، هـەر بۆیـەش پـەیڤی عـەرەبیش قـرب(خـوراب)کـە خـۆر نزیکـی ئـەرد و ئـاو دەبێـت، ئێمـەی کـورد(قرپـۆك) بـە شتێکی دەلێین کە ئاسان بێت بۆ شکاندن وەکو قرب-قرپ/قرپۆك.

- رەقس (رقص): لە(ڕوخ+س) هاتووە-رەخس(دوو ڕوخ/ڕەخ)

گوتمان لە ڕوخ/ڕەخ-ڕەق، ڕۆژ(رأس) ڕەق دەبێت..ڕەقس لە دوو ڕەخ-ئەم لاوئەولا پێکرن هاتووە، کە ڕۆژ لە سەر ئاوابووندا بێت شێوەی وەك لەرزینەوە وایە، ئاوەژوکردنی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**رەخس×سخر-صخر کە بەردە، بەردیش نیشانەی بەرزی و رەقییە- وشەی صقر-(زقورە)یش لە کەڤر (صخر-شکێر) سازدەکران-جێگەی پەرستنی خواوەندەکان-کە وشەکان دوو لای دراوێکن(رقص×صقر<صخر، زقر/زقورە) واتە زاراوەکان ئیشتیقاقی یەکترن(1)، کە وەك مێژوویش دەلێت(رقص)دۆخێکی دینی ئەو پەرستنە بووە..تا ئیستایش لە ناو کوردەواریدا داوەت وگۆڤەندی دێوانەتی هەیە کە ئەوش جۆرە پەرستنێکە بۆ شێخ ومشایخ.. روخسەت (رخصە)-یش شێوەیێکی چوون و لاچوون و وەخەر(اخر)کردنە..**

**زکر-شکر-زکری خوایش هەر لەو بابەتە وەرگیراوە، لە زمانی میسریش مزاکرە واتەی خۆندن دەدات، بڕوانە پەیڤی(شغل)یش.**

**-نـاموس: واتـە شـەریعەت لـە تەوراتـدا ئـەوها هـاتووە، کـە ئـەو زاراوەیـش بـۆ مەبەسـتی جنێویش بە کاردێت بێ ناموس =بێ شەریعەت.**

**-بعـل:لـە بـەر هـاتووە(بـەر×رەب) یـان رب=بعـل وەك لـە عـەرەبی بـەو ڕامانـە هـاتووە (لەسەرچـاوەی تـر-بیـل-هـەروەها لـە بابلیشـدا-بیـل-هـاتووە)کـە عەرەبـەکان تیپـی(ع)یـان ئیناوەتە نێو وشەکە..**

**-برا: برا، هەروەها(بال)یش هەر برایە، لە کوردی-سۆز و میهر زیاتر لە بال دایە وەك لە بـرا(ئـەم نـاوە سـیفەتی دوانەییشـی تێدایـە)، لـە E یشـدا pal-brather هەیـە هـەروەها (bro=سوخمەی مەمك-سیفەتی دواەیی)، لە عەرەبیدا شقیق واتە برا، بڕ/بڕین واتـە بـوون بەچەند کەرتێك.**

**-عـادە(نـەریت): لـە دەرکـەوتنی سـیفەتی ڕۆژانـەی خـۆر(ئـەتو) هـەر بـەیانییێك، ئـەم زاراوە وەرگیراوە،**

---

**1-بە پێی بەلگە مێژوویـەکان خـەلکی سـۆمەر لـە ژوروی مێزوپوتامیـا چوونەتە ئـەوێ و نێشـتەجێبوونە ،بۆیە ئەو گەلە دەکرێ دینەکەیشی هەر لە وێ هێنابێت-ڕۆژ پەرسـت- وشـەکانی سـگرتیا/سـگورتیا/زاگـرۆس یش نزیکن لە زەکورە-زەقورە(جێگەی صخر).**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دواتر ad(زیاد)-عاد(هاتنەوە )-هات-عطاء..(1)

هەر لەو سیفەتە وەرگیراون، لە سۆمەریدا(اوتو)ناوی ڕۆژ و تاو بووە..

لەزمانی Eیشدا دەلێن(Where its at)یان شتێکی باو و عادەتە، ناوی عاد(شێخ ئاد و شێخ سەن)(2)کە بەرجەستەکردنی ڕەمزەکانی ڕۆژن لە لای کوردی ئێزدی کە تائیستایش ئەوانە بەیانیان و ئێواران نوێژ یا پارانەوەییێك بۆ ڕۆژ دەکەن..

وشەییێکی تر هەیە بە تایبەت سورچییەکان بەکاردێنن ئەوش(هەیدی) واتە دەرکردن و بەرەلاکردن، دەلێن ژنەکەی هەیدی کرد واتە بە خێوی نەکرد یان بەرەلای کرد.

- سرب<سلب،صلب واتە بەزرە(ون) بوون وکوژرانی ڕۆژ، برز/ برس×سرب<خرب/غرب.

- فاتحە:ئەم زاراوەیە مانای سەرەتا وکۆتایی بە خۆیەوە هەلدەگرێت وەکو زاراوەی foot فوت، لە کوردی فت(تەواوی)وفت(کۆم) لە ئارادان..

فت/فوت×توف/دەف(دەم)<دفع=تێف، کورد دەلێت تێفێکی نوێ واتە وەجبە یان دەفعەییێکی نوێ.. ئەم فوت-ە لە کۆتایی شەو دێت لە بازنەی چەرخ و فەلەکا،کە کۆتاییش بوو، سەرلەنوێ دەسپێکێکی نوێی دوبا(دوو)-topیە.. بۆیە جێگەی دەسپێکردنەوە (فاتحة)یە.. لە قورئانیشدا فاتحە سورەتی سەر و بنی کتێبەکەیە.

-کافر: لە وەرکا-اورك خوارووی ئیراق، گبەر/کبەر-giber (الە النار) بووە یان کابر-کافر-گاور لە سیفەتی ئاگر پەرستن هاتووە، هەروەها کبیر هەر لەوێ هاتووە بە بۆنەی سیفەتی گەورەیی پیرۆزی ئاگرەوە (گڕ<گەور) کە لەکوردیدا گر<گەور<(کبیر)-جبارە/گبارە لە ئاشوریدا..کوبار(جوان)-کەبار(برگەی پاش بانگەکان)-کافر(بەرخی گەورە)..چەند سیفەتێکی ترن.

---

1-لە Eدا At that واتە In addtion-also-too بەرامبەر ئەویش یان زێدەبار.

2-ناوەکانی گەردوون هەروەها ناوەکانی ڕۆژیش هەمیشە لە پیاوچاك و پێخەمبەران بەرجەستەکراون.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-برسابا-برس/بیرس=نمرود=کلخو=سالح..(1): هەموویان ناوی شارێکن لە سەردەمە جیاجیاکاندا، برسو لە بابلیدا بەمانای-دەوران الفلك- هاتووە..یان هەموویان رەمزی سەر و بەرزی(سەر/سەرا>قەلا)و سورانەوەن..برسو-فرضو-واتە فەرق کردنی (فرسو-فرقو) چەرخی خۆر..کە لە ئاو(برشنو/بەرشو)ی کوردی ئەو کارە دەبێت واتە نەمرود=برشو/ئاو-لێواری ئاو وەکو نەمرودیش نزیکی ئاو و شەتی دجلەیە، نمرود(نامو+رەد).. لە زرادشتیدا رۆژ بۆ پێنج فەرز(فارزە)-فرض دابەش دەکرا،کە بوسلمانێتی ئەو(فرض)یان لەوێ وەرگرتووە..لە ئەسڵی چوونی خۆر(خواوەند)بۆ ناو مەد و دەریا هەروەکو تعمید(خۆنقۆمکردن بە مەبەستی دین وەرگرتن) لە وشەی (مەد>محیط-ماء)هاتوە چۆن مەد واتەی ئاوە.

- فام>فهم: یان ئەو کەسەی شت دەزانێت بە دەربڕینی قسە بەدەم، بە(فم)کە زیاتر ماناکەی لەمەوەوە وەرگیراوە، کورد دەڵێت ئەو پیاوە بە دەو و زمانە واتە زانایە بەرامبەر بە بێ فام/بێ فەم(دەم)=نەزان وەکو ئەوەی پێی دەڵێن بە ماریفەتە کە ماریفەت بە واتەی ئاخفتن هاتووە-پیر ماریفەت-لە زرادشتیدا بە مانای پیری ئاخاوتن چۆن مرۆڤ >>مارف>ماریفەت (معرفە) بەواتەی ئەو گیانەوەرەی زمان بەکاردێنێت بۆ قسەکردن لە ئاڤستادا.

- عدو/ئەدو-دێو: ئەم پەیڤە لە ناوی تاریکی کە خواوەندی بەرایی بووە(سد-خود) هاتووە=دو-دووەم-تەم و تەمام کە سەردەمی تاك و یەکتاپەرستی بە سەر(شرك)دا

---

1-ئەسڵی ناوی نمرود لە (نامو+رد) جێگەی رەتبونەوەی خواوەند کە جێگەکەی لە ئاسمانی شەو (مەد تاری) یە بەواتەی ئاووبەرزایی ، بویە ناوی نەمرود هەمیشە لە جێگەی نزیکی ئاو نراوە، هەروەها نەمرود لە باکور-لە سەردەمی هیلینیشدا(انسیدۆس) بۆ ئەوەی هاوبەشی شەرەفی خواوەندەکان بکات چەند پەیکەری خواوەندەکانی دروستکردن وەکو زیوس لەسەر لوتکە چیای نەمرود، گورەکەیشی هەر لەوێیە واتە گۆری(ئەنسیدۆس)، بەرز(برس)بووەتە بورگ **burg** واتە قەلات وبورج.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زالدەبێت، نەدەکرا دوو خوا هەبن، بۆیە ناوی خوای بەرایی(ادو/دو)بوو بە(عدو)، لە کوردیدا دێو-دێوانە لە ئەسڵی ناوی خواوەند تا ئیستا ماون..

لە**E**دا**devon** ئیستایش ڕەمزی خواوەندە بەلاّم نەبوەتە ڕەمزی دوژمن.

- ئەریدو(ابوشهرین):کە ئەمەی دوایی ناوێکی تری(ئەریدۆ)یە، ئیستا یان ناوی ئەبوشەهرەین لە بەر ئەوەی وەرگرتووە کە تەرجمەی حەرفی ناوی پێشترە، (اریدو) یانی (ئەرد+دوو) لە داستانی گلگامش ناوەکە لەو بۆچوونە هاتووە چۆن ئەوان روی ئەردیان تەنها بە دووسەر دەزانی و ئاگاداری بازنەیی وخڕی ئەرد نەبوون ..تا ئیستایش کورد دەلێت(دنیا لەسەر پشتی گا و ماسی یە).

- خوای تعالی: لە ئەسڵی سیفەتی دەورکەرەوەو تور/تار>>تعالا(تعالی) وەرگیراوە، ئەو تاریکیەی سیفەتی بەرزیشی تێدا بووە-تعال(وەرە)ی عەرەبی لە (تور/در) گەشەی کردووە.

- حیاە:لە وشەی ti×it کە ئەمەی دوایی وەك گرامەر دەلێت رامانی(ضلع وحیاة)دەدات، وشەی تی-ti ئیستاش هەر بەو واتا کۆنەکەی ماوە لە زمانی کوردی یانی لا/ڕەخ ، لە ئەسڵی جێگەی خۆر دەگاتە ئەرد و ئاو.

- خلس وخلاس: لە خورس(کۆتایی خۆر و ڕۆژ)-**close**ی-**E**یش هەر خۆیەتی.

- دجلە-**Tigra**(دوسەر): ئەم ناوە لە سەردەمی میدی بۆ ئەو ڕوبارە ناونراوە وەك سترابو لە جوگرافیای یونانیدا باس لێوە دەکات چۆن لای سەرووی ئەم روبارە دوو تایە-دووسەرە<دوجلە(دقل)-(زاراوەی دوو لەبەرایيدا مانای دەه یشی دەدا)چۆن دجلە زۆر لق و ئاورێژی هەن و دەرژێنە ناوی..

دەکرێ فراتووم **Fratum**یش لەوشەی پەهلەوی بەمانای یەکەم هاتبێت مادەمەکی دوجلە ناوی دووەم دەبەخشێت، فراتوم-فرات-فرد(عەربی).

- مائە-مئە-میە-مێ-ما-مەد-ماتە(سەت بە عبری):

مەد لە ئاڤستادا(ئاڤ/ئاو) بووە وەکو سەت<شەت(ئاو)، سەد/سەتوم-جێگەی ژمارەیێکی زۆر ئەستێرە-(جێگەی لە دایك بوونەوەی خۆر)-بنێرە(تعمید بالماء).

یان گشت ئەو ناوانە ناوی جێگەی دۆرکردنەوەی ڕۆژن لە دەریا(دور<دەریا) کە لە دەریا جێگەی تەواوی و بوونەوەی ڕۆژە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-نیڤرۆ×ورڤنه/اورڤنو(هور+بن/فن): خۆری نیوەرۆ، ناوێکی خودا لە ئاڤستا..(1)

پێشتریش باسی ناوی خوا و ئاسمان(ئانو)مان کرد کە بووەتە هەینی و ئاین.

- ای دبا(بیت الالواح)یان جێگە یان ئەیوانی دەقەکان بە سۆمەری(ئای=بیت)(2)، (دبا=دەپە).. دەکرێت(حی)ی عەرەبی واتە گەرەك لەوەوە هاتبێت کە گەرەك هەمان واتەی کۆی(بیت) دەدات، هەروەها ئەیوانی کوردی، (بیت)یش لە توخمی(آباد/ئاڤا)یە-سەردەمی دایکسالاری، کە ئەمیش هەر مانای گەرەك و مال دەبەخشێت واتە حی=ێباد یان حی=ئاڤا ،حەوا-Eve ،حی السکر: شەکراوا،حی النور: نوراوا.

- تعزیە-تازی: وشەی تاوس سەرچاوەیەتی کە ناوێکی ڕۆژبووە(گریان لەسەر تاوس یان تموس) لە چلەی هاویندا-لوتکەی ڕۆژ- کە ڕۆژ دەتەیسێت، ئەم کردارە لە ولاتی میزوپوتامیا بە مردنی خۆر یان سوڕانەوەی بەرەو زستان(مردن)یان دائەنا، بۆیە لەسەری دەگریان-لە زرادەشتیش ئەو کاتە فەرزێکی(فرق)ڕۆژبووە، (تەمییز)یش بە واتەی جیاکردنەوە، تەمیزیش واتە پاك هەر لەوێ هاتوون.

- ناڤ-name-نام لە سۆمەری..اسم(سماء)لە نێوگەلانی سامیتیکدا، لە کوردیدا وشەی سەمالی/سەمال واتە ڕەنگی شین وئاسمانی بێ ئەور هەر لە(سەما+ئال) هاتووە.

پەیڤەکانی اسم-شمە بەرامبەر بە ناو-نام-nameی ئاریایی دێن، لە ئەسلدا ناوەکانی ئاسمان بونە یان جێگەی لێوەرگرتنی تێرم وناوەکان(جێگەی ئەستێرەکان)-فێسی تری ڤاژی بوونی ڕۆژ..

گەلانی هندوئەوروپی ناڤ-nevy(دەریای ئەستێرەکان)یان هەلبژاردووە کە نیم-نیویش (نیوەی تری ڕۆژ) هەر لەو بۆچوونەوە هاتوون و لە توخمی یەکترن، نم- لە سۆمەریشدا بەواتەی ئاو هاتووە..

---

1-لام وایە وشەی عیرفانی واتە سروودی دینی لەو (هورفەنە) هاتووە.

2-ئای واتە(بیت)کە بیت لە ئاباد/حیبات=حەوا هاتووە، بۆیە ئای –یش هەر دەبێت لە ئەسلدا ناوی ژن بێ، ئیستا لە هەندێ دەڤەری کوردستان وەکو کۆیە ئەیا ناسناوی ئاڤرەت و ژنانە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

اسم/سم<حكم (فرمان)= هود به زاری كوردی لۆڕی، بەرامبەر كرات(حكم).

- ئابس: له ئاڤستا كۆی ئاو بووه، لـه كوردی ئیستا ئـاڤس هـەر لـەو هـاتووه-لـه سۆمەریشدا (ئەبسو) بەواتـەی ئـاوی بـەرایی هـاتووه بـاوك، تیامـە-یـش دایـك بـووه دواتـر لـه بابلیـدا (ئەبسو<ئـەبقو)، دەكرێت(بكی/بكاء)یش لـەو ئەبسو/ئـەبقو وه هاتبێت واتـه ئـاوی چاو-ڕوندك و فرمێسك.

- هلـك-هـلاك<ارك<ارس(ارص/ئـەرز)، كـه ئـەرد و خـاك جێگـەی مـردن بـووه بۆیـه ئـەو ناوی(هلك)یشی بەخشیوه، له كتێبی(مدن العراق القدیمه-دروثی مكای)یش هەردووو نـاو بـه یەك مانا هاتوون (علم الهلك:علم الارض)، بەهیلاك چونیش واته به ئەرزداچون.

-جو-جهی-جولەكه-Jews: هەموو ئەم وشانەی بەیەك مانـا دێـن لەئەسـڵی نـاوی خواوەنـدی ئەو گەله هاتوون ئەویش یاهو(یهود)-یاهود<<یاهو، دواتـر یـاهو<یـەهو<ژهـو-جـو هـەروەك چۆن **yovan**ی ئاڤستایی بووەته جوان یان یوحنا ئەبێته جۆن..

ئەم خواوندەش كه تائیستا میسریەكان بـه كـاری دێـنن و دەڵـێن(یاعـالم یـاهو) خواوەنـدی جولەكەكان بەسەر ئەو گەله سەپێنراوه و چووەته ناویـان هـەروەك لای كـوردەواری خۆمـان ئێزدیەكان به ناوی(یەزد-یەزی)-یەزدانی خواوەند ناونـراون-یەزاتا-ی مێدی..

پێشتریش باسی(آسور)مانكرد خواوەندی ئاشوریەكان بووه-گـەلی ئەوسـەر-دەكـرێ خواوەنـدی جویش هەروەك خواوەندی(اسور) له ناوی جێگەی خۆیان وەرگیرابێت.

- قورئان: واته قانون(ئیستاش كوردەكانی باكور هـەردووو ناوەكـه پێكـەوه دێـنن، دەڵـێن ڤـێ قورئان و قانونێ..ڤان<ڤار(سن-سر)(سن-ڤن) گۆرینی تیپ.

- قانون-ڤان وڤن<خن<خـون..یـان هـەر شـتێ لای سـەردەمه كۆنەكانـدا ئەگـەر بیانویسـتایه ببێ به قـانون ئەبوایـه بنوسـرابایه تـاكو بڕوایـان پێكردبایـه-توثیـق-ثقـه-واتـه نووسـین بـه بـاوەڕی گرێـدراوه..كـه شـتێكی بەلگـه نەویسـته كـه(خـۆر) بەخواوەنـدێكی سـەرەكی بـووه لەسەردەمه كۆنەكانی ئەم ناوچەیه و بەگشتیش دەپەرێسـترا..(الشمس الـة العـدل والشـریعة عند حمورابی) واته خـۆر(خـر-ڤـر) یـاخود خواوەنـد ژێـدەری هـەموو قانونێـك بـووه و بـەو پێیه كه ئەو خۆر(سر-خر-ڤر-هر) خواوەندی سـەرەكی گـەلانی كـۆن بـووه و ئـەو ناوانـەیش هەموویان ناوی خۆرن له لای گەلانی جیاجیا..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کەواتە (قر-قرأ-أقرأ) لە ناوی خۆر وەرگیراوە..(1)دەشکرێت ناوەکە لە ناوی قوڕ(مادەی نووسین) وەرگیرابێت (2)

-شخر(شخیر) واتە دەنگ دەرکردن: ئەم پەیڤە پێوەندی لەگەڵ (شغل)و(زکر)یشەوە هەیە، لە سەردەمی سومەریدا زەقورە واتە جێگەی پەرستن کە ئەو جێگەیە لە کەڤر(صخر) دروست دەکران و صەخر-یش لە کێوەکانی(زاگرۆس) دەهێنران(3)، کە جگە لە پەرستکاری جێگەی فێربوونی زمانیش بووە (دین-دوان و دواندن) ، تا ئیستایش کوردی ڕەسەنی باکور کە دەلێن شوخلی/شوغلی واتە ئاخڤی دواتر بووە بە ناوی کریاریش هەروەها وشەکە (شغل) لە شێوەی شغر/شخر(سوخرە)ی کوردییە-ئیشپێکرن لە پەرستگاکاندا، پێشتریش باسی پێوەندی نیوان دین وئاخافتن ورەقسمان کرد، تا ئیستایش رێ ورەسمێکی شێخ پەرستن(دێوانەتی=دینداری) لە ناوخێلی سورچییە کۆنەکاندا ماوە کە بە رەقس ئەنجام دەدرێت، ئەوان زمانێکی تایبەت بە خۆیانەوە هەیە پێی دەلێن (لۆقەت)کە لەگەڵ سەماییێکی تایبەت دەیلێنەوە، دیارە زکری خوا ومزاکرە(خوندن)لە ناو میسرییەکاندا هەر لەوەوە وەرگیراوەن..صقریش لە سیفەتی بەرزی وەکو سیفەتی بەرزی (زقورە/زاکورتا/زاکرۆس)وەرگیراوە.بۆیە هەموو ئە وشانە ئەگەرچی شێوەی جۆراوجۆریان هەیە بەلام لە یەك جێگا سەرچاوەیان گرتووە.

- سرب-کرب-خرب: خلاس بوون، لە عارەبیدا(ضرب الاجل)لە سرب الاجل کۆتایی سەر..ئەجەل و عەجەلی کوردیش مردنە.

- لوتکە (رەتکە) کاتێ گەیشتن بە لوتکە و ڕەتبوونەوە.

---

1-صلصال یش ناوی قوڕی سوورە (سرسار<صلصال) لە عەرەبیدا

2- هەری/هوری یش ناوی قورە لە بادیناندا.

3-شایانی باسە قیبلەی زەقورەکان روویان لە باکوری خۆرهەلأت بووە واتە کوردستانی ئیستا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانە هیشتا هەر ئەو خواوەندانەیان ئەپەرستن کە خواوەندی زاکرۆسیەکان بوون، واتە پەیوەندی زمانەوانی و دینی و کلتوری هێشتا مابوون.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-نویٚ-نوه-نوبا(نبأ)-نبی-نۆ(تەواوی)-نوچە-news

نبا×ابن/بن=کورنو-واتە سەری نویٚ..هەر هەموویان سیفەتەکانی یەك جیٚگەن.

- دەس-دز:کە ڕۆژ دەتەیسیٚت تەمام دەبیٚت(دەس=دەه=تەمام) بە پیٚی فەلسەفەی چەرخ و فەلەکی گەردوون، خۆر هەلدیٚت(1) هەموو ئەستیٚرە دەکوژریٚن واتە شەو دەکوژیٚت(دس لە ئاوەژووکردنی سد هاتوە)..شەو دەکوژریٚت بۆیە ناوی تاوس و تیژ هەروەها(دهس)-پیٚ لیٚنان لەو وشەیەوە هاتوون..وەهایش وشەی(دهش/مندهش) لیٚی وەرگیراون چۆن سیفەتی سەیر و سەرسورمانن..

دیسان وشەی Eیش killلە کەرکردن(کرتکردن)یان لەئەسڵی سر(کر<کلٚ) وەرگیراوە کە سڕ لە کوردیدا ئیستایش سیفەتی نیمچە مردنە لە ئەسڵی سیفەتی مردنی لایەنیٚکی ڕۆژ..

mourderیش لە مور+در هاتووە وەکو پەیقی کوردی مر و مردار و مردن هەر بەو شیٚوەیە دروستکراون..(موروسور) یش ڕەنگی ئاسۆی ڕۆژاوان و دواتر بونە(امور-اسور).

- عەنز:لە (ا+نس) هاتووە یان برگەی(ئا)ی ئیسبات لە گەل لایەنی ڕەشی ڕۆژ نس(نس×سەن).

- تاری-تاریك-dark=طارق

- قطار-قەتار:لە شیٚوەی ڕیٚزبوونی ئەستیٚرە(ستا-قتار)، وشەکە لەو سیفەتە هاتووە، تەیری قەتاریش ئەو قولنگانەی لە ئاسماندا ڕیٚزو ڕیٚچکە دەگرن.

- ذرب=ترب/سرب/شرب یان کۆتایی و ڕۆژاوا-جیٚگەی لیٚکدانی ڕۆژ بە ئاو و ئەردا درب-ضرب، لە Eیشدا بووەتەthrob کوتان و لیٚدان، چۆن جیٚگەکەیش کۆتاییە-خۆراوا- بۆیە ترب لە کوردی بۆ جیٚگەی مردن بە کارهاتووە (قبر)..×pulse eslup- سرب/سلب/سلپ (نبض و ولیٚدان)، کە ضرب ونبض یەك شتن.

-سرب-خرب<قەلب بە بۆچوونی وەرگەرانی ڕۆژ و وردوخاشبوونی کە سیفەتیٚکی خرابوونە، بۆیە قەلب لە کوردی هەر بەو سیفەتە هاتووە (قەلٚپ=خراب)..

---

1- هەلدیٚت و هەلاتن واتە رەڤین(هەل-رەڤ-بەز) کە ئەم سیٚ پەیڤە جیٚگەی خۆرهەلاٚت دەگرن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەر ئەو جێگەیەش بە جێگەی دەورکردنەوەیش دانراوە(در) کە ئەو در-دور-ه، بووە بە(دل) هەمان واتەی (قلب)ی فارسی و عەرەبی..غلب و غالب و غلبەیش هەر لەو جێگەیە و لەو پەیڤە وەرگیراوە کە ئەو(غلب)یش لە گەل واتەی (زۆر<<سور و سەر) یەك دەگرنەوە.

- هەیڤ-هیوا: منی وmoon و مانگ(لە سەردەمە کۆنەکاندا هەیڤ بە رەمزی شەو —مێ و خۆر بە ڕەمزی ڕۆژ-نێر دائەنرا)، هەیڤ لە ئاڤ هاتیە چۆن ئاسمانی شەو بە تەڕی و دەریا زانراوە، پەیڤەکانیتر پەیوەستن بە سیفەتی تەواوی و زێدەبوون لە مێیینەدا.

- زۆزان: جێگەی زاوزێ(زوز=ساز)-لە بەرزایی وتەواوی وتاریکی خۆر دەزێتەوە، (ن)ی کۆتاییش ئامرازی ناو سازکردنە، لە ئاڤستاش زۆزان بە جێگەی زاوزێ هاتووە.

- جیهان یان چوارلا(جهار-جهان).

- عصر(ئیوارە) لە ئەسر و سووری ئێوارە هاتووە(ئاثرهی لە ئاڤستا)بە زمانی ئاسوریش(آثرتە)، ئیوار/ئیوارە و(over)ی ئینگلیزیش تەواوی وخلاسبوونە کە لە دوای تەواویش نوێ بوونەوە هەیە، بۆیە over<اول- لە یەك جێگا هەڵدەکەون.

- ئار-ئاری<ئال-عال، ئاری و علی) لە توخمی یەکترن.. دەکرێت هەر لەبەر ئەوەش بێت ئێرانییەکان شیعەی(علی) بن بە تایبەت کە سیفەتی تەجسیدی خواوەندایەتیان خستۆتە پال(علی بن ابی تالب)-زۆربەی کرداری ناو بوسولمانێتی بەر لە ئیسلامیش هەبوونە وەکو(لیلة القدر) و(زیارەتی مەکە) و هەر قەبیلەیەکیش(کعبة)یەکیان هەبووە، دواتر کەعبەی قورەیش زالبوو بە سەر کەعبەی قەبیلەکانیتر..

دیسان ئار<ئەور/هەور، لە سیفەتی سپییاتی ئەور هاتووە، هەر وەکو ئارۆ واتە خەزنەی زۆر سپی.

- شنید و شەنی و سەنو: سیفەتی گوێداری لە کوردی هەورامی و فارسی و هندیدا..

ناثە=گوێ لە ئاشوریدا، لە عەرەبیدا(اذن)پێچەوانەی (نە ثە)-(أذن×نثە)

-نمل:لە سیفەتی زۆری وەرگیراوە، رمل<نمل(ر=ن) چووە.

- تیپ-type لە دوبا هاتوە، دەم-دەڤ-دبستان..tap یش واتە دەمی زەمبەلە، هەروەکو(ألیف)یان alfa لە ئەلفباتیکدا لە ناوی لێڤ-ی گریکی وکوردی وەرگیراوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- تەر: هاوتوخمی تاری و تەم-سیفەتی شێداری و ئاوداری-

بە پێچەوانەی ڕووناکی(رد-لایت)-سیفەتی ووشکایەتی..بەراستی هەر ناوێکی لە نیوەی ژێرەوەی گەردوون وەرگیرابێت،گشتیان سیفەتی تاریکی وتەرایێتی و ئاویان تێدایە وەکو: med-ماء-مێ، سد-سود-شەت-شتاو-شبات.

- داس/داسوك-داسی: لە ئاوەژووکردنی پەیڤی سد×دس ورگیراون(سیفەتی نوێبوونەوە)، دەلێن مانگ وەك داسوکە(هلال)..(1)

یان سیفەتی(داس) لە سیفەتی دەرکەوتنەوەی مانگی تێدایە، ئەو(دس)یش بەرەو توق/تیخ/تاك چووە، (دوکو)یش شەرقە بە تورکی.

-بیت/با/آباد(بیت×تیب) تیب/دیب/دبا/دڤا واتە دوو، بیت بە عارەبی و(با) بە ئاشوری وآباد وئاڤا بەکوردی، ئاباد لە ئەسڵی ئەیاباد/بود واتە جێگەی مێیینە و ئەفراندن.

- بەربەری: ئاگر پەرست pyre/بروسی ڕامانی ئاگریان تێدایە لە زمانی ئینگلیزی وکوردیدا.

- mute(بێ دەنگ)، مات(مردن)، مات/مت(بێ دەنگ).

- عباوە-عبأ(پربوون)چۆن لەو جێگەیە ڕۆژ پر دەبێ..لە بەرایی ڕەشی ڕەمزی تەواوبوون بووە دواتر جێگەکە خرایە ڕۆژهەلات، دەکرێت ناوەکەیش لە(ئەبا/ئەڤا=دایك وخاوەن)وە هاتبێت.

- دەمانجە: تمانجە و تفەنگ یەك توخمن و تەنها تیپەکانی م<ف، ك<ج چوونە..

لە نینەوا گەروودەمانجە هەیە کە کوردان ئەم ناوەیان لەسەر داناوە کە دەکەوێتە ناوچەی دیواری ئەتشانە(عەتشانە)-دەروازەی ئەدد-بەواتەی جێگەی شەڕ(سەر/اسر).

پەیڤی دەمانجە و تفەنگ لە ئەسڵی دووبنس ودووفنس هاتووە واتە دوو هەروەها کۆتایی

---

1- دەکرێت داوس/تاوس لە بری(هلال) عارەبی لە کوردیدا بە کاربرێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

و سەر(بنس-بن+س)، (فنس-فن+س)..بن و فن واتە کۆتـایی**finish**ی **E** یـان وەکـو (دفـن)ی کوردی واتە لوت وکەپو کە دووکونی تیایە بۆیە پێی دەلێن دفن..(1)

شەڕ و سەریش لەگەڵ(اسور واشور) یەکتر دەگرنەوە، لە کۆنەوە دەیـانگۆت وەك لـە تـەورات هاتووە-ئاسۆریەکان زۆر حەزیان لە شەر و ڕەنگی سووریان دەکرد چۆن بـە پێـی فەلسـەفەی زرادشـتی ناوەکانیـان ئـەو ڕامانـە ئـەدات و هـەر بـە پێـی ئـەو فەلسـەفەیە ئەبوایـە نـاو و سیفەتی یەکتریان بگرتایە.

دووەمـــۆر-یـــش لـــە کـــوردی هـــەر شـــەڕخواز مانـــا ئـــەدات، تمســـەری کـــوردی، تمسەر<تمخارا=خواوەندی شەڕی بابلی کە ئەسڵی ئەم ناوانـە لـە بەیـەك گەیشـتنی ڕوونـاکی وتاریکی لە ئاسۆ و سەر، وەرگیراون.

- سید:لە پیرۆزی ناوی سود(خود) هاتووە کـە نـاوێکی ئاسمـانی شـەوە-جێگـەی خواوەنـدەکان کـە لـە ئاڤسـتایش هـەر خـودێ ئـەو ناوەیـە(ئـاڤ سـودە/ئـاڤ سـەتە)، وەکـو کتێبـی پـیرۆزی (ڤولستا)ی مانائیەکان بە واتەی ڤەولی خودا.

- ئـار(سـپی کـوردی): لـە ئاڤسـتا-ئـار-بـە مانـای پـاك و سەربەسـت هـاتووە یـان کـاتیٚ ڕۆژ دەردەکەوێتەوە و لە تاریکی رزگار و سەربەست..تا ئیستاش لە کوردی هاوچـەرخ (هـوڕ) بـە مانای بێ گونەه و پاك دێت(بـریٔ) جگـە لـەوەیش سـیفەتی هوردبـوون(سـپی بـوون) کـە لـە ئار/ئارد دایە.

- عینکاوە: لە سەردەمی ساسانی(أنك آباد)بووە..بەو پێوانەیەش نینەوا(نین ئاباد)ە.

-سـبع-سـب وشـب(تـەواوی)..(شـبعان)ی عـەرەبی واتـە تێـر **full** دێـت، ئەسـڵی وشـەکە لـە سیفەتی دەورکردنەوەی ڕۆژ(دور/در<تێر) هاتووە.

-شریان:لە (سور/شور)لە واتەی چوون هاتووە.

ساق×قاس(قاچ)، ساق-یش لە شەق×قەس/قاش..

-وەرید:لە هێنانەوەی(ئاورد) و ڕەتبوونەوە وەرگیراوە.

---

1- دفن لە (انف) نەهاتووە، لە دوو فن/کۆتایی، هاتووە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-بی/با: واته دوو=پێ-**bi** (دوو) وەکو ألفا-بیتا(تیپی دووەم)، هەروا بایسکل(با+سکل).

- خوردە: هورتەك لە ئاڤستا واتە ئاڤستای بچوك یان هور-ورد لە بۆچوونی كە ڕۆژئاوا دەبێت هورددەبێتەوە یان دەبێتە سەد(سد) پارچە یان(هێرە) واتە هەزار-ئەسەر وسەر..یان زیلیۆن، هەر چۆن ئەم وشانەش لە هەمان فەلسەفە دروست كراون:

سرب-خرب-غروب،**group**-گروە..پەیڤی خرد دواتر سیفەتی (خلت)یشی داوە.

- غراب:لە سیفەتی ڕەشی وەرگیراوە غروب<غراب، پێشتریش باسی (قرب)مان كرد-سیفەتی نزیك بونەوەی ڕۆژ و خۆر لە ئەرد و ئاو كە ڕەنگی سوور دەبێت-قوربان.

- **turn**:دەوران كە تاریكی خۆر ڕەت دەبێتەوە.

- **pop-baby-babe** دەركەوتنی هەر شتێك لە دەمێكی بچوكەوە و هاتنەدەری وەك هاتنە دەری ڕۆژ لە بەیانیاندا و بەرزبونەوەی، **popeوbobe** واتە بەرزایی و چیا لەزمانی خوریدا بەرامبەر كوركور بە واتەی چیا لە سۆمەریدا..باباكوركور واتە بەرزایی و چیا لەلای كەركوك.

- شالە شین: سەرەسەن یان سەرەی سین..چێلە شین-جێگەی هەرە بەرزی كوێستانی كوردستانی باشور..چێلە سەریش لوتكە چیاییێكی هەرە بەرزە لە دەڤەری سورچیان.

فراشین-جێگەی سارد و هەرەبەرز لە ئەسڵی سوڕانەوەی فر/سەن(سەن-سوین-شین)

- فینیقی: ئەوگەلەی لەسەر لێواری دەریای ناوەراست دەژیان واتە ڕۆژهەلاتی ئەو دەریایە كە بە نسبەت كوردان كوتایی بووە، بۆیە ناوەكەیان لە فینس هاتووە **finish**-بنس (بن+س) كۆی فن و بن..

لە زمانی**E**دا بێجگە لە **fence-finish** (سیاج)یش هەیە كەواتەی سنوور و كۆتایی تیایە و(بانیاس)یش لە كۆی بن وەرگیراوە-بنس-

ئەگەر دوورتر بچین ناوەكانی صور/تیرا-صیدا-ترابلس/تریپولی لە:

سور(سوری خۆراوا)-سەد(تەواوی)-دربر(بر:برانەوە)، كە هەر هەموو ئەو پەیڤانە كوردین تەنیا لێڤس كردنیان گۆڕاوە.

- تیل-تلی-پل: لە در و پر، ئەو پەیڤانە گەشەیان كردووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وەکو **finger** واتە (فن+گەر<سەر)، **tou**یش لە **E**دا ئەویش لە ڕەمزی کۆتایی هەرەکۆنی کوردی وەرگیراوە کە(دو-دەھ) پەنجەی دوو پێ، دەکەن(دەھ).

- أزل-ئەسەر(سەر).دوایی بووەتە (اجل).

- چل(سەر) سیفەتی وندابوونی ڕۆژی تیایە کاتێ دەگاتە سوورایی، (سور) بووەتە(صمیر)واتە خۆراوا کە سووریش لەگەڵ سەردایە بۆیە زۆر وشەی تری لێ وەرگیراون وەکو سمر/ئەسمەر وشمر، هەروەها سامرە واتە ژورووی ولاتی یەهودا.

- ترس×سرت/سرد: ترس(تار+س) واتە کۆی تاریکی، ترس و تاری چۆن تاریکی وەك ڕەمزی ترس و ترساندن بوە، ئەرەبەکان کردویانە طارق-طرق..(دەکرێت کە مانگ دەگیرێت واتە هەیڤ غەیرین یا خۆرگیران، کە تەنەکە دەکوترێن ئەو کریارە هەر لەو بۆچوونە وەرگیرابێت)، لە زمانی کوردیدا دەرك ئیشی پێ دەکرێت بەرامبەر(طلق/طلاق)ی عەرەبی واتە بەردان، بەردانیش دەرگاییێکی دەوێت.

-شاطئ: شەت و شتا لە ناوی ئاوی تەمام(تیامە) وەرگیراون، ئاڤ سەتە(ئاڤستا).

- **night**:ند×دن-دنیا**down**-(دنئ-أدنی)..دنیا ڕەمزی تاریکی بووە-نزمی(نسوم).. عەرەبەکان بە(ند=ضد)یان داناو(سد<ضد).

- درۆ/درەو=دروغ بە فارسی، لە سیفەتی تار و دووری وەرگیراوە-دوورە لە راستی واتە درۆیە.

- زرق/أزرق:لە شەرق یان شرق لە زرق< سرس هاتووە..

ستڕانبێژی کورد م.ئارفی جزیری دەلێت-ڕۆژا مە هەلاتبی زەرقا سپێدێ ل سەرێ چیا دابی..(1)

- سرق:کە ئەستێرەکان بزردەبن لە ناو ڕۆژهەلاتندا(شرق-زرق)سرق وەك چۆن بزر و دزین سیفەتی پەیوەند بە شەرقەوەن، لە عەرەبیدا بزر بووەتە (بصر) بینین مەبەست بینینی دنیا، (بصیر)واتەکۆرە لە سیفەتی بزربوونی ئەستێرەکان هاتووە.

---

1- ئاقوب دبێژتێ یاسەیدا هەروەکی ڕۆژ دزەرقی-قەولا شێخ و یاقوب/ئێزدیاتی..شایانی باسە کتێبی شەریعەتی کوردی ئێزدی وەکو کتێبی تێستی کۆن(تەورات)، دەتوانرێت زۆر سوودی لێی وەربگیرێت بۆ شلۆڤەکردنی ئەسڵی وشەکان چۆن هەردووکیان نووسینی خاوەن نرخێکی مێژوویین.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- قەدمتە: بە زمانی ئاشوری واتە سبەینێ و بەیانی، لە سوتەم/سودم –تاریکی شەو (قتم و قاتم) وەرگراوە، چۆن وەك تەورات دەلێت گەلانی کۆن ڕۆژەکانیان، ڕۆژی نوێ بە دەسپێکردنی شەو دەسپێدەکردن..

لە کوردی قەدەم بە سیفەتی هاتن چەسپاوە-قەدەم خێر/قەدەما ب خێر/قدوم ڕەش.

- خەمل<خەمر<خور: لە ڕەنگی خۆر و خۆراوا کە جوانییێکی تیایە وەکو ڕەوش لە ڕۆژ هاتووە، ڕەوش=خەمل-پێشتریش سور ببوو صمیر(ڕۆژاوا).

هەروەها (خلاب)مان باسکرد(خوراب<خولاب)واتە دیمەنی جوانی خۆراوا.

- گۆر=مور:گۆری تەبم و بۆتە بمرم/قوربانت بم..گۆر جێگەی خۆر نقومبوون بووە..

خور<قور<قبر/قور-قەوارە،گر-یش بوو بە گبر-کبیر..**grave** لە ئینگلیزیدا..

کە خۆریش خواوەندی سەرەکی بووە لە سەردەمە کۆنەکاندا بۆ نموومە لای هەمورابی (شمس)خوای دادوەری وشەریعەت بووە، ناوەکانیش لە سیفاتی ڕۆژ وەرگیراون..

خورس ئاباد:دورشروقین، خوراسان لە شەرقی ئێران.

-دوماهی/دوامایی/دوایی/داوی: لە ناوی ئاوی دوەم، دوومەت(تیامە) هاتووە یان دوودەریا-جێگەی مردن ودەسپێکردنەوە.

-حال<هار/ئار یان پەیڤی ئار بووەتە حال،کە دەشلێن (حالی هاتییێ) وەك هاربون وایە ئەو بزاڤ و جولانەوەیە.

-نمرود=کلخو/کلح(کەلحێ)-سالح، ئەم ناوانە باسی یەك جێگایە،کرخ-ی لاییێکی بەغداد لە ئەسڵی ناوی قلعە یێك هاتووە کە لە کۆندا لە پێچ و سورانەوەی روباری دجلە بووە.

کەلخو،کەرخو=دورو لە بابلیدا-کەرخوکا لە سوبارتودا..(**1**)

نم یان نامۆ(خرب<خەریب)+ڕەد یان**red**ی **E**(سوور) کەواتە مانای (جێگەی سوڕانەوە و ڕەدبوونەوە)کە ئاو و دەریا بووە-(نم=ناڤ) لە سۆمەر یدا، ناڤیش لە **E**دا **nevy** و لە فارسیدا(ناڤ) بە مانای دەریا و ئاودێت، تێکرا وشەکە واتە(نم رود) دەبێتە ئاوی ڕەتبوونەوە..(رود=روبار)..

---

**1**-کەلەخ لە کوردیدا تەرم دێت(تاروم=تاریکی ومردن) هەروەها کەلەخ(مقص)ی مویش دێت (ما+قەص) جێگە و لای ئاسمان دەبێتە دوو ئاو.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەم ناوە بوچی بووە بە ناوی ئـاوایی وشـار چـۆن هـەر نـاوێکی شـار و ئـاوایی لـە نـاوی ئـاو وەرگیراون وەکوئاڤا-ئاوایی-ئاباد-با/بیت-هـەروەها مەدینـە..چـۆن لـە کـویٚ ئـاو هـەبێت لـەویٚ ژیانی مرۆڤ دەبێت، لە عەرەبیـدا ناوەکە کراوەتـە(سـالح) هـەر چـەندە نـاوی سـالح تـەنها لـە شێوەی گۆڕینی تیپـەکانی وشـە ئەسلییەکە هاتووە بـەلاٚم بۆیـە سـیفەتی باشـی وەرگرتـووە چۆن سامییەکان ئەو جێگەیان بە باشی دانـاوە کـە جێگەکەیانـە وەك چـۆن لـە ماسـو/ماشـو سیفەت وناوی (مەسییە/مەسیح) یان لێوەرگرتووە..

لە کۆتاییدا ئاوەژۆکردنی نمرود×دورمەن/دورمان(جێگەی دۆر کردنـەوە)، هـەروەها نمـرود لـە بابلیـدا نـاوێکی تریشـی هەیـە ئـەویش(برسـو)یـە یـان(برصـو/برضـو)بـە واتـەی(دوران الکـون)کـە یەکسـانە بـە سـیفەتی بـەرزایی وەك لـە چـیای نـەمرود لـە بـاکوری کوردیا(کوردستان) بەدیارە.

- یونان: لە ئەسڵی واتەی ژمارە دوو، یونان=یونس.. بۆیە یۆنان ئەم نـاوەی وەرگرتـووە چـۆن دەسپێکی خاکێکی نویٚ بووە لە پاش دەریای ئیجە..گریك-**Creace**-لە خورس هاتوون.

- ئەز-(أنا)=من-لە..کە ئەمانە ڕاناوی کەسی یەکەمن لە چـەند زمانێکدا،گشـتیان گـوزارش لـە نـاوی خواوەنـدە کۆنـەکان دەکەن،کـە لـە دێـر زەمانـەوە خـەلکان بـە پێـی خواوەنـدەکانیان ناویان دەردەکرد بـۆ نموونـە ئیسـتا ئێـزدی لـە نـاوی ئێـزی/یـەزدان هـاتووە هـەروەها یـزد و ئێزی بەرامبەر ناوی(خودا) دێن..

هەر بۆیەش خـۆ/خـود و ئـەز، یـەك ڕانـاون تـەنها هـی یەکـەم شـێوەی مـەڕی (تملك-**self**) دێـت و بـۆ هـەمان ڕانـاو..دواتـر ئـەم نـاوی خواوەنـدەکان لەسـەر ئەنـدام و دەزگـای دیـتن و بینین دانراون چۆن چاو سیفەتی خواوەندێتی تیایـە-**eye**-یەرامبـەر-I-ی ڕانـاو و(ئـەیا)یـش خواوەندی دەسەلاٚتدار و ڕەمزی تەواوی بووە، هەروەها(عین)بەرامبـەر بـە(ئـانو)ی خواوەنـد و(أنا)ی ڕاناو.

-تاج<تاس/تاوس: شێشمسە قوەتا دین،

سلتان شێخادی تاجە ژ ئەول تا ب ئاخرین (ئێزدیاتی)

یان ڕۆژ (شێخ ئاد/تاو)تاوسە<تاجە لە بەیانییە و تا ئێوارە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- ئەد-ئەتو ناوی ڕۆژ(تاڤ/تاوی ئێستا)بووە لەکۆندا دواتر بووەتە ئاد/هاد، وەهاش لە دینی ئێزدی ڕەمزەکانی ڕووناکی و ڕۆژ و تاو یەك لە دوای یەکتر دێنن و ڕێزی دەکەن:

ب رەهما شێخادی، ب رەمزا مەلیشێخ سەن،کەرەما شێشمس

(دوعایا سبێکێ - ئێزدیاتی/خدر پیر سلێمان)

بەم جۆرە ئاد کە دواتر بەرچەستەکراوە لە پیاو چاکێکدا لە دینی کوردی ئێزدی وەك چاکساز هەروەك(مەسیح)لە ناوی(مەسیە/ماسو)ی ئاوی(آب<أب)خۆراوا و صەلیب لە سرب(سەرآب)واتە ئاوی سەر لە خرستیانی(خورس) بەرجەستەکراوە(ئیستا لە قوداسە دینییەکانی مەسیحی ناوی مەسیح/أب بە ئاب دێنن)

ئاد=شێخ سەن=شێشمس، ئەم ناوانە لە ناوەکانی خۆر/ڕۆژن بەلاّم هەر یەکا لە دەرەجەیێکدایە-فەرزەکانی ڕۆژ.

- تەبەق،تەبەق×قبەت(قبە)..

تەبەق=تەبس، تابق=تابس-یان ناوەکە ناوی تابە(ڕۆژ)-دەرەجەکانی بەرزبوونەوەی تاب(تاو/تاڤ/تاو..

سورا تاوسێ مەلەك چار تەبەقا (ئێزدیاتی)

لە کوردیدا تەبەق بەو لەگەنە دەوترێت کە شێوەی بازنەیی بێت وەك چاوی ڕۆژ-تاو(ئەتو).

دوایی ناوی تەباخ-یش لێی وەرگیراوە (مانگی تەباخ)،کە لەو مانگە و مانگی تاوس/تموس ڕۆژ لەو پەری گەرمایی خۆی دەبێت و بۆیە شێوەی شەقبوون(کۆبوون)ی ناوەکەی وەرگرتووە (تاب+س)کە هەر لەو کاتەدا لە سەردەمی کۆندا خەلکی دۆلی دووڕوبار لەسەر مردنی ڕۆژ دەگریان..

تاوس-تازی-تعزیە، بەهزری مردنی ڕۆژ.

- توبە=top کە ڕۆژ دەبێتە دوو(دوبا-دوڤا)لە ئاڤستا، کە هەر شتێ کاتێ تەواو دەبێت دەگەرێتەوە بۆ روخێتر (ردکە<لوتکە)..بۆیە تۆبە لەکوردی ئیستا بەواتەی (ڤەگریان/گەرانەوە)دێت،کە بە یەکێك بلێیت بۆ خۆت تۆبە بکە پێی دەلێت(بۆ خۆت وەگەرێ)..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

(پێوەندی سدب-ئەستێرەی قتب بە بورجی دوب) سدب، ئاوی سەت(تەمام) و دب-یش دوبای کوردییە(دوو)، دوبیا-ش (عصیر)و دۆشاوە(دوبیای هەنگوین واتە ئاوی هەنگوینی بێ قەرکەشان).

- در-دور×رد **red** کاتێ ڕۆژ دەور دەکاتەوە ..

هون بدن خاترا دوڕا سپییە    (ئێزدیاتی-دوعایا ئیڤارێ)

- سەن<زەن-ژن-جن: مەلیشێخ سەن حەق حەبیب ئەللا/لا-ئال    (ئێزدیاتی-شەهدا دینی)

پێم وایە کورد یەکەمین کۆمەلە خەلك بووە سەن و ڕۆژی پەرستووە، بۆیە پێیان گوتووە قەومی جن ئەگەر ئەوە لەبەر چاوبگرین کە گەلان لە سەردەمە کۆنەکاندا بە ناوی خواوەندەکانیان ناوئەنران وەکو: داسنی- ئێزدی<<دێو یەسنا

هەروەها خلدی(گەل)>>خلدی/ئەلدی (خواوەند)

ئاشور(گەل) >> ئاسور            (خواوەند)

- تەنگاڤ: ئێزدیەکان کە ڕۆژ ئاوا دەبێت ئاو دەخۆنەوە بە بۆچوونی ئەوەی کە ڕۆژ(خۆر) تینو و تەنگاڤە(تینی ئاڤە)، لە زرادشتیدا ڕۆژ کاتێ ئاوا دەبێت تەشنو(تینو) دەبێت و بەرەو ئاو دەچێت(ڕۆژاوا-رەس ئاوا)..(خواوەند ماندوو دەبێت لەبەر کرداری بەرێوەبردنی کاروباری خەلکا).

- تێشست:لە دس-تەوس<تست..

ڕۆژ هاتە تێشتانە- شێشمس بەستی دیوانە-ماشا وی ددەتە مێرانە

(بەیتا سبێ-ششمس/ئێزدیاتی)

پێوستە بشلێین کە وشەی تێشت کە لە دس(وەرگەرانەوەی سد) واتە تەواوی و ڕەش وەرگیراوە بۆ بەرایش بەکار براوە وەکو(زەر تشت)-ڕەمزێکی تری ڕۆژە ولە گیانی مرۆڤێکی چاکساز بەرجەستەکراوە(زەردەشت/زەرتشت=سەرە ستێرە).

- مختار/موغدار:موغ(موخ)-خاوەنی موخ(ماس<مەژی<مێشك)، پیریش ئاقلدارییە، ئەو پیرەی پیرۆز لە سەردەمی ئاگر پیرۆزیدا..

ناڤێ باپیرێ موغدار            (دوعایا خودانێ مالێ-ئێزدیاتی)

- کتیر-کسیر-کثیر:لە ناوی ئەستێرەی زۆر وەرگیراوە..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

شطرله عەرەبی وshatter(شکەستن وبلاوەبون)لەEدا، هەر لەو بۆچوونە هاتووە واتە کە خۆراوا دەبێت پارچە دەبێت.. ( پارچەبوون واتە کوشتن(کەس/قەس<کوژ/کوشتن)، بۆیە ستار بووە بە خەتار/خەتەر)

-دەهرکرن-واتە دیارکردن(دەهر/دیار)، لە عەرەبی بووەتە(ظهر-ظهور)

(هەمان سەرچاوەی پێشوو)

- مالق(ساکن ومعلق): پەیڤەکە لە مارس و مورس هاتووە —سووربوونی ڕۆژ لە هنداڤی خۆراوا-ئیستایش کورد دەڵێت هێلکەی مالق..

ب قودرەتا سورا سنەتیٚ مالق وەستابوو ل هەوا ... (هەمان سەرچاوە)

- خدوك-سدوك (ڕەش):خەمگین.

- خدود-خد=سد:

ئەرد مابوو بەهتی-خدودەکی خەددی، گۆ ئەزیزیٚ من ئەرد ب ویٚ سورەتیٚ ناتەبتی (مەبەست لالشە) (سفرالتکوین-ئێزدیاتی)

- کاسە/قوس: بەعدی هەفت سەت سال، هەفت سور هاتنە دەوران وکاسە..(1)

- قەڵەم-سورم(سورمەی چاڤان).

- لوح-روح:پەدشیٚ من سورا ل سەما، بەریٚ نە لۆح هەبوو نەقەڵەم (هەمان ژێدەر)

مەبەست لە پادشا ڕۆژە-لوح-لوخ (ڕوخ/ڕەخ) و قەڵەم یش سورم یان سوڕانەوەی ڕۆژ بۆ روخی گەردوون.

- عزرائیل-اسرائیل یان (اسر-ئیلاه)یا(آخر اله)-ئیلاهی ئاخر-خوای مردن/لێواری دەریا، جگە لەوەش پیربیب ناوێکی تری عزرائیلە لە کوردی، ناوی هەر هەفت مەلایکەت یان هەر چوار، ل ئەسلدا ناوی خواوەندەکان بوونە یان هەر یەکێکیان خوایێك بووە، ئـــــەوە دینی

---

1-کاسە: واتە(خمر)لە بابلیدا، دیارە لە سەردەمی کۆن ولاتی میزوپوتامیا هەمووی لە ژێر باری یەك فەلسەفەدا ژیاون.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

عیبری بووە لە زرادشتی مەفهومی یەکتاپەرستی وەریگرت، ئیلێك(اله)یان کردۆتە سەرۆکی هەموو ئیلاهەکان.

ئاقوب/یعقوب ناوێکی تری (اسرائیل)ە لە کوردی ئاقوبەت واتەی ئاخر دەدات بۆ گەواهی ئەوەی آخر-ئیل=(اسرئیل=ئاقوبەت).

- نەبی=نوڤا-نوبا-نب×بن-ابن

مەبەست ڕۆژی نوییە-نوبا-کە ابن/بن یش پەیدا دەبن هەر تەشبیکردنی کاری ڕۆژ وگەردوونە کە نوێ دەبێتەوە..

سێ سەت وشێست و شەش نەبی دمورسلن          هەموو ل بەر وێ کاسێ دخەملن

(قەولێ هەزار و ئێك-ئێزدیاتی)

هەر بەم شێوەیە وتەی رامانی(نبی) دەچەسپێت چۆن سال یش(366) ڕۆژی تیایە.

- درج نسو:(ترس/تارس نسو) تەیرەکانی مردن لە ئاڤستای دووایین دا کە لە سەر(توخمە)-جێگەی مردوەکان لەسر دائەنران-کۆدەبونەوە تا گۆشتی مردووکان بخون، ئیستا ئەو تەیرانە پێیان دەلێن(غراب)-قەل بە کوردی هەروا سیسیارك کە ئەم ناوانەیش سیفەتی مردنیان تێدایە.

- نسر<نێچیر: تەیری ڕاو و شکار و نێچیرکردن و دەست بەسەر داگرتن(نصر)-(نوێ سەر/سەری نوێ) لە زمانی عبریدا لق و(غصین)دێت.

- وەرگەر-فەرگەر: هێلی هەسوێ/ئاسۆیی گەردوون کە شەرق فەر/وەر دەبێت وگەریش خۆر(غور/غەیر) دەبێت، لەوێ ڕۆژ قەلب دەبێت-وەرگەران-

- کارتە/کاریتەی خانوو: پێشتر-کرد- سیفەتی ناوندوبوون بە دوو(سرد<کرد)باسمان کرد(کرد-کرت-کارتە)،کارتە لە سیفەتی سەرەوە وەرگیراوە هەروەهاش کارتە دووسەری هەیە (سر+دوو<کردو).

- لالش:واتە لای ڕەش-ئیلاهی ڕەش-جێگەی ڕەس و سەر=لای بەرزی و چیاو سییاە

ئەو بابێ ئالێ ڕەشە   هەی شێرۆ ژ لالەشە          (بەیتا سبێ/شیشمس-ئێزدیاتی)



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئاسمانی ڕەش یان لارەس<لاڕەش (رس=رش) جێگە و ڕەمزی خواوەندەکان بووە لە سەردەمی کوردی کۆن ودێرین کە تائیستایش ئێمە گەلانی ئاری ڕەمزی تاریکی و تەواوی بە خوا دەزانین وسوێندیش پێی دەخۆین ..

سد<سود/سەد<خود/خودا/God..وەکو قولستا(قەولی خودا)ی مەندائی.

-جنب/جنوب<سنب-ذنب واتە دوولك و داوی..جەنابەت=گوناه(ذنب)

سنب×بنس(بن+س) بنچ و بنەوان-بنك<بنس، دواتر بنك بووە بە پنك(نوختە و خالی ڕەش)بەرامبەر بە point ی E کە ڕەشی لای تاریکی گەردوون بووە(بن وبنس/بنك-پنت) لە گەردوون-لە زمانی عبریشدا(بن:جنوب).

- وێران-هێران:لە آر+ان، جێگەی ئەستێرەی هورد(خواوەندەکان)-جێگەی مەرگی خۆر و مردنی هاتووە بۆیە وێران واتە خرابوون(خوراب)هەمان جیگەیە.

- علم/علوم:لە ئاروم (بەحر و دەریا)-لە ئاڤستادا ئاروم واتە ڕووناکی

ئاروم<ئالوم<علوم(ئیلمدار-ئۆلداری ئێزدی)

- قدس(سدس) واتە تەواوی و ڕەنگی ڕەش(سەت+س)

یارەب تو مەلەکێ عالم و قودسی (بەیتا تاوسێ مەلەك-ئیزدیاتی)

یان:نیڤەکا ڤێ دنێ قودس و خەلیل (بەیتا شێخ ویاقوب-ئێزدیاتی)..

- شام: پێشتر گوتمان سام×ماس(ماشو) واتە خرب(غرب) دێت(خرب=ئێوارە).

ئوغلمان دگەرت ژ شەرقێ تابێ شام (بەیتا سوبێ/شیشمس-ئێزدیاتی)

لە زمانی Eیشدا sham بە قەڵپ و خراب دێت..shameیش شەرم دێت (سورم<شەرم) واتە سووربوون.

- شرق=ازرق/زرق:

ئاقوب دبێژتێ یا سەیدا هەروەکو ڕۆژ دزەرقی (قەولا شێخ وئاقوب-ئێزدیاتی)

- دژ-تیژ-dis-دز-تژ-تەوس-تێشت..هەموویان لەیەك توخم و رەگەزن، ئێمەی کورد دەڵێین تێژ تەبیعەت واتە تیژ تەبیعەت.

- (أصیل-شەمس الاصیل)واتە خۆری (اسر/سر)<ئەصل وئەصیل.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- لعنه<ڕوهنه واته نفرين، لـه زمـانی ئاسـوريدا بـه لەعنـەت دەلـێن (نـاڕە)،كورديش دەلێت ئاگر گرتی/گرتوو يان ئاگرێ خودا بيگرێت واته بەر توڕەيی خوا بكەوێت.

-مەد:له ئاڤستا(ئـاو)دەگـەينێت، مـەد<مـەديا واتـه جێگـەی ئـاو(لـه سـەردەمێكی جيولـۆجی جێگەی كوردستان دەريای ئاو بووە)، مەد(ئاو) بە ناوەنـديش زانـراوە بۆيـه ئـەو سيفەتيشـی بەرەو ميان-**mid**چووە وەكو دەريای **Mediterranean**.

-بەسرا(بصرە)يان (ب+سەر)ياسەری با(دوو)، پێچەوانەيشی (آسـر)دێـت واتـه**B-A**،ئاسـور و باسـور(باشـور:جنـوب )لەكورديـدا(آسـور:سـەر)يـش واتـه لای سـەرەوە..سـەردەمێك عـەرەبی جەزيرە بە بەسرايان دەگۆت ئەردی هيند واته كۆتايی.

يان ئاسر=سەروو، باسەر=خواروو..(نموونەی ئاسەر=سەر/سـەری مرۆڤــ، باسـەر=پـا/پـێ واتـه خواروو هەروەها ژمارە دوو واته پێی مرۆڤ)

(بوثره)له ئاڤستا ڕۆژ يان بەڕۆژدێت (سر<كور)يش=بوثره-كوڕ..

له قاموسی الياس ناوی **Bossare-Basra** به مانای (قبة الاسلام) هاتووە-بوسلمان..

له هاوشێوەی (بەسرا)-باسەرێ-بێ سەرێ-بوسەلێ-بوسێلێ-بجيلێ..

دیارە (بصرە)، عەرەبەكان ئاوايانكردووە سالّی-**16**-كۆچی، پێش لـەو وەختـەيش نـاوی ئـەو ناوچەيە(ئەردی ئيند )بوو..هـەروەها شـەمالّ-ش لـه كورديـدا بەواتـەی بـا دێـت-بـای شـەمالی فێنك.

- بـاكور-بكـر-بـاكورە: لـه ناوەكـانی مانـای بـەرايی دەبەخشـن، ديـارە هـەر گـەلێك خـۆی يـان جێگەی خۆی بەسەر و بەرايی و له پێشەوە داناوە.

وشەی بخار و بخـور و بخـر وبـاخرە لـه مانـای دوكـەل سـيفەتی بەرزبونـەوە وەرگـيراون، لـه كـوردی باگـەر و بـاهوز لـه نـاوی يـا سـيفەتی سـوڕانەوە وەرگـيراون كـه لـه هـەر كۆتايێكـدا وەرچەرخان وسوڕانەوە هەيە..

له قورئاندا سورەی بەقەرە لای دەسپێكی كتێبەكەيە،كه بقر وگايش له يەك توخمن..

كورد دەلێت دنيا له پشتی گاو ماسييە (گاووماشو)واته ئەم سەر و ئەوسـەر كـه ئـەم سـەر و ئەوســەر ســيفەتی مەزنيشــی تيايــە، دواتــر گاووماشــو بووەتــە گامێش،گەمشــۆ-يــش واته(خراب)سيفەتی مەزنی و ڕەشی تيايە..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

داستانی گلگامشی سۆمەری ئەو چیرۆکەیە کە کابرایێك بەدوای نەمریدا گەڕاوە لە دوای مردنی هاورێکەی(ئەنکیدو)واتە لەم سەر بۆ ئەوسەر گەڕاوە(گەر گامیش<گل گامش)..کە دنیای کۆن لە دەریای ناوەڕاست کۆتایی دەهات(ڕۆژاوا) بە پێی هزری مرۆڤی ئەوسەردەمە.

- کاوە: ئەم پەیڤە لە ناوی چەرمی گا(گاڤ) وەرگێراوە..(1)

تا سەردەمی ساسانییەکانیش لە شەڕی رۆستم لەگەڵ(سعد بن ابی رقاص)، ئالای ساسانییەکان چەرمی (گاو) بووە-درەفشی کاوە، واتە ئەوەی ئالای بەرزدەکردەوە لە پێشەوە بووە بۆیە کاوە بووەتە سیفەتی پێشەوایی و ڕابەرایەتی کردن وەکو کاوەی ئاسنگەر و ئەفسانەکەی..

دواتر زۆر ناویتری کە ئەو سیفەتە هەلدەگرن پەیابوون وەکو کاوبانوو/کابانی(سەرۆکی مال)- کانەبی-کارەسول-کاوەیس/کاوێس.

-ثریا-سەریا:واتە پێرۆ/پەروین، ئەو کۆمەلە ئەستێرەی لە پاییزدا دەردەکەن-ذریە-یش لە سیفەتی وەرگێراوە.

- عەزیز و عز، لە توخمی أس وئەساس-ن(ا/ئ <ع).

- دم<دوم:کە دوو سیفەتی بەردەوامی بووە، دۆم (تەم سیفەتی تاریکی یە(ڕەش/رەس)-دۆم:قەرەج.

-سر(سور)×رس(ڕەش)der×red تار و دورکردنەوە، لە عەرەبیدا(رث)واتە پیس و ڕەش و لە Eیشداraige یان تورەیی وتاری کە ڕەنگەکانی ئاسۆ هەردووو ڕەنگی تار و ڕوونی دەگرنەوە و لە کۆنیشدا ئەو هەردووو لایە(لا) بە(الە) زانراون-لە لای گەلانی سامیتیك-و سیفەت و ناویش لێی وەرگێراون..

ژێر و ژۆر(سەر و بن) لە سەر/زەر هاتوون، پێش و پاش لە بەس هاتوون.

---

1-ئەسڵی ناوی گاڤ ناوی ئەستێرەکانە، هەر ستێرەیێکیش سەرێکە،کۆمەلە ستێرەی (چوار گا) لە ئاسماندا هەیە، هثرە گاڤ واتە هەزار گاو لە ئاسمان لە ئاڤستادا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- خەلیا: وەرگەران لە وەرگەڕانی خۆر وەرگیراوە-خواربوونەوەی(خۆر<خەلیا).

- پیٚ/ پا-bi=دوو-two هەروەکو مەد×دەم-دوم<<دوو/دوڤا(سیفەتی زیادبوون و دوانەیی لە گەل ناوی ژن ومیٚرد هەر لە کۆنەوە هاتووە، کە ئەو سیفەتانەش لە دووانەیی ئاوی هەردووو ئاسمانی شەو و ڕۆژدا وەرگیراوە) بۆیە ناوی پا/پیٚ-باب بۆ ناوی نیٚرینەی مرۆڤ بەکار براوە لە دروستکردنی خانەوادە..

باب-بب=دوو، باب=داد..بەلاَم لە تەوراتدا (تیٚستی کۆن) ناوی باب وەك شوان بۆ پەز و مالات هاتووە.

یان ئەو پیاوەی لە دەرگای کۆز وگۆڤ ڕادەوەستیٚت، بۆیە ناوی باب بۆ ناوی دەرگە چووە کە هەردووو ناوەکەیش (باب/ دەر) سیفەتی جیٚگەی دەرکەوتنیان تیٚدایە وەکو pop لە Eدا.

- دۆن-down-(دون=نزم): یان لە ناوی ئاوی تاریکی هاتووە..دون×نود-night وەك نەفت وnode:ڕوس<ڕەس-ڕەش..(1)

ئەم دۆن=دهن، وەك چۆن سور و رەس لە(أضداد)و دژاتن-سیفەتی دوانەیی سەرەکان.

- نین-نون:

واتە تاریکی و خلاسی-ئاو و دەریا-لە عەرەبیدا نون ناوی(ماسو وحوت)دیٚت، حوت/حەت<حەد(خلاسی)<ئەد(ناوی کۆنی خواوەندی ئاو و باهۆز)..

ماسی-ماهی لە ناوی ماسو-(مژ) هاتوون کە ناوی کۆنی ئاون، نین لە کوردیدا لە (نۆین) واتە جۆگە بەدەردەکەویٚتەوە و(نەهنگ) واتە حوت و(نۆ) ژمارەی پیٚش دەهە..(2)

دیسان (نییە و نینە) یش وشەی ڕۆژانە بە کاردیٚنین هەر لەوەوە هاتوونە..

پیٚشتریش نینوا و نوئاڤا لە شارەکانی مەدیای تیٚیاندا ژیاون، وشەکانی نهن/نهیٚنی (نادیار/سر×راز) و نەینك و ئاویٚنە یش هەر لە سیفەتەکانی ئاوی تاریکین، هەروەها نا/نە

---

1- ئەسلَی ناوەکەی (ڕەش و ڕەس) لە سیفەتی ئاسمانی شەوەوە هاتووە.

2- ژمارەی نەه/نۆ ژمارەییٚکی زۆر پیرۆز بووە لای گەلی سوبارتو چونکە ناوی ئاو بووە، ئاوی پیرۆز.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

(No)ی نەهی، لەبەر پیرۆزی ناوەکە سیفەتی نەهی وەرگرتووە ..ناوەکانی وان-وانە-ئاوێنە، ناو و سیفەتەکانی ئاون..بادینییەکان دەلێن ب ئانوهیا خودێ واتە بە ئاسمان و ئانو-ی خوا.

لە جیهانیشدا نموونەی وەك هانۆی پایتەختی ڤییەتنام کە لەسەر لێواری ئاوی دەریایە هەر لە(ئانو)ی ناوی ئاو و دەریا وەرگیراوە وەکو لوبنان(لێوی نون=دەریا)..(1)

- مژو مژین(مص): لە ناوی ئاوی ڕۆژاوا کاتێ ئاو، خۆر نقوم دەکات، واتە ماسو خۆر دەمژێت و دنیاش تاریك دەبێت(مساء) وخۆر دەچێت بۆ ناو ئاو(مەشیا/مشی)ی کوردی وعەرەبی، وەهاش وشەکانی مەشیا و موش و ماش و مێش و مشك و مەزن/مەز و مەز(لەنك یەکتر) و میزو مەسینە، هەموویان لە سیفەتەکانی وەرگیراون..
هەروەکو لەEیشدا Mass-Mouse-Maze-Mis.

- (جمل)-camel لەبەر ڕەنگی(سمر) یان سوور، ئەو ناوەی وەرگرتووە هەر وەکو(جمر)ئەویش کە ڕەنگی سوورە کە دواتر دەبێتە خۆڵی و خەلوز.

-(مارەکردن) لە سیفەتی گەیشتنی ڕۆژ بە شەوەوە وەرگیراوە(مێر و ژن)، (شاهر)ی فارسی لە سەر و شار(سەرکردە) هاتووە دواتر بوو بە ناوی جوت یان مێردی ژن-شو-

- مور/مۆر: لە ناوی تری ڕەنگی ڕۆژاوان(مور-سور) واتە تاریکی..(2)

-سد(س+د):ئەساسی ئەم وشەیە لە دوو ناوی سادە پێکهاتووە ئەویش(س)ناوی ڕوناهی و ساهی+(د)ناوی تاریکی و تەمی کە هەردوووکیان پێکەوە دەبێ بە تەمامی سەت/سەد(سد-set)ناوی گرتن و تەواوی کە لەو جێگایەیش قۆناخێکیتر دەسپێدەکات..

لە کوردیدا(سێ سێ)هەیە کە ناوی ژمارە-3-یە .

دەکرێت ئەم ناوە بەر لە کۆکردنەوەی(س+د) هاتبێت یان ناونانی (د) بە ژمارە دوو، چۆن

---

1 -ئەفسانەیییێکی چینیش هەیە دەلێت دنیا لە سەر پشتی نەهنگە وەك ئەفسانەی لەمەر خۆمان-دنیا لەسەر پشتی گاو و ماسیەیە.

2- (مال) واتەی هندور دەدات بۆیە مال لە مۆر وەرگیراوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سێ سێ بووەتە شیش/شەش (کۆبوون)..(1) و لە جێگاییێکی تر بووەتە ناوی ژمارە سێ- دەکرێت لە ناوی ئاسۆ/سوێ/هەسوێ واتە جێگەی دەرکەوتنی خۆر، وەرگیرابێت وەکو ناوی(اسیا) واتە شەرق و جێگەی خۆرهەڵاتن.

-سیس: مردن وزەربوون، زەرد=زەر<سەر.

-بوص-بص(بڕوانە بە عەرەبی میسری)<بەك/بەق(بڕوانە بە تورکی)

بس×سب<شوف هەمان واتا(کە بەیانی بوو دیتن دەبێت)، سب×بس<بەه (گۆرینی س ئاڤستایی).

-خورس/خورش:(خۆراوا)، کە خرش×شرخ<شرق(خۆرهەڵاتت) ئێمە بە ئاژەلی وەکو گوێ درێژ و ئەسپ ومایین(کورش کورش)یان پێ دەلێین بۆ بانگ کردنیان(هاتن).

-مارس-March-مورس-مەرەز-واتە سیفەتی مۆری و سووری سەری ڕۆژهەلات یان سەری سال وەکو ئازار(آذار)آسر-سەر(مرس×سرم-سورم) مۆر<موریەم /مریەما(کوردی)، لە ئینجیلیش هاتووە کە پەسنی یەسوع دەکات(ایتها الشمس التی تشرق من موریەم الشرق) واتە سووری ومۆری شەرق.

-أنجیل: (أنهو+سەر<نو+سەر)-(نو+گەل/جل)، هەمووی(انجیل) بە گەواهی ناوی تری(انجیل) بەشارە یە واتە (ب+سەر)،(سەری با)، بشارە-یش لە توخمی بوثرە واتە(کوڕ) لە ئاڤستا.

-سپان(spn): لە وشەی ناوی ڕۆژ گەشەی کردووە-سەن- سەپان واتە چاودێری چاندن وکشتوکال، سیپان<سبحان، سپن لە ئارامیدا بەواتەی (اوتاد/وتد)دێن هەمان واتەی سپنە، سپێنەی کوردی(اوتاد) کە بۆ پەرزان بەکاردێن کە شێوەی پەرژانیش وەکو پەری ڕۆژن.. (پەرژان< پەرسەن) هەندێ لایەن دەلێن شاری(عین سفنێ) کە شارێکی کوردیە، ناوەکەی لە ناوی (سپنە :اوتاد)ی ئارامی و کوردی وەرگیراوە واتە جێگەی لێ ئاوردەکـــــردنی ئەسپێنە ، بەڵام بە بۆچوونی خۆم کە سپن ناوی ڕۆژی گەشە، هەر ئەو ڕۆژەش لە کۆندا هاتوتە پەرستن و وەکو خاوەن وسەپانی خەلك تەماشاکراوە کە دەتوانین شبان وشڤان-

---

1- دوبارەکردنەەی تیپەکان شێوەی کۆکردنەوەی کۆن بووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-ناوچە: لە نس/.نسا هاتووە..(1)

یش هەر بۆ ئەو بیگەرێنینەوە، بە تایبەت خەلکی ئەو شارە کە زۆربـەیان کوردی ئێـزدین و لە دینەکەیاندا ڕۆژ چەند هیما و ناوی هەیە وەکو شێخسەن-شێشمس، (شێخا)یش نـاوێکی تـری ئـێن سـفنێ یـە..تـاوس-یـش کـە هیمـای ڕۆژی تیایـە وەکـو تیوسـی گریکـی و تەموسـی سۆمەری، شێوەی پەری تاوسیش وەکو پەڕی خۆرن، بۆیە ئەو ناوەی وەرگرتـووە و لـە دینـی ئێـــزدی زۆر پـــیرۆزە کـــە ناوەکـــە وەك پێشـــتر باسمـــانکرد لـــە ئـــاوەژوکردنی وشـــەی سـەد×دەس<تـاوس هـاتووە..(2) دەس<دەك<داك/دایـك، دۆك هـەروەکو سـد/سـود بـوو بـە خوداوGod..دایك ودۆك-یش(Dog) لە فەلسەفەی دینی زرادشتی زۆر پیرۆز بوونە.

بۆیە ناوی عین سفنی/عین سپن لـەناوی جێگـەی پـەرەکانی ڕۆژ هـاتووە واتـە(ئانوسـەن) بووەتـە (عـین سـپن) – پـێم خۆشـە نـاوی(تـوس/دوس<دۆك<دهـۆك)یـش بەرمـەوە سـەر هـەمان رەگـەز، واتـە ئـەو ناوانـە بـۆ ئـەو سـەردەمە دەگەرێتـەوە کـە فەلسـەفەی ئاڤسـتایی زالبـوو بەسـەر تـەواوی ناوچـەکە و ژێـدەری دروسـتکردنی ناوەکـانیش بـووە بـۆ زۆربـەی زمانان.

- (سـفینە/سـفن):کـە سـین خواوەنـدی مـانگ بـووە لـە سـەردەمی سـۆمەری و پێیـان دەگۆت(سوین) بەرامبەر(هلال)-بشکۆژی مانگ-شێوەی سوین کە وەك بەلـەم بـووە دووسـەری تیژ و بەرز، کە هەر لەو سەردەمانەشدا ئاسمانی شـەو و ڕۆژ بـە دەریـا دادەنـران، بۆیـە وەك لە دەقێکی سۆمەری هاتووە ودەیانگۆت: (الهلال هو الزورق الصافی للسماوات الـذي فوقـه یقطع ننار-القمر الکامل-المسافات الطویله)

---

1-باشە(نسا) لە بری ناحیە ل کوردیدا بە کاربێت-دەکرێت ناحیەی عەرەبی لە جێگەی نـوێ(نـوی<ناحیـە) وەرگیرابێت.

2-دیـك-ی عـەرەبی لـە دس گەشـەی کـردووە کـە شـەو وەردەگـەرێت(سـد×دس) ئـەو باڵندەیـە زوو هەسـت پێدەکات، بۆیە ناوەکەی لەو(دس)ە هاتووە،(دیکل/دیقل) کوردیش لە وشەی دیس/دیك+ل هاتووە، ئەو لامە هیمـای لایێکـی تـرە واتـە دس/دژ بوونـەوەی شـەو-بـەیانی، لـە ئاڤسـتایش نـاوی ئـەو باڵندەیـە هـەر بـەو واتەیە(روناکبین) لێکدراوەتەوە Pro-Daarsh بەر-دیتن، واتە پێش بینینی بەیانی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بۆیە ناوی سفن/سفینە لە سوین هاتووە، پێشتریش(قور)ی ئاشوری ببوو بە(قبر)ی عەرەبی..قور-یش لە گۆڕ-ی کوردی هاتووە وەکو وشەی قەوارە=کون.

لێرەشدا عین سفنی(عین سپن) بە ئارامی کە شلۆڤەکرایەوە بە جێگەی سپنەو ئەسپێنە-داری تیژی پەرژان-هەندێ جار ئەوها شــلۆڤەکراوە کە جێگەی ســـەفینەی نوح/نوخ بووە، کە ئیستا کانووی نوح لەو شارەدا هەیە بۆ ئاو و دەرمانی گڕووبوون بە کاردێت.(1)

ئەم شلۆڤەکردنی جۆراوجۆرەش هەر بۆ ئەو هزرە کۆنە دەگەرێتەوە کە خواوەند چەند سیفەتی هەبووە ئەوندە ناویشی بەخشیوە.

- نینك-نەینوك:گۆتمان نین واتە کۆتایی یان ئاوی دوایی، کە مرۆڤیش لە سەر شێوەی خواوەند دروست کراوە وەك لە تەورات و فەلسەفە کۆنەکان هاتووە، بۆیە ناوەکانیــشی هەر لە ناوەکانی دابەشکردنی گەردوون وەرگیراون، بۆیە نەینوك واتە کۆتایی (سەری پەنجەکان)، نەینك و عەینك (ئاوێنە) ڕامانی خۆدیك دەدەن واتە بوون بە دوو (نینا)یش ناوی دایك و ژنانە وەکو ئانێ..

دیسان **non**ی**E**یش واتە خلاس بوون ونەفی وهیچ ، هەمووشیان لە نین-نینی(خواوەندی دەریای شەو-کۆتایی)، دیارە نینوا-یش لەوە هاتووە کە ئەوێ هەموو ئەو سیفەتانە بەخۆیەوە هەلـــدەگرێت..

**Ni**/نی، لە ئاڤستایش بە واتەی نزم بوونەوە هاتووە (نەوی بوونی خۆر بۆ دەریای ڕۆژاوا).

- سنجەق(دەرزی دوولایەن) بە کوردی بەلاّم لە تورکیدا واتەی جێگەیێکی نوێ یا جیا دەگەیەنێت-قونجەق یش ناوی(نبی یونس=نینوا) یە بە تورکی، نین+ئاڤا بەواتەی دوو دێت(یونان×نینوی)، یونان یان ژمارە دوو-2-وەك خاتو دروشی مکای دەلێت لە کتێبی(مدن العراق القدیمة)..

واتە هەر ئاوێك ئەرز دەکاتە دوو کەرت(یونان و یونس و یوحنا و جۆن یەك وشەن بە زمانی جیاجیا) بۆیە ناوی گردی(نبی یونس) هەر لەو مانا دووانییە هاتووە..قۆنجەیش لە کوردیدا واتەی ئەستۆ/مل(نیوان هەردووو مـل) دێت، دەلێن منالەکەی لەســەر قۆنجی خۆی دانا، هەروەها لە کوردیدا قونـــج پەنجەیش دێت وەك(گرتن وگوشین بە دوو پەنجە).

---

1- کانی/کانوو/کان ی کوردی بووەتە هەنی<ئانو>عین، وشەی سەرەکانی=راس العین..لە سەردەمی سۆمەری (سون) بەواتەی(کون) هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

قەنج-یش باش وچاك دێت چۆن واتەی دوو دەدات، دووش ڕەمزی پیرۆزی و خواوەند بووە (دو/ادو/اتو/توتو) بەرامبەر بە تیامە و تەمینە و سەت و سوتەم(ناوەکانی تری ئاسمانی شەو).

- نەهـ/نۆ-Nine: کە ئەم ناوە ڕەمزی کۆتایی بووە وەك لە نین و نینی و نینك باسمان کرد..نۆ/nineیش لە پێش دەهـ/دەس دێت(دەس=دەهـ) لە هەورامی ولەEیشدا نموونەی Decimeterدەس/دس ئاوەژووکردنی سود-سوتەم-10-بە ئاڤستایی، کە ژمارە (نۆ)یش بەر لە(دەهـ) دێت واتە پێش کە ببێت بە دوو..

بۆیە ئەو نۆیە بووەتە(آنو)-one ژمارە یەك بە E، یانزدە-ی کوردیش لە(ئانٍ+دەهـ) هاتووە..

لەو کاتەوە دەس بوو بە ناوێکی خراب(دژ-dis) واتە زۆر خواوەند کە بە گونەهـ زانرا (سنەهـ<گونەهـ)..

یان sins=وثني(لەو کاتەوە کە ڕەمزێکی خوا وەك سەنەم مرۆڤ دروستی دەکرد)،کە لە بەراییدا ناوی دەهـ-دوو ڕەمزی کۆتایی بونە، دەست و پەنجەی مرۆڤ وگەردوون.

- بالاڤ<بەرئاڤ:(فارب×بەراڤ)، فارب<فالوب(بوری ئاوی زاوزێی مێینە).

- سانا-ئاسان:لە وەختی سەن هەیە(ڕۆژ) هەموو شت ئاسانە چۆن ڕووناکییە بەلاَم لە شەو و تاریکیدا کارەکان زەهمەت بوونە(سەب<صعب).

- تەمەت: هندی-دوومەت واتە دوو دەریا کە بەقەدەر یەك زانراون، جێگەی کۆتایی(هند-end).

- سەودا: واتە ئەقڵ و زانست، وشەکانی سەت-سەد-شەت لە توخمی ئەون، خودی ئاوستە/ئاڤستا واتە دەریای زانین-ئاسمانی شەو-کە بە سەر(سەر:سید)دانراوە-سودا<خودا..

ئاوستا-ئاوستە-سەتئاو-سەتاب<کتاب-ختاب، سەتەب-ستاب×باتس<بوتیکە(دەریای ڕەش لە ئاڤستا)..

(پاتەك)یش واتە(رد) لە فارسیدا، رد=جواب=ختاب(خطاب).

-اثم/آثام: لە هزری زرادشتیدا(اشماوخا) بە دژ و خراب و دوژمنی دینی زرادشتی هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- مێش×شێم(شام): ناوێکی تری خۆراوایە و خۆراوایش ڕەنگی ڕەشە و ڕۆخێکی گەردوونە هەروەها مێش لە ئاڤستا بەواتەی(روح) هاتووە ڕوح=ڕوخ، مێشی دەرچوو واتە ڕوحی دەرچو لە کوردی ئێستادا.

-شوشە/شیشە:

ناوەکە لە ڕەنگی سپی وەرگیراوە(سیسsis) لە کوردی واتە سپی، سیس لە دیالکتی میسریدا بوەتە ئەزاز واتە(زجاج).

- شمشمە واتە چەکچەکولە: لە دەبلکردنی ناوی شم+شم هاتووە واتە زۆر ڕەش، ڕەشیش ڕەنگێکی خراب هاتووە وەك(خراب<غراب) بۆیە ئەو باڵندەیە سیفەتی خراپی خراوەتە سەر، دوایی شمشمە بوو بە شمشمە کۆر،کۆرەیش واتە تاری، ئەمە بۆ دڵنیایی کردنی ماناکەیە کە ناوەکە لە سیفەتی ڕەش و خراپی وەرگیراوە بە تایبەت ئەو باڵندەیەیش لە شەودا بەدیار دەکەوێت.

- قەلە<قەرە:قەلە بەلۆك واتە قەلی ڕەنگ ڕەش و سپی.

- لەفز/لێڤس(لفظ):لە ناوی لێڤ/لێو+س هاتووە(لێڤس)، لەوز واتە ئاواز و دەنگ لە زاری سورچییاتیدا، لاڤژە یش واتە گۆرانی و ستران لە بادینانداا.

- دەرس:لە زانستی تارس(تار+س) (ناوەکانی ئەستێرە و هەسارەکان کە لە کۆندا سەردەمی ماگیەکان و پێشتریش ئاسمانی تاریکی جێگەی خواوەندەکان بووە)، دەرس<تریق (لە ناو دیوانەتی مریدی شێخەکان ئەم زاراوەیە وەك دەرس دێت واتە رێ وشوێنی رفتار و لۆقەت گۆتن)..

لە عەرەبی بووەتە(طریق)واتە رێگە یان تریقە بووەتە(طریقة)-هی عەرەبیەکە دەکرێت لە دورس(دور+س) وەرگیرابێت،کە دەرس(تارس) واتەی ئاواز و گۆتن یا فێربوونی لۆقەت-یش دەدات بۆیە ترقەترق و تەنەکە (Toneو دەنگ)..لە نێو هەندێ کوردێن پاشکەوتوو کە مانگ دەگیرێت تەنەکە دەکوتن یان ڕۆژ دەغەیرێ، ترقەترقێ دەکەن کە دەڵێن مانگ یا ڕۆژ دەکەوێتە نێو دەمی حوت(حوت واتە ئاو و تاریکی-خود/اد<حوت)..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تــاريس بـــووه بـــه(طـــارق-طـــرق)و چـــونكه تـــارس بـــه ناوەنـــدو هـــاتووه درس-تارس×سـرت/سـرد(ناوەنـد) كـه ناوەنـديش كوتـان و(نـبض)ى تێدايـه وەك چـۆن (دل) كـه ناوەند خۆى دەكوتێت ولێدەدات..

پێشتريش گوتمان زەرتا-سرتا له ئاڤستا دل بووه واته جێگەى ڕەت بوونەوە.

- فەتك(كوشتن)، فەتسى(خنكان)،Fate(بزربوون): گشتيان رەمزەكـانى جيهـانى خـوارەوەن (مـردن) فوت+س وەكو EیFoot هەروەها فوت(مردن) و فەوت(مـردن) و فـات(چـون) هـەر له توخمى ئەون Foot=پود(پا/پێ).

- مل: له مر<مور، مور=سور، ڕۆژى لـه سـەر مـل(شـان) يـان ڕۆژى لـه سـەر سـورى ئـاوابوون، چـۆن مـرۆڤ دوو ملـى هـەن وەك چـۆن فەلـەك دوو مـورى هـەن(شـەرق و خـەرب)، دەكرێـت ئەفسانەى دوو مار لەسەر مليش هەر لەوەوە هاتبێت.

- ياليت:ياريت<(رد) ڕەت، هاتنەوە وەك له Eدا Would that –ود=Ad-هات.

- ماسى-(ماشو):ناوى ڕۆژاوا وەكو(مساء) له ناوى ئاو وەرگيراوە چـۆن لـەناو ئـاودا دەژێـت، لـه فارسيدا پێى دەلێن(ماهى)= Fish فيش×شيڤ- واته ئاوى روبار يا جۆم/چەم.

له كوردى دەڤ شيڤ واته ڕوخ چـەم و دەو ئـاو، وەهـايش شـەڤ/شـەو(تـاريكى)هـەر لـه ئاڤسـتا هاتيه توخمى ئاوە و وەك چۆن ڕۆژ برسى و تينوو دەبێـت بـەرەو بەرشـو و شـيڤێ دەچـێت، كـه كـارى پەرسـتنيش زاركردنـەوە و نوانـدنى كـارى خواوەنـدەكان بـووە، بۆيـه مـرۆڤيش جەمى خواردنى وەك هـى ئـەوان دانـاوە (شـيف-تێشـت-فـراڤين)..چـۆن وەك لـه داسـتانى گـل گـامش هـاتووە مـرۆڤ نۆنـەرى خواوەندەكانـه و خواوەنـديش ئـەوى دروسـت كـردووە وەك ياريـدەرى ئـەو بـۆ بـەرێوەبردنى جيهـان..پێشـتر گوتمـان نـاوى تێشـت(جـەمى بـەيانى)لـه دس/تس هاتووە واته وەرگەرانى شەڤ (شەڤ×ڤەش<ڤاژ/ڤاژى)..

ڕۆژ هاته تێشتانه    شێشمس بەستى ديوانه    ماشا وى ددەته مێرانه

(بەيتا سبێ-شێشەمس/ئێزدياتى)



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-شور-شۆر/شۆربونەوە-شم و شۆر(دەلال):

شۆربوونەوە واتە سوڕانەوە(سوربوونەوە)ی خۆر کە بەرەو خۆراوا (سوراوا/خۆراوا) شۆر دەبێتەوە واتە دێتە خوار لە لوتکە (ڕەتکە)ی خۆی بۆ سەر ئاوی سووری جوانی خۆراب (خلاب).

-برید: عەرەب دەلێن ئەو ناوە لە ڕەنگی(بردە)ی سوری کە پۆستەچی لە بەردەکا هاتووە، بەلام نالێن و نازانن بۆچی ڕەنگی سوور بە(بردە)ناوکراوە..

برد(بردن/برن)لە کوردیدا(برد×درب) واتە سوڕانەوەی شەو یان ڕۆژ واتە تەسمیلکردنی پەیامی شەو بۆ ڕۆژ یا بە پێچەوانەوە(جێگەی تەسمیلکردنی ئەو پەیامەیش سوورە).

- **Pyre-Prey>Play**: پلێی لە پرێی هاتووە، پایری-پرەی-پلەی، کە ئەمانە لە سیفەتی ڕۆژهەلاتن(برس)ڕامانی ڕەنگی سپی دەبەخشن(هاربوون)-جم وجۆل یان کاتێ دنیا سپی دەبێت کاتی جم و جۆلە و کاتی گەرمی و نێچیر و شکارە کە **Prey** لە**E** دا واتەی نێچیر و شکاردێت، نێچیر لە نەسر(نسر) یان (نوێ سەر)=بەرزبوونەوە وەرگیراوە، چۆن بە هەلکەوتیش نییە لە (نسر =نوێ سەر) و (**Prey**) و هەلۆ، یەکتر دەگرنەوە..

**Yerp×Prey** (فۆنەتیکی نزیك بە حەرب) دێت چۆن وەك سنەت و یاساش گەلە کۆنەکان وەك ئاسوریەکان ڕۆژانە دەبوایە شەڕێکیان کردبا بە جلی سوور وەك لە تەورات ئەوها هاتووە، چونکە بە پێی فەلسەفەی زرادشتی ناوەکەیان ئەو مانایە دەبەخشی ئەو مانایەی لە سەر و سووری کوردی وەرگیراوە..

عەرەبەکانیش وەك خۆیان دەلێن(اهل الحرب) بوون، چونکە ناوەکەیان لە خرب نزیکە(عرب-حرب) وەکو عراك و(عراق) و عرکە و معرکە.

- **Distroy**–نموونەی دستار=هێران/هارین.

- مقلوب=مغرب:واتە داوی(ماد خواراب)، چۆن هەر جێگەیێکی ئەم ناوەی لە سەر بووبێت سیفەتی کۆتایی و داوی هەیە..(دیارە کوردەکان ئەم ناوەیان لە سەر ئەو چیایە داناوە چۆن دەکەوێتە ڕۆژاوایان-لە داستانی مەم وزین-یشدا ناوی ولاتی مەغرب هاتووە بە تایبەت گوندێك هەیە لە ناوچەی گۆرانێتی بەرامبەر ئەو شاخە پێی دەلێن مەم و زین)



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**مغرب/Morocco/مەراکش(مورس)، ئەسڵی ناوەکە لە مادسرب<ماسرب<ماغرب هاتووە واتە سەری ئاو/مەد)-جێگەی قەلب بوونەوەی خۆر، پێشتریش باسی خرب و قەلپمان کرد(خراپ وقەلپ)، ناوی نمرود و یونس(یونان)یش واتەی کۆتایی و ئاویان تێدایە.**

**- (طلاق)لە توخمی تەرك-دەرك.**

**- ترەکی: زاوزێی سەگ و پشیلە، ترەکی فۆنەتیکی هاوشێوەی دەرك(واتە جێگەی بەدەرکەوتن وپەیدابوون) و لە عەرەبیشدا(طلق)یانی زان و ژانی لە دایك بوون دێت.**

**- شاهد:کە دەلێن خوا شاهدە/خودێ شەهدە واتە وشەی (خود)لە (سود) وەرگیراوە، ئەو سودە بووەتە شەهدە و شاهدە، پێشتریش بینیمان کە تارس بەواتەی دیتن و بیبین لە ئاڤستادا-هاتووە، تارس=سود.**

**- بصر(ب+سەر):لە زمانی کوردیدا(بزر)واتە کاتێ ئەستێرەکان بزر دەبن، دیارە ئاسمانی شەو گرنگ تربووە لە ئاسمانی ڕۆژ کە چۆن ئاسمانی ڕۆژ بە شین(شینی=ماتەم) هاتووە وەك چۆن (تازی) لە تەوس-تاوس-تموس وەرگیراوە (گرین لەسەر ڕۆژ لەناو سۆمەری وحرانییەکاندا..تموس=تاوس)**

**وەهاش شینی لەبەر بزربوونی خواوەندەکان-ئەستێرەکان-هاتووە..**

**بصر=دیتن ودیدە لە عەرەبیدا هەروەها وەك کوردیش(بصیر) واتە کۆرە و نابین لە سیفەتی بزربونی خواوەندەکان.**

**- فیصل:لە (ف+سەر) واتە جێگەی جودایی و ناوبڕ، فەیصەل مانای شمشێیش دەدات-سیفەتی تیژی خۆرهەلهاتن.**

**- زند/زەند:بەواتەی(شرح) هاتووە کە ئاڤستا سەرلەنوێ نووسرایەوە لە ئاڤستا بوو بە(زەند ئاڤستا)، من پێم وایە زیاتر مانای زیندووکردنەوە دەگونجێت لە(شرح)..**

**زند-سند×دنس-دانش(زانین)، دەنس-دەنگ-تونگ(زمان).**

**- ئاقد=ئاڤدی ئاو، (اسد) - سیفەتی بەرایی و زیخی وجەربەزەیی..-ئەگید (بەجەرگ).**

**- آجر-تابوگ/کەرکوچ،آجر—آسر/آسور-لە ڕەنگە سورەکەی ئەو ناوەی وەرگرتووە.**

**- کسل-کسر-خسر-خشر(بێ بەر)،گشتیان سیفەتی نزمبوون و داکەتن وشکەستنی چاوی خۆر لە خۆراوایی، هاتوون(خور+سەر) ئاوەژوکردنی کسر×رسك<رسکا/رسکی یان چڕو**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تاریکبوون کە خۆر دەشکێت(کسر) ئەم قسە و پەیڤە بووەتە(کثر/کثیر)-ئەستێرەکان-
هەروەها کورد دەڵێت:

شەو ڕاشکا(رسکا×کسر) واتە وەرگەرا، دیسان کەسەر واتە خەم، خەمیش لە سەم هاتووە سیفەتی تەواوی یان خراپی، سەرسەم واتە کۆتایی پێ..جگە لەوەیش رسك واتە مۆرو(مور=سور) سیفەتەکانی خۆراوا(سوراوا)..هەروەها(رشك) واتە زیندە و سپێ لە ناو قژی سەردا، وەك سیفەت و شێوەی ئەستێرەکان لە ناو تاریکیدا..(رسغ×غسر/خسر-کثر) ڕۆژ کە ورد دەبێتەوە دەست لەو جێگەی دەبێتە پەنجە واتە چەند پارچە-تەشبیکردنی گەردوون بە جەستەی مرۆڤ-رسغ واتە کۆتایی باسك و زەند لە عەرەبیدا..

- قصر:هەر لێواری ئاوێك کراوەتە جێگەی ئاوایی وەکو(مد<مدینە)، (ئاو<ئاوایی)..
لە دواییدا کسر/خسر(خۆر سەر) بوەتە کۆچەر(وەخەربوونی خۆر).

- چارە:لە ئەسڵی (سەرە<جارە<چارە) هاتووە کە چوار بە سەر دانراوە وەك چوار شەممەی سووری(خولە) ئێزدی، چوارشەممەیش ڕۆژێکی پیرۆز و چارەسەرییە-لەشاری ئاکرێ ڕۆژانی چوارشەممە خەلك دەچنە سەر کانی زەرك و شێخماڤ بو ئاوی عیلاج..

- چارە(علاج):ئەمەیش سیفەتێکی تری سەرەکانە، (علاج)یش لە ئەسڵی (اراس) هاتووە، جاران (حلاق) لە جێگەی دختۆر وابوو کە خۆینیشی بەردەدا لە سەری ناخۆش ئەمە لەو فەلسەفەیە وەرگیراوە کە خواوەند لە ئاسۆ(سەروسور) خوێن دەرێژێت و ڕەنگی سوور بەرئەدات، ناوی سەری-یش ئاوەژووکردنی ناوی(راس/رەس)ە، بۆیە مرۆڤیش وەك پیرۆزی و جۆرە پەرستنێك لە زار ئەو خواوەندانەی کردۆتەوە..

راس-آراس-أراق-ئەلاق(حلاق)، یان پەیڤەکانی(علاج و حلاق) لە ناوی راس و ئەرەس هاتوون..کە هەر لەو ناوەیش ناوی(حلاق) وکارەکەی هاتوون-پێوەندی حەلاق بە سەرەوە-کرمی (علق) کە کرمێکی خۆن مژە دەڵێن عیلاجە(سیفەت لە ناو وەرگرتن).

- حیە-حەوا-خوێ: مار-مارە-مرأە، پێشتر باسی ئەو ناوانەمان کرد کە لەبەرئەوەی سیفەتی مردنیان تێدایە بۆیە بە خراب دانراون..ئەو ناوانەیش ڕەمزەکانی ئاسۆی مۆر و خۆراوان..

کە ناوەکانیشیان وەکو یەکترن و ئیلهام و وەحیش لە یەکتر وەردەگرن، بۆیەش کە دایکە هەوا (حەوا)کە سێوی بە ئادەم داخواردن، دەڵێن ئیحا و ئیلهامی لە سیتان/شەیتان



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وەرگرتووە(لایەنی تاریکی گەردوون-سود ئانۆ)کە لە ڕەمزی مار بەرجەستە بووە..(1)-خاوەن سیفەتی مردن(مۆر/مار/مر+دن).. بە واتاییێکی تر ئەم ناوانە کە وێکدا دەچن، هەمووشیان خۆیان و ناوەکانیان سیفەتی مردن هەلدەگرن، بۆیە هەموویان وەك یەكتر دانراون واتە حەوا=سیتان ڕەمزەکانی ئیها وئیلهام چۆن مار-مراە، فۆنەتیکیان نزیکە بەیەكتر وەك(خوَی) واتە مار و حەوا بە زمانی ئاشوری.

- ئیلهام-(ئیرم)×مریە-مراە: دێت وەکو وەحی×یحاء-حیە، چۆن ناوی سیتان و مرأە و مار ئەوانیش بە ئیلهام بەخش زانراون..وتمان ناوی سیتان ناوی خواوەندێکی ئاسمان بووە هەروەها ئیرم یش ناوێکی تری ئەو ئاسمانەیە (ئیرم<عیلم/علوم) چووە..هەروەسا لە ناوی ئیلهام (ألم/آلام) وەرگیراوە-چۆن لەگەڵ وەحی بۆ هاتن(دەلێن کاتی وەحی بۆ محەمەد دەهات ئارەقەی دەکرد)دواتر ئیرم بووەتە(حرم/حرام) چۆن جێگەی خەلق بوون بووە-بود<بیت/باد..ڕەمزی ژن ئاباد<ئاڤا-حەوا.

- خاصرە-خصر-کسر: ناوەکانی ڕۆژاوا کە دەکەونە نێوان هێلی ڕەش وسپیدا واتە لە ئەسڵی دوو ئاسمان، خاصرە بە کوردی پێی دەلێن ناڤ ترەنگ(ناو دوو ڕەنگ).

-قاصر-قصر:سیفەتی کەمێتی یان دەمکەمی خۆراوا بە نیسبەت شەو ڕۆژ.

- خشل<خسر(خور+سەر):جوانی ڕەنگەکانی ڕۆژاوا وەك(خوراب<خلاب)..خەسر<خەزال-سیفەتی جوانی.

- گوزەل(جوان)-گێزەر(رەگی زەرد)کە خۆر کەسر و خەسرە بێت(خۆر سەر).

- (حسرە):لە خسرە وخسارە هاتووە، نقومبوونی خۆر وەك خەسارەت دانراوە، لە کوردیش کە پیاوێکی لادین بمرێت دەلێن خەسار بوو.

-(خضر/أخضر):کە خۆراوا بە نێوانی تاریکی و ڕووناکی دانراوە، چونکە ئیسلامیش بە دینێکی (وسط) هاتووە سورم- سلم- اسلام، بۆیە(خضر)واتە ڕەنگی کەسك بۆ

---

1- لای کوردەواری ماری ڕەش نابێت بکوژرێت - پێوەندی ڕەنگی ڕەش و پیرۆزی لای کوردە کۆنەکان-هەروەسا لای دەرگەی پەرستگاکانی کوردی ئێزدی رەسمی مار نەخش دەکرێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خۆیان هەلبژاردووە- ئیستا ئالای عەرەبستانی سعودی ڕەنگی کەسکە.

سووری بەرامبەر سپی بەیانیانیش(هێلی ئاسۆ)، بۆیە شیر/شمشێر(سیف-سفید) لەتەك ئەو ڕەنگە دایە..

(الخط الاخضر)واتە نێوانی دوو ڕەنگ-زاراوەێکی سیاسیە-هەروەسا لە توخمی ئەو کسر وخسر و خصر و خضریش کە مانای نێوانی دوولا دەدات، لە دەڤێن ئاڤستا (گزیر) ناوبەر دێت، ناوبەری دوو ئاو یا دوو دەریا  وەك شێوەگزیرەی نێوان دجلە و فورات یان جزیرەی عەرەبی..

کەسرەوان یش پشتینەیە، شیتك لە کورمانجی ژووروودا، هەروا وشەی (قجیل)یش پەنجەی کورت وکۆتایی-دوایی، دیسان(خازر)و(خەوصر)ی روبار، هەر (خسر وکسر)ی خۆرە(خۆرسەر<خۆسەر<خوصر، واتە جێگەو سیفەتی مردنی خۆر و ونبوونی بە پێی ئەوەی هەر ئاو و دەریاییێك سنوور و مەرز(ما رەس) بووە، دواتر خۆرسەر بووەتە خۆلی سەر(نفرین و داوای مردن بۆ کەسێك)..

خزر-یش واتە شتی ورد، پاشان کیسەل ناوەکەی لە ناوی ئاو وەرگیراوە وەك ماسی وماهی..(ئەفسانەیێکی خەربیش هەیە دەڵێ دنیا لە سەر پشتی کیسەلەیە) وەك گاو ماسی خۆمان.

- درهەم-دراخما: وشەیێکی یۆنانییە و لە ئەسلدا لە دوبڕگە پێکهاتووە، دوو+رهما/رخما/رقما/رسما، واتە دوو ڕەخی کوردی و دوو ڕەهەم واتە دوو مرۆڤ یان دوو ڕەقم واتە نەخشەی لەسەر هەردووو لای درهەم یان دوو ڕەسم واتە دوو(رەسوم:رأس).

لە کوردیدا بووەتە دراڤ/دراو واتە پارە کە تائیستایش ڕەسم بە مانای باج و پارە دێت کە(ر<ل) چووە، دراخما بووەتە(تلسم) کە ئەویش هەر لەسەر شێوەی درهەم بووە..لە توخمی ئەو دێرسم —سیفەتی بازنەیی.

- خلاس: لە خورس هاتووە خرس×سرخ(سوور)بەرامبەر **across** واتە ئاسۆیی..

کورد دەلێت خولسیاڤە یان گولشیاڤە  یان هورشیا (هورد وخاش بونەوە)ئەم قسانە لە فەلسەفەی ئاوابوونی خۆر وەرگیراون-وردوخاش و شکان و قەلب بوونەوە-خورس-خلاس-



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**كولشـان وكەلشـين(شـەق بـردن)واتـە خـورس>كـولش/كەلـەش(مـردوو)=تـەرم(تـارى)، وەكو Med=ميت..**

**ميسريەكانيش تا ئيستا دەلێن يا خەراشى ياخەرابى(خەراش>خورس).**

**- سورخ-سلوق:(ئەو شارەى ئەسكەندەر ئاواى كردبوو لە خەربى تيسفون).**

**- سماق:لە توخمى sams/شام سورى ڕۆژ، سموقى =سوور بە ئاشورى.**

**-(آمـون)emon:واتـە ژمـارە دەھ لـە زمـانى ھـورى بەرامبـەر بـە(عشـرە)-اسـرە/سـەر لـە عەرەبى وئاسوريدا، ئەم ناوانە بۆ ڕاناوەكان بە كاربراون واتـە(مـن/ئـەمن/min)، سـەرێك و تـۆ/ئوتـۆ(دوو)سـەرىتر(دو/دە) واتـەى تـەمامى و دوو، كـە(أيـا) بـووە..(أيـا/I)لـە ئينگليزيـدا بووەتە ڕاناوى (من)..**

**لە كۆتايى سورەتەكانى قورئان و كۆتايى ھەر پارانـەوە و ڤێرسـە پيرۆزەكـانيش ئـەم نـاوە و زاراوەى تەواوى دەلێنـەوە-آمين-.**

**- قرب>قلب/قولپى/قەلپ(ر>ل)چووە..**

**جێگەى نزيكبونەوەى خۆر لە ئەرد و ئاو، لە خۆراوا(خوراب/خـرب) كەواتـە خـرب و قـرب لە يەكترەوە وەرگيراون تەنها (خ>ق)چووە ، پێشتريش ووتمان مقلوب لـە مـەغروب ھاتووە، (مغرب)يش لە(ما+سرب/مەدسرب)-مشـرب×برشمو/برشـنو، جێگـەى ئـاو خواردنـەوەى خـۆر لە ڕۆژاوا وەك لە فەلسەفەى ئاڤستاييدا ھاتووە.**

**- ئاڤـا: لـە كورديـدا(ژن ئاڤايـە) واتـە بـاردارە(حامـل)..ڕۆژيـش كـە ڕەنگـى سـوور دەبێـت لـە ڕۆژاوا بەرەو ئاوابوون دەچێت و ڕۆژى دواتر ڕۆژێكى نوێ لێى دەزێتەوە.**

**- ڕسم: پێشتر ووتمان ڕسم/ڕخـم/ڕقـم لـە يـەك ڕەگـەزەوەن، ھەمووشـيان لـە ئەسـڵى ڕەھـم-رم×مر(مرۆڤ)ھاتوون وەكو رم-روم×مور(ھەرەمەكى واتە گشتى خەلك)لە كورديدا..**

**ئاوەژوكردنى پەيڤەكە وەكو مەد×دەم كە پاشتر بوونـەتە ناو، مەد-ئامەد(ئەحمەد).**

**- مور: ڕەنگى مۆر و سور =تەمخە لە دەمخە >(دەم+س).**

**- Island-Isle ئايسلاند(گزيـرە-جزيـرە):دەكـرێ لـە دوو برِگـە پێكھاتبێـت (اسـر+نـد)واتـە سەر و سيفەتى شـەو، جێگـەى سوڕانەوەى خـۆر..سـرند×دنـرس-دينـارس كـە ئەمـەى دوايـى پارەى يونانى بووە واتە لـە بـەر سيفەتى بازنـەيى ئـەو نـاوەى لێنـراوە، ھـەروەھاى دينـارس**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

(دینا+رس) یان سەردنیا کە ئەمەیش هەر ناوێکی گزیرێکە لە نزیك ئیتالیا-تو بلێی ئەم هەموو ناوانە بە هەڵکەوت ئەوها هاتبن.

-ترازوو/ترازی: یان دوو رۆزە-وەکو ناوی(دراجە) لە دوو ڕۆژە هاتووە-دوو رەسە(دوو سێنی ترازوو) واتە لە ئەسڵی جێگەی ڕاستبوونەوەی ڕۆژە لە ئاسمانی شەوا-ڕۆژی دووەم، یان ڕاستبوونەوە و سوڕانەوەی سال لە پاییزدا..(1)

بروانە تارس-درك.

- گران: لە کوردەواریدا دەڵێن نەنقە یان مەنۆ لە کاتی ڕۆژاوایێ گرانی گارانێت بەسەر دادێ، گران لە توخمی خوران..ڕۆژ کە نزم دەبێتەوە و دادەلەنگێ بەرەو خۆراوا، کە نزمی و هاتنەخوار نیشانەی قورسی وگرانییە(خورس<قورس)، بە پێچەوانەیش سڤکی/سوکی-سەبوك(فارسی)لە سب و صبح وەرگیراون کە خۆر بەرزدەبێتەوە.

- خف/خفیف:لە توخمی (قف>سف)وەك چۆن ڕۆژهەلات بەسەر و کۆتایی دانراوە، جێگەی حسێب/حساب-صواب لە ئەسڵی سب/اسب-چیای قاف یش بە ناوی کۆتایی هاتووە.

- ثقل/ثقیل:وەکو شکێر/صخر، شکێر-ثقل/ثقیل-گۆرینی تیپ بەرەو فۆنیم (شکێر واتە کەڤر).

- **light**: سوك کە ناوی ڕووناکیشە..لایت لە ئەسڵی ڕەد<**right** کە ناوی باشی و دروستیە چۆن مرۆڤی بەرایی ڕووناکی ڕۆژهەلاتی بە باش داناوە وەکو(سەح و ساهی)، ئاوابونی خۆریش (تاریکی) بە خراپی دایناوە(خراب وغروب).

- کەرخ (کرخ):لە ئەسڵی سورخ-سورك، مێژوونوسانی عەرەب دەڵێن ناوی کەرخی بەغدا لە ناوی قەلاتێك هاتووە کە لەو جێگایە بووە، قەلاتیش شێوەی بازنەییە(سورە<قورە<قەلعە) گەرەك وکەرك(شێوەی خانوو)،گڕك-یش جۆرە دستاڕێکە پوشکی برنج پێی دەهاڕن، هەر وەکو دەستاڕ لە(دس×تار/دور)-(سوڕانەوەی ڕۆژ).

- شور/شورین(شوشتن): لە ئەسڵی سور و سەر(سرب<شرب)، (شرب×برشو) واتە ئاوی ڕوبار لە ئاڤستا، لە ئەسڵی فەلسەفەی هەردووو سەری دنیا ئاو و دەریان.

---

1-گێژنی کوردی ئێزدی لەو کاتە دایە (عەیدی جەمایێ).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- دەریا: جێگەی دەورکردنەوەی خۆر(تار-دور)کە بە ئاوی تاریکی زانراوە(سودآب).

- **dirty**: تاری کە ڕەنگی ڕەش و تاریك بە پیس و سپی بە پاکی دانراوە.

- **clean**: سرین/شرین(ڕنگی سپی).

- نەوی/نەڤی-نەمی/نامۆ-ی خۆراوا بە نزمی دانراوە..ناصی/نزم لە ئەسڵی نسوم و نس، ni لە سۆمەریدا واتەی نزمی داوە-دیارە وشەی نزم لە نی+سو(ئاسو) وەرگیراوە.

-نور-**north**:یان بلند و سەرە **Normandy** لە ژووروی ئەوروپا، **soath** وەکو ناوی (سذ/سوذ)-ئاوی خواروو، (سو)یش بە تورکی ئاو دەگەیەنێت وەکو(زێ)ی کوردی.

-لاهوت: (ڕد) رەد-**ligh-right** (ڕوناهی و ڕاستی).

-ناهوت: (ند)**night** تاریکی و نهایە(لاهوت و ناهوت جوتە پەیڤی ئینجیلین).

-قدس: لە ئەسڵی سدس(سد+س)-ئاڤستا/ئابستاق(ئاب+سداس<ئابستاق)..واتە تاریکی وتەواوی(ناوەند) دەکرێت بەردی ڕەش لە کابێ/کعبە (سب)پێوەندی بەم واتا میتافیزیکی کۆنەوە هەبێت کە دەبێ ناوەند شتی ڕەش بێ-هەروەك لە دینی کۆنی کوردی ئێزدی لالش واتەی(لای ڕەش) دێت-ڕەشی سیفەتی سەرێکیشە..

(ئەو بابێ ئالێ ڕەشە، هەی شێرۆ ژ لالشە-بەیتا سپی/ئێزدیاتی)

- دەهر:(زەمان) ئەم پەیڤە لە دور وەرگیراوە-دەورەی خۆر-لە کتێبی ئێزیاتی دەهر بە واتەی دیار(ظهر/ظهور)بەکارهاتووە..دیارە ئەسلەکەیان لە وشەی (ذر<ذهر)هاتووە پاشتر جیابونەوە بەرەو مانای جیاجیا وەکو(ظهر)ی عەرەبی و دەهر/دیار-دور-ی کوردی.

- پێوەندی زمان و ثمان:کە فونەتیکی ئەم وشانە نزیك بە یەکترن، ئەمانە لەو فەلسەفەیە وەرگیراون کە سبعە(سب)ژمارەی تەواوییە و ثمان و ثمانیە دەسپێکردنێکی نوێیە بۆ دەورەی خۆر وەکو(دس<تسعة)..

ثمان دەسپێکە =هەشت-8- لە زمانی ئینگلیزی **east**-ئیست فۆنەتیکی وەکو هەشت/ئەشت-ی کوردییە، ئەمە بەو مانایەیە کە ڕۆژهەلات دەسپێکە **eight**-8-وەکوعید/**add** دێت، یان دا+هات/دو-دەه لە ئەسڵی ئەو زاراوەن، واتە ڕۆژهەلات بە(عید) و (عاد) و(هات) و **add** هاتوون..

هەشتیش وەکو **east** دێت کە لەو بۆچوونەش وەرگیراوە..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

Easter هەر عیدە، (عشتار)یش لە سەردەمێکدا ئیلاهی شەمس بووە ..هەستە-یش لە بەرز و هەستانەوەی ڕۆژ وەرگیراوە .

- تمن(برنج):گوتمان ثمان واتە دەسپێکی ڕۆژ(هەشت-east)هاتووە، کە دەسپێکی ڕۆژیش بەیانی ڕەنگی سپییە بۆیە ناوی تمن(برنج) لەو ڕەنگە سپییە وەرگیراوە-ڕەنگی سپی برنج-وەهاش برنج-prince(بەرایی)-pre-برنج و برنجی(باش) گشتیان هەر لەو بۆچوونە وەرگیراون کە سپە بەراییە..

(رز)یش واتە برنج لە رەس(رأس)-rice هاتووە..

دیسان پەیڤی(ثمن)واتە نرخ چونکە (عد)و ژمارتن لە دەسپێکی ژمارەکانە بۆیە ئەو وشەیە بۆ نرخی کڕین و فرۆشتن بەکارهاتووە (نرخ=ثمن)-کە نرخی کوردیش لە نو+ڕەخ/ڕوخی نوێ هاتووە،priceی ئینگلیزیش واتە نرخ لە بەرایی هاتووە و(سعر)ی عەرەبیش لە (سەر)ی کوردی و سۆمەری وەرگراوە..

ئەگەر ئێمە هزرلە ژمارە (8) یش بکەینەوە ئەبینین وەکو شێوەی دو بازنەیە(دوو/نوێ) کە لە ئینگلیزیا هەموو ژمارەکانیشی لێ دروست دەبن.

- ئەڤراز/ئەوراس/ئاراس(بەرزی)rise-up (اب-راس).

- نشیڤ/نشیو:لە نسو/نس هاتووە.

- دەڤ/دەم/دەو/دوو/دی/top/tap..دەم جێگەی تۆپ دێت کە هەر شتێك گەیشتە تۆپ دەبێتە دوو(دوبا لە ئاڤستا)ئینجا دەسوڕێتەوە(لە ئەسڵی دابەشکردنی جەستەی مرۆڤ بۆ دوو دەم یان دوو سەر وەك گەردوون)-دەم=دامان..

- ددان: (أد-دد)یان جێگەی ژمارتن-عد-add

- گەروو/گری<گەلی: لە خۆر وگۆر هاتووە-ئاوابوونی-

- زمان:کە ئەندامێکی جێگەکەی لە نێوان لێو و گەروو دایە (رف وگور)، وشەکە لە شوباندی سەن<سوەن<زمان، یان سوەن و ڕۆژ زمانی پیشانی خەلك داوە بە پرۆسەی سوڕانەوەی خۆی.

- زەمەن و زەمان-یش: لە سوەن و سەن وەرگیراون چۆن بێی سوڕانەوەی خۆر(کات و زەمەن) دروست نابێت، زەمەن بەرامبەر بە (زوەن)ی ئاشوری.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- **lip**/لەب/لێو: لە ئەسڵی ڕەف/رەب بە تەشبیکردنی لێوی مرۆڤ بە جێگەی بەرزبونەوەی هاتنە دەری ڕۆژ وەرگیراوە(رەپ) واتە بەرزبوون و قوتبوونەوە و هەستان و لۆف کردنەوە، پێشتریش باسمان لە ڕەف×فەڕ وەکو سەر/اسر(هەزار)کرد..

- رومەت: لە سیفەتی دوولایەنی (ڕەت) وەرگیراوە، گۆنا-ش لە سنا(ثنا)کەئەویش سیفەتی دوانەیی هەیە هەروەها وەکو گونی نێرینەیش..

(خد)ی عەرەبیش لە سد×دس واتە دوو، غەدغەدە-ش لە کوردیدا واتە دوودل.

- **time**-دەم-دوم-دەوام=وەخت: لە ئەسڵی (ئەست<وەقت، سەت/سوت/جوت) پێوەندی دوانەیی لە گەل زیادە و زێدەبووندا.

-طیف:لە دوڤا و دوڤ هاتووە، لە سیفەتی دەرکەوتنی چاوی ڕۆژ، وەرگیراوە کاتێ بەدەرکەوتنی، ڕەنگەکان دەردەکەون، طیف بەرامبەر **prism** کە دەکرێت ئەمەیش لە سیفەتی پڕبوو ن و پیرۆسی وەگیرابێت.

- تافتی(نقی) واتە پاك وخاوین، دەلێن کچەکە وەك ڕوونی تافتیە.

- بافرە: سپی بوون ومردن لەئەسڵی(با+فرە) وەکو بەفر هەروەها (با+سرە).

- دمدم:وەکو ناوی قەلای دمدم بەرامبەر دز/دس، واتە دوو کە(دز)یش ناوی قەلاتە، بۆیە(دم)یش دەبێت هەر قەلات بێت کە هەرواش بووە..قەلای دمدم-دوبارەکردنەوەی زاراوەکەیش بۆ مەزنی وگەورەیی بەکارهاتووە-هەر لێرەوەیش خوشکی ژنی پیاو، پێی دەلێن دش(دوو)..

دەکرێت قەلات/کەلا/کەلێ لە ناوی خۆری بەرزایی وەرگیرابێت یان قەلا وکەل(سەر) لە بەرزایی و شوێنی خۆر پەرستن بووبن(کەم بژی کەلٚ بژی).

- و(واوی عەتف)واوی سوڕانەوەی خۆر(دەڤ/دوڤا)..

دف-ادف<عەتف(کە دەف/دەم نیشانەی تەواوی و دەسپێکردنەوە بووە)، لە E یشدا-**and**، **end** لە ئاڤستایش **addu**

- **victory**:یان فێس دور/ڤاژی-**face**+در .

سەرکەت لە سەر+سەد (سەر/سور،کەوتنی خۆر لەسەر سەد/سەتوم).

- هات: وەکو عاد، کورد هات و وەرە بەکاردەبەن..مەلای جزیری دەلێت:



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وەر بوو ژ دور بەدرا منیر: هات ژ دور بەدرا منیر
لە کاری نەناسینیشدا وەرە نڤیسین واتە بێتە نڤیسین.

- تیـژ و تـژی: لـە شـێوەی تـازە و تـاوس و تیـوس-ە، کـە نـاوێکی ڕۆژە و ئـەو پەیڤانـەیش سیفەتەکانین، کە ڕۆژ تژی و پڕدەبێت لەکاری قەڵب بوونـەوەی بـۆ شـەو واتـە تەبـەڤبوونی لەسەر یەکترا، واتە تەبەڤی ڕۆژ دەکەوێتە سەر تەبەڤی شەو و تاریکی، کە لێوەکانیـان(افـق) تیژ دیاردەکەون، پەیڤەکە لەو سیفەتە هاتووە کـە دەکەونـە یـەك ئاسـتیش ئـەو کـارە تـژی بوونە (توازی) یا دوو ئاسوو دروست دەکات-تیژ و تازە و تاوس و تواز..هتد

- أفــق<افــس(ئــاڤس) واتــە پربــوون..دیســان هــەڤزی(هاوتەمــەن) و یەکســان وهەڤشــی (خلاسبوون) کە هەڤشی بۆ چکبوونی کانیاوەکان بەکاردێت-لەبەر ئەوەی کـاتێ مێیـە ئـاوس دەبێـت شـیری مەمکـەکانی وشـك دەبێـت بۆیـە ئـاڤس کـراوە بـە هەڤشـین، واتەکـە لێـی شەفکراوە-

هـەروەها (أفـك) لـە عەرەبیـدا واتـە دووڕوو یـا درۆ وبوختـان، ئـەم وشـانە گشـتیان لـە فەلسەفەی سوڕانەوەی خـۆر و گـەردوون وەرگـیراون کـە لـە سـەردەمە کۆنەکانـدا خـۆرو ڕۆژ سەرچاوەی هەموو مانایەك بووە بەو پێیەی دەپەرێسترا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.

- زۆم: بە کوردی وەك(قوم) و کۆم دێت، وشەکە لە سەم/شام واتە لوتکە وگەیشتنی خـۆر بـە ئەرد و ئاوەوە وەرگـیراوە-کۆبوونیـان-ڕۆژاوا/غـەرب=خـەرب کـە دنیـاش خـراب دەبێت/ڕۆژی قیامەت، کە ڕۆژی کۆبوون و قیامەت هاوبەندن، لە خـۆراییش نـەگوتراوە ڕۆژی قیامـەت لـە شام دەبێت.

- خلاس:لە خورس(خوراوا)هاتووە، خورس+خـولس/خلس دواتـر بـووە بـە **closs-cross**، کـــروس/کرســـتیان یـــان خورســـتیان واتـــە خـــەلکی خلاســـی/خلـــس- هـــەروەها **across**(ئاسـۆیی)..**christ**یـش لـە ئینگلیزیـدا واتـەی هـەر خلاسـبوونێکی چـاوەڕوانکراو دێت، مال کلێس واتـە مـال خـراب ،کلێس=خـراب، کـە جێگـەی مردنـی خـۆر بـووە و دیسان زیندوبونەوە بودس/بوتیکـە واتـە بـودەن و بونـەوە بـە دواییـەوە دێـت، هـەر بۆیـەش ئـەوێ جێگەی خوداوەند بووە-جێگەی پەرستن=کلێسە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- خورش له ئەسڵی خورس واته سەرووی خۆر/سەری خۆر كه بـه سـیفەتی خـراب دانـراوە-میسریەكان تا ئیستاش دەڵێن(یاخراپی یا خراشی).

- جڤین(كۆمبون) دواتر كۆمبوونی نێر و مێ (ڕووناكی و تاریكی)، جڤین=خەبـەر(لـه كۆنـدا سەردەمی سۆمەری ڕوباری-خبر-ئەو ڕوبـاره بـووه كـه ڕۆژ لێـی ئـاوا دەبێت) دواتـر بـووه بـه قبر وگۆر..

جڤـین/جنێـو، وەك قسـەی ناشـرین(سـب)، لـه E دا ئـەو (جڤـین/جنێـو)**swear** دێـت، لـه ئەسڵی سوور ڕەنگی خۆراوا، دیسان ئەو **swear** ە بۆ سویندیش بەكاردێت..

سور<سوێر**swear** ، خۆر-خبر، جەم-جەمین-جڤین..

شـتم-یـش لـه سـوتەم(تـەواوی) كـه سـیفەتی دوو/دوس(كـۆم)ی تیایـه كـه هەرهـەموویان سیفەتی تاریكی و دوانەیی وكۆبونەویان تێدایه.

- قرێژ:له ئەسڵی خورش/كرش<گلێش پەرەی سەندووە، خورس واته ڕەنگی تاریكی خۆر.

- فرز(فرض)-فـرق: لـه ئەسـڵی ئـەو فەرقانـەی دەكەونـه ڕۆژ یـان ڕووناكیەكـەی، فـەرز-فـرق دەبێــت(فــارزە)و(فرصــة)ێكــی تــر..فەرســەت لــه كوردیــدا واتــه همــەت و پێكریــان و لێوەشانەوەیی بۆ گۆڕین وگۆرانكاری..بـەرز-فـەرز(برصو-بـەبابلی)..فـرز-فـرض×ظـرف، بـرز واته **act** له ئاڤستا، له ئاڤستاش ڕۆژ كراوەته پێنج فەرز.

- **Contents** ناوەرۆك و چـەندێتی(محتـوی) لـه ئەسـڵی (زەنـد+انـد)، زینـدی =حـی، حـوا-احتواو-حاوی..لـه كوردەواریـدا(كونـدە) جێگـەی هـەلگرتنی ئـاو بـووه كـه مـادەیێكی پێسـتی زكی ئاژەلان بووە وەكو مەشك-جێگەی هەژاندن و شەقاندنی شیرو و دۆ-كه زكیش سـیفەت و نــاوێكی مێینەیــه چــونكه منــال تێــدا دروســت دەبێــت-ناوەنــدی زیندووبونــەوە، ئاسمــانی ڕەشــیش بــه زك و ناوەنــدی گــەردوون دانــراوە، ناوەنــد-جێگــەی دۆركردنــەوە یــا زینــدوو بونـەوەی خـۆر..گونـدی و لادێ نشـینەكان دەلـێن مریشـكی(قونـد) واتـه بـێ كلك و دولـك-سـیفەتی مێینـه وخرڕوڤـرِی-بـەم جـۆرە زینـد-قونـد-گونـد-كونـد-هنـد/**end** بەشـێوەیێكی گەلاەمپەری وگشتی پەیڤی مێینەن (لـه هنـد زنتـا نـاوی ژنانـه هـەروەكو سـند< هنـد واتـەی كۆتایی دەبەخشێت).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەلێن (جند)..(1) لە زاراوەی گوند هاتووە کە گوند لە ئەسڵی زند و زنتا هاتووە بە مانای خێزان و ئەشیر لە ئاڤستادا، دیارە لە سەردەمە کۆنەکان سەرۆکایەتی خێزان لە دەستی دایکدا بووە بۆیە ئەو ناوە مانا مێینەکە دەگەینێت..(گوندۆرە وکوندر وکوندك)یش سیفەتی بازنەیی ومێینە هەلدەگرن..

مەشك-یش لە ئەسڵی ماشو-ناوەندی ئاو، هاتووە وەکو مەسینەی ئاو، مس لە واتایێکی خۆیدا بۆ مریشك بەکاردێت کە دەتەوێت خۆی بملسێنێت کە سیفەتی ئاو و نزمی ومێینە بەیەکتر بەستراونەتەوە.

-درب-road لە دورب(ر×رد) هاتووە..(درب<طلب)یش چوە وەکو دوقەس-داخاز-تقاضی-داوا-دعوی-لە توخمی یەکترن..

درب=تار/تور+ب(دولاب) واتە چەرخی گەردوون و خۆر کە(ڕەد/ڕەت) دەبێتەوە، لەکوردەواریدا دەلێن فلانە ئاژەل لە تەلەبە واتە لە کەلە، کە کەلیش لە سەرگەرمی وەرگیراوە(کەر-کەرت=پارچەبوون و زێدەیی) بۆیە تەلەب لە(درب=دور+آب) هاتووە..

چاو لەدەر یش بۆ مرۆڤ هەر ئەو ڕامانە دەبەخشێت، لە توخمەکانی تریشی دەرب-دەلو/موترب=طرب، چونکە زۆربەی ئەوانەی سترانیان دەستری ئەگەران لەم جێگەیە بۆ ئەو جێگەیە..ئەوها وشەکە بۆ چەندین مانا براوە.

- دەهر=دور: لە عەرەبیدا بووەتە ظهر-ظهور-جێگەی ڕەتبوونەوەی ڕۆژ..دەهری-یش لە کوردیدا واتە گێژ و سەرلێشێواو..

-ید واتە دەست ، دیارە ئەمە لە ئاوەژوکردنی ووشەی دە-ی کوردی وەرگیراوە(دە×ئەد<ید) چۆن ژمارەی پەنجەی دەستەکان دەهن(دەس/دەست=دە).

---

1-جندی لە کوردیدا واتە جوان ودەلال، مانایەی ئەم پەیڤە بۆچوونی هاتنی جوند لە گوند ڕەتدەکاتەوە-پێم وایە وشەکە لە سیفەتی کۆتایی وەرگیراوە(سند/زنت<گوند) واتە لێواری ئاو و خۆراوا کە جوانی و ڕەنگینی بەخۆیەوە هەلدەگرێت وەکو چۆن خوراب بووەتە(خلاب).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- مەدرس-مەدریس:جێگەی دانشتن، لە ئەسڵی(مەد+رەس) واتە سەری یان لوتکەی مەد-کە مەد بەئاو و دەریا هاتووە، دەریایش بە جێگەی هەموو زانستێك دانراوە لە ئاڤستادا(سوتە<سەودا)،کە لەوێشدا شەقبوونی خۆر دروست دەبێت (فر/بر) بوون-فێربوون-

بۆیە لەفزکردنی دوشەك (دوشەق) لە کوردیدا هەمان واتا ئینگلیزیەکەی پەیڤی **mattress** دەگەینێت واتە ماتریس و مەدریس و مەدرس ئەو پەیڤانە سەر بە یەکترەوەن.

عەرەب کردویانە بە(مدرسە) و(مجلس) وەکو تاتی-یش بووەتە تەحتی لە ئەسڵی (دودو/توتو)خواوەندی خواروو و جێگەکەی..لە E یشدا **study** واتە مەکتەب (مادسوداب<ماسدب)< مصطبە، هەروەها **study**(ستە)سەواد واتە خوندن.

- ئەهریمەن<(اخری منو):ڕوخی شەڕ/ڕوحی شەڕ.

- ئەهرمەزد<(اخری مسد) ئاخری مەسەد، ڕوخی نەمر/ڕوحی نەمر -سەرمەد: سەری مەد..واتە سەری ماد(مێ) کە ئەم وشەیە بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کاتێ تاریکی بە سەنتەری گەردوون دائەنرا-کاتێ تاریکی (مەد/سەد) بە نەمری تەماشاکراون-جێگەی خواوەندەکان-بۆیەش ئەم(سرمد) تا ئیستایش هەر بە واتا ئەسلییەکەی ماوەتەوە(نەمر).

- بیست:واتە **bi**(دوو)+سەت(دەس/دەه)، ستوم واتە دەه لە ئاڤستا..بیست واتە دووستوم/دوودەس، لە فارسیدا بیست واتە ژمارەی(دووسەت) کە هەر لێرەوە ڕاستی مانا ئەسلییەکەی پێرا دەردەکەوێت.

- ڕەخ-ڕوخ<لاخ-لا: ڕەخ لە ئەسڵی (ڕاس/ڕەش<ڕەسیدەن) هاتووە کە خۆر دادەبەزێت بەرەو خۆراوا، کە ڕووناکی خۆی لە تاریکی دەدات..

ڕاستی ڕەخ/ڕوخ لە ئاوەژوکردنی ناوی خۆر هاتووە(خۆر×ڕوخ)، (ڕەخ<لەق) لە کوردی کە لایێکی دەو/دەم بە ئەویتر دەگات..لە عەرەبی بووەتە(لقا/لاقی/لقاء) واتە پێکگەیشتن..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لیس-یش، مانای جێگەی بەرزی بالندە و مریشك دەگەینێت لە ئەسڵی ڕەس(رأس×سور) وەرگیراوە، چونکە ئەو جێگایەش بە دەسپێکردنی تاریکی دێت بۆیە ناوی ئەو جێگەیە بۆ ناوەکانی خراپی چووە-ڕەخ-ڕیخ (سەرگین)-**lay-looth-low** –لوث-ڕەش..

دیسان (شرق و غرب) دوو ڕوخی یەکسانن، پەیڤەکانی **loose**(بەردان)**roage**(سوور)-**rise**-ڕۆژ..لێی وەرگیراون، لەکۆتاییدا لە سەردەمە کۆنەکاندا ناوی ولاتی شام و تا لێواری دەریا بە ناوی(الاخ) هاتووە.

-ستری:درك لە ڕەنگ و شێوەی ئەوان کە وەك ئەستێرەکانن ناوەکە وەرگیراوە (پێرۆ)یش هەر کۆمەلە ئەستێرە یەکە ، بویە **prick** ی E واتە ستری وەك ئەو هاتووە..لە سیفەتی ئەستێرەکانیش (پری و تژە)بوونیان تیایە-ژمارەی زۆریان-بۆیە زۆر وەك سیفەتێکی ترساندن هاتووە وەکو **peril** واتە ترسناك هەر وەکو چۆن ناوی ستار بووەتە خەتار-ی کوردی.

- (خنزیر)خەنزیر-بەراز: لە ڕەنگی سووری خوێن، ناوەکەی سەرچاوەی گرتووە(خون+سەر)، بەراز-یش لە برس-لای تری ئاسۆ-هاتووە کە ئەویش ڕەنگی سوورە، لە شێوەی زازایی کوردی پێی دەلێن خونس **xons**، هەروەها ناوی ئیسلام لە سورم-سولەم هاتووە کە ئەو دینە بە دینی وەسەت ناوبراوە، ڕەنگی سووریش لە نیوان ڕەش و سپی دایە-ڕووناکی و تاریکی..دەکرێت هەر لەبەر ئەوەش بێت ل ئیسلامدا، شتی ڕەنگ سوور/سورم قیزاوەرە و ناکرێت بخورێت وەکو گۆشتی بەراز چونکە ناوی ئەو دینە سەر بە ناوی ئەو ڕەنگەیە-هەرچەندە تاویلی تریشی بۆی دیارکراون، هەر وەکو هەر شتێکی ڕەش لە دینی ئێزدی کوردی پیرۆزە نابێت بشێوێنرێت.

- کریف: بەو کەسەی دەوترێت کە دەبێتە یەکێك لە ئەندامانی خێزانی کوردی ئێزدی، کاتێ منالێکی ئەو بنەمالەیە لە باوەش وکۆشی ئەو پیاوەدا سونەت دەکرێت ئینجا پێی دەلێن-کریفێ خوینێ-وشەی کریف لە توخمی خەریب(غریب/غرب)ە-پێشتریش باسی خرب(غرب)مانکرد کە سەر بە وشەی (سرب)ەوەن-سورآب/خورآب کە ڕەنگی خۆراوان.

- **mass**-ماس-ماش-مەش(چۆن و خروب)-مساء:



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**چۆن ئەم ناوانە ناوی ڕۆژاوان(سیفەتەکانی) هەرلە سەردەمی سۆمەریش(ماشو) واتەی خەرب بووە-جێگەی خۆر مژین و خواردن و خواردنەوەی-(فەلسەفەی ئاڤستایی)**

**لە ناو دینی کوردی ئێزدی-ماش خواردن-بە بار و دۆخی دینییەوە بەستراوەتەوە وەکو نەخواردنی گۆشتی بەراز لە لای یەهودی و ئیسلام بەڵام چونکە ماشو لە لای ماناوە، واتەی خەرب(غرب) دەدات (خەرب وخراب) بۆیە دەبێت بخورێت..کە لە دینی ئێزدی زۆر ناوی ماش هاتووە(ماش<معاش)، لە ئاڤستایش مەس/ماسو(مەزن)بە خراپی هاتووە کە باسی شەیتانەکانی ماسو دەکرێت، باسی ئەو خەلکەیە کە زوو دینی زرادەشتییان نەدەپەژراند، هەروەك(ئەسمەوخا) بە نەیاری دینی زرادشتی دادەنرا کە پێم وایە مەبەستیان لە(سامیەکان=شیم) بووە (سام×ماس/ماسو)..دەکرێت بڕگەی شەیتانەکانی ماسۆ ، ناوی شەیتانی هەر لەبەر ئەوە لەگەڵ هاتبێت چۆن شەیتان یان سیتان/سەتەن لە ناوی (سوت ئانۆ) وەرگیراوە-خۆراوا و سیفەتی ڕەنگی ڕەشی بە یەکترەوە بەندن.**

**تائیستایش پاشماوەی بۆچوونەکانی ئەو سەردەمانە ماون لە زۆر شوێندا وەکو دەلێن خۆ مەزن کردن خراپە واتە مەزنی بە خراپی دانراوە، ماسو(ماس/مەزن/ماز) واتە خۆراوا(خراب)..(1)**

**هەروەها ماس mas لە ئاڤستا-پێکەوە- دەگەینێت،لە Eیش mass کوتلەیێکی گەورە دێت و macca یش جێگەی کۆبوونەوەیە(هەر سەرێك جێگەی کۆبوونەوەیە لە ئاڤستا)، لە عەرەبی کۆندا (ماز) ناوی مەزنی بووە.**

**- سەر<سمر(صمر) چووە، (سمیرامیس): واتە سەری ئاو وەکو (زمار)،کە سەمیرامیس ئەو ناوە بۆ ناوی مرۆڤی ژن بەکار براوە.. دواتر سمر< سمیریا< سمالیا/ شمالیا (شمال) پێشتریش (هیمالایا)مان باس کرد.**

**- بچوك/بەچکە/بەچە:لە ئەسڵی (بزو) لە ئاڤستا-پزدانی کوردی ئیستا-کە ئەوش لە(بس و**

---

**1- عەرەبەکانیش لە سەردەمە کۆنەکاندا لە جزیرەی عەرەبی شام بە شووم(شۆم)میان دائەنا، کە شام ڕەمزی(یسار) و یەمەن-یش ڕەمزی(یمین) بووە لەلایان.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێش و باش و بیض)ناوەکانی ڕۆژ پەیدابوونـەوە و ڕۆژهـەلات..(ك)ی بچوك ئـامرازی نـاوی کارە، یا بچوککردنەوەیەتی.

- حساب:لە (اسب/سب)هاتووە(صواب=حساب)-وەکو خەلکی بەغـدادی دەلـێن(خـذ الصـواب مـن دبـش) چۆن ژمارەکـان لـە وێ دەسـپێدەکەن(ڕۆژ ژمـارتن)وەکـو چـۆن east بـووە هەشـت-eight< اوتو-عاد-عد- یان ثمن-ثمان، سەر-یش بوەتە (سعر).

- نقـەب/نەقـەب:واتـە ناوەنـد، پەیڤەکـە لـە نسـب (نسـب<نصـف) هـاتووە (نـوێ سـب) کە(س<ق) چووە (ب=ف).. ژکوزك و نسەب وکەڤرێ خۆە دەرکەڤی

(سترانی م.ئارف جزیری)

- مەدح(مدح)=زڕت(مەد=سرت):

مەدحێ خۆ نەکە زڕت نەیێ مێرانە (لاوکی عەمێ گۆزێ-م.ئارف جزیری)

واتە لە ئەسلدا مەدح(مەد) بۆ جوانی مێیەکان بەکار هێنراوە..وکو نۆز و نازی ونس(نسأء)

- کەت=مات: لە ئەسڵی سەد=مەد

ئەو چاوا کەت و مات و جۆت بجۆتە (شەرێ هەرکیان-م.ئارف جزیری)

هەروەسا کەت و مات لێکدان و جۆت بوونیش دێت.

- مەد-مادە-مەزد-مژاد/مژار(مسد×دسم:دخم، مژار).

- پلـۆخ< پـروس چـۆن پـیرۆز واتـە زێـدە و زیـادبونی ژمـارە وەکـو پـەیڤی پرشـاندنەوە، perish یش لە ئینگلیزیدا (مردن و هەرشاندن).

- شـعر لـە(سـر)ی سـۆمەری وەرگـیراو(سـەری کـوردی) چـۆن نـاو تێـدان و پێهـەلگۆتن لـە دەپەکانی سۆمەری بەو شیعرانە دەسپێدەکران کەپێیان دەگۆت(سر).

سـەر بەرامبـەر بـە سـروود(نشـید)نەشـید، لـە ئەسـڵی نوسـەد(سـەدی نـوێ) واتـە سـەری نـوێ(سـەد=سـەر)، نشـید×دشـن(سـیفەتی دەسـپێکردنیان تێدایـە) سـەر<شـعر-شـیر(عـبری)-شور(ئارامی)، لە کوردیدا شەڕوشوڕ هەردوو وشەکە پێکەوە بەستراونەتەوە..

لە گەل شەڕیشدا شیعر و بەندو لاوك هاتوونە..

لە تەوراتدا شیرهەشریم واتە سروودی سروودەکان.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- آمـین:واتـە (تـەواو/تـەمام) بۆیـەش لـە دوای دوعـا و ئاخـاوتنی دینـی دەوترێتـەوە ، ئەهریمەن-یش(ڕوحی شەڕ)دێت لە ئەسڵی ڕوخی شەڕ کە لـە فەلسـەفەی زرادشـتیدا نـاو لـە سـیفەت وەردەگیرا نموونـەی سـەری ڕۆژهـەلات و ڕۆژاوا کـە ڕۆژ یـان خـۆر و ئـەرد بەیـەك دەگـەن وەك پێکـدادان و شـەڕ زانـراوە(سـەر<شـەر)، مـەن=سـەر(سـەریش لـە کۆتـایی دەسپێدەکاتەوە)..

**Emon**ی هۆری یش واتە ژمارە(دەه)-تەواوی-

لێرەوە یەك سیفەتی زاراوەکانی(سەر=سەد-مەن)دەردەکەون.

- مەلەك(ملائکة):دەرەجەکانی خۆرن کە لە دینـە کۆنەکانـدا هـەفت دەرەجـەی بـۆ دانـراون، ئـەم مەلەکـە لـە ئەسـڵی(مـەرغو) ئاڤسـتایی واتـە تـەیر وەرگـیراوە، لـەوێش خـۆر وەك تـەیر دانراوە کە لە ئاسماندا دەگـەرێت..دەور<تـور<تـەیر(دور-دورس-دورسـە<دەرجـە)، لـە دینـی ئێزدیشدا هەفت ملیاکەت هەفت ڕۆژن.

- غـرآب/غربـان: لـە پـەیڤی خـوراب-خـۆراوا-کـە ڕۆژ ئـاوادەبێ و تاریـك دەبێـت، ناوەکـە لـە سیفەتی تـاریکی وەرگیراوە-خـوراب<غـراب کـە سیفەتی ڕەشـی و ڕۆژاوا بـە خراپـی دانـراوە بۆیە (غراب)بە تەیرێکی خراب و شووم دێت.

(لەسـەردەمێکی زرادشـتیدا بـەر لـە دینـە ئیبراهیمیـەکان(تـەرم) واتـە لاشـەی مـرۆڤ لەسـەر جێگەیێکی کە پێیان دەگوت(توخمە)بە جێدێلان تاکو بالندە و تـەیری(تـرس-نسو) بیخـۆن، ناوی ئەو تەیرانە کە مانای تاریك و ترس دەبەخشن لە نـاوی مـردن وەرگـیراون کـە تـاریکی بە مردنی خۆر زانراوە، تاریکی واتە(غـروب=مـردن)دواتـر لـە نـاوی غـروب، غـراب و غربـان هاتووە کە ئەویش بە تەیری کەلەش خۆر ناوبراون..پەیڤی(تەیر)یش کراوەتە تەیروتـەوال لە سیفەتەکانی (دەورکردنەوە)یان لە ئاسماندا، بێجگە لە ڕەنگی تاریکیان.

- (کلمـــة) لـــە تـــەورات هـــاتووە (فـــی البـــدء کانـــت الکلمـــة ثـــم صـــار جســـداً) کلم<کرم×مرك/مـارك(سـورم وکـرم)-مـرك کرمێکـی بچوکە لـە کوردیـدا-سـرم(سـەر)بووەتـە کرم..

واتـە ڕەنگـی سـور(سـورم) و (کـرم) بـە ئەسـاس دانـراون بـۆ گـەردوون و ژیـان، لـە ئەفسـانە کۆەکانیشدا مرۆڤ لە خوێنی خواوەند دروست کراوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- أمريكا America:له توخمی مور و مورس-مورك، واته دەكرێ له ڕەنگی مۆری ڕۆژاوا ناوەكە هاتبێت، بۆ سەلماندن ئەمریكا-ناوێكی تری هەیە كە پێی دەڵێن uncle sam (العم سام) چۆن سام/شام یش هەر ناوی ڕۆژاوان، پێشتریش باسی(یخرپا)مان كردبوو كە بووەتە ئەوروپا، هەرچەندە دەڵێن ناوی ئەمریكا له ئەمریكو هاتووە كە ناوی كابرایێكی ئیتالی بووە..من نەم زانیوە بەر له كریستۆڤەر كۆلۆمبس كەسێكی تری ئەوروپی گەیشتبێتە ئەمریكا.

- وصف:له سف/سب هاتووە، سب/سبی واتە كە سبێ دەردكەڤی بە هۆی ڕووناكییەوە مرۆڤ دەتوانێت وەسفی شتەكان بكات..كە(س)ەكەی دابەش دەبێتە سەر چوار دۆخیشی سف-كف-خف-ئف..پەیڤی (كیف)كە بۆ وەسف دێت له توخمی ئەوانە، دەكرێت(كو)ی كوردیش (كوی) هندیش هەر لەوە هاتبێت..

ئەمە كاتێ تێرمی(سف) بۆ مانای سپی برا، وەهایش كە (سف) بەرایی جێگەی تارستان بووە(ئاوی شەو) بۆیە بە ترس زانراوە..ساف و خۆف و قف یش لێی وەرگێراون..

كە له كوردیشدا ساف هەمان واتەی خاف و خۆف دەدات-سف/سەڤ له بەراییدا وشەی كوردی ئاوەژووكردنی(ڤاس/ڤاژ) بووە(عكس)..هەلگێران و وەرگێران-یش واتە وەصف كردن دەدات.

-حد-حدید:ئەم وشانە له لای فۆنەتیكەوە له توخمی خد/خدود/اخدود كە ئەوانیش له ئەسڵی سد/شد وەرگیراون سد-خد-كد-اد/حد..(س-ی ئاڤستایی).. وشەكان ناوی ئاوی ژێر و خواروو دەبەخشن له ئاڤستا و سۆمەری، جێگەی بوونەوەی خۆر- بودیكە- ڕوخ یا سەرێكی ڕەشی گەردوون، سەریش هیمای ڕەقی دەدات.

بەلام چۆن ناوی (حدید) بووەتە ناوی ئاسن بە بۆچوونی خۆم دەشێ ناوەكە لەو تێروانینە وەرگیرابێت كە كاتێ ڕۆژاوا دەبێت له پاش ڕەنگی سپی ڕەنگی سوور دێت ئینجا ڕەش دەقاودەق وەكو ئاسن كاتێ ڕەنگەكانی دەگۆڕێ بە پێی پلەی گەرمایی واتە ناوی ئاسن ی كوردی وئاهن ی فارسی له ناوی یەسنا(Sun)وەرگیراون، جگە لەویش هەردوو سەری گەردوون بە جێگـەی ڕەق/ڕەخ دانراون وەكو(صلب) و سرب..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سد/سەت لە ئەسڵی سەتوم-ی ئاڤستایی یش کە دواتر بوەتە-قد-خد-اد-حد کە خۆر دەچێتە ناو دەریای سەت، ڕەق دەبێتەوە بۆیە حد/حدید ناوی خۆی یا ئاسنی ساردبووەوە دەگەینێت بە پێی ئەو بۆچوونەی مرۆڤی کۆن چۆن شتی بینوە ئەوها لەبەرێکی داوەتەوە Low of causality کە (اد/ادد) یش ئاو یا خواوەندی باران و باهۆز واتە زستان بوو، لە وێش خۆر جارێکی تر دەکوترێتەوە-دل و ناوەندی گەردوون-و بەیانیان سووری و سپی نوێدەبێتەوە-درەوشانەوەی ئەستێرەکانیش وەك پڕوشکی ئەو کوتانەوە زانراوە-کە واتە ناوی(حدید) لە ناوی(ادد) وەرگیراوە-لای دوەم/تیامە-(بەرزی ئاسمان یان دواتر سروشتی بەرز وەك چیا و ڕەقی دەگەینێت)وەهاش تیژ و دژ و تاوس یان (حاد/حد) دەبێتەوە، دەبلکردنی تیپی(د)بۆ(دد) واتەی کۆ یا جارێکی تر دەگەینێت..

- اسد: واتە بەرایی و دەسپێك(سر<شیر). لیث<رذ (ڕەس/راس) ر<ل چووە..

بەرایش ڕووناکی بووە بۆیە لە E(رون<loin-ر<ل-چووە) بەلام پێشتر تاریکی بە بەرایی زانراوە..بۆیە اسدی<ئێزدی بە گەلی بەرایی دادەنرێن، اسد<ئاقد واتە سەرچاوەی ئاو و ئەگیدیش واتە پێشەوا هەر لەوێ هاتوون.

- مەز/مەزن: لە ئاڤستا مەز بە مەزنو هاتووە، مەز-هاتنە جەم یەکتر..ماسو-ماشو(مادو)واتە ئاوی خۆراوا..

ماس×شام-شامی واتە مەزن هەروا مەز×زەم<ئەزم-عەزیم، میز-یش هەر ئاوە هەروەها-مژ-(تەم ومژ)..

دەڤمە شکۆل واتە دەم گەورە(مەش+خۆر)،کە خۆر نزیکی ئاو و ئەرد دەبێت واتە ماز(مەز)-ناوی ئاو- مەز لە کوردی واتە نزیك، وەرە مەز من =وەرە کن من، کە هەر شتێك نزیکیش دەبێت مەزن دەبێت بۆیە مەزن لە مەز وەرگیراوە، خرب<قرب چووە..مەزن واتە گر/گەور/گەورە..

جێگەی خۆراوا کە ڕەنگی سوورە وەك گر/ئاگر، جێگەی خۆر ونبون،گۆر-کور-قەور-قەبر.

- گوێر: شارۆچکەیێکی ڕۆژاوای هەولێرە لە سەر روباری زێی مەزن، دەلێن ناوەکەی لە دوو برگە پێکهاتووە(گا+وار) واتە واری گا، چۆن هەر لە نزیکی ئەو شارە گوندی گامێش هەیە..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەلأم بە بۆچوونی خۆم گوێر لە خوارێ و ناوی خۆر گەشەی کردووە کە ناوی چاوی خۆرە کاتێ ئاوادەبێت واتە لە لای ئاوەوە تێتە خواردن و مژین (بۆچوونە کۆنەکان) بۆیە ناوی لێواری ئاو و دەریا بە(خۆر)ناونراون..ئیستاش لای کەنداو زۆر ناوی لێواری کەنداو بە (خور) هاتوون..

هەروەکو وشەی خوار و خوارێ و خواردن و خواروو و خواربونەوە هەر لە ناوی خۆر هاتوون، ناوی ئاویش بووەتە ناوی خۆر هەروەکو ناوی لە یەك بابەت یا پێوەندی بە یەکتریان هەبووبێت، ناوەکانی یەکتریان وەردەگرت وەکو ناوی ماسی/ماهی لە ناوی ماسو لە ئەسڵی (مەدو/مەزو) وەرگیراوە، تەنانەت گامێش کە لە ڕوخ ئاو دەژێت ناوی ئاوی لێنراوە(ئەسڵی گامیش لە وشەی گا+ماشو) هاتووە، کوردیش دەڵێت دنیا لە سەر پشتی گاو ماسییە واتە دنیا لە سەر دوو دەریایە یان دەریای دووەم-ئەمە بەر لەوەی بزانرێت کە دنیا دەسوڕێتەوە و شێوەکەیشی بازنەییە واتە ئەو کاتە ئەرد تەنها بەدوو سەر دائەنرا..

هەر لێرەوەیش پێم وایە ناوی (گل-گا-میش)ی سۆمەری لەوە هاتووە کە ئەم کابرایە لەم سەری ئەرد بۆ ئەو سەری ئەرد چووە، کە هەرواش بووە کاتێ هاورێکەی دەمرێت و ئەو بە دوای نەمریدا دەگەڕێت و لە ولاتەکەی دەسپێدەکات کە بە سەرێکی ئەرد دەزانرا تادەگاتە ماشو(خوراوا) یا سەریتری ئەرد وکۆتایی بە سەفەرەکەی دێنێت، بۆیە ناوەکەیشی هەر ئەو مانایە دەدات..

دواتر ئەو (گامش)ە زۆر ناوی تری لێ وەرگیراون وەکو گەمشۆ-ی کوردی بە مانای پیاوی گەورە و بێ سەروبەر و تەوەزەل هەروەها(خمس)کەواتەی (نیو)ەبەخشێت بەرامبەر (ئەیا) واتە دەھ کە مانای تەواوی یە، دەشبێت ناوی گلگامش لە گەر-گامش واتەگەریانی ئەم سەر و ئەو سەر هاتبێت، ئەمەش وەك کارێکی لەزارکردنەوەی خۆر بێت کە خۆر لە ڕۆژهەلات-گا- بۆ ماسو-ڕۆژاوا- دەچێت (سەمش/شەمس<گەمش).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- ملح..له عەرەبیدا بەرامبەر ملخ لە عبریدا، هەردووو پەیڤ لە مرس(مر+س) هاتوون-خویٚ لە لیٚواری دەریا هەیە بۆیە ناوەکە لەو ناوە وەرگیراوە-لە داستانەکانی سۆمەری و بابلیدا شەو و ڕۆژ یا ئاسمانیان بە دوو ئاو دابەش دەکرد ئاوی(عەزب) واتە ڕەمزی نیٚر و ئاوی (مرِ/مور-مورس<مولخ) واتە میٚ بۆیەش مەلیح واتەی جوانی(جوانی میٚینە) وەرگرتووە لە عەرەبیدا، بەرامبەر لە کوردی تال(تار-تاری)=مر(تار)..

سرین-(سەر)وەکو شیر(سپی)

(عذب) لە ئەسڵی (سب/سپی/ئەسپی)

(مر)لە ئەسڵی مور(ڕەنگی مۆر و تاریك)..

مورس (مولخ-ملح) لە ئاوەژوکردنی سورم هاتووە (سورم×مورس)، خویٚی کوردیش لە سوی/زیٚ-Sea هاتووە.

- سول-sole:ناوی خۆرە بە ئیتالی و هەندی زمانیتری ئەوروپی، لە ئەسڵی(سور) کە لە زمانی هندیدا(سوریا)ی پیٚی دەلیٚن، چونکە ناوەکەش واتای کۆتاییش دەدا-کۆتایی واتە سەری نویٚ-بۆیە سول بووەتە ناوی پیٚلاو(سۆل/سۆلك) هەروەکو(شمس)خۆری ڕۆژاوا،

-هەخا:لە ئاڤستا بەواتەی(أخ)ی عەرەبی هاتووە، لە هندی کۆنیشدا(سکها/سەکها)یە، دیارە (س<ه)چووە، پیٚشدەچیٚت لە ئەسڵی شەق بوون(شەق×قەش/قەص) هاتبیٚت، پارچەی تر بە تایبەت لە عارەبیدا (شقیق/شقیقە) بە هەمان واتای برا و خوشك دیٚن(بر/برِ/برا) هەروەها سکەند(سچاندی/سچەندی)لە ئاڤستا واتەی شکەند و شکاندی کوردی ئیٚستا دەدات کە ئەویش لە ئەسڵی شەقبردن و شەقشەق بوون دیٚت.

بووەتە (شمك) = پیٚلاو(شمکە ناوی خۆر بووە لە سەردەمی خۆریدا) سۆر<سۆل وەکو خۆر<کۆل/خۆل..

ئەمە بە پیٚی دابەشکردنی جەستەی مرۆڤ وەکو جەستەی خوداوەند(گەردوون)و وەرگرتنەوەی سیفەتەکانی گەردوون بۆ ناو دارشتن.

- ماء:لە ئەسڵی(ماد/مەد/مذو)، ئەو ناوە کراوەتە(عماء) واتە ئەو ئاوەی جیهانی ژیٚرەوە..

ماء و عماء جیٚگەی خواوەند کە لە بەراییدا جیهان لەوەوە دروست بووە واتە دەسپیٚك (مەد<ماء-عماء) بووە(عماء=chaos)کە لە کوردیدا(مەت) واتەی تاریکی وکوٚیٚری دەدات،



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

که دەڵێن چاوی ماتێکی هەوری لەسەرە واتە نابینە و کوێرە لە چاوێکیدا، کەواتە مات و مەد و مەز و ماء و عماء لە بنەرەتدا لەیەك سەرچاوە هاتوون ئەویش ئاوی شێلووە بەرامبەر chaos واتە باری تێکهەلاو و بێ سەروبەری، کە هەر لە وێش مردن و زیندوبوونەوە هەیە واتە چاکردن، بۆیە made –make ی Eیش هەر لەوەوە وەرگیراون..

(ماتەر-mather)واتە دەیك/داك/دایك لە ئەسڵی دەسە-ژمارەی دەهـ-ژمارەی تەواوی ئەمانەیش هەر مەبەستی ئەو ئاوە تەمامەیە، مادەرmather واتە ماد و مێ، وشەکەش لە (ماد+در) هاتووە وەکو سەنتەر(سەن+در) یان ئەندورا(آنو+دور)-سوڕانەوەی ئاسمان.

- جۆنی: لە ئەسڵی کون هاتیە وەکو ناوی جۆنی دان کوتان-لە سۆمەری سون بووە-واتە کونی کوردی(س<ك) چووە، کانو/کان/کانون ئەم ناوانە لە ئەسڵی فەلسەفەی دەسپێکی بیرکردنەوەی مرۆڤ هاتوون کە پێی وابوو کە ڕۆژ هەلدێت لە کونێکەوە دێتەدەر، ناوی سەرجون/سەرگون-یش لە شروقین دادەردەکەوێتەوە..شروکین/شروقین=شرق..

سەروکانی=راس العين (رس×سەر) کانی<سەنی=ئانو، پێچەوانەی(سن-کن<کون)یش هەر ئەو مانایە دەبەخشێت(سون×نوس)نوس-نوەس=شکەوت، نوەس<نفس<نفق واتە کونی درێژ..هەروەها نوسەن=نیسان واتە نو کون یان کونی نوێ کە خۆر و ڕۆژ لێی تێتەدەرێ.

کەواتە وشەکان هەموویان کوردین و لە فەلسەفەی زمانی کوردی وەرگیراون.

- dress: سیفەتێکی تری(تارس)ە واتە تاریکی ڕۆژ دادەپۆشێت بەلام ئەسڵی زاراوەکە لە(ذراسthras)کە دواتر بەرەو)سراس<کراس)و(دراس<درێس/dress) چوونە.

- دەرپی:کە پێ/پای واتەی کۆتاییە وکۆتایش جێگەی دۆرکردنەوەیە، دور+پا=دەرپێ.

- نزی/نزیك:لە ئاڤستا isna مانای نزیك دەبەخشێت، پیرۆ فەر(far) و دەور(دور)کردنەوەیش ڕەمزی دوورین.

- زەردشت:لە ئاڤستا زەرەتوسترە(zarathustra)هاتووە، بە ئینگلیزی zoroaster، زەرەتوسترە وەك زرە ئەستێرە واتە سەرەئەستێرە و زرەئەستێرە یان ئەستێرەی گەورە و مەزن، ئەگەر (زەردەشت/سوردشت)بێت ئەوە دەکرێت بە دوو بڕگە لە بەرێکی بدەینەوە (زەر/سەر+دشت/تشت)، سەری تاوس(ڕۆژدەرکەوتن-دژبوونەوەی )-دژ/دس-تاوس کە ڕەمزی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کوردە ئێزدیەکانە، دەست-یش لایێك یا کۆتایی جەستەی مرۆڤە(دەس<دەست)..(1)
زارتشت، زارهشت، زاردهشت، زاردشت، زارتهشت، زارهوشت، زرادشت، زراهشت، زرەهشت.
- مەش:روح، لە کوردیدا دەلێن مەشی دەرچوو واتە روحی دەرچوو..مەش و مەشا، لە عەرەبیدا (راح)چوون دێت، کەواتە لە دوو زاراوە لە عەرەبی وکوردیدا یەکتر دەگرنەوە..
دیسان دەلێن دل مێشە(دل<در-جێگەی دۆرکردنەوە) ئەم(مەش)ە دواتر ئاوەژووکراوە مەش×شەم (بۆن/پشی وپشو) کە ئەوانەش هەر رِامانی روح دەدەن..
هەروەها مەش<مێش لە ئەفسانەی بلوێری زێرین..
-مەشیە: پیاو(مەشیە-ئاڤستا)، ووتمان مەشیە ومەش، روح بووە(واتە ناوەکە لە-رِوخێکی گەردوون وەرگیراوە)، پیاویش لەزاراوەی(با)یان ڤایو یەکتر دەگرنەوە کە با=ریح (ریح-روح)..(با-بود)یش رِوخێکی گەردوونە.
-marv:(مرڤ)-speak to مانای لە ئاڤستا لەبەرئێك دراوەتەوە، مرڤ×فرم-فرمو/فەرمو/فرمان..دیارە مرۆڤ بە ئاخافتن و قسەکردن لە ئاژەل جیادەکرێتەوە، ئەو زاراوەیە(مرڤ) بووەتە(معرفە) واتەی ئەسڵی ئاخاوتەن، دیارە لە زمانیEیشدا مورفولوجی(پەیڤ سازی) هەر لەو زاراوە ئاڤستاییە هاتووە،(ماریفەت پیر شالیاری)یش بەو کەسە دەگوترا کە لە خزمەتی پەرستگاکان دابووە لە زەمەنی زرادشتیدا، یان وەك(مەلا)ی بوسلمانێتی بووە کە دەرس و دین بە خەلك دەلێتەوە- پێوەندی دینیش بە زمانەوە ئاشکرایە..
-sky: ئاسمان، لە کوردیدا بەرامبەری ئەو پەیڤە سەقا/سەقم/سەقەم واتە کەش و هەوای دنیا- دیارە (سەقا-sky) ناوی ئاسمان دەبەخشن.

---

1-لە لاپەرەی 76-77-78 مزدیسا و ادب فارسی هاتووە: گەلێك جۆرە ناوی ئەو هاتوون..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- فرخ×خرف-خروف(واتەی تەواوی و دەسپێکردن) کە فرخ لە ئەسڵی فرز/فـرس وەرگـیراوە-فەرقەکانی پلەی ڕۆژ لە ئاڤستا-لە Eیشدا فرخ و فرق بووەتە **vary** (س>خ/ق/ه)..

وەهاش فاروق=**fair** واتە (عادل)،**vary**و**fair**.

- درۆ-درەو-دروغ(فارسی): ئەم وشەیە لەگەڵ دوور و نزیکی پێوەنـدی هەیـە-دورە لـە ڕاسـتی واتــە درۆیــە-لــە زمــانی Eیشــدا **stick** واتــە پێوەنوســان و نزیــك لــە یــەکترا، لــە عەرەبیـدا(سـدق/صـدق)کـە لـە فۆنەتیکـدا بەرامبـەرییێتی جگـە لـە سـتیك-سـدق(نزیکـی و ڕاستی)، لە ئاڤستاش کتاس (کتاس×ساتك>سادق)واتە ڕاستبین هاتووە.

-دوو ڕوو-یش(نفاق) واتە دوولایەنی.

-**birth** لــە پــەیقی بــەردان و بەرزبونــەوەی ڕۆژ وەرگــیراوە، پێشــتریش باســی (برس×سرب)مانکرد هەروەها پرت(پرتەپرت)-برذ×ذرب(ضرب)**throb**

- (أرف>حـرف)، ارف>الـف**alfa**، ارف×فـرا-فێـر/فێربـوون، دەکرێـت وشـە کوردیەکـە ڤـاژی کرابێت.

-یەکسان(یەك سەن)ڕەش و سپی یا تاریکی و ڕوونی.

- دن: لــە زاراوەی لۆڕیــدا(حیــوان) دێــت یــان دن=مــەر بــەو زاراوەیــە، لــە عەرەبیــدا کراوەتە(ضأن).

- هێز: هیزە، لـە نـاو کوردەواریـدا بەو پیستەی دۆن و ڕوونـی(چەوری)تیـادا هەلـدەگرێت، دەوترێت، ڕوونیش هێز و وزەیە.

- گەزی: وەکو مەتەڵی مارگەزی لە گوریس دەترسێ، لـە ڕەگـەزی قـەص و قاشـکردن (دوو یـا چەند پارچەیی)..

لە توخمی ئەویش، خۆس واتە کووڕ(مقوس)خوار و چـەماو وەکو قەوسـی مـانگ، ڕەگـەزی ئەم وشانە باسی خۆرە کاتێ شۆردەبێتەوە بۆ خۆراوا..(قضی)یش مردنە لە عەرەبیدا.

-تـابی>طبیعـی=خـوری-خۆرسـکی (تـاب-تـاو-/تـاو=ڕۆژ)، لـە ئێزیدیـدا لـە سـەرووی دەرگـای ئەد(شێخ ئاد)کە دەرگای سەرەکیە لە لالشدا، ڕەسمی ڕۆژ ڕەسمکراوە.

- مانـا-مـانێ-**meaning**-معنـی(سورچییەکان لـە بـاتی یعنـیـ ی بـاو لـە نـاو خەلکدا دەلـێن کومانێ-پێم باشە ئەم زاراوەیە شوێنی یعنـی ی عەرەبیەکە بگرێتەوە).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- عند=end/هند: ئەمانە لە یەك توخمەوەن واتە لە ئەسڵی یەك زاراوە هاتون ئەویش مانای لایێکی گەردوون(عندە:لایە)، لە کوردی ئامرازی ناوی کار(دار) جێگەی دۆرکردنەوەی خۆر کە ئاوی شەوبووە(ئاسمانی شەو)-لا و ڕەخ(ئەندام/ئیندوم/ئیند)،کە لەویش خۆر وندا/هندا/ون دەبێت(هەر پارچەیێ بە سەرێك یا کۆتاییێك دادەنرێت-لە شێوەگرتنی زمانانـدا)، لە سەردەمە کۆنەکاندا شەو بە جەستەی خواوەند دانراوە(تەن) و هەردووو سەری گەردوونیش واتە شەرق و خەرب بە دەست و چاوی، خۆریش سەری خواوەند بووە.

- لیل<لێر-لێل(شێلو)-لال: لە ئەسڵی (رر) سیفەتێکی لای خوارەوەی گەردوون (دوبارەکردنەوەی تیپەکان وەکو سس/شیش/شەش=ستە/سود..

(رر/نن) لە ناوەکانی شەو بونە-خواوەندەکانی،(رر<لل) تیپی(ر) واتەی لا دەدات وەکو ڕادەستم کرد واتە لادەستم کرد-لای دەستی ئەو، (رر)یش لای سیفەت دوو دەدات(تاریکی سیفەت دووانە و مێیینە بووە).

- زەرەد: واتە زیان(زەرەر)، زەرەد لە زەرەر نەهاتووە، باشە زەرەد بەکاربهێنرێت لە بری زیان.

- spa-سیپە :ئاو، لەEیشداspa بە کانیاو دەوترێت.

- مدینە(مەد+ آن)، ئان-ئامرازی ناو سازکردن بووە بۆ جێگە لە ئاڤستادا وەکو آباد<آبادان، هەروەها(anلvan-m)یش..

ئامەد-ئاباد=دور(مد-بود-در) ناوەکانی ئاو بوونە لە ئەسڵدا، مرۆڤیش لەسەر لێواری ئاو، ئاوایی دروستی کردووە، بۆیە ناوەکانی ئاوایی و شار لە ئەسلدا ناوی ئاون-مرۆڤ بێ ئاو ناژێت..وەك دەلێن هەموو شتێکیش لە ئاو دروست بووە.

- خدم/خدام:لە توخمی قدم وختم(ستم) واتە دوایی، پێچەوانەکەی قدم/سدم ،سەر/زەر<سەرۆك.

- رسب/راسب/رسوب: لە توخمی(ڕەش+آب)—جێگەی خوارەوە، کورد دەلێت ڕەشئاڤ بەواتەی (نفرین لێکردن)..

- بالاڤ(کۆل و جل شۆرین): وشەکە لە بەراڤ هاتووە کە دەلێن(جلکا لەبەر ئاڤێ بدە)واتە بیشۆرەوە، بەرئاڤ بەرامبەر سەراڤ-هەر دوولایەنی گەردوون لە سەردەمە کۆنەکاندا-



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێشتریش باسی سرب×برس مانکرد (سرب/سراب<سەرئاب)، (برس-برشو)برشو×شربو(ئاو و ڕوبار)-لەسەردەمی سلالاتی ئوری سێیەم(2500پ.ز)ناوی سێ کۆمەلە نوشتە/نقشتی تۆمارکراون (شربshurpu(سوتان)، مقلmaqlu(سوتان)،اتك لمنت utukki limnuti (روحە خراپەکان)-دیارە ئەو ناوانە بەو بۆنەوە ناولێنراون کە سیفەتی سرب/سراب/شرب، خراپە و سوتانی لەگەڵدایە واتە سوتان و ڕەنگی خۆراوا.

- ماروم<محروم: وشەی ماروم لە ئەسڵی مەدروم(مازو+رم)-جێگەی مردنی خۆر/خۆراوا- بۆیە بۆ خراپی ئەو زاراوەیە بە کارهاتووە.

-(مصر/اصرار) لە ئەسڵی سور-ی کوردی،کە ئەمەی دوایی نزیکە لەواتەی وشەی Eیsure ..مصر بوەتە مقور(هەمان واتا)..وەکو چۆن آسور بوو بەآقور(س<ق/ك)

-بطن:لە ئەسڵی بود+آن- جێگەی بودەن واتە لە دایك بوون(1)، بەتەن-یش لە کوردیدا بەلای ناوەوەی کوتال و قوماش دەوترێت.

-تمسەر/شەرخواز لە کوردیدا، ئەم پەیڤە بەرامبەر پەیڤی-تمخەرا-بابلی ڕادەوەستێت کە ئەویش واتەی شەڕ دەدا(شار تمخەرا-ملك الحرب) تمسەر/تەمخەرا، لە ئەسڵی دوم+سەر/خۆر-جێگەی بونی خۆر بە دوو-(تمسەر) بەرامبەر بە وشەیێکی تری کوردیش دێت ئەویش (دوو مۆر) واتە شەڕخواز(تمسەر=تمۆر/دمور )، لە دمور (دمر/دمار)عەرەبی لێی وەرگیراون..هەر وەها دەمارگیریش لە کوردی.

- ئاسۆ/هەسو..(2): لە ئەفسانەیێکی سۆمەریدا ناوی زوو/سو دێت کە ناوی خواوەندێکی سەرەکی بووە دواتر بە بڕیارێکی ئەنجومەنی خواوەندەکان(سوو)دەکوژرێت و(آنو) دەبێتە سەرۆکی خواوەندەکان کە پێشتر لە گەل یەکترا ئەژیان..پێ دەچێت ئەو هەر

---

1-با/باد:لەگەڵ کریاری بادانەوە دروست دەبێت، بۆیە باد/با، بادانەوە لە یەك توخمن، هەروەها لەو ناوەندە خۆر نوێدەبێتەوە (بود)، هەروەها باوی واتە بەلبوو یان با گرتوو.

2-لام وایە ئاسۆ/(ئاسود) ئەزد/یەزاتا سەر بە یەك سەرچاوەبن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دوو خواوەندە یەکسان بووبن بە تایبەت ئیستا لە ناو ئاخفتنی کوردەواریدا کە یەکێك زۆر بە یەکی ترا بچێت دەلێن: هەنوی هەسوو، هەر ئەوە..

جگە لەوەیش ئێمە هەسو/ئاسو بۆ(افق)ی خۆرهەلأت و خۆراوا بە کاردێنین-گەروو-کە گەرویش لە ناوی خۆر وەرگیراوە، دەکرێت(سوو/زوو)یش وەك ئانو ناوەکانی خۆرو ئاسمان بن..

دیسان(سوو)وەك ناوی(با و شەمال)یش لە ناو کوردەواریدا بەکاردێت، دەکرێت لەم بۆچوونانەش سیفەتی دووانەیی ئاسۆ(نیوان ڕوونی و تاری) وەك پێگەیشتنی دوولایەن، ناوی-شو (مێرد و شاهر) بیگەرێنینەوە سەر ئەو دابەشکردنەوەی گەردوون بە تایبەت مارەیی(زەوجین) لە مۆری ئەو جێگەیە نزیکە..لەEیشدا **marriage-marry**، هەروەها دەکرێ خەنەکردنی پەنجە و تبلی بوك پێوەندی بەو فەلسەفەوە هەبێت، لە کۆتاییشدا (سوو) ناوی ئەو گەلە بووە کە لە ژێر دەریای وان ئەژیان-جێگەی هەرەکۆنی گەلی کورد.

- هنداڤ: لە بان، لە زمانی Eیشدا **over**، پەیڤی هنداڤ لە ئەسڵی هند/**end** +ئاڤ واتە ئاوی کۆتایی هاتووە چۆن ئاسمانی کۆتایی بە بەرزترین شوێن دائەنرا،کاتێ ئاسمان بە دەریا و ئاو دەزانرا،**over** یEیش جگە لە واتەی هنداڤ واتەی کۆتاییش دەبەخشێت.

- رژێم:نزام، ئەم جوتە پەیڤە هەردووکیان لە لایەنی ڕەش و نسی گەردوون ڕەشوم=نسوم وەرگیراون کە جێگەی خواوەندەکان بووە کە هەر فەرمانێکیش لە وێ وەردەگیرا یان بە حوکمی ئەوان بووە، بۆیە ئەم جوتە ناوە وەك ناوی کارگێری (میری وهوکمەت و کرات) بەکاربراون وەکو چۆن حکم لە-اسم (ئاسمان) هاتووە، میریکردن لە کوردیدا واتە زەوت کردن و داگیرکردن دێت.

- **love**..(**1**)پێ دەچێت ئەم زاراوەیەش وەکو ناوی مارەیی و شوکردن لە سیفەتی نێوان شەو و ڕۆژ وەرگیرابێت یان بادانەوە و سورانەوەی شەو بۆ ڕۆژ(مەیلی بەیەکتریان)، لە ئەسڵی رڤ/رب<لف-لوفە (چەپ)-لۆفەلۆف-یش واتە لە خەمی یەکتردابوون دێت(لۆفە لۆفی بۆ بکەیت)- لاڤ واتە جوان قۆز..(**2**)

---

1-ئەمور واتە خۆشەویستی بە فرەنسی.

**2**-لاڤ/لاو=جوان،کە سیفەتی جوانی هەمیشە خۆشەویسی لەگەڵ دایە**Love**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-لاو(گەنج)-لیڤ(جێگەی هاتنەدەر) وەکو هاتنەدەری خۆر لە ڕۆژهەلاتدا، جگە لە لێوی مروڤیش-lap (باوەش و کۆش لە Eدا)-lop(واتە لۆفە و بادانەوە لەEدا)-لەپ واتە بەری دەست-لاڤلاڤ/لاولاو کە جۆرە ڕووەکێکە خۆی لەداروبار دەئالێنێت.. جگە لەو هەموو ناوانەی باسمانکردن کە گشتیان لە سیفەتەکانی خۆرهەلأتن، هەندێ کریاری تریش هەیە هەر لە ڕێزی ئەو خانەیەدان وەکو ئەوەی بە ئاژەلی گەرم کاتی زاوزێ پێی دەلێن لەبا(با/باد)-ڤایو لە ئاڤستا..تەنانەت بۆ مرۆڤیش وەك جنێو ئەم (لەبایە) بەکاردێت، هەروا (هەوایی) لە کوردیدا واتە مەستی خۆشەویستی، لە عەرەبیش (هوی) واتە خۆشەویستی، وەهایش هەواداری کوردی.. بۆیە بەدلنیایی دەلێین (love) هەر سـەر بەم بۆچوونانەیە کـە زاراوەکە کۆنە و بۆ بەر لە هەزاران سال دەگەرێتەوە کاتێ زەمەنی خۆر پەرستن، ئەو خۆرەی وەك خواوەند و رەب سەیرکراوە، بێ گومان خودا و رەب وخاوەنیش سۆز و ئاتیفەیان هەیە بۆ خەلقکراوەکانیان (بەندەکانیان)وەکو چۆن دایك و باب سۆز و میهریان هەیە بەرامبەر منالەکانیان..رەب/رەف<لەڤ، کە لەڤـ/love سیفەتێکی خوایە.

- (مرکز):لە ئەسل و توخمی (ماد=رەخس) وەکو مقەر-ڤرە(ماد+خور) کە ئـاو /مـا/مـاس بـە سەنتەری خۆر دەزانرا، لە کوردی ئیستا مـەکۆ و مـەکس واتـە جێگـەی خربوونـەوە و تـۆب بوونەوە و کۆبونەوەی شتێك لە جێگاییێك دا.

- ملك/ملخا(بە ئارامی): لە ئەسلی ما+ڕەس(مارەخ) کە ئەوێ بە جێگەی خواوەند دائەنرا.

- ئەلوەند: ناوی ڕوباری لە ناو خانقیندا تێدەپەرێت، ئەرڤەنـد<ئەلوەنـد ..دەکرێـت لـە بـەر پـــیرۆزی ئـــاو لـــە نـــاوی خواوەنـــدی ئاڤســـتا کـــە لـــە ئەســـلدا نـــاوی خواونـــدی ئاوبووە(ئەرڤنتوم/ئەرەڤندم) هاتبێت.

- گر/گرد: واتە مەزن وگەور، لە کورمانجیدا گەور..لـە ئەسـلی گـر(ئـاگر) کـە ئـاگر و گـر بـە شـتێکی پیرۆز و گـەورە دەزانـرا(ئـاگر و گـرپیش لـە ڕەنگـی سـووری خـۆر واتـە ماسو-مـەزن وەرگیراوە کە ڕەنگی ئاگری هەیە) دواتر گر<گل وەکو کەل=گـەورە لـە کـوردی وگـل گـامیش لە سۆمەری، پێشتر باسی گلگامش مان کردبوو کە ناوەکە پێوەندی هەیە بە گـەری-گـاومێش واتە(گەری ئەم سەر و ئەو سەر)هەردووو سەری دنیای کۆن(گا و ماسی) هەروەها ناوی(گـل)



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

له وشەیێکی تری سۆمەریدا هاتووە ئەویش ئەوەیە(اوشم-گل-أنا) کە هەندێ لایەن بە(تـنین السماء) یان وەرگیراوە، شایانی باسە تا ئیستا (اوشم) واتە تـنین ئێمـە کـورد بـۆ مـاری گەورە بەکاری دێنین اوشم/وەیشومە/وەیشیمە..

(اوشم-گل-آنو) بەرامبەر بە پەیڤەکانی کوردی(وەیشـمە-گـر/گـل-ئـانی/ئاسمـان)یـان حێزیـای گرە ئاسمان/ئانی-ئانەهی لە کورمانجیدا واتە خوا (ب ئانەهیا خودێ=ب ئانۆییێ خودێ)

- زنجیرە:لە ئەسڵی سەن+سورە، زەندور واتە زنجیرە لە کورمانجیدا.

-شەنگار/شەنگال (سنجار):لە ئەسڵی سەن+گۆر(خوراوا-سەناوا-ڕۆژاوا)، سەنقرە یـش شارێکە، (سەنگەرە)یش بەرەو جێگەی شەڕە/کۆزك و چەپەر.

- (نعمـان) لـە ئەسـڵی (نـامو+آنـو)یـا(آنـو+مـا) هـاتووە واتـە ڕەنگـی ئـاوی سـوری خـۆراوا ونامۆ(خرب)جێگەی نەمانی ڕۆژ، عەرەب تیپی(ع)یـان بـۆ زیـادکردووە وەکـو تیپێکـی نـاوبڕ (ناموان<نعمان)..

بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونەیش(شقائق النعمـان)جـۆرە گولالـەیێکن کـە بـە کـوردی پـێی دەبێـژن پوتنۆك/پیتنۆك کە ڕەنگیان سوورە و لە بەهاراندا دەردەکەون.

-سلمان: لە سوئیلم (سورم<سولم) هاتووە..

(لام وایەوە و پێم باشە،کورد ناوەکان بیگەڕێنەوە سەر ئەسلەکەیان وەکـو نعمـان بـە، نـاموان یان سەلمان بۆ سەرمان یا سورمان).

- ئەڤراز-ئەوراز: لە ئەسڵی ئـاراز/ئـاراس، لـە هـەورامی لێفـەوراس واتـە لێفـە درو،کـە(اراس ودەر) نـاوی دەر و سـەرکەوتنەوەی خـۆرن..ئـەڤراز=ژێهـەل (لـە ئەسـڵی سـەر وسـەهر) سەر×رەس(اراس).

- چەرمەلە(سپیکەلە): لە زاری هەورامیدا یان سـپی هـەروەها چـەرمەنی(سـپیلکەی هێلکـە)، چەرم و پیست ڕەنگی سۆر و سپیە (سورم<چەرم).

- ئاسەوان(ئاشەوان): بەهەورامی، ئاش لە ئەسڵی هەش/خۆڵی(لە سیفەتی خولانـەوە و هـاڕان وەرگیراوە).

- وێنای بە هەورامی: واتە بینرا، کە لە ئانو(آنو)هاتووە-دەریای ئاسمان، ئـاویش مرۆڤـ خـۆی تێرا دەبینێتەوە.

- نصب:لە ئەسڵی (نس+آب)- نزاب= ئاخ= **earth**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- تەباخ:مانگی تەباخ(آب)لە ئەسڵی (تاب+س) تابس<تەبخ هاتووە واتە تابی سەرەوە و کۆم وەکو ئابس-ئاڤس، لێڤس(لفظ) و لاڤژە لە ئەسڵی لێڤ یان وەکو نفس<نفق.

- دووەم/دوهەم(تیامە): لە دەریای خەلق بوونەوە بودس<بوتکەی ئاڤستایی، ئەم ناوە سیفەتی دوانەیی خۆی وەرگرتووە، بودس لە ئەسڵی(پاد+دس)واتە جێگەی پا/پێ وپایان (پێ/پا) کە ئەویش جوتەن لە مرۆڤدا و بە(دەهوم)یش کۆتایی  دێن-دەهـ پەنجەی پێ-دوهەم/دەهەم یان تیوم/تیامە، لە عەرەبیدا بووەتە(توأم)-بەرامبەر ی **twin** لە ئینگلیزیدا.

- نسخ-نسکە/نزاکە×کەزن<کەزان<خێزان، خزان(هەژار)..کە فۆنەتیکیان لە یەك نزیکن و لەمانای چەند دانەیی و دەستکورتی و پارچەکردن یەکتر دەگرنەوە (خێزان) کوردی بەرامبەر (نزایکە)ی بولگاری دێت کە ئاوەژوکردنی وشەکەیە بەهەمان واتا، (نسخ)ی عەرەبیش بەمانای(دانەکان)-واتە ژمارە نەك یەك شت.

- تەسمە: کورد دەلێت هەمووشت لە تەسمەیە واتە پڕ و تژییە، تژی لە تژوم-تەسم/تەسمە، لە عەرەبی بوەتە توخمە واتە زیادەخۆری بەلاَم ئەسڵی وشەکە لە دوسم هاتووە(دوس/دوو/دەهـ) کە واتە زۆری و تەمام.

- خرینی/نەخرینی: پێشت تێشت، لە خۆر+نوێ واتە خۆری نوی/ڕۆژی نوێ.

- دەرکەش: لە عەرەبی هەمان واتەی (زرکش) واتە ڕەنگین دێت، دیارە هەر تیپێکی S\d-t بەرەو (th) دەچنەوە واتە ئەسڵی تیپەکە ذ<د/س،(ذ)ی ئاڤستاییە.

- نسل:لە ئەسڵی نوێ سەر، سەری نوێ واتە کوڕی نوێ..

سر- کر(کوڕ)ی کوردی..شایانی باسە تائێستایش لە ناو مەتەلێکی لوبنانی وشەی (کوڕ)بە کاردێنن کە دەشلێن (اماالولد فهو الکر واما البنت ..) ناوی کوڕ بەواتەی باشی بە کاردێنن بە ئەکسی ناوی کچ، ئەمەیش وەك پاشماوەییێکی زمانی کوردییە لە وێندەری.

- مل- ملل: لە مڵ(پڕبوون) هاتووە کە پڕبوون بێزاری لە گەل دایە واتە هەر شتێك کە پیاو لێی تێر بوو لێی بێزاردەبێت، بەلاَم پەیڤی مل لە (مر/مور) هاتووە کاتێ خۆر و ڕۆژ تەواو و پڕ دەبێت.

---

1-لە کوردی ئیستا چەترەك بە جۆتەی پێ/پا، دەوترێت لە ئەسڵی (سەد+رەخ) هەروەها جووتە-یش هەر لەو سودە وەرگیراوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- چیخ(شەقل): چیخ لە سیفەتی شەق و چەقاندی لە ئەرزدا وەرگیراوە، چیخ مێت واتە ئەستونێکی بچوك.

- بن/ابن: لە یەك ڕەگەزەوەن بە دوومانا، کورد دەلێت (فلانە کەس بێ دومایییە) واتە بێ منالە کە بن = دومایی/دوماهیك..کە دوماییش بوو، دەسپێکردنەوە هەیە واتە (بن) سیفەتی (نێوان ومیان)یشی هەیە کە لە عەرەبی وکوردیدا بن<بین..

بن وەکو بر (هەردووو یەك جێگە دەگرنەوە) بۆیە بەرەڤان وەکو ناوبەر و ناو بژیوان دێت..(1).

- موریس (مور+ڕەس) لێواری ئاو، مور-سوری ڕۆژاوا، لە عەرەبی مورس بووەتە (مرسی) واتە بەندەری پاپور و گەمی.

- نفذ/نفاذ: لە ئەسڵی نوفازی/نوڤاژی - نوفێس، کە باسی فێسی (لا)ی بەیانییە کە خۆر تەواو دەبێت خواوەندی شەڤ ئیشەکەی تەواو دەکات.

- بەر(بەردان و ئازادکردن): بەروڤاژی ڕەب/ڕابو(ڕابونی ڕۆژ).. بەر-پەر (پەروەردە)×ڕەب (ربی و تربیة) لە فارسیدا (بەل) واتە بەردان، لە کوردیدا زیاتر لەسەر ئەسلەکەی ماوەتەوە- بەرەللا- برۆ (هەرە/هەرو)یش هیمای بەردانی تیایە، هەروەها بهار/ بەهار زاراوەی رزگاربونە لە تاریکی زستان.

- قلد: واتە زارکردنەوە، قلد لە سەرچاوەی گەرد/گەردان (سوڕانەوە) هاتووە، کرد-کلد-قلد واتە خۆر کە ڕۆژانە کارەکەی دوبارە دەبێتەوە وەکو(تقلید)، جێگاکەی لە(کرد)ە واتە جێگە (دل<در)- پێشتر پێوەندی ناوی کورد و دلمان شلۆڤەکرد بەلاْم کە لە ئاڤستا ناوی دل zirte یە ولە کوردی ئەمرۆکە بووەتە(زار)-زەرتە<زار- بۆیە وشەی زارکردنەوە هەمان مانای (قلد) دەبەخشێت.

---

1- بن/بر لای کوردە کۆنەکان بە جێگەیێکی پیرۆز دانراوە-لای ژێرەوەی گەردوون- بۆیە وشەی (بنیات) تائیستاش لای کورد بە بنەمالە پیرۆزەکان دەووترێت کە بن یش جێگەی پڕ-خور (پربوونی خۆر)بووە- ئیستا گوندێك لای ڕۆژهەلاتی زێی گەورە هەیە لای دەڤەری سورچییەکان بە ناوی (پیرخولە) گوایە خەلکانی ئەو گوندە بنیاتن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- ژەهر/زەهر(سەر): ئەم زاراوەیە لە دابەشکردنی گەردوون و جەستەی مرۆڤ وەرگیراوە کە هەر سەرێکی گەردوون وەکو هاوین و زستان (چلەیان) واتە سەریان(سەر/زەر<زەهر) زۆر تیژ و دژوارن واتە مردن و ژیانەوەیان تیایە بە پێی فەلسەفە کۆنەکان، وەها ماددەی ژەهریش هەمیشە لە سەر و دەم دایە..

(سم)یش واتە ژەهر/زەهر، بە عەرەبی و فارسی ناوێکیتری ئەو جێگەیە، لە کوردی وشەی (سم) بووەتە-خم وکێم..(لە عەرەبی کۆندا بە کیمیایان دەوت خیم )=خراپی، لە E دا بووەتە **chem** واتە کیم/کیمیا(تێکهەل)..

بابەتی ئەم وشەیە زۆر درێژە و با ئەوندە بەسبێت.

- نیسان: لە توخمی نو+سەن واتە **new sun** یان (نوسنە) واتە ساڵی نو، وشەکە زۆر کۆنە و بۆ سەردەمێ دەگەرێتەوە کە لای کوردە کۆنەکان ساڵ دابەشدەکرا بۆ چوار سەر، سەری هاوین و زستان بۆ سەری سەرەکی دائەنران(ناوەندەکانیان) واتە چلەی هاوین و زستان، ناوەندی بەهار و پاییزیش بە هەردووو سەری تری ساڵ دائەنران، بۆیە نیوەی بەهار کە دەبێتە نیسان بە سەرێك لەو سەرانە دائەنرا..

هەروەها هاودەم کە لەگەڵ هەر سەرێکی نوێ جەژن و عید هەیە وەکو چۆن کوردی ئێزدی عیدە سەرەکیەکانیان(اتو) لە چلەی هاوین وزستان دەکەنەوە.

بۆیە لە نیسانیش لە چوارشەممەی سووردا دەبێ بە جەژنیان(خودی ناوی چوار شەممە واتە چوار سەر-چوارکۆم-کە ئێزدی ناوی ئەو جەژنە سەری ساڵی سووریش پێی دەلێن)..(**1**)دیارە چوارشەممە سوورە لە زۆر ناوچەی کوردستان هەیە.

ئەمەو وەك ناومان بردن دابەشکردنێکە یەکانگیردەبێت لەگەڵ دابەشکردنی شەو و ڕۆژ واتە زستان وەك شەوە و هاوێن وەك ڕۆژ، ناوەندەکان-بەیانیش بەهارە خۆراوایش پاییزە،کە بەیانیش ڕەنگی سوورە واتە ناوەندی بەهاریش دەبێ ئەو ناوە هەلگرێت (سەری ساڵی سوور/چوار شەممەی سوور..(**2**)

---

**1**-جەژنی نیوەی بهاریش لای خەلکی هەورامان-جەژنی کونسا- کە خاتر خواستنە لە پیری شالیار،دەکرێت بۆ ئەو بۆچوونانە بیگەرێنینەوە .

**2**- شەممە واتە(زەمو/سماء/سەما/شەما/شەمایوم-ئاسمان).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێشتریش باسی ئەو دابەشکردنەمان کرد کە لەسەر جوگرافیای ئەم ناوچەیە سەپێنراوە، گەلانی ئەم ناوچەیەش ئەو سەر/سور سالە وەك جەژنێك و بە سەری ساڵی خۆیان دائەنێن وچەند عادەت و نەریتێك هەن بۆی دەگێرن وەك ڕەنگکردنی هێلکە کە وەك قەشەکانی مەسیحیەت دەڵێن ئەم نەریتە بەر لە مەسیحیەت هەبووە، دیارە ئەوان ئەم نەریتە لە کوردە ئێزدیەکانیان گرتووە کە ئەوانیش لە چوارشەممە سوورە هێلکە ڕەنگاوڕەنگ دەکەن- دابەشکردنی سالیش بەو شێوەیە، هەر لە کوردی ئێزدی وەرگیرایە- (1)

هەروەها چوار/چارشەممە وەکو ڕۆژی هەینی لای بوسولمانەکانە، لە ناوەکەشیرا دیارە چار لە وشەی (سر/سور/سەر<گەر-چار) بە مانای سەر وکۆتایی، هەر سەر و کۆتاییێکیش پیرۆزی خۆی هەبووە..

پێشتریش باسی پێنج (بن+س)مان کرد واتە بن.

هەر بەم بۆنەوەیش سترانێکی خۆشی کوردە ئێزدیەکان هەیە کە ئەو ناوە (سورە) بەرجەستە کراوە بە سرفە<سرفەدین وەك میری دین تەماشاکراوە و بەم شێوەیەش پێی هەلگوتراوە:

چەرشەرمما سەرێ نیسانێ ، سەرفەدین میرە ل دیوانێ ، خەبەر بدن کوردستانێ ، بلا قایم کەن ئیمانێ..

یان:

سەرفەدین ژتارێ(مخارێ) دەرکەت، سەد هزار قەوال ب رەخ کەت..

یان:

سەرفەدین ژخورسا گولێ، ئاڤا زمزم دخولخولێ، سەرفدین میرە ل موسلێ

ئەم قەول و بەندانە هیمای ڕووناهی ڕۆژن و چەرخ وگۆڕانی دۆخەکانێتی بە شێوەیێکی فەلسەفی وەك پەرستراو و نیشانەی گەورەیی، بەند وشیعریان پێ هەلداوە..

پێوستە بشلێین کە ڕۆژی چوار شەممە تا ئیستایش لای کوردە بوسولمانەکان ڕۆژێکی

---

1- ئالای کوردستان کە وێنەی ڕۆژ لەسەر رسمکراوە دەربڕین لە پێوەندی کورد بە مێژوەکەی دەکەتەوە..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پیرۆزە وخەلکی دەو ڕۆژەدا دەچنە سەر مناسب (گۆری چاکەکان)..(1)

- کێل/چێل: ئەسڵی ئەم وشەیەیش لە(سەر-کەر<کەل<کێل) هاتووە واتە بەرزی و مەزنی، فەلسەفەی دابەشکردنی ساڵ بۆ دوو سەری بنەرەتی، کە دوو چلەی(زستان و هاوین) ناوەکانیانن..

هەر لە ڕێی ئەم مەبەستەش، لە زنجیرەی چیاییێکی دەڤەری سورچیایەتی لای ئاکرێ ئەم ناوانە هەر لەسەر زێی گەورە تاوەکو ڕوباری گبێل(گەلی زنتا) لە سەر چیاکان دانراون(بێرات-سەری چێل- (کانیا چێلێ)-سەری سادە-کە ناوی یەکەم (بێرات) واتەی دەسپێکی سەرلێواری ئاو و بەرزبوونەوە دەدات، هی دووەمیش کە ناوی (کێل/چێل)ی وەرگرتووە چۆن لە هەموو لوتکەکانی ئەو زنجیرەیە بەرزترە، سێیەمیشیان سەری سادە/سەدە (سەتە/سەتوم) واتەی کۆتایی و تەواوی-جێگەی ڕەتبوونەوە..بە تایبەت ڕوباری گبێل لە دوای ئەوێیە -ئەو ناوەی لە(خبر/خابور<گبێل) گەشەی کردووە..لە دوای گبێل یش بانە سور هەیە واتە لە ئەسڵی (بن و سەر)..(2)، ڕاستی ئەم جۆرە وشانە بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێنەوە کە ئەو ناوچەیە بە زمانێ یان چەند زاراوەی یەك زمان دەئاخفتن)..لێرەوە مەبەستمان ناوی چێل بوو کە پێشتر شلۆڤەمانکرد، ئەوەبوو ببوو بە چلە و چوار (چوار شەممەی سور).

---

1- خۆم کە لە شاری ئاکرێ دەژیم، جێگەیێك هەیە لەم شارەدا کە کانوویێکی ئاو لە سەرووی گردێکە وکانویێکە لە ناو ئەشکەوتێك دایە بە ناوی(شێخ ماڤ)، هەموو چوار شەمەییێکیش خەلکی ئەچنە سەرەدانی ئەو جێگەیە گوایە ئاوی ئەم کانویە توبرکە و پیرۆزە و ورجی هەیە و چارەسەرە بۆ نەخۆشەکان، شایانی باسە ئەوەی ئەچێتە ئەوێ لە کاتی گەرانەوەیدا نابێت قسە بکات واتە (قەرەسمە)بێت -من وای بۆ دەچم کە سیفەتی هەبونی ئاو لە بەرزاییدا جگە لە قسەنەکردن و نەئاخفتنیش لە کاتی گەرانەوەی سەرەدانکەران، هەموو ئەو سیفەتانە لە بۆچوونی ئاسمانی شەو کە لە فەلسەفەکۆنەکاندا بە ئاو دانراوە، وەرگیراون یان بۆمان ماوەنەتەوە، بە تایبەتی ناوی ئەو خاس و چاکە شێخ ماڤە (ماد/ما-ماڤ).

2- خبر لە سۆمەری لە ناوی روبای کۆتایی ئەوەی مردووان لێی دەپەرنەوە هاتووە-خبری سۆمەری بەرامبەر گیبلی بابلی یە بە هەمان واتا کە خ<ك، ر<ل چووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

- زاراوەکانی (چوتوڤی-چۆنی-چاوانی-چولونی-ڕەوشاتە..) لە کوردیدا لە گۆرانکاری باری خۆر/ڕۆژ تیادا دەرباز دەبێت وەرگیراون ئەگەر تاڤ/تاڤ یان ئانو(ێنو)لە باری ڕووناکیدا بێت ئەوە باشە ئەگەر لە سەر ئاوابوناش بێت ئەو خراپە وچوتوڤی=چوتاڤی(تاڤ=ڕۆژ)، چۆنی=چو ئانۆی (ئانۆ=ئاسمان و ڕۆژ)، ڕەوشا تە=ڕۆژا تە(ڕۆژ<روش-ناوی تری ڕۆژ)..لە ئاڤستا ناوی رۆچە بۆ ڕۆژ هاتووە.

هەر بەم شێوەیە(حال) لە(ئار) واتە ڕووناکی وەرگیراوە.

هەر لەو هاتنەوە و ڕووناکی ڕۆژ سیفەتی هازربوونی ڕۆژ وەرگیراوە(حالی حازر) لە ئەسڵی ئار و ئاسەر)-سەر/اسەر...

کوردی ئێزدی لە قەولێکی دینیدا دەلێت:

ڕۆژ هاتە تێشتانە-شێشمس گرتی دیوانە-ماشا وی ددەتە مێرانە..

دەتوانین ناوی رێزمانیش بۆ ریژەکانی Past وpresent لە زمانی E داو لە(ماضی ومضارع /حاضر) عارەبی وزمانی تریشدا هەر بۆ ئەو خولانەوەی خۆر و ئەو ناوانەی لە لایەنەکانی گەردوون نراون، بیگەرێنینەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# زمانی کوردی بەرەو کوێ

**فەلسەفەی زمانی کوردی:**

**وەك لـە پێشـتر قالی ئـەوەمان کـرد کـە پێوەنـدی دیـن و زمانـەوە چۆن بـە تـێن بـووە وکـە یەکێك لە ئەویتر دروست بووە، بـێ شـك زمـانی کـوردیش بـەر لـە هـەموو زمانـانی تـر بـەو ڕێچکەیە تێپەر بووە.**

**ئەگەر لە تەفسیری هەرەکۆنی جیهانبینی و فەلسـەفەی لێکدانـەوەی گـەردوون بکۆلینـەوە- دەسپێکی ژیانی مرۆڤ-کـە ژیـان لـە ئـاو دەسـتی پێکـردووە وەك لـە بۆچـوونە دینییـەکانیش هاتووە لە ئاوی بەرایی(تیامە/تهم/تیامەد/تیامات)..(1)، سـەری هەوڵداوە - لایـەنی تـاریکی گەردوون، وەك لە فەلسەفە و ئەفسانە کۆنەکان هاتووە ئـاوی ڕەشـی ئاسمـانی خـوارەوە یـان تیامـەتو/تیـامتو(لـە دەقـە ئۆگارتییـەکان)، خـۆریش کـە سـومبلی گەردوونـە کـە چۆن ئـاوا دەبێت و سەر هەلدەداتەوە-بە وەرچەرخێنەر و ئەسڵی ئەو فەلسەفەیە دێت، واتـە کـە خـۆر دەچێتە نـاو ئـاودا(خـورآب-غـروب)بەرامبـەر ڕۆژاوا (ڕۆژآب) پاشـان پـاك و پـیرۆز دەبێتـەوە، ئەمە وەك کریارێکی هەمیشـەیی و بـەردەوام، گـەردوون پـەیرۆ دەکـات، خـۆریش لـە چـەرخ وفەلـەکێکی ئەبـەدی دایـە-لـە مـردن ونوێبوونـەوەدا، ئـەم رفتـارەی خـۆر کـە وەك خواوەنـد دانراوە دواتر دەربازی بۆچوونە دینییەکانیش بووە(بـڕوا بـە ژیـانێکی تـری پـاش مـردن).. ئەم کارەی خۆریش کە ڕۆژانـە نقـۆمی ئـاوی ڕۆژاوا دەبێـت لـە کریـاری خـۆ تێهـەلێنانی نـاو ئـاودا بـە مـۆرکردن یـــان (عمـد/تعمیـد) دواتـر لـــە نـاو بـــۆچوونە دینییـەکان بـە تـــایبەت دینە کۆنەکان ڕەنـگ ئەداتـەوە وەکـو ئێـزدی و(مەنـدائی/مەنـد-سـوبی) پاشـان لـە نێو مەسیحیەتیش بەرجەستە دەبێت وەك ڕفتارێکی دینی بۆ پیرۆزی و دین وەرگرتن.**

---

1-(تیامـە/تهـم/تیامـەد/تیامـات) کـە ئـاوەژووکردنی(مـەد/مـەت)ە، پـێم وایـە ئـەم(تهـم/تیامـە)زاراوەی Dulismی بۆچـوونە دینییەکانـە کـە بەرامبـەر (دووەم/دوو)ی کوردیـە بـەلکو هـەر خۆیـەتی، هـەروەها واتەی تەم و تەواویشی تیایە(دەهوم/دە)ی کوردی لە ئەسڵی دەس-ژمـارەی دەسـت و پەنجـەکان-،دەس×سـەد- ئەو سەتەی هەمان سیفەتی دوانەیی هەیە، بۆیە ئەو دوو زاراوەیە یەك شتن(دوم/توم-سەت/سەتوم).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**بێجگە لەمە، ئەم ڕێ وشوێنە پاشماوەی بۆچوونە کوردیەکانە بە گەواهی مێژوویی و ئەو زاراوانەی تا ئیستا لە کوردیدا زیندوون و ئێمە ڕۆژانە بە کارییان دێنین، بۆچوونە ئاڤستایی زەردشتیەکان کە خۆر لە ڕۆژاوا ماندوو دەبێت ئینجا تینوو(تشنو)دەبێت و بەرەو ڕۆژاوا دەچێت بۆ(برشنو)یان بۆ دەریای هەموو شتێك سدب (سد+آب)-سدب×بدس<بوتکە (لە ئاڤستنا)دا، واتە ئەو جێگەیە جێگەی تەواوی و(پڕ) بوونەوەیە..(1)**

**پڕ بوونی خۆر(ڕۆژ)-جێگەی مردن و بوژانەوە-واتە خراپی و چاکی(سیفەتی دوانەیی خوداوەند) کە چاکی و باشی لە پیرۆزی(پر/پرس<پیرۆز)ڕەنگ ئەداتەوە (بەرزبوونەوە)..(2)**

**جگە لەوەیش زۆر ناوی تر لەو جێگەیە و لە سیفەتەکانی ئەو جێگەیە وەرگیراون وەکو(پیر/پڕ-بڕ/بڕین)-ئەو نەریتەی لە بەهاردا لە دار و درخت دا پەیرۆ دەکرێت یان بڕینیان-کەزاخە تاکو چرۆی نوێ بدات..**

**کە جەستەی مرۆڤیش وەك هەیکەلی گەردوون دانراوە بۆیە لە کاتی دەسپێکی ژیان-زارۆکینی-جۆرە بڕینێکی لە جەستەی منال ئەنجام دەدرێت کە پێی دەلێن سونەتکردن (خەتەنە) وەك کارێکی پیرۆزبوون، ئەم وەك بۆچوونێ لە ئەسڵی ئەو فەلسەفەی ناومان بردن هەلێنجراوە.. ڕاستی لە بۆچوونە دینییەکانی هەرە کۆنیندا،کاتێ خواوەند سیفەتێکی دوو لایەنی هەبوو:**

---

1- وشەی پیری لە زاراوەی (پڕ/پڕبوون) وەرگیراوە.

2-لە ناو دینی مەسیحیدا (/مشیخا زۆر بۆچوون لە سیفەتەکانی خۆر وەرگیراون وەکو ئەوەی زیت(سد/سوت) ئاماژەیە بۆ روحی قودس/روخی خدس-خدا) لە ئینجیلدا هەروەها (خمیرە) ئاماژەیە بۆ شەڕ و خراپی و فەساد، پێچەوانەی (ملح/ملخ)، دیسان پێنج قوربانی هەن-بەر لە مەسیحیەتیش هەبووە) وەکو:المحرقة والخطيئة والسلامة يجب ان يكون القربان سالما ونزع الاحشاء منها مثل شحم الكبد والكليتين وحرقهما للرب وقربان او تقدمة الدقيق في الانجيل.. ئەمانە ئەگەر دقەت بدەینێ گشتی دەتوانرێت وێکداچونێکی کار و سیفەتی خۆر لە گەل ئەم ڕێ و شوێن و بۆچوونانە لێی دەسگیرببێت واتە شێوە و مانای تێرمەکان.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لای ڕەشی ئاسمان-بەلای بنەتکار و ئەساس و پیرۆزتر دائەنرا، واتە لای رەس/ڕەش، کە دواتر ئەم ناوە بووەتە (لالش) ڕەمزی پیرۆزی کوردە ڕەسەنەکان وەك ئێزدی، ئەوانەی هەر شتێکی ڕەشیان لا پیرۆزە-کتێبە دینییەکەشیان ناوی مسهەفی ڕەشە-کە خودی ناوی خوای ئیستای کوردیش و چەندگەلێکی هند و ئەوروپی، لەم ناوە و لە سیفەتی ڕەش و تەواوی(سوت/سود/سەد)هاتووە سود-خود/خودا/**God**

دواتر ئەو (سەد/شەت) بلاوبووەتە ناو زمانی جیاجیا و بەمانای جۆراوجۆر وەکو (شتە)ی ئاڤستایی بۆ(شتاء/شط)ی عارەبی و **Sunset**ی E..ئینجا کە دینە یەکتا پەرستی پەیدابوون کە ڕووناکییان کردە ڕەمزی خواوەند(باشی) و تاریکیش وەك ڕەمزی خراپی(سودئان-سیتان<شەیتان)کە پێشتر ئەو هەردووو ناوە(سەد/سەت+ئانو) ناوەکانی دەریای ڕەش یان ئاسمانی سیا بوونە..(1) هەر بەو شێوەیەش لای ڕەش وەبەر ژن دەکەوێت(نس/نسوم/نشوم)..(2)کە بە هاندەر یا ئیلهامگەر و دروستکەری گوناه(خەتیئە) هاتووە واتە خراپە، ڕووناکیش وەبەر پیاو دەکەوێت کە چاوی ڕۆژ ڕەمزەکەیەتی.

ڕووناکیش بە هیما و بەرجەستەکەری سڕینەوە(مغفرة) و لێخوشبوون هات-پاك بوونەوە-یان سپی بوونەوە و وەك لە دینی زرادشتیش هاتووە، لە دینی مەسیحیش ئەوها هاتووە کە پاکبوونە کراوەتە سیفەتی مەسیح کاتێ ساخ بوونەوەی-ڕابوونەوە-واتە مەسیح/مشیخا/یەسوع- روح الله (ڕوخی ڕوناکی) پاش لە(سرب<صلب)دانی هەلدەستێتەوە و زیندوو دەبێتەوە وگوناهی مرۆڤ پاك دەکاتەوە..

بەم جۆرە ناوی ڕوخەکانی گەردوون لە شێوەی مرۆڤـ تەجسیدکراون و سودیان لێبینیوە بۆ سەرهەلدانی بۆچوونی دینی هەروەکو ناوی(نبی) لە نوێ و ڕۆژی نوڤا/نوبا<نبی

---

1-ئان/آنو=شاوشکە (شەشکە)=حیبات/حبیت/حەواو(اباد)، ئەم گۆڕانەی پیرۆزی دین لە پیرۆزی لایەنی ڕەش بۆ پیرۆزی لای سپی(ڕوناکی)، وەك فێلێك تەماشا دەکرێت بۆیە ڕەمزەکانی لای ڕەش وەکو ژن-کورد-زوج (سیفەتی دوانەیی ڕەش) تا ئیستا ئەم تێرمانە وەکو(زوج وکورد)وەك سیفاتی ساویلکەیی و خەشیمی بەکاردەبرێن.

2- رەمزی شەو مانگ و هەیف بووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**وەرگیراوە.. لە قەولێکی دینی ئێزدیش ئەم ڕاستییە باشتر دەردەکەوێت وساخدەبێتەوە:**

**سێ سەد و شێست و شەش نەبی دموڕسلن**

**هەموو ل بەر وێ کاسێ دخەملن**

**کەواتە (366) ڕۆژەکانی سال هەموو ڕۆژێك بە (نوبا)ێك دێت، هەر وەکو چۆن (لالش)یش جێگەیێکی پیرۆزە لای کوردە کۆنەکان- ئێزدی- کە لە ئەسلدا ئاسمانی ڕەش بە جێگەی خواوەندەکان و جێگەی هەرە بەرز زانراوە، جێگەی ڕەب (ڕەپ و ڕابوونەوە)، ئەگەر بۆچوونەکانی دینی ئێزدی بە کۆنترین بۆچوونی دینی دابنرێن چونکە هەر لە ئەوێ، ناوەندی (تیامە×/ئەمایت <مەدیا)-Mid-و ناوەندی ژیان و بوون بووە، وەك وپکداچووادنێکیش بۆ لای ڕەش یا سەر و ڕاسی گەردوون بۆ سووڕانەوە..**

**(لای ڕەشی گەردوون جێگەی پیروز و ئاوی زمزم و ئەرەفا/عەرەفە..)..(1)**

**کەواتە ئەو بۆچوونانە لای کوردەکان سەریان هەوڵداوە بە گەواهی بۆچوونی دینی ئێزدی و زاراوە کوردییەکانی تا ئیستا زیندوون..**

**ئەمە بەر لەوەی-پاش بلاوبوونەوەی مرۆڤایەتی-هەندێ خەلك بچن و ئەو بۆچوونە دینیانە بیگوێزنەوە بۆ ناوچەکانیتر وەك چۆن جولەکەکان کردییان و ئەوانی دیکەیش چاویان دایێ، دواتر توانییان ئەو جێگەیانە بیکەنە ناوەندی پیرۆزی بۆ خۆیان، ئەو گەشبیریەی لە سەرووی میزوپوتامیا سەری هەلدابوو ئەوان دواتر بە پێی فۆنەتیك و لێڤسکردنی خۆیان توانییان بیگۆرن و وەك سامانێکی فەرهەنگی جیاوازیش تەماشابکرێن، بۆ نموونە چۆن زم لە وشەی (زمزم)دا لە زمۆ-ی ئاڤستایی وەرگیرا، ئەوهایش(بیت) لە وشەی بوت<بوتیکە ئاڤستایی وەرگیراوە-جێگەی خواوەند(بیت اللە)-یان جێگەی ڕەتبوونەوەی خۆر..**

---

1-ناوی زم/زمو لە ئاڤستادا بە واتەی ساردی و ئاو و بەفر دێت(زموستان/زمستان/زڤستان/زستان)ی کوردی،(ارفە)یش واتەیێکی لۆفکردنەوە دەدات(بەرزی وەکو فراشین)جێگەی فەلەکی خۆر لە ئاسماندا کە دواتر ئەو رەمزانە لەسەر جوگرافیای ناوچکەیش دانران-جوگرافیای کورد لە لالشدا-



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەمانای تر جێگەی گشت زانستەکان(ئار/ئاروم<ئال<علم/علوم) واتە بەرزایی، زانست و فێربوونە و نزمیش سفری و جاهلییە..(1) ئینجاکە ناوەکان لە ئەسڵی دابەشکردن و سوڕانەوەی گەردوون وەرگیراون بەگرێدان لەگەڵ جەستەی مرۆڤ و جوگرافیای ناوچەکەش..هەروەها کرداری(حج)کردنیش هەر سەرەدانی جێگەی پیرۆزە وەك چۆن خۆر دەسوڕێتەوە بۆ ئەو جێگە پیرۆزە(بوتیکە) ڕۆژانە و سالانە، ڕۆژانە بۆ خواراوا(خوراب/غروب) و سالانەیش بۆ زستان/زموستان-جێگەی ناوەندی بەرد و ئاو وکانوووی ڕەشێتی..(2)

که دەتوانین کرياری حەج کردنیش لە بوسلمانێتی و لە دینی کوردە ئێزدیەکان پێکەوە ببەستینەوە، واتە لالەش(لای ڕەش=ئیلاهی ڕەش-ڕەش، بە ڕەشا-ڕاس دانراوە).

دیارە ئەو شتە پیرۆزانەی لای لالش هەن کە ناوی پیرۆزن لای حەجی ئەوانی تریش هەن ئەگەر نەبوونایەش هاتوونە و ڕەمزێکیان بۆ داناوە، پێشتریش بەر لە بوسلمانێتی خەلك جزیرەی عەرەبی مردووەکانیان دەسوتاندن-ئەم کریارە ڕاستەوخۆ لە فەلسەفەی خولانەوەی خۆر وەرگیرایە-

---

1-لە زمانی ئاشوریدا بیت بوەتە(با)وەکو بیت قردا<باقردا، ئەسلەکەی کوردییە کە (آباد)ە، ئەویش بووەتە ئاڤا/ئاوا، هەروەها ئەو ئاباد-ە چونکە زاراوەیێکە بۆ ژن بەکارهێنراوە سەردەمی دایك سالاری کە ماڵ بە ناوی ئەوێ بووە (ئاباد/ئاڤا/ئاوا)، بۆیەش لە سەردەمی ڕووناکی بوو بە ڕەمزی خوا، دایك و ژنیش ئەو دەسەلاتەی نەما، خەلکانێك سەر بەو بۆچوونانە ناوەکەیان کردە (عبد/عبید) کە پێشتریش کردبوویانە (حەوا)، تاها باقر-یش دەڵێ (سەردەمی عبید بەر لە سومەریەکان بووە ئەو شارستانییەش لە سەروو و خواروی ئیراق کە ئێمە هیچ شتێك لێی نازانین) دیارە ئەو سەردەمە سەردەمی بوتیکە بوو، بوتیکە-بەتکە-بوت-بیت، پێم خۆشە (بدأ) عارەبیش بیگەرێنمەوە بۆ ئەو(بودە-بوتە)، هەروەها لە کوردی بوتێ دەرکەوتنەوەی لەناکاو دێت.

2-بەردی ڕەشی حەج (کە نیازەکێك بووە لە ئاسمانەوە کەوتوتە خوار) رەمزێکی کۆنینەی ئەو بۆچوونەیەی دانانی ئاسمانی ڕەش بە جێگەی سوڕانەوەی خۆر بووە-پێم وایە هەر بەو بۆنەیش (قبة الصخرة)ی قودس و بەردی ڕەشی مەکەش پیرۆزە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

به گشتی ئەو دینە کۆنەکوردە لە هیچ شتێکی کـــەمتر نییە لە دینەکانی تری خاوەن کتێب، سفر و سورەتەکانیشی وەکو سفری کنیات(سفر التكوين) و ئەوانی دیکە ڕەسەن وکۆنن و بۆ سەرەتای هزری مرۆڤ لە بەرامبەر ئەفراندن وچۆنییەتی دانانی یاساکانی ژیان دەگەڕێنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دانانی دیوی ڕەشی ئاسمان بە دژ و(سد-ضد)ی دیوی سپی ئاسمان، بۆیە دێنەکەش خراب و ڤیزاوەر و بەدناوکرا..ئەگینا دینەکە کۆنترە لە دینەکانی تری خاوەنەکانیان دژی لالەش ودینی کوردن، کەواتە ئەبێت بایەخ و پیتە وگرنگی بەو دینە بدرێت چونکە بەرهەمی مێشکی کوردە و پێوەندی بە ڕۆشنبیری کۆن و مێژووی دێرینی کوردەوە هەیە، هەروەك پەیوەندیشی بە سستمی زمان سازییەوە هەیە کە دەبێت قەول و بەیتی ئەو دینە وەك دینەکانیتر بە پیرۆزی تەماشا بکرێن و بووترێنەوە لای هەموو کوردەکان، چۆن ئەو دینە وەك ئەلقە بزراوەکانی مێژووی گەلی کوردە، ئەو گەلەی تا ئیستا لە لایەنی زمانەوانییەوە لایەنی ڕەشی ئاسمان(جێگەی کۆنی خواوەندەکان) بە خوای خۆی دەزانێت(أزد/ئیزی=ئەسد-سد<خد/خودا)-لەسەردەمە کۆنەکانیش گەلان بە ناوی خواوەندەکانیان ناودەبران واتە سوتی/کوتی(کورتی/کوردی) سەر بە خواوەند سوتی بوون، ئەو خوایەی سیفەتی تەمامی وتاکی لە بەراییدا بۆی دانرابوو(کت=تاك)، ڕۆژیش سیفەتی دوانەیی هەیبووە(دوس=دوو)وەکو **day** ی زمانی ئینگلیزی.. هەرچەندە لایەنیتری گەردوونیشی بە پیرۆز زانیوە واتە لایەنی ڕووناکی کە پێچەوانەی لایەنی تاریکییە (سد×دس/سەت×تەس<تاوس)..(1)

بەراستی ئەمە شتێکی ڕێژەییە و تا ئیستاش بەکارهێنانی ئەو هیمایانە وەك زاراوە بۆ ناوی خوا یان جێگەی و تەختی خواوەند، وەك بابەتێکی لێڵ و مژاوی، دەکرێت هەرکەسێك بە پێی بڕواکانی خۆی سوود لەو تێرمانە وەرگرێت، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بڕوای بە خالق و ئەفرینەرێ هەبێت کە مرۆڤ بەلکو گەردوونیشی بە بێ هۆوە دروســـــت

---

1-سیفەتی پەرگرژکردنی تەیری تاووس کە شێوەی وەك چاوی ڕۆژە، هەروەها لە سیفەتی تەیسینیشی (تەس<تاوس) یەکتر دەگرنەوە-تەیسین=درەوشانەوە و بریسکانەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

نـەكردووە، كـــەواتە دەبێـت هـەردوو دیـوی گـەردوون پـــیرۆزبن چـــۆن هـەر یـــەكێك ئـــەوی تـــــرپڕدەكاتەوە، بە شـێوەییێكی تـر چۆن جێگـەی خـودا لای گـەلێك نـەگۆردرا وەك عەرەبەكان سەردەمی جاهلی و پاش هاتنی ئیسلامیش ئەو جێگەیە هەر پـیرۆز مـاوە بـەڵكو پیرۆزتـر دانرا(بیت الله) و بایەخی زیاتری پێدرا..

ئەبێت (لالەش)یش لای هەموو لاییێك بە پیرۆزی ڕابگیرێت و دابنرێت بە پێـی ئـەو هـزرەی كە ئـەو جێگەیانـە مەلبەنـد و تـەخت و دانپیانـانی هـەبوونی خوایـە سـەرەڕای دانـانی وەك ڕۆشنبیری و مێژووی ئـەم گەلـە كـە دەكرێت سوودی هەمـە لایەنـەی لێـی وەربگیرێت هـەر وەكو چۆن عەرەب گرنگی  بە دیـن و جێگـە پێرۆزەكـەیان داوە ودەیـدەن و بـێ ژمـار پـارەی بـۆ دەمـەزێخینن و چـەندین كـەنالی سـەتەلایتی بـۆ بـەرز راگرتنـی تـەرخان دەكـەن، بـەلاّم مخابن ئێمەی كورد تەنانەت یەك تیڤی سەتەلایشمان نییـە بـۆ شـیكردنەوە و بـەرزراگرتنی كۆنە دین و فەلسەفە كۆنەكانمان.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# تێکستی دینی ئێزدی و هەندێ شلۆڤە

کوردی ئێـزدی، وەك شـەرەفخانی بدلیسی لـە شـەرفنامەدا پێـنج سـەد سـال لەمـەو پـێش ناویـان دێنیـت وەك بەشـێکی گرنگـی گـەلی کـورد، لـە سـەردەمە هەرشـەکۆنەکانیش چـاخی سۆمەری (تاوس) وەك سونبولێك بۆیان ناوی هاتووە، ئـەو تاووسـەی هـەمان(تمـوس/تمـوز)ی سۆمەری بووە، کە لە سەردەمانی دواتر بەرامبەر **Theos**ی یونانی دێت، کەواتـە ئـەو نـاوە هەرسـێکیان نـاوی یـەك خواوەنـد بـووە چـونکە لـەو سەردەمانەشـدا گـەلان بـە نـاوی خواوندەکانیان ناو دەبران، بۆیە ناوی ئـەو کوردانـە بـە نـاوی تاوسیك<تاجیك نـاو دەبـران وەك لـە سـەرەتای کتێبەکـەش باسمـانکرد د.لامپرێـر دەلێـت: (کلـدانی بـەرایی بـەناوی خلد/خلتی کە ئەم وشانە تەحریفکراوی کوردە، کوردیش ئەسلەکەی تاجیکە، دانیشتوانی کوردی ئیستا)، واتە ئەسڵی کورد کوردی تاجیکە (تاوسیك)-کوردی ئێزدی..

لـە قـەولێکی دینـی ئێزدیشـدا وەهـا هـاتووە کـە پەسـنی چـاوی ڕۆژ و ڕووناکییـە لـە بەیانیاندا..

سلتان شێخ ئادی تاجە ژ ئەول تا ب ئاخرین..(1)     دوعایا سبەیکێ/ئێزدیاتی

جگـە لـەوەش دەکرێـت دەقـەکانی دینـی ئێـزدی ئـەم خالانـەی خـوارەوش لێـی بەرجەستەبکەین:

1- قەول و بەیتی دینی ئێزدی کە بەرێی قەوال و بەیتاش پارێزراون لە پاش کە کتێبە پرۆزەکانیان دزراون وەك هەوڵێك بۆ لەناو بردنی دینەکەیان و شوێنگرتنی بە دینی بیانی تـر، ئـەو دەقانـە لەلایـەن کـێش و سـەروا یـان دەنگـەکانیان زۆر لـە بـەیت و سـروودی ئاڤستایی(گاثا)کان نزیکن.

2- لە لایەنی فەلسەفی ئەو شتانەی بە پیرۆزی لە ئاڤستا هاتوون، لای ئـەوانیش پـیرۆزن وەکو ڕۆژ کە چەندین ڕەمز لە دینی ئێزدی بۆی دیارکراون وەکو هیـمای مەلـەکی تاوس-وەك لایەنی ڕووناکی بە تەواوکەری تاریکی دانراوە یا پێچـەوانێتی(دس/تس×سد-سەت) کە

---

1-پێم وایە ناوی ئاد لە ئەسڵی ناوی تاو(ئـاتوو-ی سۆمەری) هاتووە وەك بەرجەستەکردنی نـاوی خـودا لـە جەستەی خاس و پیاوچاکێکدا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زاراوەی دس-یش بووەتە تاوس(تموس)، بۆ نموونە ئێزدی لە کاتی ڕۆژاوابوونا، ئاو دەخۆنەوە بە هزری ئەوەی کە ڕۆژ بەرەو ئاوابونا دەچێت، تەنگاڤە-تینووی ئاڤە-لە بۆچوونە دینییەکانی ئاڤستایش خۆر تەشنو(تینو) دەبێت لە ڕۆژاوابونیدا.

3- ناوەکانی شیشمس وشیخسەن وئاد(تاو/تاڤ) و ناوەکانی تر، هیماکانی ڕووناکی و ڕۆژن دواتر ناوەکانی وەك(ئاد<عاد) تەوزیفکراون بۆ ناوی خاس و لێهاتوو و شێخەکان لە بابەتی چاکسازی دینی وەکو چۆن لە مەسیحیەت (مەسیە/مەسیح/مشیخا) لە ئەسلدا لە ناوی(ماسو)هاتووە(1)، ئاوی پیرۆزی خۆراوان، کە ئەویش ناوی ڕۆژە(ناوی ڕۆژ و ئاو لە یەکتر وەرگیراون وەکو خۆر=ڕۆژ، خۆر=ئاو)..پێشتریش باسی ناوی خریستیانمان کرد کە لە ناوی(خورس-cross)- خۆراوا وەرگیراوە..(2)

4-کتێبی مسەهەفی ڕەش وجلوە، دوو کتێبی پیرۆزن لای کوردی ئێزدی دزراون وەکو تالانکردنێکی ڕۆشنبیری بۆ ئەوەی ئەو گەلەی لە نرخ وبەهاکانی دینی و زمانەوانی ڤالا و بێ بار بکرێت وەك بەشێك لە هێرشی لە ناوبردنی مێژووی ڕۆشنبیری کوردی و جێگۆرکێ پێکردنیان بە کتێبی دینیتر ئینجا زمانیتر هەروەکو بۆ نموونە لەپاش هاتنی دینێکی نوێ لە سەر شوێنواری ئەو دینە دینێکی نوجات ونوێ بنیات نراوە وەکو ئاواکردنی کلێسەو دێر لەسەر پەرستگاکانی زردەشتی و دواتر ئاواکردنی مزگەوت لەسەرخانوبەرەی ئەو دێر وکلێسانە، ئەو کتێبانەی ئێزدیش کە دزراون گوزارش لە دیاردەکانی هەبوون دەکەن و بۆ ژیانیش پەند و یاسان بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانی کۆمەل هەروەکو چۆن باسی ئافراندنا کنیاتێ(سفری تەکوین) و چیرۆکی(ئادەم وهەووا)یش دەکەن، جگە لەوەش بە سەرچاوەیێکی زمانی کوردیش دائەنرێن، هەروەسا ئەو قەول و بەیتانە بێ بارنین لە هزری نەتەوایەتی و زمان پارێزی، کە گوتەیێکی شێخ ئاد-یش دەخوێنیتەوە چۆن لە خوا دەپارێتەوە کە خوا میللەت وگەلەکەی و زمانی بپارێزێت کە ئەمە بە لوتکەی هزری نەتەوایەتی دائەنرێت و پەیامێکیشە لە دێر زەمانەوە کە کورد خۆی بپارێزێت و خۆی

---

1-مەش/مەشە، لە ئاڤستادا بۆ ناوی روح هاتووە.

2-خۆرس(خۆر +رس).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

نەگۆڕێت و کەللە ڕەق بێت، کە پێم وایە هەر ئەو پەیام و قەولیشە کە گەلی کوردی ئێزدی بەهۆیەوە هەوڵی داوە خۆی بپارێزێت و نەتوێتەوە بە دین وزمانەکەشیەوە کە تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووە..

5- قەول و بەیتی دینی ئێزدی وەك فەرهەنگێك وایە بۆ مفا لێوەرگرتن لە وشەسازیدا و دەوڵەمەندکردنی یان دەولەت و سامانێکی باشە بۆ زمانەکەمان بەپێی ئەو فەلسەفەیەی سستەمی زمانیش لەسەر بنیات نراوە، ئەو سستەمەی دابەشکردنی گەردوون کە گەلان سوودیان لێ بینیوە و زۆربەی قسەکانی ئەو دینەیش، ئێمە بە خەلەتی پێش ئەوانی تر دەیگەڕێنینەوە بۆ زمانەکانیان کە بە هیچ شێوەیێ ئەو پەیڤانەی لە دەقە دینییەکانی ئێزدیدا هاتوون، وشەکانی بیانی نین بەلکو کوردی ڕەسەنن بە گەواهی مانا جیاوازەکەیان لە گەل ماناکانی وشەی هاوشێوە لە زمانانی تردا..

بە ڕاستی گرفتی ئێمە ئەوەیە کە هەر وشەیێك لە زمانی عەرەبی هاتبێت هی ئەوانە هەر چەندە ئەو پەیڤانە لەسەر فەلسەفەی زمانی کوردی سازکراون کەچی ئەگەر وشەیێکی کوردیمان دۆزیەوە لە زمانێکی ئەوروپیدا دەلێین ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەسڵی زمانەکانمان یەکە-تیوری زمانە هندو ئەوروپیەکان-ئەبێت ئێمە سەربەخۆیی زمانەکەمان بپارێزین و خۆمان لە وشەی زمانە هاوشێوە و نزیك لە زمانی کوردی وەکو فارسی بپارێزین کە بە داخەوە دەمێکە نوسەر و زمانەوانەکانمان ئەو کارە پەیرۆ دەکەن و خۆیان لەو وشانە دەپارێزن کە لەناو زمانی عەرەبیدا هەن کە هاوشێوەیشیان هەیە لەناو قەول و بەیتی دینی ئێزدی، بە ماناییێکیتر ئەبێت ئێمە ئەو پەیڤانەی بەو مانا جیاوازانە و شێوە چۆن یەك، بەکاریان بێنین بۆ نموونە زاراوەی (شام) لە قەولێکی دینی ئێزدی بەمانای(غرب) هاتووە-شامگاه لە فارسی و شام لە هندیدا (ئێوارە)، ئێمە ئەتوانین ئەو جۆرە وشانە بەکاربێنین بۆ هەمان مەبەستی زمانی کە لە دینی ئێزدیدا هاتووە یان بۆ هەر ماناییێکیتر وەکو ناوێکی ژمارە(یەکە) وەکو ئیستا ئێمە دەبێژین یەك شەممە ودووشەممە، کە ڕاستییەکەی ئەوەیە شام-شەممە مانای ڕۆژاوا دەدەن کە ڕۆژئاوا دەبێت شەممەیێك چوو واتە ئاسمانێك چوو(سما/شەما/شمایوم/شەممە) کە ئەسڵی بەڕایی وشەکەش (زمو: ئاو)ی ئاڤستاییە چۆن ئاسمین/ئاسمان بە ئاو زانراوە(زمو<سەمو/سما) کە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

واته شەممە(زمو) واتە ڕۆژێك چوو، گوتمان زمو<سماء (ئاو) بووە كە دواتر بوەتە ناوی ڕۆژ بەرامبەر لە عارەبیدا(یوم) كە ئەویش لە(یم:ئاو) وەرگیراوە..

ئوغلمان دگەرت ژشەرقێ تا ب شامێ بەیتا سوبێ/ئێزدیاتی

یان كە زرق لەباتی ڕۆژهەلات بەكاردێت:

ئاقوب دبێژتێ یا سەیدا هەروەكو ڕۆژ دزەرقی قەولا شێخ وئاقوب

- قدس لە ئەسڵی /خدس(سدس/سد+دس) جێگەی وەرگەران و ڕەت بونەنەوەی خۆر لە(سەد/سەت/سەتوم)-دیاردەی چوونی(س) بۆ(خ/ك/ق)شتێكی نەریتی بووە لە زمانەكاندا، هەروەكو سرس(سەر+رەس)<شورش=انقلاب، قدس وەك سەر و ناوەند..

یارەب تو مەلەكی ئالم و قودسی بەیتا تاوسێ مەلەك/ئێزدیاتی

- مالق:لە ئەسڵی (مرس)..(1) واتە سور و مەرەز، لە كوردی مالق بە هێلكەی ڕەنگ سوربوو كە هەرام دەبێت دەووترێت..(2)، لە عەرەبیدا كردوویانە (معلق)

ب قودرەتا سورا سنەتێ مالق وەستابوو ل هەوا ئافراندنا كنیاتێ/ئێزدیاتی

- خدود-خد/خەت-سەد:

ئەرد مابوو بەهتی خدودەكی خەددی، گۆ ئەزیزێ من ئەرد بێ وێ سورێ ناتەبتی ..

مەبست لالشە ئافراندن/ئێزدیاتی

- كاسە (خوس/قەوس):

-لوح(لوخ<روخ/رەخ):

پەدشێ من سورا ل سەما، بەرێ نە لوح هەبوو نەقەڵەم ئافراندن/ئێزدیاتی

هەفت سەد سال سور هاتنە دەوران وكاسە ئافراندن/ئێزدیاتی

ئەمە و بە دەیان قسەو پەیڤی لە ناو قەول و بەیتی ئێزدیدا هەن كە چوونەتە ناو زمانانی تر، ئیستا ئێمە نایناسینەوە كە دەبوایە ئێمە لە زمانی ئەدەبی خۆمانمان

---

1-مەرەز بەو كەسە یا ئەو كچە دەووترێت كە ڕەنگی سۆر و سپی بێت و قژی زەرد بێت.

2- كە خۆر دەردەكەوێت یان ئاوادەبێت ڕەنگی سوورە و وا دیاردەكات كە لە ئاسمان مالق راوەستاوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەكارمانهێنابانە چونكە لە لایێك لـە سـەر ئەسـڵی فەلسـەفەی زمـانی كـوردی دروسـتكراون ولەلاییێكی تر بێجگە لەوەی هەبوونی ئەو جۆرە وشانە لە نـاو قـەولی ئێزدیـــــدا ڕۆژانـە لـە كوردەواری خۆمـــان بەكاریــان دێنین بۆ نموونە:

تەبت/تەبتی>ثبت/ثابت..

گۆ ئەزیزێ من ئەرد بێ وێ سوری ناتەبتی......... باسی لالشە

لـە كوردەواریشـدا ئێمـە ئیسـتا وشـەكە بـە واتـەی تـەبتین (چەسـپاو و ڕاوەسـتان) بـەكاری دێنین.

- كتیر>كثیر:لە ئەسڵی فەلسەفەی كۆن و شكەستنی خۆر-كسر-بونی بە ئەستێرەی زۆر..

مەدها بدن ژكتیر(ستیر>كتیر) ئافراندن/ئێزدیاتی

- ئاد(عاد) لە ئەسـڵی نـاوی تـاو-تـاو(اتـو/اد/توتـو) واتـە فەلسـەفەی هاتنـەوەی(هـات) ڕۆژ بـۆ جاری دووەم(دوڤا/دوبا/تاڤا)

ب ڕەحما شێخادی ب ڕەمزا مەلیشێخسەن كەرەما شێشمس دوعایا سبەیكێ/ئێزدیاتی

هەر بەو بۆنەوە دكرێت ناوەكانی مەلیشێخ/شێشمش و قەوال و ئەوانی دیكە وەكو شماس وكەشیش و مەترانی دینی مەسیحی تەماشابكرێن.. شاینی باسـە ئێمـە بۆیـە هەنـدێ وشـەی شێوە عارەبی بەكوردی نازانین چونكە ئەسڵی فەلسەفەی مۆرفۆلۆجی زمـان كفـش نەكرایـە، مەبەسـت فەلسـەفەی ئاڤسـتایی بـۆ شـلۆڤەكردنی گـەردوون-واتـە نـەدەزانرا ئـەم هـەموو پەیڤانە لە چی ژێدەرێك هاتوون لـە ئاخـاوتنی گشـتی كـوردی وئیدیەمەكانیشی وەك چۆن لە دەقە دینییەكانیش وەكو دینی كوردی ئێزدی كە ئەو زاراوانە هـەمان مانـا دەبەخشـن لـە زمـــانیتردا-هاوشـــێوەیان-وەكـــو ئـــەو قســـانەی باسمـــانكرد(شـــام=غـــەرب) و (زرق=شەرق)و(ئاد/عاد=تاو)..(1)

ئەگەرچیش لەو دەقە دینیانـەی كوردیـە ئێزدیـەكانیش بـە پێـی ڕێزمـانی ئیسـتای زمـانی كوردی نوسراونەتەوە بەلاّم قسە و وشەكان لەسەر مانا ئەسلییەكان ماون، كە ئەوهاش

---

1-شام لە زاری لۆردا بە مانای(شیو)واتە نانی ئیوارە دێت، بەرامبەر بە(ماش):

شێشمس هاتە تێشتانە شێشمس بەستی دیوانە ماشاوی ددەتە مێرانە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

نوسراون لەبەر ئەوە بووە چونكە دەقــەكان بــە شێوەییێكی زارەكــی بە رێـــگەی قـــەوال وشـــێخەكانیان گوێزراونەتـــەوە، بۆیـــە جـــۆرە گونجانـــدنێكی ســـەردەمانەیان پێـــوە دیارە..وشەكانی لە شێوەی مەلیشێخ-شێشمس-سورا سنەتیٚ-ئوغلمان و ماش و دەیان پـەیڤی تریش ماناكانیان بـە باشـی ڕوون نییـە كـە ئەمـە نهێنییێكی ئـەو دینەیـە كـە دەكرێت ئـەو پەیڤانـە هـی سـەردەمێك بـن بـەر لـە دۆزینـەوەی كۆنترین دەقی كوردی(دینـی)كـە بـاس و پەسنی دینی مەسیحیەت دەكات كە بە زمانی كوردی لە تەنیشت تەرجەمەكراوی بـە گریكـی و سـریانی و جـۆرجی لەسـەر دیـواری كەنیسـەیێك لـە كەنیسـەكانی خـوارووی ڕۆژهـەلاتی قـەفقاس دۆزراوەتـەوە-نوسـراوەكە ناونیشـانی زمـانی مـار(میـدی)دراوەتـیٚ-بـۆ سـەردەمی سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە:(1)

(پاڤژ خودیٚ پاڤژ زەحم پاڤژ ڤیٚ مەرگ كو ژهات خاچیٚ، شكیر مە رەحمەتیٚ مە)واتە: قدوس الله قدوس القوي قدوس الذي لايموت، لقد جاءنا الصليب ارحمنا بۆیە دەبێت زمانی كوردی سوود لەو جۆرە وشانە وەرگرێت و بـە گەنجینـە و زەخیرەییێكی رەسـەنی زمانمان دابنرێن وەك چۆن لە زمانیE سوود لە لاتینی وەرئەگیرێت یان هندی پـەنا بـۆ سانسكریتی دەبـات و فارسـی بـۆ زمـانی كـوردی و پەهلـەوی دەبـات ئەگـەر گرفتێكـی زمانـەوانیان هاتـە پـێش، ئێمـەیش ئـەبێت زار و قـەول و بـەیتی ئێـزدی، زاییـدەن سەرچاوەكانی كـوردی كـۆن وەكو ئاڤستا، ئەبێت هەندیٚ لەو سەرچاوانە بـن بـۆ ســـتاداركردنی زمـانی كـوردی..چونكە وشەی ئەو جۆرە سەرچاوانە هەمان شلۆڤەكردنی سیمانتیكی كوردی ئەمڕۆ دەگەیەنن.

هەندیٚ لەو پەیڤانەی كورد بە پەیڤی ئاوردە لە زمانی تـردا دائـەنرێت بـەلاٚم ئـەو پەیڤانـە تایبەتن بە كورد و ماناكانیشـیان جیـاوازن لـەو مانایانـەی لـەو زمانـە بیانیانـە دەبەخشـن وقـەت نابێـت لـە زمانەكـەمان دەریبـێخین چـۆن بـەو پەیڤانـە هەسـت بـە تـام و چـێژی زمانەكەمان دەكەین بەو جۆرە وشانە..هەروەها بوونی ئەوجۆرە وشەی كوردی شێوە عەرەبی

---

1-ظهور الكرد في التاريخ-د.جمال رشيد



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خودی زمانی عەرەبی دەخاتە گومانەوە تەنانـەت لای خـەلکی ساکاریشەوە کە ئـەو وشـانە بـەر لـە پەیدابوونی عەرەبی هەبوونە وعەرەبەکان سوودیان لێ بینیوە بۆ ئەتیمۆلوجی زمانەکەیان:

قرێر(اقناع)، تاقەت(تحمل)، شغلی (تەلەفون کردن)، جواب(خبر)، قەدەم(هێز)، نەفام(منال)،کرێـت (ناشرین)، قایدە(گونجاو)، مناسب(گۆرستان)، خەدار(خەتەر)، قـاف(جێـی دوور)، زەحمـەت(صـعب)، کفش (کەشـف)، سـەهکردن(تفتـیش)، دەولـەت(مـال)، قابیـل(شـایەن)، قیمـەت(سـعر)، نوجـاد(مـن جدید)، زێدە(ئیزافە)، هوڕ(برێ)، خەریب(فەقیر)، فەقیر(دامـاو)، رازی(مـەمنون)، خـەتمی(انسـد)، ماقویـل (مهیـب)، ئەگیـد (فـارس/نشـمی)، عـەجول(مشـاکس)، شـەیتان(مشـاکس)، قـەڵب (ردئ)، خراب(سیئ)، قـایم (محصـن)، قسـە(کلمـة)، خەبـەر(سـب)، مقـام(گـۆرانی)، سـتەڕەش(ڕەش وسـپی)، مفتــە(مفتــاح)، حەمــد(هێــدی)، هــەلال(ڕەنــگ زەرد)، زەلال(حــەلال)، ئــەودال(**adore**)، مەعیـەن(اکیـد)، سـەبر(خۆشمەعشـەر)، قـەت(أبـدا)، لەبێسـە(عبثـا)، قـال(بـاس)، قـەول(وعـد)، نـەقل(مـرە)، حـالی(فهـم)، وەزیـر..(1)، درکـە..(2)، نشـا(خـیرەت)، خێـر..(3)، رەیـن (بۆچـوون)، قەدر(ناز)، کەرەمکردن(تفضل)، قـەر(دەیـن)، قـرە(مقـر)، غەدغـەدە(تـردد)، غـەوربوون(قەیلولـە)، زەبر/درب(ضربە)، ئەرباب(دەڤرەپ)، داوا(تەلەب)، غنێم (عدو)، سەدحی(محتار)، حەیران(نوع من الغنـاو-افـداء)، دەرهـەق(تجـاە/ازاء)، هـەق(سـعر)، سـوهبەت(مـزاح)، جەنابـەت(ذنـب الوصـل)، عەدم(وسخ)، قەدەر(مقدار)، سات(مـدة)، ئەنقـەرە(عمـل شـاق).. هـەروەها هەنـدێ نـاوی مرۆڤـی کوردی کە لە عەرەبیدا بۆ مەبەستی ترا بەکاردێن:

قورتاس، فەرخ، جوندی، تەمەر،کسیل..

پێشتریش باسی ژمارەیێکی زۆر وشەمانکرد کە بونەتە وشەی عـارەبی و ئێمـە نایناسـینەوە ولەسەر ئەو زمانە تابووکراون مەگەر بەهۆی گەرانەوەیان بـۆ بنـەماکانی ئـەو فەلسـەفەیەی لەسـەری دامـەزراون بیانناسـینەوە وەکـو پـەیڤی (غـرب) لـە ئەسـڵی (خـۆراب) واتـە (خۆر+ئاو)=ڕۆژاوا، شایانی گـوتنە عەرەب دەڵێ پەیڤی (أوروپـــا) پەیڤێکی عەرەبییە لـــە

---

1-لە سر/اسر، لایەنێکی گەردوون وەرگیراوە.

2-درکە بووەتە دەرەجە، درکە لە عەرەبیدا: اذا أعتبرت الصعود لا النزول.

3- خێـر لـە نـاوی خـۆر (خـر/هـەموو-خـرِ<خـۆر) هـاتووە بـەلاّم زۆرتـر لـە کوردیـدا بـە شـێوەی بەکێرهاتن(خێر/کێر) دێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

(یەخرپا)ی ئەکەدی وەرگیراوە،بەلاّم عەرەب نازانێ کە ئەو پەیڤەی ئەکەدی پەیڤێکی لێکدراوی کوردییە و بە مانای (خۆراوا=خوراب)(1)

دواتر لەو پەیڤە چەندین قسە و پەیڤی تریان لێ سازکراوە یان وەرگیراوە(اشتقاق) بە بۆنەی ئەو سیفەتانەی ئەو جێگەیە هەیەتی وەکو:

خراب-قلب-غلب-خلاب.. سیفەتەکانی خۆراوا، هەروەها خرپن(خۆر بن)، سیفەتی جوانی خوراوا هەروەها سرب(ئەسڵی وشەی پێشتر) بووەتە شرب-سراب پەیڤی(ماذ/مذ)<محیط-مهد-ماتیا-مد-ماء-مائە-ماتە (ماذ/مذ)<مس/ماشو-مساء(2)

یان هەندێ پەیڤ بە ڕێگەی زمانیتر بونەتە وشەی عارەبی وەکو زمانی ئاشوری وەك بە(گۆڕ)ی کوردی دەڵێن(قور)<قبر-ی عەرەب..(3)

یان زون<زمن..کەواتە ئەوها دەتوانین ئەسڵی ڕەگی کوردی وشەکان، بیدۆزینەوە و بێشك تا ئیستاش کورد زمانی عەرەبی وەبەرهەم دێنێت کاتێ وشەی زمانەکەی خۆی ناناسێتەوە وکاتێ ئەو وشە شێوە عارەبییەش لە زمانی ئەدەڤی/ئەدەبی خۆی دەردەخات و بەکاری ناهێنێت، دواتر بە شێوەیێکی ناراستەوخۆ لەسەر زمانی عەرەبی تابوو دەبن.

---

1-زانا(دستوری پشنوتن سنجا) دبێ: زاراوەی پەهلەوی سامی-هوزوارش- کە ئەم کورت کراوەی لێکداراوی– هوزوخلدە– بە مانای زمانی کلدانی دەزانێ..

(کاترالك)ژی دبێژە: زمانی پەهەلەوی پینج جۆر بوون کە پەهلەوی کلدانی، یان موبت پەهلەوی یەکێك لەو جورانە بوو.

2-ماد، لە عەرەبی دا لە(ماء) و (تعمید) دەردەکەوێتەوە،لە ئیزیدیدا تعمید: مۆر دێت، کاتێ منالی ئێزدی لە کانی سپی ی لالش، مۆر دەکرێت.

3-وشەی قور<قبر، لە ئەسڵی (گۆڕ)ی کوردیە، وشەکە لە خور هاتووە و لەو فەلسەفەیە کاتێ خۆر ئاوادەبێت گوایە دەچێتە کونێکی لە ناو ئاودا واتە سەرێکی گەردوون، دیارە لە بنەرەتدا(سر<خر/خور)بووە بە گەواهی ئەوەی(شاردارکرن) بەواتەی شاردنەوەی مردوو دێت..لە کۆتاییدا(خبر<طبل) ناوی ئەو ڕوبارە بووە کە مردووەکان لێی دەپەڕنەوە لەسۆمەریدا-(خبر)ی سۆمەری بووە بە(طبل)ی بابلی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هاوكات وشەی فارسی بە هی كوردی دائەنێت و ئەیكاتە شوێنگری ئەو پەیڤە كوردیانەی كە لە زمانی نووسینەكانی خۆی دەریخستوون..(1)

ئەم پەیڤ وشانەش مۆری كوردایەتیی خۆیان ون نەكردووە:

دستور-جمهور-جزیه-هندسه-طازج-نموذج-عسكر-دسته-سلطة-حرف-برید-حمله-قلم-دیزج-دفتر-تاریخ-وزیر-فردوس-جهنم-صراط-مسجد-جولق-دیوان-بیاده-جمع-شمع-برق-ستاذ-فولاذ-بابوج-خانه-جوارب-مهر-خزانه-دولاب-ورق-كهرباء-فن-خندق-بیمارستان-زندیق-كافر-انسان-جنحه-سود..(2)-عید-خراب-شرب-روح-تعزیه-خلاص-اصل-اصیل..

بەڕاستی ئەگەر بە پێی ئەو فەلسەفەی لەم كتێبەكەدا باس وشلۆڤەمان كرد، نەك زمانی عارەبی بەلكو تەواوی زمانەكانی ئەم ناوچەیەو دەوروبەری ڕەگ و ڕیشەیان بنەمای فەلسەفەی زمانی كوردییە چۆن مرۆڤایەتی هەر لەم ناوچەیە پەرت و بلاوبوونەتەوە سەر سەراسەری دنیا و سستمی وشەسازی و ئەتیمۆلوجی زمانیش هەر كوردەكان هۆكاری سەرەكی داهێنانی بوونە و لە خۆراییش نەوتراوە(مەبەستمان لایەنی فۆلۆلۆژییە)، مرۆڤ لە(قرد) دروست بووە(قرد<كرد)..(3)

ئەم پەیڤانەیش وەك نموونە كە ڕەگەزی دروستبونیان لە سەر ئەسڵی فەلسەفەی ئاڤستایی هاتوونەتە كایێ كە(أثرهی)بە ئێوارە/ئەسر(عصر)دائەنرێت و(میدوئی)بە ناوەند و(سڤاه) بە سپێدە و وصبح..(4)

---

1-فرمان و حوكمی یەكنەبوونی زمانی كوردی و فارسی بەو شێوەیە دراوە كە ئەو دوو زمانە لێك جیان بە هۆی بوونی زیاترلە(400) وشەی سەربەخۆی سەر بە هەر یەك لەو دوو زمانە، هەرچەندە ئەو وشانە پێشتر ڤێكداچوونیشیان هەبوبێت.

2-ڕەنگی ڕەش سوت و سوتاندن، لەEیشداsoot واتە تەنی.

3-ناوی كورد لە تەوراتدا بە قرد/قردون هاتووە و لە ئاسوریش قردایە/قرزایە.

4-ئەبێ بلێین كە ئاڤستای كۆن(گاتا) و ئاڤستای نوێ زمانی جیاوان، هەروەها لە بابەتی ڕێزمانیشەوە گەردانی فعل لە ئاڤستادا ڕوون نییە وەكو مەسعود محەمەد دەڵێت، جگە لەوەیش تیپی بزوێن لەو زمانەكۆنانەدا دیارنین بۆیە شلۆڤەكردنی ماناكانیش-زمانی ئاڤستا- بە تەواوی جێگەی بڕوا نین.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەو سەردەمە کۆنانەشدا بە زارەکانی بنەمای زمانی کوردی بەکارهێنراون وەکو خوری وکوتی/سوتی..(1)و میتانی ومیدی وکیشی کە هەندێکیان نزیکن بە سەردەمی سۆمەریەکان:

- Dada..(2): واتە(دایك ودادە) بەزاری هوری.

- سوالە:واتە)سال) بە هوری، ئەم وشەیەی هوری وکوردی یەك شتن.

- Zarr: واتە(سەر و سەرۆك مەلیك) بە هۆری بەرامبەر بە(شار) لە ئاڤستا و(شرو)ی ئاسوری و(زار)ی بابلی، واتە لە هەموو ئەو زمانانەدا مانا کوردییەکە دەبەخشن(سەر)کە دواتر لە

عەرەبیدا و سەردەمێکی ئاشوردیدا پەیڤەکە ئاوەژووکراوە (سەر×رەس)>رئیس/ڕەشە.

-Emon:(دەھ وتەواوی) بە هوری..(3)

-Ene(ئیلاه وخواوەند)بە هوری..(4)، ئەن(ئەنە) لە زۆر جێگە هاتووە بە لێڤسکردنی جیاجیا وەکوئەنو/ئانۆ واتە(ئاسمان)،(ئنە)ی هۆری بەرامبەر بە (ئان)ی خلدی.

-Hijareزێر):هوری (هێژارە>زێرە)لە ڕەنگی زەردی ناوەکە وەرگیراوە.

-Durba:(تورە) بە خلدی، تەنیا(د>ت)چووە و(b)یش وەك یاسا لە کۆتایی پەیڤی کوردی زۆرجار لە ناودەچێت وەیا بە دەنگێکی سوکتر دەگویزرێتەوە وەکو(ئاب /ئاڤ>ئاو).

---

1- هارتسڤلد دەلێت(سوتی)هەمان وشەی(کردی)یە-ئەم قسەیەی ئەم زانایە جۆرە درك پێکردنێکی ئەو فەلسەفەی زمانانە کە مەبەستی کتێبەکەمانە ئەگینا پەیڤی سوتی وکردی لەیەکتر دوورن لەلای ڕێنوسەوە.

2- ئەمە وشەیێکی سەرەکی کوردییە Key word،کوردی و هوری هاوبەشن لەماناکەیدا، تا ئیستاش تەنها گەلی کورد لەم ناوچەپەدا بەکاردێنێت نە عارەب و نەفارس و نەتورك بە کارناهێنن، ئەم جۆرە زاراوانەش ڕاستەوخۆ زمانی کوردی بە ڕەگ و بنەماکانی وەکو هوری دەبەستێتەوە.

3- ئەم پەیڤە دەربازی بۆچوونە دینییەکان بووە (ئامین) تەواوی، هەروەکو دەھ/دەھوم لە ئەسڵی تیامە بووەتە ناوی تام/تەمام/تەم، تەواویش هێمنییە.

4- ئیستا ئەم زاراوەیە لە زمانەکەمان لە ناوی ڕۆژی(هەینی/ئەینی) و(ئاییین) کە ناوی پیرۆزن ماون.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

-Uthuru..(1) واتە(تەنیشت/ئەوسەر) بەهوری.

- Pis-Pisuŝe(شاد و بەشوش) هەمان وشەی ئێمە بەکاری دێنین .

- Ewerna(وار/هەوار/ولات) بە هوری هەوار و ئەورنە لێك دورنین.

- Haŝ(هاژێ بوون) بە هوری بەرامبەر Haŝu (هاژێبوون) بە خلدی، نزیکبوونی وشەی هوری وخلدی وکوردی نزیکبونیان ئاشکرایە.

- Tiga..(2) واتە(دل) بە زمانی هوری-Zuluma (خورما) سۆمەری بەرامبەر Zilumpa (خورما)، دیارە دیارە(ز<خ)چووە.

- Har-ra(ئاشتی/ئاشت)هوری، ئێمە ئیستا (هورر/هوڕ) بۆ مەبەستی بێسوچ وبێ گوناه واتە (برێ) بەکاردێنین.

- Hau(وەرگرتن) هوری و خلدی، ئیستا ئێمە هەمان وشە بۆ (بگرە و وەرگرتن)بەکاری دێنن کاتێ ئەلێین ها/هانێ واتە وەرگرە.

- Gaz(جوان و سپەهی) هوری بەرامبەر (Gazuli)خلدی، ئیستا ئەو سیفەتە بۆ جوانی لە زمانی کوردیدا بەکاردێت، دوور نابینم ناوی قیز وکیژ و کچیش لەو پەیڤە هوری وخلدییە هاتبێت.

- Usti/Agta(ژن و ستی) بە زمانی هوری، دیارە(ست)یش هەر لەوەوە هاتووە، لە ئاڤستا Stri بە مانای ژن هاتووە، پێم وایە ستری لە(ستدر/سوتدور) سیفەتی سووڕانەوە لە

---

1- ئەسرهی لە ئاڤستا بە واتەی سەری ڕۆژاوا هاتوە، هەر لێرەشدا ئاڤستا وهوری یەك دەگرنەوە کە(ئاثور و ئاثرهی)لە سەرو تەنشتێکیانە وەك چۆن پاراهشو-پراسو (تەنیشت)-پارس (گەلی فارس) یەکتر دەگرنەوە.

2- دیارە Tigaیان لە تکە تکەی دل، یان لە تسە/دسە/دژ لە جێگەی (وەرگەرانی خۆر سد×دس) وەرگێراوە، لە بۆچوونە دینییەکاندا ئەو جێگەیە بە(در<دل)دانراوە وەکو(قەلب<خرب/خوراب)، ئیستا زمانی تورگی بە شەرق دەلێن (توگو/دوکو)وەکو دوکو بایزید-شاری ئاگری شەرقی تورکیا-وشەکە لە ئەسڵی دس<تاوس (تموس) جێگەی وەرگەرانی خۆر.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئاسمانی ڕەشدا هاتووە بە تایبەتی هەموو ناوەکانی ژن لە هێماکانی تاریکی وەرگیراون وەکو: نس<نساو/نشوم لەزمانە سامیەکاندا.

- Uli..(1)واتە (ئاخر وکۆتایی) خلدی، ئێستا ئێمە ئال/لا/رەخ بەکاری دێنین.

- KK:(نیشانەی نەفی)هوری، تائیستاش ئێمە کە شتێك دیارنەبێت دەڵێین(کا/کانێ) واتە ئامرازی پرسیارە، یان لە سیفەتی نەدیاری کوردی وهوری یەکتردەگرنەوە.

- Huŝ..(2)واتە (تاڤگە و شەلال) بە زمانی هوری، ئەم وشەیە لە ئاشی کوردیدا ماوەتەوە کە ئاش بە هۆی ئاوی شیپەل و تاڤگە، جاران کاری دەکرد.

-Hic:to damageی هوری بەرامبەر Haèی خلدی، وشەی حیز-بوو( ژێرکەوتن) و هیچ واتە نەمان لەو وپەیڤانە نزیکن.

-Harza(هەرزەکار)هوری بەرامبەر Arsaی خلدی.

-Swardata..(3)واتە(دان و بەخششی خۆر)میتانی، سوار+تاتە/دادە.

-Giya(ئاو و ڕووبار)خۆری، دیارە ناوی گیا-ی ئێستای کوردی هەر لە ناوی ئاو وەرگیراوە وەکو ماسی/ ماهی لە ماسو(ناوی ئاو) وەرگیراوە،گیایش بێی ئاو ناژێت..(4)

جگە لە وێکداچونەوەی وشە و زاراوەکانی ئەو شێوە کۆنە زمانانە لە ولاتی ئیستای کورد تێیدا زۆربەی هاولاتیانی پێکدەهێنن لەگەڵ زارەکانی زمانی کوردی ئیستا یان لەسەر هەمان فەلسەفەی زمانی کوردی پێکهێنراوە، ئەوانیش پێکهاتوون.. لە لایەنی ڕێزمانیشەوە

---

1-هەرلا و ڕوخێك سەرێکە واتە(اخر)ێکە لە ئەسڵی(اسر)،دیارە پەیڤی (ئولی) وەکو ئال=لا، مەبەست لە لایێکی گەردوونە.

2-پێم وایە وشەکە لە دەنگی هاشەهاشی ئاو وەرگیراوە کە بەگوڕ تێتەخوارێ وەکو ناوی(خورخورە)، هەروەها ئاش-ی هێرانی گەنم و دان بە ئاو ئیشی دەکرد.

3-میتانی شێوەیێکی ئاشکرای هند و ئەورویی ئیستایە، ئەم(داد)ی میتانی لە زۆر وشەدا ماوە وەکو ناوی خوداداد، بەغداد.

4-لام وایە پەیڤی Giya لە ئەسڵی Siya هاتووە(زێ=ئاو) وەك چۆن میسری بوو بە میگری هەر لەو زمانەدا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەو شێوە زمانانە لەگەڵ ڕێزمانی کوردی ڕێك دەکەون بۆ نمونـە زاری هوری وەکو کوردی ئێستا ڕستەکانی بـەکارا/بکـەر(فاعـل) دەسـپێدەکەن کـە لـە کـوردی ئێسـتایش هـەر ئەوهایە..هەروەها دەنگەکان لەگەڵ پاشگرەکان ڤێکدادەچن..جگە لـەوەش هەنـدێ جار(R) بەرەو(L) لە کوردی ئێستا خۆی دەردەخات کە ئەمە یاساییێکە لە هەموو زمانانـدا بـەدیارە- لە ئاڤستا L نەبووە کە ئەمە نیشانەییێکی زەقە بۆکەڤناربوونی ئەو زمانە..

دیسان گۆڕینی(S) بۆ(H-X-G-K)یش لەو زمانانە بەگشتی دەبینرێت، پێشـتریش باسـی Sی ئاڤستایی چوار دۆخیمان کرد.. ئەمە و دەهان گوند و شارەکانی کوردستان کـە مێـژووی هەنـدێکیان بـۆ بـەر لـە هـەزاران سال دەگەرێنـەوە ئەوانـەش وەك بنـەما و بنچینەی ڕەگـی زمـــان هـــەر بـــەپێی فەلســـەفەی ئاڤێســـتایی دانـــراون بـــۆ نموونـــە مـــن خـــۆم لـــە شاری(ئاکرێ<عقره)ی بادینان دەژێـم کـە لـە ڕۆژاوای ئـەو شارە گونـدی خرپـێ و خـەردس هـەن کـە نـاوی یەکـەمیان(خرپـێ) لـە(خـرپ<خـوراب) هـاتووە، دووەمیشـیان (خـەردس) لـە(خـور+دس) واتـە خـۆراوای تـەمام یـا خـۆری دووەم،کەواتـە ناوەکانیـان بـە بۆنـەی هەلکەوتنیان لە خۆراوای شارەکە ناونراون.. هەروەها لە خۆرهـەڵاتی ئـەم شارِەش دووگونـد هـــەن بـــە ناوەکـــانی باشـــقال..(1) وجۆنـــا هـــەن نـــاوی یەکـــەمیان لـــە باش(/باز/بس+ڤال<خول<خور) واتـە خـۆری بـاش و سـپی-سیفەتی خۆرهـەڵات.. لـە پشت ئەو باشقالەش(جۆنا) هەیە کە ناوەکـەی لـە نـاوی ئـەو ئەشـکەوتەی کـە دەکەوێتـە هنـداوی وەرگیراوە،گوایـە کـە کـابراییێکی سورچـی بـە نـاوی(کـەریم شـــێر) خانوویـەکی لـە نـاو ئـەو شـکەوتە ئاوای کردووە، دوایـی لەبـەر دەرگای ئـەو شکەوتە(جۆنـا/جـۆنی) زیـادی کـردووە، دیـارە وشـەی جۆنـا لـە کـون هـاتووە بـە گـەواهی جـۆنی دانکوتـانیش..پێشـتریش باسـی وشەی(سون)ی سۆمەریمان بە هەمان ماناکرد کە لەکوردیدا بووەتە کون(سون<کون).

---

1-لە کوردەواریدا(باسقال) بە دارجگارەیش دەوترێت، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە کونێکی تێدایە وچۆن بە پێـی فەلسـەفەی کـۆن وەکـو میترایـی خـۆر کـە هەلـدێت لـە کونێکـا دەردەکـەوێت و وەك پـەڤینێکیش وایـە، وشەی(پەق) لە پەس/باز هاتووە-پەڤینەوەی ڕوونـاکی لـە تاریکییـەوە، لـە تورکیشـدا (بـەق/بـەك) بەواتـەی بینین و تەماشاکردن دێت وەکو(بوس=شوف)ی عارەبی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**ئەمەیش ناوی هەندێ لەو گوندانەی ناوەکانیان بۆ مێژووی کۆنی دروستبوونی سستمی زمان دەگەڕێنەوە:**

**دربێسا-پلاسا-خەلان-خەلین-زێراڤ-ماندیا-مێرگەمۆشك-دزۆك-زنتا-زەرگێتا-نقەب-ئامادا-گربیش-بێخمە-سمیلا-شیڤرەزا-کورکا-تۆبزازا-ڕوڤیا-گربەدەو-سەردەریا-ئەرتون-زەمەن-شەهێ-فلون-ئاموکا..**

**ئەم ناوانەی سەرەوە پەیوەندییان بەم زاراوانەوەی خوارەوە هەیانە کە زۆر کۆنن و لە مانای ئیستا جیاوازن..**

**هەروەها هەمووویان لە یەك بڕگە زیاتر پێکهاتوون..**

**در/بەس-پراس-خور+آن-سەرڤە(1)-مەد+آند-مرس/ماشو(2)-دز/تس-زند/زندی-زەر+سەتا-نسب/نسف(3)-ئامادا/مەدیا-خۆر+بس/پش/بز-بیسمە(4)-سمیر/زمار(لێواری ئاو)-شیڤراس-(لێواری شیو و چەم)-خورك-توبا/دوبس/ئاوا-روبا/ربا (ڕابون=بەرزی)گربود(5)-سەر+دۆران(گوندێکە لەسەرگرد و بەرزاییێك و هشك و بێ ئاویشە).**

**جگە لە ناوی لادێ و شار و چیاکانی کوردستان کە ئەوانیش هەر بەو شێوەیەی باسمانکرد، دەبێت شیبکرێنەوە و هەندێ ناوی کوردی کۆن و ڕەسەن هەن کە دەبێت زیندووبکەینەوە:**

**هی پیاوەکان: قورتاس-کاویس-کابایز-میرایز-بایز-هەیدەر-چەتۆ-سمکۆ-شێرکۆ-فەرامەرز-کەژۆ-خەمۆ-زەینەل- شێخەل-ئارەب-شەمۆ-پیرۆ-قابیل=باپیر-پیران-بازۆ-موخداد-مەخدید-خوداداد-فەراویز-کەلحێ-سیامەند-فەرخ-فەرقوچ-جندی-شاهین-جامی-شەوقی-ئەشقی-کەیفی-بۆزۆ-قەچاخ-فەرزی-فەیزی-مەردان-کەسبار-مەمۆ-فەرزندە-دەروێش-مەند-حەدیل-زەیتۆ-سیتۆ-سەیدا-شانە-سەپان-تەمەر-زەرۆ-شینۆ-ڕەشۆ-خدر-شالیار-حەدێ-وەیس-وسوو-لاوك-**

---

1-**سەرفەدین دینێ منە(بەرزایی)-قەولێکی دینی ئێزدی.**

2-**مرس و ماسو ناوی مردنی خۆرن.**

3-**نقەب لە کوردیدا بە ناڤبڕ دێت واتە نیوان، لە عەرەبی بووەتە(نصف).**

4-**بێسم واتە دەرگەلو،گوندێك بە ناوی بێسمەکەرا لە ناو سورچییان هەیە، بێسم>بێخم\بێخمێ.**

5-**بود(خەلق)>بدع-بدیع، لە کوردی بەدەو=جوان.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

برقی- شەشۆ-ئیسکان-مامەل-توسەن-پیر-کریت -باقی-زولفی-پرتەو-فەرسەت-زال-دال-ئەڤدال- باس-کاکل-شاروخان-تەیار(حازر)

هی ژن وکچان: ئاسیا-ئاس-بەس-پیربەس-زەند-زەنتا-رەند-سەرتم-فەرازوو-کەژێ-مەراق-مراز-تاس-نینا/ئونەینا-خەجێ-ستی-نار/ناری-کچۆل(1)-خەزال-ناسیتا-ناهیتا- مەجەمین-حاسیەت-هەسمەر-کورد-نوڤا-دوڕ-نەهلێ-زەرد-مێسۆر-خان-سوڕ-نازیل-نەرمیلا-رهان- گەوەر-ئەلفێ-بنەڤش-خاسە ڕەنگ-راڤێت-سوتێ \سودێ-فرازوو- زمەیران-سورمێ- ئەد<عەت-پەت(پلك)-دەولەت-خاتێ-دنیا-ڕەش/ڕەشێ-جەو-لەیل-لەیلان-ئێسی-فاتم-فاتێ-فات-سەودا-رەوشەن-ئەدول-پەری-ساری-ستیل-مەستان-سەربار-هەمین-ئێمێ-سێڤ-خۆخ-بیب-پیربیب-زەری-مس-کابان-ڕزبار-مات-بەگی-بەگم-بەگیسی-گراڤی-تەب-جەیر-ئەین<عەین-نەخشین-مەیان-خوڕەیسیما-مەدینا

هەروەها ناوی گوند و شار ناوی مێینەن، دەکرێت زیندوو بکرێنەوە چۆن ئەسلەکەیان بە پێی فەلسەفەی ئاڤستایی دروست بوونە:

هیزا-خولێ-کێلان-دۆبێ-ستریا-زیناڤا-زنتا-سۆریا-ئامادا-ماندیا-ڕانیا-ماویلیا-شەرەفونا-سێن-باسەرە-موکاڤا-بییێ-ساوا-قەمەریان-سورکا-نواڤا-جۆنا-هنارا-دینارا-نقەب-دیانا-هاودیان-زیوا-خورب-خەرجاڤا-نرگزین-پلاسا-سولاکا-شینێ-دربێسا-خەلان-خەلین-تۆبزازا-زێراڤـــــ-سمیلا-ئەرتون-سۆریا-و سەدان ناوی تری لادێکان.

بەکورتی و بەکوردی زمانەکان هەر هەموویان یەکتر دەگرنەوە و لە سەرچاوەی فەلسەفەی دروست بونیان، ئەوندە هەیە هەر زارێك یا زمانێك هەر پەیڤێکی یا زاراوەێکی سەر بە لایەنێکی گەردوون بە ئاوێزانبوونی لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا، زایەدەن جوگرافیای ئەم ناوچەیە-دابەشکردنیان-بۆ مەبەستێکی دیارکراو بەکارهێنراوە بۆ نموونە(بن)لە کوردی **beneath** لە $E$دا بە واتەی ژێر و خوارەوە دێن، ئەوندەی پێ ئاگاداربم لە زمانی عبریشدا ئەو پەیڤە هەر ئەومانایە دەبەخشێت واتە(جنوب)..

لە عەرەبیدا بۆ واتەی-کوڕ-بەکاربراوە(بن/ابن) کە ئەویش بە شێوەیێك مانای کۆتایی دێت(خواروو و کۆتاییە)-لە کوردی بێ دوایی بۆ بێ منالی بەکاردێت..

یان وشەیێکی تر(دور)کە لە کوردی و $E$دا بە واتەی سوڕانەوە **tour** بەکاردێت هەروەها

---

1-ئەم ناوە لە هندستان بە شێوەی-کاجول-وەك ناوی کچان هەیە، هەر وەك –زنتا-یش هەیە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

له عارەبیشدا وەهایە..دیسان(دورخە)کە(دور) لێی وەرگیراوە بە واتەی مالك/خانەی بچوکی مەرەزە(چاندنی برنج)، لە کوردیدا بەکاردێت کە ئەویش وەك دابەشکردنی خانووەکانە، بۆیەش لە عەرەبی(دار)ی لێ وەرگیراوە(دار/دور)، خودی زاراوەی مالکی کوردی گەواهیە بۆ مال و دۆرخە چۆن پێوەندی بە یەکتریانەوە هەیە، جگە لەوەیش(کەرك)ی مەرەزەی برنج پێوەندی زمانەوانی بە(گەرەك=مالەکان) هەیە..ئەم شیکردنەی ئەتیمولوجی و مۆرفولوجی بیرمان بۆ ناوی کەرکوك ڕادەکێشێت و ئەسڵی ماناکەی لە مێژوودا..پێشتریش باسی ناوی(غرب)مان کرد، هەروەها(شرب)کە ئاوەژووکردنی وشەی(برشۆ)ی ئێستای کوردی و(بەرشنو)ی ئاڤستایی یە.. دیسان لە بۆچوونی ئەوەی تاریکی جێگەی دارستانە، وشەی XŠPA-خشبای ئاڤستایی بۆ شەب و شەو(تاریکی) بەکارهێنراوە بەلاَم لە عارەبیدا (خشب)..(1) بەواتەی دار دێت، کەدار-یش لە تار-تاریکی وەرگیراوە.

چیرۆکی زاراوەی(سد/سەت/سەتوم)یش هەر ئەوهایە کە هەمان وشەیە بەلاَم هەر کۆمەلە خەلکێك بۆ مەبەستێك یا سیفەتێکی بەکارهێنراوە، هەمان بۆچوون لە گەل زاراوەی(مەد/میدوئی)یش-(سر-بر) و ئەوانی تریش، سەرەرای ئاوەژوکردنی ئەو زاراوانەیش فێسێکی تری بە زمانەکان بەخشیوە.

ئیستاش بەداخەوە ئێمە پشت بە شیکردنەوەی عارەبی یا زمانیتر بۆ دەرهێنانی واتاکان دەبەستین هەرچەندە وشەی زمانەکانی باشقە و جیا هەر هەموویان ئەبێت بە پێی فەلسەفەی ئاڤستایی-زرادشتی شیبکرێنەوە،کە ئەویش زیاتر لە تەفسیرکردنی وشەی زمانی کوردی نزیك و راسترە بۆ نموونە(ئەلقۆش) لە لای ئاسوریەکان بە(ألە کبیر) لە بەرێك دراوەتەوە..(2)

---

1-ئەو(خشپا)ی ئاڤستایی لە عەرەبی بووەتە(خشب) و لە کوردی بووەتە-قەسپ-واتە خورما و دارخورما، دیسان وشەی(قصب)ی عەرەبی واتە لەوەن هەر لەو هاتووە.

2- هەر ناوێك(ل)ی تیابێت ئاسوری بە(ألە) لە بەرێکی دەدەنەوە، وەکو بابل(باب الالە)،کرمل(کرم الالە)، اربل(اربە الهە)..لە کوردی بە(لا/ئال=ڕوخ) لەبەرێك دەدرێنەوە..وەکو(شربل) ئەبێت بە لای شەرب/سرب شیبکرێتەوە، (اربل) ئەبێت بە لای ئەرب/غەرب لەبەرێك بدرێتەوە- شارەکە لە لای خوراوای ولاتی کوردانە..ئەل el لە تورکیدا ناوی دەستە-دەستیش لایێکە یان ئالێکە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

یان هەندێ جار بە تێکهەل و پێکهەلکردنێکی سەیر، وشەکە لە بەرێکدراوەتەوە وەکو وشەی(هەرتل)کە سەرکردە و پیاوێکی شارۆچکەی بتواتە بووە لە شەرێك لەگەڵ سۆمەریەکان کوژراوە بەواتەی(هەر+ تو+ ألە) واتە(هەر تو خوای) شیکراوەتەوە ناوەکەیش گوایە بۆ (3000) ساڵ پ.ز دەگەرێتەوە.

بە ڕاستی شیکردنەوەی پەیڤەکان بە رێگەی فەلسەفەی ئاڤستایی..(1) لە هەموو ڕاڤە و شیکردنەوەیێکی تر بەراقل و ئاسانترە و ئەبێت ئێمەی کوردیش لەسەری بڕۆین و بیکەینە بابەتێك بۆ شلۆڤەکردنی تێرم و زاراوەی زمانەکان و خۆمان دوورخەینەوە لەو شیکارە بیانیانەی دوور لە ڕاستی و پڕ لە گومان.

---

1-مەبەست لە فەلسەفەی ئاڤستا-زرادشتی ئەو دابەشکردنەی گەردوونە بۆ ئاوی سەتە-ئاوسەتە(سوداب/سودب/سدب×بدس>بودس/بوتکە)کە ئاو/ئاب بە سەر و کۆتایی (حەد>ئەد) دانراوە، واتە ئەو فەلسەفەیەی بۆ بەر لە هەزاران ساڵ و بەر لە ئاسوری و ئەوانی تریش دەگەڕێتەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# ڕۆڵی ئاڤستا لە دروستبوونی زمانانددا(⋆)

لــە بەراییــدا دەبــێ بگوترێــت کــە تــا ئیســتا زمــانی ئاڤســتا بــە تــەواوی و دروســتی شــینەکراوەتەوە یــان دروســت مانــای وشــەکانی وەرنــەگێردراون وەکــو(مەســعود محەمــد)یــش دەڵێــت-Verb لــە ئاڤســتادا ڕوون نییــە-هــەروەها ئــەو زمانــەی ئاڤســتا پێــی نوســراوەتەوە، بزوێنیانیان نەزانراوە یان بە شێلوو و شێواوی دانراون..

بۆیــە ناتوانرێــت پشــت بــەو وەرگێرانانــەی لێکولــەرەوانان ببەســترێت وەکــو(ســوکولوف) و دواتریش لێکۆلەرەوە ئێرانییەکانیش کە خۆیان بە هەلەو ئانقەست کردوتە میراتگرانی ئـەو ڕۆشنبیرییە کۆنینەیە و دێرینەی ئەم ناوچەیە(1)

لە بابەت ڕێزمانەکەشیەوە دەبێ بێژین کە ئاڤستا هەندێ ڕێـژە و ئاکاری زمانــەوانی تیایــە کە ئەو ڕێژانــە ئیسـتا لــە زمــانی کــوردی هــەروەها لــە E یشــدا نــین وەکــو هــەبوونی شــێوەی جــووت تیایــدا، هــەروەها نموونــەی ڕاناوەکــانیش شــێوەیێکی نزیــك عــەرەبی و ســامیتیك بەرچاومان دەکەوێت ئەویش(أنا)ی ڕاناوە بەلاّم لە هالەتی بەرکاردا بۆ تاك، کە کۆکردنیشی بە(ناس-Nas)خۆی دەنوێنێــت، ئەمــەیش لــە پــال هــەبوونی ڕانــاوی (ئــەز-ئــەزوم)ی کــوردی تیادا..(تەماشای نەخشەکە بکە).

هەروەها هەندێ نموونەی تری ڕێزمانی وەکو هەبوونی(a)ی ئەداتی نــەفی لــە ئاڤســتادا کــە هاو شــێوەی لــە زمــانی Eدا هەیــە، هەروەهـــا لــە عارەبیشـــدا شێوەیەك پەیــدا دەبێــت کــە پێی دەڵێن(همزة الاسقاط) وەکو(أفلس) واتە فلسی پێ نەما و(أعذر) واتــە عــوزری نەهێشــت، جگە لە وەیش شێوەی(أضداد) وەکو لە عارەبی(باع) بۆ کڕین وفرۆشتن دێــت کــە هاوشــێوەی لە ئاڤستادا هەیە، وشەکەش دوو مانا دەبەخشێت دژ بە یەکتر(هەخا وئەکا)واتە

---

(⋆)-ئاڤســتا:بێجگــە لــە کــۆنترین هــەر کتێبێکــی مێــژوویی تــر، ناوەکــەی وەك کتێبــی جووتبــوونی ماندائیەکان(قولستا)لە شێوەی فۆنەتیکی وایە و لە دوو برگە پێکهاتووە-قولســتا(قــول+ســتا)=قــەولی خوا کە کانزابرا، ڕابەری دینی ئەوان، کتێبەکە دەخوێنێتە و کاتی زەواجـــــــــــیان.

1-لەم دوایانەدا زانایێکی گەورەی ڕوسی ڕایگەیاندووە کە ئاڤستا کۆنترین کتێبی دینیـیە و بــە زمــانی کــۆنی کوردی هەورامی یش نوسرایە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**چاك و بەد..كە هەبوونی ئەو جۆرە ڕێژانە لە زمانی ئاڤستا سەرەڕای بوونی چەندین وشەی ئیستا لە زمانەكانی سامیتیكدا زیاتر بەرچاون، ئەمە پسیارێك دەوروژێنێت كە ئاڤستا جگە كە بە سەرچاوەیێكی گرنگی زمانی كوردی دائەنرێت، ژێدەرێكی زمانەكانی تریشە بەلای كەمەوە لە هەندێ ڕێژەی زمانەوانی و وشەسازیشـــــــــــدا، ئەگەرچی زۆرتریش نزیكە لە ڕێزمان ووشەی هند و ئەوروپی، ئەمەیش لەبەر ئەوەیە چونگە مەڵبەندی سەرهەلدانی ئەو فەلسەفەیە و ئەو كتێبەش لە سەرووی خاكی میزوپوتامیا بووە، زمانەكانی تریش ئەوانەی بە سامیتیك ناوبراون (پەهلەوی سامی) سوودیان لەو فەلسەفە وەرگرتووە و پاش شۆڕشی لایەنگرانی ڕووناكی بە هیما خوا زانین لە دژی خواوەندی سیفەت دوانەیی تاریكی بەرپابوو، كە بە سەردەمی دایكسالاری دائەنرا-دایك-(1)دایك سالاری لە ئەسڵی فەلسەفە و بۆچوونی كە تاریكی ڕەسەنترە و سەرترە لە ڕووناكی وەك چون خۆر لەناو تاریكیدا پەیدا دەبێت بە لێكچواندنی ئەو كارەی ڕۆژ لە بەیانیاندا هەلدێت وەك كردەی زان و لە دایك بوون وایە.**

---

1- **ناوی ژن لە سەردەمی هۆری دا-Usti/Agta-استی/اگتی كە ناوی ست و ستی ئێستا لە زمانی كوردیدا لەكارن، دیارە زاراوەی ئوستا/ئوستاد-یش هەروەها (سید) هەر لە توخمی ئەون (پێوەندی ئاسمانی تەواوی سیا-سد/سوتم بە سیفەتەكانی ژنەوە.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | Cases<br>دۆخ | 1s person<br>کەسی یەکەم | 2nperson<br>کەسی دووەم |
|---|---|---|---|
| Singular | N. | Azam،azom،azãm | توڤەمTuvam<br>Tvam،tum\tu |
| | Acc | مام<br>MÁM<br>Mam | تڤامTuvam<br>Ivam |
| | Cen. | MANA<br>مەنە<br>mane | تەڤەTAVA<br>Tava،tavã |
| | Abl. | مەت MAT<br>Mut | تڤەت<br>*Jwat Jwát* |
| | Dat. | مەبیا<br>MABYA maiby*á*<br>،mavoya | تەبیا TAPYA<br>taibya |
| | Instr | | TVA<br>تڤا، *Jwa* |

| | | |
|---|---|---|
| Dual | Acc. | AVA \ *ává* |
| | Cen. | YAVKAM<br>Yav*á* k*á*m یەڤەکەم |



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | |
|---|---|---|
| Plural | N | یوشەمYUŠAM ڤەیەم VAYAM<br>Yužam vaém |
| | Acc. | ئەهما Ahma ahmá |
| | Gen. | یوشماکەمYUSMAKAM ئەهماکەم<br>AHMÁKAM<br>ahmakam<br>yusmakam<br>XŠMAKAM<br>Ysmá<br>kam |
| | Abl. | یوشمەت YUSMAT ئەهمەت AHMAT<br>خشمەت XŠMAT ahmat |
| | Dat. | یشمەبیا YUSMABYA<br>ئەهمەبیاAHMABYA<br>خشمەبیاXŠMABYA<br>ئەهمای AHMAI |
| | Instr. | خشماXŠM<br>XŠMA |

| Cases | 1st Person | | 2nd Person |
|---|---|---|---|
| تاک | Acc.<br>Dat.<br>Gen. | MÁ = ما ، má<br>Na = نا ، na | Tva= تفا -ℐ wá<br>TAI –تەی،té ،tái |
| جووت | Gen. | NÁ ، نا ،ná | |
| کۆ | Acc.<br>Dat.<br>Cen | NÁŠ = ناز ،na\o<br>Nas = نەز ،nó ،ná | VAS =ڤاز ،Va\o<br>VAŠ =ڤەز،vó،vã |



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**ئەمەیش مانای ئەو کورتکراوانەی ئینگلیزییە کە لە نێوخشتەکانی سەرەوە هاتوون:**

| | |
|---|---|
| **کارا بزر ،بێ کار (مبنی للمجهول)** | Abl. = |
| **دیارخەر = ئیزافە،ناسیار،پالخراو** | G.= |
| **بەرکـــــــار** | Acc. = |
| **بەرکاری ناراستەوخۆ** | Dat. = |
| **جنس** | Gen. = |
| **یاریدەدەر =تەواوکەر** | Inster. = |
| **ئاولکاری جێگە یا شتی لەو بابەتە** | ov. = |
| **بانگەوازی** | Voc. = |



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

Devlopment of the Consonant System of the Avesta

Indo-European Satom type Indo- European

Iranian : Avestan The Ste the Stem thne Stem

* p--------------p------------p----------------p----------------- p

pℓ---------ph----------------------- f--------------F

* t-------------t-----------t-----------------------t-------------------T

tℓ---------------th------------------ ɟ----------

ϴ * K---- ḱ-----------------Ł-------------------------

Ł

kℓ----ĉh------------------------- -x- ----------

Š * kw --- K------------k ---------------x ---------------K

kℓ-- ------------kh---------- ---x------------X

* X---------------X--- -t' ----------------------ġ---------------------

g

kɑ̂----------t'h (ĉh)

* b------------b--------------------b---------------b --------------B

* bh-------------------------bh---------------------------bh

* d------------d----------------d-----------------d---------------D

* dh-------------------dh---------------------dh

* g--------- ġ------------ĵ-------------ĵ-----------------ĵ

* gw-------- g---------------g------------------g-----------------G

* gh-------- g҅h-----------------ĵh---------------------------------Ž

* gwh----- gh-----------------------gh------------------(h)

* ğ---------ğ-------------d------------------------d'----------[d]

* gh-----------------gh------------------d҅h------------ĵ

S-----------------S (h)

----------sz-- Z-----------------Z

* S҅Z---------S҅Z---------- h----------------H

----------Š҅Ž-- ---------Š-----------S

---------Ž---------Ž



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## چۆن سستمی دابەشکردنی گەردوون(سیفەتەکانی)

## سوودی لێ وەرگیراوە بۆ داهێنانی مۆفۆلۆژی..(1)

1-بە پێی ئەوی خواوەند هەزار و یەك ناوی هەیە، مرۆڤیش هەوڵی داوە لە ناو و سیفەتەکانی ئەو خواوەندە ئەوندە ناو لێی وەرگرێت یان هەر لایەنێکی گەردوون ئەو ژمارە ناوە لێی دروست بکات، لە ئاڤستاش (هثرە گاڤ)واتە هەزار گاڤ(ئەستێرە)، مەبەست لە ئاسمانی شەوە، پێشتریش ناوەکانی سەتوم (سەت)-دەهوم(دەھ)، ناوەکانی بەشی بەرز و ڕەشی ئاسمان بوون، بە پێی زمانیش بەرەبەرە پێشکەوتووە یان زاراوەکان لە دو-دەھ-سەت-هەزار-زیلیۆن، قۆناخەکانی خۆی بڕیوە وژمارەی زاراوەکانی زۆر بوونە.

2-جێگەی ژێرەوەی گەردوون بە جێگەی مردنی خۆر دانراوە هەروەکو جێگەی زێدە(سەد<زەد)بوونیش بووە-ژیانەوە-بۆیەش هەم ناوەکانی مردن و هەم زیندووبوونەوە هەر لەوێ وەرگیراون وەکو مات، مرد، **die**-زێدە، پیرۆز، هەروەها کە جێگەیەکی ئەوها سیفەتی دوانەیی **twin** هەیبووە، چاکی و هەم خراپی-مردن و پیرۆزی-بۆیە جەهنەم و بەهەشت کراونەتە ڕەمز بۆ پاداشت و سزا-ئاقوبەت پاش مردن-هەر بەو پێیە خوراب(خۆر+ئاب) بە خراپی دانراوە، بەلاّم ئەگەر دەربازبوو بۆ لایەنیتر، ئەو بە باشی و پیرۆزی و فردوس دەگات-بەرزی-فردوس=پرداسە(فر/پر+د سە)-فراشین..واتە فڕ و فڕین بۆ پیچەوانەی بارەکەی پیشووتر-پردی سرات(سرت/سرد=سەری دووەم)..(2)

3-هەر خۆرێك کە ئاوا دەبێت دەچێتە نێو سەتوم و دەهوم (أتو/أدو/توتو) واتە سیفەتی ئەوێ وەردەگرێت-کە ئەم لەسەردەمە هەرەکۆنەکاندا بە پێی **Low of causality** سەیرکراوە، بۆیە وشەکانیش تیپی(d)یان بەسەردا زیاد دەکرێت سر<سرد(کرد)، خور<خرد، مر<مرد..کە ئەو جێگەیە بە **top** دادەنرێت لای ئاریەکانی کۆنەوە، تۆپیش

---

**1**-جگە لە داهێنانی مۆرفۆلۆژی لە سستمی دابەشکردنی گەردوون، بۆچوونی فەلسەفەیی و دینیش لێی سازکراوە.

**2**-دەلێن ڕوبارەکی دوجلە و فورات، سەرچاوەیان لە بەهەشتەوەڕا دێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مانای خربوونەوە و دوو دەدات-دا/دڤا-کە لە ئاکارەکانی ئەو **top**یش (دەم/**tap**-دێو)ن..(**1**).

4- لە بەر ئەوەی مرۆڤ بێ ئاو ناژێت، بۆیە ناوەکانی جێگیربوونی مرۆڤایەتی (دێ و شارەکان)لە ناوی ئاو وەرگیراون وەکو(ئاڤ/ئاب<ئاڤایی/ئابادی)-(مەد<مدینة)-(سد<**city**)-(تەر/در<دارو دور).

5- ئاو سیفەتی(مێ/ماد)مێینەی هەبووە، بۆیە ژن و ئافرەت ناو و زاراوەکانیان لەو وەرگرتووە(ئاڤ**Eve**<حوا)-(مەد<مێ/ماد).

6- کە ڕۆژ لە مانگی تەموز(تاوس<تموس/تموز) وەردەگەرێت و دەسوڕێتەوە لە چلەی هاوێن و ئەنتەر..(**2**)لە سەردەمە کۆنکاندا لە لای گەلانی ئاریانی لای(حران) و سۆمەری، ئەوە ئەو وەرچەرخانەوە بە پێی هزری ئەوان، دەسپێکی مردنی چاوی ڕۆژبووە کە بەرەو زستان دەچێتەوە، بۆیە ئەوان لەو سەردەمانەدا تازی و ماتەمێکیان بۆ مردنی خۆر دائەنا کە خواوەندی ئەوان بووە-بۆیە پەیڤی تازی<تعزیە لە ئەسڵی ناوی(تاوس>دس) وەرگیراوە..هەروەها بە پێی هەمان بۆچوون لە زستانا خۆر دەزێتەوە، بۆیە ئاهەنگیان بۆ ئەو مەبەستە دەگێرا..(**3**)

ئەم ئاهەنگانەش دەبوایە لە درێژترین شەوی زستاندا بکردایە کە تا ئیستا پاشماوەی ئەو بۆچوونە بە ئاهەنگی شەوی یەلدا(ڕەتا-ئەردا<یەلدا) ماوەتەوە و ڕێ و ڕەسمی خۆی هەیە، واتە لە شەوی ڕەتبوونەوەی خۆردا(دەور وگەڕی مەزنی خۆر- سال).

7- ڕەمزەکانی نزیکی و دووری لە سەر و بنی خۆر و دەورکردنەوەی، وەرگیراون خرب<قرب/بود<بعید.

---

**1**-ئەسڵی ناوی دب لە(سدب×بدس<بوتکە)وەرگیراوە-ئاسمانی بەرز و سەر-هەر بەو بۆنەوەیەش ناوی دب و هرس **ursa** (هرچ/ورچ) لە ناوی ئەستێرەکانی ئاسمانی ژوورون، یەکتر دەگرنەوە.

**2**-أندره > ئەنتەر>(عنتر) خوای گەلانی هیندوئەورووپیەکان بووە.

**3**-تا ئیستاش ئێزدیەکان لە ڕۆژهەلات و ڕۆژراوا، نوس ونوێژ دەکەن کە خوا ڕۆژیان بۆ بهێلیتەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

8- ناوەکانی قورسی وگرانی لە خۆراوا وەرگیراون کە ڕۆژ بەرەو خوارەوە دادەلەنگێت، واتە قورسی(خورس)وگرانی، بە ئەکسەوە ناوەکانی سووکی لە هەلأتن و بەرزبوونەوەی خۆر وەرگیراون سب/سبك/سوك/سقك-light.

9- ناوەکانی دار و دارستان و لێڕ و ڕوەك لە ناوەکانی تاریکی و شەو وەرگیراون وەکو (خشب) بەواتەی شەب/شەو لە ئاڤستا کە لە عەرەبیدا ناوەکە بووەتە ناوی دار، خودی (دار)یش لە تار(تاریکی) وەرگیراوە، هەروەکو(لێڕ)ی کوردستان واتە دارستان، لە چەشنی یان بووەتە ناوی(لیل)-تاریکییە، هەروەها(قصب) واتە لەڤەنی کوردی لە توخمی (خشب)ە، هەروەکو قەسپ(نخیل) هەر لە توخمی(خشب)ی ئاڤستاییە.

10- زاراوەکانی خۆش و تام و چێژ لە ئەسڵی سەر و بنی گەردوونن، بە تەشبیکردن لە گەل سەر و بنی جەستەی مرۆڤ وەرگیراون وەکو:دوب (دوبا<طیب، دەم<طعم ،قەس<خۆش..

هەروەکو ئەو جێگەیانە بە ناوەندی شلی و تەراییێتی یش دانراون وەکو:دەف/دەڤ<تەف، خوزی-قوس..

11- کۆتایی(ڕاوەستان) کە لە ڕۆژهەلات کۆتایی دێ و دەسپێدەکاتەوە، ئەوێندەرێ بە سەر و حسابی(صواب)ڕۆژ دانرایە(اسب/سپی<حسێب=صواب)، سمر<ژمار،أد(ددو)<عد/عدد..

پێشتر حساب لە نیوەشەوا لەلای گەلانی هندوئەوروپایی دەسپێدەکرا..(1)

12- ناوەکانی وەکوئاو وکۆتایی و پێلاو ماسی لە ناوی خۆر ئاوەژوکردنی وەرگیراون :

خۆر(ڕۆژ)-خۆر(لێواری ئاو)-خۆر، نقومی نێو ئاو دەبێت

شمکا (شمس)-شمك (پێلاو)-سیفەتی کۆتایی(لە بەراییدا ناوی شمس ناوی خۆری ڕۆژاوا و شرق ناوی خۆری ڕۆژهەلات بووە)

سور(خۆر)-سۆل(پێلاو) =کۆتایی

---

1- ئەتوانین دانانی کاتی سەعات بە دوو بەش-زەوالی و عەرەبی-بۆ ئەو سستەمەی دابەشکردنی ڕۆژ بیگەرێنینەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ماس(ئەلماس)..(1)-ماسو (ئاو و میز)-ماسی(ماهی)-ماسی لە ناو ئاوا دەژێت.

13- بە پێی هزری خۆراوا (خوارب/غرب) کاتێ خۆر ئاوا دەبێت خۆر+ئاو، خۆر قەلب دەبێت و وەردەگەرێت بۆیە زاراوەکانیش لەوێ، قەلب کراون (سرب×بر س)، (سر×رس)،(سد×/دس)..

کە ئەم کارەش کوردەکان بە خرابیان داناوە-قەلب-قەلپ واتە خراب/خراپ

14- ڕاناوەکان:

| | |
|---|---|
| راناوەکانی وەکو(ئەز/ئەزد)-(من/ئەز)-(ئەتو/تو) | کوردی |
| you\thou-(ئەیا/I) | E |
| (أنا/أنوم)-(أنت/أنتوم) | عەرەبی |

ئەم ڕاناوانە کە هەر یەك، کۆمەلە خەلکێك دەنوێنن ،گشتیان لە ناوی خواوەندەکان وەرگیراون، چون لە سەردەمە کۆنەکاندا گەلان بە ناوی خواوەندەکانیان دەناسران کە ئەو خواوەندانەش لە هەمان کاتدا ناوی خاك و جوگرافیایش بوونە وەکو آسور(خاك و خواوەند)- کرد (خلتی و ئەردی خواوەند و خاك)

کەواتە کە من ئەلێم (ئەز) واتە من خوام یەزدانە و ئێزدیم(ئەز=ئەزدی) یان أزد-أسد (سود-خود) بەلاْم ئەوە بەو مانایە نییە کە عەرەب دەلێت(أنا/نحن) ئەو (أنا/نن) تەنیا خواوەندی ئەوان بووە چونکە لە سەردەمێکدا(انو)خوای (سرسر) واتە خوای سەرنسەر بووە-ئانو کورکور- خوای گشت ولاتان ئەگەر زانیبێتمان کورکور(کۆی چیاکان)بووە، ئەوا (آنو)خوای ولاتی چیاکان بووە و لە ئاڤستاش (أنا/نا) ڕاناوێك بووە وەکو (نحن)، بەلاْم پێدەچیت هنگینێ چی کورد و ئەزد و نەتەوەگەرایی نەبوون واتە نەدەکرا کورد ناو و زمانەکەیان بگۆڕن بۆ ئەو خواوەندە.

ئەمەش دەبێت تەماشابکرێت وەك گەواهی بۆ ڕەسەنی و کەڤناری گەلی کورد کە بەر لە گەلانی تر هەبوونە، هەرچەندە کوردەکان (آنو/نین/أنوم)یان دەپەرست کە لەو ناوەش زۆر شتی پیرۆز تائیستاش لە ناو گەلەکەماندا ماون وەکو ناوی دین (ئایین) هەروەها ڕۆژی

---

1- ئەلماس/ماس لە سیفەتی بریسکانەوەی خۆر هاتووە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

(هـەینی)، جگـە لەوانـەش ژمـارەی نـۆ(9-نـۆ/نـەه)-ژمـارەی تـەواوی، زۆر پـیرۆز بـووە لای کوردەکان (انو=خودا وەکو نموونەی عەینی ئەوە=خودی ئەوە).

15- لەبەر ڕۆشنایی ئاواتەبوونی دابەشکردنی جەستەی مروڤ بە گەردوونەوە، واتـە سـەر و بن و ناوەند کـە ئەمـە وەك ڕاسـتێك تەماشاکراوە، بۆیـە جەسـتەی مرۆڤـ لـە سـەر و بـن و ناوەنـد چـی کارێـك ئـەنجام ئـەدەن دەبوایـە سـەر و بـن و ناوەنـدی گـەردوونیش ئەوکارانـە ئەنجام بدەن، بەماناییێکی تر ئەم سێ جێگایە(سـەر= بیربکاتـەوە)، (دامـان و در =خولقانـدنی جەستەیەکی تر ئەنجام بدات)کە ئەمانەی دووایی لەناو ئاسمانی تاریکیدا (نس-نفس) کـاری (زید-سد) زێدەبوونەوە-پیرۆزی-ئەنجام ئەدرێت.. بۆ نموونـەش جێگـەی دوورکردنـەوە واتـە-دل=دس-پرس زاراوەکانی لێدان وکوتان لێـی وەرگـیراون-در<درب(ضـرب)، دس<دق (tige ی هوری واتە دل)، پرس<پرەق/**pulse**..

هەروەها زاراوەکانی بینین، چاو-عین(آنو)-**eye**(أیا)-سد/شد<شهد، کەواتە مادامـەکی سـەری مرۆڤـ چاوی تیایە و بە هۆی ئەوانـەوە شـت ئـەبینێت، دەبوایـە ئاسمـانی سـەرەوەش هـەمان هۆی بینینی هەبن هەروەکو ناوەکانی  چاو لە زمانە جیاجیاکان لـە ئەسڵدا ناوەکـانی ڕۆژ و ئاسمانن.

16- زاراوەی زمانەکان وەکو عەرەبی و ئاسوری و ئەوانیتر زۆربەیان لە ئەسڵی نـاوی کـوردی هاتوون کە دواتر لێکدراون وەکو(نصر)لە(نو+سەر/سەری نوێ) کە ئەو پەیڤە لە تـوخمی(آن سرە<عنصرە) کـە ئـەم نـاوی گێـژنێکی خریسـتیانە، چـۆن لـە بۆچـوون و نەریتەکۆنەکانـدا هـەر سـەرێك دەبێـت گێـژن و(ئیـد) بێـت واتـە(هـاتن وهاتنـەوە =عیـد) ،نیسـن/نیسـان (نوسەن/سەنی نوێ) کە ئەمەیش سەری ساڵی هەندێ کۆمەلەی کۆنی ئەم ناوچانەن..

(نفـذ)=(نـو+ڤـاژی) تـەواوکردن هـەر وەکـو نشـر/نشــــر (دەسـپێکردنی تـاریکی و شـێوەی ئەستێرەکان)،(أنجیل)=(أنـو/نـو+گیـل/گۆڵ/قـول)قـەولی نـوێ واتـە(بشـارة)کەئەمـەی دووایـی خۆی ناوێکی تری (أنجیلە)،گەواهی ڕاستی ئەم بۆچوونە.

17- زاراوەکانی ویستن وەکو دڤێ/دەیەوێ-داوا/داخاز-تەلەب لە سەر و بنی جەسـتەی مرۆڤـ وەرگـیراون بۆنموونـە دەم/دەڤ خـواردنی دەوێ ئـەو دڤـێ یـان دەوێ لـە نـاوی دەم/دەڤ/دەو وەرگیراون، لـە لەهجەکانی عـەرەبیش(بـدی) بـە مانـای حەزئەکـەم و دەمـەوێ لـە سـوریا و



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لوبنـان، وشـەکە لـە(بـود/بـوت)ی کـوردی وەرگـێراوە..هـەروەکو ناوەکـانی(رغبـة و أریـد و رایـد)یـش سـیفەتەکانی سـەرو و کۆتـایی گـەردوون(رغـب-رخـب) لـە ڕوخ و ڕەخ و(ڕایـد و ڕید)یش لە(رد)واتە کۆتایی و جێی ڕەتبوونـەوە لـە گـەردوون بـەو پێیـەی جەسـتەی مـرۆڤ وگەردوون بە یەکتر ئاوێتەکراون..لەE **want** لە توخمی **end** ە..دیسان زاراوەکانی ڤیـان و ڤـین و خۆشەویسـتی هـەر بـەو شـێوەیە شـلۆڤەکاریە داهێنـراون وەکـو ڤـین و ئـەڤین-حەبانـدن=بـانین ودەبانێـت، هـەروەها **love** ..ئەمانـە لـە بـن و لـێڤ جەسـتەی مـرۆڤ وگەردوون(خواوەندو نیمچە خواوەندەکان).

18- زاراوەکانی خواردن هەر بە هەمان شێوەی شلۆڤەکاری باسمانکرد،کە ئاو، خۆر قـودەدات ودادەئویرێت-داعوران-لە کاتی ڕۆژاوا کە بە دەمی ئاسمانی مەد-تاری دانراوە، ناوی تـری ئـەو ئاسمانە(أد/أتو)بووە بۆیە وشەی (ad)ی ئاڤستایی بە مانای خواردن هەر لەو هاتووە..

**Edo**(لاتینی) و **eat**ی Eهـەر ئـەوەی ئاڤسـتایین، دیـارە وشـەی کـوردی خـۆر/خـواردن لـە ناوی (ئاو=خۆر) وەرگێراون..کل وأکل-ی عەرەبیش هەر لـە هی‌کوردییەکـە گەشـەی کـردووە (خر-کر-کل/أکل) وەکو خڕ واتە هەموو بووەتە(کل=هەموو) لە عەرەبی و ئاسوریدا.

19- زارەووەکـانی زمانـەکانی شـێم<سـام/سـامی بـە گشـتی یـان لـە سـەر ئـەو فەلسـەفەیەی ئاڤستایی دابەشکردنی بۆ گەردوون سازکراون یـا زاراوەکـانی ئـاری وهندوئـەوروپین کـە بـە سەختی و توندی شێوێنراون کـاتێ چونیان بـۆ نـاو ئـەو زمانانـە، زۆربەشـیان قـەلب کـراون وەکو (سر×رس)، (رون×نور)، (مذ×ذم<سم<سام، (نەرم×مرن)، (میهر×رەهم<رحم).

20- زاراوەکـانی پەیوەنـدییان بـە باخچـە و باخـات و ڕەز و بیسـتانانەوە هەیـە، لـە نـاو و سـیفەتی ئـاو و تەرایـەتی و شـێداری وەرگـێراون کـە ئـاویش لەسـەر و کۆتـایی جێگەکـەی دیـارکراوە لـە فەلسـەفەی دابەشـکردنی گـەردوون، واتـە هـەر ئاوێـك بـە دەسـپێك وکۆتـایی دانراوە..تەنانەت زاراوەی (جنـە/جنینـە/جنـان)ی عـەرەبی و(بهەشـت و فردۆسـی کـوردی)و **Paradise** لە ئەسڵی دووسـەری گـەردوون لـە بەرزاییـدا وەگـێراون-چـەندە بـەرز ببیتـەوە ئـەوە دنیـا سـەرد و فێنـك دەبێـت و سـەوزایش دبێـت وەکـو لەکوردسـتان فەراشـین وکێلـە شین..هەروا چەندە نزم ببیتەوە لە دۆل وکەند و شیودا، ئەوا کـەش و هـەوا خوشـتر دەبێـت



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

و دنیایش سەرد دەبێت وەکو (جنات عدن)- پێم وایە قسەی سەرچاوەکانی دیجلە و فورات لە بەشتەوەن، هەر گەرانەوەیە بۆ ئەم فەلسەفەیە.

21- جێگەی شتەکان لەکوێ بوایە ناوی ئەو جێگایەی وەردەگرت وەکو ماسی لە ناو ئاودا دەژێت بۆیە ناوەکەی ناوی ئاوە (ماسو-ماهی)، Sun لە شین-ی ئاسمان هاتوە، چونکە جێگاکەی لەناو ئەو شینەدایە، بە پێچەوانەی مانگ(ماه/مەه) کە لە ناو (مەد) هەلدەکەوێت- دەریای شەو، بۆیە ناوەکەی لە ناوی (مەد) وەرگیراوە کە رەمزی کۆتایی بووە (مون)- ناوی دەهومی هۆری کە ئەو(مون)ە بووەتە(ئامین) لە دەقە دینییەکاندا.

ئەم خالانەی باسمان کردن، ئەوە نموونەی شیکردنەوەی چۆنێتی سازبوونی پەیڤەکانە، ئەو راستیەش لە پاشەڕۆژا باشتر دەردەکەوێت ئەگەر پشکینەران بەم رێرەوەدا لەسەر توێژینەکانیان بڕۆن.. بەروڤاژی دیاردە و روداوەکانی مێژووکە تا ئیستا یەکلا نەکراونەتەوە و هەر بەو شێوەیە دەمێنەوە چۆن لەسەر خەلەتی شلۆڤەکراون و(1) بەپێی ئیجتیهادی ئەم لاو ئەو لاش کە زۆربەیان بە ئاراستەی بەرژەوەندی دینی یا نەتەوی نووسینەکانیان دارشتوون.

---

1- ڕەین و ڕایەکانی ماموستا(محەمەد مەزنە)-ئەو زانایەی تیپەلاتینییەکانی کۆنی بە شێوەیکی زانستی لێکۆلیوەتەوە و بۆ ماناکانیشیان (کوردی) گەراندۆتەوە، لەگەلْ ڕایەکانمان یەکتر دەگرنەوە لە بابەت ئەسلْی زمانی مرۆڤ کە لە کوردستان سەری هەولْداوە و دواتر بۆ ئەم لاو ئەو لا پەلی هاوێشتووە، هەروەها لە بابەت کە هیچ شەپۆلی ئاریانی لە شوێنیتر نەهاتوون بۆ ئەم ناوچەیە بەلکو کورد لەوەتەی هەیە هەر لێرە بووە، ئەوەی هەیە بە هۆی زالبونی خێلێك یا کۆمەلە خەلکێك بە سەر ئەوانی تر لەم ولاتە دێرینەدا، بەوکارەیش زارەکانیشیان زالدەست و دەسەلاّتداربوونە چۆن زمان بابەتێکی بەنیشتاوی و لاستیکیە و نازکیشە لە بەردەم کۆڕانکاریەکاندا، نموونەی مانای تیپەکانی لاتینی کە لە کوردیشدا هەمان مانا دەبەخشن :

- ئەلفا/ئەلبا(لێڤ لە لاتینی وکوردی )
- ز/ (ئاو لە لاتینیدا وەکو زاب و زێی کوردی)
-رس/ر (رێ لە لاتینیدا وەکو رێ ی کوردی)
-گاه/گاڤ (قدم-لە لاتینی وەکو پێ هەنگاڤ/گاڤ یکوردی)
-ب/پ (پێ لە لاتینی وکوردیدا)



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# زمانی كوردی چۆن پێشدەكەوێت

بـه پێـی ئـەو فەلسـەفەیەی كـە زمـانی كـوردی و زۆربـەی زمانـانی تـریش لـە سـەری دامـەزراون..(1) دەبـێ زمـانی كـوردی پـاش ئـەوەی ئـەو سسـتمەی لـە سـەری بنیـاتنراوە، سەلمێنرا..دەبێت زمانەكەمان سەرلەنوێ یان نوجاد سوود لـەو سستمە نهێنیـە وەرگرێـت بـۆ دەولەمەندكردنی ئەویش بەم جۆرە:

1- دەبێ سوود لە دابەشكردنی گەردوون (خواوەنـد/شـەوورۆژ) و جەسـتەی مرۆڤـی نیمچـە خواوەند، وەربگرێت بۆ لێوەرگرتنی تێرم و زاراوەی زیاتر یان ئـەو سـیفەتانەی سـەر و بنـی گـەردوون بەخۆیانــەوە هەلیـدەگرن، دەبـێ ببنــە نـاو و زاراوەی نـوێ (مۆرفۆلـۆژی)- واتـە دەبێت بزانین كە مفرەداتی بە ناو زمانانیتر لە ناو كوردیدا هـی زمـانی كـوردین بـە رێـژەی یەكەم.

2- سوود لە كتێبە مێژوویەكان وەربگیرێت كە ئەو فەلسەفەیە هەلـدەگرن وەكـو ئاڤسـتا بـە هەموو بەشەكانییەوە، ئەبێت بە سـەرچاوەی لێوەرگرتنی زاراوەی نوێ دابنرێن وەكـو

---

1-راستی عەرەبەكانیش، زمانانیتر بۆ عەرەبی ئەگەرێننـەوە بێی كـە بـزانن ئـەو سسـتمە چـییە كـە زمانـان لەسـەری بنیـات نـراون، ئەمـەیش ئـەوە دەگەیـەنێت كـە زمانەكـەیان یـا ئـەو زمانانـەی سـەر بـەو كۆمەلـە زمانەوانییـەوەن، ئەسـڵی زمانـان نییـە..هـەر بـەم بۆنـەوە(د.نبیـل الجنـابی)كـە ئـەكادیمییكی زمانـەوانی عەرەبییە دەلێت: ئەسڵی زمانان لە دۆلی دوو رووبار سـەریان هەولـداوە بـە نمونـەیش E، هـەموو تێرمـەكانی ئەباتەوە سەر كلدانی، هەروەها دان بەوە ئەنێت كە تیپی زمانەكان دەگۆردرێن لە زمانێك بۆ زمـانێكی تـرا، هـەروەها دەلێ..بـە پێـی ئـەوەی عبرییـەكان زمـانی لاتینـی بـۆ ئنگلێزییـان گوێزراوەتـەوە، زۆر تیپـی(س) بونە(ش)چۆن عبری(س) بە(ش) لەفس دەكەن، دیسان دەلێت..هەموو وشەی(پلاپی ورباعی)ی E بە سانایی بـۆ عــەرەبی ئەگەرێنــەوە، ئــەم وشــانەش وەك مینــاك دێنیتــەو:(آســیا) واتــە روونــاكی-لــە كــوردی هەسو/ئاسۆ/ساهی هـەمان واتـا دەبەخشـن، (أوربـا) لـە یخربـا ی كلـدانی هـاتووە-ئەسـڵی لـە خـۆراب كـوردی وەرگیراوە-shelder =ستر، (أمریكا)مرق/بعید، just =قسط، دەهمو=عامة الناس، crown=قرن..لە زەمەنی شكسـپیر crun چـۆن بـووە(E كـۆن جیایــە لــە E نــوێ)، arch =عــرش، over=عــبر، gult=غلــط، talk=طلق(حرف اللام دخیلە)، cover =قبر..ئەم وشانەی سەرەوە هی د.نبیل الجنابی بوون.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زمانی E سوود لە لاتینی وەردەگرێت، هەروەها وشەکانی سۆمەریش بنەماییکی تری زمانی کوردین.

3-دەبێت وشەکانی ناو زمانانی پەهلەوی سامی(سامیتیك)، ئەوانەی تا ئیستا هاوشێوەیان هەیە لە زمانی کوردیدا، دەبێت بیانگەڕێنینەوە بۆ سەر ئەسلەکوردییەکانیان و لە کوردی هاوچەرخ بەکاریان بێنین وەکو(جمع>جەم)، (بدع>بود)، (نبی >نوبا)، (تحت>تات)،(ئەصل>ئەسر)، (شبح>شەب)، (نساء/نشوم>نس)، (أدب>دبا)، (صبح>سب/سبێ)، (نیسان>نوژەن)، (صاروم>سەروم/سەر)، (عرب> ئارەب/غەربا)، (حطب >ئەتەب/دەپە)،(حطم>ئەتەم)، (تۆبە>توبا)..هتد.. هەروەها ئامرازی کۆی (اد\ئاد\ئات) بەکاربێت چۆن ئەو ئامرازە ئەسڵی کوردییە، لە (دوو\ادوو\دە) هاتووە.

4- ئەبێت زمانی کوردی کە بە زمانێکی ئاوێتەیی(ترکیبی) ناسراوە، لەمەودوا بە زمانێکی ئیشتقاقیش دابنرێت چۆن بە دەیان نموونە هەن ئەوە دەسەلمێنن وەکو چۆن وشەی (هەڤوشین/هاوشین لە سیفەتی هاوسی/هاڤسی) وەرگیراوە-کاتێ گیانەوەری شیردەر هاوس دەبێت بە مێیینەی مرۆڤیشەوە، شیری دەهەوشێت واتە چلك دەبێت، بۆیە دەبێت درێژە بەم ڕێبازە بدرێت لە زمانی کوردیدا هەروەکو دەشبێت لە یاد نەکەین کە زمانە سامیەکان لە ئەسڵی بەراییدا لەسەر بنچینەی(ترکیبی)سازکراون..بۆ نموونە پەیڤەکانی(بصر-فخر-مصر-رسل-نصر-خوصر-غرب) لە ئەسڵی کوردی و سستمی دابەشکردنی بازنەی گەردوون و لەمانەوە هاتوون: (ب+سەر)..(1)، (ف+سەر)..(2)، (ما/ماد+سەر)، (رس+لا)..(3) ،

---

1-ب+سەر، لە کوردی بووەتە باشور (بصرە)، پێشتر ناوی بەصرا لە لای عەرەبەکان بە جێگەی هیند= ئیند (دوایی=سەر) ناوی هاتبوو.

2-بە دەیان وشە هەن(س)کەیان بووەتە(ج)، لێرەدا مەبەست لە سەرکەوتنی خۆرە لە بەیانیاندا (فەسەر>فجر) ڤسەرکەتن.

3-وەکو وشەی راسەرکەتنی کوردی، هەر بەم بۆنەوە سترانێکی ژنە کوردێك بە ناوی (فاتما ئیسا) هەیە و بەندە سەرەتاکەی ئەوەهایە: سرتەك لە هەلاتییە سرتا خولە-شەوق و تاڤا خۆ دایە شێخ رەسولە (لاڤژا محۆ).. ڕا، واتە لا (ر>ل) وەکو ڕادەستم کرد واتە لادەستی ئەوم کرد.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

(نوێ+سەر)، (خۆر+ سەر)، (خور+ئاب)..هەروەها زمانی سۆمەریش پەیڤەکانی لەسەر بنیاتی کۆکردنەوەی برگەکان (ترکیب)دەهات وەکو(گل-گا-مش).. هەروەها بابلی (شەبعاد-شەب+اد) کە لە فەلسەفەی زمانی کوردی گەردوون دابەش دەبێتە سەر چوار بەش (ناوەند سیفەتی دوو لایەنی هەیە)کە ناوەندیش بە لای سەرەکی دانراوە (سد/ستوم×دس) بەلاّم دواتر کە گەلان ئەو تێرمانەیان خستۆتە ڕۆژهەلات و ڕۆژاوا واتە لای ناسەرەکی(لا<اله) بە تایبەت گەلانی ناهندوئەورووپی هەروەکو نموونەی کاتژێر کە عەرەبەکان سەری سەعات لە بەیانیان داناوە و ئەو دابەشکردنەیش بە سعاتی عەرەبی ناوبراوە..بە پێچەوانەی کورد و گەلانی ناسامیتیك کە سەر و بنی گەردوون بە خواوەندیان داناون (سد<خود/خودا) و هەردووولای تر و ڕەخی تریان بە لادین (کافر) زانیون..(1)

بۆیە وشەکانی (کرمل) لای سامیەکان بە مانای (کرم الاله) دێت واتە بەخشینی خوا،

---

1-دەکرێت کورد سەری ساڵی خۆی بگۆرێت لە(21)ئادار بۆ شەوی یەلدا-شەوی سەرەتای دەسپێکردنەوەی ڕۆژ درێژبون لە سالدا وەکو چۆن ئەورووپیەکان لەسەردەمە کۆنەکاندا ئەوانیش سەری سالیان لە(21)ئادار دەسپێدەکرد(ئیستاش لەو مانگەدا جەژنی مەسیحی-هەستانەوە/ڕابوون-هەیە) پاشان گۆریتیان بە کریسمسی (خور+مس) کە دەبێت بشلێین هەر ماگیەکان بوون ڕۆژی (یەلدا)یان بە ڕۆژی پەیدابوونی مەسیح/مەسیە دانا. - هەروەها دەسپێکی ڕۆژ لە کاتی عەرەبیدا کە لە بەیانی دەسپێدەکات و لەکاتی تر لە نێوەشە و دەسپێدەکات، چۆن ئەم کردارە پێوەندی بە زمان و زاراوەسازیەوە هەیە چونکە (نورەس)(نورۆز)دەبێت لە مانگی یەك دەسپێبکات نەك لە مانگی سێ، هەرچەندە دەکرێت ئەورووپایەکان لەبەر هۆی دینی ئەم کردارەیان ئەنجام دابێت، وەك نەریتیش بوو هەر سەرێك لە دینەکاندا کراون بە(ئید<عید)-تائیستاش لە نیۆیورك کاتێ سال دەسپێدەکاتەوە گەمەیێکی جەماوەی هەیە پێی دەلێن ball drop کە لە Time square ئەنجام دەدرێت،کاتی زەنگی ساڵی نوێ لێدەدرێت، تۆپێك دەهاوێژرێتە خوارەوە و لەوێ دەکەنە شایی، ئەم کریارەیش دەشێ پێوەندی هەبێت بە چاوی خۆر کە دەچێتە خوار و لە سوتم (سەری سال) نوێدەبێتەوە- شایانی باسە تا لە دەسپێکی بوسلمانێتیشدا، بڕواکان هەر لەسەر ئەو بنچینانە بوون بۆ نموونە پێخەمبەر (محمد) دەلێت: السماء هي بحر تمتد شرقا الى الغرب والشمس تسبح خلفها، والذی نفس محمد بیده لو ظهر الشمس من البحر لاحترقت كل المخلوقات..



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەها (أربل) بە مانای(أربا اله/اربعه اله).. لە کوردی وکلدانی (ڕۆژاوا) ئەرب<غرب لە ئەسڵی مانای تەواوی، لە تەواویشدا خۆی لە خۆیدا جێگەی ئیلاهی چوارەمە-ئال/لای چواری گەردوون..بەهەمان شێوە(شربل-رسل-نزل)..هتد.

بەپێی فەلسەفەی ئاڤستایی ئەو ئیلاهانە، (لا/ئال)ی کوردی بونە و دەبێت کورد ئەو لامەی دوایی وشەکان بە لا و ڕوخ لە بەرێك بداتەوە-ئالێرەشدا جیاوازی شیکردنەوەی زاراوەکان دەردەکەوێت لەگروپە زمانەکاندا– بۆ نموونە (نزل)لە دوو وشەی(نس+لا) پێکهێنراوە وەکو نزم-ی کوردی، مەبەست لاربوونەوەی خۆرە بۆ لای نس(تاریکی)، (ل)یەکەشی لە ئەسڵی (ر)هاتووە ..نموونە بنار(بن+ئار< ئال/لا).

5- دەبێت کورد سوود لەو وشانە وەرگرێت کە لە گوند و لادێکان باون، دەبێت ئەو پەیڤانە لە زمانی ئەدەبیدا بەکاربهێنرێن چۆن ئەو پەیڤانە ئەساسی زمانی کوردین و زۆر ڕەسەنن..بۆ نموونە دەڵێن ئەم زستانە بە(شەت و شو)یە واتە پر لە ئاو و باران کە هەردووو وشەی (شەت-شۆ) ناوی تری ئاو و شێدارێتین، یان ناوەکانی وەکو ناوی (خەمل)(خمر/خومار)-سیفەتی سووری خۆراوا، یان (ئالەرێش) واتە وجاخ و ڕەسەن، هەروەها(سەین/کەین و بەین) واتە گرفتاری یان نێوان، دیسان وشەی کەرخ واتە رێ/رێگا، تێف واتە (دفعة/وجبة)، فەراجی واتە تۆزێ گەورەبوون، فێل واتە حیلە، شەما(شمع)، بڕ واتە کەرت و پارچە، موسکردنەوە واتە خۆنزمکردنەوە بە خێرایی، خولك واتە سەروسیمار، حەشروبەشر واتە هەموو لایێك، خەزر واتە(خەزن وحیفزکردن)، لە بێسە(عبثاً).

6- دەبێت تیپەکانی(غ-ق-ح) بە تیپی کوردی دابنرێن و ڕەمزیان بۆ دارێژرێن، چۆن ناکرێت وشەکانی وەکوغاردان-ئاغا بە تیپی(خ)بنووسرێنەوە یان(ق) لە پەیڤەکانی قەیناکا-قەیران-قیر، یان (ح)لە وشەکانی حەشروبەشر(ئەسەر-ب+شەر) بە مانای ئەم هەموو لایێك یا ئەم لاو ئەولا.. بەم کردارەیش واتە بەکارهێنانی(غ-ق-ح) زمانی کوردی دەوڵەمەند دەبێت لە بابەتی وشەسازییەوە، بەئەکسەوە ئەگەر ئێمە ئەو تیپانە بە تیپی کوردی دانەنێین ئەوە ئێمە بە دەستی خۆمان وشەی کوردی بە زمانیتر ئەبەخشین..شایانی باسە زۆر جار(ق) بەرەو (گ-ج) دەچێت وەکو قادریە<جادریە لە شاری



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەغدا، کە ئەسڵی ئەو (ق)یانەش لە(س<ك)ڕاهاتوون..نموونەی (دەمەقالە)ی کوردی لە ئەسڵی (سورە<قالە)یان سوڕانەوەی دەم ،کە لە زمانی عەرەبی بووەتە(سأل/سۆال) کە پێشتر باسمانکرد هەموو (ق)یەکان لە ئەسڵی(س)نن، هەموو(ل)یش لە(ر)گەشەیان کردووە بۆ نموونە کو دەڵێن ڕادەستم کە، واتە لادەستم کە، واتە بۆ لای دەستم وەلانێ..یان ژتەڕا، واتە-ژتە+لا- بەلأم تیپی(ع) مۆرکی سامیەکانە، کورد ئەبێت بە(ئـ) لێڤس بکات، شایانی باسکردنە عەرەب و ئەوانی دیکە(ع) زیادەی سەرتیپ دەکەن تا وشەکە مۆرك و شێوەی زمانەکەیان پێ ببەخشن وەکو پەیڤی cut- قوت<قطع، یان ئەدو<عدو..

بەپێی ئەوەی هەر لایێکی گەردوون چەندین ئاکار و سیفەتی هەبووە، ئینجا هەر کۆمەلە خەلکێك هەستاون و هەریەکێکیان ناوێکیان بۆ خۆیان لەو سیفەتانە وەرگرتووە کە سیفەتی هەمان جێگە بووە، بۆیە هەمان واتاشیان دەبەخشی بۆنموونە:

ڕوباری(ئەزیم<عەزیم) لە دیروکدا بە ناوی(ادهم)هاتووە کە دیارە وشەی دوایی لە دەهەمی کوردی زۆر نزیکە و دەکرێت لە ناوی ئاوی دووەم یا دەهەم (ژمارەی تەواو و زۆر) وەرگیرابێت-ڕوبارەکە لە زۆر چق وجۆگەلە پێکهاتووە-بۆیە دەبێت کورد ئەو ناوە لەو ڕوبارە بنێن چونکە لە وشەی پێشووتر نزیکترە لە کوردی..(1)

7- دەبێت سوود لە شلوڤەکاری عەرەبی و ئەوانی دیکە وەربگیرێت بۆ لێکولینەوەی ئەسڵی وشەکان، بۆ نمونە عەرەب دەلێن(نقد) لە عەرەبی کۆندا بە مانای مەڕ و مال و سامان دێت،کە بێ شك(نقد) لە نەخت هاتووە کە ئیستا نەخت لەو نرخ و سامانەی بە مالەبابی کچ دەدرێت واتە شیربایی جێگیربووە-ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناو و زاراوەی نەخت

---

1-پێویست باسبکەین کە زۆر پەیڤ لە مێژوودا هەن کە ئەمانە هەندێکیانن ولە کتێبی زینفونی گریکی مان (400 پ.ز) وەرگرتوون وچەند ناوی هەمان شت یاجێگە دەردەخەن..روباری ئەدهەم (عوزیم) بە(فسکس)یش هاتووە، روباری وەشاش(صقلاویە)بە(خر)یش هاتووە بەرامبەر بە(آراهتو)ی ئاشوری، هەروەها دیالی/بعقوبە بە (جندس)هاتووە، نەهروان بە(قاتول) هاتووە، نەمرود بە کالح (قلعە)ولاریسا هاتووە،کنیسە بە کوناکسا هاتووە، دەریای ڕەش بە (یوکسین) هاتووە،



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لە باتی(نقد) بەکاردێنێت..دیسان لە لە سەردەمە کۆنەکاندا کە تا ئێستاش لە ناو ئێل و هۆز و هەندێ لادێ نشینەکان ماوە و نەختی ژن بە مەڕ یا چێل و مانگا دەدرێت یان هەروەکو بەخشینێك بە کچان دەدرێت کاتێ شوکردنیان..

دیارە وشەی(مال)ی عەرەبی ڕاستەوخۆ لە مەڕی کوردی وەرگیرایە(ر<ل)..هەروەها شێواندنی وشەکان لایێکیترە لە سوود وەرگرتنی کورد و غەیری کورد بۆ دەولەمەندکردنی زمانان لە ئەسڵی وشەکانی هەرچوار سەرەی گەردوون بۆ نموونە(سەر/ئەسەر)ی کوردی کە دەکاتە ناوی سەری ژوور-هەستانەوە-ئەو(ئەسەر=سەر) بوەتە شیار<هوشیار/وشیار واتە کاتی ڕۆژهەلدێت، دەبێت مرۆڤیش چاوی زلکات(سر<زل) و هوشیار ببێتەوە، دیارە وشەی سەر/ئاسەر کە ئەمەی دوایی بە(ئا)ی ئیسبات دەسپێدەکات، ئەم وشەیە دەیان و شەیتری لێی کەوتوونەتەوە وەکو ئاسەر<هیزار/هوزار(هوزاری بۆکینی)،دەبێ بشلێین کە هاودەمی/سەری ڕۆژ، سوورایەتی شەفەق و ئاسۆیە، بۆیە وشەی سور/سوور هەر لەو(سر)ە هاتووە-دیسان چونکە ئەو کردارە سیفەتی گەرانەوەی خۆری تیایە، بۆیە سوڕان وخوولانەوەی لێی دروستکراوە،کە دواتر (سور) بووەتە (سوال:دەرۆزەکردن)، کە ئەمە پێوەندی سیمانتیکی بە وشەی (سؤال-سأل)ی عەرەبی وە نییە، بەلکو سووال لە

---

هەروەها شاری اوردو بە ستیورا، شاری ئەزمیر بە سمیرنا، رمادی بە خارمەند، رقە بە نسیفوریم،خابور بە ئاراکس، هەروەها ناوی کورش بە سایرس، تراقیا بە پراسیا ، زێی گەورە بە ئارانوس وزێی بچوك بەکوپرانوس هەروەها دوورگەی قەرم بە شیر سونیز هاتووە..دیسا وەرگێری ئەوکتێبە ئەم وشانەی بەکارهێناون: (ذکاء=قرص الشمس)، (عیلم=بحر)، (راف=خمر)، (صمیر=غروب)، (صردا=صرفا)، (مناوصە=مناوشە)، (تربیب=تجمیع)، (عشر=دیە)، (خلوب=خلاب).. بۆیە هەمان ئەو ناوانە وئەوانەی ئیستا زیندوویش،گشتیان لەو فەلسەفە ڕەنگینە وەرگیراون-فەلسەفەی دەورانی چەرخ وفەلەکی خۆر-کە ئەسلەکەی فەلسەفەی ئاڤستایی کوردییە، لە ئاڤستا(ئاڤ+سەتە)بەرجەستە دەبێت،کە ئاڤستایش بە مانای ئاوی سوتم واتە( ئاوی تەواوی ومەزنێتی) لەعارەبیشدا قاموس بە مانای (البحرالعظیم)دێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سورانەوە وەرگیراوە، هەروەکو دەرۆزە لە (دورس)واتە دەوران دۆرکردنەوە ورگیراوە، دراوسێ-یش مالی دەوروبەرن..

8- بۆ ستاندارکردنی زمانی کوردی و یەکرێزی گەلی کورد، ئەبێت یەك شێوە زمان کوردی ببێ بە زمانی دەولەت، ئەم نوختەیەش دەبێ نەختێ لە سەری بوەستین و شلۆڤەبکەین بەپێی ئەوەی بابەتێکی گرنگ و هەستاوەرە بۆ تەواوی نەتەوەی کورد، چۆن تا ئیستا چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، هەر چەندە زۆر لەسەری نوسراوە، کەمنیش بەش بەحالی خۆم کتێبێکم لەسەر نوسیوە و چاپکردووە بە ناوی-چەند هەلبژاردە لە زمانی سەرانسەری-کە بەکورمانجی سەرووم نوسیوە، تیادا چەند جیاوازی ڕێزمانی هەردووو شێوەی سەرەکی زمانی کوردی بە خال و پنت دیارم کردوون، دواتر چارەی مامناوەندیم بۆ دەست نیشان کردوون..بەلاّم زمانی کوردی زۆر لایەنی جیاوازی تیایە و شتێکی ئاستەمە بەیەکتر بگەن کە لە هەمووی ناخۆشتریش ئەوەیە، چەندی پێ دەچێت نووسەران لە بڕی ئەو جیاوازیانە لێکی نزیك بکەنەوە، لێکی دووردەخەنەوە و هۆکاری جۆراوجۆریش بۆ کارەکەیان ئەبینەوە.

راستیش بە پێی پێوانە زمانەوانییەکان، دەکرێت ئەو هەردووو شێوە زمانە ببنە دوو زمانی جیاواز و ئەمە خال و پنتی هەرەخەدار و مەترسیدارە کاتێ ئەو هەر دوو شێوەیەش تەنیا دەتوانین لە یەك شت کۆی کەینەوە ئەویش ئەوەیە کە هەردووو شێوەکە ناوەکەیان زمانی کوردییە، ئەمەش سوودێکی ئەو تۆی تیا نییە کە پشتی پێی ببەستین..

لێرەدا بە ڕاشکاوی دەبێژم کە زمانی کوردی هیچ ڕێگەیێکی لە بەردەما نییە بۆ ئەوەی بە یەك زمان بمێنتەوە، ئەویش ئەوەیە یەك شێوە زمان ببێت بە زمانی ستاندارد بۆ تەواوی گەلی کورد وجوگرافیای کوردستان بە سوود وەرگرتنی چڕ لە شێوەکانی تر، بەلاّم ئەم چی شێوەیە کە باشتر بەرژەوەندی کوردی تیا بێت بێی وازدان بە دل و سۆز و مەیلداری تەسکبین بۆ ئەم شێوەیە یا ئەویتر.. ئەمەی خوارەوەیش چەند خالێکن لە ڕێگەی ئەو مەبەستە:

أ/ بەرای خۆم و پێم وایە کورمانجی ناڤین باشترین شێوەیەکە ئەو مەرجانەی تیابێت بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستانداردی نەتەوەیی و بەرژەوەندی کوردیشی تیایە چۆن شێوە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زمـانێکی سووکه وهێـزی سروشـتی بـەرگری تیایـە لـە بـەردەم زمانـانی‌تر بـە بـەراوردکردن لەگەڵ شێوە زمانیتری کوردی، نموونەی بە پاراوی مانـەوەی ئـەو شـێوە زارە لـە شـــارەکانی کـەرکوك و ناوچـەکانی تـر بـە بـە راوردکـردن لـە گـەل شاری موسـل کـە زۆرترکورمـانجی سەرووی تیادا نیشتەجێن(لەگەڵ گەلانی تریش)، جگە لەوەی شێوە زمانەکەیان پڕ بووە لـە وشەی عەرەبی، تەنانەت هەندێ وجاخ و ئێـل و ئەشـیر و هـۆزی کـوردی هـەن لـە نـاو شـاری موسل بە تـەواوی بونەتـە عـەرەبی و کـوردی نازانـەوە..ئـەم پێوەرە لـە گـەل ناوچـەی تـری عەجـەم و تـورکیش دەگونجێت کـە هاوسـنووری کـوردن وکـوردی تیـادا-کورمـانجی سـەروو-تواونەتەوە(ئێستا هەندێکیان بەرگری لە ناسنامەی نوێ خۆیان دەکەن و خۆیان بـە عـەرەب یا تورك یائازەر دادەنێن وخۆیان ناناسنەوە) ئەمەیش دەرئـەنجامێکی خراپـی لێکەوتوتـەوە لەسەر بەرتەسکبوونی جوگرافیای کوردستان.

ب/ چەند سیفەتێکی چاك لە سۆرانیدا هەن کە زیـاتر ورج وکـەلکیان دەبێـت لـە ئاسـانکاری فێربـوونی زمـانی خۆندنـەوە و تێگەیشـتنی دیـاردە ئـەدەبی بەرچـاوەکان وەکـو تـابلۆی نیشاندەری شەقام و پارك و جێگـە و کەسایەتی و مالـەجێگاکان..بـە پێچـەوانەی کورمـانجی ســەروو کــە ئــەم ســیفەتە ســیحرییەی نییــە، ئــەوش بــەهۆی تیپــی(ی)ئیزافەیــە کە(یێ/ێ/یا)بـادینی بەرامبـەرێتی و بـە هەرسـێ ئامرازەکـە جێگـەی ئـەو(ی)ەی دەگرنـەوە، ئەم تیپەیش بووەتە هۆی سەرەکی سووکی و ئاسانی زارە سۆرانییەکە و لـە دواییـدا سانایی تێگەیشـتن و بلاوبوونـەوەی -پێشـتر باسـی رۆلی ئـەو تیپـە سـیحرییەی ئیزافـەمانکرد لـە بلاووبونەی زمانی ئارامی لە مێژوودا-(1)

بەڕاسـتی زانایـانی کـورد کـە ڕێنوسـێکی تایبـەتیان بـۆ زمـانی کـوردی دانـا، دەبوایـە ئەو(ی/ێ/ئا)ی ئیزافەیان، هەروەها (کەسرە و فەتحە و زەممە)یش ڕاوێژی نەنووسینیان

---

1-پـێم وایـە زاری ئـارامی سـامی لـە پەهلـەوی سـامی پـەرەی سـەندووە – ئـارامی واتـە بلنـد، هەرچـەندە مەسیحیەکان ناوی ئارامی بە(ملحد)واتە خوانەناس لەبەریکیان داوەتەوە، زمانەکە هەندێ جار ئـەو تیپـەی بـە(ئـا) و هەنـدێ جـار بـە(و) بـەکار هێنـاوە-ئـارامی ڕۆژهـەلات و ڕۆژاوا..هـەر وەکـو لـە زارەکـانی کـوردی ك.سەروو و هەورامی ئەو تیپە بە(ێ-ئا-و) ئیستا بەکاردێنن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بـۆ بكردايـه، چـۆن هـەر ئـەو ئامرازانـەن ديالكتـەكانی زمـانی كوردييـان لـە يـەكترا دوورخستۆتەوە و سەريان لە نوسەرانيش شێواندووە، واتـە زمـانی كـوردی ئيـستا لـە لايـەنی ڕێنوسـەوە دەبوايـە شـێوە كـورت بوايـە، وەك چـۆن زمـانی فارسـی و عـەربی ڕێنوسـەكەيان دەنوسن، كوردی خۆمانيش وەهابوايە.

ج/ ك.خـواروو يـان ك.ناوەراسـت، مەڵبەنـدی ناوەنـدی كوردسـتانە(كورديـای مـەزن)-بـە لوڕستانيشەوە.

د/ ئەگـەر ئێمـە زمـانی كورديمـان كـردە دوو زمـان ئـەو كاتـە زازايـی و هـەوراميش هـەمان مافيان دەبێت كە لە شێوەكانی تری كوردی جيابېنەوە.

و/ جگە لە سيفەتە باشەكانی ك/خوواروو، ك/سـەروويش وەك زاراوەی مـاك/دايـك، هەنـدی سيفەتی چاكی هەن كە ئەشێ سوودی لێی وەبگيرێت بۆ دەولەمەنـدكردنی شـێوە سـتانداردی زمـانی كـوردی وەكـو سـيفەتی گـەردانی كـار لـە شـێوەی سـەروو كـە سـووكترە لـە سـۆرانی، دەكرێت لەسەر شێوەی ستاندارد بلاوبكرێتـەوە، بـۆ نموونـە لـە سـۆرانی دەلـێن ڕەسمـی كـرد بەرامبەر رەسماند لە كورمانجی سەروو،كرديية بە گۆرانی بەرامـەر سـێوراند لـە ك.سـەروو، ختمكـردن بەرامبـەر ختمانـدن لـە ك.سـەروو، واتـە ئـەم (انـد)ەی ئـامرازی گـەردانی ڕێـژەی رابـردوو لـە گـەل (كـرد)ە فرمـانی ياريـدەدەر يـان لـە بـری بـەكار بهێنرێـت-ئەمـە زمانـە ستانداردەكە سـووك وخـۆش و يـەكگرتوتر دەكـات، هـەروەها كـۆی ئيزافـەيش (كـوردانی دەرەوە=كوردێن دەرڤە).

ديسـان دەشـێ ئـامرازی مێينـەی ڕانـاوی كەسـی سـێيەمی كورمـانجی سـەروو(وێ) بـە كاربهێنرێت لە ڕێژەی تێپەر و تێنەپەری كورمانجی خواروودا-

هـەروەها لـە لايـەنی سـتران و هونـەر، ك.سـەرو مۆركیكوردييـان پاراسـتووە وەكـو لاوك وكلامی ناوچەكانی بۆتان و سەرحەد.

8- ئەگـەر كـورد رێكنەكـەوتن لەسـەر زمـانێكی سـتاندارد وەك ئەلتـەرناتيفێك كـورد بـۆی هەيە سوود لەو شێوە زمانـە وەرگرێـت كـە دەكەوێتـە خێـزو هێڵـی تەماسـی نيـوان هـەردوو شێوە زمانی كوردی سەرەكييەوە وئەو زارە بيكەتە زمـانی دەولـەت ،كـە ئـەو شـێوەيە جـۆرە تێكهەلكێشراويكی زمانەوانييە واتە شێوەی زاری سورچی و هەندێك لە هۆزی بارزانيەكان.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# پەیام و دووایین پەیڤی ختماندن

پاش کۆتایی هاتنی ئەم کتێبە، ئەبێت بە کورتی چەند شتێك دیاری بکەین ئەویش ئەوەیە کە ئەم کتێبە زیاتر لایەنی فەلسەفەی بنیاتکەرەوەی زمان، دواتر لایەنی توێژینەوەی بەشی ئەتیمۆلۆژی مەبەستیەتی، بەتایبەت چۆن پەیڤەکان بەپێی سستمێکی دیارکراو دارێژراون و بە درێژایی ژیری مرۆڤیشەوە، هەروەها هەر وشەیێك چۆن توشی شێواندن هاتووە.

هەر جۆرە شێواندنی پەیڤێکیش بەرەو مانایێکی جیاوازی بردووە وەکو وشەی (سرد) بەرەو (سلت-کرد-خلت-غلت-ئەخلات-غەلاتی-ئەگارتی)کە ئەمەی دوایین گەلێکی هەرەکۆنی ئەم ناوچەیە بووە وەك زاناییش دەلێن یەکەم و دوایین ئەبجەدی مرۆڤایەتییان دروستکردووە و دایانهێناوە..(تەورات دەلێت 2500 سال پ.ز مرۆڤایەتی بەیەك زمان دەپەیڤین) لەبەر ئەوەی بابەتەکەش ئەگەر خوندن و وانەکردنی مێژوو بوایە، دەبوایە بە نەریتی زۆر درێژ بوایە، وەك هەموو بابەتە مێژوویەکۆنەکانیشەوە، دەبوایە لێلی و بە سیمای تەخمین و ئەگەرکاری بنوسرابایەوە.

بۆیە سەیر نییە ئەگەر خۆمان لە ئەو جۆرە نووسینانە تۆزێك دوورە پەرێزگرتبێت، زیاتر کتێبەکەیش بابەتی زمانەوانییە کە زمانیش ئاوێزانی بۆچوونە فەلسەفیەکانە و ئەو فەلسەفانەی بوونەتە هۆی سەرهەلدانی دینەکان لە سەردەمە هەرەکۆنەکانی مێژوودا، دواتر لەو جۆرە فەلسەفە و دینانە ڕەوشت و نەریت واتە ئەخلاق و ئادەتی لێ کەوتونەتەوە.

هەروەها بابەتی کتێبەکە بەرپەرچی زۆر تیوری زمانەوانی ئەداتەوە وەکو تیوری هاتنی گەلانی ئاری لە جێگایێکیتر وکۆچکردنیان بۆ ولاتی ئێران وکوردیای ئیستا، بەو جۆرە دابەشکردنی ڕەچەلەکی گەلان بە پێی زمانەکانیانەوە بۆ ئەسلی دوو جۆرە ڕەگەزی مرۆڤ وەك زاناکانی زمانەوانی ئەلمانی کردوویانە و ئەوانن خاوەنی ئەو تیورییە زمانەوانییە و تا ئیستا زۆر لایەنیش ئەم تیوریەیان قەبوول نییە و بڕوایشیان پێ نییە.

ئێمە پێمان وایە دابەشکردنی زمانەوانی مرۆڤەوە بەپێی بنەماکانی فەلسەفەی ئاڤستایی ئەنجامدراوە(ئاڤستە) واتە ئاڤ+سەتە(سوتی:کوردی) واتە ئاوی تەمام یان دووەم/توڤم، یان



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەر شتێك لـەم گەردوونـە چـەرخ وگـەڕ و دەورەی خـۆی هەیـە و وەك لـە ئاڤـستادا هـاتووە، چـۆن دانـانی سـوڕانەوەی ئـەم گەردوونـەیش بـە لایـەنێکی بـاش و لایـەنێکی خـراب(بـەرزی ونـزمـی)..کـە ئـەم دابەشـکردنە مرۆڤیشـی گرتۆتـەوە وەك لـە قۆناخـەکانی بـاوك سـالاریدا ژن(سین/سنوم-ژن/ژنوم، سین لە دەورێکا ناوی مانگ/هەیڤ بووە کە ئەویش ڕەمـزی شـەو و تـــاریکی بـــوە-تـــاریکی ونـــس<نســـاو و ژن-) بـــە نوێنـــەری هـــەموو شـــتێکی خـــراپ دانـــراوە(ژن<جـــن)، (مـــەد/مـــاد-Mad)،(نـــس/نســـاو-نـــزە/نحـــس)، (ســـەت/شـــەت-سودسوتان/سێتان/شەیتان) واتە لایەنی تاریکی ئاو هەموو سیفەتێکی خراپـی لێ وەرگـیراوە، من  بە دوور نابینم خەلکی بە گشتی لەو سەردەمانەی کە میترایی و ئەم جۆرە فەلسەفانە دینەکـەیان بـووە، لـەو دەمـەی هنـدی(هنـد:هنـد end) و هنـدی سـوور(هینـدی سور:هنـد و سـەر) لـە ئاسـیا و بـۆ ئـەمریکا کۆچیان کـردووە، هـەر بـەپێی ئـەو جـۆرە فەلسـەفانە، پـال پێوەنراون تاکو ئەو جێگایانە بگرن، هـەر وەکـو دەبوایـە خـەلکی سـپی و ئـاری لـە سـەروو و ڕۆژهـەلات بـن و خـەلکی پێسـت ڕەشـیش لـە خـواروو و ڕۆژاوا بـن..ئەمـە بـەر لـەوەی ئـەم پێوەرانـە تێکبچـن بـە هـۆی سـەرهەلدانی دیـن و فەلسـەفەی نـوێ و هۆکـاری تـریش..دیـارە هەندێ ناو وەکو خمیرڕۆژ لە کەمبۆدیا هێشتا ناوی زیندوون.

دیارە ئابستاش پاشان کە(میثرایی) لێی کەوتوتەوە کە هەموو دینـە گـرنگ و نەریتیـەکانی جیهانی کۆن دەگرێتەوە، لە ڤیدای ئاڤستاییش، بەشێك بۆ دینی(میترا<میهرا)تـەرخانکراوە-میهـرا کـە نـاوێکی ڕۆژ بـووە، بـەو پێیـە میترایـی واتـە خـۆر پەرسـتی، کـە دینـی مـیترا تـا سەردەمی رومانی(400 پ.ز)باوی هەرهەبووە.

هـاودەم دینـی زرادشـتی وەك چاکسازیێك ئـەو رێبـازەی  ئابستا دەستی پێکـرد بـوو-پێشتر باسی چەند زارێ یا زمانی ئاڤستامان کردبوو واتە ئاڤستا بەرهەمی سەردەمێك نییـە بـەلکو هـی چـەند سـەردەمێك بـووە و-لـە دوای قۆنـاخـەکانی ئـەو درێـژەی پـێ ئـەداو و ئـەو دابەشـکردنەی گـەردوون بـۆ دوو هێـزی سـەرەکی دابـەش کـرد(ئـاهۆر مـزدا/خـۆری مـەزن=ئاسورای سانسکریتی=ئورامـانریس بـە گریکی) واتـە خواوەنـدی خێـر و ئاهریمـەنی خواوەندی شەڕ، دواتـر کۆنـە خواوەنـدەکانی تریشـی وەلانـان وەکـو(دێـو=دیـوس بـە گریکـی) هەر چەندە  باسی ئاهورمزدا لە ئاڤستا نەکراوە بەلاَم ناوی (ئاثرتە) تێیـدا هـاتووە و واتـەی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ڕۆژاوای گەیاندووە، بۆ بەراوود ئاهورا=ئاسورا(ئەم وشەیە لە عصر-ئەسەر-ماوەتەوە تا ئیستایش)، هەروەها لە ئاڤستا زۆر باس لە برج و ئەستێرەکان کراوە کە هەندێکیان لە کوردی ئیستادا زیندوون وەك-پێرۆ Pleides، هرسی مەزن Ursa major،هرسی کچکە ..Ursa minor

هەروەکو باسی Milky way واتە ڕێی کاکێش کراوە –کە بە ئەو، دیارکەوتن وگەیشتنی ئەو گالاکسیە بۆ نیوە شەو، ئەو دەبێتە ڕەمزێك بۆ ڕاشکانی شەو واتە بوونی بە سوتەم/جوتە یان زیندووبوونەوەی ڕۆژێکی نوێ ومردنی ئەوەی پێشتر-ئەم مردن وزیندووبوونەوەیش لە هەر شتێکی گەردوون پەیرۆ کراوە..

بەم جۆرە هەم دین وئایین هەم تێرم و زاراوەکانی زمانی جیاجیا سوودیان لەو فەلسەفەیە بینیوە بۆ سەرهەلدان و داهێنانەکانیانا، بۆیە لێرەشدا باشترین شت ئەوەیە کە گەلی کورد ئەم تیورە بنیاتبنێتەوە وخۆی لێ بکات بە خاوەن وەك پڕۆژەییکی نەتەوەیی و لە قوتابخانەکانیش هەولبدرێت بخوێنرێت وەك بنەما بۆ ڕەگ و ڕیشەی ناسنامەکەی.

داوی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**بەرهەمەکانی نوسەر:**

- ژ ڕەوشا هزرێن من (هەلبەست و شیعر) ساڵی 1984 لە بەغدا چاپکراوە.
- چەند هەلبژاردە لە زمانی سەرانسەری (زمانەوانی) ساڵی 1998 لە دهۆك چاپکراوە.
- ڕێبیژا پەیامان (زمانەوانی) ساڵی 2000 لە هەولێر چاپکراوە.
- فەلسەفەی ئاڤستا بنەمای دین و زمانەکانە ساڵی2010 لە هەولێر چاپکراوە.
- زمانی ستانداردی کوردی.
- نامورادی (ڕۆمان).
- نیشتمانی ژنان (ڕۆمان).
- هەست و ڤیان و هونەر (کورتە چیرۆك).
- من تورا حەز کەنا (شیعرو هەلبەست).
- کریستال (پەخشان).
- تابلۆکانم (شێوەکاری)



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## زنجیرە چاپکراوەکانی ساڵی 2010

### بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بلاوکردنەوە

### بەڕێوەبەرایەتی بلاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| 439 | شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکیە | هێمن عومەر خۆشناو | لێکۆڵینەوە | 2000 | 384 |
| 440 | پەروەردەی جەستەو لەش جوانی | باقی ئاهی | مەشقی وەرزشی | 6000 | 124 |
| 441 | ڕۆشنبیری و زانست لە خزمەت کۆمەڵگەدا | مونا گلیانا مەنسوور | کۆمەڵایەتی | 2000 | 128 |
| 442 | سنه في الجحيم | ترجمه: جلال زنكابادي | یادەوەری | 2000 | 216 |
| 443 | مدن عراقيه عبر التاريخ | فؤاد قزانجي | مێژوویی | 2000 | 120 |
| 444 | ترنيمه النهر الازلي | نوئيل جميل | شیعر | 1000 | 64 |
| 445 | ئەفسانەی ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە | عەبدوللا سەراج | ڕۆمان | 2000 | 160 |
| 446 | پەیامێك لە ئاییندەوە | بەهزاد حەوێزی | دەروونی | 2000 | 160 |
| 447 | بە شێوازی خۆم بمدوێنە | و: ئاشنا عومەر | دەروونی | دیاری | 48 |
| 448 | فەرهەنگی شیلانە (کوردی – فەرەنسی) (فەرەنسی – کوردی) | برایمی مەلا | فەرهەنگ | 8000 | 784 |
| 449 | گوێرایەڵی کاربەدەستان | عبدولجەلیل ئیسماعیل | ئایینی | 2000 | 144 |
| 450 | السايكولوجيه الجماعيه للدين عبر التاريخ | د. وهبيه شوكت محمد | نامەی دکتۆرا | 5000 | 564 |
| 451 | ڕێبەری چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بلاوکردنەوە | ئا: ماجید نووری | بیبلۆگرافیا | - | 160 |
| 452 | جاهید یگەرێ | محمود زامدار | کۆمەڵایەتی | 1500 | 120 |
| 453 | پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی کوردی | هەیاس کاکەیی | ڕۆشنبیری | 2000 | 184 |
| 454 | بێ سرمیچ | شیلان گەیلانی | شیعر | 1000 | 88 |
| 455 | نامەی مەسعود محەمەد بۆ سەعدون حەممادی | ئا: محەمەد مەسعود | سیاسی | 2000 | 200 |
| 456 | ڕامانێك بۆ جیهانی موزیك | نایف شێخانی | هونەری | 2000 | 144 |
| 457 | عبدالله گۆران رائداً لحركه تجديد الشعر الكوردى | كمال غمبار | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | 3000 | 370 |
| 458 | پیشەگەری و تەکنیکەکانی بەرهەم لە شاشەی تەلەفزیۆن | برزۆ ئیسماعیل مەنسوور | زانستی | 7000 | 640 |
| 459 | سیڤییەکان | شێرزاد هەینی | گشتی | 3000 | 280 |
| 460 | هزرکرن د پرسێن ڕەخنێ دا | محسن ئوسمان | ڕەخنە | 3000 | 328 |
| 461 | کورتە ئینسکلۆپیدیای جوگرافیای وڵاتانی جیهان/ بەرگی یەکەم | و-ئا: کەریم ئەحمەد | فەرهەنگ | 5000 | 464 |
| 462 | کورتە ئینسکلۆپیدیای جوگرافیای وڵاتانی جیهان/ بەرگی دووەم | و-ئا: کەریم ئەحمەد | فەرهەنگ | 5000 | 448 |
| 463 | عمليه الانفال وئارها على الشباب دراسه اجتماعيه نفسيه | فاتح محمد سليمان | دراسه سياسيه | 4000 | 544 |
| 464 | کتێبی ڕێزمانی کوردی | دانییل ه. کیم | زمانەوانی | 2000 | 104 |
| 465 | دائیرەتولمەعاریف بەرگی 5 مێژوی هونەر بەشی 1 | خوسرەو جاف | هونەری | چوار بەرگ 30000 دینار | 408 |
| 466 | دائیرەتولمەعاریف بەرگی 6 مێژوی هونەر بەشی 2 | خوسرەو جاف | هونەری | چوار بەرگ 30000 دینار | 336 |
| 467 | دائیرەتولمەعاریف بەرگی 7 مێژوی هونەر بەشی 3 | خوسرەو جاف | هونەری | چوار بەرگ 30000 دینار | 388 |
| 468 | دائیرەتولمەعاریف بەرگی 8 مێژوی هونەر بەشی 4 | خوسرەو جاف | هونەری | چوار بەرگ 30000 دینار | 340 |



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 469 | جووتێك چاوی سەوز | غەریب پشدەری | وەرگێرانی ئەدەبی | 3000 | 312 |
| 470 | ئیلشا | دیدار مەسیفی | رۆمان | 2000 | 304 |
| 471 | گرێ ی دەنگسازی | د. شێرکۆ بابان | زمانەوانی | 5000 | 214 |
| 472 | مێری مەیدان | جەمال گردەسۆری | داستان | 1500 | 136 |
| 473 | تروسکەی ئەستێرەیەکی دوور | و. سالح محەمەد ئەمین | رۆمان | 4000 | 416 |
| 474 | المسافر | دلزار اسماعيل رسول | مجموعه القصصيه | 1000 | 48 |
| 475 | جیێژوان | شنۆ محمد | شعر | 1000 | 87 |
| 476 | السادن في الرحاب المغامره | بوتان جلال | شعر | 1000 | 104 |
| 477 | تووناژکی | سەباح بابیزینی | شعر | 1000 | 128 |
| 478 | کۆمەڵەی ئیخوان ئەلسەفا | ئەبو بەکر شوان | گشتی | 2000 | 136 |
| 479 | شاعیرانی نوێخوازی سویدی | د. کەمال مەعرووف | شیعر | 1000 | 80 |
| 480 | نامەیەکی نەنێردراو | ئازاد نجم | کۆمەڵە چیرۆك | 2000 | 144 |
| 481 | پاشماوەی ئایینی میپرایی لە هاترا | و. شێخ بورهان بەرزنجی | وەرگێران | 2000 | 120 |
| 482 | سوسولوجيا الصحافه العالميه | د. رجوان بادینی | صحافه | 8000 | 172 |
| 483 | هونەری شۆفێری | و. جلال دباغ | فێرکاری | 5000 | 120 |
| 484 | بەرهەمهێنانی گوڵ چنین بۆ جوانکاری ناومال | د. تاهیر نەجم | پەروەردەی گوڵ | 8000 | 168 |
| 485 | هاوارەکانی ئاگر | لەیلا محەمەد تەها | لێکۆڵینەوە | 1000 | 96 |
| 486 | گوێر هەوارێکی کوردستانییەوە وون | ئا: حەمید گەردی | لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی | 2000 | 240 |
| 487 | دیرۆکا زێدەگاڤی یا کوردان | د. لەزگینێ ئاڤدرەهمانێ | وەرگێران | 2000 | 152 |
| 488 | مەوسوعەی فیقهی حەج و عومرە | ن.ك: عبدالرحمن ملاگە عزیز | ئایینی | 6000 | 600 |
| 489 | رێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی رستەی کوردی | د. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی | رێزمان | 3000 | 216 |
| 490 | نەتەوەو دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا | د. فەهمی شوکری عەبدوڵلا | رەخنەی ئەدەبی | 4000 | 408 |
| 491 | زانستی کەلام | د. حمە کەریم هەورامی | فەلسەفە | 5000 | 504 |
| 492 | تاجی تەندروستی | د. رامان سابیر نانەکەلی | پزیشکی | 5000 | 592 |
| 493 | ولات بناسە | ئەمەرێ لالێ رەنجبەر | شیعر | 1000 | 88 |
| 494 | المهارات الاساسيه في كره القدم | د. عبدالصاحب أسد | ریاچی | 6000 | 140 |
| 495 | كره القدم مبادیء واساسيات | د. عبدالصاحب أسد | ریاچی | 8000 | 216 |
| 496 | لە باخەڵی باخدا | محسن ئاوەرە | شیعر | 1500 | 120 |
| 497 | بارانە ووشە | حەسەن جاف | وتاری ئەدەبی | 3000 | 424 |
| 498 | گەردوون ناسی | غەریب علی | گشتی | 2000 | 174 |
| 499 | ژینگەی ترافیك | سالار تحسين دری | سیستەمی هاتووچۆ | 2000 | 182 |
| 500 | العامل الخارجي ودوره في اخماد الإنتفاضات الكورديه ودور بريگانيا في إخماد إنتفاضتي بارزان الاولى والثانيه 1931-1945نموذجا | صدیق عیمان محو | دراسه | 4000 | 240 |
| 501 | دیالوگ دردراستانهای فارسی و کردی کدکان | پخشان محمود | دراسه | 2000 | 224 |
| 502 | گوڵێك لە شۆر | و. مەنفی ئەنوولا شوانی | رۆمان | 2000 | 192 |
| 503 | رووخسارو ئەزموون | ئیسماعیل کوێستانی | هونەری | 5000 | 152 |
| 504 | ناوی دەنگەکانی زمانی کوردی | شاکر عۆدیش خۆشناو | فەرهەنگ | 1000 | 40 |
| 505 | نەتەوایەتی و زمان لە کوردستاندا | باکووری | گشتی | 2000 | 96 |
| 506 | سۆزی لیریکا | عادل محمد پوور | وتار | 3000 | 256 |




Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 184 | 4000 | لێکۆڵینەوە | د. محەمەد فازیل | زێوەر ژیان و بەرهەمی | 507 |
| 112 | 2000 | هونەری | محەمەد قەدری | ژینی دڵداری | 508 |
| 120 | 5000 | هونەری | چەڵەنگ عەبدوڵڵا عەبدولقادر | دەنگ و ئامیرێن دەنگی | 509 |
| 120 | 2000 | **ÖYKÜLER** | **HÜSAM HASRET** | **AYDINLIKTA YOK OLMAK** | 510 |
| 80 | 2000 | لێکۆڵینەوە | هێمن ئەمین شوانی | سابیئە مەندائیەکان | 511 |
| 422 | 7000 | لێکۆڵینەوە | ئیبراهیم رەسول سورچی | فەلسەفەی ئاڤستا بنەمای دین و زمانەکانە | 512 |
| | | | | | |



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)



# AVESTA PHILOSOPHY-THE SOURCE TO RELIGION AND LANGUAGES

**By IBRAHIM R. SURCHY**

website:
www.malemend.page.tl
emails:
brayimsurchy@yahoo.com
surchy111@hotmail.com



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)